نشر رهرو

Mamle Art Center

# یادی بەخێر

# سەرجەمی گۆرانییەکانی محەمەد ماملێ



www.mamle.net

مەڵبەندی هونەری ماملێ

کۆکردنەوەی هیوا قارەمانی

Mamle Art Center

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center

# یادی بەخێر

(گۆرانییەکانی محەمەد ماملێ)

www.mamle.net

کۆکردنەوەی:

**هیوا قارەمانی**

نەشری رەهرەوی مەهاباد

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center

سرشناسه: قهرمانی، هیوا
عنوان و نام پدیدآور: یادی به خیر(گورانییەکانی محەمەد ماملی)/کوکردنەوەی هیوا قارەمانی.
وضعیت ویراست: [ویراست۲] / مشخصات نشر: مهاباد: رهرو، ۱۳۹۰. / مشخصات ظاهری: ۵۰۰ص
شابک: ۰-۱۶-۶۸۰۶-۹۶۴-۹۷۸ / وضعیت فهرست نویسی:فیپا / یادداشت: کردی.
یادداشت: کتاب حاضر قبلا تحت عنوان " یادی به خیر " توسط همین انتشارات منتشر شده است.
عنوان دیگر: یادی به خیر. / موضوع: شعر کردی --- قرن ۱۴
موضوع: موسیقی ایرانی --- دستگاه‌ها / رده بندی کنگره : PIR ۳۲۵۶ / م۸۴۳ق۴ ۱۳۹۰
رده بندی دیویی: ۸فا۹/۲۱
شماره کتابشناسی ملی: ۲۵۸۸۸۲۸

دەزگای چاپ و بڵاو کردنە وەی ڕەهرەو
مەهاباد مەیدانی ئیستیقلال ، تە نیشت مزگەوتی شاریکەندی
T: 09144421979

نێوی کتێب: یادی بە خێر
کۆ کردنەوەی: هیوا قارەمانی
ناشر: ڕەهرەو مەهاباد
سالی چاپ: 1390
نوبەی چاپ: دوهەم
هەژمار: 2000 دانە
نرخ: 6000 تمەن
شابەک: 978-964-6806-16-0

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

**Mamle Art Center**

## ناوەرۆک


پێشەکی چاپی دووهەم ..................... ٩
کورتە بیرەوەرییەک و بەجێی پێشەکی......... ١٥
ماملێ: رۆحی گەورەی مۆسیقای کوردی ....... ١٩
شوێنەواری ئەوین لە ئاسەوارەکانی مامڵێدا...... ٢٢
مامۆستا شارۆخ و چەند وتارێک لەبارەی
مامۆستا مامڵێدا ..................... ٢٣
وتووێژیکی کورت دەگەڵ کاک حامید کاکیلی
..................... ٢٧
پێداچوونەوەیەک بەسەر ژیانی هونەری کاک
محەممەدی مامڵێدا و سەرچاوەکانی هونەری
ماملێ و قوتابخانە تایبەتییەکەی..................... ٣٣
پەیوەندی شیعر و موسیقا..................... ٤٩
ماملێ و شیعر ..................... ٥٢
ماملێ و وەفایی ..................... ٥٥
بەشێک لە شیعرەکانی وەفایی..................... ٦٠
شیرین تەشی دەڕێسێ ..................... ٦٠
سەنەمی چین..................... ٦٢
دەمێک ساقی..................... ٦٣
چاوەچاو ..................... ٦٣
غەرقی ئاو و ئاگرم ..................... ٦٤
لەو رۆژەوە..................... ٦٥
مەمکوژە..................... ٦٥
سەرابستان ..................... ٦٦
غەمزەدەی خۆتم..................... ٦٧
کازیبەی زولف..................... ٦٧
خوماری ناز ..................... ٦٨
ئیما مەفەرموو..................... ٦٩
لەبەر نازی چاوبازان..................... ٧٠
ئاوایە رێگای عاشقان ..................... ٧٢
داغی کردم و رۆیی..................... ٧٣
شای نێوگوڵان رۆیی ..................... ٧٣
شکستە باڵم ..................... ٧٤
لە دیوانی شاعیرانەوە و شیعری قەتارەکان...... ٧٥
شیعرەکانی مەولەوی..................... ٧٦
شیعرەکانی هێمن..................... ٨٠
خۆزگە..................... ٨٠
عیشق و ئازادی ..................... ٨١
کوردم ئەمن ..................... ٨٢
گوڵی هیوا ..................... ٨٢
بلوێری شوان ..................... ٨٣
خاک ..................... ٨٤
رێژنە ..................... ٨٤
یادگاری شیرین ..................... ٨٥
موو ناپسێنم ..................... ٨٥
پەرستاری رەشپۆش..................... ٨٦
ناڵەی جودایی ..................... ٨٦
چاویلکە..................... ٨٧
سازی ناساز ..................... ٨٨
لایە لایە..................... ٨٩
لە باغی ساوا..................... ٩٣
مەیگێڕ..................... ٩٤
تەیری دل ..................... ٩٥
شەو..................... ٩٦
شاری دل ..................... ٩٧
کاتی بەهار..................... ٩٧
کاتی بەهارە ..................... ٩٨
دەرسی عەشق ..................... ٩٩
شیرین بەهارە ..................... ٩٩
گوڵی گوڵشەن..................... ١٠٠
کچم ..................... ١٠١
فەوزیە ..................... ١٠٢
فاتمە..................... ١٠٣
بگری ..................... ١٠٣
دەردی دووری..................... ١٠٤
کانی کاسکان ..................... ١١٠
لاوە هەی لاوە ..................... ١١٣
ردەیفەکان، گۆشەکان و مەقامەکانی مۆسیقای
ئێرانی ..................... ١١٤
پێرستی گۆرانییەکانی ماملێ، و دیاری کردنی ئەو
گۆرانیانە لە چوارچێوەی دەستگاکانی موسیقادا
..................... ١٣٣
گۆرانییەکان ..................... ١٦٢
پێشەکی ..................... ١٦٣
وتارێک لە مامۆستا مەزهەری خالەقی ......... ١٦٤
مامۆستا تاهیر تۆفیق دەفەرموێ ..................... ١٦٦


www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center

یادیک لە مامۆستا مامڵێ لە وتوویژێکدا لەگەڵ
کاک جەعفەری ئەمینی ...... ۱٦٦
گورانی‌یەکان ...... ۱۷۰
قەتارە و چەند شیعریکی‌دی ...... ۱۷۱
هومایون ...... ۱۷۱
ئای لە من و های لە کێ (هەی مەگری...) .... ۱۸٦
ئاغلەمە ...... ۱۸۷
ئاغلەمە ...... ۱۸۷
ئامان ئامان ...... ۱۸۸
ئامان ئامان وەی ئامانم بێ ...... ۱۸۹
ئامان شیرین ...... ۱۹۰
ئامان شیرین ...... ۱۹۰
ئامۆزا ...... ۱۹۰
ئامین ئامین ئامینێ ...... ۱۹۲
ئامین و ئامین ...... ۱۹۳
ئامینێ تۆ گوڵەکەم ...... ۱۹٤
ئامینێ سورەگوڵ ...... ۱۹٤
ئای لە مریەمێ کچێ مریەم ...... ۱۹٦
ئای وەرە وەرە سورەگوڵ ...... ۱۹۷
ئای وەرە، گیان وەرە، وەرە، وەرە نازەنینم .. ۱۹۸
ئایشێلێ نازەنینێ ...... ۱۹۹
ئەرێ بێ دەبلە بێ ...... ۱۹۹
ئەرێ مەگری مەگری جوانێ گیان ...... ۲۰۰
ئەرێ نیزام و خۆم نیزام ...... ۲۰۱
ئەرێ هات جا دیسان هات ...... ۲۰۱
ئەرێ وەرە شەماڵ وەرە ...... ۲۰۲
ئەرێ وەی دیسان وەی ...... ۲۰۳
ئەرێ وەی وەی رووبابە ...... ۲۰٤
ئەسمەر یارم جوانە ...... ۲۰۵
ئەسمەران، دولبەران ...... ۲۰۵
ئەمان ئەمان نەیکەی ئەمان ...... ۲۰٦
ئەمان یار یار یار ...... ۲۰۷
ئەمن دەمگوت لە دنیا تا بمێنم ...... ۲۰۸
ئەو کاتەی رۆیی ...... ۲۰۸
ئەوبەرەو بەرە ...... ۲۰۹
ئەی ئێران خۆشە گەرمێن ...... ۲۰۹
ئەی خاڵی ریبوار ...... ۲۱۰
ئەی خودا هاوار ئەی موسوڵمانان ...... ۲۱۱
ئەی گوڵ لەسەر چلانت ...... ۲۱۲
ئەی گوڵی من سونبولی من ...... ۲۱۳
ئەی مبارەک لە بووکێ و زاوا زێرینە ...... ۲۱۳
ئەی وەرە لە لەنجە ...... ۲۱٤
ئەی وەرە وەرە گەوهەرێ ...... ۲۱۵
ئەی وەرە وەرە گەوهەرێ ...... ۲۱٦
ئەی یاران یاران یاران ...... ۲۱۸
ئەی یارم وەی‌وەی یارم ...... ۲۱۸
با بچینە میرگوڵان ...... ۲۱۹
با بچنە میرگوڵان ...... ۲۱۹
با وا بێ با وا بێ ...... ۲۲۰
باران بارانە ...... ۲۲۱
باران بارانە ...... ۲۲۳
باران بارانە ریژە بە ریژە ...... ۲۲٤
باران بارانە (یار یار یار) ...... ۲۲۵
بارانە و بارانە ...... ۲۲۵
بازی بێتریان ...... ۲۲٦
بازی بێتریان ...... ۲۲۷
باغەوان ...... ۲۲۷
بە شل و مل بی ...... ۲۲۸
بەشل‌ومل بی ...... ۲۲۹
بە شنەشنەی شەماڵ ...... ۲۳۰
بە عینوانی ...... ۲۳۰
بە هەرمێ بە هەرمێ ...... ۲۳۱
بەرزینێ گیان بەرزینێ ...... ۲۳۲
بەرهەڵێینە ۱ ...... ۲۳۳
بەرهەڵێینە ۲ ...... ۲۳٤
بەرهەڵێینە ۳ ...... ۲۳۵
بەزمی فاتمەسوڵتانێ ...... ۲۳٦
بەسێ ...... ۲۳۷
بە من چی؟ ...... ۲۳۸
بەهارهاتەوە ...... ۲۳۸
بۆ ئەمنت ناوێ؟ ...... ۲۳۹
بۆت نووسیوم ...... ۲٤۰
بۆچ منت ناوێ ...... ۲٤۰
بۆچ نیە قەدری میوان لە لاتان ...... ۲٤۱
بۆنی هەلالان دێ ...... ۲٤۱
بۆنی هەلالان دێ (هەرمێ بێ، هەنار بێ) ...... ۲٤۲
بێ بە تاوێ چارۆکێ ...... ۲٤۳
بێ‌نەسیم ...... ۲٤٤
پایزە لە من درەنگە ...... ۲٤٤
پەیامی دڵ ...... ۲٤۵

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

پێم بڵێ مەزەدار .............................. ٢٤٦
پێی بڵێ بە زارا.............................. ٢٤٧
تا بەکەی؟ .............................. ٢٤٨
تاکەی چاوەڕێی یاران بم .............................. ٢٤٩
تەحا لەو ڕێژە خاڵانە.............................. ٢٥٠
تەنکە .............................. ٢٥١
تۆبە تۆبە.............................. ٢٥٢
بەلار و لاری.............................. ٢٥٥
تۆبە تۆبە.............................. ٢٥٥
تۆز دەکا.............................. ٢٥٦
جار جارە دیدەم زارا.............................. ٢٥٧
جەلسە .............................. ٢٥٩
جوابێکم دەوە بە بوون و نەبوون .............................. ٢٦٠
چ بکەم نیمە چارە .............................. ٢٦١
چ بڵێم و چ بکەم .............................. ٢٦١
چ بڵێم و چ بکەم .............................. ٢٦٢
چاونەستێرە .............................. ٢٦٣
چاو جوانێ خۆم ڕێم نییە بڕۆم.............................. ٢٦٤
چاوەڕش .............................. ٢٦٤
چاوڕەشەی کارمامزم.............................. ٢٦٥
چاومەستی ئەرێ چاومەستی .............................. ٢٦٦
چاوەکەم وەی عەمرەکەم.............................. ٢٦٧
چەند ڕۆژە نەمدیوە .............................. ٢٦٧
چەندە بەعەیشی .............................. ٢٦٨
چەندی پێ پاڕامەوە.............................. ٢٦٩
چوون لە سەفەر بووی.............................. ٢٧٢
چوون لە سەفەر بووی.............................. ٢٧٢
چوون لە سەفەر بووی.............................. ٢٧٣
چوون لە سەفەر بووی (جوانێ گیان) .............................. ٢٧٣
چوون لە سەفەر بووی.............................. ٢٧٤
چینچینە زولف و پرچی.............................. ٢٧٤
حەریرە حەریرە.............................. ٢٧٥
حەریرە.............................. ٢٧٦
حەریر حەریرە .............................. ٢٧٦
حەریرە و ئاگریارانە.............................. ٢٧٧
حەیران.............................. ٢٧٨
خاڵەی ڕێبوار.............................. ٢٧٨
خاڵەی ڕێبوار.............................. ٢٧٩
خانم خانمۆڵێ .............................. ٢٧٩
خانم گیان خانمی .............................. ٢٨٠
خانمیلێ خانمی خانمان .............................. ٢٨١
خانمیلێ خانمی خانمان .............................. ٢٨٢
خانمیلێ خانمی خانمانی.............................. ٢٨٣
خرینگە خرینگە.............................. ٢٨٤
خەجێ خەزێتە.............................. ٢٨٥
خەجیلە و خانم.............................. ٢٨٦
خەنەبەندان .............................. ٢٨٧
خو من پیر نەبووم .............................. ٢٨٨
خۆ من کوردم.............................. ٢٨٩
خۆم قاسیدی زیڕنۆکێ .............................. ٢٩٠
داینێ تۆ داینێ .............................. ٢٩٠
دەبنوە بنوە بنوە .............................. ٢٩١
دەبارێ، کڕێوە دەکا.............................. ٢٩٢
دەبڕۆ تۆ دەبڕۆ .............................. ٢٩٢
دەبێنن بێنن .............................. ٢٩٤
دەچمە سەر ناڵەشکێنێ.............................. ٢٩٤
دەدیدا (لەپێشدا) .............................. ٢٩٤
دەردیکی دامێ.............................. ٢٩٥
دەڕوا بە جێم دێڵێ .............................. ٢٩٦
دەسماڵێ .............................. ٢٩٧
دەنگ دێ لە شیلانەکەی .............................. ٢٩٨
دەنگی قورینگان دێ .............................. ٣٠٠
دەنگی قورینگان دێ .............................. ٣٠٠
دەنگی یار نایە.............................. ٣٠٢
دەنوێ دەنوێ، دەنوێ خەوی نایە .............................. ٣٠٢
دەی دەی دەی بارانە .............................. ٣٠٤
دێم دێم، بۆت دێمە ژوانێ.............................. ٣٠٥
دینێ وەرە دینێ.............................. ٣٠٦
رازی شەو .............................. ٣٠٧
راستی راستی.............................. ٣٠٨
راوکەری بەدخوو .............................. ٣٠٩
رەزیە.............................. ٣١٠
رەزیە روح و گیانمی.............................. ٣١١
رەعنا .............................. ٣١٢
ریحانەم دیراو دیراوە .............................. ٣١٣
زارا .............................. ٣١٤
زارا .............................. ٣١٥
زاوا لە بووکێ مەدە.............................. ٣١٦
زمزیران .............................. ٣١٧
زەمانە .............................. ٣١٨


www.mamle.net

زەمانە ..... ٣١٩
زێڕنۆکێ ..... ٣٢٠
زێڕینێ ..... ٣٢١
زێتەبێ ..... ٣٢٢
زێتەبێ ..... ٣٢٣
ژوانی تازە ..... ٣٢٣
ساقی ..... ٣٢٤
سەبری ..... ٣٢٥
سەبری ..... ٣٢٦
سەت بریا یار لێرە بایە ..... ٣٢٧
سەد بریا یار لێرە بایە ..... ٣٢٨
سەد بریا یار لێرە بایە ..... ٣٢٩
سەر لەسەر رانی ..... ٣٣٠
سەراسەر جەرگم ..... ٣٣٢
سەرت هەڵێنە ..... ٣٣٣
سەرت هەڵێنە روو لە گەردوون کە ..... ٣٣٤
سەڵتەنە ..... ٣٣٦
سەڵتەنە ..... ٣٣٧
سەڵتەنە ..... ٣٣٧
سەوزە مەرۆ سەوزە گیان ..... ٣٣٨
سەوزە مەرۆ سەوزەڵە ..... ٣٣٩
سەوزە هەی لیمۆ ..... ٣٤٠
سەوزە هەی لیمۆ ..... ٣٤١
سوێند خواردووە خودایە ..... ٣٤٢
سوورە گوڵم غەملیوە ..... ٣٤٣
سی و مراوی دەپۆڕن ..... ٣٤٣
شلێرە ..... ٣٤٤
شەدەلار ..... ٣٤٥
شەرتی حەوت ساڵە ..... ٣٤٧
شەمامە و شلێرە ..... ٣٤٨
شەمێ ..... ٣٤٨
شیرەکەم لێ دەڕژێ ..... ٣٤٩
شیرین هەلامە ..... ٣٥٠
عەزیز گیانەکەم ..... ٣٥١
عەزیزەکەم ..... ٣٥٢
عەزیزەکەم ..... ٣٥٣
عەزیزەکەم (تۆ پیرت کردم) ..... ٣٥٤
عەزیزم بەیانی ..... ٣٥٥
عەمرەکەم خەجێ ..... ٣٥٦
غەمی خۆم نییە ..... ٣٥٧
غەمیلێ عیشوەی عیشوەی ..... ٣٥٨
فاتمۆکێ ..... ٣٥٩
کاروانە ..... ٣٦٠
کاکە وا نابێ ..... ٣٦١
کانی مرادان ..... ٣٦١
کراس رەشێ ..... ٣٦٢
کراس زەردێ ..... ٣٦٢
کراس زەردێ ..... ٣٦٣
کراس زەردێ ..... ٣٦٥
غەمخواری خوێن‌شیرینم ..... ٣٦٥
کەتانە ..... ٣٦٦
کەمەرەشل ..... ٣٦٧
کەمەرە شل ..... ٣٦٨
کەویار ..... ٣٦٨
کەویار ..... ٣٦٩
کەومل کەومل کەومل کە ..... ٣٦٩
کەویار ..... ٣٧٠
کۆچی سوور ..... ٣٧٠
کورتێ هات رابرد ..... ٣٧١
کورەکاروانی ..... ٣٧٢
کۆلان بە کۆلان ..... ٣٧٣
کۆلوانە ..... ٣٧٣
کۆلوانە سوور ..... ٣٧٤
کۆلوانەکەی گازرە ..... ٣٧٤
کۆلوانەکەی گازرە ..... ٣٧٥
کیژە کوردەکەی ..... ٣٧٥
کیژی کوردی نازەنین ..... ٣٧٦
گرتمت بەستمت ..... ٣٧٨
گریان گریان ..... ٣٧٨
گەردە ..... ٣٧٩
گەوهەرێ ..... ٣٨١
گوڵ‌نیشان ..... ٣٨٣
گولالە سوورەی ..... ٣٨٤
گۆوەندە زەماوەندە ..... ٣٨٤
گوڵفرۆش ..... ٣٨٥
گیان و گیان و گیان ..... ٣٨٦
لانکۆلەکەی دارەسیوە ..... ٣٨٧
لانەو لانم کە ..... ٣٨٨
لانە و هەی لانەت کەم ..... ٣٨٨
لای لای سوورە گوڵ ..... ٣٨٩


www.mamle.net

لای لای سووره گوڵ .......... ٣٩٠
لای لای لای لای .......... ٣٩١
لایەلایەت بۆ دەکەم .......... ٣٩٢
لە پێشدا (لە دیدا) .......... ٣٩٢
لە خشەحشەی .......... ٣٩٣
لە شۆڕە مانی .......... ٣٩٤
لە گوڵان و بە گوڵان .......... ٣٩٥
لە بەر کێ حەیات .......... ٣٩٥
لەرزانە .......... ٣٩٦
لەرزانە .......... ٣٩٧
لەم ئاگربارانە .......... ٣٩٨
لەم ئاگر بارانە .......... ٣٩٩
لەو ئاگربارانە .......... ٤٠٠
لەمێژە زۆر لەمێژە .......... ٤٠١
لێم زیز بووە چاوکەژاڵێ .......... ٤٠٢
لێم زیزە .......... ٤٠٣
لێم گەڕێ .......... ٤٠٣
لیمۆ .......... ٤٠٤
ماڵی دەمەڕداران .......... ٤٠٥
مریەم سابلاخێ .......... ٤٠٥
منیرە .......... ٤٠٦
منیرە .......... ٤٠٧
مەجنوون .......... ٤٠٨
مەستوورە .......... ٤٠٩
مەستوورە .......... ٤١٠
مەستوورە .......... ٤١١
مەستوورە .......... ٤١١
مەستوورەی مەستان .......... ٤١٢
مەشکێ .......... ٤١٢
مەلەنگێنە .......... ٤١٥
مەلێن دڵ .......... ٤١٦
مینا .......... ٤١٧
مینا .......... ٤١٨
مینا .......... ٤١٩
مینا ناز .......... ٤١٩
مینالێ .......... ٤٢٠
نازانم چۆنی بکەم چارە .......... ٤٢١
نازدار نازدار .......... ٤٢١
نازەنین نازەنینم بۆچی گۆڕاوی .......... ٤٢٣
ناسکەژن .......... ٤٢٤
ناسکۆڵێ گیان مەگری .......... ٤٢٥
ناسکۆڵێ گیان مەگری .......... ٤٢٥
نامدوێنی .......... ٤٢٦
ناویرم بیکوشم بیمژم .......... ٤٢٧
ناویرم بڵێم ناوەکەی .......... ٤٢٨
نایلۆیە .......... ٤٣٠
نایلۆنە .......... ٤٣١
نایلۆنە .......... ٤٣٢
نەجیبە .......... ٤٣٢
نەرمە نەرمە .......... ٤٣٣
نەشمیل .......... ٤٣٤
نەشمیل .......... ٤٣٥
نەشمیل ئەی نەشمیل نەشمیلانی .......... ٤٣٥
نەمزانی نەمزانی .......... ٤٣٦
هاتبووم بیمە ئاوالی (ئەی یاران یاران) .......... ٤٣٧
هاتبووم بیمە ئاوالی (هەواری خالی) .......... ٤٣٩
هاتبووم بیمە ئاوالی (هەواری خالی) .......... ٤٤٠
هاتە خوار با بێتە خوار .......... ٤٤٢
هاتەوە با بێتەوە .......... ٤٤٤
هاوار چ بکەم چت لێ کردم .......... ٤٤٤
هەتا زستانە غەمگینم .......... ٤٤٥
هەر تۆم دەوێ .......... ٤٤٦
هەر یەسە .......... ٤٤٧
هەروایە .......... ٤٤٧
هەستە با بڕۆینە داوەتێ .......... ٤٤٩
هەلالە و زەمزەمە .......... ٤٥٠
هەلالە و زەمزەمە .......... ٤٥١
هەڵدەگرم .......... ٤٥٢
هەڵوەدای تۆم .......... ٤٥٣
هەمدەم و هەمیار .......... ٤٥٤
هەم نارنجە و هەم بێیە .......... ٤٥٥
هەوارە هەی هەوارە .......... ٤٥٧
هەوای چۆمی مەجیدخان .......... ٤٥٨
هەوری لار .......... ٤٥٩
هەوری لە کۆڵ .......... ٤٥٩
هەوری لە کۆڵ .......... ٤٦٠
هەی زێڕینێ .......... ٤٦١
هەی لە من و هەی لە کێ .......... ٤٦٢
هەی لەیلێ .......... ٤٦٣
هەی لێلێ .......... ٤٦٤


www.mamle.net

Mamle Art Center


هەی مەگری مەگری ........................ ٤٦٥
هەی ناریّ ناریّ ناریّ ........................ ٤٦٧
هەی ناکەم ناکەم........................ ٤٦٧
هەی ناکەم ناکەم........................ ٤٦٩
هەی ناکەم ناکەم........................ ٤٦٩
هەی نایە نایە........................ ٤٧٠
هەی نایە نایە........................ ٤٧١
هەی هەی هەی لەبەر نازی تۆ ........................ ٤٧٢
هۆ نازەنین نەشێویّ نازت ........................ ٤٧٣
وا مەکە وا مەکە وا مەکە ........................ ٤٧٣
وەرەی ئەی باوانم........................ ٤٧٤
وەرە با ئاشت بینەوە........................ ٤٧٥
وەرە حەیران........................ ٤٧٦
وەرە روحی رەوانم........................ ٤٧٦
وەرە روحی رەوانم........................ ٤٧٧
وەرە روحی شیرینم........................ ٤٧٩
وەرە سەر نەخۆشی دلان........................ ٤٧٩
وەرە قوربان ........................ ٤٨١
وەرە وەرە با بچینە نێو شلێران ........................ ٤٨١
وەرە وەرە تۆ یارمی ........................ ٤٨٤
وەی وەی بارانە........................ ٤٨٥
وەی وەی چت لیّ کردم ........................ ٤٨٦
یادم کە........................ ٤٨٧
یادم کە........................ ٤٨٨
یادی بەخێر ........................ ٤٨٩
یار دەڕوا و بەجێم دیلیّ ........................ ٤٩١
یار هەڕوا دەڕوا بە لار و لەنجە ........................ ٤٩١
یار یار یار یار........................ ٤٩١
یاری جاران........................ ٤٩٢
یاللا یاللا یا لەیلی ........................ ٤٩٣
چەند خالێکی ورد ........................ ٤٩٥
لە کۆتاییدا ........................ ٤٩٧


www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



## پێشەکی چاپی دووهەم

گەر ئەورۆ ویستبام لەبارەی ماملێدا بنووسم، بەبێ‌شک شتێکی گەلێ جیاواز لەوەیکە بە ناوی «یادی بەخێر» بلاوم کردەوە، دەکەوتە بەر دەستی خوێنەر، بەلام هێستاکە مەجالی ئەو کارەم نییە، هەر بۆ چاک و خۆشییەکی دووبارە لەگەل خوێنەرانی بەرێز و لایەنگرانی ماملێ ئەو چەند دێرە لە ژێر ناوی «پێشەکی بۆ چاپی دووهەم» پێشکەش دەکەم، هەڵبەت جێی خۆیەتی سوپاسێکی گەرم ئاراستەی بەرێوەبەرانی بەرێز و زەحمەت‌کێشی ناوەندی چاپ و بلاو کردنەوەی رەهرەو لە مەهاباد بکەم.

هیوا

پووشپەری ٨٧ی هەتاوی ـ مەهاباد

وەک بەفری خاوێنی سەر چیایەکی بلیند
بە گەرمای هەتاوی هاوینی ژیان
دەتوێیەوە و
لە کانی چاومدا دەبێ بە فرمێسک
بەلام بۆ ئەوەی میوانی هەرمانی چاوم بێ
گریانم لە بیر خۆم بردەوە.
ـ وەک گولی پشکووتووی دەم رووبارێکی بەخوڕ
بە شنەبای فێنکی دەمەونیوەڕۆی بن دارە شۆڕەبی
بۆنی خۆشت لە دەروونم دەگەڕێ و
دەبێ بە عەتری یاد،
بەلام بۆ ئەوەی حزوورت هەمیشەیی بێ لە دەروونمدا
بزەی پڕ واتای سەر لێوی تۆم
لە بیر خۆمدا هێشتەوە.
ـ بێ‌بارانی دەبێ چۆن بێ لە روانگەی سروشتەوە؟

www.mamle.net

Mamle Art Center



تۆ بڵەی وەفایی ئاه وناڵینی باخانی چۆن بیستبێ؟
هەرچی هەبێ
دڵنیا بە
ویشکەساڵیش نەیتوانی
کەرویشکەی گوڵە گەنمەکەم
لە بیر باتەوە.

**١- رەگەزمەندی لە رێی گۆڕانەوە**

لە مێژوو فێر دەبین کە ریشەی هەر نەتەوەیەک کاتێک قایمتر و پتەوتر دەبێ کە لە ناو ئەودا، زۆرینەی ئینسانەکان هەستێکی هاوبەش و زیندوویان لەسەر بناغەی بەرامبەرایەتی لە ئوسوولی ئاسایی و بە زمان نەهاتوو، یانی لە ئاکامی بڕوایەکی هاوبەشدا هەبووبێ، لەوەها بوارێکدایە کە رێورەسمێکی جوانچاک سەقامگیر دەبێ و کەسی ناو کۆمەڵ فێری شوێن وەرگرتن لە کۆمەڵ دەبێ؛ کەسایەتی پتەو دەبێ و پێوەندیدار، لە ئاکامدا خوو بە پتەوایەتی و پێوەندییەوە دەگرێ.
مەترسی وەها کۆمەڵێک کە لە تاقەکەسی پڕهێز و یەکسان پێک هاتووە، ئەوەیە کە وردە وردە هەر ئەو ئوسوولە ئاسایی و بەزمان نەهاتووە لە شکڵی نەزانیدا بەرە بەرە بە میرات دێ و رۆژ لەگەڵ رۆژیش بەرەو زیاد بوون دەڕوا، جا ئەو نەزانییە وەک نیسێیەک لە هەمە لایەنە کردنی سێبەری خۆیدا شێلگیرانە تەمادارە.
بەڵام کەسایەتییە ئازاد و رزگارەکان، یەکجار بە ریبوار و نادیار و لە هەمان کاتدا، بێسەرنج بە ئەخلاقە پەسندکراوەکانی کە هەڵبەت پێشکەوتی مەعنەوی لەوەها کۆمەڵگایەکدا، بەوانەوە گرێ دراوە. ئەو تاقمە کەسانێکن کە هەمە رۆژە بە دوای بە ئازموون کردنی شتی نوێ و جۆراوجۆرن. رێژەیەکی زۆر لەو تاقمە بە هۆی لاوازییەکانی خۆیان بە بێ ئەوەی کاردانەوەیەکی بەرچاویان هەبووبێ، لە ناو دەچن، بەڵام بە گشتی بەتایبەت گەر لایەنگرانیەکیان هەبێ هەست بە دڵنیایی دەکەن و هەرچەند وەختان جارێک برینێک لە جەستەی ماکە سەقامگیر بووەکانی کۆمەڵ دەخەن. راست لەوجێ برینەڕایە کە شتێکی نوێ وەک

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

www.mamle.net

Mamle Art Center



نەخۆشی دەوەشێنن. بەڵام ئەو نەتەوەیە دەبێ ئەوەندە پڕهێز بێ کە بتوانێ ئەو شتە نوێیە لە خوێنی خۆیدا وەرگرێ و وێنەی لێ ساز کاتەوە.

لە هەر کوێ بڵێین بێ‌پێشکەوتنێک وەدەست دێ، دەبێ و هەر دەبێ کە سروشتگەلێکی جیاواز و لاوازیش هەبن. سروشتە بە هێزەکان ئەوان دەپارێزن و سروشتە لاوازەکانیش هاریکاری بە تەکامولی ئەوان دەدەن. هەر ئەو خاڵە لەبارەی مرۆڤیشدا بەواتایە... ئینسانێکی ناساغ بۆ وێنە لەوانەیە لەنێو نەتەوەیەکی شەڕانی و سەربزێودا، پتر خەریکی ئەوە بە کە «بوون»ی تایبەتی خۆی بپارێزێ و لەو ڕێگایەوە ئارامتر و هێدی‌تر و بیرمەندانەتر بجووڵێتەوە، ئەوەی چاوێکی نییە چاوەکەی دیکەی بەهێزترە، کوێر باشتر و هەراوتر دەڕوانێتە ناخی خۆی و لە هەر حاڵدا باشتر گوێ‌ڕەیاڵ دەکا. کەوابێ دەتوانین داوا بکەین کە شەڕی بەنێوبانگ لە سەر "بوون" تەنیا تەوەرە بۆ شی‌کردنەوە و سەلماندنی پێشکەوت یان پڕ هێز بوونی مرۆڤ یان نەتەوەیەک نییە. ئەو کارە پتر دەبێ لە دوو بواردا پێک بێ.

یەکیان بردنە سەری هێزی سەقامگیربوو لە ڕێگای پێوەندی چێ کرن لە نێوان گیانەکان لە بڕوا و هەستە هاوبەشەکاندا و ئەوی دیکەیش ئەوەیە کە بڕوا هەبێ بە لوانی وەگیر خستنی ئارمانگەلی بەرزتر لەو ڕێگایەوە کە سروشتە گۆڕاوەکان بە دوای هێندێک لە لاوازی و برینەکاندا، هێزێکی سەقامگیر وەدەست بێنن. ڕاست هەر سروشتە لاوازەکانن کە وەک سروشتێکی ناسک و نیانتر، تەواوەتی پێشکەوتەکان دەلوێنن. نەتەوەیەک کە لەت‌لەت و پارچە پارچە و لاواز دەکرێ، بە گشتی پڕهێز و تەندرووستە و ئەو هێزەی هەیە کە هۆکاری نەخۆشی نوێ لە خۆیدا وەربگرێ، پاش وەرگرتنی ئەو نەخۆشییە و برینەیە کە ژان و نیاز هەست پێ دەکرێ.

بە دوای هەست بە ژان کردندا، خوازیاری شتی تازە و بێ‌وێنە دەبێ و بە تەواوی سروشتی خۆیەوە ئەو شتە وەردەگرێ و دواتر لە کاتی سوود پێ گەیاندندا ئەو گۆڕانەی هەست پێ دەکا. بەڵام یەکێک لەو سوودانەی کە وەری‌دەگرێ سەرهەڵدانی کەسانی کاریگەر لە سەر فەرهەنگی خۆی بە درێژایی مێژووی خۆی دەبێ، کەسانێک کە خۆیان تەنانەت لە ئازادی و

www.mamle.net

Mamle Art Center



رزگاریش پتر دەنرخێنن و بەم چەشنە بەرزتر لە هەر شتێک لەسەر لووتکەی بەرزی «بوون» رادەوەستن و لە درێژە پێدانی بێ‌پسانەوەی ئارمانجی خۆ بەرزتر نرخاندندا، بە متمانە و پرشکۆ، تەکامولی هەمیشەیی و گۆڕان و هەڵدانی خۆیان پەسند دەکەن کە بەرهەمەکەی بە نەتەوەکەیان دەگا.

**٢ـ ئەرکمەندی**

ماملێ لەوکەسانەیە کە تێدەگا نەتەوەکەی پێداویستی بەو هەیە، چونکێ گوتمان بۆ وێنە کەم‌ئەندامی یان نەبوونی ئەندامێک لە کەسێکدا دەبێتە هۆی ئەوە کە ئەندامێکی دیکە بە تەرزێکی نائاسایی تەکامول پەیدا بکا و جگە لە ئەرکی خۆی ئەرکی دیکەیشی دێتە سەر شان. ماملێ بە ناسینەوەی کەمایەسییەکانی کۆمەڵی خۆی زیاتر و سەرتر لە خۆی و لە کۆمەڵ ئەرک وەئەستۆ دەگرێ و هەتا دوایین کات بەرێوەی دەبا.

**٣ـ هێشتنەوەی جێی کار کردن بۆ بەرەی داهاتوو**

گوتمان کە ماملێ کەم‌وکوڕییەکانی کۆمەڵگای خۆی دەناسێ. یەکێک لەو کەم‌وکوڕییانە کە لە بارێکەوە خراپترین رووداوی ژیانی هونەری ماملێیە، نەبوونی موسیقاژەنی باش لە کۆمەڵەکەیدایە. هەرچەندە ئەو دەیتوانی بڕواتە شوێنی دی و وەدوای چارەسەر کردنی ئەو کەم‌وکوڕییە بکەوێ. بەڵام هەست بە مانەوە دەکا. چونکێ سەنگی پڕوەزنی سەردەمی خۆیەتی بۆ سازدانی شادی و خۆشی لە دڵی هاوولاتییەکاندا و ئەو ئەرکە بە زانینی ئەو راستییە کە مەزنترین شت لە ژیاندا هێنانی شادییە بۆ ناو خەڵک، بۆ سەر زیندوو راگرتنی خەڵک دەسەلمێنێ. بەڵام هەر ئەو بە نێو خراپترین رووداوی ژیانی هونەری ماملێ، دەبینین کە بۆتە هۆی ئەوە کە هونەرمەندانی دوای وی مەیدانێکیان بۆ تێکۆشان وەگیر کەوتووە کە لەودا خەریکی راست و پاست کردنەوەی کارەکانی ئەو دەبن و ئەوەش راگەیێنەری دەوڵەمەند بوونی قوتابخانەی ماملێیە.

**٤ـ تیری نەرم و نیانی جوانی**

لە مەراسمی پرسە و سەرەخۆشی ماملێدا لە رۆژەکانی ٤ و ٥ و ٦ی رێبەندانی ١٣٧٧ی هەتاوی، یەک لە وتاربێژەکان کاک ئەحمەدی قازی بوو، وتەیەکی جوانی گوت: کێهایەک لە ئێمە هەیە کە بە دەنگی خۆش یان ناخۆشی

www.mamle.net

Mamle Art Center



خۆمانەوە، گەر گۆرانییەکانی ماملێمان بیستبێ، تەنانەت بۆ جاریکیش بێ یەکێک لەو گۆرانییەنەمان لە بەر خۆمانەوە نەگوتبێتەوە؟ ئا بەم چەشنە چوونە ناو مێشکی خەلکەوە بە کێ دەکرێ بە ماملێ نەبێ؟»

رازی چوونە ناو مێشکی کەسانەوە چییە و لە چیدایە؟ یەکێک لە کاردانەوە گرینگەکانی ماملێ لە کۆمەڵدا پێشکەش کردنی جوانییە. بێوێنەترین شکڵی جوانی ئەوەیە کە نەک لەپڕا ئێمە وەجۆش خا، بەڵکوو گرینگ ئەوەیە کە هێدی هێدی و بەکاوەخۆ بێتە ناو مێشکی ئێمەوە و ئێمەش بە بێئەوەی هەست بکەین دەگەڵ خۆمان دەیبەین و لە خەیاڵدا دیسانیش دەیبینین. بەڵام سەرەنجام ئەو جوانییە دڵی ئێمە دادەگرێ و گیانمان دادەگرێ و دڵ پڕ دەکا لە جۆش و خرۆش. لە کاتی لەجوانی فکریندا بە دوای چیدا وێڵین؟ گەرەکمانە خۆمانیش بە هەمان رادە جوان کەین و لە خەیاڵی خۆماندا بیر لەوە دەکەینەوە کە بەختەوەری لەو جوانییەدا بەرپیوارە. جا چون دیاری ماملێ جوانییە، کەوابێ لەگەڵمانە و لە بیرمانە و لەبەرە خۆمانیشەوە دەیلەینەوە.

**٥. ئەندێشەی شاعیر و موسیقا**

لە باسی جوانی و ناحەزی، پڕهێزی و بێهێزی، چاک یان خراپ بوونی شیعر لادەدەین و لێرەدا شتێکی دیکە ئاماژە پێ دەکەین. ئەویش ئەو شتەیە کە ئاشکرا دەکا کە شیعر بە دەستی موسیقییە کە وەحەرەکەت دەکەوێ. شاعیر زۆربەی ئەندیشەکانی خۆی لەسەر چەرخی وەزن و قافیە دادەنێ و ئەوەش بە واتای ئەوەیە کە ئەو ئەندیشانەی شاعیر پێی رۆیشتنیان نییە، هەر ئەوەندە بۆ سەلماندنی خزمەتی موسیقا بە شیعر لە شکلێکی گشتیدا تا ئێرە بەسە.

**٦. دزینی زێڕ و جەواهێرات**

یەکێک گوتی: «ماملێ بە دوو شڕەسازان هونەرەکەی خۆی گەیاندە ئاسمانێ، دەوروبەرییەکان و هێندێ کەسی دیکە ئەوە ئەوڕۆ خەریکن بە ئۆرکێستری بەرواڵەت گەورە، بە گوتنەوەی گۆرانییەکانی مامڵێ، گەورەترین خەیانەت بەو هونەرە دەکەن. تەنانەت ئی وەها هەڵکەوتووە کە دەڵێ مامڵێ من بووم! یانی من «مامڵێ»م گەیاندە ئێرە، بەڵام چونکێ ئەو گەورەی من بوو ئیحترام پێویست بوو، هەر بۆیە من خۆم ئاشکرا نەدەکرد.

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center

**١٤/ یادی بەخێر**

ئەو تاقمە وەک دزانێک دەچن کە بە ئەسپایی خۆ دەگەیێننە یەغدانێکی پڕ لە زێڕ و جەواهێرات، بەڵام هەرکە سەری یەغدانەکەیان هەڵداوە، دەبینن کە بەتاڵە، چونکێ ئەو جەواهیراتە لە مێژە رزگارییان هاتووە و راگوێزراون. کەوابێ نە تەنیا هیچیان پێ ناکرێ بەڵکوو هەر تەنیا نیوە پیاو بوونی خۆیان پیشان دەدەن.

**٧ـ "بۆ ئەوەی پیرانە نەمرم یادی دێرینم دەوێ."**

هەروەکوو لە قۆناغی پیریدا یادی لاویتی دڵبزوێنە و بەسەر کردنەوەی بیرەوەرییەکانمان تاسەبارمان دەکا، مرۆڤایەتیش لە پێوەندی خۆی لەگەڵ هونەردا، دەڵێی گەیشتۆتە بەسەر کردنەوەی بیرەوەرییەکان. هیچ کات وەک ئەو رۆژگارە بەشەر لە هونەر حاڵی نەبووە، کە ئەوە پێشاندەری نەبوونی هونەر لەورۆدایە. هەروەکوو لاویتی لە سەردەمی پیریدا لەکیس چووە، بەڵام کەسی پیر لە هەر لاوێک پتر لە لاویتی حاڵییە. هەر بۆیە پێمان وایە کە هونەرمەند پاشماوەیەکی پڕشکۆ لە رابردوویە و هەروەک غەریبەیەکی سەیر تێی دەهاڵێین و ئیحترامی دەگرین. هەمان چەشنە ئیحترامێک کە بۆ کەمتر کەسێک لەبەرچاوە. لەوانەیە باشترین لایەنی گیانی ئێمە ئەو بەشە بەمیرات گەیشتوویە لە رابردووی دوورەوە بێ کە وەگیر خستنەکەی بە شێوەی راستەوخۆ نالوێ.

رۆژ، ئاوا بووە، بەڵام ئاسمانی ژیان دەدرەوشێتەوە و هێستاش هەر لە نووری ئەو هەتاوەڕا رووناکە و ئێمە نازانین کە هەتاوێکی دی دەبینینەوە یان نا، هەر بۆیە بە تاسەباری و سکاڵاوە دەڵێین:

ئەو گوڵەی مەشهووری گشت عالەم بوو، کوا، یادی بەخێر

هیوا

١٣٨٤/١٠/٢٢ ـ تاران

www.mamle.net

Mamle Art Center



## کورتە بیرەوەرییەک و بەجێی پێشەکی

لام وایە لە ناوچەی موکریاندا بەتایبەتی و لە زۆربەی ناوچەکانی دیکەی کوردستاندا بەگشتی، کەمتر کەسێک دەست بکەوێ کە شارەزای گۆرانییەکان و دەنگی محەممەدی ماملێ نەبێت. ئەمنیش تا ئەو جێگایەی لەبیرم بێت، هەر لە منداڵییەوە کە دەنگی مامڵێم بیستووە، لە راستیدا دەگەڵ ئەو گۆرانیانە گەورە بووم و شوێنەواری هونەر و دەنگی کاک محەممەدم لە گشت کات و ساتەکانی ژیانمدا هەست پێ کردووە. هەڵبەت ئەوە هەر ئەمن نەبووم کە بەم شێوەیە هۆگر بە مامڵێ بووم، بەڵکوو تەنانەت دەکرێ بڵێم ئەمن ئەو شێوە ئەویندارییە بە مامڵێ لە بنەماڵەی خۆم و کەسانی دیکەی دەوروبەرم کە بەتەمەنتر بوون، فێر بووم و بەو هۆیەوە کە ئەوان بەگشتی لە نیزیکەوە لەگەڵ مامڵێ ژیابوون، زۆر جاران باسی مامڵێ و هۆی پێکهاتنی زۆریەک لە ئاهەنگەکانی[1] و گێڕانەوەی بیرەوەرییە کۆنەکان لەبارەی کاک محەممەددا، باسی هەرە گەرمی ئێمە بووە لە کاتی کۆبوونەوەمان لە دەوری یەکترا ئەمنیش وەکوو هەر ئەوینداریکی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی عیشقی بە مامڵێ لە دڵمدا جێگای خۆی کردۆتەوە و هەر ئەو ئەوینە بووە بە هۆی ئەوە کە ماوەی نیزیک بە دوو ساڵە شەو و رۆژە و بەدایم، بیری لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ژیانی هونەری مامۆستا مامڵێ مێشکی خافڵاندووم و کاتێک لێی ناچتە دەر. هەڵبەت لانی کەم ئەو هۆیانەی وەها بیریکیان هان داوە کە دەست بە سەر وڵاتی مێشکمدا بگرێ، بۆ خۆم روون و ئاشکران و باوەڕم پێیان هەیە، هەر بەو هۆیەش دیوەخانی مێشکی خۆمم بەوە بیرە تەرخان دا، تاکوو بە شێوەیەکی رەسەن،رەسمی خانەخوێیم لەمەڕ ئەو بیرە جوانە وەک میوانێکی خۆشەویست بەجێ‌هێنابێ. تا ئەوەی کە هەستم بەوە کرد، میوان هەرچەندە لە نێو ماڵدا بە باشی بە دەورەیدا بێی و بچی و خزمەتی بکەی، بەڵام بۆ ئەوەی کە ماندوو نەبێ و بیری بەجێ‌هێشتنی خانەخوێی بە سەردا نەیە،

[1] لە بەشەکانی دوایدا لەبارەی چەند ئاهەنگێکدا زیاتر دەدوێین.

www.mamle.net

Mamle Art Center



پێویستە لە ماڵ بێتە دەر و پیاسەیەک بکات. هەر بۆیەش هەوەڵین هەنگاوم لەو بابەتەوە هەڵهێناوە و ئەو بیرە کە تا ئەوکات لە مێشکمدا دەهات و دەچوو، هێنامە ناو حەوشەی ئازموونی عەمەلییەوە.

زستانی ١٣٧٥ی هەتاوی پاش ئاشنا بوون لەگەڵ یەکێک لە خزمە هەرە نیزیکەکانی مامۆستا ماملێ، مەبەستی خۆمم لەگەڵ باس کرد و هەر چۆنێک بێ ڕەزامەندیی ئەوم پێکهێنا. بۆ هەوەڵین هەنگاو، فیلمبەرداری لە مامۆستا کە لە جێ‌وبانی نەخۆشیدا بوو، هاتە ریزی هەوەڵی گرینگەکان (هەڵبەت ئەوکات لەسەر ئەو بڕوایە بووم کە ژیانی هونەری مامۆستا لە چوارچێوەی فیلمێکی ویدئۆییدا بخەمە بەرچاو، کە بە داخەوە بە هۆی ناسازگاری هەل‌ومەرجەکە و چەن کۆسپێکی دیکە نەڕەخسا).

ئێوارەیەکی ساردی ڕەشەمەی ٧٥ی هەتاوی پاش ئەوە کە بە زەحمەتێکی یەکجار زۆرەوە توانیمان دووربینێکی فیلمبەرداری پەیدا بکەین، بەرەو ماڵی مامۆستا وەڕێ کەوتین. لە مامۆستا وەژوور کەوتین.. بۆ چەند کاتێک باوەڕم نەدەکرد کە ئەوە هەر ئەو بولبولە دەنگ‌خۆشەکەی کوردستانە کە بەو شێوەیە بێدەنگە و پەنانشینی کونجی دەرد و ئازارە. روخساری مەتین و پیاوانەی مامۆستا، چ مابوو کە ڕۆژگار دەگەڵی نەکردبێ؟ دیمەنێکی دڵتەزێن کە بە دژواری باوەڕی پێ‌دەکرا.. بەڕاستی کە ئەو چەند کاتەم هیچ‌وەخت و ساتێک لەبیر ناچێتە دەر...

بەبێ ئەوەی بتوانم خۆم ڕاگرم، سەری کڕنۆشم لە بەرامبەر لەشی ماندووی مامۆستادا نەوی کرد و دەستیم ماچ کرد و فرمێسکم هاتنە خوار و ئەو شیعرەی مامۆستا وەفاییم هاتەوە بیر:

سەرابستان خەرابستانە ئیمڕۆ بەهاری عەیشی مە، زستانە ئیمڕۆ

لە خزمەت مامۆستادا دانیشتین. نەخۆشی، تاقەتی لێ بڕیبوو. هاوکات لەگەڵ ئەوە کە فیلمبەرداریمان دەکرد، لەناکاو شتێکی چاوەڕواننەکراو ڕووی دا، ئەویش

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



ئەوە بوو كە كاك محەممەد دەستی كرد بە گوتنی گۆرانییەک[1] كە دوو جاری دووپات كردەوە...

بەڕاستی كە ئیدی هەر ئاگام بە ئەوە نەدەكرد كە لەسەر ئەو دنیایەم. ئەوە گەورەترین خەڵاتێک بوو كە تا ئەوكات لە ژیانمدا كرابووم. (مامۆستا مامڵێ بە هۆی نەخۆشی ئالـزایمێرەوە، گۆرانییەكانی خۆی لەبیر نەمابوون و تەنانەت كەسیشی وەبیر نەدەهاتنەوە و نەدەناسییەوە.)

لەپاش ئەوەیكە نیزیک بە ۲ سەعات لە خزمەت مامۆستادا بووین، بە دڵێكی پڕ لە داخ و حەسرەتەوە، ماڵئاواییمان لێ كرد و دڵی بێقەراری كاک محەممەدمان لە زیندانی ڕۆژگاردا بەجێهێشت و خۆمم ئاوا دڵداری دەداوە كە ئەو دنیایە بۆ ڕۆحی گەورەی مامۆستا زیندانە و هەر بۆیەش ڕزگار بوونیم لە یەزدان داوا دەكرد. حاڵوهەوای ئەو چاوپێكەوتنە بۆ هێستاش، تەواوی لەش و گیانمی داگرتووە و یادی دوایین دیدار لەگەڵ مامۆستا بووە بە پاشای بیرەوەرییەكانم. هەر ئەو حاڵ و هەوایەش لەسەر بڕوای خۆم پتەوتری كردم و ئیمانمی بەوە قایمتر كرد كە ڕێگای بە ئەنجام گەیاندنی ئەو بڕوایە بە تەواوی كەند و كۆسپەكانییەوە درێژە پێبدەم. دیرەدا وا باشە ئەو خاڵە بێنمە بەرچاو كە ویستم وا بوو بە پێی تەواوی تواناییەكانم و بە كەڵک وەرگرتن لە تەواوی كەرەسەكانی بەردەستم، ئاسەوارێكی بەنرخ و پڕبایەخی ویدئۆیی كە شیاوی مامۆستا مامڵێ بێت (هەرچەندە ئەوەش لە ئاكامدا هەنگاوێكی چكۆلەیە بۆ ڕێز گرتن لە پلەی ئەو هونەرمەندە مەزنە) پێكبێنم، بەڵام بە داخەوە لە لایەكەوە جیاوازی نێوان بیر و بڕوای بنەماڵەی بەڕێزی مامڵێ لەگەڵ من و لەلایەكی دیكەشەوە هەندێک كەندوكۆسپی چاوەڕواننەكراو، وەک لەمپەرێک ئیزن و مەودای درێژەدان و بە ئەنجام گەیاندنی كارەكەیان پێ نەدام. هەڵبەت بە پێویست دەزانم هەر دیرەدا سوپاسی بنەماڵەی مامڵێ بكەم كە لە ڕادەیێكی بەرچاودا یاریدەیان دام و لەو بابەتەوە درێغییان نەكرد.

[1] گۆرانی "ماڵە بابم بێوەفا"

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center

**١٨/ یادی بەخێر**

نە تەنیا بە بڕوای من، بەڵکوو بیر و باوەڕییەکی گشتییەکە مامڵێ هی میللەتێکە و جێی شانازی هەموو گەلی کوردە و تا ئەو کاتەی کە ئەمن بڕوای خۆم بۆ وەها کارێک دەربڕی و بڕیام بۆ ساز کردنی فیلمێکی ویدئۆیی لەسەر ژیانی مامڵێ بە خۆم دا تا ئەو جێگایەی ئاگادار بم، هیچ کەسێک وەها هەنگاوێکی هەڵنەهێنابۆوە و تەنانەت ئەو تاقمەی کە لە جلوبەرگی لایەنگری و وەفاداری بە مامۆستادا، خەریکی کۆ کردنەوەی فیلم و شریتە بڵاو نەکراوەکانی مامڵێ بوون، تەنیا مەبەستیان قازانجێکی ئابووری بووە کە لە پاش کۆچی دوایی مامۆستا، چاوەڕوانی وەدەست‌خستنی بوون و هەن.

کورتی ببڕمەوە. کارەکە گریی خوارد و ئەمنیش بۆ بەرگری لە هەر چەشنە دەرگیرییەکی فیکری، ئەویش بەو هەموو گیروگرفتەی دیکەی ژیانەوە، بێدەنگیم لە درێژەی کار هێنا. بەڵام مێشکم هەروا دەرگیری بوو، هەرچەندە کە لەگەڵ خوم دەمگوت کە لەڕاستیدا، لێکۆڵینەوە لەسەر وەها مەبەستێک، کاری مامۆستایانی زانا و شارەزایە کە توانایی دیتن و لێکدانەوەی ژیانی هونەری مامۆستایان هەبێ، بەڵام هەرکات دەمدیت تەنانەت ئەو تاقمەش، تەنیا هەر ئاخ و ئۆف بۆ مامڵێ هەڵدەکێشن و بە ئەوەی ڕازین کە تەنیا حەسرەتی بۆ بخۆن، نە هیچی دیکە، نەمتوانی زیاتر دانیشم و دەست لەسەر دەست دابنێم و بڕیارم دا پیاسەیەکی دیکە لەگەڵ میوانی بێ‌قەرار و بێ‌سەبری مێشکم بکەم و بۆ ئەو کارەش لە قەڵەمی کەم‌دەسەڵات و بێ‌جەوهەری خۆم کەڵک وەرگرم کە بەڵکوو بەم شێوەیە مامۆستایانی بەڕێز و خاوەن‌بیر و ڕوانگە بزێوم کە لانی‌کەم بە ڕەخنەگرتن و لێکدانەوەی کاری کەم‌نرخی من لە بەرامبەر گەورە پیاوی مۆسیقای کوردی پێ بنێنە نێو ڕێگای لێکۆڵینەوە بۆ ناساندنی باشتری مامۆستا مامڵێ و ڕێز گرتن لەو بەڕێزە، بە تەرزێکی کە شیاوی پلەی بایەخەکانی بێت.

هیوا قارەمانی

پاییزی ٧٦ی هەتاوی

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



«قارەمانان تەنیا کەسانێکن کە دڵێکی گەورەیان هەیە»
رۆمەن رۆلان

## مامڵێ: رۆحی گەورەی مۆسیقای کوردی

نووسین لەسەر وەها مەبەست گەلێک بەتایبەتی باس لەسەر ژیانی گەورە پیاوەکان پێویستی بە روانینێکی قووڵ و بۆچوونێکی دروست هەیە. بە شێوەیەک کە راستیەکان بە باشی بێنە بەرچاو و نە خوێنەر تووشی هەڵە بێت و نە شتێک جگە لە راستی، نووسرابێ.

هەروەکوو باسی کرا، مامڵێ بۆ گەلی کورد نێوێکی ئاشنایە بۆ نەسلی ئێمە و بۆ نەسلی داهاتووی کورد. مامڵێ ئەو رۆحە گەورەیەی مۆسیقای کوردی، ئاگرێک بوو کە گڕەکانی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە ئاسمانی هونەردا سەریان هەڵدا، نوورێکی خاوێن و پاک و بێوێنە بوو کە تێکەڵاوی گشت ساتەکانی ژیانی ئێمەیە و بەتایبەت رووناککەرەوەی سەردەمی لاویی ئێمەیە و هێستاکەش لە ساڵەکانی دوایی سەدەی بیستەمدا مامڵێ بووە بە ئەستێرەیەک کە بۆ هەمیشە لە ئاسمانی فەرهەنگ و هونەری کوردەواریدا دەدرەوشێتەوە و چاوی ئێمە بۆ هەمیشە حەیرانی تەماشای دەمێنێتەوە. مامڵێ بە هێز و تواناییەکی بێوێنە، بیسەری گۆرانییەکانی دەباتە ناو دەریای بێبنی فەرهەنگ و ئەدەب و هونەری فۆلکلۆری کوردییەوە.

ئەمن بە هیچ جۆرێک نامهەوێ کە مامڵێ وەک بوتێکی گەورە بێنمە بەرچاو کە پای لە سەر زەوییە و سەری لە نێو هەوراندا ونە، بەڵام هەرگیز ناتوانین ئەو راستیە بشارینەوە کە مامڵێ لە رادەی قارەمانێکدا گەورە بوو؟ بۆ؟ چونکێ وەکوو رۆمەن رۆلان[1] دەڵێ: «قارەمانان تەنیا کەسانێکن کە دڵێکی گەورەیان هەیە»، مامڵێ دڵێکی گەورەی هەبوو، بەبێ ئەوەیکە ساتێک لە گەلەکەی جودا بێتەوە، بە لەسەرەخۆیی و کەسایەتییەکی بەرز و بڵێندەوە خۆ لە رەنج و

---

[1] نووسەری بەناوبانگی فەرانسەوی

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



زەحمەت داوێ و لە ئاوێنەی تاریکی رەنجدا خۆی بە باشی دەبینێ و هونەرەکەی دەبێتە رەنجێک کە بە هۆی ئەو رەنجە خۆی بۆ گرفتار بوون لە رەنجێکی دیکەدا رزگار دەکات. ئەوەی کە گرینگە و پێویستە باسی بکرێ ئەوەیە کە بەڕاستی کاری هونەری، بەتایبەت گۆرانیبێژی لەناو کۆمەڵی ئێمەدا، لە رابردوویەکی نە زۆر دووردا لەگەڵ دژواریگەلی تایبەت بە خۆی هاوڕێ بووە. ئەوە باشتر دەردەکەوێ ئەگەر سەرنج بدەینە فەرهەنگی کۆمەلایەتیمان لە سالەکانی رابردوودا و تەنانەت هێستاش لە نێو هەندێک لە بنەمالەکان، گۆرانیبێژ بەداخەوە، نەک وەک هونەرمەندێک بەلکوو وەک "چاوەش" چاوی لێدەکرا. دەگێڕنەوە کە تاهیر تۆفیق (مامۆستای مەقامات و دەنگخۆشی گەورەی کورد) لە جێگایەک و لەناو کۆڕێکدا گۆرانی دەڵێ و پاش تەواو بوونی گۆرانیگوتن، کابرایەک کە لەو کۆڕەدا بەشدار دەبێ هەستی وەجۆش دێت و روو لە مامۆستا تاهیر تۆفیق دەکات و دەڵێ: «بەڕاستی کە مامۆستا، شیاوی ئەوەی پەیکەرەت لێ ساز کەن» مامۆستا تاهیر تۆفیقیش لە جوابدا دەگەڕێتەوە و دەڵێ: «پەیکەری چی؟.. ماکەر».

ئەو قسەیە کە لە هەوەڵ چاو لێکردندا وەک گاڵتە دەچێ، کاتێک لێی ورد بینەوە ئەو تاڵییە روون دەبێتەوە کە هونەر و هونەرمەند لە کۆمەڵی کوردەواریدا بە تەرزێکی کە رەوا بێ، رێزیان لێ نەگیراوە.

ماملێش هەرچەند کە ئەو راستییە تاڵەی بۆ دەرکەوتبوو، بەبێ ئەوە کە سەرنجی بداتێ، خۆی لە رەنجێکی گەورە هاویشت و هۆی بەردەوامی و سەرکەوتنیشی ئاشکرایە: ئەوین.

بەڵێ، ئەوین و عیشقی ماملێ بە فەرهەنگ و هونەری گەلەکەی بووە بە هۆی ئەوە کە لە دەنگی خۆشی خۆی بۆ دەوڵەمەندتر کردنی سامانی فەرهەنگی نەتەوەکەی کەلک وەرگرێ و بە باوەشی ئاوەلاوە بچێتە پێشوازی کەندوکۆسپەکانەوە. ماملێ ئەوەی بۆ دەرکەوتبوو کە مۆسیقی، دەنگی رۆحە و هاوارێکە کە بێئەوەی پێویستی بە نێوانجیگەرییەک هەبێ، لە دەروونڕا دێتە دەر. لوتکەی بەرزی هونەری ماملێ ئەوەیە کە هونەری وەک کاسپی و حیرفە چاو لێنەکرد، بەلکوو هونەری کردە کەرەسەیەک کە هەستە راستەقینەکانی

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



خۆی پێ دەرببڕێ. ماملێ دەیزانی هونەرمەند تەنیا کاتێک دەتوانێ خاوەنی هەستێکی راستەقینە بێ کە گۆشەگیر نەبێ و وەکوو تەواوی ئینسانەکانی دیکەی کۆمەڵ تێکەڵاوی ژیانی رۆژانە بێت. چونکێ ئەگەرکوو کەسێک لە ژیانی ژیان بەدوور بێت، دەکەوێتە خرابترین بوار بۆ پێکهێنانی ئاسەواری هونەری.

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



## شوێنەواری ئەوین لە ئاسەوارەکانی ماملێدا

ئێمە شوێنەواری ئەوینی بەرزی ماملێ لە تەواوی گۆرانییەکانیدا هەست پێدەکەین، ئەوین لە هەر کوێرا دەست پێبکات و بە هەر هۆیەک بناغە لە دەرووندا داکوتێ، لە ئاکامدا بەرز بوونی خۆی دەپێوێ و ئەو بەرز بوونەوەش نە لە خوارێرا بۆ سەرێ، بەڵکوو لە دەروونڕایە بۆ دەرەوە.
مامڵێ بە هۆی ئەوینەوە، ئەرکی هونەری خۆی بەجێدێنێ و بە ئەنجامی دەگەیێنێ. هەروەکوو تۆلستۆی دەڵێ: «هونەر، زۆرداری لەناو دەبا و نابوودی دەکا و ئەرکی هونەر ئەوەیە کە حکوومەتی خودایی یانی لە راستیدا "ئەوین" دامەزرێنێ و جێگری بکات.»
مۆسیقا دەریایە، دەست بە سەر ولاتی رۆحدا دەگرێ و هەستی مرۆڤ بۆ لای خۆی رادەکێشێ. مۆسیقا بێبن و بێسنوورە، ئێمە تەنیا مسافیرانێکین کە لەناو کەشتیدا بەسەر ئەو دەریایەدا تێپەڕ دەبین، بەلام هونەرمەندانێکی وەک مامڵێ، مەلەوانگەلێکی لێهاتوون و غەواسێکی بێباکی ئەو دەریایەن. هەر بۆیەش بە شەهامەتەوە خۆ بە شەپۆلەکانیدا دەدەن و ئەوەی ئێمە وەم مۆسیقی دەیبیستین و هەستی پێدەکەین، تەنیا جوانییەکانی هونەری مەلەکردنی ئەو هونەرمەندانەیە و ئێمە هیچکات هەست بەو زەحمەت و ماندوو بوونە ناکەین کە ئەوان لەو مەلە کردنە تووشی دەبن. لەڕاستیدا هەر بەو هۆیەش (فیدا کردنی تەواوی هێزی خۆیان بۆ نواندنی مەلەیەکی جوان لە پێش چاوی ئێمە) هونەرمەند دەبێتە قارەمانێک کە دەبێ جێگایەکی تایبەتی لەناو دڵ و ناخی نەتەوەکەیدا بێ.
ئاسەوار و ناوی بەرزی هونەرمەند لە ئاسمانی فەرهەنگ و ئەدەبی گەڵدا وەک ئەستێرەیەکی شەبەقدار بۆ هەمیشەی مێژوو دەدرەوشێتەوە.

www.mamle.net

Mamle Art Center



## مامۆستا شارۆخ و چەند وتارێک لەبارەی مامۆستا مامڵێدا

لە زستانی ٧٥دا، رۆژێک لە مامۆستا شارۆخ میوان بووین و مامۆستا لەسەر داخوازی ئێمە، لەسەر مامۆستا مامڵێ بۆمان دوا کە دەقی وتارەکەی ئەو مامۆستا بەڕێزە دەو بەشەدا دەخەینە بەرچاو:

... من پڕ بە دڵی خۆم سوپاس و تەشەکورتان لێدەکەم کە دەتانهەوێ زەحمەتێکی ئاوا بکێشن، تا شوێنەواری هونەرمەندێکی زۆر بەرز و نەمر و جاویدانەی کورد وەک مامۆستا محەمەدی مامڵێ هەر هەمیشە بمێنێ یانی ئەگەر ئەمن بمهەوێ بڵێم، دەبێ شەوها و رۆژها دانیشم باسی ئەو هونەرمەندە بکەم، لەباری ژیانی هونەری و لەباری ژیانێکی کە لە نێو کۆمەڵدا بەڕێوەی بردووە، کە بەڕاستی شیاوی تەعریفە و شیاوی شانازییە.

کاک محەمەدی مامڵێ جگە لەوە کە هونەرمەندیکی زۆر زۆر بەڕێز بووە، ئینسانێکی زۆر قورس و سەنگین بووە لەنێو کۆمەڵی خۆیدا، و دەتوانم بڵێم سەدی هەشتای کە حورمەتی خەڵکی بۆلای خۆی راکێشاوە، یانی خەڵک حورمەتی دەگرێ بە هۆی ئەو مەتانەتە و سەنگینی ئەخلاقی ئەو ئینسانەی بووە.

کاک محەمەدی مامڵێ هونەرمەندیکە کە دەتوانم بڵێم شایەد هەزاران ساڵ تێپەڕ بێت و بەڵام گەلی کورد هونەرمەندیکی ئاوا بە خۆیەوە نابینێ. ئەڵبەتە ئەوە تەعریفێکی غەیری واقیعی نییە، یانی ئەوە تەعریفێکە لە قووڵایی دڵەوە دەیکەم و ئەمن کە دەزانم هونەر چییە و دەزانم دەنگ چییە، و دەزانم گۆرانی چییە، دەزانم چ شێوە ئاهەنگێک کە ئەو ئینسانە گوتوویەتی و بایەخی پێداوە و زۆر ئاهەنگ هەبوون کە قەدیم لەبیر چوونەوە، هێناویەتەوە دە مەیدانی هونەرەوە، گەورەترین شاهکاری کاک محەمەد کە گومان دەکەم زۆر کەس سرنجی داوە بەو مەسئەلەیە، ئەوەیە کە کاک محەمەد "قەتاری کوردی" لە رادەیەکی ئەوتۆ بەرز و بڵیند و بە قەولی هونەرمەندان بە قووەت، هێناویەتی دە

www.mamle.net

Mamle Art Center



چوارچێوەی دەستگاکانی مۆسیقیدا گونجاندووە، بۆ وێنە قەتاری دە دەستگاکانی سێ گاە، دەستگای شوور، دەستگای ماهوور، همایوون و... یانی لە تەواوی حەوت دەستگای مۆسیقیدا، توانیویەتی قەتاری بەو سوورەتەی بێنێتە دەرێ، نەزم و نیزامێکی جوانی پێبدا و بەو دەنگە خۆشەی بیکاتە شتێکی جاویدان بۆ گەلی کورد.

کاک محەمەد، جودا لەو مەسائیلە کە بەجێی هێناوە، هاتووە زۆربەی گۆرانییە فۆلکلۆرەکانی قەدیمی زیندوو کردۆتەوە. من بۆیە ئەوەی دەڵێم، چونکێ تەنیا گۆرانیهایەکی کە لە منداڵیڕا بیستبوومن تەنیا لە کاک محەمەدیم بیستووە، هیچ کەسێکی دیکە نەیکوتۆتەوە، بۆ وێنە ئاهەنگی "خانمیلێ خانمی خانمان" تەنیا بە منداڵی لە براکەی خۆم و لە سەفحەی مەلاکەریم بیستووە، بەڵام جگە لە کاک محەمەد لە کەسێکی دیکەم نەبیستووە. جا ئەو کایەی جودا لەو مەسئەلەی ئێمە دەزانین کاک محەمەد هێندێکی گۆرانی دیکە، یانی ئەو گۆرانیانەی کە بە زمانی دیکە گوتراون هێناویەتی بە کوردی گوتوویەتەوە، دیارە ئەمن زەمانێکی لۆمەم دەکرد، دەمگوت کارێکی ئێشتیبایە، بەڵام وا بزانم کە ئەو کابرایە لە منی باشتر بیر دەکردەوە، چون دەیگوت ئەتۆ جارێ لێی حاڵی نابی. بەڵام بە تێپەڕ بوونی ساڵانی ساڵ ئەوە بۆ من روون بۆوە کە ئەوە دەیهەویست بەو شێوەیەی فەرهەنگ و هونەری میللەتی کورد، بەهێزتر بکات. بەڵام شاهکاری وی دەوەدایە کە فەرزەن ئاهەنگێکی لە تورکیڕا گێڕاوەتەوە بە کوردی، لە رادەیەکدا جوانی گوتووە کە لەڕاستیدا قالبی ئاهەنگی کوردی پێداوە. دەڵیلیشم ئەوەیە کە هونەرمەندێکی زۆر مەزنی تارانی هاتە لام و گوتی: ئەمن شریتێکی تازەم هەیە کە مێلۆدی کوردی تێدایە. ئەمنیش گوتم: بیلێ بزانم چییە؟ دیتم ئەو ئاهەنگەی ماملێیە کە بە شیعری هێمن گوتوویەتی:

ئەمن دەمگوت لە دنیا تا بمێنم لەبەر کەس ئەستەمە سەر دانەوێنم

پێکەنیم و گوتی بۆ پێدەکەنی؟ گوتم ئەو ئاهەنگە ئەمن بە منداڵی بیستوومە کە بە فارسی گوتراوە. بەڵام کاک محەمەد بە لەونێکی وەها مامۆستایانە و بە هێز و بە تواناییەوە گوتوویەتی کە حاڵەتی گۆرانی کوردی و مێلۆدی کوردی

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



داوەتێ. کە لەڕاستیدا ئەو تاقمە گۆرانییەی لە گۆرانی کوردی باشتر چەسپاندووە بە فەرهەنگ و هونەری کوردی.
بەلێ، وەکوو باسم کرد، تاریف و تەوسیفی کاک محەممەدی ماملێ ئەگەر بێین و لە قولینچک و گۆشەی جۆر بە جۆردا دەستی پێبکەین، شایەد زۆر شەوان و رۆژان دانیشین، باسی بکەین، بەلام باسەکە بە کۆتایی نەگا. کەچی ئەمن ئەوەندەی کە وەبیرم دێ و ئەوەندەی کە هونەر دەناسم، وا بزانم تازە زەمان دەگوزەرێ، شایەد هەزار سال تێپەڕ بێ و دەنگی کاک محەممەد و ئەو نەزم‌ونیزامە و ئەو ریک‌وپێکییەی کە ئەو دە گۆرانییەکاندا ئەنجامی داوە و بەجێی هێناوە و ئەو شیعرە جوانانەی کە ئەو هەلیبژاردووە شایەد کەم کەس هەبێ بتوانێ ئەم کارانە بکا. جێگای داخ ئەوەیە کە ئێمە دەبینین وردە وردە ئەو جۆرە هونەرمەندانە لەنێو میللەتی کورددا تەواو دەبن. بۆ وێنە ئێمە بڕۆین بۆ لای کوردستانی عێراق، عەلی مەردان تازە نایەتەوە، تاهیر تۆفیق تازە نایەتەوە، حەسەن جەزراوی تازە نایەتەوە، یانی تا هێستا کەس نەیتوانیوە جێی ئەوان بگرێتەوە، ئەوەندەی من بزانم، یانی نموونەشی نییە. ئەوکایە فەرز کەن، سەیید عەلی ئەزغەری کوردستانی تازە نایەتەوە، محەممەدی مامڵێش هەرووەتر، تازە نایەتەوە. دەلیلەکەشی ئەوەیە بە داخەوە شایەد کۆمەلەکەی ئێمە لە حالی ئێستادا وایە کە ناتوانێ ئەوانە پەروەریش بدا. یان زۆر کەس هەیە، زۆر لاو هەیە، دەنگیان خۆشە، بەلام بەو رێگای ئەسلیدا کە دەبێ بڕۆن، ناڕۆن. بەلکە رێگایەکی فەرعی دەگرنە بەر. کە ناتوانن دەنگیان پەروەردە بکەن دەنا بە بڕوای من ئەو دەنگە کە زاتییە، نەسل بە نەسل دێ، فەڕزەن ئێمە لە بنەمالەی خۆماندا باپیرم، بابم، برام دەنگیان خۆش بووە، بۆ خۆشمان دەزانین بنەمالەی مامڵێ هەموو وا بوون. کاک سەعید، کاک حوسێن، کاک محەممەد، کەچی ئێمە نابینین کە پاش ئەوانە کەسێکی دیکە رێگای ئەوانە بگرێتە بەر. هۆیەکەشی ئەوەیە ئەو مەیدانەیان نییە تا دەنگیان پەروەریش بدەن، دەنگەکە دەبێ هەبێ، بەلام پەروەریش‌دانی موشکیلە، بەداخەوە ئەمن لە حالی حازردا نابینم. هیوادارم کە لە دوارۆژدا لەو بنەمالانە چ لە عێراق و چ لە ئێران دیسان کەسانێک هەلکەونەوە یان لە بنەمالەی دیکە ئینسانهایەک هەلکەونەوە کە رێگای ئەو

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



جۆرە هونەرمەندانە بگرنە بەر و هەمیشە بۆ میللەتی کورد جاویدان بمێننەوە، چونکێ تەنیا ئەوانە دەتوانن فەرهەنگی نەتەوەکەیان دەولەمەندتر بکەن.

پێم خۆشە لەبارەی کاک محەممەددا زۆرتر قسان بکەم بەتایبەت لەبارەی گەورەیی ئەو ئینسانەوە، لەبارەی ئەخلاقیەوە، لەبارەی کەسایەتییەوە بدوێم، بەلام گوتم کە ئەو ئینسانە هێندە لە روانگەی منەوە بەرز و بلیندە و کەسایەتییەکی بێوێنە و بالای هەیە، کە ناتوانم بەو جۆرەی کە دلم دەیهەوێ بە زمان باسی بکەم. زۆرتان سپاس دەکەم.

www.mamle.net

Mamle Art Center



## وتووێژێکی کورت دەگەڵ کاک حامید کاکیلی[1]

لەباری کەسایەتی کاک محەممەد و جێگای ئەو لەناو کۆمەڵدا تکایە ئەوەی بە پێویستی دەزانن بیفەرموون.

**تایبەتمەندییەکانی کاک محەممەد لەباری کەسایەتی ئەو ئینسانەوە روون و ئاشکران، وەنەبێ هەر ئەمن بە تەنیا بیزانم. ئینسانێکی زۆر گەورە بوو، هەروەها بەڕوحم بووە و سەرەڕای ئەوانە، عیززەتی نەفسیشی هەبوو، بەڕاستی کاک محەممەد شەرەف و پیاوەتی خۆی هیچ کات و بە هیچ قیمەتێک نەفرۆشت. مەلاحوسێن هەمیشە دەگەڵی بوو، بارها بە مەلاحوسێنم دەکوت بۆ لە ماملێ نابیەوە، دەیکوت: "کوڕە ئەمن حەز لە مامڵێ دەکەم، بەبێ مامڵێ ئەمن ناژیم." هەڵبەت مەلاحوسێن مامڵێی خۆشدەویست بەڵام زیاتر لەبەر ئەوە بوو کە محەممەد هیچ کات پووڵ و پارەی لەلا گرینگ نەبوو. محەممەد بە تەواوی مانا ئاغا بوو. هەمیشە گەورەترین پیاوەکانی کوردەواری لە محەممەد میوان بوون، هەروەکوو ماڵە مەلا مستەفا و ماڵە سمایل‌ئاغا دایم ماڵی پڕ بوو لە میوان. شتێکی دیکەی ئەو کابرایە ئەوە بوو کە زۆر قانع بوو و هیچ کاتیش دەستی بۆ لای هیچ کەس درێژ نەدەکرد.**

دیارە ئێوە لە سەردەمی منداڵییەوە دەگەڵ مامۆستا مامڵێ لە نیزیکەوە ئاشنا بوون و تەنانەت دەگەڵی ژیاون، ئەگەر وایە لەباری سەردەمی لاوی کاک محەممەد بۆمان بدوێن.

---

[1] کاک حامید یەکێک لە نیزیکترین دۆستانی کاک محەممەدە کە ساڵانی ساڵ هاوڕێ و هاودەمی یەکتر بوون و هەر ئەوە نیزیکایەتییەش بوو بە هۆی ئەوە کە لە چوارچێوەی چەند پرسیاردا لە کاک حامیدمان بوێ لە کاک محەممەد بۆمان بدوێ...

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



لەباری سەردەمی لاویماملێدا بەڕاستی ماملێ وەختی خۆی جوانێک بوو کە وێنەی نەبوو. خودا ئاگای لێیە ئەمن ئەوەندەی دەگەڵ ئەو ئینسانەی بووم شتی وام لێ دیت کە بە هیچ ئەولیاییێکمەوە نەدیوە. لەوبارەوە ئەمن تەنانەت بۆخۆم بە عەینی شاهیدی زۆر شتان بووم. ئەو کابرایە جوانچاک بڵەی بوو، دەنگخۆش بڵەی بوو، بەنێوبانگ بوو، جا کێ هەیە لەو بارودۆخەدا خاوەنی ئەو تایبەتمەندییانە بێ و خۆ لە خراپە بپارێزێ و لە ڕێگای خوار نەکەوێ، بەڕاستی ئەوە بۆخۆی هونەرێکی گەورەیە.

چ بیرەوەرییەکی خۆشتان لە سەردەمی لاویی ماملێ و دۆستایەتی ئەوکاتی خۆتان دەگەڵ کاک محەممەد هەیە؟

محەممەد دوو مامی هەبوو. مامەڕەحمان و مامەڕەحیم. مامەڕەحمانیان کوێر بوو. ڕەمەزانان لێرە دەبوو لە پێش مزگەوتی سوور. سلاواتی لێدەدا. دەنگ و سەدایەکی یەکجار خۆشی هەبوو. ئەودەمی بنەماڵەی ماملێ لە ماڵە ئیقبالیدا بوون. وەتاغێکی گەورەیان هەبوو. ئێواران لەوێ کۆ دەبوونەوە. مامڕەحیم و مامڕەحمان و میرزاحوسێن و محەممەد و هاشم و موتەللیب و جەعفەر و توویای خوشکیان. ئێمەش لاو بووین، لە خوارەوە دادەنیشتین. میرزاحوسێن دەنگی یەکجار خۆش بوو. دەستیان بە دەمرینی گۆرانیان دەکرد. لە بیرمە کە "کانی ئاسکان" دەکوترا دەنگی محەممەد وەسەر دەنگی حوسێن دەکەوت. میرزاحوسێن پیر ببوو، قەلس دەبوو، دەیکوت ئەوە بۆ هەواکەی تێکدەدەی؟ بە خودای شەوی وا بوو لەوانە بوو ئەگەر بڵێم شووشەی پەنجەران بشکێ، محەممەد ئاوا بلیندی دەگوت. هەڵبەت محەممەد هەمیشە خۆی بە چووکەی حوسێن دادەنا، بە دایم لە هەموو جێگایەک بە دوایەوە بوو. لە لای حوسێن خۆی بە هیچ دانەدەنا.

ئێوە مام سەعیدتان دیبوو؟

مام سەعید بابی کاک محەممەد بوو. کەمم دیبوو، ئەمن شاگردی عەلی مەجیدە پیری بووم. منداڵ بووم بە ڕۆژی جومعە بازاڕ نەبوو. بەڵام دوکانەکەی ئێمە لە بونبەستێکدا بوو، دەرگای نەبوو، جومعانەش کاروباری خۆمان دەکرد.

www.mamle.net

Mamle Art Center



جومعەیێکی وەستا عەلی کوتی رۆڵە وەرە بزانم ناچی مام سەعیدی بانگ کەی؟ منیش کوتم: خۆ ئەمن نایناسم.

- رۆڵە ئەوەنێ لە هۆوەندەی قەسسابێ دەکا. پیاوێکی کەڵەگەتە، گۆچانێکی پێ دەبێ.

- دەیناسم... دەیناسم.

- بچۆ بیهێنە.

چووم و سلاوم کرد و کوتم مام سەعید، وەستاعەلی بانگت دەکا.

- لە کوێیە؟

- لە دوکانێ.

- دوکانی هەیە؟

- بەڵێ.

دەگەڵ خۆم هێنام. زۆر پیر بوو. سەندەڵییان بۆ دانا و دوای بڕێک قسە کردن، داوایان لێ کرد گۆرانی بلێ. زیاتر ئاهەنگی وەفایی دەگوت. دەنگی مام سەعیدم لە باغی شێخیش بیستبوو. هێستا ماڵە حاجی سۆهرابی لە کوییە ئەوە باغی شێخی بوو. هەتا دەگەیشتەوە سەیدئاوا و پشت‌تەپ. ئەلەوێ دەنگی مام سەعیدم بیستبوو. بەڕاستی جوانی دەکوت. جارێکی مام‌سەعید دەچێتە باغی خەلیلی مچەی کە سەیید عەلی ئەسغەر لەوێ دەبێ. مام سەعید نازانێ ئەوە سەیید لەوێیە تێدەچریکێنێ و ئەو شیعرە بە گۆرانی دەڵێ:

هەر بیوەژنێکی شاڵ کرمانی بێ          حەوسەت گەورە کچ بە قوربانی بێ

سەیید کە ئەوەی دەبیستێ لەولاڕا تێدەچریکێنێ و دەڵێ:

هەر گەورەکچێکی تازە دەگاتێ          حەوسەت بیوەژن سندانی گاتێ

مام سەعید بەپەلە دەچێتە لای و دەست لە ئەستۆی یەکتر دەکەن و دوای چاک‌وخۆشی، سەیید عەلی دەفەرمێ: مام سەعید خودا شاهیدە من بە دڵ عاشق بە دەنگی تۆم.

بە بڕوای ئێوە بنەماڵەی ماملێ بەگشتی و کاک محەممەد بەتایبەتی لە کوێڕا دەستیان پێ کردووە و هاتوونە ناو دنیای هونەرەوە؟

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



ناکرێ بڵەین بنەماڵەی ماملێ لە چ کاتێکەوە و لە کوێڕا دەستیان پێ کـردووە. ئەوان ژن و پیاویان دەنگ‌خۆش بووە، هەروەک ماسی وا بوون، هەروەختێکی دە ئاو هاویشتراون مەلەوان بوون. محەممەدیش هەروەتر، ناتوانین بڵـەین بـە چ ئاهەنگێک و لە کوێڕا دەستی پێ کردووە. تەنانەت بەشێک لەو بنەماڵە کـە لـە کوردستانی عێراق نیشتەجێن دەنگیان خۆشە. بە گشتی ئەو بنەماڵەیە لە مامعەلی و مامسەعیدڕا بگـرە هـەتا میرزاحوسێن و محەممـەد و ئـەوانی‌تـر بـە هـۆی دەنگەکەیانەوە دەگەڵ هەموو بەزم و خۆشی و مەجلیسێکی ئـەو شـارە و ئـەو ناوچەیە تێکەڵاو بوون و بەتایبەت ئەودەم کە وەک هێستا مەحدوودییەت نەبوو.

مەبەستتان لە مەحدوودییەت چییە؟

بۆ وێنە ئەو شارە هەمیشە حاڵ‌وهەوایێکی سەیری هەبوو، خودا ئاگای لێیە شـەو هەتاکوو ڕۆژ کە نەدەنووست. دەوری قەبرستانی قەدیم هەموو دیوار بوو. ئێمە منداڵ بووین لەسەر ئەو دیوارە دادەنیشتین هەر دەستەیێک دەهات و دەستەیێک دەڕۆیشت. گۆرانی دەگوترا هەتا ڕۆژ دەبۆوە. کەس بە بیریشیدا نەدەهات ئەو شارە ئاوای بەسەر بێ. منداڵی هێستا و لاوی هێستا نازانن گۆرانی چییە، نـازانن بەزم چییە؟

لاتان وایە کاک محەممەد لە چ ڕادەیەکدا لە کاری هونەری خـۆی ڕازی بـوو، هەروەها نێو و نێوبانگی ئەو ئوستادە لە سەردەمی لاویدا دە چ ڕادەیەکدا بوو؟

کاک محەممـەد هەمیشـە و لـە هـەموو حاڵـدا مەبەسـتی خزمـەت بـە هونـەر و بەتایبەت موسیقای کوردی بووە و بە بڕوای من لەسەر ئەو بیروباوەڕەی خـۆی پیاوانە ڕاوەستاوە و لە هیچ چەشنە خۆ لە زەحمەت هاویشتنێک نەکشاوەتەوە، بەڵام زۆر جاران دەیکوت ئەو جۆرەی کە ویستی دڵیەتی نـەیتوانیوە خزمـەتی نەتەوەکەی بکا، با یەک‌دوو بیرەوەریتان بۆ بگێڕمەوە:

هی وا بوو پێشی دەگرت دەیکوت کاک محەممەد دەبێ فلان نـەواری خـۆتم بدەیەی، دەیکوت باشە، دەچوو بۆی دەکڕی، بۆخۆی کـەم وا هـەبوو شـریتی خۆی هەبێ، ئینسانێکی سەیر بوو...

هەتیوێکی چاوساغی عێراقی لێرە گیرابوو. پرسیاریان لـێ کردبـوو چکـارەی؟ ڕەنگ‌بێ فیشەک و ئەسلەحەی بۆ مراد شیرێژی بەری؟ جوابی دابـۆوە: ئـەرێ

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



وەڵلا! لێی دەپرسن: کێ بۆی دەکرێ؟ گوتبووی: محەممەدی ماملێ و مەجیدی فەڕوخی و حەمەدی کاکیلی. هەرسێکیان گیران. بردیانن بۆ ورمێ. زۆریان ناڕەحەت و پەریشان کردن. ماوەی پێنج شەش مانگان. بەڵام ئەو قسەیە راست نەبوو. ئەو سێ نەفەرەش لە هیچ رێیەکی نەبوون. بۆیان مەحکووم نەکران و ئازادیان کردن. رەئیسی دادگایە لە چاوساغەکەی دەپرسێ: هەتیوە ئەتۆ ئاگادار بووی ئەوانە هیچ کاریکیان نەکردووە و بێگوناهن، بۆ دوچاری ئەو ناڕەحەتییەت کردن؟ کوتبووی: بەخودای ئەمن هیچ کەسم جگە لەوانە لەو شارەی نەناسیوە. مەجیدی فەڕوخی کاروانسەرای هەبوو، دەمناسی، محەممەدی کاکیلی لیفەم لێ کڕیبوو ئەویشم دەناسی. محەممەدی ماملێم نەدیبوو، بەڵام نێوبانگم بیستبوو، ئەگەر ئەوانەشم نەکوتبا، دەیانکوشتم.

کاک حامید، ئێوە لەو دوایانەدا سەری کاک محەممەدتان داوە و لە نیزیکەوە دیتووتانە؟

هەڵبەت دەپێشدا بە پێویست دەزانم تایبەتمەندییەکی کاک محەممەد کە لە کاتی لاویشیدا هەر هەیبوو باس بکەم. ئەویش ئەوەیە کە ئەو بەڕێزە هەتا بڵەی ئینسانێکی فەرامۆشکار بوو. هەر لە هەوەڵی عومریدا بەو جۆرە بوو. بۆ وێنە کاتێک لە جێگایەک کۆ دەبووینەوە ئەگەر قسەیێکی بۆ کوتن بووبایە، قسەی هەموومانی دەبڕییەوە. دەیکوت بەخودای نایەڵم هیچتان قسان بکەن. پرسیارمان دەکرد بۆ؟ دەیکوت دەنا قسەکەی خۆمم لەبیر دەچێتەوە.

ماوەیەک لەمەوبەر لەلای جەزیرەی دەگەڵ عەولای کوڕی دیتم. عەولا ماشێنی پێ بوو. رایگرت و هاتە خوار و دەرگای ماشێنەکەی کردەوە و کوتی ئاخە بابە گیان ئەوە کاک حامیدە، لەبیرتە چەندەت باس دەکرد؟ لە وەڵامدا کاک محەممەد کوتی: بەڵێ بەڵێ... هەرئەوەندە و هیچی دیکە. ئەمنیش خۆم بۆ رانەگیرا و فرمێسکم هاتنە خوار. لەڕاستیشدا هەر پێم خۆش نییە ئاوا بیبینم بۆیە زۆر ناچم بۆ دیدەنی.

نوسرەت خانم کە دەبێتە دایکی کاک عەزیز (خانێی ماملێ) و لە پێشدا ژنی میرزاحوسێن بوو کە لە پاش کۆچی دوایی میرزاحوسێن، کاک محەممەد سەرپەرستی ئەویشی وەخۆ گرت و مارەی کرد، هاتبۆوە سابلاغێ. لە باغی

www.mamle.net

Mamle Art Center



میکایلی دیتم، ئەوە پیرەژنێک دەگەڵ یۆسفی خورڕەمی پیاسە دەکا. ئەمنیان بانگ کرد. سلاوم لە یۆسف کرد، ژنەکەم ناسییەوە. یۆسف کوتی ئەوە کاک حامیدە و رووی لە من کرد و نوسرەت خانمی بە من ناساندەوە. هەردووکمان بیرمان لە چەرخی زەمانە دەکردەوە کە چی بەسەر هێناوین. تەنانەت یەکتریش نەناسینەوە. دوای چاک‌وخۆشی، کوتم سەری ماملێت نەداوە؟ کوتی: ئەرێ وەڵلا چووم سەرم داوە، هەرئەوەندە دیتمی ناسیمیەوە و هەر دەیکوت: کورەکان... کورەکان. ئەمنیش خۆم بۆ رانەگیرا و وەک سێلاو فرمێسک لە چاوم هاتنە خوار. دیمەنێکی دڵتەزێن بوو.

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



ژیان چەند بەیانێکە ئەگوزەرێ. بەشەر بە بیر کردنەوە لە باوەڕەکانی رابردوویدا بەرەو داهاتوو هەنگاو دەنێ. ژیان تێکەڵاوێکە لە تاڵی و شیرینییەکان.

محەممەدی مامڵێ

## پێداچوونەوەیەک بەسەر ژیانی هونەری کاک محەممەدی مامڵێدا و سەرچاوەکانی هونەری مامڵێ و قوتابخانە تایبەتییەکەی

ژیانی مامڵێ، هونەرمەندی گەورەی کورد، لەڕاستیدا بۆخۆی هونەرە. مامڵێ تێکەڵاوی هونەرە و هونەرەکەی مامڵێ خدی مامڵێیە. ژیانی مامڵێ، دەردەکانی، دەروون و ناخی مامڵێ بە گشتی بە هۆی هونەرەکەیەوە چوارچێوە دەگرن و لە لایەکی دیکەشەوە گیان وەبەر هونەرەکەی دەنێن.
بێ گومان مامڵێ لە گەورەترین گۆرانیبێژانی سەردەمی خۆیەتی. مامۆستا شاڕوخ لە بارەیدا دەڵێ:
«کاک محەممەدی مامڵێ، هونەرمەندێکە کە شایەد هەزاران ساڵ تێپەڕ بێت و گەلی کورد هونەرمەندی ئاوا بە خۆیەوە نەبینێت.»
بەڵام ئەوە بە چ مانایەکە؟
... لە گۆشەیەک لە گەڕەکی چوارڕای مەولەوی سابڵاغ پیرەپیاوێکی شکاوە، بە دڵێکی بریندار و لەشێکی ماندوو لە جێوبانی نەخۆشیدا بێقەراری دەکا تاکوو میهری پاکی یەزدان، روحی ئەویندارى بانگهێشتن بکات بۆ میوانییەکی ئەبەدی و تامی ئازادی بەو جۆرە بچێژێ. ئەو پیرە، کەسێک نییە جگە لە محەممەدی مامڵێ کە لە ساڵی ١٣٠٤ی هەتاوی، لە بنەماڵەیەکی دەنگخۆشدا لە دایک بوو. باپیری، مام عەلی، و بابی «مام سەعید»، دەنگخۆش بوون. هەر لێرەڕایە کە هەوەڵین خاڵی دەرکەوتنی فەرمایشتەکەی کاک عەزیزی شاڕوخ روون

Mamle Art Center



دەبێتەوە. ئەویش ئەو بەڵگەیە کە دەردەکەوێ محەمەدی ماملێ لە بنەماڵەکەی خۆیدا هەڵدەکەوێ. یانی ئاشکرایە بنەماڵەی ماملێ هەموو دەنگ‌خۆش بوون، بەلام محەمەد دەبێت بە شتێکی دیکە و دەنگ‌خۆشی کەرەسەیەکە بۆ ئەو کە لە داهاتوودا تەواوی دەنگ‌خۆشەکانی دەروبەری خۆی جێ بهێڵێ و پێ بنێتە ناو دنیای خولقاندنی هونەرییەوە. مامۆستا ماملێ هەوەڵین ئازموونەکان لەو ڕێگایەدا هەر لە چوارچێوەی بنەماڵەکەیدا و لە خزمەت بابی و میرزا حوسێنی برای تێپەڕ دەکات و لە پاشان ئەو سنووورە بنەماڵەییە بەجێ دەهێلێ و دەگا بە جێگایەک کە بە پابەندی تەواوەوە و بە لێبڕاوییەوە، نە سارد و گەرمییەکانی ڕۆژگار و نە فەقر و نەداری دەتوانن پێشی بگرن و نە جوان‌چاکی و دەنگ‌خۆشی و نێو و نێوبانگ هەڵیدەفریوێنن. هەر ئەلێرەڕا ماملێ بناغەی هونەرەکەی خۆی دادەڕێژێ و بەرەو بەرزایی هەنگاو دەنێ تاکوو ببێت بە کەسێک کە گەلی کورد هەزار سالی دیکەش وێنەی ئەو بە خۆیەوە نەبینێتەوە. هەر وەکوو باسی کرا، دەنگ‌خۆشی ماملێ موعجەزە نییە و نەبووە، بەلکوو ئەوە شێوەی بەکار هێنانی ئەو دەنگەیە کە موعجەزە دەکات و قوتابخانەیەکی تایبەتی دەدا بە هونەری ماملێ و لەڕاستیدا ئەوە ماملێیە کە دەنگ‌خۆشی خۆی دەکا بە کەرەسەیەک کە بۆ درێژە پێدانی ڕێگای پڕ لە هەوراز و نشێوی ژیانی هونەری خۆی و بۆ خولقاندنی شاهکاری هونەری کەلکی لێ وەردەگرێ و بۆ پەروەردە کردنی هەرچی زیاتری هونەرەکەی ساتێ ناوەستێ و تەنانەت تا ئەو جێگایەی لە دەستی دێ، لە ڕێ‌پێوان شل نابێتەوە و ئەوە بە هۆی ئەوێنێکە کە لە ناخیدا بەرامبەر بە هونەر لە لایەک و بەخت کردنی ژیانی خۆی لەبۆ فەرهەنگ و ئەدەبی نەتەوەکەی لە لایەکی دیکەوە ریشەی داکوتاوە. هەڵبەت چەند شتێکی بنەڕەتی و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ شوێنیان لەسەر مێشکی خولقێنەری ماملێ داناوە کە پێویستە باسیان بکەین:

١ــ ماملێ عاشقی ولاتەکەی خۆیەتی و هەربۆیەش دەیهەوێ لە هونەری خوداپێداوی خۆی بۆ زیندوو کردنەوەی مۆسیقا و گۆرانییە دلنشینە ڕەسەن و فۆلکلۆرییەکانی کوردی کەلک وەربگرێ. هەر ئەو کەلک وەرگرتنەش وەها پەروەردەی دەکا کە ئەو شتانەی ئەو بە سەرنجدان بە سروشت و تەبیعەتی

www.mamle.net

Mamle Art Center



ولاتەکەی، وەدەستیان دەخا و پێیان دەگا، لە چوارچێوەی بەستراوی هیچ قوتابخانەیەکی موسیقیدا، کەس دەستی پێی رانەگەیشتووە. بەڕاستی کە کوردستان بەهەشتی سەرزەوییە و کەمتر هونەرمەندێکی کورد هەیە کە ئەو سروشتە پاک و خاوێنە هەستی نەبزاوتبێ و شوێنی لەسەر دانەنابێ. جا با بزانین کاک عەلی حەسەنیانی لە کتێبی شاری وێراندا چلۆن ئەو مەبەستەمان بۆ شی دەکاتەوە:

خوالێخۆشبوو کاک عەلی ئاوا لە سەر شیعری (بەهاری کوردستان)ی مامۆستا هێمن دەدوێ:

«... لە بەهاری کوردستاندا، شاعیر، خوێنەر یا بیسەر لەگەڵ خۆی دەبا بۆ نێو سووچێک لە ژیانی بێ‌خەوش وساکار و دڵڕفێن و شاعیرانەی کوردەواری، تابلۆیەک نیشان دەدا کە دەڵێی بە دەیان وێنەگەری کارامە کاریان لەسەر کردووە. تابلۆیەک کە هیچ کەموکووڕی نییە...

هێمن بە جادووی شیعر، زستان لادەبا و بەهار دێنێ، دەڵێ مژ و سەرما و سۆڵی زستان سیخوار و سەهۆڵ و وەیشوومە نەما، و شەماڵ بە گاڵەگاڵ هات و هەوری سەرە بەهاری گەواڵ گەواڵ کرد. کەوێەک کە لە لای نیساری شاخان، لە تیشکی هەتاو خۆی حەشار دابوو کەوتە ژێر تەوژمی لەنگێزە و باران و شنەبا و توایەوە...

... لە تابلۆی بەهاری کوردستاندا سروە و شنەبا لە لایەک کەوییان دەتوێننەوە و لە لایەکی دی لە نەرمان و ئەستەمان مەندۆک و گیاخاو و کەما و گیاوگوڵی بەهار دێننە سەما و کەرویشکەی وە گەنم و جۆ دەخەن. خوناوەی وردەباران گەڵای داران دەشواتەوە و ژینێکی نوێیان وەبەر دەنێ. جەنگەی بانەمەڕییە. خێڵات بەرەو کوێستان دەچێ. مالات زیندوو بۆتەوە. ترۆپک و نشێو و یاڵ و خڕ و سێو لە گوێن بەهەشت خەملیوە. دەشت و چیمەن رازاوەتەوە. کێو و بەندەن نەخشاوە و زۆنگ و چینگە ژیاوەتەوە. لە گشت تەرت و رژد و شیو و دۆڵێک، بەتایبەتی لە کوێستانەکانی هەوشین و گەدە و لەند و سامڕەندا گیاوگوڵی جوان و بۆن‌خۆش وەک هەڵز و بیزا و گیابەند سەریان پێوە ناوە و هەڵچوون و تێک‌چڕژاون و بوونە زەمەند...»

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



لە پاشان کاک عەلی بە باسی گوڵانی بەهاری وەک وەنەوشەی بۆنخۆش و سوێسن و بەیبوون و شلێر و هەڵاڵە و گوڵاڵەسووره کە وەبیرهێنەوەی خوێنی شەهیدانە و هەروەها سەرچاوەی ئاوی زوڵاڵ و ئاوهەڵدێر و ئاونگی بەهاری و بووژانەوەی دار و... درێژە بە لێکۆڵینەوەکەی دەدا و دەڵێ: «... بەڕاستی کێ مەڵبەندی وای دیوە؟ لە لایەک بولبول ناڵەناڵی دێ ولە سەر چڵی سووره گوڵ بە کوڵ دەخوێنێ و لە لایەکی دی لە چیا و رازان سیرەی سەقر و بازان دێ کە لە زۆر ئاهەنگ و ئاواز و نەغمەی سازان خۆشترە. لە لای رەوەز و زەردان قاسپە قاسپی کەوی سەر بەردان خەم دەڕەوێنێ و لە نێو شیناوەردان ورتەورتی هەوێردان شادی دێنێ. مۆسیقایەکی دڵڕفێن خولقاوە... لە بەرقەدی کێوێک لاوکی لاوان دێتە گوێ و لە لاپاڵی بەرامبەری، ئەوا بەڵەکچاوان کە بە باڵلۆرە وڵامیان دەدەنەوە، لەسەر بەردە بێرێ شوانە لە دنیای خەیاڵی خۆیدا لە بلوێری تووراندووە.»

کاک عەلی لە درێژەدا دەڵێ: «شاعیرێک دەتوانێ شیعری وەک بەهاری کوردستان دانێ کە وەک هێمن بە بۆنی مەندۆک و کەما و هەڵز و بیزا و گیاخاو و مۆڵەبەران و کەنێرە و شلێر و بەیبوون و سوێسن و هەڵاڵە و... سەرخۆش بووبێ...»

بەڵێ، لە ڕاستیدا هەروایە، یەکێک کە ئەو سەرخۆشییەی هەست پێ نەکردبێ، کەی دەتوانێ تابلۆی ئاوا بخولقێنێ؟

ماملێش هەر بەو جۆرە، بە شێوەیەکی مامۆستایانە دیمەنە جوانە جۆراوجۆرەکانی ئەو وڵاتە و شێوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی نێوان تەبیعەت و ژیانی کوردەواری لە چوارچێوەی گۆرانیدا دێنێتە بەرچاو و بە کەڵک وەرگرتن لە دەنگی زوڵاڵی خۆی بە باشی پەیوەندی گرێدراوی سێ لایەنەی ژیانی کوردەواری و تەبیعەتی کوردستان و هونەری کوردی بە شێوەیەکی جادووگەرانە پیشان دەدا و بە هۆی ئەو تایبەتمەندییانەوەیە کە نە دەنگی مامڵێ و نە گۆرانییەکانی هیچ کات کۆن نابن و بۆ هەمیشەی مێژوو، هەر زیندوون و هەروا تازە و بەگەشە دەمێننەوە.

www.mamle.net

Mamle Art Center



گومان لەوەدا نامێنێ کە یەکێک لە خاڵە بەرچاوەکانی کاری هونەری ماملێ سەرنج‌دانی ئەوە بە فەرهەنگی رەسەنی کوردەواری و هەر لە درێژە پێدانی ئەو ریگایەشدایە کە بەشێکی گەورەی تێکۆشانی ماملێ دەگەرێتەوە سەر هەوڵ‌دانی ئەو بۆ راست کردنەوە و زیندوو کردنەوەی ئاهەنگە فۆلکلۆرە لەبیرچووەکان و وێرای ئەوە کە لە نوێوە نەزمیان پێ دەدا، تۆماریان دەکاتەوە. هەر ئەو حەول و تێکۆشانە گرینگەش بەشێکی بەرچاو لە کاری هونەری ماملێیە کە شوێنەواری ئەو بەشە لە گۆرانییەکانی کاک محەممەد لە دیاری کردنی سەبک و قوتابخانەی تایبەتی ئەودا دەورێکی بەرچاویان هەیە.

ئەگەر بە باشی سەرنج بدەینە ئەو گۆرانییانە، دەردەکەوێ کە لە راستیدا سەبکی مۆسیقایی ماملێ سینەمایەکی تایبەتییە، بە جۆرێک کە هەروەکوو گوترا، فەرهەنگ و ژیانی کوردەواری بە باشترین شێوە لەو گۆرانییانەدا دێنە بەرچاو. لە رۆژگاری ئەورۆدا و بە سەرنجدان بە چۆنیەتی بارودۆخی کۆمەڵایەتی هێستایە کە هەنگاوی بەرزی ماملێ بۆ تۆمار کردنی فەرهەنگی رەسەنی گەلەکەی لە چوارچێوەی ئاهەنگ و ئاوازدا باشتر دێتە بەرچاو، و لە راستیدا هەرکات گوێ بۆ گۆرانییەکانی کاک محەممەد بەو دەنگە دڵرفێنە هەڵدەخەین، لە سەر پەردەی خەیاڵی ئێمە، جوانترین و نەمرترین وێنەکان بە پێش چاودا رادەبرن و بێ‌هیچ کەم‌وکورییەک و یان هیچ درۆیەک و کەلەکێکی سینەمایی راسترین سەحنەکانمان لە مێژووی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کوردەواری پیشان دەدن. ئەگەر وایە دەتوانین بڵێین کە قوتابخانەی سینەمایی ماملێ بە نۆرەی خۆی سەرەرای وە کە سینەمایەکی تایبەتییە، هەروەها ئارشیوێکی بەنرخ و دەوڵەمەندی سامانی نەتەوەییە بۆ باشترن دەرکەوتنی ئەو راستییە دەب بچینە ناو قووڵایی گۆرانییەکانی ماملێ و پیاسە لەنێو گوڵستانی سەرسەوزی ئەو گۆرانیانەدا بکەین و هاورێی دەنگی خۆشی بولبولی ئەو گوڵزارە بین.

ماملێ لە زۆریەک لە گۆرانییەکانیدا بە باشی لە رازانەوەی دەشت و چیمەن و کوێستان‌را دێت و دەگا بە باسی دڵداری و خۆشەویستی بەو شێوەی کە لە وڵاتی ئێمەدا باو بووە و ساکاری و پاکی ئەو ئەوینە کە هەر بە شێوەی

Mamle Art Center



کوێستانەکانی کوردستان خاوێن و بێغەڵوغەشە و لە هەر چەشنە پیسی و ناحەزییەک بەدووورە نیشان دەدا و تا رادەیەک بە توانابیییەوە ئەو کارە دەکا کە لەوپەڕی مانالی حالی دەبین و تەنانەت زۆر بە ساکاری هەستیان پێ دەکەین.
بەڕێز کاک سمایلی ماملێ لە کتێبە بەنرخەکەیدا (توێشەبەرەی هونەری ماملێ) دەڵێ:
«... سەرەتای قۆناغی هونەری ماملێ لە چاوی بەڵەکی کیژان و لار و لەنجە و گرژەگرژی هەتیوە حەیرانی بنپەنا و سیلە و جێژوانانەوە دەست پێ دەکات و تابلۆیەکی جوان و رازاوەی پەیوەندی سۆز و ئەویندارى کوردەواری بە هەموو سادە و ساکارییەکەوە بە وشە و چریکەی دەنگە زوڵاڵەکەیەوە دەنەخشێنێ وەک بۆ خۆی دەڵێ: "مەبەستم لەو جۆرە ئاهەنگە تەنیا ئەوە بووە جێشوێن پێیەک لە نێوانی کیژ و لاوی نەتەوەکەمدا بەجێ بێڵم و کوڵی دڵیان دامرکێنم." بێگومان بەڵگەی راستەوخۆی کاریگەری ئەو گۆرانییانەش لە دڵ و دەروونی ئەو خەڵکەدا بۆ قسەکەی سەرەوەی خۆی ئەوەیە کە دیسان دەڵێت: "وا بووە ئاهەنگی گۆرانییەکم چەندەهار جار لە زۆر شوێن و کاتاندا لەسەر ویستی گوێگران دووپات کردۆتەوە."
ماملێ سەرنج دەدا بە دڵداری و ئەوینی جوانان و هەروەکوو گوترا پاکی و بێغەڵوغەشی ئەو عیشقە لە چوارچێوەی گۆرانیدا دەخاتە بەرچاو و بەو گۆرانییانەی بە ئێمە دەڵێ: "دەبێ دڵ بە ئەوینی مەجازییەوە خەریک بێ تا وا نەرم و ناسک بێ، کە بتوانێ سۆزی ئەوینی خودایش وەخۆ بگرێ. مەولانای رۆمی فەرموویە: سۆفی کە عیشقی مەجازی نەچێشتبێ، گایەکی مێزەر بەسەرە. جامی دەڵێ: لاوێک داوای لە پیاوێکی خودایی کرد لە عیرفاندا مامۆستای بێ. لێی پرسی: هەرگیز گیرۆدەی داوی ئەوینی جوانان بووی؟ گوتی: نەخێر. گوتی: برۆ ببە عاشق. ئەوسا وەرە تا بە شاگردیت وەرگرم.»[١]
ماملێش دڵی دەدا بە کیژی کوردی نازدار کە خوای گەورە هەرچی جوانی و هەرچی نیشانەی سەنعەتی بێچوون و وێنەی خۆیەتی بەوی داوە. کوورەی

---

[١] مامۆستای نەمر هەژار، لە پێشەکی مەلای جزیریدا

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



ئەوینی مەجازی دڵی قاڵ دەکا و خشتوخاڵی دەسووتێنێ و دووبارە دایدەڕێژێتەوە، تا بە پاکی و بەوپەڕی ئامادەییەوە بچێ بە پیر ئەوینی خودای تاکەوە و لەو کرەوە کرگاری بێتە بەرچاوان و لە جۆگەوە پێ هەڵگرێ تا دەگاتەوە بناران و لە سۆنگەی دڵۆپە ئاوێک دەریا بە چاوان ببینێ.[1]

لام وایە جێیەتی چەند شیعرێک لە گۆرانییەکانی ماملێ (هەڵبەت بێ‌پشکنین و باس لەسەر کردن) لێرەدا بێنینەوە کە لەڕاستیدا لێکدانەوەی ئەو ئاهەنگانە بە نووسین پێک‌نایە و تەنیا ڕێگایەک بۆ باشتر ناسینیان هەیە، ئەویش گوێ هەڵخستن بۆ ئەو ئاهەنگانەیە.

بۆ دەگری؟

با لێنێن پێش‌باران خێڵ دێن لە زینوێ شێخی
کیژ گەڕاوە دوای باران بەرمووران وە خۆی دێخی
تەڵەبێ دەکەم لە خودای لە کن چادری مەی بێخی
بۆ دەگری بۆ دەگری، یارم گرووم لێ دەگری
کراسی مارۆم بۆ کڕیوە، گرووی گرتووە بۆ هەوری
با لێنێن پێش‌باران هەواری مە لە کوێیە
کیژ گەڕاوە دوای باران بە سواری ماینی شێیە
دەڵێ ماچت نادەمێ دایک و باب چاویان لێیە
با وا بێ با وابێ بۆ دەبێ تەوەلا بێ
زەردەخەندێکت بێتێ خۆ دنیا خەراپ نابێ
لە یاری خۆم دڵمەندم لە خەڵکی وایە گێژم
سەودایەک لە سەری دام وەک بولبولان دەبێژم
لەبەر فکر و ئەندێشان وەبەر ناکەوێ نوێژم
بۆ دەگری...
کراسی مارۆم بۆ کڕیوە...

---

[1] مامۆستا هەژار، سەرچاوەی پێشوو

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



چەند جوانە

چەند جوانە چەند جوانە گوڵێ هەڵاڵە
ڕەنگ زەردە بۆ یارێ دوور لە ئاواڵە
شەوانی شوانی شوانە
لە مانگە شەو بڕوانە
شایی و هەڵپەڕکێ ساز کەن بۆ نازەنینێ
چەند جوانە چەند جوانە گوڵی شلێرێ
لە دووری ئاواڵان شینێ دەگێڕێ
شەوانی شوان...
چەند جوانە چەند جوانە گوڵی گەزیزە
بەهارە، غەمگینە، دوور لە ئازیزە
شەوانی شوانی...
چەند جوانە، چەند جوانە وەنەوشەی ڕەنگین
ڕەشپۆشە بۆ یارێ، داماو و غەمگین
شەوانی شوانی....

هەوارچی (یاری من گەردن کێلە)

شەماڵ هات بای بەهارە
پامال دەکا پەژارە
تێکیان پێچا خێلاتی
مەنزڵیان قەراغ شارە
لە نێو کیژی ئەو عێلەی
دوو چاوی یارم دیارە
یارم هاتە نێو شاری
بارد ەکەن بۆ هەواری
تێکەڵ بوون لە قەندیلێ
عێلی سوورچی و زورراری
کز و گردە نشینم
لە سویی چاوی بەخوماری
یاری من گەردن کێلە
مندال کارە و جەحێلە
قەولی پێدام ببینم
بڕیکم لێ لە فێلە
وەک مانگی شەوی چاردە
دیارە لە نێو ئەو عێلە
کەزیەی وەکوو ڕەشمارە
سینگی باغچەی هەنارە



www.mamle.net

Mamle Art Center



گێلگێله و دەسره و شەدە    عالقه و دەرزیله و گواره
هەر له یاری من جوانن    خوێن‌شیرین و منداڵ‌کاره
کاتێ رۆیی بۆ کانی    چوومه سەیری چاوانی
دوور بووم له ئاوەدانی    ئاوڕی داوه بۆ لام بێ
عەلامەی دایکی زانی

سەد بریا نەمدیبایه    تازه غەم بەکار نایه
حۆری بەهەشتیم دەنێ    دەگەڵ ماڵی دنیایه
هەر دوو دنیام پێ دەدا    گەر چاوی یارم بایه

....

دەشتی لاجان خاکی گەوهەره
جێی حۆری بەهەشته و ئاوی کەوسەره
دەشتی لاجان گەلێک شین دەچێ
هەرکەس بیبینێ له دڵی دەرناچێ
له قەندیلیڕا زولاڵ دێته خوار
سوێسن و وەنەوشه رواون له رووبار
قاسپه قاسپی کەو له ئاسۆی کێوی
لێی خۆشه راوی بەرانی کێوی
بەهاران خۆشه بن کێوی میران
لەوێ شاد دەبن دۆست و دەزگیران
کانی نەزاوه باسکی پیرەناز
کیژ و کوڕ دەکەن لێی راز و نیاز
گۆڕکی دیلانان بۆ دیلان خۆشه
پیاوی مەست دەکا بۆنی وەنەوشه
ئاوی مێر ئاسی سارده و زولاله
له دەورەی شین بوون سوێسن و هەلاله

www.mamle.net

Mamle Art Center



## راوچیان راوە

راوچیان راوە ئەی چ راوە ئەی راو لە دەشتی لاجانێ
ئەسبان زین کەن ئەی لەغاوە ئەی تاجیان بەرنە سەر لانێ
ئای سەفی سواران چەند جوانن ئەی لەبەر ماڵی مەشکانێ
راوچیان راوە ئەی چ راوە ئەی راو لە بنەی بەردە گوێزێ
ئەسپان زین کەن ئەی لەغاوە ئەی سواران بێنە پارێزێ
چاوی سەرم بن راوچی ئەی لێی بەستن پارێزێ
راوچیان راوە ئەی چ راوە ئەی نۆبەی راوی دەشتییە
سەرڕاو زۆر چاک بڕوانە ئەی ئەوە لانی شەوییە
ئەی ئەسبت سەری لە پێش بێ با پاشڕاو نەکا لەو جێیە
راوچیان راوە ئەی چ راوە ئەی راو گەیشتە بەر زینێ
ئەسبان زین کەن ئەی لەغاوە ئەی خۆ باوێنە سەر زینێ
ئای وەرن سەیری تاجیان کەن ئای لەگەڵ کەرویشکە شینێ
راوچیان راوە ئەی چ راوە ئەی راو لە دەشتی گەرمێنێ
ئەسبان زین کەن ئەی لەغاوە ئەی تاجیان بەرنە سەر شوێنێ
بۆم بانگ کەن بن ڕاوێ ئەی لە لانێ هەڵبستێنێ

ئەمانە و دەیان ئاهەنگی جوانی دیکەی وەک مەشکێ، جار جارە دیدەم زارا، هەی‌لێ‌لێ، ئایشیلێ مامان، ئەسمەران دولبەران، کاتی بەهارە، بەهار هاتەوە و... کە بە تەرزێکی بێ‌وێنە بیسەر دەگەڵ تەبیعەت و سروشتی ئەو وڵاتە و ژیانی کوردەواری هاوڕێ دەکەن کە بە گشتی پیشاندەری هەست و ئەوینی مامڵێ بە وڵاتی خۆی.

٢ـ کاتێک سەرنج بدەینە مێژووی ژیانی کۆمەڵایەتیمان لە ساڵانی رابردوودا و بگەڕێینەوە سەردەمی لاوی مامڵێ، بۆمان دەردەکەوێ شتێکی دیکە کە شوێنی لە سەر مامڵێ و هونەرەکەی داناوە، داب‌ورەسمی کۆمەڵگا و شارستانیەتی ئەودەمە. ئەگەرکوو سادەیی و ساکاریی ژیان و سەرنج نەدانی باب و باپیرانمان بە زەرق و بەرقی دنیای ماددی بخەینە بەرچاو، جا ئەوسا دەبێ چەند مەبەستێک

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



بۆ شی کردنەوەی باشتری شوێنەواری داب و رەسمە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر هونەری ماملێ باس بکەین.

ا) تا چەند ساڵ لەمەوبەر، لە دنیای مۆسیقای وڵاتەکەماندا تەنیا ئەوە دەنگی خۆش بوو کە بایەخێکی یەکجار زۆری بۆ دادەندرا و سازە جۆراوجۆرەکان جێگای خۆیان بە باشی نەکردبۆوە و تەنانەت هونەرمەندەکانیشیان زۆر کەمتر وا هەبووە خۆ لە زەحمەتی فێر بوونی مۆسیقاژەنی باوێن، یان هەر وچان و دەرفەتی وەیان نەبووە. تەنیا چەند سازێکی رەسەن و کۆنیش (نایە، شمشاڵ، دووزەلە، بلوێر، دەهۆڵ، دەفە و دمبەگ و..) کە هەبوون زیاتر لە جێی خۆیان بە کار براون وەک مەڕاسمە ئاینییەکان و زەماوەندەکان و یان بۆ هاوڕێیی کردنی خۆشخوانەکان بۆ بەیت و باوان

باشترین بەڵگە ئەوەیە کە ئێمە کاتێ سەرنج بدەینە ئاسەواری بەجێماو لە هونەرمەندانی رابردووی گەلەکەمان وەک تاهیر تۆفیق، حەسەن زیرەک، .. و ماملێ، دەبینین کە زۆربەی ئەو هونەرمەندانە مۆسیقاژەنی کوردیان کەمتر لەگەڵ بووە و زیاتریان تورک بوون یان فارس، یان عەرەب.

جا کارێکمان بە ئەوە نییە کە ئایا ئەوە نیسبی دەنگ‌خۆشییە کە کەوتۆتە سەر سازەکان و پێشی بە پەرە گرتنی ئەوان گرتووە یان بە پێچەوانەوە ئەوە نەبوونی مۆسیقاژەنی لێهاتوو و کارزان بە هۆی جۆربەجۆر بووە کە بۆتە هۆی پەرەپێدان و بەهێزتر کردن و زیاتر سەرنجدان بە دەنگ؟

هەر چۆنێک بێت ماملێ دەنگ‌خۆشێکی سەردەمی خۆی هەروەکوو پێشتر باسی کرا لە دەنگی خۆی وەکوو کەرەسەیەکی بەبرەو لە دنیای هونەری سەردەمی خۆیدا کەڵک وەردەگرێ بۆ پەرەپێدانی مۆسیقای نەتەوەکەی لە هەرە گرینگترینی ئەو هۆیانەی کە ئەو توانایییەی دەدا بە ماملێ کە دەنگی خۆی بەم جۆرە لە مەیدانی هونەردا بەکار بێنێ هەر ئەوە بوو کە لە بەندی «ئەلف»دا بە وردی باسمان لە سەر کرد.

دیسانەکە کاک سمایلی ماملێ لە جێیەکی دیکەدا لە کتێبی «توێشەبەرەی هونەری ماملێ»دا لەسەر مەبەستێک دواوە کە هێنانەوەی دێرەدا زەرەی نییە و باسەکە دەگرێتەوە:

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



"... غەریب پشدەری دەگێڕێتەوە جارێکیان بۆخۆی گوێی لە ماملێ بووە گوتوویەتی «ئەگەر لە هونەری گۆرانی گوتنیشدا سەرنەکەوتبم ئەوەندەم بەسە ئەو دو پیرەمێردە تورکەم (مەبەست مەمەد تارزەنە کە تاری لێ دەدا و عەلی عەجەم بە کەمانچە سالانی سال مامڵێیان هاوڕێیی کردووە) بە گۆرانی فێری کوردی کردوون."

مامڵێ لەگەڵ نەبوونی و دەستکورتی تیپێکی مۆسیقای لەباریشدا هەمیشە بڕوای بە زانستەکانی مۆسیقا هەیە و داخیشی هەر ئەوەیە کە دەزانێ هونەرەکەی بێکەم‌وکوڕی نییە بەلام رووی نەبوونی رەش بێت.

دەبارەی فستیوالی هونەری کە لە سالی ۱۹۷۲ زایینیدا لە شاری شیراز گیرا و زۆر هونەرمەندی گەورەی سەرتاسەری شارەکانی ئێران بەشداریان کرد و میوانێکی زۆری بێگانەشی لێ بوون، مامڵێ دەڵێ: «لە فستیوالی شیراز کە دوو مۆسیقاژەنەکەی خۆم لەگەڵ تیپی مۆسیقای تری هاوبەش بەراورد دەکرد و هەڵدەسەنگاند، سەرەڕای دڵتەنگی و دەستکورتی و بێبەش بوون لەو ئیمکاناتە زۆر جار وام لێ دەهات لە خەفەتان پێ بکەنم بەتایبەتی ئەو دەمەی کە نۆرەی من بوو بچمە سەر شانۆ بەڕاستی زۆر ناڕەحەت بووم کە سەیری دەوروبەرم دەکرد هەژاری و بێبەشی تیپەکەمان لە هەموو بارێکەوە بەرچاو بوو. لەگەڵ ئەو هەموو غەمانەشدا دیسان مامڵێ توانی لێهاتوویی هونەرمەندانەی خۆی بە بەشداران و لێپرسراوان و لیژنەی داوەری و میوان و گوێگرەکان بسەلمێنێ و بە گۆرانی (شیرەکەم لێ دەڕژێ و مەمکوژە تۆ گەردنی خۆت) خۆی لە شانی زۆر هونەرمەندانی بەشدار لەو فستیواڵە تێپەڕێنێ و سەرنجی بەشداران بۆلای خۆی راکێشێ و هونەری کوردی بە تەواوی ئەو بێگانانە ئاشنا بکات کە لەوانە بووە لە سەرەتادا هەندیک گاڵتەشیان بەو هونەرە هاتبێ...

هەروەها توانیشی لە هەڵبژاردندا دووهەمی فستیواڵ وەدەست بێنێ."

ب) لەلایەکی دیکەوە، لە رابردوویەکی نە زۆر دووردا بە هۆی نەبوونی زۆریەک لەو کەرەسانەی دەستکەوتی، پێشکەوتنی عیلم و سەنعەتن، وەکوو بەرق و لە پاشان، رادیۆ و زەبت و شریت و... دەنگخۆشەکان بەتایبەت لاوەکان مەیدانێکی زیاتریان بۆ خۆپیشان دان لە بەردەستدا بووە، بەم چەشنە کە

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



شەوانە دەستیان دەکرد بە گەڕان لە گەڕەکەکانی شاردا و هەتا درەنگ گۆرانییان دەگوت. زۆربەی ئەوانەی تەمەنیان لەسەرترە ئەوودەمیان وەبیر دیت و لە زۆر جێیان دەگێڕنەوە و دەڵێن هێستاش لە گەڕەکەکانی باغی سیسە و شوانان و قوبلە و گەڕەکی قەبران و.. دەنگی گۆرانییەکانی ئەوودەمیان بە گوێ دەگا. ئەوە وا ببوو بە باو کە وەک رەسمێک و دابێک جێ کەوتبوو. خەلکیش لەبەر دەرگا و لە بەرپەنجەرە دادەنیشتن و گوێیان بۆ ئەو گۆرانیبێژانە هەڵدەخست و رەحمەتیان بۆ دایک و بابی دەنگخۆشەکان دەنارد.

کاک حامیدی کاکیلی کە سالانی سال لە نیزیکەوە دەگەڵ ماملێ ژیاوە و لە راستیدا یادگاریکی زیندووی سالانی رابردوویە بە زمانی شیرینی خۆی لەو بابەتەوە دەدوێ:

"... هەمیشە و دایم لەو شارەی سەیر بووە خودا ئاگای لێیە، شەوێ هەتا رۆژ کەس نەدەنووست، دەوری قەبرستانێ هەموو دیوار کێشرابوو. ئێمە منداڵ بووین، لەسەر ئەو دیوارە دادەنیشتین، هەر دەستەیەک دەهات و دەستەیەک دەڕۆیشت، گۆرانی دەگوترا هەتا رۆژ دەبووە..."

مامۆستا نەمر هێمن لە پێشەکی توحفەی موزەفەرییەدا پاش ئەوەی کە شەڕ و کوشتار و قاتوقڕی و هەلاتهەلاتی شەڕی یەکەمی جیهانی بە یەکێک لە هۆیەکانی بڕانی خۆشخوان و هونەرمەند لە کوردستان دەزانێ و بەڵگەی ئاشکرای بۆ روون کردنەوەی ئەو راستییە هەیە، لەپاشان بەو جۆرە درێژە بە باسەکەی دەدا: "پەیدا بوونی گەرامافۆن لە قاوەخانەی شار و دیوەخانی ئاغا جێی بە خۆشخوانەکان لێژ کرد. گۆشەی مزگەوتی دێ و زەماوەند و شایی دێهات نەبێ چییان بە دەستەوە نەما. هونەرمەندە گەورەکان لانەواز و بێئەنوا مانەوە. چونکە زۆربەیان پشتڕەق و دەستەوەستان بوون. تووشی نەداری و هەژاری و سەرگەردانی و پەرێشانی هاتن. هەر یەکە دەریایەک هونەریان دەگەڵ خۆیان بردە بن گڵ، شاگردە لاوەکان دەستیان لە فێر بوون هەڵگرت و وەدووی کار و کاسبی و ژیان کەوتن.

پاش پەیدا بوونی رادیۆی باتری لە لادێ، فۆلکلۆری ئەدەبی کوردی بە جارێک کەوتە مەترسییەوە."

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



لەوانەیە ئەو نووسراوەی مامۆستا هێمن هێندێک دوور لە باسەکەی ئێمە بێتە بەرچاو، بەڵام دەتوانێ باشترین بەڵگە بێ بۆ پیشان دانی رادەی باو بوونی بەیت‌وباو و گۆرانی‌بێژی پێش داکەوتنی گەرامافۆن و رادیۆ و... لە دێ و لە شار و ئەو بایەخەی کە لە کۆمەڵدا بۆیان دانراوە.

لێرەدا هۆیەکی دیکەش کە مامۆستا شارۆخ هان دەدا تاکوو باوەڕی بە ئەوە بێ کە مامڵێ هونەرمەندێکە شایەد هەزاران ساڵ تێپەڕ بێت و گەلی کورد هونەرمەندی ئاوا بە خۆیەوە نەبینێتەوە و دەڵێ: "... محەممەدی مامڵێ تازە نایەتەوە، دەلیلەکەشی ئەوەیە بە داخەوە شایەد کۆمەڵەکەی ئێمە لە حاڵی ئێستادا وایە کە ناتوانێ ئەوانە پەروەریش بدا..." بۆ ناتوانێ؟ چونکێ ئەو هەل‌ومەرج و بارودۆخە کۆمەڵایەتیانەی کە هۆی ئەو پەروەریش دانەیان بە ئەستۆوە بووە رەنگیان گۆڕیوە، یان هەر بە تەواوی لە ناو چوون.

تا رادەیەک دەرکەوت کە مامڵێ بۆ پەرەپێدانی هونەرەکەی چۆن تەبیعەت و سروشتی وڵاتەکەی و فەرهەنگ و دابی کۆمەڵایەتی، دەکا بە مامۆستای خۆی و شوێنەواریان دەخاتە سەر دەنگی خۆشی خۆی، بەو جۆرە کە مامڵێ رێگای خۆی هەڵدەبژێرێ: هونەر بۆ هونەر.

پاش ئەوە کە لە لایەک خۆی لە هەر چەشنە بەزۆر دانانێک دەپارێزێ و لە لایەکی دیکەوە بە غرووریکی کوردانە رۆژگار تێپەڕ دەکا و ئەوەی لە دەستی دێ بە بێ‌ڕیا پێشکەش بە دنیای هونەری دەکا.

یەکێکی دیکە لە خزمەتە گەورەکان و پڕبایەخەکانی مامۆستا بە مۆسیقای کوردی ئەوە بووە کە بە بێ‌هیچ جۆرە چاوەڕوانییەک و تەنیا بە ئامانجی گەشەدارتر کردنی ئەو موسیقایە ساتێک لە فێر کردن جاڕز نەبووە و هونەرەکەی بە بێ‌ڕەوا دیتنی هیچ زەحمەتێک دە ئیختیار ئەویندارانی موسیقا بەتایبەت لاوەکان داوێ و بۆ ئەو کارەش وەخت و بێ‌وەخت ناناسێ.
هەروەکوو دەگێڕنەوە سەعاتی دووی شەوێ چووبای، بێ‌پەردە و بە ڕوویەکی گەشەوە پێشوازی لێ دەکردی و تەنانەت ئەگەر لێت ویستبا، گۆرانی بۆ دەگوتی و باسی گۆرانی و موسیقای کوردی بۆ دەکردی و بیرەوەری بۆ دەگێڕایەوە. هەڵبەت ئێمە بەتایبەت لە ئاسەوارەکانی ئەو دوایانەی مامۆستاشدا لە

www.mamle.net

Mamle Art Center



رادەیەکی بەرچاودا دەبینین کە چلۆن لاوە موسیقادۆستەکان لە خۆی وەکۆ دەکا و تەنانەت کاری هونەرییان دەگەڵ دەکا. بەڕاستی ئەو شێوە مەیدان دان و بەم چەشنە سەرنج دان بە لاوەکان لە کێ دەوەشێتەوە، جگە لە مامۆستایەکی گەورە وەک ماملێ؟!

ماملێ لەو ساڵانەی دواییدا بۆ ماوەیەک شەمعی گیانی دەتوێتەوە. هەر ڕۆژێکی کە تێپەڕ دەبێ بڵێسەی هومێد بە درێژەدانی ڕێگای بەربلاوتر کردنی موسیقای کوردی لە دڵیدا بێشەبەقتر دەبێ، تاکوو دیسانیش یاران و ئەویندارانی هونەرکۆ دەبنەوە و ماملێش کە بۆخۆی دڵی وەک پەپوولە سووتاوی شەمعی هونەرە لەو کۆڕە جیا نابێتەوە و ئەوجاریش دست لە ناو دەستی گەرمی هونەر دەنێتەوە، بە دوور لە هەر جۆرە هەڵلا و تەبلیغاتێک درێژە بە کار دەدا. ماملێ لەو دواییانەدا زیاترهاتوچۆی خانەقا دەکا و لە نیزیکەوە زیاتر تێکەڵاوی بەزمە ئایینییەکان دەبێ و دەنگی خۆی هاوڕێی شیعرەکانی وەفایی دەکا و ئەو مەجلیسە عیرفانییە زیاتر دەڕازێنێتەوە.

لە دەنگی مامۆستا لەو ئاسەوارانەی دواییدا گیرایی و گەرمییەکی تایبەتی هەست پێ دەکرێ و سۆزی دەنگەکەی ماندوویەتی ئەو ڕێگایە پیشان دەدا کە ساڵانی ساڵ بۆ فەرهەنگ و هونەری گەلەکەی کێشاویەتی و سۆز و غەمێکی تایبەتی بە خۆیەوە دەگرێ. ماملێ کە دڵی شکاو و برینداری دەستی ڕۆژگارە، تا ئەو کاتەی هێزی ژیانی لەبەردا بووە، دەگەڵ کۆمەڵ و هاوڕێی دەردەکانی بووە و ڕەنج و مەینەتی زۆری چێشتووە، بێ ئەوەیکە بیری هەڵاتن و لە ژێر بار دەرچوونی لە مێشکدا بێ، لەو ساڵانەی دواییدا ئاسەواری وا پێکدێنێ کە دەکرێ بڵێین لە ڕوانگەیەکەوە لووتکەی هەرە بەرزی هونەرەکەیەتی. وەک کاک سمایلی ماملێ دەڵێ: "ماملێ وەک هونەرمەندێکی ڕەسەن و لە کوورەدا قاڵ وەنەبێ هەر تەنیا شەیدا و ئەویند‌اری چاوی دەچاو مەستان بووبێت و بەس... بەڵکە سەودایەکی گەورەی عیشقی دیکەی لە کەللەی کاسەیدایە کە تا ئەمڕۆ و دوا هەناسەی ژیانی چاوەڕێیەتی لە مۆخ و ئێسقان و دەمار و شادەماری خوێنیدا دەگەڕێ و پێستی ئارامی هەڵقرچاندووە... ئەوین و خۆشەویستی ولات و نەتەوەکەی کارەساتی زۆریان پێ کردووە، ڕووداوی دڵتەزێنی زۆر دیون، تاڵ

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



و سوێری ئەو عیشقە بێزاری نەکردووە و نەیبەزاندووە، لەگەڵ مێژووی کەوتن و هەستانەوەدا ئاواڵ و ئاشنایە... ئەوەتا خۆی دەڵێ: "هەر لە رابردووەوە تا ئێستاش ویستم ئەوەیە کە بەوپەڕی توانام ـ ئەگەرچی لە تواناشمدا نەبووە- تەنانەت لە بەرامبەر نەتەوەکەم، جا لە هەر باریکەوە سەرچاوە بگرێ بەتایبەتی لە بەرامبەر پێشێل کردنی فەرهەنگ و کێشەی نەتەوایەتیدا، وەک تەماشاچی هەڵوێست نەگرم چونکە ویژدان دەڵێ پیاو دەبێ لە بەرامبەری نەتەوەکەیدا سەربڵیند بێ و ویژدان و دڵی ئاسوودە.... هەروەها دەڵێ: بڕوام بەمە هەیە کە ئەرکی هونەرمەند تەنیا ئەوە نییە کە تەبیعەت و جوانی لە هونەرەکەیدا کۆ بکاتەوە و بەس رووداوەکانی خودی کۆمەڵ."

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



## پەیوەندی شیعر و موسیقا

شیعر و ئەدەبیاتە کە موسیقا شکۆفا دەکا، گۆرانیبێژ دەبێ شیعرناس بێ تا بتوانێ پەروەردەی بکا، دەنا ناتوانێ مەبەستی خۆی بە بیسەر بگەیێنێ. شیعر دەبێ لە ناخیدا وەکول بێ تاکوو بتوانێ لە ڕێگای گەروو و حەنجەرەوە دووپاتی کاتەوە.

عەبدولوەهابی شەهیدی

کاتێک سەرنج دەدەینە هونەرە جۆراوجۆرەکان بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو هونەرانە (سینەما، شانۆگەری، ئەدەبیات، موسیقا و...) پەیوەندییەکی گرێدراویان بە یەکەوە هەیە. هەرچەندە کە هەر هونەرەی زمانێکی تایبەت بە خۆی بۆگەیاندی مەبەست هەیە و هەر زمانەش لە کەرەسەی پێویستی خۆی کەڵک وەردەگرێ. بۆ وێنە (کەرەسەی پێویست بۆ گەیاندنی مەبەست لە ئەدەبیاتدا وشەیە و لە حاڵێکدا لە سینەمادا وێنە یان تەسویرە، بەڵام چونکە گشت هونەرەکان لە ئاکامدا دەگەن بە خاڵێکی هاوبەش و وەکوو پێشتریش گوترا و تۆلستۆی دەڵێ: ئەرکی هونەر لەناو بردنی زۆردارییە و دامەزراندنی ئەوین.

هێربێرت رید (١٩٦٨-١٨٩٣) شاعیر و هونەرناسی بریتانیایی دەڵێ: "ئەگەر لە منتان بوێ کە بەرچاوترین تایبەتمەندی نووسراوەیەکی باشتان پێ بڵێم، تەنیا ئەوەندە دەڵێم کە بتوانێ هەستی بینایی (دیتن) ببزێوێ."

بەڕاستی هێربێرت رید پەیوەندی نێوان ئەدەبیات و سینەما وەک دوو هونەری جیا لەیەک، بە باشی دێنێتە بەرچاو. شیعر و موسیقاش وەکوو دوو هونەری جیا لەیەک پەیوەندییەکی قووڵ و گرێدراویان بە یەکەوە هەیە.

تەنانەت ئەو پەیوەندییە تا رادەیەک بەهێزە کە زۆر جاران ئەو دووانە بە بێ یەکتر مانا ناکرێنەوە. وێدەچێ کەرەسەی شیعر بۆ دەربڕینی مەبەستی خۆی وشەیە و ئەو کەرەسەیە بۆ موسیقا ئاواز و ئاهەنگی مەوزوون و نەزم و نیزامدارە. رەنگ بێ پێوەندی نێوان شیعر و موسیقا لەو خاڵەڕا دەست پێ بکا کە

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



هەردووی ئەو هونەرانە لەسەر بناغەی نەزم و نیزام‌دان و ریک‌وپێک کردندا چوارچێوە دەگرن. یانی شیعر بە نەزم و نیزام دان بە وشەکان پێک‌دێ و موسیقاش بە ریک‌وپێک کردن و لە چوارچێوەی نەزم هاویشتنی دەنگەوە. (کە باسی دەنگ دەکەین مەبەست هەر دەنگێکی خۆشە کە نەزمی موسیقایی تێدا بەدی بکرێ، جا چ دەنگی بولبول بێ، دەنگی ئاوهەڵدێر بێ.. یان دەنگی سازێکی موسیقایی بێ یا گۆرانی‌بێژێک.) جا پەیوەندییەکی قایم‌تری شیعر و موسیقا ئەوەیە کە لە دەنگی گۆرانی‌بێژرا دەست پێدەکا یانی گۆرانی‌بێژ بۆ دەربڕینی هەستی خۆی لە چوارچێوەی ئاهەنگ و گۆرانیدا دەبێ لە شیعر کەڵک وەربگرێ، دیرەدایە شیعرێک بەکار دێ و بەکەڵکە کە خاوەنی نەزم و ئاهەنگ بێت. ئەو خاڵە گرینگە دەبێتە هۆی ئەوە کە هەندێک کەس کە شیعر بۆ ئاهەنگ بنووسن و بۆی دانێن. نموونەی هەرە بەرزی ئەو تاقمە لە کۆمەڵگای خۆمان لە رابردوودا خوالێخۆشبوو حاجی میرزا رەحیمی سابلاغی مەشهوور بە وەفایی‌یە کە هەڵبەت هونەری وەفایی لەوەدا بووە کە بۆخۆی ئاهەنگی داناوە و لەپاشان شیعری بۆ ئەو ئاهەنگە نووسیوە، یان شیعرێکی نووسیوە و لە دواییدا هێناویەتییە ناو چوارچێوەی ئاهەنگێکی موسیقایی تایبەتیدا گونجاندوویە، یانی وەفایی هەم ئاهەنگ‌ساز بووە و هەم شاعیر. لە کەسانێکی دیکەی کە بۆ ئاهەنگ شیعریان نووسیوە دەتوانم ئیشارە بە خوالێخۆشبوو حاجی هاشم نانەوازادە بکەم کە ئەو بەڕێزەش بۆ زۆریەک لە ئاهەنگەکانی کاک محەممەدی ماملێ شیعری داناوە.

دەکرێ بڵێین لە روانگەیێکەوە موسیقا لە شیعر دەچتە سەرتر، موسیقا بە هۆی بەربڵاوتر بوونی مەیدان و دەستهەڵاتی زیاتر، شیعر لە ئیختیار خۆی دەگرێ و دەیکا بە بەشێک لە خۆی و تەنانەت وەک کەرەسەیەکی پێویستی خۆی بۆ رەخنە کردنێکی بەهێزتر بۆ ناو مێشک و هەستی بیسەر کەڵکی لێ وەردەگرێ. جگە لەو شتانەی تا ئێرە باسی لێ کرا، لە بابەت گەیاندنی پەیوەندییەکانی شیعر و موسیقا لە فەرهەنگی کوردەواریدا چەند شتێکی دیکە جێی سەرنج دانن، هەڵبەت ویستم ئەوە نییە کە یەکێک لەو هونەرانە بە سەر ئەوی دیکەدا بەرزتر

www.mamle.net

Mamle Art Center



پیشان بدەم، بەڵام ئەوەی باسی دەکەم، شتێکی روون و ئاشکرایە لەسەر پەیوەندی شیعر و موسیقا لە فەرهەنگی خۆماندا.

دیارە کە یەکێک لە دەردە هەرە گەورەکانی کۆمەڵی ئێمە لە رابردوودا (هێستاکەش تا رادەیەک) بە داخەوە نەخوێندەوارییە. سەرەڕای ئەوە کە ئێمە زانای زۆر لێهاتوومان لێ هەڵکەوتووە، بەڵام هەر ئەو نەخوێندەوارییە بووە بە هۆی بایەخ نەدان بە زانست و لە ئاکامدا بەجێ نەمانی ئاسەواری نووسراوە لەو زانایانە بۆ نەسلی دوای خۆیان. ئەو دەردە کاتێک بەرچاوترە کە فکر و بیری لێکۆڵینەوە و کار لەسەر کردنی رووداوە مێژووییەکان، پیاوە زانا و گەورەکان و بەسەرهاتە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان بێن دەکەللەمانەوە. جا ئەو وەختە کە دەزانین نەبوونی بەڵگە و نووسراوەی مێژوویی یانی چی؟ بە داخەوە تاقمێکی یەکجار کەم لە خوێندەوارانیش وەک مەلا وفەقێ و.. کە هێزی نووسین و خوێندنەوەیان هەبووە نە تەنیا زەحمەتێکی وەهایان بە خۆیان نەداوە، بەڵکوو لە زۆر جێیانیش دژ بە هونەر جووڵاونەوە. بەڵگەی ئەو قسەشم ئەو وتارە جوانەی مامۆستا هێمنە کە لە توحفەی موزەفەرییەدا دەڵێ: "... دیارە مەلای وەک خانی و حاجی قادرمان بوون کە نرخی سامانی نەتەوایەتی کوردیان زانیوە و رێزیان لە شایەر و خۆشخوانەکان گرتووە، بەڵام بە گوڵێکی بەهار نایە. ئەگەر مەلا و فەقێکانی زوومان، نرخی هونەریان زانیبا و لەباتی سوڵتان جومجومە و ئیسماعیل‌نامە هەریەکی بەیتێک، لاوکێک، حەیرانێک و گەلۆیەکیان نووسیباوە، ئێستا کار لە جێگایەکی دیکە بوو و سامانی نەتەوایەتیمان دەگەیشتە پلەیەکی تر و فەرهەنگێکی دەوڵەمەندتر و گەورەترمان پێکەوە دەنا." دیرەدایە کە مۆسیقا تا رادەیەکی بەرچاو ئەو بەتاڵاییەی کە نەخوێندەواری پێکی هێناوە پڕ دەکاتەوە و هونەرمەندە بەهەست و زەوقەکان و خۆشخوانەکان بە پاراستنی زۆریەک لە بەسەرهاتە مێژووییەکان و حەکایەتەکان و... لە چوارچێوەی بەیت و بەند و باو و قامدا، سینگ بە سینگ پاراستوویانن، هەرچەندە کە بە مردنی زۆربەی ئەو هونەرمەندانە بەشی زۆری هونەرەکەشیان لە ناوچوو، بەڵام خزمەتی گەورەی ئەو هونەرمەندانە هیچکات لە بیر ناچێتەوە.

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



جا با باشتر سەرنج بدەینە ئەو بارودۆخانە و بۆمان دەربکەوێ کە موسیقا بە پاراستنی فەرهەنگ و هونەری نەتەوەییمان چ خزمەتێکی گەورەی بە ئێمە و تەنانەت بە شیعر کردووە.

موسیقا ئەو خزمەتە بە شیعری شاعیرە بەناوبانگەکانیش دەکا ئەوە کاتێک دەردەکەوێ کە بە لەبەرچاو گرتنی نەخوێندەواری کە باسی کرا، بزانین کە ئەوە تەنیا موسیقایە کە ئەرکی ناساندنی شاعیرەکان و شیعری ئەوان بە باشی بەیوە دەبا. نموونەش بۆ ئەو مەبەستە زۆرن.

لە کۆتایی ئەو باسەدا بەجێیە قسەیەکی بەنرخی برای خۆشەویست ولاوی زانا و بەهەست و شاعیری ناودارمان خوالێخۆشبوو کاک مارف ئاغایی بگێڕمەوە کە لەو بابەتەوە دەفەرمێ: "شیعرێک کە ئاهەنگی تێدا بەدی نەکرێ و ئاهەنگی نەبێ، شیعر نییە." لەڕاستیدا چ وتارێک لەوە ساکارتر و بەهێزتر دەتوانێ پەیوەندی نێوان شیعر و موسیقا پیشان بدا؟

## ماملێ و شیعر

ماملێ بە هۆی ئەویینداری بە موسیقا و هونەرەوە بە کەڵک وەرگرتن لە دەنگی دڵڕفێنی خۆی هیچکات لە خوڵقاندنی ئاسەواری نوێ دەست هەڵناگرێ و تووشی بونبەست و ڕێگای فەرعی نابێت. پاش ئەوە کە بەشی زۆر و بەرچاوی کاری خۆی تەرخان دەدا بە هێنانە ناو مەیدانی هونەری گۆرانییە کۆن و فۆلکلۆرەکان وبایەخێکی زۆر بەو کارە دەدا، پاش ڕێک‌وپێک کردنی ئەو ئاهەنگانە بە ئاگادارییەوە دەیانهێنێتەوە ناو مەیدانی هونەرەوە.

ئەو ئوستادە بەپێی توانایە بێوێنە فیکرییەکانی خۆی و بە کەڵک وەرگرتن لە هەستی خوڵقێنەری خۆ لە دووپاتە بوون دەپارێزێ و بێ‌ئەوەی سەری لێ بشێوێ، وەفادار بە سەبک و قوتابخانەی تایبەتی خۆی درێژە بە ڕێگای پڕ لە ڕەنج و زەحمەتی خۆی دەدا بۆ دەوڵەمەندتر کردنی هونەرەکەی خو لە ئازموونێکی گەورە دەدا و سەرکەوتووانەش لێی دێتە دەر.

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



ماملێ شارەزای موسیقای وڵاتەکانی دیکە بەتایبەت موسیقای دراوسێکانە. هەروەکوو گوترا بۆ دەوڵەمەندتر کردنی فەرهەنگ و هونەری نەتەوەکەی دەچێتە ناو موسیقای وڵاتانێک وەک ئازەربایجان، تورکیا و موسیقای فارسی و تەنانەت عەرەبیش بەسەر دەکاتەوە. کاک عەزیزی شاڕوخ لە وتووێژەکەیدا بە باشی لەسەر ئەو مەبەستە دەدوێ و دەڵێ شاهکاری ماملێ دەوەدایە کە قالبی کوردی داوە بەو ئاهەنگانەی لە موسیقای وڵاتەکانی دیکەڕا وەریگێڕاونەوە، ماملێ هەر بە ئەوەندەش رازی نابێ و بەشێکی دیکەی کارەکەشی تەرخان دەدا بە ساز کردنی ئاهەنگ و لەو بارەشەوە هەر سەرکەوتووانە و لێوەشاوانە ئاهەنگی وەها ساز دەکا کە ئیدی قسە لە بێ‌وێنە بوونی خۆیدا ناهێڵێتەوە. تا ئێرەکانێ دەتوانین باسەکە بە شێوەی خوارەوە دەستەبەندەی بکەین:

١ـ ئەو گۆرانییە فۆلکلۆرانەی کە ماملێ بۆ کۆ کردنەوە یان زیندوو کردنەوەیان زەحمەتێکی زۆری کێشاوە. شیعری ئەو تاقمە گۆرانییانە بەو جۆرەن:

ئەلف) شیعری فۆلکلۆر کە شاعیرەکانیان نەناسراون.

ب) شیعری کە بۆخۆی (ماملێ) بۆ ئەو ئاهەنگانەی داناوەتەوە بۆ وێنە گۆرانییەکی فۆلکلۆر بە ناوی «پێم لێ‌نێ، پێم لێ‌مەنێ» کە بە هۆی بێ‌هێز بوونی شیعرەکەی، ماملێ بە هاوکاری کاک جەعفەر ئەمینی (کە دمبەگی دەگەڵ ماملێ و بۆ گۆرانییەکانی لێداوە دەیگۆڕن و دەیکەنە «بەرزینێ گیان، بەرزینێ» و چەندین گۆرانی دیکە لەو دەستە.

٢ـ ئەو گۆرانییانەی کە لە موسیقای وڵاتەکانی دیکەڕا وەریگێڕاونەوە شیعرەکانیان بەو جۆرەن:

ئەلف) هێندیکیان بە شیعری فۆلکلۆر دەڵێتەوە.

ب) بۆ هەندیکی دیکەیان لە شیعری تایبەتی کەڵک وەردەگرێ. یانی ئاهەنگەکەی داوە بە چەند کەسێکی بەزەوق و بەهەست و ئەوان شیعریان بۆ داناوە. کەسانێک وەک حاجی هاشم نانەوازادە و کاک سێمانی شاوەلە و... لەو بارەوە لە سەر ئاهەنگی «وەرە ئەی باوانم» بیرەوەرییەک لە زمانی مامڵێوە هەیە کە لە بەشی گۆرانییەکاندا باسی دەکرێ.

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



ج) لە دیوانی شاعیرانەوە شیعریان بۆ هەڵدەبژێرێ کە ئەو تاقمە زۆر کەم وەبەر چاو دێن.

٣ـ ئەو گۆرانیانەی کە ئاهەنگسازکەیان بۆخۆی بووە. شیعری ئەو ئاهەنگانەش بەم جۆرەن:

ئەلف) زۆربەیان لە دیوانی شاعیرانەوە هەڵبژێردراون.

ب) هەندێکیان هەروەک بەندی ٢ لە لایەن شاعیران و کەسانی بەزەوق و بەهەستی هاوچەرخی خۆی شیعریان بۆ داناوە.

ج) هەندێکیان بۆخۆی شیعری بۆ داناون کە بە هۆی دیاری نەکردنیان، جیا کردنەوەیان بەتایبەت لە شیعرە فۆلکلۆرەکان کارێکی ئەستەمە.

٤ـ قەتار و ئاوازەکان

کە شیعری ئەو ئاهەنگانە زیاتریان هەر لە دیوانی شاعیرانەوەیە و تەنیا بەشێکی کەمیان فۆلکلۆرن.

هەر بە سەرنجدان بە شێوەی کاری مامڵێ ئەوەی کە بۆ وێنە چ شێعرێکی بۆ چ ئاهەنگێک هەڵبژاردووە و سەرنجی بە شاعیرێک زیاتر بووە و.. دەردەکەوێ کە مامڵێ تا رادەیەکی بەرچاو شیعر دەناسێ و بەپێی هەستی بەرزی هونەری خۆی لە لایەک و فۆنۆتیکی توانا و بە دروستی دەربڕین و بە زمان هێنانی ئەو شیعرانە بە شێوەیەکی مامۆستایانە و لە رادەیەکدا کە گۆرانییەکانی مامڵێ لەو بابەتەوە دەبن بە قوتابخانەیێکی گەورە بۆ فێر بوونی مۆسیقا و گۆرانی و دروست گۆرانی گوتن هەر ئەوەش دەبێتە هۆیەکی گەورە بۆ ئەوە کە شاعیرانی هاوچەرخی خۆی عاشقی هونەرەکەی ببن و هەستیان دەبزێوێ و قەڵەم لە دەستیاندا وەکار دەخا. هێمن لە شیعری «یادم بکەن» لە «تاریک‌وروون»دا دەڵێ:

... لەو دەمەیدا گوێ هەڵدەخەن بۆ تارێ

لەو دەمەیدا مامڵێ دەڵێ قەتارێ

حەقیقی لە شیعری «مەهاباد»دا لە دیوانەکەی خۆیدا دەڵێ:

لەو باغانەی رەنگاوڕەنگن        مامڵێ و شاڕوخ بۆ بێدەنگن؟

هەژاری نەمریش لە دوو جێدا ئاوا باسی دەکا:

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



دیارە لێت رەشبەڵەکی لەش سپیان؟
دێتە گوێت ماچ و چپەی، ئۆخەی و گیان؟
بۆت دەڵێ ماملێ رۆژان و شەوان؟
هەروەها زۆرە لە گۆمت مەلەوان؟

لەوی دیدا دەڵێ:

لە هەوار مامڵێ مریەم بێنێ
هێند بەئارامی کە شیر نەڕژێنێ
جوانە چارۆکە بە دابی بڵباس
لە پەڕی مێشێ ناسکتر بێ کراس

مامڵێ شیعری لە دیوانی زۆریەک لە شاعیرە بەناوبانگەکانەوە هەڵبژاردووە بۆ وێنە لە دیوانی شاعیرانێک وەک: گۆران، مەولەوی، وەفایی، هێمن، هەژار، جزیری، حەریق، هێدی، کامیل، حەقیقی، هەردی، حاجی قادری کۆیی، وەلی دێوانە، پیرەمێرد و..

## مامڵێ و وەفایی

بە هۆی ئەوە کە مامڵێ شیعری زۆریەک لە شاعیرە ناودارەکانی بە ئاواز و گۆرانی گوتووە و لەبەر ئەوە کە باسەکە زیاتر لە ڕادە دوور و درێژ نەبێتەوە، لەلایەک و لە لایەکی دیکەشەوە چونکە وەفایی هۆی تایبەتی بۆ باس کردن زیاترە، ئەو بەشە تەرخان دەدەین بە لێکدانەوەیەکی کورت لەسەر وەفایی و پەیوەندییەکانی ئەو لەگەڵ بنەماڵەی مامڵێ.

لە هەرە جوانترین و بێ‌وێنەترین بەشەکانی هونەری مامڵێ، ئەو گۆرانییانەن کە بە شیعرەکانی وەفایی گوتوونی. ئەو گۆرانییانە بە هۆی حاڵ و هەوای شیعرەکان لەلایەک و چوارچێوەی ئاهەنگەکان لە لایەکی دیکەوە بە تەواوی مایەی عیرفانی بە خۆیانەوە دەگرن کە هەڵبەت دەنگی توانا و بەهێزی کاک محەمەد بۆ پێک‌هێنانی ئەو حاڵوهەوایە دەورێکی بەرچاو دەگێڕێ. هەر ئەو دەنگە و تایبەتمەندییەکانی ئەوە کە ئەو شێوە گۆرانییە بە بنەماڵەی مامڵێ تایبەت دەدا.

Mamle Art Center



کەچی کاک محەمەد لەو نێوەدا بە هۆی شارەزا بوون بە کەلێن و قوژبنەکانی مویسقا وەک ئوستادێک دەبێتە پێشڕەوی گوتنی ئەو گۆرانییانە. جێی سەرنج ئەوەیە کە ئاهەنگەکانی وەفایی بەهۆی سەبک و قوتابخانەی تایبەتی خۆیانەوە بە باشی ناسراون و بەتایبەت لە ناوچەی موکریاندا کەمتر کەسێک هەیە کە بە ئەو گۆرانییانە شارەزایی نەبێت. هەڵبەت ئەوە دیاردەیەکی روونە بۆ سەلماندنی ئەو راستییە کە نێوبانگی وەفایی زیاتر بە هۆی ئەو ئاهەنگانەوە دەرچووە. بۆ باشتر دەرکەوتنی مەبەست پێویستە هەندێک زیاتر وەفایی بناسین:

وەفایی، (میرزا عەبدوڕەحیمی سابلاغی) کوڕی مەلاغەفوور کوڕی مەلا نەسروڵلایە. لە ساڵی ١٨٤٤ زایینی لە سابلاغ لە دایک بووە. هەر لە سابلاغیش خوێندنی بە کۆتایی گەیاندووە. گومان لەوەدا نییە کە وەفایی عارف بووە و شیعری عیرفانی نووسیوە. بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە وەفایی شیعری ئەویندداری دانەنابێ، بەپێچەوانەی ئەوە هەروەکوو پێشتریش باسی کرا، بە بێ تێپەڕ کردنی ئەوینی مەجازی کەس ناگا بە عیشقی خودایی و ناتوانێ پێ بنێتە ناو دنیای عیرفانەوە. هەروەکوو مەولانای رۆمی فەرموویە: سۆفی کە عیشقی مەجازی نەچێشتبێ، گایەکی مێزەر بەسەرە. شیعری وەفایی زۆر جاران بە پێداهەڵکوتنی دڵبەر و جوانی ئەو دەست پێدەکا و بە گلەیی کردن لە هیجران و دووری درێژە پەیدا دەکا. بۆ وێنە:

لەو شارە خەدەنگی سەنەمێکم لە جگەردا
شۆخێکە غەمی ئایینەداری بە قەمەر دا
خەملیوە وەکوو گوڵ بەسەر و بەرگی بەهاری
خۆی گوڵ، دەمی گوڵ، چەپکەنی گوڵناری لە بەردا
بۆ زەوقی تەکەللوم کە دەمی هاتە تەبەسسوم
خەندەی لە دەمی خونچە و تەعنەی لە شەکەر دا
شەڕیان لەسەر مولکی دڵم غەمزە و نازی
بۆینکی بە جووت دێن وەکوو نەشتەر لە جگەردا
گەنجینە تەلیسمی هەیە بەو چاوە لەسەر هیچ
وەجهی چییە ئاشوفتەیە زولفی لە کەمەردا

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



تیرت کە قەراری جگەرم بوو وە دلْم کەوت
تا رۆژی حەشر داغی خەدەنگت لە جگەر دا
نالێکە هەمە وەقفە لە شەوقی سەری کولمت
عومریکە هەموو سەرفە لە نالینی سەحەردا
هەر لەحزە وەفایی وەکوو بولبول کە دەنالێ
کەس مەنعی نەکا عەشقی گولەندامی لە سەردا

گوڵئەندام لە سابلاغ نێوبانگی هەبووە و زورجوان بووە. وەفایی ئەو شیعرە و چەند شیعرێکی دیکەی بۆ داناوە. دەڵێن میرزا ئەحمەدی رەئیسی بەلەدیە کوڕی ئەو ژنە بووە.
جا با هێندیک باشتر لە شیعرەکانی وەفایی ورد بینەوە و بۆمان دەربکەوێ کە هەرچەندە ئەو شیعرانە رەنگ‌وبۆنی ئەوینی مەجازییان تێدایە، بەڵام هەوێنێکی عیرفانی لێ بەدی دەکرێ کە مرۆڤ وەبیر ئەو شیعرەی سەعدی دێنەوە کە دەڵێ:

گمان مبر که صورت او عقل من ببرد
عقل من آن ببرد که صورت نگار اوست

کەچی ئەوە کە وەفایی شیعری لەو مایەدا گوتووە نابێ ببێتە هۆی ئەوە کە وا بیر بکرێتەوە وەفایی ئاڵوگۆڕی نەبووە و بەرەو تەکامول هەنگاوی نەناوە.
شوێنەواری ئەو ئاڵوگۆڕییە لە شیعرەکانی وەفاییدا وەبەر چاو دێن، بۆ وێنە:

غەیری ئاوی زۆر و کەم، بە زەمزەمەی زیر و بەم
دەخوێنین بە هەموو دەم مەعریفەتی کردگار
وەفایی ئیدی بەسە، عیشق و هەوای مەدرەسە
بینووسە ئەم هیندووسە، بێتە خەت و خاڵی یار

شتێکی دیکەی کە لە شیعرەکانی وەفاییدا جێی سەرنج و روانینە، ئەوەیە کە لە ئایەتەکانی قورعانی لە زۆر جێیان کەلکی وەرگرتووە و ئەوە دیاردەیەکی روونە کە پیشان دەدا ئەو مەزنە قورعان‌ناس بووە و ئیمانێکی قایمی هەبووە. بۆ وێنە:

www.mamle.net

Mamle Art Center



هاتمە بەر ئەبرۆت و ناسووتێم لە سایەتی خەتتی رووت

ئایەتە: چی داخلی کەعبەی بوو، نابێ ترس و غەم

ئەو شیعرە بەیتێکە لە قەسیدەیەک کە لە مەدحی گەورەی عالەم حەزرەتی محەممەددا نووسراوە کە ئیشارەتێکی تێدایە بۆ ئایەتی (و مَن دخله کان آمناً). هەڵبەت نموونەی ئاوا لە شیعرەکانی وەفاییدا زۆرن.

وەفایی موریدی شێخی نەهری (شەمزین) بووە و وەکوو باسی دەکەن پیری نەهریێ یانی شێخ عوبەیدوڵڵا (سڵاوی خوای لێ بێ) عاشقی شیعرەکانی وەفایی بووە و وەفایی کردووە بە نووسەری تایبەتی خۆی.[1] وەفاییش زۆر شیعری هەن کە لە تاریفی زاتی پاکی ئەو شێخە مەزنەدا نووسیونی. شتێک دیرەدا جێی سەرنجە ئەویش ئەوەیە کە بنەماڵەی مامڵێش موریدی خانەدانی نەهرین و کاک محەمەدیش یەکێک لە ئەویندارانی ئەو دەرگایە بووە و لە قەتاریکدا (هەڵبەت لە زۆر جێیان و لە دەستگا جۆربەجۆرە مۆسیقاییەکاندا) دەڵێ:

بیکە بۆ خاتر سەیید تەهای شەمزین روحمت بێ بە حاڵ ئەو دڵەی غەمگین

ئەو شیعرە ویدەچێ ئی مامڵێ بێ.

واتا دڵدارەکەی بە سەیید تەهای شەمزین سوێند دەدا کە روحمی پێدا بێت و دڵی غەمگینی زیاتر نەشکێنێ.

وەفایی هاوچەرخی مامعەلی (باپیری کاک محەمەد) و مام سەعید (بابی کاک محەمەد) بووە. وەفایی جگە لەوەی کە شاعیر بووە، ئاهەنگسازیش بووە، یانی زۆربەی ئەو شیعرانەی کە نووسیونی، ئاهەنگیشی بۆ داناون و چونکە مامعەلی و مامسەعید دەنگیان خۆش بووە، ئەو شیعرانەی بە ئاهەنگەوە فێری ئەوان کردووە و ئەوانیش بە دەنگی خۆشی خۆیان گوتوویانن و پاراستوویانن تاکوو گەیاندوویانن بە نەسلی دوای خۆیان و هەروەکوو ئاگادارین هێستاکەش هەر ماون.

پەیوەندی گرێدراوی بنەماڵەی مامڵێ لەگەڵ وەفایی هەر لێرەڕا دەستی پێ کردووە. یانی کوڕەکانی مامسەعید[2] و لە سەرەوەی هەموان کاک محەمەد ئەو

---

[1] وەفایی خاوەن دەستخەتێکی خۆش و یەکجار مامۆستایانە بووە.

[2] مەبەست زیاتر میرزا حوسێن و کاک محەمەدە

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



ئاهەنگانەیان لە بابیان بیستووە،چونکە ئەوانیش دەنگیان خۆش بووە دووپاتیان کردۆتەوە و پاراستویانن.

خوالێخۆشبوو کاک عەلی حەسەنیانی لە کتێبی شاری وێراندا (ل ٦١) ئاوا باسی ئەو مەبەستە دەکا: "... زەوقی سەلیم و مەیل بە هونەر لە نێو کورداندا بۆتە هۆی خولقاندنی دەیان و سەدان هەوای جۆربەجۆر، بەڵام بە داخەوە دانەرانی ئەو هەوایانە لە رابردوودا بۆمان روون نین کە کێن؟ تەنیا ئەوەی کە لە رابردوویەکی نزیکدا ناوبانگی دەرکردووە خودالێخۆشبوو وەفاییە.

وەفایی کە هەم شاعیر بووە و هەم ئاهەنگساز، بەڵام ئەو هەوایانەی کە وەفایی بۆ هەڵبەستەکانی خۆی ساز کردووە زۆرتر لە هەڵبەستەکانی ناوبانگیان دەرکردووە و باشترە بڵێم هونەری مامڵێ لە ئاهەنگساز کردندا زیاتر لە هونەری شاعیری ئەوە. هەواکانی وەفایی مایەیەکی دەرویشانە و هەوێنێکی عیرفانی هەیە، هەر بۆیە بە هەوای ئاسمانی و روحانی خۆیان لە دڵ و گیانی بیسەردا کار دەکەن. لێرەدا بە پێویست دەزانم یادێک لە هونەرمەندی گەورە و دەنگخۆشی بەناوبانگ کاک محەممەدی مامڵێ بکەم کە لە راگرتن و پاراستنی هەواکانی وەفاییدا بەڕاستی دەورێکی گرینگی هەیە."

وەفایی لە سەفەری سێهەمیدا بۆ حەج لە کاتی گەڕانەوەدا کۆچی دوایی دەکات. هاوڕێکانی کە وێدەچێ شێخ سەعیدی بابی شێخ مەحموودی نەمر و سەیید ئەحمەدی خانەقا و چەند کەسێکی دیکە بووبن[1] لە دەشتی شام دەینێژن.ساڵی کۆچی دوایی وەفایی هەرچەند کە زۆر روون نیە، بەڵام ئەوەی لە راستی نیزیکتربێ وێدەچێ ساڵی ١٩٠٢ی زایینی بێ.

محەممەد عەلی قەرەداغی لە زمانی مامۆستا هێمنەوە دەگێڕێتەوە کە من لە پیرەپیاوانی مەهابادم بیستووە وەفایی ئەو رۆژەی کە بۆ حەج چووە و نەگەڕاوەتەوە ئەو غەزەلەی گوتووە و گریاوە و ماڵئاوایی کردووە:

ئەرێ ئەی بە زولف و روخسار سەنەمی چین، ماهتابم

دەمەکە و خەندەکە و نیگاهت نمەک و مەزەی شەڕابم

---

[1] لەو سەفەرەدا پیرەمێردی نەمریش هاوڕێ بووە کە هەر ئەوە دەفەرمێ: بە دەستی خۆم لە لمی عەرەبستاندا ناشتومە.

www.mamle.net

Mamle Art Center



زۆر جار بە دەنگی سەعیدیماملێ و عابید بیستووە و پاشان کوڕەکانی مام سەعید کە ئاهەنگەکانی وەفاییان پاراستووە و کاک محەمەد بەرچاوترین دەوری لەو ڕێگایەدا گێڕاوە. ڕەنگە زۆرگۆرانیبێژی دیکە هاتبن و شیعرەکانی وەفاییان بە گۆرانی گوتبێ، بەلام بایەخی کاری ماملێ لەوەدایە کە ئەو ئاهەنگانەی کە وەفایی بۆخۆی بۆ شیعرەکانی ساز کردووە، پاراستوونی و تۆماری کردوونەوە.

## بەشێک لە شیعرەکانی وەفایی

(ئەو شیعرانەی ماملێ بە گۆرانی گوتوونی)

### شیرین تەشی دەڕێسێ

تاێکی ریشەیی دڵ بە نووکی غەمزەدا دا
دەستێکی بۆ سەما برد رووبەندی ماهی لادا
نافەی گوڵی عەیان بوو، عەتری بە دەم سەبا دا
باریک و لووس و ناسک دوو زولفی خاوی بادا
وەک شاخی گوڵ بەلادا، شیرین تەشی دەڕێسێ
کە کەوتە چەرخ و گەردش تەشی بە دەستی ڕەنگین
هەودای بە لێو و دەم دا خورشیدی سینە نەسرین
سەمای بە زوزەنەب دا کەفی خەزیبی شیرین
گرتی خەتی مودارا شەفەق بە عەقدی پەروین
سیحرێکە بۆ دڵ و دین، ، شیرین تەشی دەڕێسێ
نووکی تەشی بە گەردش قوتبێکە چەرخی پێوە
موجرەب بووە بە داوی کە چەرخی کەوتە نێوە
وەک زوهرە دەستی کێشا کە بەندی قەوسی زێوە
ئەستێرە ماهی داگرت سابت کرا بە پێوە
ئارەق بە ڕوو و بە ڕێوە شیرین تەشی دەڕێسێ

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



که دەستی برد و هێنای به دولبەری به تادا
وەچەرخی خست و گێڕای به رانی سافیدا دا
عەیان بوو پەنجەیی رۆژ به خەتی ئیستیوادا
به سوبحی سادق ئەنگوت زەنەب له نێو سەمادا
حیرەت له ماسیوادا،شیرین تەشی دەڕێسێ
مەکەن مەنعی وەفایی که خاوی دڵبلاوە
به داو و دڵ، دڵی خۆی به داوی زولفی داوە
سەریکه مەستی نازی، دڵێکه بۆی نەماوە
دڵم حەقی به دەسته فتوای سەری دراوە
که ئەو غەزاله چاوە شیرین تەشی دەڕێسێ

مامۆستا هەژار ئاوا باسی وەفایی و شیرین دەکات:

گەڕەکی قـــــوبله نەبێرین پێـــدا — بێ‌سەروشێونه وەفایی تێـــــدا
شیرنێک لیره به ناز تەشێکی رست — شیرینی کۆنەکەی له برەو خست

کـه پیشـان دەدا وەفـایی نیشـتەجێی گـەڕەکی قوبلـەی شـاری سـابلاغ بـووە و هەروەها جوانی شیرینی وەفایی دەگەیێنێ. هـەروەها داسـتانێک لەسـەر کـاتی نووسینی ئەو شیعرە هەیه که هەرچەنـد لـه باریکـەوە بـه تـەواوی بـاوەڕی پـێ ناکرێ، بەڵام هێنانەوەی دیرەدا بەجێیە:
سەد و هەشت ساڵ لەمەوبەر شێخی شەمزینان (پیری مەزن شـێخ عوبەیدوڵـڵای نـەهری) دەنێـرێ لـه دوای وەفـایی، تـاکوو نامەیـەکی لـه زمـان خۆیـەوە بـۆ ناسرەدین‌شای قاجار پێ بنووسێ. وەفایی دەچێته خزمـەت شـێخ و بـه رەسـمی ئەودەم کاغەز و قەڵەم به دەستەوە دەگرێ و به نیشانەی ئـەدەب و ئیحتـرام لـه سەر چۆک دادەنیشێ و به دەستووری شێخ دەست به نووسین دەکات. لەناکاو له پەنجەرەی بـەرەوڕووی خۆیـڕا شـیرین دەبینـێ کـه تەشی به دەستەوە و خەریکی تەشی رستنه. ئەو تەشییه دەبێت به تیر و وە دڵـی وەفـایی دەکـەوێ. عەقڵ و هۆش له دەستی وەفایی دەردەچێ و له جیاتی ئەوە که قسەکانی شێخ بنووسێتەوە دەست دەکا به پێدا هەڵـکوتنی شیرین و شیعری «شـیرین تەشـی

www.mamle.net

Mamle Art Center



دەڕیسێ» کە لە باری جوانی و سەنعەتی شیعر و تەشبیە و تەعبیر کەموێنەیە دەنووسێ. کاتێک شێخ نامەکەی چاو پێدەکەوێ دەفەرمێ: وەفایی ئەوە چ نامەیێکە؟ وەفایی سەرلێشێواو و دڵبریندار کە عارەقەی شەرمەساری لە سەر دەموچاوی نیشتبوو لە جوابدا دەڵێ: قوربان ئەمن خەتابار نیم، دڵی شێتم ئەو پەندەی بەسەر هێناوم. هەر ئەوکاتیش بە شەرمەساری وەدەر دەکەوێ و شێخ بەجێ دیلێ.

### سەنەمی چین

ئەرێ ئەی بە زوڵف و روخسار سەنەمی چین ماهتابم
دەمەکە و خەندەکە و نیگاهت، نمەک و مەزەی شەڕابم
من لەبەر نیگاهت بمرم تۆ سەری غەمزەکەی جەللابم
بلێ پێم گوڵەکەی بەهاری لە تۆ تا بەکەی جودا بم
وەرەوە بە شەرتی جاران ڕۆژێ سەد جارت فیدا بم
لە ویرانەی دڵی من شین و واوەیلایە و ڕۆڕۆ
ئاورێک بەربۆتە هەناوم دێتە دەر لە هەناسەم بۆسۆ
بوومە ئەفسانەی ولاتان شار بەشار ماڵ بەماڵ کۆ بەکۆ
خاڵی چاوت، گۆشەی ئەبرۆ، دوو دنیان کردم لە سەر تۆ
یا بمکە پیری مەیخانە، یا موریدی خانەقا بم
عاشقی وا دەبێ بە هەموو دەم چاو پڕ ئاو دڵبڕاو و مەحزوون
پێی هەوای بشکێ پێی نەمێنێ، غەیری هۆ لە دەروون و بیروون
خاکی ڕێی دولبەری وەبزانێ سورمەیە بۆ چاوی پڕ خوون
سەگەکەی ڕێبازی لەیلێ وەرە سەر دوو چاوی مەجنوون
دنیام ئەو ڕۆژە لێ روونە خاکی بەرپێی ئاشنا بم
روحەکەم رووی خۆت بنوێنە تا بەکەی کوشتەی نازت بم
دەمەکەت وە تەکەللوم بێنە تا نەمردووم هەمرازت بم
جارێک بە کەرەم بمدوێنە من فیدای دەنگ و ئاوازت بم
مەیلی ئەبرۆی تۆ قەت نانێم غەمزەدەی چاوەکەی بازت بم
من کە هاتم قیبلەم گۆڕی، یا خودا کافر بێ جەللابم

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



## دەمێک ساقی

دەمێک ساقی دەمت بێنە دەخیلی چاوەکانت بم
بە جامێک دەستی من بگرە فیدای پیری موغانت بم
لە دوو لا مەست و حەیرانم، بە قووەی جەزبە نازانم
نە سەرگەردی سەر و گەردن، نە قوربانی لەبانت بم
چ خۆشە وەجدی سەرو و گوڵ بە دینی قومریی‌و بولبول
دەمێک شەیدای قەد و باڵات، دەمێک شێتی دەهانت بم
لە نیشانەی پەڕەی جەرگم نەوەستا تا نەگەییە دڵ
بە قوربانی خەدەنگی دەست و بازووی چاوەکانت بم
شیفای دام غەمزەکەی چاوت کەوا خوێنی دڵی گرتم
بە قوربانی موداوایی حەکیمی حاڵزانت بم
بە بێ ئیمدادی خاڵی گەردنت دەردم شیفای نایە
مەگەر بێم دەست‌ودامانی گەلاوێژی بەیانت بم
لە وەسڵی روویی تۆی کردم حیجابی پێچشی زولفت
هەتاکەی دڵشکستەی دەرد و تەعنەی باغەوانت بم
بە یادی زولف و رووی تۆ وەک وەفایی هەر دەناڵێنم
دەبێ تا رۆژی مەحشەر تازیەدار و رەوزەخوانت بم

## چاوەچاو

گوڵەکەم دەڵێن ئەوا دێی هەموو وەختێ چاوە چاوم
ئەی خودا تۆ بڵێی وەها بێ بێتەوە روونایی چاوم
سەبەبی زولفی شێواوە حوسنی روو مەدەی پێداوە
من کەوا رۆژم بۆتە شەو کە بە رۆژی رەش داماوم
تا بزانن تۆ گوڵزاری رەستەی سەر جۆیباری
بە خەندە هاتی بەخێر بێی قەدەمت سەر هەر دوو چاوم
خوێنی من بە گەردنی زولفت، بە ئیشارەی چاوەکانت

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



من ئەگەر شکاوە پشتم، من ئەگەر جگەر بڕاوم
بە سەری خەدەنگی نازت جگەری بڕیم چاوی بازت
بە ئومێدی نازیکی ویم، ئەگینا ئەمن نەماوم
ئەی شەماڵ ئەی شیفای ناساغان، وەرە تۆ بیو خاڵی رووی یار
بە گوڵ و وەنەوشە و باغان بنێرە دوعا و سلاوم
حەققە وەکوو وەفایی شێت و شەیدای سەحرایی
مەلەکان خۆیان پیشان دام، پەریان دەستیان لێ داوم

## غەرقی ئاو و ئاگرم

گا دەگریێم گا دەسووتێم غەرقی ئاو و ئاورم
ئاخ لەبەر بەختی سیا نازانم ئەز بۆچ نامرم؟
هەرکە دەدبینم دەڵێی تۆ شەمع، منیش پەروانەتم
تا سەراپا نەبمە کۆی زوخاڵ قەت ئارام ناگرم
هەر ڕێگەم تاریکە ناڵەی دێ لە شەوقی رووی تۆ
عەندەلیب و موتریبی خۆشخوان گوڵی رامۆشگەرم
حەقمە خوێن بگریم لە بێدادی خەت و جەوری نیگار
من کە گیرۆدەی فەڕەنگ یەخسیری دەستی کافرم
پێکەنینت جەزبی کردم بۆ سەری زولفی سیاه
تووتیی شیرین کەلام، پابەندی داوی شەککەرم
گا پەرێشانی روخ و گا دڵشکستەی قامەتم
هەر وە زولفی تۆ دەچم، سەرگەشتە و سەوداسەرم
گەر بە ناز هەر دەمکوژی با تێر ببینم چاوەکەت
لێم گەڕێ جارێ بە کووچەی مەیفرۆشان رابرم
دوور لە تۆ زۆر بێقەرار بووم تا بە لوتفی چاوی کاڵ
زەحمەتت دا بەر تەبیبان هاتی ئیمڕۆ چاترم
وەک وەفایی دڵ بدە دین دانێ بۆ ساحیب دڵێک
تا بزانی بۆچی من عاشق بە حوسنی مەزهەرم

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



### لەو ڕۆژەوە

لەو ڕۆژە کە دوور بۆتەوە سایەت لە سەری من
سووتاوە لە تاوت هەموو گیان و جگەری من
جەرگم هەموو لەت‌لەت بوو بە سێلاوی سرووشکم
چبکەم کە بە دەریا چووە لەعل و گوهەری من؟
دەیفەرموو، لە سەر خاکی دەری خۆی کە منی کوشت:
جەننەت بەسە بۆ خوێنی شەهیدی نەزەری من
قەد وا دەبێ خاکی دەری تۆ تاجی سەرم بێ؟
ئەو دەولەتە بۆ من نییە، ئەی خاک بەسەری من!
زولفت کە وەکوو شامی غەریبانە لەوێ‌دا
حالی چییە داخوا دڵەکەی دەربەدەری من؟
وەک بولبولی شەیدا بە هەزار نەغمە دەناڵم
جارێک گوڵەکەم گوێ بدە ناڵەی سەحەری من
دیم هاتە عەیادەت دەمی پڕ خەندە بوو، یەعنی:
ڕوح و دلی بیمارە دەوای گوڵشەکەری من
بنوارە دڵم هێندە لە سەر یەک مەشکێنە
ڕوو وا بکە شەوقێکی بداتن فەنەری من
خۆش بەو دەمە ساقی لە دەری مەیکەدە فەرمووی:
ئەو جامە لە من بگرە «وەفایی» بە سەری من

### مەمکوژە

مەمکوژە تۆ گەردەنی خۆت ڕوو لە زولفان دەرخەوە
ئەی سەبای سالحان ئەتۆ بڵێی ئەم شەوە ڕۆژ بێتەوە
تاقەتم چوو ئارەقی گەردنت بە زولفان ون مەکە
ئەی ستارەی سوبحدەم ئەمشۆکە زووتر دەرکەوە
سووتبووم خۆم دا پەنای زولفت دەمێک ئاسوودە بم

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



ڕووت نیشان دام باز لە سایەی تووە ئاورم گرتەوە
زولفت ئەفشان کرد و پەنهان بووی و دونیات کردە تەم
خۆت وەدەر نا، عالەمت سووتاند و ئاورت کردەوە
با بە هەوبای پایی‌بۆست عومری من کۆتا نەبێ
مەیخە پشت گوێ، مەرگی من، بێ زولفەکانت بەردەوە
ئولفەتی زولفت چییە قوربان لەگەڵ ڕوخساری تۆ؟
خۆ بە هیچ دینێکی نابێ کوفر و ئیمان پێکەوە
هاتە سەر خەندە کە من سوڵتانی حوسن و دولبەرم
غایەتی سووڕەت‌نومای ڕۆژی جەماڵی من شەوە
بای سەبا بەرقەع گوشا بوو؟ یا ئەتۆ بووی خۆت نواند؟
یا نە، ڕیزوان دەرکی گوڵزاری بەهەشتی کردەوە؟
من لە بەر عەکسی نیگاهت کەوتووم هۆشم نییە
چاوەکەی تۆ هەر نەخۆشە یا نە سەرخۆشی خەوە؟
تاقی ئەبرۆت دەرخە شادم کا هەتا قوربانی بم
عیدی قوربان چونکی شەرتی ڕوئیەتی ماهی نەوە
داخۆ چبکا پاش خەت و خاڵان، سەفی موژگان بەناز؟
لەشکری تورکان ئەوا هات و فەرەنگی پێشڕەوە
ئاه و ناڵەی بێ‌قەرارت عالەمی خستۆتە جۆش
گوڵ بەناز پەروەردەیە ئەی دڵ دەمێکی بسرەوە
من لەسەر خاکی دەری یاری سەفەرکەردە نەمام
نامرم ئەهلی بەهەشتم گەر ژیانم بێتەوە
تۆ هەڵستای بەو دەمە ڕوحی «وەفایی»ت زیندە کرد
با قیامەت کەس نەڵێ هەریێکە تۆخودا هەستەوە

### سەرابستان

سەرابستان خەرابستانە ئیمڕۆ
بەهاری عەیشی هەر زستانە ئیمڕۆ
بە زەردی پایزی ڕەنگم دیارە
بە خاڵی ڕووتە تابوستانە ئیمڕۆ

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



ژیانی عومرەکەم بێ تۆ زیانە
گولستان بۆم بە خارستانە ئیمڕۆ
تەواوی زیندەگانیت بێ وجوودت
سەراپا وەک قومارستانە ئیمڕۆ
کەنارستانی عیشقت بۆتە «تجمل»
ئەویستا نەوعی شارستانە ئیمڕۆ
هەتاوی خاکی گەرمێنت بەمن چی؟
لەبۆ من هەر وەکوو کوێستانە ئیمڕۆ
گولی من بێ نەزیرە تۆ تەماشا؟!
ویلایەت پاکی باغستانە ئیمڕۆ
خەدەنگت کاری ئەژماری بە میقات
هەموو مێشە و چنارستانە ئیمڕۆ
وەفا مەزلوومی بەیرووتە بە ڕووتی
هەتیوی شاری «کوردستان»ە ئیمڕۆ

## غەمزەدەی خۆتم

غەمزەدەی خۆتم نیشانەی تیری موژگانم مەکە
عاشقی ڕووتم، عەزیزم! تیرەبارانم مەکە
بەس دلم بشکێنە بەم ئەبرۆیە بۆ ماچی دەمت
بمدە بەر تیغ و لە سەر هیچێ لە گریانم مەکە
چیم لە ئەبرۆت داوە، من پابەندی زولفم لێم گەڕێ!
کافری عیشقم، بە قیبلەی خۆت موسولمانم مەکە
مەمدە بەر تابووری موژگانت هەتاکوو غەمزە بێ
ها بە جارێک بمکوژە، یەخسیری تورکانم مەکە

## کازیبەی زولف

لە سەر ڕووت کازیبەی زولفت وەلابە
کە سادق بێ تولووعی ئافتابە
دڵ و دین هەرچی بوو قوربانی تۆ بوو
هەتا کەی ئیدی ئەم ناز و عیتابە؟
بلا بەو ڕۆژە نیلووفەڕ بسووتێ
بە مەرگی من سەری زولفت وەلابە
لە عەکسی عاریزت فرمێسکی چاوم
گولاوی ڕووتە هەم خوونابی نابە

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



وەرە بنوێنە خۆت، بمکووژە قوربان
بە دینێک کوشتنی عاشق سەوابە
ئەگەرچی ناڵەیە هەر شەوق و زەوقە
ئەگەرچی گریەیە عەینی سەوابە
کوتم: با قیمەتی وەسڵت بە دڵ بێ
بە ماچێکیش لە زاری خۆت ڕەزا بە
کەچی فەرمووی: دڵت نەشکێ «وەفایی»
ئەوە سەودایە، زەڕڕێکیش حیسابە

**خوماری ناز**

ئەو چاوانە وا خوماری نازن
بە ئیما ئیمانم دەخوازن
هاتە دەر وەک ڕۆژ شای شەکەرلێوان
غەمزەکە و ڕەمزی تورکی پێشتازن
دەستی هێنا دەر، پێی لە سەمادا
چاو مەستی چاوبەستن یا سیحرسازن؟
زوهرەی یەغما کرد موشتەری کێشا
خرنگەی خرخاڵ، چرنگەی بازن
نەوبەهار نۆبەرەی شکۆفە و گوڵن
یا غونچەی دوگمەکەی سینەکەی وازن؟
بە نەسیم دەپشکوون باغچەی سێوان
بە با لە ئاهی من دوگمە دەترازن
نازانم بۆچ وا ڕوح و دڵ کەوتوون
غەرقی خوێناوی جێی داغ و گازن؟
یا کوشتەی غەمزەی ئەو چاوانەن
یا ڕەنجەی پەنجەی شەهێن و بازن؟
سیرڕی ڕازی تۆ من بە کەس نالێم

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



ڕەنگی زەرد، ئەشکی ئاڵ، هەردوو غەممازن
ئەوانەی عاشقن بە چاو و زارت
تا ئەبەد سەرخۆشی مەحرەمی ڕازن
موتریبان موقریبان دەمبەدەم گۆیان
بولبولان، قومرییان نەغمەپەردازن
دڵ دەناڵێنێ، ڕوح لە شیوەنْدا
قودسییان، ئینسییان چەند خۆش‌ئاوازن؟
دەنگی من، سەوتی تۆ، بۆ بەزمی خوسرەو،
چەنگ و نەی، عوود و دەف، تار و شەهنازن
ئەمن و تۆین بۆ ڕوخ و گەنجی پەنهانی
تەلیسم و تەوق و گول، بەربەن و بازن
کەمەندی ئاسکان، هات‌وچۆی بازان
هەموو بۆ خاتری چاوەکەی بازن
قەفەسی بەدەنم تەنگ و تاریکە
بازدڵ و، مورغ‌جان، هەر دوو پەڕوازن
«وەفایی» ناژی بە تاری زولفت
سەرتاپێ ئازای ماران گازن

**ئیما مەفەرموو**

بە چاوان غەمزەوو ئیما مەفەرموو
بە قەتلی عاشقی شەیدا مەفەرموو
ئەمن کوشتەی جەمالی تۆم عەزیزم،
لە باغی «جەننەتول‌مەئوا» مەفەرموو
دەمت وا بێنە قیبلەم! تۆی تەبیبم
بە تەشریفی دەمی «عیسا» مەفەرموو
من و یەک لەحزە شەو ئارام و تاقەت!
لە دووری ماهی شەوئارا؟ مەفەرموو

www.mamle.net

Mamle Art Center



بۆخۆت بمکوژە نەک بەو چاوە مەستە
بە جەللادانی بێ‌پەروا مەفەرموو
«وەفایی» عاشقی ئەندامی تۆیە
شەهیدی قامەتی تووبا مەفەرموو[1]

## لەبەر نازی چاوبازان

لەبەر نازی چاوبازان، خورد و خەوم خوێناوە
بە تیری تیرئەندازان، چبکەم، جەرگم بڕاوە
شێت و شەیدای سەحرایی، دەگریم هەروەک «وەفایی»
چبکەم لە دڵەی سەودایی، پەرییان دەستیان لێ‌داوە؟
لە سەر تاقی دوو ئەبرۆت، مەیلی زولفان دەمکێشێ
خۆ وەختە من کافر بم، چبکەم قیبلەم گۆڕاوە
عیشوەی ڕووی تۆ هەر خۆش بێ،موشکل گوشا و سەرخۆش بێ
بزووت بادی نەورۆزی، گرێی زولفت کراوە
ئەی ئاوێنەی دولبەری! زارت گوڵ زولفت زەڕی
با هەناسەم نەتگرێ، ڕووی خۆت بێنە بەم لاوە
زولفت جێی بێ‌قەراران، ڕووت ڕۆژی شەوبێداران

---

[1] مامۆستا ماملێ بیرەوەرییەکی خۆش لەو شیعرە و لە ئاهەنگەکەی هەیە و دەگێڕێتەوە دەفەرمێ: لەمێژ بوو ئاهەنگێکی وەفایی کە لە بابم بیستبوو لە بیر چووبۆوە و زۆری پێوە نارەحەت بووم. هەرچەندەش دەمکرد وەبیرم نەدەهاتەوە تا ئەوەیکە ڕۆژێک بە کووچەی حەمامی شافیعی (حەمامی پوتی)دا تێپەڕ دەبووم کەچی گوێم لێ بوو کە خەییام (دەروێشێک بووە کە بە دایم هەر لەو گەڕەکەی شاری سابلاغ و لەو کۆڵانەدا ژیاوە و ناوی کەریم بووە و بە خەییام مەشهوور بووە، بە ڕوایەتێک کوڕ یان نەوەی وەفایی بووە و بە ڕوایەتێکیش هەر خزمی وەفایی بووە) لەبەر خۆیەوە نارەناری دێ کە لێی ورد بوومەوە، هەواکەی زۆر بە گوێم ئاشنا بوو تا ئەوەیکە زانیم هەر ئەو ئاهەنگەی وەفاییە کە لە بیرم چووبۆوە، جا پیلیم گرت و بردمەوە ماڵێ و هەر ئەو کوتی و هەر ئەمن گریام. وا بوو ئیدی هەر ئەو ڕۆژە ئەو هەوایەم لە ترسی ئەوە کە ئەوجاریش لەبیرم نەچێتەوە تۆمار کرد...
هەڵبەت مامۆستا ماملێ ئەو هەوایەی بە شیعرێکی زۆر جوانی مامۆستا هەژاریش کوتۆتەوە ئەویش ئەو شیعرەیە کە دەڵێ:

شەوە لەو سەوزەزارە لەو دەم ئاوە    مەکۆی    غەم لاچووە، دەم‌کوڵ چەماوە...

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



ئەمان ئەی شای گولزاران، ڕوحمێک تا ڕوحم ماوە
بەس عومری من بە با دە، ڕووت بێنە، زولفت لادە!
دڵ بۆیە نامورادە، بەو شەوە ڕۆژ گیراوە
با شەو بڕوا سەحەر بێ، باغی گولان وەبەر بێ
گەر تۆ مەیلت لەسەر بێ، کافر ئیسلامی ناوە
دەستم لە تای زولفت دا، بەم بالایە نەمزانی
بۆچ دەمکوژی خۆ قوربان! پردی قیامەت نەپساوە؟
لەبەر چاوت نەمزانی، بێباغەبان گولچینم
مەست بووم، هۆشم لێنەبوو، دەمم بۆ ڕووت هێناوە
هاتم بە بۆنەی خالت، تووشی بەلای زولفت بووم
تەیرێکی نابەلەد بووم، نەمزانی دانە و داوە
ئەمڕۆ سەبای موراداں، کاسی کردم، نەمزانی:
نە عەتری نافەی چینە، نە بۆنی زولفی خاوە!
لە سایەی چاوەکانت بوومە ڕەندی خەرابات
لە لای پیری مەیخانە خەرقەم لە گرۆی مەی ناوە
تۆخودا دلم مەشکێنە، با بزانم: ڕووت وا بێنە
ڕووتە یا گولهەنارە؟ لێوتە یا شەکری خاوە؟
وەقتێ ئارەق دەڕێژێ بۆ کوشتنی «وەفایی»
بە گولی کولمی سوێند دەخۆم گەردەن شووشەی گولاوە
لە دەردی بێدەرمانی کەوتوومە سەرگەردانی
بە جوابی «لن ترانی» چبکەم ڕوحم سووتاوە
قەیتانی دوو لێوانت بەندی جەرگی پساندم
کوفرت لە لام زاهیرە ڕوحمت لە لا نەماوە
سلاوم کرد لە یارم، بە دلێکی غەمگینەوە
بە لەفزێکی زۆر شیرین جوابی سلاوی داوە

www.mamle.net

Mamle Art Center



## ئاوایە ڕێگای عاشقان

ئەی دڵ وەرە هۆشیار ببە، ئاوایە ڕێگای عاشقان
مەحوی جەماڵی یار ببە، ئاوایە ڕێگای عاشقان
لەم لاوە گریەی نای و نەی، لەو لاوە خەندەی جامی مەی
ئاگر لە عالەم بەر دەدەی، ئاوایە ڕێگای عاشقان
جارێ لە چاوان بگرە خەو، بگری بە ناڵەی نیوەشەو
تا بێتە دەر خورشیدی نەو، ئاوایە ڕێگای عاشقان
سۆزی دڵ‌وئاهی دەروون،زووخاوی جەرگ‌ومەوجی خوون
خوێنی گەش و فرمێسکی ڕوون، ئاوایە ڕێگای عاشقان
تا دڵ نەسووتێ دەم‌بەدەم، فانی نەبێ سەر تا قەدەم
پەروانە قەت ناگاتە شەم، ئاوایە ڕێگای عاشقان
تا چاو و دڵ خوێنبار نەکەی،قەتعی هەمو ئەغیار نەکەی
فیکری ویسالی یار نەکەی، ئاوایە ڕێگای عاشقان
عاشق دەبێ مەستانە بێ، خاکی دەری مەیخانە بێ
ساقی لە کن جانانە بێ، ئاوایە ڕێگای عاشقان
گەر دلگوشا بادی سەبا، شەرحی دلم بۆ گوڵ نەبا
عومری عەزیزم چوو بە با، ئاوایە ڕێگای عاشقان
سووتا دەروونم سەربەسەر، خوێنین دڵە جان و جگەر
جیسمێکە بێ‌ئیسم و ئەسەر، ئاوایە ڕێگای عاشقان
دیسان لەسەر عەهدی‌ئەلەست،جامێک لەجانان‌بگرە دەست
هەرتا ئەبەد مەخموور و مەست، ئاوایە ڕێگای عاشقان
دێوانەوو سەوداسەرم، کوژراوی غەمزەی دولبەرم
دڵ پڕ لە ئێشی نەشتەرم، ئاوایە ڕێگای عاشقان
چاوم بە سۆزی دڵ تەڕە، دەریایی ئاو و ئاورە
موتریب بڵێ ساقی وەرە، ئاوایە ڕێگای عاشقان
پەروانە خۆی ئاوێتەبەست،فەرمووی چرای مەخمووری‌مەست!
وەسڵم بە سووتان دێتە دەست، ئاوایە ڕێگای عاشقان

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



بولبول دەناڵێنێ حەزین، گوڵ دیتە خەندە و پێکەنین
بگری بە سۆزی ئاتەشین، ئاوایە ڕێگای عاشقان
کێ وەک «وەفایی» بەندەیە؟ لەو باغی دڵ گوڵ خەندەیە؟
بەو جامی «خزر»ی زیندەیە؟ ئاوایە ڕێگای عاشقان

### داغی کردم و ڕۆیی

بە بێباکی دەمێکی هات و داغی کردم و ڕۆیی
دەبێ حاڵی چ بێ بولبول، بەهار زۆر بێنەچوو ڕۆیی؟!
نیگار هات دایە خەندەی، کەوتە دونیا ئاه و ناڵەی من
بەهارهات غونچەپشکووت،دەنگی‌بولبول سووبەسوو ڕۆیی
فیراقم کرد لە پاش تۆ، هیچ حەیاتم پێنەما، قوربان
حەیاتی من کە تۆی، مەعلوومە نامێنم، کە تۆ ڕۆیی
لەسەر ماچێکی زاری خۆت کە نەتدا ڕەنگە زیز بووبی
عەزیزم بێوەفاییت کرد، لە سەر هیچی نەبوو ڕۆیی
خەرامان هات و دڵبەر چوو ، «وەفایی» ما بە ناکامی
دریغا! عومری شیرینم چ زوو هات و چ زوو ڕۆیی!

### شای نێوگوڵان ڕۆیی

لە باغان ئاه و ناڵین دێ، دەڵێن شای نێو گوڵان ڕۆیی
لە مەیخانان سەدای شین دێ، مەگەر پیری موغان ڕۆیی
دەڵێی دەوری قەمەر سەیری فەلەک میزانی گۆڕاوە
کەواگوڵ‌زەردبوو،سونبول تێکچوو،ڕەنگی ئەرغەوان‌ڕۆیی
لەبەر چاوی جیهان‌بینم جیهان تاریک بوو نەمزانی
نە نووری چاوەکانم چوو، نە خورشیدی جیهان ڕۆیی؟
سەحەر مەستانە هات بولبول، بە شادی بۆ تەوافی گوڵ
کە دی باغ بێ‌گوڵە، داغ بوو، بە سەد ئاه و فوغان ڕۆیی

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



مەڵێن: بولبول مەناڵێنە کەوا گوڵ گوڵشەنی چۆڵ کرد
دڵ ئارامی نەما چبکا؟ کە ئارامی دڵان ڕۆیی
قیامەت بۆ دڵان هەستا کە چاوی مەستی وەرگێڕا
مەگەر ئازوردە بوو ساقی کە بەزمی مەیکەشان ڕۆیی
چ شینێکە؟ چ هاوارە؟ لە نێو حەڵقەی موریدان‌دا؟
مەگەر خواجەی سەمەرقەندی لە نێو ساحیب‌دڵان ڕۆیی!
خرا بوو خانەقا بێ‌شێخ و شەوقی تالیبان، سەد حەیف!
چەمەن ویران بوو،نەغمەی بولبولان چوو،باغەبان ڕۆیی
بە ناڵەی بولبول و قومری، «وەفایی» بۆیە هەر دەگری
گوڵێکی سەروباڵا بوو، بە تاراجی خەزان ڕۆیی

### شکستە باڵم

نەخۆش و مەستی دوو چاوی کاڵم
حەقم بە دەستە ئەگەر بناڵم
بە غەمزەی چاوت، بە خەندەی زارت
بردیان بە غارەت خەو و خەیاڵم
من مورغی قودسی لە لامەکان بووم
ئیلاهی ڕوحمێ! شکستەباڵم
شەوێکی تاریک، ڕەهێکی باریک
هەر بە ئومێدی چرای جەماڵم
بە تیری نازت بڕاوە جەرگم
بە چاوی بازت نەماوە حاڵم
سەبا دەخیلم هەرتاکوو ماوم
بڵێ بە زاری، بڕۆ بە خاڵم
دەمێکی با بێ دەوای دڵم کا
بە چاوەکانی گەلێ بێ‌حاڵم
«وەفایی» چی دیت لە سەر بگێڕێ؟

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



ئەما، لە سەر تۆ، نە سەر، نە ماڵم

## لە دیوانی شاعیرانەوە و شیعری قەتارەکان

دەو بەشەدا زۆربەی ئەو شیعرانەی کە مامڵێ لە دیوانی شاعیرانەوە هەڵیبژاردوون و لە چوارچێوەی ئاهەنگدا گوتوونییەوە، دێنمەوە. هەڵبەت گرینگی ئەو کارە کاتێک دەردەکەوێ کە سەرنج بدەینە ئەو وتەیەی هونەرمەندی گەورە عەبدولوەهاب شەهیدی کە دەڵێ: "شیعر و ئەدەبیاتە کە موسیقا شکۆفا دەکا، گۆرانیبێژ دەبێ شیعرناس بێ تا بتوانێ پەروەردەی بکا، دەنا ناتوانێ مەبەستی خۆی بە بیسەر بگەیێنێ شیعر دەبێ لە ناخیدا وەکوڵ بێ تاکوو بتوانێ لە ڕێگای گەروو و حەنجەرەوە دووپاتی کاتەوە."

جا پاش ئەوەیە کە دەبێ ئەو خاڵە گرینگەمان بێتە بەرچاو کە مامڵێ بەڕاستی دەگەڵ کارێکی دژوار بەرەوڕوو بووە ئەویش هەڵبژاردنی شیعر لە ناو دەریای بێبنی شیعری کوردیدا کە هەڵبەت وێدەچێ بۆ ئەو گرینگە چەند مەبەستی لەبەرچاو بووبێ:

١ـ شیعری بە پێی چوارچێوەی تایبەتی قوتابخانەی موسیقایی خۆی هەڵبژاردبێ، کە چەند بەرەکانی لە کارە هونەرییەکەیدا پێش نەهاتبێ.

٢ـ شیعری بە پێی زەوق و خواستی دڵ و دەروونی خۆی هەڵبژاردبێ کە هەڵبەت لێرەڕایە کە دەتوانین بۆچوونێکمان هەبێ بۆ ژیانی ناوخۆیی مامڵێ و تەنانەت بۆ سەر هەڵوێست و بیروڕاکانی بەرامبەر بە کێشە جۆراوجۆرەکان.

٣ـ ئەو شیعرانەی لە کوورەی پڕتینی دەروونیدا وەجۆش هێنابێ تا وا بە خرۆشەوە دەریان‌بڕێتەوە و هەر گۆرانییەکی لە جێی خۆیدا بێ بە شاهکارێک.

دوا بە دوای ئەو بەشە ئەو شیعرانەی مامڵێ کە بە قەتار گوتوونی نووسراون کە هەڵبەت ناوی شاعیرەکانیانم بە باشی بۆ دەرنەکەوت و بە هۆی ئەوە کە زیاتر مەبەست ڕوانینێکی موسیقاییە ئەو کەم‌وکووڕیەم زۆر گرینگ نەهاتە بەرچاو.

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



پێویستە ئەوەش باس بکەم لە بەشی دیوانی شاعیراندا ماملێ هەندێکی لەو شیعرانەی بە قەتار و هەندێکیشیانی بە قام و گۆرانی گوتوون کە لە رادەی دەسەڵاتمدا ئەوانەم لە چوارچێوەی دەستگاکانی موسیقادا دیاری کردوون. لەسەر موسیقای ئێرانی و دەستگاکانی موسیقای ئێرانیش لە دوای ئەو بەشە هەرچەند زۆر بە وردی، بەڵام تا رادەیەکی نووسراوە باسیان کراوە.

## شیعرەکانی مەولەوی

دنیای فانی باش کاروانسەرا رەنگ
نیمێ وە دڵشاد نیمێ وە دڵتەنگ

❊❊❊

قەبرم هەڵکەنن بێحاڵم خەیلی
توند توند بمپێچن بە زولفی لەیلی

❊❊❊

رەنگ زەردی خەزان خەتای پاییزەن
رەنگ زەردییەکەی من دووری ئازیزەن

❊❊❊

نەمداوە بە کەس هێشتا ساوایە
تازە خاڵێکی ئی تۆی تێدایە
پێم ئەڵەی خاڵۆ گۆیا من پیرم
ژاراوی نەشتەر ئەدەی لە بیرم
پێم ئەڵەی خاڵۆ بە خاڵ دەمکوژی
شەرتە گەر هاتو خاڵانم مژی
مەمکە بە خاڵۆی خاون خاڵان
دڵم زیڕیکە نایدەم بە تاڵان
من نە خاڵۆم و نە خاڵۆ منم
دیوانەی خاڵی گۆنا و گەردنم

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



❊❊❊

هەر ساتێ دووریت سەد سالەن جەلام
دەردم کارییەن وەسەرگەردت بام

❊❊❊

تا لە قەفەسدا مانمان نەفەسێ
بولبول پەی گولان ئێمە پەی کەسێ

❊❊❊

کام وەسفت خەیاڵ کام شێوت یاد کەم
پەی کام خەسڵەتت داد و فریاد کەم

❊❊❊

تۆ هەر سات شادیت بێئەندازە بۆ
من لە هەر لاوە غەمم تازە بۆ

❊❊❊

ساقی سا دەخیل وە فریادم رەس
بە رووی نازەوە جام بگرە وەدەس

❊❊❊

نۆ ساڵ و نۆ مانگ، نۆ هەفتە و نۆ شەو
نە ساتێ ئارام، نە دەقیقێ خەو

❊❊❊

شەوان خەڵوەتن ماڵ بێ ئەغیارەن
گشت عالەم خەوتوون یار خەبەردارەن

❊❊❊

یارەبی خوایە فریادرەسم کەی
گەر کەس وا دەبێ تۆ بێکەسم کەی
تا کەی وەم مەجنوون ویڵی هەردان بم
تاکەی غەمزەدەی باری هیجران بم
کوورەی دەروونم بە تاو جۆشی گرت
فرمێسکی چاوم زوو خامۆشی گرت

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

۷۸/ یادی بەخێر

تا کەی دەمکوژی سەییادی قاتل
با ساتێک دەرکەم دەرد و غەم لە دڵ

❊❊❊

زەهرەی غەمی شییەن دەمی شادییەن
هەردەرد و بەڵات پیرۆزباییەن
هاوار هاودەردان تاقەت نەمەندەن
جەوری عازیزم ریشەی دڵ کەندەن
لە من تا دووریت بەین سەد فەرسەنگ بوو
لە راستەی یارم زمانم لەنگ بوو
جاریک لە منت کرد باوە مۆرە
بێ ئینساف بەسە دڵت مەگورە
خار و خاشاکی موژەی چەپیدە
سەد بەستەن لە دەور سەرچەمی دیدە
شەرتە پۆستی دڵ وەبان کاڵاکەم
شەو هەتا کوو رۆژ ئاە و ناڵەکەم

❊❊❊

نەیچی درەنگە تۆش مەمکە درەنگ
فیدای پەنجەت بام نەی بێنە وە دەنگ

❊❊❊

باربەستەی سەفەر ریگام زۆر دوورەن
مەنزڵ بێ‌پایان تۆشە زەروورەن

❊❊❊

دیارەن دیدەم هەمدەرد نۆمەن
ئەمجاریش جە نەو ئارەزووی تۆمەن
ناکا مەیلەکەت گەڕابێتەوە
دیسان دەرد لەسەر دەردم بێتەوە
روانین لە ریی یار شەکەر بارانن

www.mamle.net

Mamle Art Center



فەسلی سەیلی سەید شکارچیانن
خولاسەی کەلام نووری دیدەی دڵ
شیفای ئێش و نێش برین بێ‌حاسڵ
❊❊❊
تاکەی غەریبی کووچەی شاران بم
تاکەی هەڵوەدای دیدەی یاران بم
سەیرم محاڵەن سەفام بەتاڵەن
بۆ دووری یارێ ئەسرینم ئاڵەن
❊❊❊
گەرد و غوباری رەنگ‌زەردیم دیارەن
دەڵێ بێ‌یارێ چۆنت قەرارەن
قافلەچی ئامان وەرە دەخیلن
بلێ نەخۆشە بۆوی زەلیلەن
گەردی کۆچتان هەروا دیارەن
دەک دلە بێ‌وی چۆنت قەرارەن
کەس بە وێنەی من پرمەینەت نەبوو
گرفتار دۆس بێ‌بەینەت نەبوو
هیچ کەس موبتەلای دووری یار نەبۆ
چون من سەرگەردان بێ‌قەرار نەبۆ
کەس نەبوو وەک من دوور بێ لە یاران
زامداری موژەی دیدە خوماران
❊❊❊
گرمەی ناڵەی دڵ سەد هەزار تەرزەن
گڕەی بلێسەی لە عالم بەرزەن
❊❊❊
باقەی دەستە گوڵ زاری و دڵ‌گیریم
پەی‌پەی زیاد کرد پەژارەی پیریم

www.mamle.net

Mamle Art Center



من لە خێڵخانەی میحنەت پامالم
دەخیل بۆ دۆستێ پرسێ ئەحوالم

❋❋❋

دەردم ئاوێتەی دەردی فەرهادەن
خۆ منیش وەک فەرهاد رەنجم وەبادەن

❋❋❋

## شیعرەکانی هێمن

ئەو پەنجەی وا لە بێهێزی دەلەرزێ
کوشیویەتی مەمکۆلەی بالابەرزێ
ئەو ددانەی ئێستێ نەماوە تاقی
گەستوویەتی زۆر جار چەناگەی ساقی
ئەو چاوانەی سۆمایی لێ براوە
هێند لە جوانان داگیرا، داگیراوە
ئەو لێوەی وا ئێستا باری گرتووە
کولمەی نەرم و نۆلی یاری گرتووە
ئەو باوەشەی زەمانە لێی بری هێز
کام کیژ جوانە گرتوویەتە نێو ئامێز
ئەو دڵەی وا جوانی دەویست و جوانی
ئێستێ پڕە لە غەم، لە نیگەرانی

### خۆزگە

خۆزگە وەک خۆر نەمدیبایە شەوی تاز
خۆزگە تاوێ رامنەبواردبایە بێیار
خۆزگە پیری کەلەلای نەدەکردم
خۆزگە لە یەکەم ژوانگەدا دەمرم

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



## عیشق و ئازادی

ئەگەرچی شەو درەنگە ساقی بۆم تێکە کەمێکی تر
کەوا ئەمشەو سەری هەڵدا لە ناخمدا خەمێکی تر
لە بادە ئەم ژەمە تێر کە منی تینووی جگەرسووتاو
بە چی دیارە کە دەبینم شەوێکی تر، ژەمێکی ترا
ئەوەندە دەردەدار و بێ پەرستارم کە پێم وایە:
لە سەرکێکی تەمەن، هەڵناکرێ تازە شەمێکی تر
گەلێکم رۆژگاری تاڵ و شیرین رابوارد، ئاخۆ مەرگ
مەودا دەدا دیسان ببینم سەردەمێکی ترا
گەیشتمە سەر ترۆپکی ئارەزوو رۆژێ، کەچی روانینم:
لە پێشمدایە زەرد و ماهـ و سەخت و ئەستەمێکی تر
هەتا چارشێو بەسەر تووە دەبینم نازەنینی کورد
بەسەر بیبیلەکەی چاوی منا دەکشێ تەمێکی تر
نەما (خانی) هەتا چیرۆکی عیشقی ئێمە داڕێژێ
دەنا هێشتا لە کوردستان دەژین (زین و مەم)ێکی تر
پەپوولەی خۆشەویستی من لە شوێنی ناگرێ ئارام
دەنیشێ و باڵی دەبزێوێ لە سەر سینە و مەمێکی تر
هەزار هێندە پەرێشان و سیاچارە بژیم هێشتا
لە نێو دڵدا هەمە ئاواتی خاڵ و پەرچەمێکی تر
هەتاکوو دواپشوو رێبواری ریگەی عیشق و ئازادیم
ئەگەر بێجگە لە ناکامیش نەبینم بەرهەمێکی تر
کە فرمێسکم لە سەر روخساری کیژی دڵشکاو بینی،
گوتم: یاخوا لە سەر سوورگوڵ نەبینم شەونمێکی تر
شەوێکی چاوەنواڕت بووم، نەهاتی گیانەکەم،ویستت
منی دڵناسکی شاعیر بگیرم ماتەمێکی تر
خدر نیم بۆ تەمەن شێت بم بە کانی ژینێدا نووسێم
ئەوەندەم ژین دەوێ تا دەم دەنێمە نێو دەمێکی تر

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



بە تۆ چارەی چلۆن دەکرێ دەروونی پڕ لە ناسۆرم
خەساری بۆ دەکەی دوکتۆری زانا، مەرهەمێکی تر؟
بەهار و گوڵ، کچ و مانگەشەو و شیعری تەڕ و بادە
لەوەی زیاتر جەنابی شێخ! گەرەکتە عالەمێکی تر؟

کە تۆ تۆرای لە چاوم وەک خەوی من
لە بسکت ڕەشترە مانگەشەوی من
برۆ مەجنوون بە لەیلای خۆت مەنازە
کە ناوبانگی پتر دەرکرد ئەوی من
بزەی هاتێ وتی: جەللادی خوێڕی
بە کەیفی خۆت پەتت باوێ لە ئەستۆم
ئەوە پەت نیە میداڵی ئیفتیخارە
کە بوومە قارەمانی میللەتی خۆم

**کوردم ئەمن**

گەرچی تووشی ڕەنجەڕۆیی و حەسرەت و دەردم ئەمن
قەت لەدەس ئەم چەرخە سپڵە نابەزم، مەردم ئەمن
ئاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕ خاڵ نیم
ئاشقی کێو و تەلان و بەندەن و بەردم ئەمن
گەر لەبرسان و لەبەر بێبەرگی ئیمڕۆ ڕەق هەڵێم
نۆکەری بێگانە ناکەم تا لەسەر هەردم ئەمن
من لەزنجیر و تەناف و دار و بەند باکم نییە
لەتلەتم کەن، بمکوژن، هێشتا دەڵێم کوردم ئەمن

**گوڵی هیوا**

ئەختەر کچی کوردی چاومەست!
ئیلهام بەخشی شێعری پڕهەست!

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



ئەی پێشمەرگەی میللەت پەرەست
کە دیتمی تفەنگ بەدەست
زانیم گوڵی هیوا پشکووت
بەیانی ئازادی ئەنگووت

ئەختەر پێشمەرگەی کۆڵنەدەرا
ئەختەر ئەی گوڵی نێو سەنگەرا
خوێنت دەتکێ لە دمی خەنجەر
دەگری بەری هێرشی ئەسکەر
سێرەت گرت بەو چاوە جوانە
لە کەلەکەی ئەم بیژوانە

شەقت هەڵدا لە زێڕ و جل
توورت داوە کلدان و کل
توندت کردوە پشتێنی شل
فیشەکدانت کردۆتە مل
پساندت بازنە و پاوانە
دەستت دا تفەنگ پیاوانە

نارێژی چاو، سوور ناکەی لێو
شانە ناکەی بسکی پەشێو
یەکجاری فرێت دا چارشێو
ئەوە ڕووت کردە چڕ و کێو
دەبڕی جەرگی دوژمنی زۆڵ
بە سەرنێزە، نەک بە مژۆڵ

## بلوێری شوان

نیوەشەوە، دنیا خامۆش
دێتە گوێم ئاهەنگێکی خۆش
ئاهەنگێکی گیان پەروەرە
شادیهێنە، خەفەتبەرە
ئاهەنگێکی دڵنەوازە
تارە؟ یۆڵۆنە؟ یا سازە؟

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



نا... نا... ئاهەنگی بلوێرە
جا وەرە گوێی بۆ ڕادێرە
هەزار خۆزگەم بە خۆت شوانە
کە بەو مانگەشەوە جوانە
دانیشتووی لە ڕژد و هەڵدێر
پەنجە دەبزێوی لە بلوێر
دەگەڵ تەبیعەت هاودەمی
شادی، بەکەیفی، بێخەمی
ئاغاش بە نۆکەر ناگری
وەک من لە داخا نامری
وەرە شوانە هەموو شەوێ
نیوەشەوێ، کاتی خەوێ
لەو کێو و نواڵە زەنوێرە
تێ توورێنە لەو بلوێرە
لە سەر ترۆپکی ئەو کێوە
پەنجە لە بلوێر ببزێوە
با کێوەکە دەنگ داتەوە
شاعیریش خەو بیباتەوە

### خاک

بۆت نوسیوم بۆت بنووسم ئەمن چیم؟
دوندی قەندیل، گۆڕەپانی هەڵگورد نیم
بەرەو بەرزی دەچم ئەگەرچی وردم
خاکی بەر پێی تێکۆشەرێکی کوردم

### ڕێژنە

تۆ بەڵێنیم پێ بدە تا من بەرەو ژوان ببمەوە
بمدەیە ماچێکی تەڕ لەم لێوە با جوان ببمەوە
دەستی لەرزۆکم هەتا تێیدایە هێزی بەی گوشین
لێمگەڕێ تاوێ لە باخی سینە میوان ببمەوە
شەنگەبێری! بسڕەوە فرمێسکی بێشوانی ئێتر
ڕەنگە هێشتا لەو چیا و زۆزانە بۆ شوان ببمەوە
من گوڵی سەر گۆڕی ئاواتی لە مێژینەم بەڵام
ڕێژنێکم لێ بدا پێم وایە بۆ ڕوان ببمەوە
شێخی سەنعان بۆ کچی گاور لە ئیسلام وەرگەڕا
من خەریکم بۆ کچە شێخێ پەژیوان ببمەوە

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



## یادگاری شیرین

چاوەکەم! چاوی ڕەشی تۆ ئافەتی گیانی منە
گیانەکەم! برژانگی تیژت نووکە ڕمبی دوژمنە
شیری دەستی شێری ئالایە برۆ ڕاکشاوەکەت
جەرگی لاوێکی هەزاری کوردی ورد پێ بنجنە
دیدەکەی بەخوماری تۆ تورکانە بەدمەستی دەکا
بۆیە مەیلی وا بە کێشە و فیتنە و خوێن ڕشتنە
بەژنەکەت سێدارەیە، کەزیەت تەنافە زوو بە دەی
بیخە ئەستۆی من کە کوردم، کورد بەشی خنکاندنە

## موو ناپسێنم

ئەمن دەمگوت لە دنیا تا بمێنم
لەبەر کەس ئەستەمە سەر دانەوێنم
کەچی ئێستا لە داوی بسکی تۆدا
گرفتارم گوڵم موو ناپسێنم
ژیانم پڕ لەڕەنجە و نامرادی
بە هەڵکەوتیش نەهاتم تووشی شادی
دڵم هێند تەنگە هەر جێی تۆ دەبێ و بەس
ئەتۆش مەحکوومی حەپسی ئینفیرادی
قەرار بوو بێی لەگەڵ خۆت شادی بێنی
نەهاتی، گەرچی پێت دابووم بەڵێنی
لەناو کوردا نەبوو پەیمان شکاندن
لەکوێ فێر بووی گوڵم پەیمان شکێنی؟
ئەگەرچی ڕۆیی، قەت ناچی لەیادم
دەکەم یادت، بە یادی تۆوە شادم
کە بارگەت بۆ هەوار تێکنا عەزیزم
شکا ئەستووندەکی تاولی مرادم

www.mamle.net

Mamle Art Center



### پەرستاری رەشپۆش

پزیشکم شەرمەزار بووە کە نەیتوانی بکا چارم
دەبێ هیوام بە مان چەند بێ کە رەشپۆشە پەرستارم؟
دەڵێی چۆنی؟ چلۆنت تێگەیێنم دەرد و ئازارم؟
بە ساغیش نەیتوانی هەستی من دەرببڕێ گوفتارم

### نالەی جودایی

ساقیا! وا بادەوە، وا بادەوە،
روو لە لای من کە بە جامی بادەوە،
موشتەری وەک من لە مەیخانێ کەمن،
زۆربەیان شاد و بە کەیف و بێخەمن،
مەی حەرامە بۆ سەهەندە و بێخەمان،
مەستی بێخەم بۆچی بگرن ئێخەمان؟!
ئەم شەرابە تاڵە دەرمانی خەمە،
لێی حەرام بێ ئەو کەسەی دەردی کەمە،
ئەم شەرابە ئاڵە بۆ بێدەرد نییە،
لێی حەرام بێ ئەو کەسەی رەنگ زەرد نییە،
بۆ کەسێکە مەی چزیلکی پێوە نێ،
بۆچی ملهوڕ لێرە بینی پێوەنێ؟!
بۆ کەسێکە مەی کە دەردی کارییە،
بێخەمێک بیخواتەوە زۆردارییە،
بۆ کەسێکە مەی، دڵی پڕ بێ لە داخ،
بۆچی لێی بخواتەوە بەرزە دەماخ؟!
ئەو کەسەی بێکەس نییە و خانە خەراب،
دەک بە ژاری ماری بێ بادە و شەراب!
ئەو کەسەی نەیچێشتووە دەردی ژیان،

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



ئەو کەسەی نەیدیوە ئێش و برک و ژان
ئەو کەسەی نەکرا نیشانەی تیری خەم،
شانی دانەخزا لە بن باری ستەم،
ئەو کەسەی هەستی بە زۆرداری نەکرد،
تیخی زۆرداری برینداری نەکرد،
ئەو کەسەی دەستی لە ئەوکێ بەردرا،
ئەو کەسەی دوژمن لە ماڵی دەرکرا،
ئەو کەسەی نەیبینی هاتی دوژمنی،
تیری یەخسیریی لە ئەستۆ دارنی
ئەو کەسەی هێندە نەبوو زویر و زگار
وا نەکەوتە بەر چەپۆکی رۆژگار
ئەو کەسەی نەیهاڕی بەرداشی زەمان،
ئەو کەسەی «زیرەی نەگەییە ئاسمان»
ئەو کەسەی دووری عەزیزانی نەدی
تیر و تانەی بێتەمیزانی نەدی
تۆزی بەدبەختی لە سەر شانی نەنیشت
لێی نەگیرا دەور و پشت و چوار تەنیشت
ئەو کەسەی خواردی و لە بن سێبەر رما،
شەو بە نیازی کەیف لە ماڵی خۆی نەما
بۆ دەبێ بێت و بکا مەیخانە تەنگ؟
شوێنی دیکە زۆرە بۆ گاڵتە و جەفەنگ.

**چاویلکە**

لەو دەمەی‌را دڵم لێی داوە بۆ ژوان
من دێوانەی چاوی جوانم، چاوی جوان
گەرچی خەڵکی وڵاتی چاو جوانانم
چاوی جوانم نەدی تێر بە چاوانم

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



هەتا لاو بووم چاوی جوانم لێ ون بوو
پەچە و رووبەند و چارشێوم دوژمن بوو
ئێستا پیرم و کەوتوومەتە ئاویلکە
چاوی جوانم لێ ون دەکا چاویلکە

**سازی ناساز**

بلبلی باڵ شکاوی وەختی گوڵم
هەر شەپۆلان دەدا دڵی لە کوڵم
کوردی بەندیی بەیانی نەورۆزم
گڕی گرتووە دەروونی پڕ سۆزم
موغی بێ ئاگری شەوی یەلدام
چاوەڕێی چارەنووسی ناپەیدام
کەوی بێ دەنگی نەوبەهارانم
گوڵی بێ ڕەنگی چاو لە بارانم
کونجی جێژوانی چۆل و خامۆشم
سێبەری نازەنینی ڕەشپۆشم
دەستی بەربووی کچی گەڕی شاییم
هەستی خنکاوی لاوی سەودایییم
کێلی گۆڕی شەهیدی گومناوم
تاکە داری کرووزی بێ ئاوام
دەفتەری شیعری شاعیری رووتم
شەمی سەرگۆڕ و داری تابووتم
کونی گیراوی کۆنە شمشاڵم
خەونی ئاڵۆز و خاتیرەی تاڵم
ژیلەمۆی ئاگری بەیانانم
باوکی فرمێسکی و کوڕی ژانم
باڵە سووتاوەکانی پەروانەم

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



شووشە بادەی بەتاڵی مەیخانەم
چڵە ریحانی دووره دێراوم
سازی ناسازی هەڵپەسێرراوم
تکەی ئاونگی سەر گەڵای زەردم
خەستەوو دەردەداری چی دەردم
ئاخرین تیشکی خۆری پاییزم
شاعیری پیری توورەوو زیزم
چۆن دەتوانم بە تۆ بڵێم من چیم؟!
خۆم گومانم هەیە کە هەم یا نیم؟!
هێمن

**لایە لایە**

رۆڵە رووناکی گلێنەی چاوم
بەندی جەرگ و دڵ هێزی هەناوم
ریحانەی بۆن خۆش سووره گوڵەکەم
ئاوپرشکێنەی کوڵی دڵەکەم
چۆڵەمەی ئەستۆم رەگی حەیاتم
هەنگوین وقەند و نوقڵ و نەباتم
خەوی خێرت بێ دەبنوو درەنگە
تا کەڵەبابەی بەیان بێدەنگە
هەی لایە لایە رۆڵە لای لایە
ئەوشۆ بەزەییت بە مندا نایە
ژیر بەوە رۆڵەی ژیر و جوانم
لە داخی لانک دەگری دەزانم
دەڵێی بۆ حەبسم بۆ دەستە بەستەم
بەو بەند و حەبسە من جەستە خەستەم
لە نێو کورد نەبێ دەسرازە نییە

www.mamle.net

Mamle Art Center



ئەو بەند و قوفڵ و قەڕازە چییە؟
رۆڵە من بیرم لە تۆ زیاترە
دەسرازە و لانک بتبێ چاترە
هەی لایە لایە رۆڵە لای لایە
گوێ گرە پێت بڵێم لەبەرچی وایە؟
بۆیە دەتپێچم تا خووی پێ بگری
نەک تا من ماوم لە بەندا بمری
راستە نەتەوەی شێری ژیانی
نەتەوەی پاکی گەلی کوردانی
بەڵام چونکە کورد ئەورۆ بێکەسە
بەشیان لە دنیا کۆت و مەحبەسە
بۆ چارەڕەشیت نەماوە ژینم
قەت پێم خۆش نییە مەرگت ببینم
هەی لایە لایە رۆڵە لای لایە
هەزار تێبینی دوارۆژم لایە
بۆت بەخت دەکەم عومری درێژم
سەد تاڵی و سوێریت لە سەر دەچێژم
نەمامی باڵات بە فرمێسکی چاو
شەو و نیوەشەو لێی دەنێم شەواو
سەد چاک و پیرت بۆ دەخولێمەوە
لە بن سێبەرت بحەسێمەوە
هەر پێگەیشتی دوژمنی زاڵم
دەبڕێ و بەزەی نایە بە حاڵم
هەی لایە لایە رۆڵە لای لایە
دەک خاکم بەسەر رەجم بە بایە
ئەوکاتە دەگەڵ کاکت دوو بە دوو
بکەن هاواری حەقی لە دەست چوو

www.mamle.net

Mamle Art Center



دەس دەنێو دەست نێن بە راو تەگبیر
یەکتان بە قەڵەم یەکتان بە شمشیر
پەشێو پێت خۆشە یەخسیر نەمێنی
سەربەستیت پێ بڵێم بکەویە شوێنی
قەڵەم دەست دەیە ببە مەکتەبی
وەخت و بێوەخت لە خوێندن نەبی
هەی لایە لایە رۆڵە لای لایە
هەزار تێبینی دوارۆژم لایە[1]

بە دەربەدەری یان لەماڵی خۆم
لە خاکی عەرەب، لە ئێران و رۆم
کۆک و پۆشتە بم رووت و رەجاڵ بم
کۆشکم دە قات بێ، وێرانە ماڵ بم
ئازا و رزگار بم شادان و خەندان
یان زنجیر لە مل لە سووچی زیندان
ساغ بم جحێڵ بم بگرم گوێسوانان
یان زار و نزار لە نەخۆشخانان
دانیشم لە سەر تەختی خونکاری
یان لە کۆلانان بکەم هەژاری
کوردم لە ریی کورد و کوردستان
سەر لە پێناوم گیان لەسەر دەستان
بە کوردی دەژیم بە کوردی دەمرم
بە کوردیش دەدەم وەڵامی قەبرم
بە کوردی دیسان زیندوو دەبمەوە
لەو دونیاش بۆ کورد تێ هەڵدەچمەوە

[1] دەگێرنەوە کە ماملێ بە بلاو کردنەوەی ئەو ئاوازە (لایەلایە) لە سەردەمی رژێمی تاغووتی شادا بۆ ماوەیەک کەوتە زیندانی کۆنەپەرستانی پەهلەوی لە شاری ورمێ.

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



هەژار

چارەڕەش بووم و لە ڕێی خاڵی ڕەشا بێچارە مام
دەک چ گیان سەختم کە من تا ئێستا هەر لەوبارە مام
من لەگەڵ مەجنوون هاوڕێ بووم لەڕێی شێتی و ئەوین
ئەو گەیی بەنیاز و من هەر بێدڵ و ئاوارە مام
بۆ هرووژمم کەوتە کار، شیری برۆ و تیری مژۆڵ
کون کونی دڵ دوور لە ئەژمار و جەرگ سەدپارە مام
گوڵبەدەن ئەمڕۆ لە گوڵزارا گوڵێ پشکووتبوو
گوڵ دەپشکووتن لە دەم سەرسامی ئەو گوڵزارە مام
بولبولێ لە دیاری گوڵ دڕکی لە قاچی رادەچوو
من بە دڵما چوو لە سەیری ئەو گوڵی بێخارە مام
شەو ڕەشی پرچت دڵی ساوامی وا دیوانە کرد
هەر لە منداڵیێوە بەو تارەوە پەتیارە مام
پێم دەڵێ ڕەنگ زەردی وەک لیمۆی هەژاری من وتم
ڕەنگ نەماوی ئەو نەمامی بەژنی لیمۆدارە مام
هەژار

شەوە لەو سەوزەزارە لەو دەم ئاوە
مەکۆی غەم لاچووە، دەمکوڵ چ ماوە
مەکە و لاچۆ و دەمانبینن بیانوون
بەیانە دەم بنێ ناو دەم نەماوە
شەوە دنیا وەکوو زولفت سیاپۆش
وەرە با دەردی دڵ بکرێن فەرامۆش
ئەگەر مردم لە خۆشیان، چاوی تۆ خۆش
بە سەرگەردانی ژێر گەردانەکەت بم
بەلاگەردانی باڵا جوانەکەت بم

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



ئەوە تۆم دی لەسەر کوشتەت دەکەی شین
بە گۆڕی چاوە پڕ گریانەکەت بم
شەوە ئەستێرە بە زریوەن لە سەرمان
لە مانگی رووت هەناسەم بۆتە خەرمان
تکەی ئاونگی کوڵمت تەڕ دەکا لێو
گەزۆ باری لە شەرمان و لە گەرمان

هەژار

**لە باغی ساوا**

یارە جوانەکەم، گوڵەی شۆخ وشەنگ
خونچیلانەکەم، دڵ گوشای دەم‌تەنگ
لە باغی ساوای پاوانی سینە
پەنجەم سەرگەرمی لیمۆ گوشینە
سەرکوڵمەی گەشت، برەو بەری گوڵ
خوا داویە بەشت گشت نیازی دڵ
زەرد و بێ‌تینم، شەتڵی خوێناوم
خەریکی شینم، تانە لە چاوم
زانیت دەمردم، بەو بەژنی باریک
رزگارت کردم لە ژیانی تاریک
ئەوشۆ وادیارە قەدری دڵانە
جەنگەی بەهارە مانگی گوڵانە
لە باغی...

هەژار

لاوەکان، گەورە کچان نازداران
دڵبەران، دڵتەڕەکان، دڵداران
دە مەڕۆن تاوێ بمێنن لێرە

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

**Mamle Art Center**



فاتیحایەکی بخوێنن خێرە
لە نێو ئەم گۆڕە هەژار نێژراوە
زۆر لە ڕێی ئێوە جەفای کێشاوە
ژینی خۆی کردە فیدای خۆشی کورد
لە ڕێی ئازادی بە ناکامی مرد
توخودا کاتێ کە ئازادیو سەند
ڕەگەزی خوێنمژەکانو هەڵقەند
کیژ و کوڕ هەرچی بە لاما لادا
پێم بڵێ و پایێ بە قەبرمدا دا
ئەی هەژار بەسیەتی مردن هەستە
موژدە بێ مەوتەنەکەت سەربەستە

هەژار

**مەیگێڕ**

لەم هاتنە بێهوودەیە بیرم شاشە؛
سەرباری خەمان بیر و خەمی ئەولاشە.
مەیگێڕا وەرە قوڵ هەڵکە گڵێنەت بێنە،
خەم چڵکی دڵە، بە مەی بشۆرین باشە.
بێ دڵبەر و مەی تەمەن بەسەرچوون هیچە
بێ ڕەنگی مەی و دەنگی بلوور بوون هیچە.
ئازاد و بە دڵخۆشی بژی چەند ڕۆژێک،
رابوێرە لە هیچ بیرمەکە، گەردوون هیچە.
مەیگێڕا وەرە بۆم تێکە ئەوا نیوەشەوە؛
بەس بیرێ لە مزگەوت و کەنشتان بکەوە؛
دڵتەنگی جەهەندەمی و بە ئاواتی بەهەشت،
دایناوە خودا کوێندەری، بەس لێکیدەوە.
دڵتەنگی مەرگ نابێ ئەوی لێزانە؛

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



ئەم مانەوەمان وچانی راگویزانە.
تێر سەیری گوڵت نەکردووە، بۆتەوە گڵ
لە شوێن گوڵەنەورۆزە، گەڵارێزانە.
زستانە هەتا روو دەکەمە مەیخانە،
هەر لاسکی گوڵە و لە دەوری ئاگردانە.
وەدیارە نەیاری جوان و رووخۆشە جیهان،
تۆڵەی دەمی پێکەنینە ئەم سووتانە!
ئەی خوایە لە کارت سەری زانا گێژە!
شیرنایی دەنێیە دەم دەڵێی: «مەیچێژە!»
خۆت جوانی دروست دەکەی، دەڵێی: «مەیبینە!»
پیالێکی پڕاوە، لاری کە و مەیرێژە!
مەیگێڕ! وەرە بۆم تێکە دڵم زۆر تەنگە.
کێ باشە؟ هەموو کەس دە رووە و سەد رەنگە!
با مەی بپەرستین و ئیتر واز بێنین،
تا وابێ موسوڵمانەتی شەرم و نەنگە.
مەیگێڕ! بە سەرت پردی سیراتیش کەڵە کە!
سەیرانی بەهەشت، سەیری دوو چاوی بەڵە کە.
زۆرم لە خودا ویست و کەمیشی نەگەیی،
هەر تۆبەیە دەمداتێ، ئەویش نەم گەرە کە!

خەییام بە کوردی، هەژار

### تەیری دڵ

تەیری دڵ بێ پەڕوپۆ تەپکە شکاویکی بەسە
چاوەڕێی تۆیە کە بێی، گەرمە سڵاویکی بەسە
مەڵێ زستانە جلی پیر و فەقیر پارە بووە
ڕۆژی ڕوت دەرخە هەتیو تۆزە هەتاویکی بەسە
پاییزە فەرمو تەماشا کە کەلانە و خوارم

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

www.mamle.net

Mamle Art Center



پیرە کەرویشکێ لە گوڕ کەوتبێ ڕاویکی بەسە
ئەو هەمو زولفە بە زەنجیری مەکە بۆ ملی من
تەیری وابێ پەڕوباڵ کەوتبێ داویکی بەسە
سەیید و پیر و فەقیرم وەرە لێم قەوماوە
بۆ منە ئەو مەسەلە باوەلێ باویکی بەسە
وا بەسەررِوتی‌یو پێخاووسی هاتۆتەوە لات
«کامیلت» جۆتە کلاشێک و کلاویکی بەسە
هێندە هەر هەاتم و چوم خۆزگە بە دۆم دەخوازم
پیرە دۆمێکی هەژار جاوە دڕاویکی بەسە

سەید کامیل ئیمامی (ئاوات)

**شەو**

نوری ڕوخسارت وەدەرخە دەردی بێدەرمانە شەو
زوڵمەتی زولفت لەسەر رووتە لە ڕۆژ میوانە شەو
دوێ شوکور مەردانە من ڕێم بردە ناو زولفی ڕەشی
تا بزانن خەڵکی مولکی دڵ؛ قەلای مێردانە شەو
هەر لە مەغریب تا بەیانی بێ وچان دێت و دەچێ
هەر لە دوی خورشیدی خاوەر وێڵ و سەرگەردانە شەو
کوێر و نابینایە ئێستا ئەو لە داخی ڕۆژی ڕوت
بۆیە ڕەش‌پۆش و فەقیر و مات و بەستەزمانە شەو
قەدری شەو چا بگرە چاوم، شەمع و پەروانە دەڵێن
سوز و گریەی شەمع هەر شەو، سوتنی پەروانە شەو
عاشق و مەعشوق لە ڕۆژدا خۆ دەپارێزن لە خەڵک
گەر پەنای چاکت دەوێ بۆ ئەو دووە؟ بڕوانە شەو
هەستە کامیل بەسیە بێداری بڕۆ لێی وەرکەوە
تا وڵات بێدەنگ و باسە و تا لە ڕۆژ میوانە شەو

سەید کامیل ئیمامی (ئاوات)

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



## شاری دڵ

من دەڵێم شاری دڵم باغ و گوڵستانە دەچم
عەقڵ ئەڵێ ناقەسەبەی شۆڕشی مەستانە نەچی
من دەڵێم نوختەیی ئەو ڕەوزیی ڕیزوانە دەچم
ئەو دەڵێ ناڕەشە جێ ڕاوگەیی شەیتانە نەچی
من دەڵێم مەسکەن و ئارامگەیی جانانە دەچم
ئەو دەڵێ سەریەسەری تێکچووە وێرانە نەچی
من دەڵێم جێگەیی هەر شێت و جنونانە دەچم
ئەو دەڵێ، نازەدەیی پەنجەیی پەریانە نەچی
من دەڵێم مەرکەزی ئەسراڕی حەریفانە دەچم
ئەو دەڵێ جێ تەمەعی چاوی حەسودانە نەچی
من دەڵێم وەختی خەتەر مەئمەن و قەڵغانە دەچم
ئەو دەڵێ کونکونە جێگەی سەر پەیکانە نەچی
لەم هەمۆ چون و نەچونە سەری سوڕما کامیل
من دەڵێم جوانە بچم، ئەو دەڵێ وا جوانە نەچی
ئاوات

## کاتی بەهار

کاتی بەهار چاوەکەم بێ بچینە باخی دو بە دو
گوڵ بچێنین بە هەردو دەس بێینە سەما و جوستوجو
ساقی بە هەڵپەرینەوە دێت و دەچێ لەنێو چەمەن
خونچە بە پێکەنینەوە دڵ دەڕفێنی زو بە زو
بولبول و قومری هەر تەڕەف سازی تەڕەب دەکەن، کەچی
لە شاخی گوڵ، لە داخی دڵ خۆ دەنوێنی کوندەبو
عەڕعەڕ و سەرو و ناڕەوەن پاکی بە دەم نەسیمەوە
بە ڕەقس و شەوق و زەوقەوە دێن و دەچن بە ئارەزو

Mamle Art Center



ئەدەب درا دەفی لەبەر تەرەب لە باخ و گوڵشەنا
لە لای بەشەر لەبۆ دەوا نەما حەیاو و ئابڕو
خۆشی یە، کەیفە، شادیە، بەزمە، هەرایە، چۆپی یە
بە عەشقی بوکی بولبولە خونچە کە بۆ کە دڵ خەسو
ڕاز و نیازی دڵ دەکەن بولبول و قومری پێکەوە
هەردو بەفکری بیکرەوە خونچە بە یەک دەدەن بە شو
هەر بە تەنێ «ئیمامی»یە بەش و بەهرە ماویەوە
خەرمەنی خەم بە بادەدا دەنگی ئەسەف دەکا بە تۆ
ئاوات

## کاتی بەهارە

کاتی بەهارە چاوەکەم، بێ بچینە باغی دووبەدوو
گوڵ بچنین، بە هەر دوو دەست بێنە سەما و جوستوجوو
ساقی بە هەڵپەڕینەوە، دێت و دەچێ لە نێو چەمەن
غونچە بە پێکەنینەوە دڵ دەڕفێنێ زوو بە زوو
بولبول و قومری هەر تەرەف سازی تەرەب دەکەن کەچی
لە شاخی گوڵ لە داخی دڵ دەنوێنێ کوندەبوو
عەرعەر و سەرو و نارەوەن پاکی بە دەم نەسیمەوە
بە رەقس و زەوق و شەوقەوە دێن و دەچن بە ئارەزوو
ئەدب درا دەفی لەبەر تەرەب لە باغ و گوڵشەنا
لەلای بەشەر لەبۆ دوا نەما حەیا و ئابڕوو
خۆشیە کەیفە شادیە بەزمە هەرایە چۆپییە
بە عیشقی بووکی بولبولە غونچە کە بووکە دڵ خەسوو
ڕاز و نیازی دڵ دەکەن بولبول و قومری پێکەوە
هەردووک بە فیکری بیکرەوە غونچە دەدەن بە یەک بە شوو
هەر بە تەنێ ئیمامیە بێبەش و بەهرە مایەوە
خەرمانی غەم بە با دەکا دەنگی ئەسەف دەکا بە توو

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



ئاوات

## دەرسی عەشق

موددەتێکە من گرفتارم بە دەس سەوداتەوە
بووم بە داوی چینی زولف و پەرچەمی تاتاتەوە
مەنعی قوللابی موژەی ناکەم لە راکشانی دڵ
بۆ ئەسیری چاوی مەستی پڕ خەوی ئەیباتەوە
وا سەرم دانا بە عەزمی بەردەبازی رێگەکەت
مەرهەمی دەردی سەری من وا بە گەردی پاتەوە
گەر دەپرسی حاڵی پەروانەی دڵم دوور بێ لە رووت
وا لە سۆزشدا لە سایەی شەوچرای گۆناتەوە
چاوی خوێنخواری بە خوێنم فێرە وەک لێوی بە مەی
لێگەڕێن ئێوە و خودا ئەو شۆخە با بیخواتەوە
شاهی چاوت مولکی سەبر و تاقەتی بردم بە زۆر
مەسحەفی رووی تۆ بە گژیا چێ ئەگەر نەمداتەوە
مێشی خاڵت نافڕێ بەس باوەشێنی کە بە ناز
چونکە پابەندە بە شەهدی شەککەری گۆناتەوە
شین و واوەیلایە ئاساری قیامەت هەڵدەسێ
گوڵبەدەن ئەمڕۆ بەرەو مەشریق ئەگەر لاکاتەوە
لەب شەکەر فەرموو بە زولفت باوەشێنی با نەکات
مێشی روحم گەر بنیشێت وا بە قەندی چاتەوە
خەتتی دەرسی عەشقی نازی وەک روقوومی خاڵەکەت
وا بە لەوحی گەردنی بێگەردی وەک میناتەوە
کاکە حەمەی بێلوو (ناری)

## شیرین بەهارە

بێ دابنیشین لە بن هەناران

Mamle Art Center



کۆڕێ ببەستین چون مەیگوساران
با ساتێ ناوی لە یادا نەبێ
مەرگی جوانان گریەی هەژاران
بێ دابنیشین لەبن داری بەی
نەختێ بنۆشین لە خۆشاوی مەی
ئەوجا دەزانی کامیان جوانن
بەی رەنگی گەردن، مەی رەنگی گۆنەی
بێ با بۆت بکەم باسی جوانیم
رۆژانی بەرخیم، شەوانی شوانیم
کۆرپەی ئازیز بووم، شوانکارەی شادی
ژیام بە خۆشی، هەتا توانیم
ژیام سەردەمێ بە کەیف و خۆشی
بە شادی کڕین بە خەم فرۆشی
هەتا توانیم روومەتم مژی
تاکوو پێم کرا شەڕابم نۆشی
ئەوساکە چوومە ریزەی دڵداران
پێی وتم سەردار هۆزی هەژاران

ئیبراهیم ئەحمەد

## گوڵی گوڵشەن

چاوەکەم ئەمڕۆ لە گوڵشەن گوڵ بە عیشوە خۆی نواند
نەک نمەک گیر بم بە مەرگی تۆ قەسەم هیچ نەمدواند
گوڵ بە تۆزی پاتەوە لاف و گەزافی لێدەدا
وا شکور سۆزەی نەسیم هات و ئەویشی لێ ستاند
نەشتەری موژگانی تۆ هاتۆتە سەر سەفحەی دڵم
هەر خەتێ بوو غەیری خەتتی سەوزی تۆ پاکی کڕاند
لەشکری ئاهم لەگەڵ جەیشی حەبەش دەعوا دەکا

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



حیرەتم ماوە کە چۆن ئەو دلبەرە دلمی رفاند
بۆ گولی رووت ماتەمی پەرچەم دەبینێ بۆیە وا
ماهی نەورۆزم بە شیوەن وەم محەرڕەم خۆی نواند
تۆ لە ئەووەڵ گۆی وەفات هێنایە نێو مەیدانەوە
ئێستە چەوگانی خیلافت پشتی سەد وەعدەی شکاند
تۆ خودا قەت غیرەتە بۆ تۆ ئەرێ سەروی رەوان
گول بە بێ تۆ وا لە باغا خێوەتی خۆی لێ‌چەقاند
با وجود ئینساف بدەم چاکە گولیش موشتاقتە
هەر لە شەوقی تۆیە سەرپۆش و گریبانی دڕاند
هەرکەسێ مایل بە پیریکە و تەریقێکی هەیە
تۆ بە شوعلەی غەم "حەریق" وا وەجاغت هەلگڕاند
حەریق

کچم

کچم مایەی ژیانم، یادگاری
شەبابم، نۆبەرەی شیرینی داری
غەرامی کەم دەوامی عومری لاویم
دلۆپی خوێن گەرمی ئاگراویم
غونچە گولەکەم بەندی دڵەکەم ژاکاوی
باغەوان ئیشتبای کرد ئاوی داوی
جگەر گۆشەی عەزیزم نووری چاوم
سەری تالە دەزووی ئامالی خاوم
چ زوو مردی، کچم هەیهات کچی خۆم
چ زوو مردی، چ زوو کەوتیە بن گۆم
غونچە گولەکەم بەندی دڵەکەم...
چ زوو کەوتیە بن گۆمی عەدەم، خۆ
بە ئۆخەی تەڕ نەبوو لێوم، وتم: ڕۆ

www.mamle.net

Mamle Art Center



دەمێ پشکوتی تێر بۆنم نەکردی
گولاڵەی خۆشەویست دەرلەحزە مردی
غونچە گوڵەکەم ....
کچم خۆ تۆ نەماوی تا ببینی
کە باوکت چەن بە ناسۆرە برینی
نە تۆی پێ دیتەوە، نە عەقڵی ئەبڕێ
لەسەر تۆ کام یەخە کام ئەستۆ بگرێ
غونچە....
کچم تەنیا گوڵم، نەئشەی ژیانم
دڵی شادم، تروسکەی چاوەکانم
کچم رووحم، کچم هەیهات، هەیهات
چ کۆچێ بوو، چ کۆچێ وا کش و مات
غونچە....

گۆران

**فەوزیە**

وەرە سەر دەرکە وەکوو مانگ لە سوێ
گوڵەکەم تاوێ لە گەڵ من بدوێ
وا لە ڕێتا سەری سەرگەردانم
چاو بە فرمێسکەوە لێت دەڕوانم
دڵ بە ئاواتەوە دێتەوە لات
سەری داناوە لە رێی هات و نەهات
فەوزییە تاقە گوڵی نێو شاری
پەیکەری جوانی، ئەتۆ گیانداری
ئەو جووتە لیمۆ کە لە سەر سینگی تۆن
ویست و دڵخوازی منی تامەزرۆن
چ بڵێم چەندە سروشت ئارەقی رشت

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



تا وەها جووتە مەمی تۆی دارشت
تەمەنت گەییە چاردە بە خەیاڵ
تازە زەرد هەڵگەڕاوە لیمۆی کاڵ
سینگ و مەمی تۆ بڵێ نەک زیڕ و زیو
زیڕ و زیو کەی بووە وا نیشە بزیو...

خالید حیسامی (هێدی)

**فاتمە**

فاتمە دوو چاوی مەستت پڕ تەلەسمی جوانییە
پڕ شەڕابی خۆشەویستی و عارەقی یەزدانییە
بەژن و باڵاکەت نموونەی هەیکەلی یۆنانییە
لار و لەنجەت مۆسیقایە، بەستەیە، گۆرانییە
گەرچی دڵداری لە خاکی ئێمەدا ئەفسانەیە
هەر بە تەنیا بۆ کوڕی خاوەن تەلار و عانەیە
گیانەکەم ئەمما دڵی من لەو دڵە شێتانەیە
بێ ئەوەی هیچ شک بەرێ کوژراوی ئەو چاوانەیە
بووکی رازاوەی خەیاڵم گیانەکەم ست فاتمە
سەروەتم ناوێ بزەی تۆ ئەوپەڕی ئاواتمە

ئەحمەد هەردی

**بگری**

دایە گیان بگری لە سەر خاکم کەوا شینم دەوێ
زۆر بگریە دایە گیان فرمێسکی خوێنینم دەوێ
من گوڵی سەد ئارەزووی ژینم لە خاکا خەوتووە
خاکی مەیدانی خەبات رەنگینی خوێنی من بووە
دامەنیشە دایەگیان بۆ هاتنی من چاوەڕێ
دڵنیا بە،بەسیەتی، بۆ دەنگی درگا مەگرە گوێ

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



دایە گیان سوێندم بە فرمێسکی گەش و ئێشی دڵت
دایە گیان سوێندم بە جەور و مەینەتی بێ حاسڵت
من دەمێکە جەرگی سووتاندووم هەناسەی سەردی گەل
دڵپڕی کردووم خەمی دەسکورتی و ڕەنگ زەردی گەل
من کوڕی کوردی شەهیدی ڕێی خەباتم دایە گیان
کۆتری خوێنین پەڕی باخی وڵاتم دایە گیان
هەر وەکوو بێگانەیێ دڵ پڕ لە ناکامی و گرێ
لەم هەموو دەستە نەبوو دەستێ، کە بێ و دەستم گرێ
من لە شاری خۆم غەریب و بۆهەموو بێگانە خۆم
کۆتری کوژراوی ڕێگای لانە خۆم، بێ لانە خۆم
دایە گیان بگری لە سەر خاکم کەوا شینم دەوێ
زۆر بگریە دایە گیان فرمێسکی خوێنینم دەوێ
دایە گیان ئەو کیژە وا ئەتویس بە بووکی تۆ ببێت
خۆت بدە پیشانی جارێ با بە هیوای من نەبێت
تاکوو بتبینێ کە ڕەشپۆشی لە سەر تا پاتەوە
بەلکوو بڕوا دڵنیا بێ و من لە بیرەو باتەوە
دایە گیان بگری لە سەر خاکم کەوا شینم دەوێ
زۆر بگریە دایە گیان فرمێسکی خوێنینم دەوێ
شەریف

**دەردی دووری**

دەردی دووری زۆر گرانە دڵبەرا هیجران بەسە
دڵ وەکوو پەروانە سووتا چاوەکەم سووتان بەسە
عاقلان شەیدا دەبن رووبەندی سەر روو لامەدە
عاشقان کوشتەی جەفاتن قەتلی مەزلوومان بەسە
مورغی دڵ پابەندی دانەودای خاڵەوزولفی خاو
گیری بەندیخانە تاکەی بێ ئامان بەسە

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



هەرچی بووم بردی بەتالان تورکی مەستی چاوەکەت
تاقەت‌وسەبر و قەرارم پێ‌نەما تالان بەسە
شاهیدم فرمێسکی خوێنینە کەتۆ جەرگت بڕیم
عاشقی رووتم ئەگەر تەقسیرە گەر تاوان بەسە
ئێستەکەش مەجنون ولیلێ هەن لەعەسری تازەدا
شێت‌وسەرگەردانی تۆم،حەیرانی تۆم،حیرمان بەسە
گەنجی عیشقت پڕبە ویرانەی دڵە ومن پێم کەمە
تا زیادبێ چاوەڕێی دیشم مەڵێ ئیحسان بەسە
گەر قسەی عیشقی گوڵ وبولبول لەلات ئەفسانەیە
تۆ گوڵی خەندان وئەمنیش بولبولی گریان بەسە
ئاورت‌بەردا دڵ‌وگیانی حەقیقی چاوەکەم
دەردی بێ‌درمانە عیشقت دەردی بێ‌دەرمان بەسە
حەقیقی

لە دەوری خاڵەکەی کولمی کەمانی زولفی باداوە
لەسەر تەسویرەکەی ئادەم، مەلەک سەد عوزری هێناوە
کە شەیتان تاقی میحرابی برۆی تۆی دی وتی یاڕەب
لە سوجدەی حەزرەتی ئادەم سەری خۆم بۆچی باداوە؟
لە حەققی مەقدەمی حاجی قوڕی کوێ بکەم بەسەرخۆمدا
گوڵێکم بوو لە دنیادا ئەویش بەینێکە تۆراوە...
حاجی قادری کۆیی

بشنو از نی چون حکایت می‌کند
از جداییها شکایت می‌کند
کز نیستان تا مرا ببریده‌اند
از نفیرم مرد و زن نالیده‌اند

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

www.mamle.net

Mamle Art Center



سینه خواهم شرحه شرحه از فراق
تا بگویم شرح درد اشتیاق
نی حدیث داد پرخون می‌کند
قصه‌های عشق مجنون می‌کند

مەولانای رۆمی

دانه فلفل سیاه و خال محبوبان سیا
هردو جان سوزند اما این کجا و آن کجا
؟

بە عەهدی خۆم ئەمن شەرت بێ وەفاکەم
دەبا هەر بێ‌وەفا بێ ئاشناکەم
ئەگەر رۆژم نەبوو کەس ئاشنام نین
هەموو نائاشنان کاک و براکەم
کەسێکی دی عەبام ناخاتە سەرشان
ئەگەر تۆزێ دڕا شانی کەواکەم
ئەوەی وەک کێو دەبینی کایە گشتی
کە بێم خەرمانەکەم کاتێ بە با کەم
لەبەر پەروانە دەورم چۆڵ نەبوو قەت
هەتا شەوقێکی بوو چۆڵە چراکەم
نەکوو ئەو یارە گەرد بگرێ دڵی لێم
دەبوو گیانیش و مالیشی فیدا کەم
دەزانی چەندە چاک بووم من لە گەڵ دۆست
کەچی هێستا نە خۆم چاکم نە چاکەم
کەچی هێستاکە هەر ئەو نابرایە
دەڵێ نەمدیوی نات‌ناسم براکەم

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

دەڵێم تەرکی هەموو کەس کەم لە داخا
هەتا مەجبوور نەبم هەر بێم و راکەم
لە ئاوی چاوما غەرقم بڵێم چی
لە خۆم خنکاوترە خۆ ناخوداکەم
ئەگەر رۆژم نەبوو رووی لێم نییە کەس
سەید وەک رۆژپەرستە ئاشناکەم

سەید عەبدولقادر سیادەت (سەید)

قەتاریک هاتوە گەوهەر باریەتی
خورشیدی خاوەر سەرقەتاریەتی
سەر بە هەوای عیشق خەرامانەوە
دڵ بە غەم و دەرد بێسامانەوە
بە تۆز و غوبار لێو بە گەردەوە
بە فرمێسکی ئاڵ رەنگی زەردەوە
بە هەموو جلکی گەوهەر بارەوە
بە شۆخ و شەنگی و لەنجە و لارەوە
گوڵ بە شاباشی مەردی میوان کەن
پێشکەشی باڵای لەعل و مەرجان کەن
وتی ئەی خورشید شای خاوەر زەمین
پێشکەشی باڵات هەموو مولکی چین
... تۆفیق بدەی پێم رەببەلعالەمین
شاد بم بە وەسڵی خەرامانی چین

گۆشەی عێراق لە مایەی ئەفشاریدا

ئەوشۆ نەبوو شەوێ دینێ
بە خەیاڵ چوومە مەدینێ
خزمەت پەریزادی چینێ

www.mamle.net

**۱۰۸/ یادی بەخێر**

دەڵێن هات رابرد گەردن بە خاڵ
نامدەنێ ئەسمەر چاوکاڵ
دیسان عاشقان مەجلیسیان گرت
بە عام ناردیان ساقی‌یان بانگ کرد
ساقی مەست بوو پیاڵەی هەڵگرت
دەڵێن هات...
قوربانت بم ئەی بای وادە
چادرێ لەسەر یارم لادە
قەرەداغی و حاجی زادە
دەڵێن هات...

گۆشەی غەمانگیز لە مایەی دەشتی، لە دەستگای شووردا

تا بەکەی وەک نەی بناڵم یارەکەی بێ‌مروەتم
تۆ خەریکی عەیش و نۆش و من دوچاری زیللەتم
ناحەقیت کرد و شکاندت ئەو دڵەی کوژراوی خۆت
سەیلی موژگانت بە خوێنە خوێنی جەرگی لەت‌لەتم
گەر بە هیوای قەتڵی من بی هانێ خەنجەر بمکوژە
خۆشترە مردن لە ژینی پڕ لە جەور و میحنەتم
سێ گاه

ئەوەندەم سەبر کرد تاقەت لێم برا
ماڵ سەبر شێوێ پەردەی دڵ درا
یارەب تۆ ئەو حەجە و کەلامولڵاکەی
ئەو غەمەی لە دڵم تەرت و توونا کەی
تۆفیق بدەی پێم رەببەلعالەمین
نە فەخفوور ماوە نە خاقانی چین
وەرن مەشکێنن شووشەی مەینەتم
هەم دنیاشم چوو هەم قیامەتم

www.mamle.net

Mamle Art Center



شەرتە پۆستی دڵ وەبان کاڵەکەم
شەو هەتاکوو ڕۆژ ئاه و نالەکەم
بێژن وە گوڵاڵە سوورەکان سەر دەرنەهێنن لە خاک
چونکە دڵەکەی من نیشتووە غەمناک

ئاوای ئەبووعەتا لە دەستگای شووردا

ڕەنگ‌زەردی خەزان خەتای پاییزەن
ڕەنگ زەردییەکەی من دووری ئازیزەن
دەبا بسازیین غەم بۆچی زیز بووی
بە بێ تەخسیری دامەن گیرم بووی
غەریب لە شاران غەریب دیارەن
جێگای غەریبان گۆشە و کەنارەن

مانگی یەک‌شەو بۆیە دایم زیاد ئەکا و ئەشنێتەوە
تا جوان رووی خۆی وەکوو رووی تۆ بڕازێنێتەوە
تا دەگاتە چواردەهەم شەو تێدەگا ناگا بە تۆ
جا لە داخان وردە وردە کەم ئەکا و ئەتوێتەوە

شیعری کەمالی

شەرتم ئەو شەرتەن دەگەڵ تۆم کەردەن
خۆ من بازگەشت نیم هەتا ڕۆی مەردەن
وەرن مەشکێنن شووشەی مەینەتم
هەم دنیاشم چوو، هەم قیامەتم

وێڵ و ئاوارەم لە بێستوون یار و هەمدەم تیشەمە
یاری من چوو ژێر نیقابێ دینی وی ئەندێشەمە
بەختی بەد ڕێگای ئومێدی بەستووە لە من و لە یار
بۆیە ڕۆژ و شەو لە دووری شین و گریان پیشەمە

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



جۆگەلەی خوێنێک دیارە وا بە سەفحەی ڕوومەتم
خوێن بە خوڕ بایێ، بەڵام من تەنیا ئەو خواهیشەمە
بەسە با چیدی لە باغی وەسڵی تۆ بێبەش نەبم
مەشکێنە چی دیکە توخودا ئەو دڵەی وەک شووشەمە

بیکە بۆ خاتر عیشقی لە دەست چوو
سەرت هەڵێنە ئاورم تێبەر بوو
پێم گوت ئەی سەنەم من عوزر خواهم
بەخشە بە من جەور و گوناهم

بیکە بۆ خاتر سەییدی تەهای شەمزین
ڕوحمت بێ بۆ حاڵ ئەو دڵەی غەمگین

## کانی ئاسکان

لە کانی ئاسکان، کۆمەڵێک کیژ هاتنە خوار
تاق و جووت کەوتوون وەکوو ڕیزەی قوڕینگ بەستیان قەتار
کیژ بە عام هاتوونە سەرکانی لە چاوان کۆرە بم
بۆچ نییە ئیمڕۆ عەزیزی من لە نێو کیژان دیار
من بە قوربانی قەدت بم بۆچی وا ڕەعنا دەڕۆی
تاووسی باغی بەهەشتی یا بە عەمدەن وا دەڕۆی[1]

---

[1] لە پیرەپیاوێکی ئاوایی (لکبن)م بیستووە دەیگوت: لە ئاوایی پسوێ سەعیدی ماملێ لەگەڵ کوڕی هەرەگەورەی، حوسێن، بۆ زەماوەندێک بانگ کرابوون. لای ئێوارێ دۆستانی مام سەعید داوای چەند گۆرانییەکیان لە مام سەعید کرد. منیش ئەوکاتە لاو بووم زۆرم حەز بەوە دەکرد کە کەسێک گۆرانی دەڵێ بچم لە لای دانیشم. مام سەعید چەند ئاهەنگێکی وەفایی گوت. زۆرم پێ سەیر بوو کە مام سەعید بەم پیرییە خاوەنی ئەم دەنگە خۆشە بێ. لەناکاو مام سەعید تێی هەلکردە گۆرانی «کانی‌ئاسکان»، کە بەڕاستی کەف‌وکوڵی خەمی پیاوی دادەمرکاند. بەرزایی دەنگەکەی بە چەشنێک بوو کە ئەگەر لەوسەری گەڕەک بای، گوێبیستی دەبووی و لێی حاڵی دەبووی. هەرکە دوو دێڕی تەواو دەکرد دەیگوت: یادت بەخێر وەفایی. کاتێک گەیشتە دێڕی ئاخری ئاهەنگەکە، لە نیوەیدا ویدەچوو کە

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



ژاراوی دووری ئازیز دەنۆشم    دەنگی ئازیزم نایە لە گۆشم
خۆراکم خەفەت ژینم میحنەتە    بێ تۆ حەیاتم لەلام زەحمەتە
سەرم نا لەسەر گلکۆی تازەوە    بە حەسرەتێکی بێئەندازەوە

چاوەکەم دیسان نیشانەی تیری موژگانم مەکە
حەیفە بێسووچ و گوناهم، تیرەبارانم مەکە
دەردی من دەردی گرانە ئەی تەبیبی میهرەبان
زەحمەتی ناحەق مەکێشە تازە دەرمانم مەکە
رەهزەنی زولفت بفەرموو لێم گەرێ بێم و برۆم
بێنەوام و ئارەزووی ئازار و لێدانم مەکە
تاقەتی باری پەریشانی فیراقت موشکیلە
دور لە رووی تۆ هەر وە زولفت پەریشانم مەکە
دەستگای شوور

هەر بەستەزمانی بەستە زمانم    بە ئێشی دەردی تازە دەزانم
رەنجەرۆی کردوم وەدوای ناکەوم    سالەهای سالە بەدبەختی ئەوم
ئێستەش کە دەرۆی هەر نامراد بی    هەر لێوبەباری رەنج خەساران بی
بەیاتی ئیسفەهان

مەلان ئەو مەلەن دەدەن لە دەورم
مەگەر قەلەکان هەلکەنن قەبرم

---

مامسەعید بێتاقەت بووە لە ناکاو دەنگێک بە شێوەی دەنگی مامسەعید لە دوورەوە سەرنجی مەجلیسی بۆ لای خۆی راکێشا، دەنگەکە هەر دەهات و نیزیکتر دەبۆوە. هەتا وەژوور کەوت، راست چوو لای مامسەعید دانیشت. کاتێک تەواو بوو سەعید دەستێکی بە سەریدا هێنا و گوتی: هەرکەس لە بنەماڵەی ماملێ دەنگی خۆش نەبێ لە بنەماڵەی ئێمە نییە... کە پرسیارم کرد ئەو لاوە دەنگخۆشە حوسێنی ماملێ بوو. پاشان حوسێن بە پێکەنینەوە گوتی: زانیم بابم وردە وردە دەیهەویست بێتەواو کردنی ئاهەنگەکە راوەستێ، بۆیە منیش هەر لەوێرا بۆم گێراوە، چونکە باوکم قەت وا نەدیبوو.
سمایلی ماملێ، توێشەبەرەی هونەری ماملێ.

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center

**١١٢/ یادی بەخێر**

خۆزگەم بە مەلان هەر شەو لە دەورێ
نەوەک دلی من کۆست کەوتووی یارێ

چەند شاران گەڕام چەند خاکەساری
بووم بە شوانەکەی حەق نادیاری
(ئای غەریبم... ئاخ)
تاووسی چەترباز، تاوسە شینەکەم
ڕەوشەنی حەیات، دنیا و دینەکەم
ئاخ غەریبم ئاخ...
یاڕەب تۆو حەجە و کەلاموللاکەی
ئەو غەمەی لە دلم تەرتوونا کەی
(ئاخ غەریبم...)
غەریب لە شاران، غەریب دیارەن
جێگای غەریبان گۆشە و کەنارەن
(ئاخ... غەریبم)

ئەوشۆکە دیسان دەروون پڕ خەمەن
کاروانی خەمان لە لامان جەمەن
ساقی سا دەخیل وە فریادم ڕەس
وە رووی نازەوە جام بگرە وەدەس
بۆ گولالەی دل دلبەر عەزیزن
مەزەی تالی خەم، یاران لەزیزن
چەند وەختە دلم غەمگینی لەیلن
وا دیارە لەیلا بێ‌ڕوحم و مەیلن

نامەکەت پڕسۆزە دیارە هەستی دلداریدەکەم
شەرتە تا مردن لە دلما عیشقی تۆ خامۆش نەکەم

www.mamle.net

Mamle Art Center



شەرمی تاراندووە لە من ناز و عیشوەی دلبەرم
زۆر نەفام بووم نەمدەزانی من بە رازت پەی بەرم
چاوەکەم چاوت هەڵێنە وا زەلیل کەوتوومەوە
خۆ ئەمن مردبووم و بە عیشوەت ئەڕۆ زیندوو بوومەوە
عیشقەکەت مایەی ژیانم قەت لە دڵ دەرناکرێ
جا بە جارێک مەمکوژە ئەی گوڵ خودا هەڵناگرێ

شەرت بێ گوڵی کەس نەکەم بە بۆوە
تا گوڵم بۆ دێ لە خزمەت تۆوە

ساڵەهای ساڵە من رەنجبەری تۆم
بە نان و ئاو و جل‌وبەرگی خۆم

ساڵەهای ساڵە غەمم رەفیقە
شادی بێ‌مەیلە، بێ بە دەقیقە

**لاوە هەی لاوە**

ئەگەر گیان کێشان وەک دووری تۆ بێ
یا خودا بە نەسیب گاوری سەر کۆ بێ
ئاخ لاوە هەی لاوە، کەسم هەی لاوە
بۆ رەزای خودای، روو بکە بەم لاوە
سەران چوون هەوری، پاوان چوون پاوە
خۆ تۆ بەهەشت نی، بە رووی دنیاوە
لاوە هەی....

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



## ردەیفەکان، گۆشەکان و مەقامەکانی مۆسیقای ئێرانی

لە موسیقای ئێرانیدا رەدیف پایەی بنەڕەتییە و هەر دەستگایەکی موسیقی لە چەند قەتعە و گۆشە پێکدێ کە پێی دەگوترێ رەدیف.

ئوستاد روحالە خالقی لەبارەی رەدیفەکانی موسیقای ئێرانیدا دەڵێ:

(لە کتێبە کۆنەکاندا لە پەیوەندی دەگەڵ موسیقای ئێرانیدا دوازدە مەقام دینە ژێر باسە: "عشّاق، نوا، بوسلیک، راست، عـراق، اصـفهان، زیرافکنـد، بـزرگ، زنگوله، راهوی، حسینی، حجاز."

هەندێکیش ناوی چەند دایرەش دەخەنە سەر ئەو مەقامانە کە ناویان بەم جۆرەیە: زنگبار، گلستان، بهار، عذری، وامق، زیرکش، حسینی، نهفت، حجاز.

هەروەها ناوی شەش ئاوازیش بەو شێوەیە دێـنن: گواشت، گردایـنـا، سـلمک، نوروز، مایه، شهناز.

لەسەر ئەوانەش ٢٤ شوعبە نووسراوە: دوگـاه، سـەگـاه، چهارگـاه، پنجگـاه، عشیران، نوروز خارا، نوروز بیانی، نوروز عرب، نوروز صبا، حلاّر، نهفـت، غزال، اوج، نیریز، مبرقع، ماهور، همایون، زابلی، اصفهانک، نهاوند، محیـر، خوزی، رکب، روی عراق.

کە چەند ناوێکی دیکەش لە کتێبـە کۆنەکانـدا باسیان کـراوە. وەک: مقلـوب (مغلوب)، بسته نگار، نیشابور (نیشابوری)، و کوچک.)

بەڵام کاتێک چاو لە دیوانی شاعیرانی فارس بکەین زۆر نەغمەی موسیقایی هەن کە وەبەرچاو دێن کە لە کتێبە عیلمییەکاندا (عیلمی مۆسیقا) نابیندرێن و چونکێ زۆربەی ئەو ناوانە فارسێکی رەسەنن، یادگارێکن لە موسیقای مێژنەمەندی ئێران (یانی هی سەردەمی بەر لە ئیسلام). هەرچەندە کە دیـاری نـەکراوە و تەنانـەت دیاری ناکرێ کە ئەو نەغمانە چ بوون، بەڵام چونکێ وەبیر هێنەوەی بیرەوەرییە مێژوییەکانی موسیقای کۆن و رەسەنی ئێرانین، ناویان دەبەین: خسروانی، آئین جمشید، نوروز بـزرگ، سروسـتان، جامـەداران، بـاغ سیاوشـان، پـالیزان،

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



گل‌نوش، مشکدانه، نخجیرکان، نوش لبنیان، نهاوندی، ناقوسی، حقه کاوس، سیوار تیر، تخت اردشیر، کین ایرج، نوروز کوچک، روشن چراغ، گنج‌آباد، شادباد، دل‌انگیزان، آزادوار، مهرگانی، کبک دری، سبزه در سبزه، راح روح، شیشم، تخت تاقدیس، مروای نیک، باغ شهریار، کین سیاوش، شب فرخ، نیمروز، گنج‌کاو، سبز بهار، چکاوک، سرو سهی، اورنگسی، اورامن، نوشین باده، هفت گنج، قالوسی، قفل روی، شبدیز، کیخسروی، باغ شیرین، فرخ روز، گلزار، گنج سوخته، راه گل، در غم، سروستا، آرایش خورشید، شادروان، مروارید، دلنواز، رامش جان، ماه بر کوهان، زیر قیصران، ساز نوروز.

ئەگەر بێتوو هەندێک لەو ناوانەی کە دووپات بوونەوە وەلانێین، هێستاکانە زیاتر لە سەد نەوای موسیقا کە بە تەنیا ناویان ماوە، وەبەر چاو دێ. هەڵبەت هۆی جۆراوجۆر بۆ لە ناو چوون یان ئاڵوگۆڕی ئەو نەغمە و نەوایانە دیاری دەکرێ کە گرینگترینیان ئەو دووانەن:

١ـ هرووژمی بێگانەکان ٢ـ نەبوونی رێنووس و دەسخەتی موسیقایی

پاش ئەوە کە دەگە نەغمە قەدیمییەکانی ئێران ئاشنا بووین، باسی دەستگاکانی ئەورۆی موسیقای ئێران دەکەین. لە حاڵی هێستادا موسیقای ئێرانی بە حەوت دەستگا دادەندرێ:

١ـ شور ٢ـ سێ‌گا ٣ـ چوارگا ٤ـ هومایوون ٥ـ ماهوور ٦ـ نەوا ٧ـ راست پەنجگا

١ـ دەستگای شوور

درآمدها، گوشه رهاب (راهوی یان رهاوی)، نغمه زیرکش، سلمک، گلریز، صفا، بزرگ، دوبیتی، خارا، قجر، ملانازی، حزین، عزال، مجلس‌افروز، شهناز، قرچه، رضوی، عاشق کش، حاج حسینی، بسته نگار، قطار، قرائی، بیات ترک، دوگاه، فیلی، شکسته، جامەدران، مهدی ضرابی، روح الارواح،

www.mamle.net

Mamle Art Center



ابوعطا (سارنگ) و سیخی، حجاز، چهارپاره (چهارباغ)، گبری (گوری)، دشتی[١]، بیدگانی، گریلی، افشاری، گوشه عراق، مثنوی

٢ـ دەستگای ماهوور:

درآمدها، داد، مجلس‌افروز، خسروانی، دلکش، خاوران، طرب‌انگیز، نیشابوری، نصیرخانی (توسی)، آذربایجانی، فیلی، زیرافکند، ابول، حلاّر، ماهور، نیریز، نهیب، عراق، محیّر، آشوراوند، اصفهانک، حزین، نغمه، زنگوله، راک کشمیر، راک عبداله، ساقی‌نامه، صوفی‌نامه، کشته مرده

٣ـ دەستگای چوارگاه

درآمدها، پیش زنگوله، زنگوله، زابل، بسته نگار، مویه حلاّر، مخالف، مغلوب، حدی، پهلوی، رجز (ارجوزه)، منصوری

٤ـ دەستگای سێ‌گاه

درآمدها، زابل، مویه، زنگ شتر، رهاب، مسیحی، شاه ختایی، تخت تاقدیس

٥ـ دەستگای هومایوون

درآمدها، موالیان، چکاوک، طرز، بیداد، نی‌داوود، باوی، ابوالچپ، لیلی و مجنون، راوندی، نوروز عرب، نوروز صبا، نوروز خارا، نفیر، شوشتری، جامه‌دران، بختیاری، موالف، عزال، دناصری، بیات اصفهان، بیات راجه (راجع)، سوز و گداز، راز و نیاز، مثنوی

٦ـ دەستگای نەوا

درآمدها، گردانیه، نغمه، بیات راجه، عشاق، حزین، نهفت، گواشت، عشیران، نیشابورک، مجلسی، خجسته، حسینی، ملک حسینی، بوسلیک، نیریز[١]

---

[١] له موسیقای ئەورۆدا نەغمەکانی گیلکی، غم‌انگیز، دشتستانی، حاجیانی و چوپانی‌ش لە ئاوازی دەشتیدا ڕەواجیان هەیە.

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



٧ـ راست پەنجگاه

درآمدها، زنگوله، پروانه، نغمه، روح افزا، خسروانی، پنجگاه، سپهر، عشاق، نیریز، بیات عجم، مبرقع، قرچه، بحر نور، ابوالچپ، لیلی و مجنون، راوندی، نوروزها، نفیر، فرنگ[٢]

ئەو خاڵە دەبێ بخرێتە بەرچاو: کە لە ڕەدیفی قەدیمیدا ابوعطا، ترک، افشاری و دەشتی بە بەشێک لە دەستگای شوور دادەندران. لە پاشان چونکێ دەستگای شوور بەربلاوتر بۆوە و لەبەر ئەوە کە بۆ ئەو ئاوازانەش قەتەعاتێک وەک "پیش‌دەرئامەدی تەسنیف" و "ڕەنگ" ساز کرا، وردە وردە سەربەخۆ بوون و هەروەکوو دەبیندرێ سەرەڕای ئەوە کە هەر بەشێک لە شوور بە ژمار دین بەڵام ئاوازێکی جیان.

١و ٢ـ گۆشەی عراقیش بە هەموو لک‌وپۆپەکانیەوە لە نەوا و راست‌پەنجگاه بەکار دەبردرێ.

خوا لێخۆشبوو محەمەدعەلی ئەمیر جاهید لە دیوانەکەی خۆیدا لە زمانی دوکتور برکشلییەوە ئاوای نووسیوە: «لە سەر ژمارەی دەستگاکانی موسیقای هێستای ئێراندا مامۆستایان و زانایانی ئەو هونەرە بە تەواوی هاوبڕوا نین بەڵکوو بۆ وێنە هەندیک راست‌پەنجگاه و ماهوور بە یەک دادەنێن و هەندیکیش بەیاتی ئیسفەهان و همایوون بە یەک دەزانن. بەڵام "حاج مخبر السلطنه هدایت" کە یەکێک لە زانایانی زەمانی خۆی بووە و ڕەنجێکی زۆریشی بۆ موسیقای نەتەوەیی کێشاوە، حەڤدە ساڵان بە دوای یەکدا و لەسەریەک دەگەڵ "منتظم‌الحکما" کە موسیقاژەن بووە و سێتاری لێداوە و خاوەنی بیرو هۆشێکی باشیش بووە و ریزەکانی مەقامەکانی دەستگا موسیقاییەکانی بە وردی ناسیوە و پێیان شارەزا بووە، دەنک دەنکی ئەو مەقامانەیان بە تەواوی هێز و توانا و بە وریاییەکی تەواو نووسیوەتەوە و هەروەها کتێبێکیان بۆ نۆت‌نووسی موسیقای ڕۆژهەڵات بە شێوەی قەدیم بە ناوی کتێبی ئەبجەدی نووسیوە کە کاری نووسینی موسیقای نەتەوەیی هاسانتر کردۆتەوە و بە دیاری بۆ هونەرستانی عالی موسیقایان ناردووە و ئەو کتێبە پیشان دەدا کە بە بوونی حەوت دەستگای

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



موسيقي باوەڕيان هەبووە، بەم ناوانە: ماهور، راست پەنجگاه، چوارگاه، شور، سێ گاه، همايون، نەوا.

گۆشە يان مەقام:

لە هەر دەستگايەكي موسيقيدا ئاهەنگ گەلي جۆربەجۆر هەن. وەكوو ئەوەيە كە بەندبازێک لەسەر پلەی دەستگايەک كايە بكات، جارێک پلەكان لە هەوەڵەوە تا ئاخري بپێوێ و دواي وچانێكي كورت لەو پلەيەڕا بگەڕێتەوە سەر پلەی دوايەی و حەرەكاتي رێک‌وپێكي خۆی بە شێوەيەكي مەوزوون لەسەر هەر پلەيەک ئەنجام بدات. كەيفيەت و جواني كارەكەش لەوەدايە كە لەسەر هەر پلەيەک راوەستێ و لە پاشان بچتە سەر پلەيەكي ديكە و لەو راوەستانەدا حەرەكاتێكي رێک‌وپێک و مەوزووني خۆی ئەنجام بدات. بەو جۆرەيە كە چۆنيەتي و كەيفيەتي جۆربەجۆر پێكدێ و لە هەر دەستگايەكدا هەر پلەيەک كە زياتر لەبەر چاو بێ، ئەو پلەيە بە گۆشە يان مەقام دەناسرێ. لەوانەيە پلەيەک پيشاندەري چەند مەقامان بێت. ئەگەر جياوازييەک لە نێوان بەندبازەكان ببيندرێ، دەگەڕێتەوە سەر شێوە و سەبكي كايەی ئەوان.

١ـ دەستگای ماهوور:

درآمد، كور اغلي، خسرواني، دلكش، خاوران، طربانگيز، طوسي، آذربايجاني، فيلي، زيرافكند، ماهور، صغير ابول، حلآر ماهور، ني‌ريز، شكسته، نهيب، عراق، محير، آشور، زنگوله، سروش، اصفهانک، راک هندي، صغير، نغمه، راک عبداله، ساقي‌نامه، پروانه، بسته نگار، ضربي، شهر آشوب، خوارزمشاهي، تسلسل، كرشمه، گشايش، خوارزمي، حاجي حسيني، ساقي‌نامه، صوفي‌نامه، حربي، كشته

٢ـ راست‌پنجگاه

زنگوله صغير، زنگوله كبير، نغمه، خسرواني، روح‌افزا، يالبريز، پنجگاه، سپهر، عشاق، نوروز عجم، بحر نور، مبرقع، نهيب، عراق، محير، آشور، اصفهانک، بسته نگار، حزين، طرز، ابوالچپ، راوندي، ليلي‌ومجنون، نوروز

www.mamle.net

Mamle Art Center



عرب، نوروز صبا، نوروز خارا، نفیر و فرنگ، ماوراءالنهر، راک عبداله، راک، شهر آشوب، ضربی

۳ـ چوارگاه:

درآمد، بدر، پیش زنگوله، نغمه، زابل، بسته نگار، مویه، حلاّر، پس حلاّر، معربد، مخالف، مقلوب، دوبیتی، کرشمه، حزین، حزان، حدی، پهلوی، رجز، ارجوز، منصوری، شهرآشوب، حاشیه، لزگی

٤ـ شور:

آواز، نغمه، زیرکش، سلمک، گلریز، صفا، چهارمضراب، ابوعطا، بزرگ، دوبیتی، خارا، قجر، حزین، ملانازی، شهناز، قرچه، رهاوی، دستان عرب، سیخی، حجاز، بستەنگار، بغدادی، چهارپاره، برگردان، افشار رهاب، مسیحی هاوی، حسینی، نهیب، عراق، نهفت، شکسته، جامەدران قرائی، مثنوی پیچ، تاچستانی، اوج، غم‌انگیز، عقدەگشا، سملی، کوچه باغی، نشابورک، ضرب اصول، آواز نشابور، گریلی، دشتی گیلکی، گبری، بیدکانی، حاجیانی، سرنج، چوپان، دشتستانی، آذربایجانی، بیات کرد، خسروانی، قطار، روح‌الارواح، مهربانی، سرور الملکی

۵ـ سه گاه:

درآمد، آواز نغمه، زنگ شتر، زابل، بستەنگار، آواز مویه، حلاّر، زنگوله، حزان، پس‌حلاّر، معربد، مخالف، حاج حسینی، مقلوب، دوبیتی، حزین، دلشگا، دهاوی، مسیحی، ناقوس، تخت‌طاوس، شاه ختائی، مدائن، نهاوند

٦ـ همایون: موالیان، چکاوک، بیداد، نی‌داود، باوی، ابوالچپ، راوندی، موره، لیلی و مجنون، گوشه طرز، نوروز عرب، نوروز صبا، نوروز خارا، نفیر و فرنگ، شوشتری، میگلی، بختیاری، دلنواز، غزال، موالف، دناسری،

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



جامەدران، فرح، شهرآشوب، پروانه، بیات اصـفهان، بیـات راجـع، سـوز و گداز، راز و نیاز، چهارمضراب، مثنوی، فرح‌انگیز

٧ـ نەوا

کردانیه، نغمه، بیات راجع، حزین، مویه، عشاق، نهفت، گوشـت، عشـیران، نشابورک، خجسته، مجلسی، حسینی، بوسلیک، نیریز، نستوری

شەش مەقامی (سروشی، بدر، چوپـانی، مـدائن، مەسنەوی و دەشتسـتانی) لـە کتێبەکەی حاجی مخبرالسلطنەدا نـەهاتوون بـەڵام لـە کتـێبی ئاوازی ئوسـتاد عەلی‌نەقی وەزیریدا هاتوون کە لە مەقامەکانی سەرەوەدا هاتوونەوە.

ئەو مەقامانەی کە لە ٧ دەستگای موسیقادا ناویان هێنرا و لە موسـیقای هێسـتای ئێراندا رەواجیان هەیە، پاشماوەی ئاهەنگە قەدیمیەکانی ئێرانین، کە بۆ مۆسیقای ئەورۆی ئێرانی و عەرەبی هەوێنێکی بنەڕەتی دینە ئەژمار. ئەوەی کە ئاشکرایە، زەمانی زوو ئاهەنگ‌گەلێکی زۆر هەبوون، کە ناوی زۆریان لە خەمسەی نیزامی و شاهنامەی فیردەوسی و دیوانی شاعیرانی دیکەی ئێرانی و عەرەبدا وەبەرچاو دێن.

موسیقای رەسەنی ئێرانی لەسەر بناغەی دەستگای ئەسلی و ٤٧١ گۆشە دانراوە. هەر دەستگایەک بە هۆی دەنگ‌گەلێکی تایبەتییەوە دیاری دەکرێ، کە لە هەر ئوکتاویکدا ٤ی دەست و ٥ی دەست دەبەر دەگرێ. بـەربڵاوی ئـەو لـە رادەی مەیدانی دەنگی ئاوازی ئینسانی یانی لە سنوور و رادەی ٢ ئوکتـاودا بـەراوەرد دەکرێ. بەڵام لە کەسەرە و ئامرازەکانی موسیقاییدا موسیقاژەنەکان لەوانەیە لەو سنووره تێپەڕن و تا چەند ئوکتاوان درێژەی پێ‌بدەن. لـە هـەر دەستگایەکدا کاری مێلودیکی هەر یەک لە پلەی هەنگاوەکان روون و دیاری کراوە و هـەر ئەو تایبەتمەندییەش بۆتە هۆی ئەوە کە موسیقاژەن لە "بداهـەنوازی"دا بـۆ سـەر گۆشەکان رێنوێنی دەکات. لە نێوان پلەکانی هەر هەنگاوێکی دەستگایەکدا سێ دەنگی تایبەتی و ئەسلی هەیە کە کارەکەیان یەکجار گرینگە. دەنگی هـەوەڵ ناوی نۆتی شاهیدە و ناوەڕاستی مێلودی بە ژمار دێ.

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



دەنگی دووهەم: ناوی نۆتی بگۆڕە کە لە رادەی نێوان (لیما)یەکدا بۆ لای بەم یان زیر جێگا دەگۆڕێ و بۆ دەربڕینی حالاتێکی تایبەتی وەکوو غەم و شادی کەلکی لێ وەردەگیرێ.

دەنگی سێهەم نۆتی ئیستە کە ئاهەنگ بە شێوەی کاتی لەوێ تەواو دەبێ و بە قەولی هونەرمەندانی موسیقا لەوێ "فرود"ێ دەکا. لە هەندێک لە دەستگاکاندا نۆتی مایە هەر ئیست یان شاهید یان هەر دووی ئەوانە بە ژمار دێ. لە هەندێکی دیکەدا نۆتی شاهید جێگا دەگۆڕێ و لەوکاتە ولەو حالەتەدا دەستگای ویڕای ئەوە کە نێوانی هەنگاوەکان دەپارێزێ، رەنگێکی دیکە بە خۆیەوە دەگرێ کە نەغمە یان بەیاتی پێ دەگوترێ کە ویڕای ئەوە کە سەر بە دەستگای ئەسڵییە بەڵام نیوەسەربەخۆیەکیشی هەیە. بۆ وێنە لە دەستگای شووردا چوار نەغمە جیا دەبێتەوە. نەغمەکانیش بە نۆرەی خۆیان بە کەڵک وەرگرتن لە نۆتە ئەسڵییە شاهید و بگۆڕە و ئیستەکان دیاری دەکرێن و لە سنووری $\frac{1}{4}$ و $\frac{1}{5}$ تێناپەڕن.

هەردەستگایەک بە یەک یان چەند قەتعە بە ناوی "درامد" دەست پێ دەکات. نەغمەکان کە یەک بە دوای یەکدا درێژەیان هەیە، هەر یەکەی بە هۆی کەڵک وەرگرتن لە قەتعەیەکی پەیوەندیدەر بە ناوی "فرود" دەگەنەوە سەر دەستگای ئەسڵی.

۱ـ دەستگای شوور: ئەو دەستگایە ریشەیەکی یەکجار زۆر کۆنی هەیە و بناغەی زۆربەی موسیقا خۆماڵییەکان و ئەو شێوە موسیقایەی کە لە ناو ئێل و ئێلاتدا رەواجی هەیە، بە ژمار دێ.

نەغمەکانی دەستگای شوور:

ئەلف) ئەبوعەتا: درامد، حجاز، چهارباغ

ب) بەیاتی تورک: درامد، قطار، فیلی

ج) ئەفشاری: درامد، جامەدران، مەسنەوی، پیچ، قرائی، شاه ختایی

د) دەشتی: درامد، دوبیتی، گیلکی، گبری، بیات کرد

ئەو چوار نەغمەی لە موسیقای ئێرانێدا رەواجێکی بەرچاویان هەیە و هەریەکە بە تەنیا سەربەخۆیە و خاوەنی چەند گۆشەی گرینگی دیکە.

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



٢ـ دەستگای ماهوور: ئەو دەستگایەش خاوەنی پێشینەیەکی دوور و درێژە. گۆشەکانی ئەو دەستگایە پێشتر نووسرا.
٣ـ دەستگای هومایوون: جاروبار ئەو دەستگایە دەگەڵ هەنگاویکی موسیقای رۆژئاوا بەراوەرد دەکرێ. گۆشەکانی ئەو دەستگایە مالیخولیایی و نەغمەکانی نەرم و لەسەرەخۆن. لە دەستگای هومایوندا نەغمەی بەیاتی ئیسفەهان جیا دەبێتەوە کە هێستا بۆخۆی دەستگایەکی سەربەخۆ بەژمار دێ.
٤ـ دەستگای سێ گا: ئەو دەستگایە کەموزۆر لە تەواوی مەملەکەتە ئیسلامیەکاندا کەوتۆتە بەر سەرنج. بۆ دەربڕینی هەستی غەم و پەژارە بەجێیە، بەلام بۆ لای ژیان و هیواش با دەداتەوە.
٥ـ دەستگای چوارگاه: دەستگایەکی یەکجار قەدیمی و رەسەنە، شادی و خۆشی‌هێنەرە، جوولانەوە و پێشکەوت دەگەیێنێ. زۆر گۆرانی هەڵپەڕکێ و زەماوەند لەو دەستگایەدا دەگوترێن و لێ‌دەدرێن.
٦ـ دەستگای نەوا: ویدەچێ ئەو دەستگایە لە دەستگای شوور جیا بووبێتەوە. چونکێ نێوانی پلەکانی ئەولەگەڵ نێوانەکانی هەنگاوی شوور وەک یەک دەچن. بەلام بە هۆی ئەوە کە چۆنیەتی نۆتە ئەسلییەکانی ئەو لەگەڵ هەنگاوی شوور جیاوازییان هەیە، شێوەیەکی جیاواز بە خۆیەوە دەگرێ. لەو دەستگایەدا ئارامی و ساغی هەستی پێ دەکرێ و بۆ هاوڕێی کردنی ئەو هەڵبەستانەی مانای فەلسەفییان هەیە بەجێیە.
٧ـ دەستگای راست‌پەنجگاه: دەستگایەکی یەکجار کۆن و قەدیمییە کە لە نێوەکەی‌ڕا ویدەچێ بگەڕێتەوە سەردەمی ساسانییەکان و ناوی راست لە موسیقای تەواوی ولاتە ئیسلامییەکاندا چ جیرانی ئێران و چ دوور لە ئێران بەکار دەبرێ. تایبەتمەندییەکانی دەستگای ماهوور هەر لە سەردەمی ساسانییەکانەوە تێدا وەبەرچاو دێ، بەلام گۆشەگەلی دیکەشی لە دەستگاکانی دیکەڕا وەرگرتوون. لێرەشدا بۆ وێنە هەندیک لە شوێنەوارەکانی رەخنەی فەرهەنگ و موسیقای ئێرانی لە ولاتە عەرەبیەکاندا دێنینە بەرچاو:
١ـ لە نێو ئەو ٥٢ مەقامەیدا کە لە موسیقای میسر و سوریە و لوبناندا رەواجیان هەیە سی مەقامیان لە ناو گۆشەکانی موسیقای ئێراندا وەبەرچاو دێن: عجم

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



عشیران، عراق، روح‌الارواح، دلکش، خاوران، بسته نگار، اوج، راست، ماهور، شور، نیریز، فرح‌انگیز، طرز جدید، رهاوی، صبا، عشاق، حجاز، اصفهان، حسینی، محیر، عجم، شهناز، بوسلیک، سه گاه، چهارگاه، بیات کرد، زنگوله، قجغاز (قجر)، حزان، مویه، نهاوند.

۲ـ دوازده مەقامی دیکه له مەقامەکانی میسری ناوی فارسییان هەیه یان له فارسییەوه وەرگیراون: یکان (یک‌گاه)، شوق‌افزا، فرحناک، سازگار، پسندیده، سنبله، نهاوند، دلنشین، حسینی، گلعذار، نهاوندکبیر، باباطاهر، سوزناک، طرز نوین.

۳ـ لەو دوازده مەقامەی له عێراقدا رەواجیان هەیه و له میسردا بەکار نابردرێن، ناوی ۹ مەقامیان له ئاهەنگەکانی ئێرانیدا وەبەرچاو دێن: دشتی، منصوری، سعید مرقع (مبرقع)، شوشتری، افشار، نهضت، نشاورک (نشابورک)، صبا، همایون، زیرافکند

٤ـ لەو یازده مەقامەی که له عێراقدا رەواجیان هەیه و له میسریش هەن، هەشت مەقامیان له ئاهەنگەکانی ئێرانیدا دەبیندرێن: بیاتی، حجاز، بوسلیک، بسته‌نگار، صبا، عجم عشیران، حسینی، مثنوی

٥ـ لەو حەڤده مەقامەی که له مەراکش و تونس و میسردا هەن، ناوی ده مەقامیان له ئاهەنگەکانی ئێرانیدا هەن: راست، چهارگاه، ماهور، عراق، حجاز، اصفهان، حسینی، بیاتی، سه گاه، عشیران

لەباسی دەستگاکان و گۆشەکان و مەقامەکان و کورتەی رەدیفەکانی موسیقای ئێرانیدا له کتێبی زانایان و نووسەران و لێکۆلەرانی ئێرانی و خارجیدا ئاوا هاتووه:

- آذربایجان: بەشێکه له دەستگای شوور و ماهوور
- اشور: له راست‌پەنجگاه و ماهووردایه
- ابوالچپ: له هومایون و راست پەنجگادایه
- ابوعطا: له دەستگای شووردایه

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



- ابول: لە ماهووردایە
- اصفهان: هەندیک ئەوە بە بەشێک لە دەستگای شوور دادەنێن. بەلام ئوستاد وەزری لە باری زانستییەوە لە دەستگای همایوونی دەزانێ
- اصفهانک: بەشێکە لە مەقاماتی بیست و چوار دانەی موسیقای ئێرانیدا کە لە ماهوور و راستپەنجگا و نەوادا لێدەدرێ و دەگوترێ.
- افشار: لە دەستگای شوور و مایەی ئەفشاریدایە
- افشاری: لە شووردا لێدەدرێ و دەگوترێ
- اوج: لە مایەی دەشتی و ئیسفەهان و بەیاتی کوردایە و عوششاقیشی پێ دەگوترێ.
- باوی: مەقامێکە لە هومایوونیدا
- بزرگ: مەقامێکە لە شووردا
- بستە نگار: بەشێکە لە دەستگاکانی ماهوور، چوارگاه، سێگاه و شووردا لێدەدرێ و دەگوترێ
- بوسلیک: ئاوازێکە لە موسیقای کۆنی ئێرانیدا کە لە دەستگای نەودا لێدەدرێ و دەگوترێ
- بیات: وشەیەکی تورکییە و ناوی ئێلێکە لە تورکەمانەکان و ناوی گۆشەیەکە لە شووردا
- بیات اصفهان: گۆشەیەکە لە دەستگای هومایوندا
- بیات ترک: گۆشەیەکە لە مەقاماتی ئاوازی ئێرانی کە لە دەستگای شووردا لێدەدرێ و دەگوترێ
- بیات راجع (راجە): لە نەوا و ئیسفەهاندا هاتووە
- بیات شکستە: لە مایەی ئەفشاریدایە
- بیات شیراز: لە گۆشەکانی دەستگای شوورە
- بیات عجم یا نوروز عجم: گۆشەیێکە لە دەستگاکانی هومایوون و راستپەنجگادا

www.mamle.net

Mamle Art Center



- بیات کرد: بەشێکە لە دەستگای شوور کە کورد بەیات یان کوردیبەیاتیشی پێ دەڵێن
- بیداد: لە دەستگای هومایووندایە
- بیدگانی: گۆشەیێکە لە مایەی دەشتیدا
- پروانە: ناوی مەقامێکە لە دەستگاکانی ماهوور، هومایوون و راستپەنجگادا
- پس حلاّر: لە دستگاکانی سێگاه و چوارگاەدایە
- پنجگاه: بەشێکە لە بەشی کۆتایی راستپەنجگاەدا لێدەدرێ و دەگوترێ
- پهلوی: بەشێکە لە دەستگاکانی سێگاه و چوارگاەدا
- پیشدرامد: قەتعەییکە کە لە هەوەڵی هەر دەستگا و گۆشەیەکدا لێدەدرێ و دەگوترێ
- پسیش زنگولە: مەقامێکە لە دەستگاکانی سێگاه و چوارگاه و راستپەنجگاەدا
- ترک: ئاوازێکە لە نەغمەکانی ئێرانی کە بەحری تورک و تورکیشی پێ دەگوترێ
- چکاوک: یەکێکە لە ئاوازە لەمێژینەکانی موسیقای ئێرانی کە لە دەستگای هومایووندایە. چکاوەیشی پێ دەگوترێ (هەروەها ناوی باڵندەییێکی جوان و خۆشدەنگە)
- چهارگاه: یەکێکە لە حەوت دەستگای موسیقای ئێران
- چهارمضراب: جۆرە موسیقایەکی زەربی و شادیهێنەرە کە لە دەستگا جۆراوجۆرەکاندا لێدەدرێ و لە جێگایەک بەکار دەبردرێ کە گۆرانیبێژ خۆی بۆ گۆرانی گوتن ئامادە دەکا. هەروەها گۆشەیێکە لە شوور و هومایووندا
- حاجیانی: ئاوازێکە لە مایەی دەشتیدا و بەشێکە لە دەستگای شووردا
- حجاز: یەکێکە لە دوازدە مەقامی موسیقای ئێرانی کە لە ئەبوعەتادا هاتووە

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



- حدی: گۆشەیەکە لە دەستگاکانی سێگاه و چوارگاهدا
- حربی: بەشێکی زەربییە لە دەستگاکانی ماهوور و راستپەنجگادا
- حزین: لە دەستگاکانی موسیقای ئێرانی وەک شوور، ماهوور، سێگاه، چوارگاه، راستپەنجگاه و نەوا و ئیسفەهاندا هاتووە.
- حسینی: گۆشەیێکە لە دەستگاکانی شوور و نەوادا
- حلاّر: بەشێکە لە سێگاه و چوارگاهدا
- حلارماهور: گۆشەیێکە لە دەستگای ماهوور
- خارا: گۆشەیێکە لە دەستگای شووردا
- خاوران: گۆشەیێکە لە ماهووردا
- خجستە: گۆشەیێکە لە نەوادا
- خسروانی: گۆشەیێکی موسیقای کۆنی ئێرانییە کە هەروەک خۆی ماوەتەوە و لە شوور و راستپەنجگاه و ماهووردایە.
- خسروشیرین: گۆشەیێکە لە ئەبوعەتادا
- داد: گۆشەیێکە لە ماهووردا
- درامد: دەستپێکردنی گۆرانی گوتن و موسیقاژەنی (پێشەکی) (اورتور)
- دشتی: بەشێکە لە دەستگای شوور کە لە ماهووریشدا بەکار دەبردرێ و لەو دەستگایەشدا لێدەدرێ و دەگوترێ
- دلگشا: ئاهەنگێکە لە دەستگاکانی شوور، سێگاه و چوارگاهدا
- دوگاه: یەکێکە لە بەشەکانی بیست و چوار دانەی موسیقای ئێرانی
- راست: لە دەنگە لەمێژینەکانی موسیقای سەردەمی ساسانییەکانە. (دەولەمەندی موسیقای سەردەمی ساسانی بۆیە پێویستە وەبیر بێنینەوە چونکێ موسیقای پاش ئیسلامیشی بە شێوەیەکی بەرپلاوتر بردۆتە ژێر ئاسەوار و شوێنەواری خۆیەوە)
- راستپنجگاه: لە دەستگاکانی موسیقای مێژینەمەندی ئێرانییە کە لە موسیقای ولاتەکانی رۆژهەلاتی ناوەراستیشدا رەواجی هەیە.
- راک: یەکی دیکە لە ئاوازەکان و نەغمەکانی موسیقای ئێرانی

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



- راک عبداله: گۆشەیێکە لە ماهووردا
- راک هندی: لە شوور و ماهوردایە
- راوندی: گۆشەییکە لە همایوندا
- رجز: گۆشەییکی چوارگایە
- رکب: یەکێکە لە بیست و چوا مەقامی ئێرانی
- رنگ: بەشێکی زەربی و شادیهێنەرە لە ئاوازەکانی ئێرانیدا
- روح افزا: لە همایوون و راست پەنجگادایە
- روح الارواح: مەقامێکە لە بەیاتی تورکدا
- روح الامین: مەقامێکە لە بەیاتی تورکدا
- روی عراق: یەکێکە لە بیست و چوار مەقامی موسیقای ئێرانی
- رهاوی: نەغمەییکە لە دوابەشی مایەی ئەفشاریدا لێدەدرێ و دەگوترێ
- زابل: لە دەستگاکانی سێگاه و چوارگاه و همایوون و راستپەنجگادایە
- زابل گوری: لە دەستگای چوارگاەدایە
- زنگ شتر: لە دەستگای چوارگاە و سێگاەدایە
- زنگولە: مەقامێکە کە بەشێوەی زەربی لە دەستگاکانی سێگاه و چوارگاە و راستپەنجگاەدا لێدەدرێ
- زیرافکن: گۆشەییکە لە ڕەدەیفەکانی دەستگای ماهوور
- زیرکش: لە رەدیفەکانی مێژینەمەندی ئیرانییە
- زیرکش سلمک: لە دەستگای شووردایە
- سارنج: لە ئاوازی ئەبووعەتادا هاتووە و لە بەشەکانی دەستگای شوورە. سارەنگیشی پێ دەڵێن.
- سپهر: گۆشەییکە لە راست پەنجگاەدا
- سلمک: نەغمەیێکە لە دەستگای شووردا
- سملی: نەغمەییکە لە مایەی دەشتیدا
- سوز: لە گۆشەکانی دەستگای همایوونە
- سوز و گداز: بەشێکە لە بەیاتی ئیسفەهان

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



- سەگاه: یەکێکە لە حەوت دەستگای موسیقای ئێرانی
- سیخی: نەغمەیێکە لە شوور و ئاوای ئەبووعەتادا
- شاه ختائی: نەغمەیێکە و مەقامێکە لە سێ‌گاه و چوارگاه و نەوادا
- شاهی: ئاوازێکە لە نەغمەکانی مێژینەمەندی موسیقای ئێرانی
- شکستە: یەکێکە لە ڕەدیفەکان و نەغمەکانی کۆنی ئێرانی
- شور: یەکێکە لە هەرە باشترین و بێ‌وێنەترین دەستگاکانی موسیقای ئێرانی بە جۆرێک کە دایکی موسیقای ئیرانی دێتە ئەژمار.
- شوشتری: مەقامێکە لە دەستگای هومایووندا
- شهر اشوب: نەغمەیێکە لە چوارگاه و ڕاست‌پەنجگاه و شوور و هومایوون و ماهووردا
- شهناز: مەقامێکە لە دەستگای شووردا
- صبا: یەکێکە لە بیست و چوار مەقامی مێژینەمەندی ئێرانی
- صفا: لە شووردایە
- ضرب اصول: لە شووردا
- طرب‌انگیز: نەغمەیێکە لە ماهووردا
- طرز: قەتعەیێکە لە ڕاست پەنجگاه و ماهوور و هومایووندا
- طوسی: ڕەدیفێکی دەستگای ماهوورە کە "نەلیرخوانی" هەر "طوسی"یە
- عاشق‌کش: بەشێکە لە شووردا، "عوقدە گوشا"شی پێدەڵێن
- عراق: نەغمەیێکە لە نەوا و ماهوور و مایەی ئەفشاریدایە
- عزال: نەغمەیێکە لە دەستگاکانی شوور و هومایووندا
- عشاق: قەتعەیێکە لە ئاوازە جۆربەجۆرەکاندا و بەشی کۆتایی ڕاست پەنجگاهیشدا لێدەدرێ و دەگوترێ
- عشیران: بەشێکە لە بیست و چوار مەقامی ئێرانی کە پێشتر لە گۆشەی حوسێنیدا دادەندرا
- عقدە گشا: چاو لە عاشق کش بکە

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



- غم انگیز: نەغمەیێکە لە دەستگاکانی شوور و مایەی دەشتیدا
- فرنگ: بەشێکە لە دەستگاکانی همایوون و راست پەنجگادا
- فرود: گەڕانەوە لە مەقام و گۆشەیەکڕا بۆ سەر هەوێنی هەوەڵی ئاهەنگ
- قجر: لە دەستگای شووردا
- قرائی: نەغمەیێکە لە مایەی ئەفشاریدایە
- قرچە: لە گۆشە عیرفانییەکانی ئاوازی موسیقای ئێرانی کە وەک پردیک لە سێ گاەڕا پێیدا دەچنەوە ناو شوور و راست پەنجگاەدا
- قطار: لە مەقامەکانی دەستگای شوور و ئاوازی بەیاتی تورک
- کرد: لە بەشەکانی دەستگای شوور
- کرد و بیات: لە نەغمەکانی دەستگای شوور
- کرشمە: نەغمەیێکی کورت و سێ زەربییە کە لە زۆربەی دەستگاکان و گۆشەکاندا لێدەدرێ و دەگوترێ وەک ماهوور و شوور
- کشتە مردە: نەغمەیێکە لە ماهووردا
- کوچک: مەقامێکە لە موسیقای ئێرانیدا کە یەکێکە لە دوازدە مەقامی موسیقای ئێرانی
- کوچە باغی: لە شووردایە و چوارباغیشی پێ دەڵێن
- گرایلی: نەغمەیێکە لە شوور و لە پەردەی شەهنازدا
- گردانیە: مەقامێکی قەدیمییە و کوردانییە و گوردانیاشی پێ دەڵێن
- گلریز: نەغمەیێکە لە شووردا
- گوری: نەوایێکی مێژینەمەندە لە نەغمەماتی ئێرانیدا لە گۆشەکان و ڕەدیفەکانی چوارگاە و شوور و ئاوازی ئەبووعەتادا دەگوترێ (گیبریشی پێ دەڵێن)
- گوشت: یەکێکە لە شەش ئاوازی ئێرانی
- گوشە: هەر نەغمەیێک لە هەر دەستگایەکدا
- گیلکی: لە دەستگای شوور و لە مایەی دەشتیدا
- لزگی: بەشێکی زەربییە لە چوارگاەدا

www.mamle.net

Mamle Art Center



- لیلی و مجنون: لە دەستگاکانی همومایوون و راست پەنجگادایە
- ماهوور: یەکێکە لە دەستگا دەوڵەمەند و بەسامانەکانی موسیقای ئێرانییە کە زۆر کۆنە و شادیهێنەرە
- ماهور صغیر: بەشێکە لە ماهوور
- مایە: نەغمەیێکە لە شەش ئاوازی موسیقای مێژینەمەندی ئێرانی
- مبرقع: مەقامێکە تایبەت بە دەستگای راست پەنجگاه ولە موسیقای کۆنی ئێرانییە کە لە کتێبی مجمع الادواردا باسی کراوە
- مێنوی: ئاوازێکە لە موسیقای ئێرانی کە زیاتر بە هەڵبەستە مەسنەوییەکان دەگوترێ
- مجلسی: مەقامێکە لە دەستگای نەوادا
- محیر: نەغمەیێکە لە بیست و چوار شوعبەی موسیقای ئێرانیدا
- مخالف: گۆشەیێکە لە دەستگاکانی سێگاه و چوارگاەدا
- مەسیحی: بەشێکە لە نەغمەیێک کە لە دەستگاکانی سێگاه و نەوا و شوور و مایەی ئەفشاردایە
- مغلوب: بەشێکە لە سێگاه و چوارگاه
- ملانازی: لە نەغمەکانی دەستگای شوور
- ملک حسینی: لە گۆشەکانی دەستگای نەوایە
- منلوری: لە گۆشەکانی چوارگاه و همومایوونە
- موالف: لە بەشەکانی دەستگای همومایوونە
- موالیان: لە نەغمەکانی دەستگای همومایوونە
- مویە: نەغمەیێکە لە دەستگای سێگاەدا کە جاروبار لە چوارگاەیشدا لێدەدرێ و دەگوترێ
- مهربانی: بەشێکە لە دەستگای شوور و ئاوازی بەیاتی تورک (مهرگانی)
- مهرگانی: ناوی نەوایێکە لە نەغمە قەدیمیەکانی ئێران. یەکێک لە سێ لەحنی باربودە.
- میلگی: لە همومایووندایە

www.mamle.net

Mamle Art Center



- ناصری: بەشێکە لە هومایووندا
- ناقووس: ناوی بەشێکە لە موسیقای ئێرانی کە دەڵێن لە دەنگی ناقووسی کلیساکانەوە وەرگیرا و شەشەمین لەحنە لە لەحنەکانی باربود کە حەکیم نیزامی لە خوسرەو و شیریندا باسی دەکا،لە نەوا و سێ گاهیشدا هاتووە.
- نستوری: بەشێکی زەربی و شادیهێنەرە کە لە دەستگای نەوادا لێدەدرێ و دەگوترێ
- نشابور: قەتعەیێکە لە دەستگاکانی ماهوور، نەوا و شووردا. نەشابورەک، نەیشابوور و نەشاپوورەکیشی پێ دەڵێن.
- نەغمە: نەواییکە لە راست پەنجگاە و نەوا و شوور و ماهوور و سێ گاە و چوارگاەدا
- نفیر: قەتعەیێکە لە هومایوون و راست پەنجگاەدا
- نوا: یەکێک لە حەوت دەستگای موسیقی ئێرانی
- نوروز اصل: یەکێکە لە شەش نەغمەی مێژینەمەندی ئێرانی کە بریتیە لە (گواشت، گردانیا، سلمک، نوروز اصل، مایە، شهناز)
- نوروز خارا: نەواییکە لە راست پەنجگاە و هومایووندا (نوروز خرک) یا نوروز کوچک
- نوروز صبا: قەتعەیێکە لە هومایوون و راست پەنجگاەدا و لە نەغمە مێژینەمەندەکانی ئێرانییە
- نوروز عجم: بەشێکە لە موسیقای مێژوویی ئێران کە لە راست پەنجگاەدا لێدەدرێ (بیات عجم)
- نوروز عرب: قەتعەیێکە لە راست پەنجگاە و هومایووندا
- نهاوند: یەکێک لە بیست و چوار شوعبەی موسیقای قەدیمی ئێرانییە (نهاوندک)
- نهفت: لە نەغمەکانی دەستگای نەوایە

www.mamle.net

Mamle Art Center



- نیریز: لە بیست و چوار شوعبەی قەدیمی موسیقای ئێرانییە کە بۆخۆی دوو بەشە: ١ـ نیریز کوچک (صغیر) ٢ـ نیریز بزرگ (کبیر)
- نیریز صغیر: بۆخۆی پێنج نەوایە، لە راست پەنجگاە و همایووندایە
- نیریز کبیر: بۆخۆی هەشت نەوایە
- همایون: یەکێکە لە دەستگا گرینگەکانی موسیقای ئێرانی

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



## پێرستی گۆرانییەکانی ماملێ، و دیاری کردنی ئەو گۆرانیانە لە چوارچێوەی دەستگاکانی موسیقادا

**١ـ ئـ**

𝄞ئەرێ هات جان دیسان هات

شیعر: فۆلکلۆر/ مایەی ئەفشاری لە شووردا / ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞ئایشیلێ نازەنینێ کورتە بالآی لێو نەخشینێ

شیعر: فۆلکلۆر/ بەیاتی ئیسفەهان / ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞ئەسمەران، دولبەران وەکۆ بون بۆ گوڵ چنین

شیعر؟ / شوشتەری / ئاهەنگ؟

𝄞ئەسمەر یارم جوانە وەک مانگی تابانە

شیعر: فۆلکلۆر/ شوور / ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞ئای وەرە گیانم وەرە، وەرە وەرە نازەنینم

شیعر: فۆلکلۆر/ بەیاتی ئیسفەهان لە همایوونڈا /ئاهەنگ: مامڵێ

𝄞ئامینێ سوورە گوڵ ، چەند بە لەنجەو لاری

شیعر: فۆلکلۆر/ بەیاتی تورک لە شووردا / ئاهەنگ: مامڵێ

𝄞ئای نەرمە نەرمە گشت گیانت نەرمە

شیعر: فۆلکلۆر/ بەیاتی تورک

𝄞ئەی وەی لەنجەیە هاوار لەنجەیە

شیعر: فۆلکلۆر/ بەیاتی ئیسفەهان/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞ئەی وەی لە رووبابە، دەم دێنم زولفت لابە

شیعر: فۆلکلۆر/ بەیاتی ئیسفەهان لە همایوونڈا / ئاهەنگ: میرزا قاسمی بادام

𝄞ئای نیزام و خۆم نیزام، جا نیزامی تۆمە لێرە

شیعر: فۆلکلۆر/ بەیاتی تورک لە شووردا / ئاهەنگ: فۆلکلۆر

www.mamle.net

Mamle Art Center



𝄞ئەمان دەردم چارە کە، سەد خۆزگەم بە پارەکە
شیعر: فۆلکلۆر/ ماهوور/ ئاهەنگ: ماملێ
𝄞ئامۆزا گیان
شیعر: فۆلکلۆر/ ماهوور/ ئاهەنگ: ماملێ
𝄞ئەختەر
شیعر: هێمن/ بەیاتی ئیسفەهان/ ئاهەنگ: ماملێ
𝄞ئازیزەکەم (راوکەری بەدخوو)
شیعر: فۆلکلۆر/ بەیاتی ئیسفەهان/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر
𝄞ئەو بەرەو بەرە ناسکە دولبەرە
شیعر: فۆلکلۆر/ شوشتەری/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر
𝄞ئەرێ وەرە شەماڵ وەرە
شیعر: فۆلکلۆر/ ماهوور/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر
𝄞ئاغلاّمە، گوزەل، ئاغلەمە یارم
شیعر؟ / ئاوازی ئەبووعەتا لە شووردا/ ئاهەنگ: تورکی
𝄞ئەی مەگری مەگری جوانێ گیان چاوەکەت دێشێ
شیعر: فۆلکلۆر/ شوور/ ئاهەنگ: ماملێ
𝄞ئەرێ وەی دیسان دەی، ناسکۆڵێی نازدار ئۆخەی
شیعر: فۆلکلۆر/ گۆشەی عیراق لە مایەی ئەفشاری لە شووردا/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر
𝄞ئاوێنەی دولبەری
شیعر: وەفایی/ مەسنەوی/ ئاهەنگ وەفایی
𝄞ئاوایە رێگای عاشقان
شیعر: وەفایی/ ئاهەنگ: ماملێ
𝄞ئەی وەرە وەرە گەوهەرێ سینگت حەوزی کەوسەرێ
شیعر: فۆلکلۆر/ شوور/ ئاهەنگ: ماملێ
𝄞ئەی ئێران خۆشە گەرمێن، قەد قەد لێی هالاّند پشتێن

www.mamle.net

Mamle Art Center



شیعر: فۆلکلۆر/ ئەفشاری لە شووردا/ ئاهەنگ: سیمانی شاوەلە

𝄞ئەی یارم وەی وەی یارم کیژۆڵەی وەفادارم

شیعر: فۆلکلۆر/ ئەفشاری لە شووردا/ ئاهەنگ: لەسەر هەوای "ئەی ئێران خۆشە.."

𝄞ئەو کاتەی رۆیی(لەو رۆژەوە رۆیی کۆچی ماڵی تۆ)

شیعر: مامڵێ/ شوور/ ئاهەنگ: مامڵێ (لە تورکیڕا وەریگێڕاوەتەوەو بە تورکیش گوتوویەتی)

𝄞 ئای وەرە وەرە سوورە گوڵ، ئاگرت بەردراوم لە دڵ

شیعر؟ / بەیاتی تورک/ ئاهەنگ: مامڵێ (لە تورکیڕا وەریگێڕاوەتە سەر کوردی)

𝄞ئەمان ئەمان نەیکەی ئەمان / دەردی بێدەرمان ئەمان

شیعر: فۆلکلۆر/ ئاهەنگ: مامڵێ

𝄞ئەمان یار یار یار

شیعر: فۆلکلۆر/ شوور/ ئاهەنگ: مامڵێ

𝄞 ئەو پەنجەی وا لە بێهێزی دەلەرزێ

شێعر: هێمن/ ئاهەنگ: مامڵێ

𝄞ئاخ سوورە گوڵ وای (سوورە گوڵم غەملیوە)

شیعر: فۆلکلۆر/ ئاهەنگ: مامڵێ

𝄞ئازیزم (سی و مراوی دەپۆڕن)

شیعر: فۆلکلۆر/ بەیاتی ئیسفەهان/ ئاهەنگ: مامڵێ

𝄞ئەرێ بێ دەبڵە بێ/ یارم لە نیوەشەودا

شیعر: فۆلکلۆر/ بەیاتی تورک لە شووردا/ ئاهەنگ: مامڵێ

𝄞 ئامان ئامان وەی ئامانم بێ

شیعر: فۆلکلۆر / ماهوور/ ئاهەنگ: مامڵێ

𝄞ئامین ئامین ئامینێ (ئامینێ خۆم... ئینتیزاری مەقدەمی تۆم)

شیعر: مامڵێ/ ئاوازی ئەبووعەتا لە شووردا/ ئاهەنگ: مامڵێ

𝄞ئای خەجیلە و خانم

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



شیعر: فۆلکلۆر / ئاهەنگ: هەورامی

𝄞ئەی مبارەک لە بووکێ زاوا زێرینە

شیعر: فۆلکلۆر / ئاهەنگ: فەیزیئژاد

𝄞ئێواران

شیعر: سێمانی شاوەلە/ ئاهەنگ: مامڵێ

𝄞ئامینێ تۆ گوڵەکەم

شیعر: فۆلکلۆر / ئاهەنگ: مامڵێ

𝄞ئەی خودا هاوار ئەی موسوڵمانان

شیعر: فۆلکلۆر / ئاهەنگ: (دەڵێن ئی حەسەنی مامڵێیە)

𝄞ئەی گوڵی من سونبوڵی من

شیعر: فۆلکلۆر / ئاهەنگ: مەلا کەریم

𝄞ئارامی دڵان

شیعر: ؟ / ئاهەنگ: ؟

𝄞ئامین و ئامین

شیعر: فۆلکلۆر / ئاهەنگ: مامڵێ

𝄞ئامان شیرین

شیعر: ؟ / ئاهەنگ: مامڵێ لە تورکییەوە وەریگێڕاوەتەوە

𝄞ئای لە مریەمێ کچێ مریەم

شیعر: فۆلکلۆر / ئاهەنگ: مامڵێ

𝄞ئەرێ وەی وەی چت لێ کردم/ جێژنە بوو خوڵقت نەکردم

شیعر: ؟ / ئاهەنگ: مامڵێ لە تورکیڕا وەریگێڕاوەتەوە

𝄞ئەی گوڵ لە سەر چڵانت

شیعر: فۆلکلۆر / ئاهەنگ: تاهیر تۆفیق

www.mamle.net

Mamle Art Center



**٢- پ**

𝄞بۆ منت ناوێ؟ بۆچ منت ناوێ/ خۆمن بە بێ تۆ هەڵناکەم تاوێ

شیعر: فۆلکلۆر / مەقامی سەبا / ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞بۆ دەگری بۆ دەگری یارم گڕووی لێ دەگری

شیعر: ؟ / شوور/ ئاهەنگ: ؟

𝄞بە زولف و روخسار

شیعر: وەفایی/ مایەی دەشتی لە شووردا / ئاهەنگ: وەفایی

𝄞بلوێری شوان

شیعر: هێمن/ ئاهەنگ: مامڵێ

𝄞بارانە و بارانە... هەوای چۆمی مەجیدخان

شیعر: فۆلکلۆر/ ئەفشاری لە شووردا/ ئاهەنگ: مامڵێ

𝄞بۆنی هەلالان دێ سەدای چاوکالان دێ

شیعر: فۆلکلۆر / بەیاتی ئیسفەهان/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞با وا بێ باوابێ، دەستم لە مەمکی دابێ

شیعر: ؟/ شوور/ ئاهەنگ: ؟

𝄞بۆلێم زیزی لە سەر چی نامدوێنی؟ (چەند رۆژە نەمدیوە)

شیعر: حاجی هاشم نانەوازادە/ ئاهەنگ: مامڵێ

𝄞بازی بێریان[1]

شیعر: هێمن/ شوور/ ئاهەنگ: مامڵێ

𝄞بارانە بارانە دەبارێ باران/ لەسەرچی دەگەڕای لە گوڵی بەهاران

شیعر: فۆلکلۆر / ئاهەنگ: فۆلکلۆر/ بەیاتی تورک

𝄞بە گوڵان و بە گوڵان بە گوڵی کەنێرێ/ئەوگوڵەم هەڵدەگرم دەچمە هەولێرێ

---

[1] کاک جەعفەر ئەمینی لە زمانی مامۆستا مامڵێ دەگێڕێتەوە و دەڵێ: لە ئاوایی لاچین مامۆستا هێمن ئەو شیعرە (بازی بێریان) دادەنێ و کاک محەممەدیش هەر ئەوکات ئاهەنگی بۆ ساز دەکات

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center

**١٣٨/ یادی بەخێر**

شیعر: فۆلکلۆر / سێ گاه/ ئاهەنگ: مامڵێ

𝄞 بە عینوانی حەوسەت چەندە جوانی

شیعر: فۆلکلۆر / گۆشەی عەراق لە ئەفشاریدا/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞 با بچینە مێرگولان

شیعر: فۆلکلۆر / شوور/ ئاهەنگ: مامڵێ

𝄞 بە چاوان غەمزە و ئیما مەفەرموو

شیعر: وەفایی/ سێ گاه/ ئاهەنگ: وەفایی

𝄞 باران باران سەحرای کرد رەنگین/ یار خوداحافیز بە دڵێکی غەمگین

شیعر: فۆلکلۆر / بەیاتی تورک/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞 بەهار هاتەوە گیانە بەهار هاتەوە

شیعر: فۆلکلۆر / شوور/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞 بەرهەڵبێنە و بەرهەڵبێنە

شیعر: ؟ / ماهوور/ ئاهەنگ: ؟

𝄞بەزمی فاتمە سوڵتانێ (خودا داکەی بارانێک)

شیعر: فۆلکلۆر/ سێ گاه/ ئاهەنگ: مامڵێ

𝄞بە شنە شنەی شەماڵ زولفی رادەژێ

شیعر: فۆلکلۆر/ شوور/ ئاهەنگ: مامڵێ

𝄞بە شل و مل بی

شیعر: فۆلکلۆر/ ماهوور/ ئاهەنگ: مامڵێ

𝄞باغەوان

شیعر: هاشم نانەوازادە/ سێ گاه/ ئاهەنگ: مامڵێ

𝄞 بەرزینێ گیان بەرزینێ

شیعر: مامڵێ و جەعفەر ئەمینی/ سێ گاه/ ئاهەنگ: لەسەر هەوایەکی قەدیمیە

𝄞 بۆت نووسیوم، بۆت بنووسم ئەمن چیم

شیعر: هێمن/ ئاهەنگ: مامڵێ

www.mamle.net

Mamle Art Center



𝄞 بە بۆنەی تۆوە کە من لەو شارە وێڵم

شیعر: هەژار/ شوور/ ئاهەنگ: ماملێ

𝄞 با بێتە خوارێ و هاتە خوار/ هاتە خوارێ لە دارێ

شیعر: فۆلکلۆر / بەیاتی تورک

𝄞 بۆ جگەرگۆشە

شیعر: مستەفابەگی کوردی/ ئاهەنگ: ماملێ

𝄞 بێنەسیبم

شیعر: هاشم نانەوازادە/ ئاهەنگ: ماملێ لە تورکیڕا وەریگێڕاوەتەوە

𝄞 بێ تۆ بیمار و بێحاڵم ئەوشۆ

شیعر: فۆلکلۆر / ئاهەنگ: ماملێ لە فارسیڕا وەریگێڕاوەتەوە

## ٣ـ پ

𝄞 پایزە لە من درەنگە لە تۆ

شیعر: فۆلکلۆر / شوور/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞 پێم بڵێ مەزەدار

شیعر: فۆلکلۆر / مایەی ئەفشاری لە شووردا/ ئاهەنگ: حەسەن زیرەک

𝄞 پەیامی دڵ

شیعر: هاشم نانەوازادە/ بەیاتی ئیسفەهان/ ئاهەنگ: ماملێ[1]

𝄞 پێی بڵێ بە زارا

شیعر: فۆلکلۆر / نەوا/ ئاهەنگ: ماملێ

𝄞 پایزە و گەڵاڕێزانە

شیعر: فۆلکلۆر/ سێگاه/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞 پەرێشانم من دەناڵێنم

---

[1] (لەسەر ئاهەنگێکی پوران دایناوە)

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



شیعر: فۆلکلۆر / شوور/ ئاهەنگ: ماملێ

𝄞٤ـ ت

𝄞 تەنکە

شیعر: فۆلکلۆر/ نەوا/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞 تۆ بەڵێنیم پێ بدە

شیعر: هێمن/ بەیاتی ئیسفەهان/ ئاهەنگ: ماملێ

𝄞 تۆبە تۆبە

شیعر: فۆلکلۆر/ ماهور/ ئاهەنگ: ماملێ

𝄞تەحا لەو ڕیزە خاڵانە

شیعر: فۆلکلۆر/ نەوا/ ئاهەنگ: ماملێ

𝄞 تاکەی چاوەڕێی یاران بم

شیعر: ماملێ/ شوور/ ئاهەنگ: ماملێ

𝄞 تەیری دڵ بێپەروپۆیە

شیعر: ئاوات/ هومایوون/ ئاهەنگ: ماملێ (لەسەر هەوای "من دەڵێم شاری دڵم")

𝄞٥ـ ج

𝄞جوابێکم دەوە گیانە بە بوون و نەبوون/ بێچارەی کردووم رابردووی گەردوون

شیعر:؟/ بەیاتی ئیسفەهان/ ئاهەنگ: ماملێ

𝄞جەلسە

شیعر: فۆلکلۆر / بەیاتی ئیسفەهان/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞جەیران چاوەکەم (کەومل کەومل کەومل کە)

شیعر: فۆلکلۆر/ سێگاە/ ئاهەنگ: ماملێ

٦ـ چ

𝄞چون لە سەفەر بووی، لە من بووی قات (ئەوە هاتەوە یاری دووروڵات)

شیعر: هاشم نانەوازادە/ شوور/ ئاهەنگ: ماملێ

www.mamle.net

Mamle Art Center



𝄞چامەستی ئەرێ چاومەستی هەنارە لەسەر دەستی

شیعر: فۆلکلۆر / ماهوور/ ئاهەنگ: ماملێ

𝄞چەند جوانە چەند جوانە گوڵی هەڵاڵە

شیعر: هاشم نانەوازادە/ مایەی ئەفشاری لە شووردا/ ئاهەنگ: ماملێ

𝄞چەندی لێ پاڕامەوە.. ئاوڕی لێ نەدامەوە

شیعر: فۆلکلۆر / نەوا/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞چاوی ڕەشی زۆر جوانە، پیاو دەکا بە دێوانە

شیعر: سێمان شاوەلە/ شوور/ ئاهەنگ: ماملێ (لە فارسییەوە)

𝄞چاوڕەش (ساقی بۆم تێکە شەڕابی حەوتساڵە)

شیعر: فۆلکلۆر / سێ گاه/ ئاهەنگ: ماملێ

𝄞چارۆکێ (هەوران تێکیان دەخوڕی، دەبا بێ بە تاوێ چارۆکێ)

شیعر: فۆلکلۆر / ماهوور/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞 چاو جوانی خۆم ڕێم نییە بڕۆم

شیعر: فۆلکلۆر / شوور/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞 چەندە بە عەیشی

شیعر: فۆلکلۆر/ ئیسفەهان/ ئاهەنگ: ماملێ (لە تورکییەوە)

𝄞چ بڵێم و چ بکەم، بۆچی نالە بۆچی فوغان کەم

شیعر: فۆلکلۆر/ شوور/ ئاهەنگ: ماملێ

𝄞 چ بکەم نیمە چارە، دڵ ئاشقە و بێقەرارە

شیعر: فۆلکلۆر/ ئاوازی ئەبوعەتا لە شووردا/ ئاهەنگ: ماملێ

𝄞چارەڕەش

شیعر: هەژار/ ماهوور/ ئاهەنگ: (لەسەر هەوای "ئەمان دەردم چارەکە" کە ماملێ لە تورکیڕا کردوویە بە کوردی)

𝄞چاوڕەشەی کارمامزم

شیعر: نانەوازادە/ ئاوازی ئەبوعەتا لە شووردا/ ئاهەنگ: ماملێ (لە تورکییەوە)

www.mamle.net

Mamle Art Center



𝄞چاوەکەم ئەمڕۆ لە گوڵشەن گوڵ بە عیشوە خۆی نواند

شیعر: حەریق/ ئاهەنگ: سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی

**٧ـ ح**

𝄞حەسارە چکۆلە

شیعر: فۆلکلۆر/ شوور/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞حەریرە و ئاگربارانە

شیعر: فۆلکلۆر/ بەیاتی تورک/ ئاهەنگ: ماملێ

𝄞 حەریرە، حەریرە

شیعر: فۆلکلۆر/ بەیاتی تورک/ ئاهەنگ: ماملێ

**٨ـ خ**

𝄞خاڵەی رێبوار

شیعر: فۆلکلۆر / بەیاتی ئیسفەهان/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞خرینگە خرینگە

شیعر: فۆلکلۆر/ بەیاتی تورک/ ئاهەنگ: هەورامی

𝄞 خانم خانمۆڵێ

شیعر: فۆلکلۆر/ سێ گاه/ ئاهەنگ: ماملێ

𝄞 خانمیلێ خانمی خانمانی

شیعر: فۆلکلۆر/ سێ گاه/ ئاهەنگ: میرزا قاسمی بادامی

𝄞خونچە گوڵەکەم بەندی دڵەکەم ژاکاوی

شیعر: گۆران/ شوور/ ئاهەنگ: ماملێ

𝄞 خەجێ خەزێنە

شیعر:؟/ بەیاتی ئیسفەهان/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞 خۆ من کوردم، وەی بۆ تۆ مردم

www.mamle.net

Mamle Art Center



شیعر: مامڵێ/ نەوا/ ئاهەنگ: مامڵێ

𝄞خۆ من پیر نەبووم

شیعر: فۆلکلۆر/ بەیاتی تورک/ ئاهەنگ: مامڵێ

𝄞 خۆم قاسیدی زێڕنۆکێم

شیعر: فەتاحی سێلوێ/ بەیاتی تورک/ ئاهەنگ: فەتاحی سێلوێ

𝄞خەنەبەندان

شیعر: فۆلکلۆر/ بەیاتی تورک/ ئاهەنگ: برایانی زیزی

𝄞خوایە وەتەن ئاوا کەی

شیعر: فۆلکلۆر/ ماهوور/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞 خۆم کوڕە کاروانی

شیعر: فۆلکلۆر/ ماهوور/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞خۆزگە

شیعر: هێمن/ ئاهەنگ: وەفایی (لەسەر هەوای "بەچاوان غەمزەو ئیما مەفەرموو)

٩ـ د

𝄞دەنا کورتێ چت لێ کردم

شیعر: فۆلکلۆر / ماهوور/ ئاهەنگ: سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی

𝄞دەسماڵێ و دەسماڵێ

شیعر: فۆلکلۆر/ شوور/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞دەبێنن بێنن، چەپکی گوڵ بێنن

شیعر: فۆلکلۆر/ بەیاتی تورک/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞دەڕوا بە جێم دێڵێ

شیعر: فۆلکلۆر/ ئەبوعەتا/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞دەنگی یار، دەنگی یار، دەنگی یار نایە

شیعر: فۆلکلۆر/ بەیاتی تورک/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

www.mamle.net

Mamle Art Center



𝄞 دەچمە سەری قەڵاتێ

شیعر: فۆلکلۆر/ ئەبووعەتا/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞دینێ وەرە دینێ

شیعر: فۆلکلۆر/ شوور/ ئاهەنگ: ماملێ

𝄞دەبڕۆ تۆ دەبڕۆ، نابم بە یارت

شیعر: ماملێ/شوور/ ئاهەنگ: ماملێ (لە فارسییەوە)

𝄞دەنگی قورینگان دێ لە هەوا

شیعر: فۆلکلۆر/ شوور/ ئاهەنگ: ماملێ

𝄞 دەشتی لاجان

شیعر: سێمانی شاوەلە/ شوور/ ئاهەنگ: ماملێ

𝄞دە پێشدا دەپێشدا

شیعر: فۆلکلۆر / شوور/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞دێم دێم، وەڵڵا بۆت دێمە ژوانێ

شیعر: فۆلکلۆر/ شوور/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞دەی دەی دەی بارانە

شیعر: فۆلکلۆر/ سێگاه/ ئاهەنگ: ماملێ

𝄞دەردێکی دامێ دەرمانی نەکرد

شیعر: فۆلکلۆر/ شوور/ ئاهەنگ: ماملێ (لەسەر گۆرانییەکی سیمابینا دایناوە)

𝄞داینێ تۆ داینێ

شیعر: فۆلکلۆر/ شوور/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞دەبارێ هەی دەبارێ/ دەبارێ کرێوەی دەکا

شیعر: فۆلکلۆر/ بەیاتی تورک/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞دەنگ دێ لە شیلانەکەی

شیعر: فۆلکلۆر/ ماهوور/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞دوور لە یاران (تا بەکەی دوور لە چاوی لەیلا بم)

www.mamle.net

Mamle Art Center



شیعر: نانەوازادە/ بەیاتی ئیسفەهان/ ئاهەنگ: مەلاکەریم

دەنوێ و دەنوێ و دەنوێ

شیعر: فۆلکلۆر/ سێ گاە/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

دەنا کورتێ چت لێ کردم

شیعر: فۆلکلۆر/ سێ گاە/ ئاهەنگ: ماملێ

دەچمە سەر ناڵەشکێنێ

شیعر: فۆلکلۆر/ ئاهەنگ: حەسەن زیرەک

**١٠ـ ر**

ڕیحانەم دێراو دێراوە

شیعر: فۆلکلۆر/ شوور/ ئاهەنگ: ماملێ

ڕەعنا

شیعر: سێمانی شاوەلە/ بەیاتی تورک/ ئاهەنگ: لەسەر هەوایەکی فارسی

ڕیحانەم دەم ئاشییە/ جێژنەیە چەند خۆشییە

شیعر: فۆلکلۆر/ ماهوور/ ئاهەنگ: ماملێ

ڕاوچیان ڕاوە

شیعر: سێمانی شاوەلە/ شوشتەری/ ئاهەنگ: ماملێ

ڕەزیە وەرە ماڵەکەم

شیعر: فۆلکلۆر/ بەیاتی ئیسفەهان/ ئاهەنگ: ماملێ

ڕازی شەوێ

شیعر: فۆلکلۆر/ شوور/ ئاهەنگ: حەسەن زیرەک

ڕاستی ڕاستی

شیعر: فۆلکلۆر / سێ گاە/ ئاهەنگ: ماملێ

ڕۆیی بەجێی هێشتم

شیعر: فۆلکلۆر/ شوشتەری/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

www.mamle.net

Mamle Art Center



𝄞ڕێوار و ڕێوار

شیعر: فۆلکلۆر/ بەیاتی ئیسفەهان/ ئاهەنگ: حەسەن زیرەک

**١١ـ ز**

𝄞زەمانە

شیعر: دوکتور شیرازی/سێ گاه/ ئاهەنگ: ماملێ[1]

𝄞زمزیران (بەهاران خۆشە زمزیران)

شیعر: نانەوازادە/ بەیاتی ئیسفەهان/ ئاهەنگ: ماملێ

𝄞زارا (جارجارە دیدەم زارا)

شیعر: فۆلکلۆر/ شوشتەری/ ئاهەنگ: ماملێ

𝄞زارا (ئەی وەی زارا گیان)

شیعر: فۆلکلۆر/ ئەبوعەتا/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞زێنەبێ

شیعر: فۆلکلۆر/ شوور/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞زاوا لە بووکێ مەدە

شیعر: فۆلکلۆر/ ماهوور/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞زێڕینێ زێڕینێ

شیعر: فۆلکلۆر/ شوور/ ئاهەنگ: ماملێ

**١٢ـ ژ**

𝄞ژوانی تازە (گەر ژوانەکەت سەری نەگرت)

شیعر: فۆلکلۆر/ ئەبوعەتا/ ئاهەنگ: ماملێ

---

[1] دەگێڕنەوە لە سالی ١٣٣٠ هەتاویدا دوکتور شیرازی عاشقی کچی یەکێک لە بنەماڵە بەناوبانگەکانی سابلاغی دەبێ، کەچی (بە هۆی نەناسراو و روون نەبۆوە) ئەو کچەی نادەنێ. هەر لەو سەروبەندەشدا دوکتور لە تاران دەکەوێتە بەندیخانە و ماوەیەک بەسەر دەچێ تا ئازاد دەبێ. پاش ئازاد بوونی دەگەڕێتەوە بۆ سابلاغ بەو دڵخۆشییەوە کە دلدارەکەی ببینێ و پێی بگات کەچی دوکتور لە دوور و نیزیکی سابلاغ دەبێ کە خۆشەویستەکەی کۆچی دوایی دەکا (هەندێک دەڵێن خۆی کوشت) جا هەر ئەوە دەبێ کە لە جیاتی خەبەر و هەواڵی خۆش، خەبەری مەرگی دلدار بە دوکتور دەدەن.

www.mamle.net

Mamle Art Center



**١٣- س**

𝄞سەر لەسەر رانێ

شیعر:؟/ ئەبووعەتا/ ئاهەنگ: ماملێ (لەسەر هەوایەکی تورکی)

𝄞سەراسەر جەرگم پەیکانە

شیعر: فۆلکلۆر/ ئەبووعەتا/ ئاهەنگ: ماملێ

𝄞سەوزە مەڕۆ سەوزە گیان سەوزەڵەی بابی

شیعر: فۆلکلۆر/ شوور/ ئاهەنگ: ماملێ

𝄞سەد بریا یار لێرەبایە

شیعر: فۆلکلۆر/ شور/ ئاهەنگ: ماملێ

𝄞سەوزە هەی لیمۆ

شیعر: فۆلکلۆر/ ماهوور/ ئاهەنگ: ماملێ

𝄞سوێندو خواردووە خودایە چی دی دڵداری ناکەم

شیعر: نانەوازادە/ شوور/ ئاهەنگ: ماملێ

𝄞سەڵتەنە

شیعر: فۆلکلۆر/ سێ گاه/ ئاهەنگ: ماملێ

𝄞سەبری

شیعر: فۆلکلۆر/ ئەبووعەتا/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞ساری گەلین (تورکی)

شیعر: تورکی/ ئەبووعەتا/ ئاهەنگ: بە تورکی گوتراوە

𝄞سەرت هەڵێنە روو لە گەردوون کە

شیعر: ماملێ/ ئیسفەهان/ ئاهەنگ: ماملێ

𝄞سەوزە مەڕۆ سەوزە گیان باریکێ تۆم دەوێ/ میوانی رۆژێم مەخەرە شەوێ

شیعر: فۆلکلۆر/ شوور/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

www.mamle.net

Mamle Art Center



𝄞سازی ناساز
شیعر: هێمن/ ئاهەنگ: ماملێ (بە بۆنەی تۆوە کە من لەو شارە ویلم)

**١٤- ش**

𝄞شەمامە و شلێرە
شیعر: فۆلکلۆر/ شوور/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر
𝄞شیرین تەشی دەڕێسێ
شیعر: وەفایی/ راست پەنجگاە/ ئاهەنگ: وەفایی
𝄞شەدە لار
شیعر: فۆلکلۆر/ سێ گاە/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر
𝄞شەرتی حەوت ساڵە
شیعر: نانەوازادە/ ماهوور/ ئاهەنگ: ماملێ
𝄞شەمێ (داوەتێک دەگەڕێ)
شیعر: فۆلکلۆر/ شوور/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر
𝄞شەوە لەو سەوزەزارە
شیعر: هەژار/ مەقامی خورشید/ ئاهەنگ: وەفایی (لەسەر هەوای بەچاوان...)
𝄞شیرین هەلامە
شیعر: فۆلکلۆر/ ئیسفەهان/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

**١٥- ع**

𝄞عەزیزم بەیانی کە گوڵ عەترێ دەڕێژێ
شیعر: نانەوازادە/ شوور/ ئاهەنگ: ماملێ
𝄞عەزیزەکەم
شیعر: فۆلکلۆر/ بەیاتی تورک/ ئاهەنگ: ماملێ
𝄞عەمرەکەم خەجێ ماڵ لە میرەدێ

www.mamle.net

Mamle Art Center



شیعر: فۆلکلۆر/ سێ گاه/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞عەزیز گیانەکەم

شیعر: فۆلکلۆر/ شوور/ ئاهەنگ: ماملێ

𝄞عیشقی تۆ

شیعر: فۆلکلۆر/ شوور/ ئاهەنگ: ماملێ (لەسەر هەوای* چون لە سەفەر بووی)

**١٦ـ غ**

𝄞غەزەل (من دەڵێم شاری دڵم)

شیعر: سەید کامیل ئیمامی/ هومایوون/ ئاهەنگ: ماملێ

𝄞غەمی خۆم نییە غەمی تۆمە

شیعر: فۆلکلۆر/ شوور/ ئاهەنگ: ماملێ

𝄞غەمزەدەکەی خۆتم نیشانەی تیری موژگانم مەکە

شیعر: وەفایی/ مەسنەوی/ ئاهەنگ: سەیدعەلی ئەسغەر کوردستانی

𝄞غەمخواری خوێن شیرینم

شیعر: فۆلکلۆر/ هومایوون/ ئاهەنگ: حەسەن زیرەک

𝄞غەمیلێ عیشوەی عیشوەی

شیعر: فۆلکلۆر/ سێ گاه/ ئاهەنگ: ماملێ

**١٧ـ ف**

𝄞فاتمە

شیعر: هەردی/ ماهوور/ خەلیل سەدیقی[1]

---

[1] کاک خەلیلی سەدیقی لە دەنگ‌خۆشەکانی هاوچەرخی کاک محەمەد بووە. کاک محەمەدی ماملێ و کاک خەلیل زۆردۆست بوون و زۆر پێکەوە بوون. کاک محەمەد بیرەوەرییەکی هەر لەسەر گۆرانی فاتمە هەیە کە کاک سمایلی ماملێ لە توێشەبەرەدا ئاوای نووسیوەتەوە: (ماملێ ئەڵێت: کاتێک کاک خەلیل گوێی لە وتەکەی من بوو زۆری پێ خۆش بوو، لەبیرمە بە پێکەنینەوە گوتی: ماملێ ئەو گوتەی تۆ هەروەک ئاوێنەیەک کە وێنەی خۆم تێدا دیتبێ وایە.)

www.mamle.net

Mamle Art Center



𝄞 فاتمۆکێ

شیعر: فۆلکلۆر/ سێ گاه

𝄞فەوزیە

شیعر: خالید حیسامی (هێدی)/ ماهوور/ ئاهەنگ: ماملێ

١٨. ک

𝄞کۆڵوانە

شیعر: فۆلکلۆر/ سێ گاه/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞کۆڵان بە کۆڵان

شیعر:؟/ شوور/ ئاهەنگ: ماملێ

𝄞کانی مرادان

شیعر: فۆلکلۆر/ شوور/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞کۆڵوانە هەولێرییە

شیعر: فۆلکلۆر/ ماهوور/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞کاکە وا نابێ

شیعر:؟/ شوور/ ئاهەنگ: ماملێ

𝄞کەمەرە شل

شیعر: فۆلکلۆر/ شوور/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞کاتی بەهارە

شیعر: کامیل ئیمامی/ ئاهەنگ: ماملێ

𝄞کراس زەردێ

شیعر: فۆلکلۆر/ ماهوور/ ئاهەنگ: ماملێ (بەسەبکی تایبەتی خۆی گوتوویەتی)

𝄞کراس رەشی

---

کاک خەلیل بە هۆی نەخۆشییەوە لە ساڵی ١٣٤٨ هەتاویدا کۆچی دوایی کردووە. یادی بەخێر و روحی شاد بێ.

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



شیعر: فۆلکلۆر/ سێ گاه/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞 کۆڵوانە سوور تۆبە بێ

شیعر: فۆلکلۆر/ ماهوور/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞 کوڕە مەکە

شیعر: فۆلکلۆر/ بەیاتی تورک/ ئاهەنگ: مامڵێ

𝄞 کورتێ هات رابرد

شیعر:؟ / سێ گاه/ ئاهەنگ: مامڵێ

𝄞 کۆچی سوور

شیعر: نانەوازادە/ هومایوون (مایەی شوشتەری)/ ئاهەنگ: مامڵێ

𝄞 کاروانە هەی کاروانە

شیعر: دەڵێن ئی کاک عەبدوڵلا شەمسی بورهانە/ شوور/ ئاهەنگ: مامڵێ

𝄞 کەویار

شیعر: فۆلکلۆر/ ماهوور/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞 کە تۆ تۆرای لە چاوم وەک خەوی من

شیعر:؟ / شوور/ ئاهەنگ: مامڵێ

𝄞 کەتانە و کەتانە

شیعر: فۆلکلۆر/ بەیاتی ئیسفەهان/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞 کیژی کوردی نازەنین/ من فەرهادم تۆ شیرین

شیعر: سێمانی شاوەلە/ ئەبووعەتا

𝄞 کیژە کوردەکەی دەم بە پێکەنین

شیعر: سێمانی شاوەلە/ ئەبووعەتا/ ئاهەنگ: مامڵێ

𝄞 کەژ و کەژاڵێ

شیعر: فۆلکلۆر/ ئاهەنگ: لەسەر هەوایەکی فارسییە

𝄞 کۆرپەڵەم خەوی نایە

شیعر: فۆلکلۆر/ ماهوور/ ئاهەنگ: شەریف

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



𝄞کوردینه قەدری میوان لە لاتان/ میوانم ئێوە و خوداتان
شیعر: فۆلکلۆر/ ئاهەنگ: ماملێ

## ١٩ـ گ

𝄞گا دەدرێن هاوینان ڕێم نییە
شیعر: فۆلکلۆر/ شوور/ ئاهەنگ: ماملێ
𝄞گرتمت، بەستمت
شیعر: فۆلکلۆر/ شوشتەری/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر
𝄞گوڵەکەم دەڵێن ئەوا دێ
شیعر: وەفایی/ شوشتەری/ ئاهەنگ: ؟
𝄞گوڵفرۆش
شیعر: نانەوازادە/ ماهوور/ ئاهەنگ: ماملێ
𝄞گۆوەندە، زەماوەندە
شیعر:؟/ شوور/ ئاهەنگ: لەسەر هەوای "کافۆکێی" مامۆستا جەزراوی
𝄞گوڵ نیشان
شیعر: فۆلکلۆر/ ئەبووعەتا/ ئاهەنگ: بادینی
𝄞گەزیزە گیان گەزیزە (شلێرە گیان شلێرە)
شیعر: ؟/ شوور/ ئاهەنگ: تاهیر تۆفیق
𝄞گەوهەرێ وەی گەوهەرێ/ پەروانەم لە دوای خێڵێ
شیعر: فۆلکلۆر/ ئاهەنگ: ماملێ
𝄞 گەردە
شیعر: فۆلکلۆر/ ماهوور/ ئاهەنگ: ماملێ
𝄞گیان وگیان و گیان
شیعر: فۆلکلۆر/ هومایوون/ ئاهەنگ: ماملێ
𝄞گوڵاڵە سوورەی سەرکوڵمی یارم

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

www.mamle.net

Mamle Art Center



شیعر: فۆلکلۆر/ ئاهەنگ: ماملێ

**٢٠ـ ل**

لەرزانە

شیعر:؟/ ماهوور/ ئاهەنگ: ؟

لەمێژە زۆر لە مێژە/ یار ئەسیرت کردووم لێرە

شیعر: نانەوازادە/ شوور/ ئاهەنگ: ماملێ

لایە لایەت بۆ دەکەم بەڵکوو خەو بتباتەوە

شیعر:؟/ ماهوور/ ئاهەنگ: ماملێ

لای لای ئەی کەوێ گەردن بە خاڵی

شیعر:؟/ ماهوور/ ئاهەنگ:؟

لیمۆ هەی لیمۆ، لیمۆ عەممانی/ رانەکەت بێنە لیمۆ گیان سەر بنێمە بانی

شیعر: دوکتور شیرازی/ شوشتەری/ ئاهەنگ: ؟

لیمۆکەی کاڵە (ناوێرم بیکوشم، بیمژم...)

شیعر:؟/ سێ گاە/ ئاهەنگ: ماملێ

لە شۆڕە مانێ

شیعر:؟/ ماهوور/ ئاهەنگ: ماملێ

لە باغی ساوا

شیعر: هەژار/ شوشتەری/ ئاهەنگ: ماملێ

لانەو هەی لانت کەم

شیعر:؟/ بەیاتی ئیسفەهان/ ئاهەنگ: ماملێ

لای لای سوورە گوڵ لای لای/ چۆنت راژێنم

شیعر:؟ / سێ گاە/ ئاهەنگ: ماملێ

لانکۆلەکەی دارە سێوە

شیعر: فۆلکلۆر/ بەیاتی تورک/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

www.mamle.net

Mamle Art Center



𝄞لەم ئاگر بارانە

شیعر: فۆلکلۆر/ ئەبووعەتا/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞لانک لانک لانکۆلێ

شیعر: فۆلکلۆر/ شوور/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞لێم زیز بووە چاو کەژاڵێ

شیعر: فۆلکلۆر/ ئەبووعەتا/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞لەخشە لەخشە

شیعر: فۆلکلۆر/ شوور/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞لەبەر کێ حەیات

شیعر:؟/ شوشتەری/ ئاهەنگ: ماملێ

٢١- م

𝄞مەڵێن دڵ پارچە گۆشتێکی بەخوێنە

شیعر: رەحمان قازی/ شوور/ ئاهەنگ: ماملێ

𝄞مەجنوون لەبەرچی وا دەکەی؟

شیعر: نانەوازادە/ ئەبووعەتا/ ئاهەنگ: لەسەر هەوایەکی تورکییە

𝄞ماڵی دەمەڕداران

شیعر:؟/ شوور/ ئاهەنگ: ماملێ

𝄞موو ناپسێنم

شیعر: هێمن/ سێ گاە/ ئاهەنگ: ماملێ

𝄞مەشکێ

شیعر: فۆلکلۆر/ سێ گاە/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞ماڵە بابم منیرە

شیعر: نانەوازادە/ شوور/ ئاهەنگ: ماملێ

𝄞مینالێ

www.mamle.net

Mamle Art Center



شیعر:؟/ شوشتەری/ ئاهەنگ: ماملێ

𝄞مینا ناز

شیعر:؟/ سێ گاه/ ئاهەنگ: لەسەر هەوایەكی فارسیە

𝄞ماڵە بابم بێوەفا

شیعر: نانەوازادە/ شوور/ ئاهەنگ: فۆلكلۆر

𝄞مەگری مەگری (جوانێ گیان) چاوەكەت دێشێ

شیعر:؟/ بەیاتی تورك/ ئاهەنگ: ماملێ

𝄞مەستوورە

شیعر:؟/ ئەبووعەتا/ ئاهەنگ: ماملێ

𝄞مەمكوژە تۆ گەردنی خۆت

شیعر: وەفایی/ سێ گاه/ ئاهەنگ: وەفایی

٢٢- ن

𝄞نەشمیل نەشمیل هەی نەشمیلانێ

شیعر: فۆلكلۆر/ بەیاتی تورك/ ئاهەنگ: فۆلكلۆر

𝄞نەشمیل گیان

شیعر: ؟/ سێ گاه/ ئاهەنگ: ماملێ

𝄞نایلۆنە

شیعر: فۆلكلۆر/ ماهوور/ ئاهەنگ: فۆلكلۆر

𝄞ناسكۆڵێ گیان مەگری

شیعر: فۆلكلۆر/ سێ گاه/ ئاهەنگ: فۆلكلۆر

𝄞ناوێرم بیڵێم ناوەكەی

شیعر:؟/ سێ گاه/ ئاهەنگ: فۆلكلۆر

𝄞ناسكەژن

شیعر: فۆلكلۆر/ چوارگاه/ ئاهەنگ: فۆلكلۆر

www.mamle.net

Mamle Art Center



𝄞نازدار و نازدار

شیعر: فۆلکلۆر/ شوور/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞نەجیبە

شیعر:؟/ شوور/ ئاهەنگ: ماملێ

𝄞نانێم مەیلی کۆنە دۆستم

شیعر:؟/ ئاهەنگ: ماملێ

𝄞ناز مەکە، ناز مەکە

شیعر:؟/ سێ گاه/ ئاهەنگ: ماملێ

𝄞نازەنین ، نازەنینم بۆچی گۆڕاوی گیان و روحی شیرینم

شیعر:؟/ بەیاتی ئیسفەهان/ ئاهەنگ: ماملێ

𝄞نامدوێنی بۆچیم نادوێنی؟

شیعر: فۆلکلۆر/ ماهوور/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞نازانم چۆنی بکەم چارە

شیعر: نانەوازادە/ ئاهەنگ: ماملێ

## ٢٣- و

𝄞وەرە سوورە گوڵ

شیعر: فۆلکلۆر/ بەیاتی تورک/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞وەی وەی وەی بارانە

شیعر: فۆلکلۆر/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞وەرە با ئاشت بینەوە

شیعر: قەرەنی ئەمیر عەشایەری/ شوور/ ئاهەنگ: لەسەر هەوایەکی تورکییە

𝄞وەرە سەر نەخۆشی دڵان

شیعر:؟/ شوور/ ئاهەنگ: لەسەر هەوایەکی تورکییە

𝄞وەرە روحی رەوانم

www.mamle.net

Mamle Art Center



شیعر: نانەوازادە/ ئاهەنگ: مامڵێ

𝄞وەرە قوربان

شیعر: فۆلکلۆر/ شوشتەری/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞وا مەکە، وامەکە، وا مەکە

شیعر:؟/ شوشتەری/ ئاهەنگ: مامڵێ

𝄞وەرە حەیران

شیعر: فۆلکلۆر/ شوور/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞وەرەی ئەی باوانم

شیعر: غەریب پشدەری[1]/ ئاهەنگ: مامڵێ / ماهوور

𝄞وەرە وەرە لاغکە

شیعر: فۆلکلۆر/ شوور/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞وەرە وەرە تۆ یارمی

شیعر:؟/ سێ گاه/ ئاهەنگ: مامڵێ

𝄞وەرە وەرە با بچینە نێو شلێران

---

[1] لە بازێ بیریان و تویشەبەرەدا بە شیعری غەریب پشدەری نووسراوە، بەلام مامڵێ بۆخۆی لە جێگایەکدا لەبارەی شیعر و ئاهەنگی ئەو گۆرانییەدا ئاوا دەدوێ: دوو کەسی زۆر خۆشەویستی شاعیرم میوان بوو کە وا چاکە نێویان نەبەم. هاتبووینە سەر سفرەی بۆ نان خواردنێ، پێم گوتن ئەرێ ئەو ئاهەنگە (وەرەی ئەی باوانم) کورێک بۆی هێناوم بزانم ئەنگۆش شیعری بۆ دانانێن؟ یەکیان دەستی دایە قەلـەم و کاغـەز و نووسی:

ئەگەر دەمزانی خۆشەویستی تۆ — ئاوا دەبێتە راز و تانەوپـــــــــۆ
خۆم نەدەخستە داوی دلداریت — بە زەردەخەنەی سەرلێوی درۆ

ئەوی دیکەیان قەلام و کاغەزەکەی دەستدایە و نووسی:

کە سووری دەست و پەنجەم بینی — وامزانی خەنەبەندان دەنوێنی
نەمزانی خوێنی دڵی زامدارم — کە جوانی خۆتی پێ دەنەخشێنی

ئەوە هەروا لەسەر سفرەین و هێستا کەس نانی نەخواردووە، ئـەوی دیکـەیان قەڵـەم و کاغەزەکـەی هەلگرت و نووسی:

هێستاش ماڵئاوا بەجێم مەهێلە — هەردەی ناسکی دلم بکێلە
ئێمە هاودەردی عیشقی یەکترین — ئەمنی کەساس و ئەو دڵە وێلە

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



شیعر:؟/ شوور/ ئاهەنگ: لەسەر هەوایەکی تورکییە

٢٤ـ هـ

𝄞هەڵدەگرم، هەڵدەگرم

شیعر: سێمانی شاوەلە/ شوور/ ئاهەنگ: مامڵێ

𝄞هیجری یار

شیعر: نانەوازادە/ شوور/ ئاهەنگ: مامڵێ

𝄞هەوری لەکۆڵ

شیعر:؟/ شوور/ ئاهەنگ: مامڵێ

𝄞هەی لەیلێ

شیعر: فۆلکلۆر/ شوور/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞هەی بە هەرمێ بە هەرمێ

شیعر:؟/ ماهوور/ ئاهەنگ: مامڵێ

𝄞هەی نایە نایە نایە/ دەنگی گوارەی زێڕ نایە

شیعر:؟/ شوور/ ئاهەنگ: مامڵێ

𝄞هەواری خاڵی

شیعر: ؟ / شوور/ ئاهەنگ: لەسەر هەوایەکی تورکییە

𝄞هەر یەسە و هەر یەسە

شیعر:؟ / بەیاتی تورک/ ئاهەنگ: مامڵێ

𝄞هەر تۆم دەوێ تۆ

شیعر: فۆلکلۆر/ شوور/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞هەی لە من و هەی لە کێ

شیعر: فۆلکلۆر/ ئەبووعەتا/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞هەوارە هەی هەوارە

شیعر: فۆلکلۆر/ سێگاە/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

www.mamle.net

Mamle Art Center



𝄞هەی لێ‌لێ

شیعر: فۆلکلۆر/ شوور/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞هاتە خوار با بێتە خوار

شیعر: فۆلکلۆر/ ماهوور/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞هاتەوە با بێتەوە

شیعر: فۆلکلۆر/ هومایوون/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞هەمدەم و هەم یار

شیعر:؟/ شوور/ ئاهەنگ: ماملێ

𝄞هەریرە و ئاگربارانە

شیعر: فۆلکلۆر/ بەیاتی تورک/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞هەی نارێ نارێ نارێ

شیعر: فۆلکلۆر/ بەیاتی تورک/ ئاهەنگ: ماملێ

𝄞هەلاڵە و زەمزەمە

شیعر:؟/ سێ‌گاه/ ئاهەنگ: حەسەن زیرەک

𝄞هەی ناکەم ناکەم

شیعر:؟/ شوور/ ئاهەنگ: ماملێ

𝄞هەم نارنجە و هەم بێیە

شیعر: فۆلکلۆر/ ماهوور

𝄞هەستە بڕۆین بۆ داوەتێ داوەت گەرمە و خۆمانە ...

شیعر:؟/ شوور/ ئاهەنگ: ماملێ

𝄞هەر سەیزادێکی شاڵ کرمانی بێ

شیعر: فۆلکلۆر/ بەیاتی ئیسفەهان/ ئاهەنگ: ماملێ

𝄞هەرمێ بێ هەنار بێ

شیعر: فۆلکلۆر/ هومایوون/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

𝄞هەی هەی لەبەر نازی تۆ

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



شیعر:؟/ شوور/ ئاهەنگ: ماملێ
𝄞هەڵوەدای دووچاوی جوانی تۆم
شیعر:؟/ شوور/ ئاهەنگ: لەسەر هەوایەکی فارسییە
𝄞هەتا زستانە غەمگینم
شیعر: نانەوازادە/ ئاهەنگ: مامڵێ
𝄞هەم توورەیە و هەم دەگری
شیعر:؟/ ئاهەنگ: حەسەن زیرەک
𝄞هۆ نازەنین نەشێویٚ نازت
شیعر:؟/ ئاهەنگ: مامڵێ
𝄞هەروایە هەروایە
شیعر: فۆلکلۆر/ بەیاتی تورک/ ئاهەنگ: فۆلکلۆر

٢٥ـ ی

𝄞یادی بەخێر
شیعر: نانەوازادە/ چوارگاه/ ئاهەنگ: مامڵێ
𝄞یا لەیلی (یالڵا یالڵا یا لەیلی/ خۆمن چم نەگوت تۆ بوا بێمەیلی)
شیعر: مامڵێ/ شوور/ ئاهەنگ: لەسەر هەوایەکی عەرەبییە
𝄞یاری من گەردن کێلە (هەوارچی)
شیعر: نانەوازادە/ ئەبووعەتا/ ئاهەنگ: لەسەر هەوایەکی تورکییە
𝄞یادم کە تۆ یادم کە
شیعر:؟/ شوور/ ئاهەنگ: مامڵێ
𝄞 یارم یارم، یار یار یار
شیعر: نانەوازادە/ شوور/ ئاهەنگ: مامڵێ
𝄞یار هەروا دەڕوا گیانە بە لار و لەنجە
شیعر:؟/ ماهوور/ ئاهەنگ: مامڵێ

www.mamle.net

Mamle Art Center



𝄞یار ئەمان و یار ئەمان

شیعر:؟/ ماهوور/ ئاهەنگ: ماملێ

𝄞یاران یاران یاران/ دوور بووم لە یاران

شیعر:؟ / ئاهەنگ: ماملێ

𝄞یاری جاران

شیعر: نانەوازادە/ ئاهەنگ: لەسەر هەوایەکی تورکییە

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



# گۆرانییەکان

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



# پێشەکی

لە هەوار مامڵێ مریەم بێنێ — هێند بە ئەسپایی کە شیر نەڕژێنێ
جوانە چارۆکە بە دابی بڵباس — لە پەڕی‌مێشێ تەنکتر بێ کراس
ڕەنگی خۆش بێتە پەنای دەنگی خۆش — دەمی مەستی شێت‌وشوورن بیروهۆش
بەستەیەکی من و ئاوازی ئەو — ڕازی دڵ‌خوازی من و سازی ئەو
وەرگرین بادە لە دەس مەیگێڕێ — مامڵێ بۆمان بڵێ چەند دێڕێ

«هەژار»

سپاس بۆ خوداوەندی میری مەزن کە هێز و توانایی نوسین و ئامادەکردنی بەشی دووهەمی کتێبی یادی بەخێری پێ بەخشیم. دیارە مامۆستا مامڵێ و هونەرە بەرزەکەی و لێکدانەوەی ئەو هونەرە شتێک نین کە لەو جۆرە چوارچێوانەدا بگونجێن یا بە کتێبێک و دوان کۆتایی پێ بێ واتە مامڵێ لە هەزاران هەزار دڵدا جێی هەیە و پاشای هەزاران هەزار هەست و دڵ و فکر و بیرە. هەرچی بێت ئەگەر بەشی یەکەمی ئەو کتێبەم لە سەر ویستی دڵم نووسی، هاندەری من بۆ ئامادەکردنی بەشی دووهەم ئەو وتارە بە نرخەی مامۆستا مامڵێ بوو کە بە چالاک "کوڕی خۆشەویستی" دەفەرموێ[1]: «ئەوە تەمرینێکە بۆ تۆ، ئومێدەوارم کە بە زوویەکی زۆر زوو ئەو گۆرانیانە بە شێعرەکانەوە بنوسێوە و ڕەوانیان کەی و ئاهەنگەکەی بە جۆرێک فێر بی کە مویەک کەم و زیادی نەکەی» وا دیارە دوو مەبەستی گرینگ لە مێشکمدا بۆ ئەو کارە هەبوون:

١ـ بە سەرنجدان بە بەربڵاوی مەیدانی هونەری کاک محەممەد، کۆ کردنەوەی شێعری گورانیەکان بۆ لە ئیختیارنانی ئەو کەسانەی کە دەیانەوی وردتر و قوڵتر تێکەڵاوی هونەر و سەبکی مامڵێ بن.

٢ـ پاراستنی بەشێکی زۆر لە شێعری فۆلکلۆر بە شێوەی نوسراوە واتە مەکتوب.

ئەوەی شایان باس کردنە، لەو بەشەدا زیاتر هەوڵم داوە تا ئەو گورانیانەی بە شێعری فولکلور گوتراون بنوسمەوە چونکو لە بەشی یەکەمدا ئەو تاقمە گورانی‌یەی شاعیری ناسراویان هەیە لە ژێر ناوی "لە دیوانی شاعیرانەوە" هاتوونەوە.

بە سپاسەوە ـ خەرمانانی١٣٧٩ی هەتاوی

هیوا

---

[1] سالی ١٣٦٦ی هەتاوی لە کاتێکدا کە لە ماڵی خۆیاندا خەریکی گۆرانی فێرکردنی چالاکە، ئەو فەرمایشەی فەرمووە.

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



## وتارێک لە مامۆستا مەزهەری خالەقی

من ئەو دەمە کە دەنگیم لە رادیۆ مەهاباد دەبیست تەڵەبە بووم، گەنج بووم یەک دوو گورانی زۆر جوانی هەبوو، دایم بۆ خوم لە ماڵ و لەگەڵ برادەر و دۆستان دەمخوێند و تاکوو چومە سەر رادیۆ تاران.
یەکێک لەو گۆرانیانە "شیرین تەشی دەڕیسێ" کە من کاتێک کە ئەو گورانیەم گوت تەنیا بە عیشق و خۆشەویستی دەنگی کاک محەممەدەوەم گوت هەڵبەت ئەو گۆرانی‌یە، گۆرانیەکی هەرە بەرزی کوردی‌یە کە لە لایان موسیقاوە شوێن و جێگای تایبەت بە خۆی هەیە، جودا لەوەیکە شێعرەکەی بەرزە گۆرانیەکەش زۆر زۆر بەرزە. ئەمە بوو بە هۆی ئەوە کە کاک محەممەد دەنگی من لە رادیۆ تاران بیستێ و من بۆ هەوەڵ جار کە چومە مەهاباد خەڵکێکی زۆر کە پێشوازیان کردبوم، لەو شوێنە کە دابەزیم، دیتم کە کوردێکی بالابەرزی جوانی، ڕومەت جوانی ڕێک و پێک، لە نێو ئەو هەمووە هات و باوەشی پێیا کردم، من نەمناسی تەبعەن، بەڵام دوایی ئەوەی کە پێی‌وتم کە"کاک مەزهەر ئەوەی من دەمویست تەواوی بکەم زۆر خوشحال بووم کە تۆ تەواوت کرد. "منیش نەمدەزانی ئەوە کێ‌یە و باسی چی دەکات، تا یەکێک ووتی ئەوە حەمەی مامڵێ‌یە. دوایی ئەمن باوەشم پێیا کرد و ماچم کرد و لەو لەحزەیەدا شەخسیەتی مامڵێ بۆ من ڕوونتر بۆوە کە ئەو کەسە نەتەنیا هونەرمەند بەڵکو هونەر دۆستیشە؛ یانی زۆری پێ خۆشحال بوو کە گورانیەکەی ئەو بە شێوەیەکی‌تر و موسیقایەکی‌تر و بە جۆریەکی‌تر گوترابوو هەربۆیەش تەقدیری گۆرانیەکەی کرد. دوای ئەو محیببەتە و خوشەویستی من بوو بە هۆی ئەوە کە هەرجار کە من دەچووم بۆ مەهاباد لە هەر شوێنێک کەبایا من دەچووم بۆلای ئەو دەهات بۆلای من یانی هیچ کاتێک نەبوو کە من برۆم بۆ مەهاباد و کاک محەممەد نەبینم.
مامڵێ یەکی لەوانە بوو کە بۆی فەرقی نەدەکرد چ لە ڕەدەی خوارو با چ لە قودرەت و ئەوج و سەرو با بە هەمو شێوەیەک ئەوەی وا خۆی دەیویست بیڵێ

www.mamle.net

Mamle Art Center



و وەکوو گوێگر ئەمە هەمو کەسێک ئینتیزاری بوو گوێی لێ بێ عەینی ئەوەیە بە گوێگر تەقدیم دەکرد. سەرەڕای ئەوە ئەمن ماملێ بە یەکێک لەو شەخسیەتانە دەناسم کە بۆی فەرقی نەدەکرد کە گۆرانی هەڵپەرکێ بلێ یاکوو مەقام بلێ یان گۆرانی وەفایی بلێ یا حیران و لاوک بلێ، ئەمە کاری هەرکەسێک نییە یانی هەر گۆرانی بێژێک هەر دەنگ خۆشێک عادەتەن لە یەک مەوزوع و مەبەستدا دەتوانی ئەوەی دەیهەوێ ئیفا و ئیرائەی بدا. بەلام ماملێ لەوانە بوو کە گوتم ئەگەر لە شایش دا گۆرانی دەگوت بە ڕاستی هەموو موتەئەسیر (متأثر) دەبوون. ئەوە بوو کە من هەموو شتێکم لە دەنگی ماملێ دا دیتەوە.

جودا لەوانە هونەرمەند دەبێ کەسایەتی هونەرەکەی هەبێ یانی هونەرەکەی چەندی قیمەت بێ خۆشی ئەو کەسایەتیەی هەبێ کە هونەرەکەی لە سەر شانی دانابێ. ماملێ بەڕاستی خۆشەویستی هەموو کەس بوو. ماملێ بە راستی لە چەرخ و دەورەی خۆیدا ئینسانێکی زۆر بەرز بوو، خزمەتی خۆی کرد. بەلام بە داخەوە هەل و مەرجی ئەو جۆریەک بوو کە ئەوەی ئەو پێویستی بوو هیچ کات نەمانتوانی یانی قەت ئەو موحیتە نەیتوانی پێی بدات.

یەکێ لەوانە ئەوە بوو کە ماملێ دەبوو موسیقاژەنی ڕێکوپێکی دەگەل بایە، بە داخەوە لە مەهاباد چەند کەسێک بوون بە چەند کەسیش هەروەکوو دەڵێن بە تاقە گوڵێک بەهار نایە ئەو چەند کەسە بەڕاستی کافی نەبوو.

لە دوای ئینقلاب یەک دوو شریت و سیدی هەیە کە باشن لە باری موسیقاوە بەلام نەختێک درەنگ بوو. بە داخەوە درەنگ بوو. بەراستی کاک محەممەد کەسایەتیەکی هونەری کوردییە کە قەت لەبیری کورد ناچێتەوە. زۆر خۆشحاڵم کە هەر شوێنیەک مەهاباد دەچووم هەموو بەڕێز و قەدریکی زور گەورەوە ناویان دەبرد. ئەڵبەتە کە دەڵێم مەهاباد بەو هۆیەوە کە خەڵکی وێیە وەگەرنە لە هەر لایەک و هەر شوێنێک دەنگ و کەسایەتی کاک محەممەد هەر لەبەر چاوە.

بە ڕاستی هونەری کاک محەممەد دەگەڵ کەسایەتیەکەی خۆی ڕێک کەوتبوو. ئەوە زۆر گرینگە، یانی ئەوەی کە چەندە هونەرەکەی بەرز بوو هەر ئەوەندەش خۆی بەرز و بەقیمەت بوو. لەبیرمە هەر شوێنیەک کە دەچوین وەکوو لە نیو



www.mamle.net

Mamle Art Center



ئێمەدا ڕەسمە لە جێگایان مەلای مزگەوت و ئینسانی بە عومر و ئینسانی مەزهەبی کەمتر لەبەر پیاو هەڵدەستێ یاکو ئیجازە نادەین لەبەرمان هەستێ بەڵام من لە بیرمە هەمو جارێ لەهەر شوێنیەک کە دەچووین لەبەر کاک محەممەد هەڵدەستان.

هیوادارم کە ئەو بنەماڵەیە بتوانن ئەو یادگارە کە لە خوێن و لە جیسم و لەشیان دایە بتوانن هەروا نەسڵ بە نەسڵ ڕای بگرن تا ڕۆژیەک کە بتوانن ئەوەی کە کاک محەممەد لەبەر نەبوونی ئیمکانات نەیتوانی تەکمیلی بکات، تەکمیلی بکەن و پێشکەش بە میللەتی کوردی بکەن.

## مامۆستا تاهیر تۆفیق دەفەرموێ

«محەممەدی مامڵێ فۆلکلوریستێکی تەواوە، محەممەد بۆ کوردەواری مەدرەسەیەکی یەکجار خاسە یانی قوتابخانەیەکی تەواوە، گۆرانیبێژێکی موستەقیل و ڕاست و یەکجار دەنگ خۆشە، فۆلکلوری کوردی لە مامڵێوە مەسئوولە، گۆرانیبێژێکی یەکجار بەقووەتیشە. مامڵێ ئینکاری ناکرێ.»

## یادێک لە مامۆستا مامڵێ لە وتووێژێک‌دا لەگەڵ کاک جەعفەری ئەمینی

موسیقاژەن و هاودەمی سالانی سالی مامۆستا

ئەمن جەعفەری ئەمینی؛ ماوەی چل ساڵێک دەبێ کە خەریکی کاری هونەریم هەرلەوکاتیشەوە کە ڕووم لە کاری هونەری کردووە و پێشتریش، لە ڕادەیەکی بێ وێنەدا هونەرە بەرزەکەی مامڵێ سەرنجی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوم و بە ڕاستی کە ئەوینی ئەو هونەرەش بە ڕادەیەک ڕخنەی کردبوو ناو دەرون و قەلب و هەست و مێشکی من کە لە دانیشتن‌دا، لە ڕیگا ڕۆیشتن‌دا، لە شەقام و لە کۆلان ئاهەنگەکانی مامڵێم لەبەر خۆمەوە دەگوتەوە و بە هەر شتێکی لەبەر دەستم بایە زەربم لێ دەدا.

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



هەڵبەت ئەو عەلاقە و ئەو ئەوینە بە ماملێ تەنیا هەر دەستی بە سەر مێشک و هەستی مندا دانەگرتووە بەڵکو بنەماڵەی منیش هەروا هۆگر بە ماملێ و بە هونەری بەرزی وی بون؛ بۆ وینە شتێکم قەت لە بیر ناچێ لە ساڵەکانی ٤٠ تا٤٢ی هەتاوی‌دا، ئەوکات ئەمن هێشتا مامۆستا مامڵێم لە نزیکڕا نەدەناسی، بە چەند جار خەونم پێوە دەدیت و دە خەونم‌دا ئەمن دەگەڵ مامڵێ لە شایی و زەماوەندم. لە فارسی‌دا مەتەڵێک هەیە دەڵێ "کیو بە کیو نا گا، بەڵام ئینسان بە ئینسان دەگا،" ساڵی ١٣٥٠ی‌هەتاوی بوو کە هاتمە مەهاباد و دەستم کرد بە کاری هونەری و لە چەند داوەتان کە خەریکی بەڕێوەبردنی بەرنامەی شایی بوم مامۆستا مامڵێ‌ش لەگەڵ بنەماڵەکەی لەو داوەتانەدا بەشدار بون. دەمبیستەوە کە مامڵێ زۆری کار و ئەخلاقی من بە دڵە. مامڵێ ئەخلاقێکی یەکجار زۆر بەرزی هەبوو، ئەویش ئەوەکە، ئەگەر دەگەڵ یەکێکی دۆستایەتی کردبایە بە تایبەت دەکاری هونەری‌دا، مەگەر دەگەڵ شتێکی ناحەز و ناڕێک بەرەوڕوو بوویا دەنا دەستی لە دوستایەتیەکەی خۆی هەڵنەدەگرت.

ساڵی١٣٥٥ی هەتاوی، ئەمن لە داوەتی ماڵە ئاغای ڕەحمان‌زادە لە گەڕەکی خڕپی شاری سابلاغێ بوم کە مامۆستا مامڵێ‌ش دەگەڵ بنەماڵەکەی لەو ماڵە لێیان گێڕدرابۆوە و لەوێ بوون. ئەمن لەو داوەتە خەریکی بەڕێوەبردنی بەزمی شایی بووم کە دوای شام کاک محەممەد ئەمنی بانگ کردە قولینچکێکی حەسارەکە و پێی گوتم: دەمهەوێ لە جێگایەک دەگەڵ یەک دانیشین و لە بابەت هاوکاری هونەری دەگەڵ یەکتر بدوێین. ئەمنیش کە تەنیا ئومید و ئارەزوم ئەو بوو کە دەگەڵ وەها هونەرمەندێک کار بکەم شوێنی ماڵە خۆمم پێ گوت. پاش تەواو بوونی داوەت لەبیرمە کە شەوی شەممۆیە بوو هاتە لای من و پێکەوە پەیمانی هاوکاری و دۆستایەتیمان بەست. هەوەڵین مەجلیسێکی کە پێکەوە چوین ماڵی کاک یوسفی نەوایی بوو؛ دوای ئەو مەجلیسەش دوهەمین مەجلیسمان لە ئاوایی شنۆزەنگی دەوروبەری خانێ بوو. دیارە دەو ماوەیەش‌دا لە تەواوی ناوچەی موکریان‌دا و لە زۆر مەجلیسان لە سابلاغیڕا بگرە هەتا لاجان و پیران و مامەش و نەغەدە بەشدار بووین و کاری گۆرانی و موسیقامان بەڕێوە بردووە.

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



بە راستی پاش ئەو هەمووە ساڵەی کە لە خزمەت مامۆستا مامڵێ‌دا بووم بۆم دەرکەوت کە مامڵێ هونەرمەندێکە کە لە هیچ کوێی دنیایە هونەرمەندێکی وەها پەیدا نابێ. بۆ وێنە عادەتێکی هەبوو کە لە هەر مەجلیسێکی بووباین ئەوە هەر خەریکی دەفتەری شێعرەکانی بوو و زۆر جاران لێم دەپرسی بۆ چی هێندە ئەو دەفتەرانەی ئەوبەرەوبەر پێ دەکا، جوابی دەدامەوە کە: نەکا من لە سەردەمی لاوی‌دا شێعرێکم نووسیبێ کە تێیدا بە هەڵە چووبم یان بایەخێکی وەهای نەبێ و سووک بێ دەمەوی ئەو جۆرە شێعرانە بگۆڕم و چاکیان بکەم. تەنانەت ئەگەر مەجلیسمان تەرک دەکرد و لە کاتی خەویش‌دا ئەوە هەر خەریکی نووسینی شێعر و سازکردنی ئاهەنگ بوو.
مامۆستا مامڵێ یەکجار وردبین بوو بۆ وێنە دەیویست ئاهەنگێکی تازە بڵێ دەپێش‌دا بیری لە شێعرەکانی دەکردەوە لە پاشان چەند جاران ئاهەنگەکەی تەمرین دەکرد ئەگەر بە دڵی بایە، دەیگوت و بڵاوی دەکردەوە دەنا نەیدەگوت و نەشیدەهێشت کەسی دی بیڵێ. هەر بەو هۆیەشەوە دەنگ و ئاواز و ئاهەنگەکانی مامڵێ هەمیشە وەک ئاسەوارێکی مێژوویی بە نرخ و بە بایەخن.
مامڵێ تا ڕادەیەک بەسەر موسیقی‌دا زاڵ بوو کە تەواوی دەسگاکانی موسیقای دەناسی و هەمیشەش ئەوە مامڵێ بوو کە موسیقاژەنی وەدوای خوی دەدا و قەت نەمدیت وەدوای ساز بکەوێ. بۆ وێنە هەمیشە گۆرانێکی دەگوت جا دەیوت (بە موسیقاژەنەکان) فلان دەزگای بگرە یان بڕۆ دە فلان مایەوە.
شتێکی دیکەی کە مۆری جاویدانە بوون لە هونەرە بەرزەکەی مامڵێ‌دا، ئەخلاق و ڕەفتاری بەرزی بوو کە بە ڕاستی ئەخلاق و ڕەفتاری لە هونەرەکەی بەرزتر بوو تەنانەت ئەگەر موسیقاژەنێکی دەهێنا کە خۆی بەر لە دەست پێکردنی کاری هونەری لە باری ئەخلاق و ڕەفتارەوە ڕێنوێنی دەکرد جا لە پاشان کاری هونەری دەگەڵ دەکرد.
تەواوی کات و ساتی ژیانی هونەری من دەگەڵ مامۆستا مامڵێ پڕە لە بیرەوەری؛ شەوانی شەو و ڕۆژانی ڕۆژ لە دێهات و گوند و شارەکانی دەوروبەرمان پێکەوە ڕابواردووە. بە داخەوە لە پاش ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی‌ڕا کە کوڕەکەی لە دەست دا وردە وردە دوچاری فەرامۆشی بوو و زۆر جاران کە

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



کاتی گۆرانی گوتن دەهات چاوی پڕ دەبوون لە ئاو و دەکەوتەوە بیری نەجاتی کوڕی و فرمێسکی دەهاتنە خوار.

لە پێش دەرکی شارەداری لە چوارچرایە خەریکی نووسینی عەریزە دەبووم کە زۆر جاران کاک محەممەد دەهاتە لام و چەند دەقیقەیەک لە لام دادەنیشت رۆژێکی کاک محەممەد هاتە لام و گوتی جەعفەر هەستە با بچینە کن کاک یوسفی لاوەیی چایەکی بخۆینەوە. ئێمە گەیشتینە قاوەخانەکە و کاک یوسف چای بۆ دانایین تەقە و هەللا لە نێو شاری ساز بوو؛ ئەمنیش هەستام بچم کەرەسەی کارم کە هەروا لەبەر دەرکی شارەداری بەجێ مابوون وەکو بکەم کە کاک محەممەد گوتی راوەستە با یوسف سەماوەرەکان بکوژێنێتەوە پێکەوە دەڕۆین. بەڵام تا ئەو سەماوەرەکانی کوژاندەوە هەللا و تەقەکە توندتر بوو کە بە ناچار ئەمن و مامۆستا ماملێ و کاک یوسف و کاک سەلاحی کوڕی مامۆستا هێمن و غولامی مەشەدی نەقی لە سەعاتی ١٠ی بەیانی ئەوەی رۆژیڕا هەتا سەعات حەوتی بەیانی رۆژی دوایە بە بێ نان و خواردەمەنی لە وێدا گیرمان خوارد.

بیرەوەری و یادکردن لە مامۆستا ماملێ ئەوەندە زۆرە کە لەو چەند پەڕەدا کۆتایی پێ نایە. پاش ئەو هەمووە بیرەوەرییە تاڵ و شیرینەی کە لە پەنا مامۆستا ماملێ بە درێژایی سالانی ساڵ بۆم بەجێ ماوە، ئاخرین مەجلیسێکی کە پێکەوە بووین لە خانێ و لە ماڵی کاک عەبباسی رکاوێ بوو. ئەمن هەمیشە لە تەنیشت مامۆستا ماملێ دادەنیشتم چونکو هەم گورانیەکانم دەگەڵ دەگوتەوە و هەم زەربم (دمبەگ) لێدەدا و هەروەها دەفتەرەکانیشی لە ئیختیار من نابوو ئەگەر هەر گۆرانێکی ویستبای بیڵێ ئەمن زۆر زوو لە ناو دەفتەرەکاندا بۆم دەدیتەوە... ئەوی شەوێ کە گۆرانی گوتن تەواو بوو ماملێ بە منی گوت: "جەعفەر ئەتو وەرە جێگای من با ئەمن بێمە جێگای تۆ" منیش گوتم بۆچی؛ گوتی: ئەو ژنانە چاو لە من دەکەن پێم خۆش نییە.ئەگەر ئەو قسەی کرد زۆرم پێ سەیر بوو چونکێ ئەو مەجلیسە هەر ژنی لێ نەبوو. زانیم حاڵی باش نییە بەڵام وەسەر خۆم نەهێناو جێگام دەگەڵ گۆڕیوە. لە پاشان مەعلوم بوو کە دوو جاریشی وا بە کاک جەعفەری برای گوتووە. ناردمانە وەتاغێکی دیکە کە ڕاکشێ و ئەمن

Mamle Art Center



و کاک جەعفەری ماملێ و سمایلی سۆفی مەولودی کە بۆ هەوەڵ جار بوو دەگەڵ ئیمە بوو لە مەجلیس‌داماینەوە بە داخەوە ئەوە ئاخرین مەجلیسێک بوو کە ئەمن لە خزمەت مامۆستادا بووم، بە ڕاستی کە جێی پەژارەیە لە دەست دانی ئەو هونەرمەندە گەورە و نەمرە...

## گۆرانی‌یەکان

لەو بەشەدا پێویستە سەرنج بدەنە ئەو دوو خاڵە:

١ـ ئەو گۆرانی و ئاهەنگانەی شێعرەکانیان لە بەرگی یەک‌دا نوسراون دووپات نەبوونەوە.

٢ـ هەروەکوو دەزانین مەیدانی هونەری مامۆستا ماملێ ناو دڵی خەڵک و تێکەڵاو مەجلیس و کۆبوونەوە تایبەتی و کۆمەڵایەتیەکان بووە. هەر بەو هویەشەوە، پێشتریش باسی کرا، ماملێ گۆرانی‌یەکانی خۆی زۆر جاران و لە زۆر جێیان لەسەر ویست و داخوازی مەجلیس و لەبەر دڵی خەڵک دووپات کردۆتەوە. بەڵام لە لایەکی دیکەوە بە هۆی بەربڵاوی ئەو شێعرانەی کە کەڵکی لێ وەرگرتون دەبینین کە ئاهەنگێکی بە چەندین شێعری جۆراوجۆر گوتۆتەوە جا هەم وەکۆ کردنی هەموی ئەو شێعرانە کارێکی دوژوارە، هەم ئەوەی کە لەوانەیە بڵێم بە نەفەرێک و دوو نەفەر جێ‌بەجێ نابێ ئەمن لە ڕادەی دەستەڵات و توانایی خۆم‌دا تەواوی ئەو شریتانەی وەگیرم کەوتن نوسیومنەوە و پێش‌کەش بە ئێوەی دەکەم.

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



## قەتارە و چەند شێعرێکی‌دی

مەمکە بە خالۆی خاوەن خالان
دڵم زیڕیکە نایدەم بە تالان
نەمداوە بە کەس هێشتا ساوایە
تازە خالیەکی‌ئی تۆی تێدایە
پێم ئەڵەی خالو گۆیا من پیرم
ژاراو و نەشتەر ئەیدەی لە بیرم
من نە خالۆم، نە خالۆ منم
دیوانەی خالی گۆنا و گەردنم
بەڵێ، خالۆ نیم، هێشتا منالم
شۆڕە سوارێکم ڕاوکەری خالم
ها کە خالەکەت کەوتە بەر تیرم
بە دەسرێژیەک ماچ بویتە نەچیرم
پێم ئەڵەی خالۆ و بە خاڵ دەمکوژی
شەرتە گەر هاتوو خالانم مژی
تا وەکوو کۆرپەی مەمک لە ناو دەم
چاو نەچیتە خەو لە مژکۆڵ نەدەم
شەرتە لە جێگای خالۆ خالۆی تۆ
خۆم بکەم بە کوڕ چاردە ساڵ لە نۆ

**هومایون**

با بگریەم و بنالم هەر لەبەر بەختی ڕەشم
تا بەکەی من دەردەداری کولم و ڕوخساری گەشم
عومری ڕابردوم لە دەست دەرد و پەژارەی بێ‌کەسی
هەر بە فیرۆ چوو لەبۆیە، چاو لە دوور ڕۆژی ڕەشم

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



عاشقان شاد بن لەبەر دیدە و لەبەر ڕوخساری یار
من بە کێ شاد بم چ ئەندامێ بنێمە باوەشم؟

**قەتار**

لێوی ئاڵت دەڵێن ئاور لە نێو گیان بەردەدا
زەڕڕەیەک نورە بلە ئاور لە ئینسان بەردەدا
من لە سرڕی حیکمەتی چاوت عەجەب ماوم عەجەب
ئەونەخۆشە خوێنی قەلبی من بە موژگان بەردەدا
ئەژدیهای زولفت تەلیسمێکە لە سیحری بابولی
ئاوری جادو لە میهر و ماهی تابان بەردەدا
هیندویی خاڵت لە نێو باغی جەماڵت کەوتووە
باغەوان ماڵی ڕمێ بۆ چی گوڵستان بەردەدا
لێوی یاقوتت ئەگەر قوتی ڕەوانی عاشقە
پێم بڵێ وەجهی چی‌یە ئاور لە ئینسان بەردەدا

سەرمان سەنگ ئەکەی ژێرمان خاک ئەکەی
کە من دەنگ ناکەم بۆچ تۆ دەنگ ئەکەی
ئەوەی دابوتمێ لێت ستاندمەوە
هەر حیسابی حەشر هاوەڵامەوە
ئەی داد ئەی بیداد چم دەستەڵاتە
ڕوحم کێشکچی دەورەی باڵاتە

ـ دیارە شەرتم پەڕیوە تابی دوریت ناهێنم
لە تۆ ناگرم هیچ عەیبان خۆم بەسەر خۆمی دێنم
بەهانەت زێڕ و زیو بێ هەرچی بڵەی بۆت دێنم
ماڵی دنیام بۆ چی‌یە چاوی لێ ناقوچێنم
ـ ئەسپە کوێتی زین دەکەم دەڕۆم دەچم بۆ ڕاوێ
تاجیان دە ڕەستە دەخەم بۆ خۆم دەگرم سەرڕاوێ

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



شنیکێ مەلول کەوتووە لە کلکەی پەلاساوێ
من ڕاوم بەتاڵ بووە لە یار نەوەک لە ڕاوێ
ـ ئەو ساڵ حەوت ساڵی تەختە لەسەر تۆ راوەستاوم
بە مەکرۆیان فریوم مەدە مەلێ بە چاوم
لەسەر هیچ و خۆڕایی بە خەراپەت برد ناوم
سلاویشم لێ کرددی مەستێنەوە سلاوم
ـ سەرڕاوم بۆتە بەرڕاو نابینمەوە تەماڵێ
ڕەشمە لەسەر ئەسپی کویت لە خۆڕا دادەماڵێ
نەهاتی ڕوی تێ کردوم کەوتومە ئاش بەتاڵێ
تەیری بەختی من ڕۆیی شەقەی دا لە شاباڵێ

ـ هەی داد هەی بێداد لەو دڵەی ناشادم
کۆچی رابردوو کەوتۆتە یادم
ـ هەی داد هەی بیداد یار نەهاتەوە
خەستەی ڕێگایەم لە بیر باتەوە
ـ گەرد و غوباری ڕەنگ زەردیم دیارەن
دڵە بێ یارێ چۆنت قەرارەن!
ـ گەردی کۆچتان هەروا دیارەن
دەک دڵە بێ وی چۆنت قەرارەن
ـ کەسێ نەبوو وەک من دور بێ لە یاران
زامداری موژەی دیدە خوماران
ـ بە بای هەناسەی ساردت دەسپێرم
ئاوری دڵمت لە دەور دەگێڕم
ـ هەر من بێمرادی بێمرادانم
هەر لێقەوماوی کوچەی شارانم
ـ لە بن هەر بەردێ لە سای هەر دارێ
لە جیاتی شادی غەم بۆم دەبارێ

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center

**١٧٤/ یادی بەخێر**

ـ هەر بەستەزمانی بەستەزمانم
بە ئێشی دەردم تازە دەزانم
ـ رەنجەڕۆی کردم وەدوای ناکەوم
ساڵەهای ساڵە بەدبەختی ئەوم
ـ ئێستاش کە دەڕۆی هەر نامراد بی
هەر لێو بەباری ڕەنج خەساران بی
ـ دڵە زەلیل بی بۆ لە کوڵی وەرە بگرە سامانێ
زوخاوم لە دڵی هەڵقوڵی گڕوی گرتووە بۆ جوانێ
ـ وێڵم بە دوای دەردی دڵم غەریبم لە شارانێ
دەست بە سینە لارەمل چاو بە گریە و گریانێ
ـ دڵم دەریای بێپایان بێ هەر ئاخ هەڵکێشی تۆمە
جێگای خواز و کانەبیان بێ یەکجار پەژارەی تۆمە
ـ چەندە نەخۆشم دەردم گرانە
ماچی لێوی یار بۆ من دەرمانە
ـ با بی دابنیشین لە بن داری بەی
تاکەی بناڵم لە تاوی دیدەی
ـ چەند ساڵە لەیلا لێم نادیارەن
ئەو کائیناتە بە دیدەم تارەن
ـ سێ شەوەی ڕەمەزانێ فەرزە لەسەر ئۆممەتی
لە دنیای ڕون بۆم نەبی چیت لێ بکەم لە قیامەتێ
ـ تۆ خوا دڵم مەشکێنە تاویک وەرە باوەشم
بەژنێ باریک لێم زیزە دەتکێ فرمێسکی گەشم
ـ ساڵەهای ساڵە غەمم ڕەفیقە
شادی بێ مەیلە بیە بە دەقیقە
ـ یاڕەبی فەلەک دەردت کاری بێ
زامت پڕ لە ئێش نادیاری بێ

www.mamle.net

Mamle Art Center



ـ غەم و تاڵیم زۆر لە مێژن
قەبرم بە گوڵاوی دارێژن
هەتا یار نەیە مەمنێژن
ـ شەو گەیشتە حاڵی جاران
بۆم بڵێن بە شای وەفاداران
زوو بێتە سەر دەردەداران
ـ ڕوت ڕەش بێ دەگەڵ قەرارت
نەما شەرت و وەفای پارت
ڕەبی کوێر بێ سەبەبکارت

ـ گەروبەندەکەی زەنگیانەی ڕەشە
هەم پیر هەم جەوان دڵیان پێ خۆشە
هەرکەس بتبینێ ساڵێک نەخۆشە
ـ تۆ خودا لەیلا وەرە کنم
بە دڵ حەڵاڵ کە گەردنم
نێزیک بۆتەوە مردنم
ـ ناژیم بە بێ شادی ئەمن
عاشقان لە دەوری یەک جەمن
کوا خەراپەت دیوە لە من
ـ شەوگار لە تاو تۆ بێدارم
بە ئارەزوی وەسڵی یارم
ئەوە بۆتە پیشە و کارم
ـ وەفاداران بە ڕەحمەت بن
بێوەفایان بە لەعنەت بن
هەتا سەر یاری کەس نابن
ـ مەجنون وای لێ نەقەوماوە
وەک من جەفای نەکێشاوە

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



یارەکەی خۆم لێ تۆراوە
ـ عیشقت بۆتە مایەی ژینم
ساڕێژی دەکا برینم
دەشێوم ڕۆژێک نەت بینم
ـ قرچەی جەرگی هەڵقرچاوم
ڕونایی بردووە لە چاوم
چونکە یارم وەلای ناوم
ـ کیژی لادێیم خۆش دەوێ
خۆشی و ناخۆشی من بە وێ
بێ وی دڵ ساتێ ناسرەوێ
ـ دایمە بۆتە پیشە و کارم
دە دڵم دایە دەردی یارم
ئەو ساڵیش خۆزگەم بە پارم
ـ هەوارگەی مرادم دورە
... ببورە
ئەو جار بە بەختی من جورە
ـ ئەتۆ فەرموت وەفادارم
لەسەر قەولەکەی پێرارم
بە دیتنت هیوادارم
ـ دوری بەسە زوو وەرەوە
وەک مانگ لە ئاسۆ دەرکەوە
لێت زیزم ئاشتم کەرەوە
ـ گوڵم بە کوچە وەردەکرد
یار هات و ئارەزوم دەکرد
بە چاوان ئیشارەی دەکرد
ـ بیستومە شیرینیت دەخورێ
لەسەر دڵم بۆتە گرێ

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



ئاهی من بەدکارت مرێ
ـ باڵاخانەی بەرەو شەتی
بڕوانە چەرخی ڕومەتی
وەختە شێت بم لە حەسرەتی
ـ باڵاخانەی بەرەو چۆمی
کەوتمە بەندیخانەی ڕۆمی
بە دینی عاشقان ئی خۆمی
ـ پێرێ نیشانت بۆ ناردم
شەوێ دیکەش سوێندت بۆ خواردم
بەو حالەش هەر لێت دلساردم
ـ خزمینە بۆم بکەن ڕایە
گەوهەرم کەوتە دەریایە
هەر چی دەیکەم بۆم دەرنایە
ـ بە ڕۆژ کەسادم شەوم خەو نایە
لە خدمەت یارێ خەبەرێک نایە
کولی گریانێم دە ئەوکێ دایە

ـ یارم بە دڵ خۆش دەویست قەولێکی دەگەڵ بەستم
بەدقەولی وای لێکردم عەهد و پەیمان نەبەستم
تازە ئاوڕت وێ نادەم کە تەواو بێ بەرهەستم
گولێکی بەهاری بووی با فڕاندی لە دەستم
ـ جوانیەکی دەپەرستم چاوم پێی بکەوێ مەستم
ڕۆژێ جاریەک بیبینم دەست بنێتە ناو دەستم
بەلام بەهاری عومرم ڕۆیوە بەربووە لە دەستم
دەک لە چاوان کۆرە بم دیار نیيە کۆنەدۆستم
ـ شەماڵی بەهاری هات بەفری کۆنە دەتواوە
خۆشەویستی کیژ و کوڕ لە قەدیمەوە باوە

www.mamle.net

Mamle Art Center



لەبەر دوری یارەکەم جەرگ و هەناوم تواوە
ئاوری خۆشەویستیی من هەر بە وی دەگەشاوە
- چاوم کەوتووە بە یارێ لە ڕاستەی مەلاجامی
نەموێرا بیدوێنم نەبا بێتە بەدنامی
تیرێکی لە جەرگی دام هەروەک گۆڕ و بارامی
نەمزانی چی بیستووە دەڵێ بڕۆ برامی
- چ دەخۆمدا شک نابەم بۆچی دڵت ئێشاوە
ڕوو لە هەر لایەک دەکەم بە شەرم و بە حەیاوە
قاسیدێکی وام نییە بزانم چی قەوماوە
دەرگا لە میوان داخەی نەمبیستووە و نەکراوە
- لەسەرچی نامدوێنی بۆ لێم دەگری بەهانە
دەبوو زووم لێ حاڵیبا کیژۆڵە بێبەقانە
لە مێژە لێت حاڵیمە نەزەرەت تەفرەدانە
تازە دەگەڵت تێک چووم نەڵێی بۆم پەشیمانە
- ناوێرم نێوی بێنم دەمبەنە پای سێدارێ
قەدیمی کوتوویانە هەر عاقڵەی لە خەسارێ
گاڵتەی بە بەرداش مەکە وەبەر کەوی دەتهاڕێ
پاشی تۆ بە قۆڕێ گیرێ جێژوانی دەم ڕوبارێ
- لە تاو دوریەکەی تۆیە، وەختە گیان و دڵ دەرێ
بۆت دەفرۆشم سەر و ماڵ خۆ من ناکەم زەرەرێ
باراشی هێنا ئاشی ئاو نایە ئاش ناگەڕێ
گۆشەی چاوتم لێ دیار بێ بە بێ ئاویش دەگەڕێ
- ئەسمەر بێ و خاڵ لە ڕوو بێ ئەو جوانترە لە وی دی
دەک لە چاوان کۆرە بم جوانێ هات ڕابرد نەمدی
ماڵە بابم بێ ڕوحمی کوا خەراپەت لە من دی
نابەستم عەهد و پەیمان تازە دەگەڵ کەسی دی
- بۆچی فەرموتە دەڵێی هەر لارەمل بێ جوانە

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



خۆتۆ قاتلی یەکیەکی چاوت قاتلی دوانە
زولفت بە شانە مەکە هەر بە بێ شانە جوانە
چ بکەم بە خۆم ناوەستم شێتی بێ وەفایانە
ـ دەڕۆم دەچمە کن یارێ بەڵکو مزگێنیم داتێ
دەڵێن کاروانی شادی دەرپیەدایە دەگاتێ
رەش بەڵەکێک گیراوە لە کەلکەی بەردە تاتێ
پایەندازێ رادەخەم هەتا بووک دێ دەگاتێ
ـ جوتیەک گوارەت بۆ دەکرم لە عالەمدا مەشهور بێ
کەلەبابەی مرواری پەڕەنگەی زێڕی سوور بێ
جا با لێو ئاڵ دەگوێی کا با موکریان خاپوور بێ
ـ بای وەعدەی نەوروزی هات گرێی زولفت کراوە
بەفر و سەرما و پەژارە بە دوای یەکدا دەتواوە
کیژ و کوڕ دەستیان دەگرت لە نێو ئەو ناوە ناوە
مۆرەی بەختی من نایە شەش دەرم لێ گیراوە
ـ سەرڕاوم بۆتە بەرڕاو نابینمەوە تەماڵێ
ڕەشمە لەسەر ئەسپی کوێت لە خۆڕا دادە ماڵێ
نەهاتی ڕوی تێکردم کەوتومە ئاش بەتاڵێ
ـ گوڵخانەی دروست کەم شەتلی گوڵ دەچەقێنم
زۆر زۆر خزمەتی دەکەم زووتر، وەبەری دێنم
نابەستم عەهد و پەیمان تا لە دنیا بمێنم
ـ دۆستی باشم لە دەستدا کەس لە دەورم نەماوە
کوێرەکانی ویشک بوو فەسلی بەهار دەزاوە
دەروازەی ڕەحمەتی تۆ ئیلاهی بۆم کراوە
فەرموی بە هیوای تۆمە قەولم بە کەس نەداوە
ـ کوا ئەوە دلداریەیە وەکو پەروانە نەبێ
لە راست وی دلنیا بم لە خودای دەکەم تەلەبێ
سەفەریکی ساز دەکەم دەڕۆم دەچمە حەلەبێ

www.mamle.net

Mamle Art Center



جلە بووكی بۆ دێنم لەبەر پەریاندا نەبێ

ـ دوژمن دەوریان لێداوم لێم دانیشتون لە کەمین
ئەو دنیایە وەفای نی‌یە عاقیبەتی هەر دەمرین
وەرە با خۆش رابوێرین تاوێکی پێکەوە بین
سەد لەعنەت لەو کەسەی بێ بێ‌دەلیل لێکی کردین
ـ هەی دلە رەنجەڕو بی کۆسپی چەند ساڵەت کەوێ
زۆرم ئەو گوڵە خۆش‌دەوێ دڵخوشیەکەی من بە وێ
کوانێ شەرت و ئینسافە من لێرە بم تۆ لە وێ
شەرتە قەت نایشکێنم شەرتی خۆم دەبمە سەرێ

ـ جاریەک وەنەوشەی گوێی دەم شەتاوان
بە دیاری دەبەم بۆ دڵ سووتاوان
ـ شەرتم ئەو شەرتە دەگەڵ تۆم کردن
خۆ من بازگەشت نیم تا ڕۆژی مردەن
ـ بە مەرگت قەسەم تاسەی تۆم کردەن
شەماڵ بێ شنەی بۆی تۆ لەم هەردەن
ـ یاڕەبی فەلەک دەردت کاری بێ
زامت پڕ لە ئێش نادیاری بێ
ـ هەر ساتیەک بێ وی سەت ساڵە لە لام
گیرۆدەی دۆستی بێ نامە و وەڵام
ـ شنە شنەی بای زستانی پایز
دوری خستمەوە لە یاری ئازیز
ـ مۆڕەم لێ مەکە جارجارە زاڵم
من شێتی دڵم بۆ تۆ دەناڵم
ـ هێستاش ماڵ‌ئاوا لە نێوتان دەڕۆم
با کەس نەزابێ بۆ تۆ ڕەنجەڕۆم

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



ـ بە شەرتی شەرتان هەتاکوو ماوم
سۆنەش ناخەمە بەر تیری داوم
ـ دەترسم بمرم دیدار ئاخر بم
رۆژ لەگەڵ رۆژی پتر زەلیل بم
ـ هێستا کە دەروێ هەر نامراد بی
هەر لێو بە باری رەنج خەساران بی
ـ دەترسم بمرم بە جوانەمەرگی
ببەمە ژێر خاک نالەی دڵتەنگی

ـ هەر من ئاڵۆزی خەیاڵی تۆمە
هەر چاو بە گریان شەلاڵی تۆمە
ـ نەققاشی قودرەت دیوانەی کردوم
لە دۆست و رەفیق بێگانەی کردوم
ـ هێستا کە لانە و خانوی بەردینە
بە غەمی تۆوە دڵم غەمگینە
ـ وەک گوڵ لە عیشقت پەردەم دڕیوە
ڕوژێکی خۆشی دنیام نەدیوە
ـ ئەوشۆ هەر غەمن لە منیان سەر داوە
سەرتاپای تەمەنم ئاور دراوە
ـ گەردی کۆچتان هەر وا دیارەن
دەک دڵە بە بێ وی چۆنت قەرارەن
ـ کەوتە مەعبەینمان حەوت کیو و حەوت کو
مەگەر بای رەحمەت من بێنێ بۆ تۆ
ـ قافلەچی ئامان وەرە دەخیلم
بلێ نەخۆشم بۆ وی زەلیلم
ـ لە کوی وا دەبێ شیوەی دڵداری
تۆ لە عەیش و نوش من لە غەمباری

www.mamle.net

Mamle Art Center



ـ هەیداد و بێداد لەو دڵەی ناشادم
بیری کۆنەیار کەوتۆتە یادم
ـ نە یاراییی خەو ویساڵی تۆ من
نە تابی دوری خەیاڵی تۆ من
ـ خۆ من تاوانم لە حەد زیاترن
دەفتەرم لە روی خۆم سیاترن

ـ ماڵێک کۆچی کرد نەگەیمە کۆچی
حەزم لێ ناکەی مۆرە مانای چی
ـ چ خودا بەرداره غەرقم کەی لە غەم
ڕوحمی خێرت بێ یا زۆر و یا کەم
ـ لە ولاتی غەریب غەریب دیارەن
جێگای غەریبان گۆشە و کەنارەن
ـ ئەوشۆ شەوێکە شەوی دو دڵانە
داخودا قیبلەی من لە کوێ میوانە
ـ گەر خۆشیت وایە خۆشیتم ناوێ
دیدەم بە کۆنە پلاسە جاوێ
ـ فەراقت فەرقمی بە توتیا کرد
عومری جوانیم وەک تۆز بە با کرد
ـ شەوان خەڵوەتن ماڵ بی ئەغیارەن
گشت عالەم خەوتون یار خەبەردارەن
ـ گەر نەمدیتیوە ئەتۆ سلامەت
دیدەنی یاران کەوتە قیامەت
ـ ئەوشۆ هەر غەمن وا لە کەمین‌دا
بەرەوروی خستوم بەسەر زەمین‌دا
ـ بۆی گولالەی دڵ دولبەر عەزیزەن
مەززەی تامی غەم یاران لەزیزەن

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



ـ گەرد و غوباری مەحمەل دیارەن
دەک دلە بێ لەیلا چۆنت قەرارەن
ـ دەفعەیەک نەمدی کە تۆ من یاد کەی
یا ڕۆژیەک بڵێم خۆش و ئازاد کەی
ـ گوناهی خۆمە کەوا کەساسم
ئەم بێقەدری‌یە لە خۆم دەناسم
ـ لە بەدی بەختم لە بەد ئیقبالی
هەر جێیەک دەچم جێگای تۆ خالی
هاتم گەیشتمە هەواری خالی
ـ نە ڕۆژم ڕۆژە نە شەوم شەوە
ئەی غەم ساتێکی لە دڵم دەرکەوە
خۆت و دلەکەی خۆت فەرموو بیبەوە
ـ چەند ساڵە عازیز لێم نادیارەن
ئەو کائیناتە بە دیدەم تارەن
ـ بۆ کەسێک باشن نامەکەی یارێ
کە لە ڕاستی وی بەرد لێی نەبارێ
ـ ئەمن لە زۆوە بە مەیلت مەستم
هەر گیانفیداکەی گیان لەسەر دەستم
ـ شمشاد و نەرگیس وەنەوشەن هەر سێ
چاوی من بۆیە لێیان دەترسێ
ـ هەناسەیەک لە من سۆزیەک لە شەماڵ
سەبەبکاری من بێ بە کۆی زوخال
ـ بە مەرگت قەسەم تاسەی تۆم کردەن
شەماڵ بێ شنەی بۆی تۆ لەو هەردەن
ـ خالەق من تۆم هەس، بێکەس تۆ کێت هەس؟
تا فریاد ئەکەم، وە فریادم ڕەس
ـ سەت جار بە قوڕعان بە مەستی چاوت

www.mamle.net

Mamle Art Center

**١٨٤/ یادی بەخێر**

بە کۆسەی هەجیج نەمبردووە ناوت
خۆ من گاور نیم کەوتومە داوت
ـ سەرەڕێ دەگرم ئەحواڵ دەپرسم
لە کەم مەیلیەکەت کەمێک دەترسم
ـ دەردم ئاویتەی دەردی فەرهادەن
منیش وەک فەرهاد رەنجم وەبادەن
ـ دیسان باری غەم نیشتووە لە لێوم
بەزەییەکت بێ بەو دڵەی پەشێوم
ـ فەرش کەن پای میهمان تالاری شاهی
تەناب واریشم ئەیوان خەتایی
ـ دارا و نەدارا گشت ماتی غەمن
داراش دەگریا بەشی من کەمن
ـ هەورێکی هینا بارانەی پێوە
یاخوددا نەبارێ لەیلام بەڕێوە
ـ خۆزگەم بە بولبول چینەی گوڵ دەکا
چینە و هێلانەی لەنێو گوڵ دەکا
ـ شەرت بێ لە داخت شۆخی دیدە مەست
خێڵە و خێڵ دەکەم تا حەیاتم هەس
ـ زۆر پەریشانم وون بووە نامم
نامەکەت ئەوە بۆ شیفای زامم
ـ خۆ من نە شەلم نە لەش بەبارم
دەبوو زوو بزانم رەنج بە خەسارم
ـ لە من مەپرسە بۆ چی دڵتەنگم
تۆزی غەریبی نیشتووە لە ڕەنگم
ـ ساقی گەر کۆچی یاران دیارەن
هاوماڵی پیریم بە ئینتیزارەن
ـ هیجرانت دەردی لە لام جەمع کردەن

www.mamle.net

Mamle Art Center



کەمێک لە غەمم کەمی نەکردن
تەپ و دوکەڵی هەناسەت بەرز بێ
ناڵەت وەک ناڵەم بە تاوو لەرز بێ

ئانجی بەدبەختی بدەی بە سەردا
ـ کەس نەبوو وەک من دور بێ لە یاران
زامداری موژەی دیدە خوماران
ـ کامە ویرانەت ئاوا کردەوە؟
جێگای ملاقات لە کوێی عەرزەوە؟
ـ دەخیلم شەماڵ ئەوشو وەرەوە
لە یاری عازیز خەبەر بێرەوە
ـ بۆ تۆ من خۆمم کردە بێچارە
لە مولک و وەتەن خۆم کرد ئاوارە
ـ گەردنبەندەکەی مەتای گرانبار
شۆڕابەی سینگی لە عالەم دیار
ـ کامە وێرانەت ئاوەدان کردەن
جێگای ملاقات لە کوێی سەر هەردەن
ـ چەند گرفتاری بادەی فراقم
بو دیدەنی یار زۆر زۆر موشتاقم
ـ ئەی داد ئەی بێداد یار نەهاتەوە
خەستەی ڕێگایەم لەبیر باتەوە
ئامان سەت ئامان رەفیقان ئامان
چۆتە سەفەرێ شای نەونەمامان
ـ ئازیز دەگەڵ من بێگانە بایە
چاکتر بوو لە وەی دۆستی من بایە
ـ ناکا مەیلەکەت گەڕابێتەوە
دیسان دەرد لەسەر دەردم بێتەوە

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



ـ نە شەو ڕاحەتم نە ڕۆژ دڵشادم
شەو زولف و ڕوی تۆ دێنەوە یادم
ـ تا ئەوڕۆ ناوم بە چاک براوە
ئێستا بە دەست تۆ گیر و داماوە
ـ مرواری فرۆش هاتن بۆ فرۆش
ڕەحمەت لە مردوی مرواری فرۆش
ـ خەریکی ئەوەی ئابڕوی من بەەی
دیدەم جارێتر کاری وا نەکەی
ـ ئەمن لەیلاکەم سوێند داوە کەوا
هەتا من ماوم دڵ بە کەس نەدا
ـ لە شوعلەی ڕوی تۆ دنیا پڕ نوور بێ
لە چاوی بەدکار جەماڵت دوور بێ

**ئای لە من و های لە کێ (هەی مەگری...)**

وەکی لە من قەوماوە (جوانێ) یاخودا لە کەس نەـ قەومێ
لە وڵاتی موکریانی (گیانە) کەس نی‌یە هاواری بەرمێ
باب و دایکی لێو ئاڵێ (گیانە) توڕەن و نامدەنێ نەرمێ
لەسەر ئەو حاڵەش لە یار (گیانە) زۆری لێدەکەم شەرمێ
ئای لە من و های لە کێ (گیانە) ئای لە لەنجەی لەیلایە
کاری من و بەژنێ باریک (گیانە) وا زو کۆتایی نایە
شەرتە قەت مەیلت نانێم (جوانێ) تا بمێنم لە دنیایە
ـ هەندە هەندی بەیانان دۆست و دوژمن ظاهر بون
بە سۆزەی بای پایزان مەمکۆڵەی کیژان خڕ بون
هەمو عاشق پێک شاد بون (گیانە) بۆم لە مەڵبەندی نەبوون
جێی جێژوان و جێ ڕاوێ (گیانە) لە منی ماڵوێران چۆل بون
ئەی مەگری مەگری (گیانە) مەگری گیانی شیرنم
هەر چەند بە کزیت دەبینم دەکولێنەوە برینم

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



خۆ من لەو دنیایەیدا هەر تۆی هومێدی ژینم

**ئاغلەمە**

ـ توشی بەلایەم مەكە (گیانە) دەرد و میحنەتم زۆرە
تابی دوری ناهێنم (گیانە) دڵت لە من مەگۆرە
دەریای زوڵمت وشك بێ (گیانە) زوڵمێ مەكە لەخۆرا
فرمیسكی چاوان لە تاو تۆ دێنە خوارێ چۆرچۆرە
ئاغلەمە گوێزەل، ئاغلەمە...

**ئاغلەمە**

ـ بەفریك بە بای دەبارێ (گیانە) رێگای ژوانی لێ گرتوم
بە دەستی دڵ ئەسیرم (گیانە) ئەوشۆ مانی لێ گرتوم
دەڵێ برۆین بۆ لای وی (گیانە) حوكمی ژوانی لێ كردوم
دەك دڵە بە لەعنەت بی (گیانە) لە زیندەگانیت كردوم
ئاغلەمە گوزەل ئاغلەمە (یارم) دەڵی ئۆڵدوم ئاغلەمە
سەننەن ئویتور گەلمیشەم گوزەل سەن گاپنی باغلەمە
سەننەن ئویتر گەلمیشەم گوزەل ئورەئیمی داغلەمە
ـ پەشێوی دەستی دۆستم دەردم كراوە كاری
قەت دەمێك ئاسودە نیم لەبەر غەمی هەژاری
تانەی دۆستی قەدیمی لە جەرگم بوو بە كاری (٢)
رازی نەبوم بەو كارەی لێیان كردمە ئیجباری
ئای لە من و های لە كێ ئای لە لەنجەی لەیلایە
كاری من و بەژنی باریك وازو كۆتایی نایە
شەرت بێ قەت مەیلت نانێم تا بمێنم لە دنیایە
ـ راوەستا لەسەر بیرێ لەبەر دەسماڵ حەریرێ
چەندی خۆم مەجبور دەكرد دەستم بۆ هەڵناگیرێ
دەڵێم بێنە ماچت كەم جارێ دەكا تەگبیرێ (٢)
های لە من و های لە كێ گیانە ئای لە لەنجەی مەلەكێ

Mamle Art Center

**١٨٨/ یادی بەخێر**

مەلەک وەک مانگی چاردە کلی لە چاوان دەتکێ
شێت و شەیدای بالای تۆم ڕاوەستای لەبەر دەرکێ
ـ دەتفەرمو بۆ تۆ نابم چۆنی تۆ دەڵێی وابم
کەوتبومە بەندیخانێ بە یادی تۆوە مابوم
ڕەبی کۆسپی دڵ کەوێ گەر ساتێک لێت جودا بم

**ئامان ئامان**

ئەو شۆ هەوەڵی پایزە
سینگ بە خشل و (وەی) گوێ بە زریزە
بەینێکە یار (ئەی) لە من زیزە (٢)
ئامان ئامان ئەی ئامانم بێ
بەو چاوانە ئەی گریانم بێ
ناردویەتی وەی نیوەشەو بێ
زیز مەبە یاری دەر ولات
زستان ڕۆیی (وەی) بەهار داهات
بزەت بۆ من (ئەی) بۆتە ئاوات (٢)
ئامان ئامان ئەی ئامانم بێ
بەو چاوانە ئەی گریانم بێ
ناردویەتی وەی نیوەشەو بێ
ناکێشم نازی تۆ چیدی
ڕادەبری بە توند و تیژی
کەنگێ خەراپەت لە من دی (٢)
ئامان ئامان ئەی ئامانم بێ
بەو چاوانە ئەی گریانم بێ
ناردویەتی وەی نیوەشەو بێ
چاوم لێ مەکە کوێر دەبی
هەرزەکاری (وەی) بێخێر دەبی

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



ماچت نادەمێ فێر دەبی (٢)
ئامان ئامان ئەی ئامانم بێ
بەو چاوانە ئەی گریانم بێ
ناردویەتی وەی نیوەشەو بێ

## ئامان ئامان وەی ئامانم بێ

ـ کەس نازانێ بۆ بێوازم
گیرۆدەی دەستی سەربازم
بە دیتنت ئاوات خوازم (٢)
ئامان ئامان وەی ئامانم بێ، بە چاوانە وەی گریانم بێ
ناردویەتی وەی نیوەشەو بێ (٢)
ـ لە پلیکانان وەسەرکەوت
ڕیشۆی شەدەی وەبەرکەوت
لە عەیبەتان نێوکم کەوت (٢)
ئامان ئامان وەی ئامانم بێ، بە چاوانە وەی گریانم بێ
ناردویەتی وەی نیوەشەو بێ (٢)
ـ قەسەم بە وەی قەت نامرێ
سەت کەس جانانەی لێ دەمرێ
گڵ بێعارە مەیلان دەبڕێ (٢)
ئامان ئامان وەی ئامانم بێ، بەو چاوانە وەی گریانم بێ
ناردویەتیوەی نیوەشەو بێ (٢)
ـ سوێندم خواردوە بۆ ئازیزێ
بێتو بگەینە پائیزێ
هەڵیدەگرم گوێ بە زریزێ (٢)
ئامان ئامان وەی ئامانم بێ، بە چاوانە وەی گریانم بێ
ناردویەتی وەی نیوەشەو بێ (٢)

www.mamle.net

Mamle Art Center



### ئامان شیرین

ـ سەبری نازدار هەر ناز دەکا ئەمان ئەمان (٢)
بۆ ڕێبوار کوشتن وا دەکا (٢)
با پرچی پەریشان دەکا ئەمان ئەمان (٢)
بۆ عاشق کوشتن وا دەکا (٢)
ـ دەستەی عاشقان لە دوور دیارن ئەمان ئەمان (٢)
ڕەنگیان زەرد و لێو بە بارن (٢)
مەنعیان مەکەن ساحەب یارن ئەمان ئەمان (٢)
بە دەردی دڵ ئەی هاوار گرفتارن (٢)
ـ سەبری چوو بۆ نەخۆشخانە ئەمان ئەمان (٢)
زۆری تێدا (ئەی هاوار) پەریشانە (٢)
زولفی وەک کەزیەی پەریانە ئەمان ئەمان (٢)
دیارە نەیکردووە بە شانە (٢)

### ئامان شیرین

ـ ئامان شیرین دڵم لە لای تۆیە، دنیا بێ تۆ زیندانە (٢)
من فەرهادم لە عیشقی شیرین، فیدا دەکەم ئەو گیانە (٢)
ـ شیرین فەرموی ئەی شاهزادەی کۆەکەن، شیرین بێ بە قوربانت (٢)
ئاوری بەردا لە هەناوم، چاوی پڕ لە گریانت (٢)
ـ یا خودا شیرین بە وەسڵی تۆ شادبم مردم لە مەکر و فێڵان (٢)
خوێنم دەڕژێ بە بێ مرادی شینم بۆ بکەن جحێڵان (٢)

### ئامۆزا

ـ بە غەم دەگوزەرێ وەخت و بێوەختم ئامۆزا گیان
دەرمانت نەکرد ئەو زامی سەختم ئامۆزا گیان
تا کەنگێ کز بێ ئەستێرەی بەختم ئامۆزا گیان
ئامۆزا لەو بەری چۆمی، ئەی هاوار جیرانی خۆمی

www.mamle.net

Mamle Art Center



ئامۆزا تۆ بالابەرزی، ئەی هاوار تۆ بۆ من فەرزی
ـ مێژو دایمەزراند بەهار بۆ شادی ئامۆزا گیان
دەست و دەم ماچ کردن گەردن ئازایی ئامۆزا گیان
من کز داماوم بە بێمرادی ئامۆزا گیان
ئامۆزا لەو بەری چۆمی، ئەی هاوار جیرانی خۆمی
ئامۆزا تۆ بالابەرزی، ئەی هاوار تۆ بۆ من فەرزی
ـ ئەو ماڵەی هەمە نەزری ئەڵلا بێ ئامۆزا گیان
بەڵکو کۆچەکەت بەرەو دووا بێ ئامۆزا گیان
ئامۆزا لەو بەری چۆمی، ئەی هاوار جیرانی خۆمی
ئامۆزا تۆ بالابەرزی، ئەی هاوار تۆ بۆ من فەرزی
ـ چوار کەس لە دنیا نەگەیین بە مراد ئامۆزا گیان
لاس و خەزال و شیرین و فەرهاد ئامۆزا گیان
ئامۆزا لەو بەری چۆمی، ئەی هاوار جیرانی خۆمی
ئامۆزا تۆ بالا بەرزی، ئەی هاوار تۆ بۆ من فەرزی
ئامۆزا لەو بەری چۆمی، ئەی هاوار جیرانی خۆمی
ـ هەی داد هەی بێداد کەس بێیاری نییە، ئامۆزا گیان
کەس لە دەردی کەس خەبەردار نییە، ئامۆزا گیان
ئامۆزا لەو بەری چۆمی ئەی هاوار جیرانی خۆمی
ئامۆزا تۆ بالابەرزی ئەی هاوار تۆ بۆ من فەرزی

**قەتار**

وەرن مەشکێنن شوشەی مەینەتم
هەم دنیاشم چوو هەم قیامەتم
چەند شاران گەڕام چەند خاکەساری
بوم بە شوانەکەی حەق نادیاری
قەت هومێد نەبی لەسەر ڕوی دنیا
لە ئەسپ و لە ژن لە شمشیر وەفا
تەیریک بوم بەسەر چڵی گوڵ فێر بوم

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



کوا فێری گەرمای ناو گەرمەسێر بوم
ـ شەرت بێ گوڵی کەس نەکەم بە بۆوە، ئامۆزا گیان
تا گوڵم بۆ دێ لە خزمەت تۆوە، ئامۆزا گیان
ئامۆزا لەو بەری چۆمی ئەی هاوار جیرانی خۆمی
ئامۆزا تۆ بالابەرزی ئەی هاوار تۆ بۆ من فەڕزی
ـ ئەو دڵە بیمارەم قەت بێ غەم نابێ، ئامۆزا گیان
ئەسیریم داخوا شەماڵ کەنگێ بێ، ئامۆزا گیان
کوا جێژنە بۆ من، مەبارەک نەبێ، ئامۆزا گیان
ئامۆزا لەو بەری چۆمی ئەی هاوار جیرانی خۆمی
ئامۆزا تۆ بالابەرزی ئەی هاوار تۆ بۆ من فەڕزی
ـ خۆشی سالانم ئەو ساڵ نەماوە (ئامۆزا گیان)
جەرگم پۆلا بوو لە سویی تۆ تواوە (ئامۆزا گیان)
ئامۆزا لەو بەری چۆمی (ئەی هاوار) جیرانی خۆمی
ئامۆزا تۆ بالابەرزی (ئەی هاوار) تۆ بۆ من فەڕزی

### ئامین ئامین ئامینێ

جەرگم لەت‌لەت کە، بە شیران، ئامین ئامین ئامینێ
قۆڵ‌بەستم کەن بە زنجیران، ئامین ئامین ئامینێ
دەچمە دیدەنی دەزگیران
ئامینێ خۆم، ئینتیزاری مەقدەمی تۆم
(ئەمان ئەمان) ئامینێ خۆم ئینتیزاری لوتفێکی تۆم
چاو دەگێڕم دیار نی‌یە لەیلم، ئامین ئامین ئامینێ
هەڵبەت کۆنی کردوە مەیلم، ئامین ئامین ئامینێ
عاشقی ئەستێرەی سیوەیلم
ئامینێ خۆم، ئینتیزاری مەقدەمی تۆم
(ئەمان ئەمان) ئامینێ خۆم ئینتیزاری لوتفێکی تۆم
قەسەم بە وەی قەت نامرێ ئامین ئامین ئامینێ

مەڵبەندی هونەرییماملێ

Mamle Art Center



زۆرکەس جانانەی لێ دەمرێ ئامین ئامین ئامین ئامینێ
گڵ بێعارە و مەیلان دەبڕێ
ئامینێ خۆم، ئینتیزاری مەقدەمی تۆم
(ئەمان ئەمان) ئامینێ خۆم ئینتیزاری لوتفێکی تۆم

**ئامین و ئامین**

(جا) چۆن شێت نەبم (ئەی) نەدەم بە خۆمدا
چۆن خاکی عالەم (هەی) نەکەم بە سەردا
حەیفە بۆ من و تۆ (وەی) دەسمان لێکبەردا
ئامین و ئامین وەی ئامینێ سەیدی (۲)
هەستە با بڕۆین وەی ڕۆژ گەییە زەردی
هەستە بەیانە (گیانە) خرمەی فینجانە
ئەگریجە و لاولاو (ئەی) تاوتاو شەڕیانە (۲)
ئامین و ئامین وەی ئامینێ سەیدی (۲)
هەستە با بڕۆین وەی ڕۆژ گەییە زەردی
شەدێک دەرهاتووە (گیانە) لە بۆکان واوە
عەمر و چاوی من (ئەی) لەسەری ناوە (۲)
ئامین و ئامین وەی ئامینێ سەیدی (۲)
هەستە با بڕۆین وەی ڕۆژ گەییە زەردی
دەردێکی داومێ (گیانە) دەرمانی نەکرد
شەماڵ بە بەفری (وەی) کوێستانی نەکرد (۲)
ئامین و ئامین وەی ئامینێ سەیدی (۲)
هەستە با بڕۆین وەی ڕۆژ گەییە زەردی
نە نشتوی مەلا (گیانە) نە شالی سەیید
هیچی دە ڕازی (وەی) ئەو دڵەم نەگەیی (۲)
ئامین و ئامین وەی ئامینێ سەیدی (۲)
هەستە با بڕۆین وەی ڕۆژ گەییە زەردی

www.mamle.net

Mamle Art Center



## ئامینێ تۆ گوڵەکەم

بە شەو ئەستێران دەبژێرم، ئامینێ تۆ گوڵەکەم
بە ڕۆژ قاسیدان دەنێرم، ئامینێ تۆ گوڵەکەم
نەمبیست وەڵامی بەخێرم، ئامینێ تۆ گوڵەکەم
(ئەرێ) ئامینێ گیان، تۆی گوڵی گوڵزاری بەرین وامەکە
بەرزی گوڵم، نێوی دڵم سورمە لە چاوان مەکە (٢)
ناژیم بە بێ شادی ئەمن، ئامینێ وامەکە
ئاشقان لە دەوری یەک جەمن، ئامینێ وامەکە
کوا خەراپەت دیوە لە من، ئامینێ وامەکە
(ئەرێ) ئامینێ گیان، تۆی گوڵی گوڵزاری بەرین وامەکە
بەرزی گوڵم، نێوی دڵم سورمە لە چاوان مەکە (٢)
دایمە بۆتە پیشە و کارم، ئامینێ وامەکە
دە دڵم دایە دەردی یارم، ئامینێ وامەکە
ئەو ساڵیش خۆزگەم بە پارم، ئامینێ وامەکە
(ئەرێ) ئامینێ گیان، تۆی گوڵی گوڵزاری بەرین وامەکە
بەرزی گوڵم، نێوی دڵم سورمە لە چاوان وامەکە (٢)
ئەو کارەی کردت وا دەبێ، ئامینێ وامەکە
ڕەببی چرات شۆقی نەبێ، ئامینێ وامەکە
مرادت قەت حاسڵ نەبێ، ئامینێ وامەکە
(ئەرێ) ئامینێ گیان، تۆی گوڵی گوڵزاری بەرین وامەکە
بەرزی گوڵم، نێوی دڵم سورمە لە چاوان مەکە (٢)

## ئامینێ سورەگوڵ

سەرمایەی تاقەت لە دەستم دەرچوو (٢)
عومری جوانیم بۆ تۆ هەی دەرچوو (٢)
ئامینێ سورەگوڵ، چەند بەلەنجە و لاری (٢)

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



بە ڕەنگ بەگزادەی بەشی هەوشاری
خۆزگەم بەو کەسەی هەر ئەتۆی یاری
ـ تاکەی وەک مەجنون وێڵی هەردان بم (٢)
تاکەی غەمزەدەی باری هیجران بم (٢)
ئامینێ سورەگوڵ، چەند بەلەنجە و لاری (٢)
بە ڕەنگ بەگزادەی بەشی هەوشاری
خۆزگەم بەو کەسەی هەر ئەتۆی یاری
ـ کورەی دەرونم بە تاو جۆشی گرت (٢)
فرمێسکی چاوم زوو خامۆشی کرد
ئامینێ سورەگوڵ، چەند بەلەنجە و لاری (٢)
بە ڕەنگ بەگزادەی بەشی هەوشاری
خۆزگەم بەو کەسەی هەر ئەتۆی یاری
ـ باقەی دەستەی گوڵزاری و دلگیریم (٢)
پەیپەی زیاد کرد پەژارەی پیریم (٢)
ئامینێ سورەگوڵ، چەند بەلەنجە و لاری (٢)
بە ڕەنگ بەگزادەی بەشی هەوشاری
خۆزگەم بەو کەسەی هەر ئەتۆی یاری
ـ ئەی داد ئەی بێداد لەو گەورە شارە (٢)
نە دەنگی یار دێ نە بۆ خۆی دیارە (٢)
ئامینێ سورەگوڵ، چەند بە لەنجە و لاری (٢)
بە ڕەنگ بەگزادەی بەشی هەوشاری
خۆزگەم بەو کەسەی هەر ئەتۆی یاری
ـ ماڵ لە مەریوان دڵ لە دەروێشان (٢)
مردن خۆشترە لە ئاخ هەڵکێشان (٢)
ئامینێ سورەگوڵ، چەند بەلەنجە و لاری (٢)
بە ڕەنگ بەگزادەی بەشی هەوشاری
خۆزگەم بەو کەسەی هەر ئەتۆی یاری

www.mamle.net

Mamle Art Center



ـ هەر کەسێک بێژێ غەریبی خاسەن (٢)
ئەویش لە جوملەی خودا نەناسەن (٢)
ئامینێ سورەگوڵ، چەند بە لەنجە و لاری (٢)
بە ڕەنگ بەگزادەی بەشی هەوشاری
خۆزگەم بەو کەسەی هەر ئەتۆی یاری
ـ ئەوەڵی کارێ نەبوبای بە یارم (٢)
بوی بە باعیسی دڵەکەی غەمبارم (٢)
ئامینێ سورەگوڵ، چەند بەلەنجە و لاری (٢)
بە ڕەنگ بەگزادەی بەشی هەوشاری
خۆزگەم بەو کەسەی هەر ئەتۆی یاری
ـ هەتا بمێنم مننەتباری تۆم (٢)
تۆ خۆت دەزانی قەرزداری تۆم (٢)
ئامینێ سورەگوڵ، چەند بەلەنجە و لاری (٢)
بە ڕەنگ بەگزادەی بەشی هەوشاری
خۆزگەم بەو کەسەی هەر ئەتۆی یاری
ـ دینی لێ کردوم بە ئیمانەوە (٢)
ڕێم نی‌یە هەڵیگرم بە جێ و بانەوە (٢)
ئامینێ سورەگوڵ، چەند بە لەنجە و لاری (٢)
بە ڕەنگ بەگزادەی بەشی هەوشاری
خۆزگەم بەو کەسەی هەر ئەتۆی یاری

## ئای لە مریمێ کچێ مریەم

ـ (ئەرێ) سەرم سەرگەردان (کچێ مریم) پام دە کۆتێدا
(ئەرێ) بەینی من و تۆ (کچی مریم) هەرکەسێ تێکدا
لە خودام تەڵەبە (کچێ مرێم) بە مەڕام نەگا
ئای لە مرێمی کچێ مرێم خەڵکێ ئەو خوارە
دایکەکەت کوێر بێ کچێ مرێم بۆی نەکڕی گوارە (٢)

www.mamle.net

Mamle Art Center



ـ بۆ خۆم بە خۆم کرد (کچێ مرێم) سەنگبارانم کەن (٢)
وێڵ و ئاوارەی (کچێ مرێم) نێو خاڵانم کەن
ئای لە مرێمی کچێ مرێم خەڵکی ئەو خوارە
دایکەکەت کوێر بێ کچێ مرێم بۆی نەکرِی گوارە (٢)
ـ (ئەرێ) هەر لە ئێوارێ (کچێ مرێم) تاکو نیوەشەو
من لە فکری تۆ (کچێ مرێم) تۆ لە فکری خەو
ئای لە مرێمی کچێ مرێم خەڵکی ئەو خوارە
دایکەکەت کوێر بێ کچێ مرێم بۆی نەکرِی گوارە (٢)

### ئای وەرە وەرە سورەگوڵ

ـ (ئای) چاوت پیاڵەی شەرابە، مژوت وەکو پەیکانی
برۆت وێنەی کەوانە، لێوت وەکو قەیتانی
چەند جوان و شۆخ و شەنگی، چەندە لەبەر دڵانی
ئای وەرە وەرە سورەگوڵ، ئاورت بەرداوم لە دڵ
مەیلی تۆ قەت قەت نانێم تا دەمنێن لە خاک و گڵ
ـ بە ناز چاوان هەڵدێنی، بۆ لێم زیزی نامدوێنی
سەر دەدەم لە پێناوت، بێتو دڵم نەشکێنی
ماچی خاڵی سەر لێوت، توران و ئێران دێنی
ئای وەرە وەرە سورەگوڵ، ئاورت بەرداوم لە دڵ
مەیلی تۆ قەت قەت نانێم تا دەمنێن لە خاک و گڵ
ـ بە شەو شەوبێداریمە، بە رِۆژ گریان و زاری
وەک بارانەی بەهاری، خوێن لە چاوم دەباری
تیری موژگانی تۆیە، لە جەرگم بووە بە کاری
ئای وەرە وەرە سورەگوڵ، ئاورت بەرداوم لە دڵ
مەیلی تۆ قەت قەت نانێم تا دەمنێن لە خاک و گڵ
ـ وەکو مەجنون لە کێوان، سەرم سورِ ماوە و حەیران
وەکو فەرهاد لە بێستون، ناڵە و زاریمە و گریان

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



دڵسوتاو و هەژارم، جەرگت کردومە بریان
ئای وەرە وەرە سورەگوڵ، ئاورت بەرداوم لە دڵ
مەیلی تۆ قەت قەت نانێم تا دەمێنێ لە خاک و گڵ

**ئای وەرە، گیان وەرە، وەرە، وەرە نازەنینم**

حاڵی بوی لە لەرزینم، یەخەت لادە بت‌بینم
چم کردووە لێوئاڵێ دەکولێنێوە برینم
خۆ من وەک کاکە مەمی (ئەی هاوار) عاشق بە خاتوزینم (٢)
ئای وەرە، گیان وەرە، وەرە وەرە نازەنینم
نێوان مانگی بەهاران وەختی خێڵ بەرەوژوران
لە هاڕەی ئاوهەڵدێری کوێستانی سەر سنوران
ورشەی بازنە و پاوانە (گیانە) خرمەی گوارە و بەرموران
قاقای کیژە عێلیاتیان (ئەی هاوار) لە نێو گوڵاڵەسوران
ئای وەرە، گیان وەرە، وەرە وەرە نازەنینم
فەسڵێکی زۆر دلگیرە نێوان مانگی بەهاران
کوێستان دەڕازێنەوە خێڵ هەڵدەکشن بۆ بناران
دوو شت یەکجار زۆر خۆشە (جوانێ گیان) بۆ سێبوری دڵداران
گەڕەلاوژەی شەوانە (جوانێ گیان) هەڵپەڕینی ئێواران
ئای وەرە، گیان وەرە، وەرە وەرە نازەنینم
ڕوحت بردوم بەکجاری، چاو جوان تاقانەی شاری
دەمت غونچەی خەندانە تێ‌دایە دو ڕیز مرواری
چ خەتایەک ڕوی داوە (جوانێ گیان) بەینێکە لێم کەناری
کیژە کوردی موکریان (جوانێ گیان) چەندە ناسک و نازداری
ماڵمان ئەوبەر ئەوبەرە، کوشتومی ئەو دولبەرە
دوێنێکانێ گرتومی، فەرموی قەرزت لەسەرە
ماڵە بابم بێ روحمی (جوانێ گیان) سەودامان سەربەسەرە
هیچم نی‌یە دیدەکانم (جوانێ گیان) فەرمو ئیمانم بەرە

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



ئای وەرە، گیان وەرە، وەرە وەرە نازەنینم

## ئایشیلێ نازەنینێ

دڵ زەلیل بی یارەبی موحتاجی دۆستی وا دەبێ
لە ژێر قەولی خۆت داوە دەک خەجاڵەت بی وا دەبێ؟
قاتی کیژان نەهاتووە جا لە دنیا پەیدا نەبێ
یاریکی پەیدا دەکەم ئەو وەکو خۆم دیوانە بێ
ئایشیلێ نازەنینێ قەد باریکەی لێو نەخشینێ
بەچی ئەمنی کوشتووە ئەی بە قاقای پێکەنینێ
وەختی دیی و ڕادەبری ئەی سەلاڵە وەی نایبینێ
ئایشیلێ هەر دەڵێی دوڕی جەرگی عالەمێت بڕی
ڕەبی بابت زەرەر کا وەی لە جەڵەبی کاوڕی
دەڵێ لە یەخەم بەوە لە دڵمدا جێی تۆ (گیان) ناکەم
سەد سوێندم بۆ بخۆی قەت متمانەت پێ ناکەم
دەرد و داخی دۆستی وا لە کن کام ئەرمەنی کەم
دەڕۆم تەوەللا دەبم وەی سەودای دڵی وا ناکەم
هەتا لاو بوم هەمیشە تۆ بوی بە دوای منەوە
لە هەواری ماڵە مە بارگە و بنەت خستەوە
دڵ زەلیلە بە دەستت چۆن جوابی بدەمەوە
دە بڵە رووت رەش بێ پیری لە بیر تۆی بردوومەوە
خەوت لە من حەرام کرد خۆراکم بوتە جەم جەم
لە تاو هیجرانی تۆیە کەوتە سەر ئەمن تەم
هەر لە منداڵیمەوە تۆ دەرت هێناوە ڕیشەم
سەودای دڵ بۆ تۆ نابێ یان لە کن کام ئەرمەنی کەم

## ئەرێ بێ دەبڵە بێ

(ئەرێ) چاوت ئەستێرە (گیانە) ڕوو لە کۆ دەکا (٢)

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



(ئەرێ) ئەو دڵەم وەسوەسەی (گیانە) باڵای تۆ دەکا (٢)
ئەرێ بێ دەبڵە بێ، یارم لە نیوە شەودا (٢)
ئەرێ ئەو دەستەی کێیە گیانە دە شیرین خەودا (٢)
(ئەرێ) کز و کەلەلام (جوانێ) گردەنشینم (٢)
(ئەرێ) ڕۆژێ جارێک (جوانێ) باڵات ببینم (٢)

ئەرێ شل وای شل، شل و شێواوی
جا ماندووی ڕێگای گیانە هەتاو لێی داوی (٢)
بەرگی سەربازی جوانێ، بە بەرم تەنگە (٢)
جا لە قەزاقخانەی (وەرە وەی) زمانم لەنگە
(وەرە) لە کن یاوەری (وەرە وەی) زمانم لەنگە
ئەرێ شل هەی شل شل و شێواوی
هەر دەڵێی وەنەوشەی گیانە شەماڵ لێی داوی (٢)

**ئەرێ مەگری مەگری جوانێ گیان**

ئەوماڵەی هەمە جوانێ گیان نەزری ئەڵڵا بێ (٢)
بەڵکوو کۆچەکەت (جوانێ گیان) بەرەو دوا بێ (٢)
ئەی مەگری مەگری (ئەی هاوار) چاوەکەت جوانە
هەرچی تۆ دەگری (جوانێ گیان) ماڵم وێرانە
دەنگم نایگاتێ (جوانێ گیان) دیوارمان بەینە (٢)
کەسمان تێناگا (دیدەکەم) لەو کەینە و بەینە (٢)
ئەی مەگری مەگری (ئەی هاوار) ....
شەدەیەک داهاتووە (جوانێ گیان) لە بۆکان واوە(٢)
عەمر و عەزیزم (دیدەکەم) لە سەری ناوە (٢)
ئەی مەگری....
چرا خامۆش بێ (جوانێ گیان) دڵ خامۆش نابێ (٢)

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



عیشقی لەیلایە (دیدەکەم) فەرامۆش نابێ (٢)
ئەی مەگری....
دەچم بۆ پێنجوێن (جوانێ گیان) پێنجم پێ دەچێ
هەتا دێمەوە (دیدەکەم) تاقەتم دەچێ
ئەی مەگری....

## ئەرێ نیزام و خۆم نیزام

گیانە قەسەمت دەدەم (دەی دەی) هەر بە ئیلاهی
گیانە وەسڵی یار خۆشترە گیانە یان گەنجی شاهی (٢)
ئەرێ نیزام و خۆم نیزام، جا نیزام نیم و سەربازم مبتەلای دوو چاوی بازم
ماچێم بۆ تێشووی ڕێگایە، ڕێم دوورە و پێم دەبێ لازم
ئای خودا بۆخۆی دەزانێ من بە باڵای تۆ بازم
جا بە یارێم گوت بۆ ماچێک شیرینە ئاورێکی داوە
فەرمووی هەتیوە دەبڕۆ (گیانە) هەی بە کەس وەعدە نەدراوە (٢)
ئەرێ نیزام و خۆم نیزام وەی نیزام نیم و عەسکەرم
مبتەلای ڕەش ئەسمەرم
جا لە سەرباڵای بەرزی تۆیە من لە دنیا دەربەدەرم
ئەو ڕوحی لە من ئەستاند جارێک من ئەوم ماچ کرد
سەودایەکی زۆر چاک بوو پێی مەڵێن مەغموونم کرد
تەقسیر و تاوانم چییە، ئەو کارەت دەگەڵ من کرد
ئەرێ نیزام و خۆم نیزام وەی نیزام نیم و عەسکەرم....
چوومە کن کاکی بەزاز وەی ئەتۆ قانوون دەزانی
چەند گەزێکی لێوەکە چیمەنی کوردستانی
یان بۆ کراسی نازنازی یان بۆ کۆڵوانەی شانی
ئەرێ نیزام و خۆم نیزام، وەی نیزام نیم و عەسکەرم....

## ئەرێ هات جا دیسان هات

وەرن جەرگم هەڵدڕن، جا بە دەبان و نەشتەری

www.mamle.net

Mamle Art Center



چەندم جێژوان لەگەڵ کرد لە پەنجەرە و دوودەری
هێستا لێم بوو بە ناشی دەڵێ براله کوێندەری؟
ئەرێ هات جا دیسان هات عەزیزم ئەو روحی شیرینم هات
حوکمی حاکم خۆشترە یانە مەرگی موفاجات
حەز دەکەم لەکنت بمرم یان بە سەعات نەڕۆم لەلات
دەڵێ میوانە زبێد نایەڵم ئەوشۆ بڕوات
دوێنێ دیم لە رێی کانی دەستم برد بۆ مەمکانی
پێم گوت عاشقی بالاّی تۆم بۆ بە دەردم نازانی
فەرمووی ئەمنیش بە دڵی تۆم چون عاشق و ماڵوێرانی
ئەرێ هات جا دیسان هات، عەزیزم ئەو روحی شیرینم هات
دەبەر ئەو سینگەت دەمرم بۆتە تەختی تەشکیلات
تاکسێکی بە کرێ دەگرم جا مسافیرم بۆ مەهاباد
دەڵێ میوانە لێوئاڵ نایەڵم ئەوشۆ بڕوات
لەنگۆ یار پەیدا نابێ، پەیدا بێ، وەفای نابێ
سەد ساڵ غونچە بپشکوێ بێ بولبول بەهار نابێ
چ بکەم دڵ گرتوویەتی بە کەس تەوەللا نابێ
ئەرێ هات جا دیسان هات....
هەم نارنجە و هەم سێوە، هاوار یا شێخی کرێوە
غەم و فیراقی یارێ ئێشکی کردووم بە پێوە
یارەبی نەبارێ باران تاقەگوڵەکەم بە رێوە
ئەرێ هات...

## ئەرێ وەرە شەماڵ وەرە

جا چۆن شێت نەبم نەدەم بە خۆمدا (٢)
چۆن خاکی عالەم نەکەم بە سەردا (٢)
ئەرێ وەرە شەماڵ وەرە (٢)
دەردی دڵەکەم بۆ یار بەرە

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



لە دەردی دڵەکەم یار بێخەبەرە (۲)
کردت بە عادەت پەنجەرە نیشتن (۲)
مژۆڵ بووە بە تیر بۆ ڕێبوار کوشتن (۲)
ئەرێ وەرە ....

**قەتار**

مانگی یەکشەو بۆیە دایم زیاد ئەکا و ئەشنێتەوە
تا جوان رووی خۆی وەکوو رووی تۆ برازێنێتەوە
تا دەگاتە چواردەهەم شەو تێدەگا ناگا بە تۆ
جا لە داخان وردە وردە کەم ئەکا و ئەتوێتەوە
شیعری کەمالی

سووتان ئەو سووتان لە هەر دوو سەر بێ (۲)
نەک یەک بسووتێ یەک بێخەبەر بێ (۲)
ئەرێ وەرە ...

**ئەرێ وەی دیسان وەی**

ئەرێ هەستە بەیانە گیانە خرمەی فینجانە (۲)
ئەرێ ئەگریجە و لاولاو (گیانە) تاوتاو شەڕیانە (۲)
ئەرێ وەی دیسان وەی ناسکۆلێی نازدار ئۆخەی (۲)
ئەرێ بمدەیە ماچێک دەبلێ نۆش بێتە سەر دەی (۲)
ئەرێ کاری من نییە گیانە کاری خودایە (۲)
ئەرێ لەیلا دەوڵەمەند گیانە مەجنوون گەدایە (۲)
ئەرێ وەی ...
ئەرێ شەرت بێ گوڵی کەس گیانە نەکەم بە بۆوە (۲)
ئەرێ تا گوڵم بۆ دێ گیانە لە خزمەت تۆوە (۲)
ئەرێ وەی....
ئەرێ سەرەڕێ دەگرم گیانە ئەحواڵ دەپرسم (۲)
ئەرێ لە کەممەیلییەکەت (گیانە) کەمێک دەترسم (۲)

www.mamle.net

Mamle Art Center



ئەریێ وەی ...
ئەریێ ئەنگوستیلەکەت گیانە نەقیم گردەڕوو (٢)
ئەریێ نە من ژن دێنم گیانە نە تۆ بکە شوو (٢)
ئەریێ وەی ....

**ئەریێ وەی وەی روبابە**

خۆ من چۆمی کەڵوێ نیم دێتە خوارێ لە لەندی (٢)
فرمێسکی چاوم دەڕێژم ئەریێ وەک بەفراوی سەهەندی
ئەریێ وەی وەی روبابە، دەم دێنم زولفت لابە، سەت جار بە ئالقەی کابە
دوو دڵ وەک یەک نەسووتێن، دەنا تا ملانی بە قوڕێدا بە
دەڵێ ئەو لیمۆ تورتەم کەس دەستی لێ نەداوە
زۆر موشتەریان هاتنە سەر ئەریێ قەولم بە کەس نەداوە
ئەریێ وەی روبابە....
لەسەر چی نامدوێنی، بۆ لێم دەگری بەهانە
دەبوو زووم لێ حالی بێ کیژۆلە بێباقەنە
تازە دەگەڵت تێکچووم نەڵێی بۆم پەشیمانە
ئەریێ وەی روبابە...

**قەتار**

نامەکەت پڕسۆزە دیارە هەستی دڵداریدەکەم
شەرتە تا مردن لە دڵما عیشقی تۆ خامۆش نەکەم
شەرمی تاراندووە لە من ناز و عیشوەی دلبەرم
زۆر نەفام بووم نەمدەزانی من بە رازت پەی بەرم
چاوەکەم چاوت هەڵێنە وا زەلیل کەوتوومەوە
خۆ ئەمن مردبووم و بە عیشوەت ئەڕۆ زیندوو بوومەوە
عیشقەکەت مایەی ژیانم قەت لە دڵ دەرناکرێ
جا بە جارێک مەمکوژە ئەی گوڵ خودا هەڵناگرێ

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



؟؟

ئەرێ خودا دەیزانێ گیانە بۆ تۆ نەخۆشم (۲)
ئەرێ خەڵکی غەم دەکرێ، گیانە من خەم دەفرۆشم
ئەرێ وەی وەی روبابە...
کاغەزیکم دەنووسی جا بە حوکمی حاکمی رووسی (۲)
بۆ روبابەی گەردن زەرد، ئەرێ لە رادانەی سندووسی
ئەرێ وەی وەی روبابە...

## ئەسمەر یارم جوانە

گەر مەیلت هەبێ نیزیک دەبێوە (۲)
بۆ عاشق هیچ نیە ئەو دەشت و کێوە
ئەسمەر یارم جوانە، وەک مانگی تابانە، ئەسمەر ئەسمەر (۲)
کەوتە سەر شانی دەسماڵی سەری (۲)
خۆ من کوشتەی تۆم لێم بێخەبەری
ئەسمەر یارم...
دوور کەوتنی یارێ دەردی گرانە (۲)
لوتفت بە روحم بۆ من هەرزانە
ئەسمەر یارم ....
شەرتە تا دەمرم بە دڵ بۆت بگریم (۲)
تا نالەم دەڕوا بۆ عەرشی عەزیم
ئەسمەر یارم...
لە دەردی عیشق و لە تاوی دووری (۲)
هەرچەندە دەیکەم نابم سێبووری
ئەسمەر یارم....

## ئەسمەران، دولبەران

ئەسمەران دولبەران وەکۆ بوون بۆ گوڵچنین

www.mamle.net

Mamle Art Center



یارەکەم دە گەڵێدایە بە قوڕئانی سەرپەڕ شین
پێنج فەڕزەی نوێژم دوعایە خودایە بۆ یەک ببین
راوەستا لەسەر بیرێ لەبەر دەسماڵ هەریرێ
چەندی خۆم مەجبوور دەکرد دەستم بۆ هەڵناگیرێ
دەڵێم بمدەیە ماچێک جارێ دەکا تەگبیرێ
ئەسمەران...
حەدە حەدەی بەیانان دۆست و دوژمن زاهیر بوون
بە سۆزەی بای پایزان مەمکۆڵەی کیژان خڕ بوون
هەموو عاشق پێک شاد بوون بۆم لە مەڵبەندی نەبوون
ئەسمەران...

**ئەمان ئەمان نەیکەی ئەمان**

نەتهێشتووە نە شەو نە ڕۆژ قەرارم
چ دەردێکە خوداوەندا دوچارم
وەک زولفت پەرێشانە ڕۆژگارم
ئەی ئەمان ئەمان نەکەی ئەمان دەردی بێدەرمان ئەمان
لەسەر چی لێمان زیزی شیرین گیان
بۆ دەمکوژی بە عیشوەی چاوی بازت
بەینێکە من بوومە مەحرەمی رازت
قەسەم بەو چاوانە و نێرگسی نازت
ئەی ئەمان ئەمان...
زۆر لەمێژە ڕۆیشتووی شیرینێ
پێم چوویە خزمەت پەریزادەی چینێ
یاڕەبی هیچ کەس ئەو دەردەی نەبینێ
ئەی ئەمان ئەمان...
زوو وەرەوە یارەکەی چاو جوانم
باوەڕت بێ دێوانە و سەرگەردانم

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



چم کردووە بێ‌تەقسیر و تاوانم
ئەی ئەمان ئەمان....

**قەتار**

تاکەی وەک مەجنوون، ویڵی هەردان بم
تا کەی غەمزەدەی باری هیجران بم
؟؟؟

قاسیدم نارد جوابم نەبوو عەزیزم
بەینێکە من لەمێژە لە تۆ زیزم
شێت و شەیدام کەوتمە کێوان عەزیزم
ئەی ئەمان ئەمان....

**ئەمان یار یار یار**

ئەوەی گریە و زاری دەکا (ئەمان یار یار یار) (٢)
دڵداری دەکا (ئەمان یار یار یار)
ئەویە بۆ تۆ دەردەدارە (ئەمان یار یار یار) (٢)
دایمە ئەو دڵەشی بیمارە (ئەمان یار یار یار) (٢)
ئەوشۆ نەبوو شەوێ دینێ (ئەمان یار یار یار)
بە خەیاڵ چوومە مەدینێ (ئەمان یار یار یار)
خزمەت پەریزادی چینێ (ئەمان یار یار یار) (٢)
قەسەم بەوەی قەت نامرێ (ئەمان یار یار یار)
سەد کەس جانانەی لێ دەمرێ (ئەمان یار یار یار)
گڵ بێ‌عارە مەیلان دەبرێ (ئەمان یار یار یار) (٢)
کەس نازانێ بە کێ دەڵێم (ئەمان یار یار یار)
عاشقی شەمامەی باغەڵێم (ئەمان یار یار یار)
سوێندیان داوم بە کەس نەڵێم (ئەمان یار یار یار) (٢)
سوێندم خواردووە بە پەرچەمی (ئەمان یار یار یار)
تا دەم نەنێمە نێو دەمی (ئەمان یار یار یار)

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



نابم بە شەریکی غەمی (ئەمان یار یار یار) (٢)
ڕۆژی جومعە پاش سەلایە (ئەمان یار یار یار)
دوو شت خۆشن لە دنیایە (ئەمان یار یار یار)
ئیمان و چاوی لەیلایە (ئەمان یار یار یار) (٢)
بریا دڵداری نەبایە (ئەمان یار یار یار)
چاوم لێ مەکە کوێر دەبی (ئەمان یار یار یار)
هەرزەکاری بێخێر دەبی (ئەمان یار یار یار) (٢)
ماچت نادەمێ فێر دەبێ (ئەمان یار یار یار) (٢)
ریحان قەزات لە پەردیکم (ئەمان یار یار یار)
هەر ساتەی تووشی دەردیکم (ئەمان یار یار یار)
موبتەلای دەسماڵ زەردیکم (ئەمان یار یار یار) (٢)

## ئەمن دەمگوت لە دنیا تا بمێنم

جوانێ گیان بۆ وات لێ کردم....
(شیعرەکەی مام هێمن
لە پاش تەواو بوونی بەندی دووهەم ئەو قەتارە دەگوترێ:
لەبەرگی یەکەمدا نووسراوە)
ئەو بە چاوی جوان و مەستی تیری وا لە دڵم دەدا
هەروەکوو بابردەڵە لەو کێو و شاخانەم دەدا
ماڵی ئەشکم ئاوەدان بێ ئەو دڵەم تەسکین دەدا
هەردەگەڵ ئەو هاتە خوارێ غەم دەست لە یەخەم بەردەدا

## ئەو کاتەی ڕۆیی

لە ڕۆژەوە وا ڕۆیی کۆچی ماڵی تۆ (٢)
دیسان لێم ون بوو (گیانە) چاوی کاڵی تۆ، ئاخ ئەو کاتەی ڕۆیی (٢)
لە سویی باڵاکەت (گیانە) شێت و شێواوم
پێم بڵێ عازیزم چۆنی حاڵی تۆ، ئاخ ئەو کاتەی ڕۆیی (٢)

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی मामڵێ

Mamle Art Center



خونچەی باغچۆڵەی گیانە عیشق و ئەوینم
بارگەکەی تێک نا گیانە بۆیە بێ‌تینم، ئاخ ئەو کاتەی رۆیی (٢)
هەر تۆی مەبەست و گیانە هومێد و هیوام (٢)
خۆم و دڵ و دین گیانە، قوربانی ژینت، ئاخ ئەو کاتەی رۆیی

## ئەوبەرەو بەرە

ئەوا هەڵیاندا سێدارە بۆ من
یارم دەیفەرموو بیبەخشن بە من
ئەوبەرەو بەرە ناسکە دولبەرە
بە چاو لێم زیزە پێم دەڵێ وەرە
چەندم ئاخ هەڵکێشا ئاخی نیهانی
دڵ دە دەروونا بوو بە بریانی
ئەوبەرە و بەرە...
ئەوە کە دەرۆی خۆت و دڵەکەت
ئامانەتت بێ تاقە گوڵەکەت
ئەوبەرەو بەرە....
هەناسەی ساردم کێو لە بن دێنێ
داخوا خودای من چت بەسەر بێنێ
ئەوبەرەو بەرە...

## ئەی ئێران خۆشە گەرمێن

شێت و شەیدای کردوومە ئەو دوو چاوی بەلەکی (٢)
ناوێرم نێوی بێنم ئای لەبەر زیانی خەڵکی (٢)
ئەی ئێران خۆشە گەرمێن، سێ قەد لێی هالاند پشتێن
خۆ لە پەشمینەی جوانترە ئەگەر بۆت دێ لە گەرمێن
جا دەڵێ دەگەڵت نایەم قەد باریکەی چاو شەهێن
ماچێکم لێ بردەوە بە گریو و چۆلەمەشکێن

www.mamle.net

Mamle Art Center



عەمرو عازیزم کاڵێ وەنەوشەی دەشتەتاڵێ (۲)
تۆ بڕۆ بابت رازی کە دایکت بۆ من هیچ ناڵێ (۲)
ئەی ئێران ....
زۆرم حەول دەگەڵ دا، ئای کە بیێ بە حەلالم (۲)
چ بکەم خودا نەیدامێ پشتە دەگەڵ ئیقبالم
دەگێڕم گەرمەشینێ کافر نەیبینێ حالم
ئەی ئێران ....
دەبەر ئەو بەژنەت دەمرم وەک غەڵفی بەگەلایە (۲)
دایکی دەڵێ قوڕبەسەر من دەڵێم مایەی نایە
مەیلی بالای تۆ نانێم تا دنیام بە دنیایە
ئەی ئێران ...
من دەڵێن تۆ بلە وا بێ بۆ پێم دادەی تەوس؟
وەللاهی لەیلام جوانە سوێند بە حەزرەتی غەوس
سینگی ئەو زاڵمبابەی لێم بووە بە کانی و حەوز (۲)
ئەی ئێران....

**ئەی خاڵی رێبوار**

ئەوشۆکە بەفر و (دەی دەی) باران دەبارێ
گرمەگرمی دێ (دەی دەی) هەوری بەهارێ
ئەی خالی ریبوار، گیانە رێم کەوتە دۆڵێ
تووشم هات بە تووش (دەی دەی) هەوری لە کۆڵێ
سەرم سووڕ ماوە گیانە چەندە دوو رەنگی
گا مایل بە سولح و گیانە گاهێ بە جەنگی
ئەی خالەی ریبوار، دەی دەی ئەوساڵ ناسرەوم
یارم رۆیشتووە دەی دەی وەدوای دەکەوم

**قەتار**

لە دووری تۆ هەمیشە بۆیە وەک بولبول دەناڵێنم
وەک قومری دەبێ تۆقی وەفاتم هەر لە گەردن بێ

Mamle Art Center



مەلێ هیجری ئەوەندە بێوەفا بوو یادی کەم کردم
ئەگەر مەیلت لە دڵ کەم کەم زەلیل دۆست و دوژمن بم

مستەفابەگی کوردی

دڵەکەی من چۆنە جوانێ دڵەکەی تۆش وا بێ
با باوک و دایکت دەی دەی هەر ناڕەزا بێ
ئەی خاڵی ریبوار دەی دەی ڕێم کەوتە دۆڵێ...
دەڵێ من بۆیە دەی دەی شیرینە ناوم
بە گاڵتە زۆر کەس، گیانە کەوتۆتە داوم
ئەی خاڵی ریبوار دەی دەی ئەوساڵ ناسرەوم...

**ئەی خودا هاوار ئەی موسوڵمانان**

ئەو سەرزەمینەی (زەمینەی) بۆی تۆی لێ نایە
ئەی خودا هاوار ئەی موسوڵمانان
ئاوری تێ بەر بێ، تێبەر بێ، هەر شەو لە لایە
ئەی خودا هاوار ئەی موسوڵمانان
کراسێکی بدروو، ئەی بدروو، ڕێی دەستم بێڵە
ئەی خودا هاوار ئەی موسوڵمانان
داخوا چارەنووس، چارەنووس، لە دوای کێ وێڵە
ئەی خودا هاوار ئەی موسوڵمانان

**فەتار**

فەرش کەن پای میهمان تالاری شایی
تەلا و ئاوریشم ئەیوان خەتایی
دارا و نەدارا گشت ماتی غەمن
داراش دەگریا بەشی من کەمن
دەردم ئاویتەی دەردی فەرهادەن
خۆمنیش وەک فەرهاد ڕەنجم وەبادەن
دەسکێک گوڵ بچنن بینێرنە کاشی



www.mamle.net

Mamle Art Center



ئەویش بۆ خورشید سەرقافلەباشی
بۆ من لە جوملەی، لە جوملەی، عەبدی خودا نیم
ئەی خودا هاوار ئەی موسوڵمانان
سەعاتێک لە دەس، لە دەس، غەمێک رەها نیم
ئەی خودا هاوار ئەی موسوڵمانان

## ئەی گوڵ لەسەر چلانت

خودا داکەی بارانێک، گیانە بارانێک
شەو کزەی شەماڵ بێ بە شەو (٢)
بیدا لە خاڵی لەیلم گیانە ئەی لەیلم
بەڵکوو راپەڕێ لە خەو (٢)
ئەی گوڵ لەسەر چلانت، لەسەر چلانت
بووین بە باغەوانت، بووین بە باغەوانت
بۆ خاتری بولبولانت، بولبولانت
بۆ تۆی ئەی گوڵ، گوڵی سوورم، لە تۆ دوورم، من مەحزوون
ئەرێ خۆشی سالانم، گیانە سالانم
گیانە ئەوساڵ نەماوە، (٢)
ئەرێ جەرگم پۆلا بوو، گیانە پولا بوو
دیدەم لە سویی تۆ تواوە (٢)
ئەی گوڵ لەسەر چلانت، لەسەر چلانت
بووین بە باغەوانت، بووین بە باغەوانت
بۆ خاتری بولبولانت، بولبولانت
بۆ تۆی ئەی گوڵ، گوڵی سوورم، لە تۆ دوورم، من مەحزوون
ئەرێ لە دەردی عیشق و گیانە ئەی عیشق و
دیدەم لە تاوی دووری (٢)
ئەرێ هەرچەندی دەیکەم، گیانە دەیکەم
دیدەم نابم سێبووری، گیانە نابم سێبووری

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

ئەی گوڵ لەسەر چڵانت، لەسەر چڵانت
بووین بە باغەوانت، بووین بە باغەوانت
بۆ خاتری بولبولانت، بولبولانت
بۆ تۆی ئەی گوڵ، گوڵی سوورم، لە تۆ دوورم، من مەحزوون
ئەرێ تەنیا ماومەوە گیانە ماومەوە
دیدەم نەخۆش و رەنجوور، گیانە نەخۆش ورەنجوور
ئەرێ لە دۆست و رەفیق گیانە ئەی رەفیق
دیدەم کەوتوومەوە دوور، گیانە کەوتوومەوە دوور
ئەی گوڵ لەسەر چڵانت، لەسەر چڵانت
بووین بە باغەوانت، بووین بە باغەوانت
بۆ خاتری بولبولانت، بولبولانت
بۆ تۆی ئەی گوڵ، گوڵی سوورم، لە تۆ دوورم، من مەحزوون

## ئەی گوڵی من سونبوڵی من

بەهاران چ مەحزوون دەناڵێنێ بولبول
هەتاکەی بگریم لە عیشقی تۆ ئەی گوڵ
ئەی گوڵی من سونبوڵی من
ئاگرت خستە دڵی من (٢)
بە غەمزە کە دەڕوا چ شیرینە لەنجەی
سەر و ماڵ بە فیدای بازنەکەی دەست و پەنجەی
مورغی چاکم، زۆر بێ باکم
لە سویی لێوئاڵێ هیلاکم (٢)

## ئەی مبارەک لە بووکێ و زاوا زێرینە

ئەرێ وەی سەرم سەودایی عیشقی دڵدارە
سا من بە سەودای چینم چ کارە
ئەی مبارەک لە بووکێ و زاوا زێڕینە

www.mamle.net

Mamle Art Center



جا لە حەوشەی ماڵتان شایی و هەڵپەڕینە
ئەرێ وەی سوێندم بە قورئان بە مەستی چاوت
بە کۆسەی هەجیج نەمبردووە ناوت
خۆمن شێتی تۆم سووتام لە تاوت
ئەی مبارەک لە بووکێ و زاوا زێڕینە
جا لە حەوشەی ماڵتان شایی و هەڵپەڕینە
ئەرێ وەی هەی داد هەی بێداد کەس بێدار نییە
جا کەس لە دەردی کەس خەبەردارنییە
ئەی مبارەک لە بووکێ و زاوا زێڕینە
جا لە حەوشەی ماڵتان شایی و هەڵپەڕینە
ئەرێ وەی دیسان باری غەم نیشتووە لە لێوم
بەزەیەکت بێ بەو دڵەی پەشێوم
ئەی مبارەک لە بووکێ و زاوا زێڕینە
جا لە حەوشەی ماڵتان شایی و هەڵپەڕینە

**ئەی وەرە لە لەنجە**

ئەوساڵ پاییزێک لە من هات
ئەی غەم لە جەرگم بوو بە قەڵات
ڕەبی خێر بێ لەیلام نەهات
ئەی وەی لە لەنجە و هاوار بە ماڵم
ئینتیزاری چاوی کاڵم
هەناسەم ساردە هەمیشە
ئەی جەرگت دەرهێنام لە ریشە
ئەو دەردەی لە توە لە منیشە
ئەی وەی لە لەنجەو هاوار لە لەنجەیە
ئەی لەنجەت بە سەری پەنجەیە
دوێنێ شەوان بانگی هێشتم

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



پێم گوت بۆ ماچێ نەیهێشتم
شەڕابی مەرگی پێ چێشتم
ئەی وەی لە لەنجەو هاوار لە لەنجەیە
ئەی لەنجەت بە سەری پەنجەیە
باغی گولانم پێ بسپێرە
غونچە بە غونچە بیبژێرە
یەکی کەم بوو پێم ببژێرە
ئەی وەی لە لەنجەو هاوار لە لەنجەیە
ئەی لەنجەت بە سەری پەنجەیە
رەبی بەدکار کوڕیان بمرێ
زولفی حەلقە کردوە زرێ
نەیهێشت سەودامان سەربگرێ
ئەی وەی لە لەنجەو هاوار لە لەنجەیە
ئەی لەنجەت بە سەری پەنجەیە
خۆزگەم بە دوێنێ پارشێوێ
وێکرا نووستبووین بە چارشێوێ
لێکیان کردین مالیان شێوێ
ئەی وەی لە لەنجەو هاوار لە لەنجەیە
ئەی لەنجەت بە سەری پەنجەیە

**ئەی وەرە وەرە گەوهەرێ**

وا چاکە وا سەلاحە تاویک بێیە ئامێزێ
هاوار حەزرەتی غەوس ئەو گولەم بپارێزێ
قەولە دیاریم بۆ بێنێ گولم وا لە تەورێزێ
ئەی وەرە وەرە گەوهەرێ
سینگت حەوزی کەوسەرێ
لێم گەڕێ وام بە سەرێ

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



ساز بە سوورە گوڵان دەچنین
لەبەر ماڵی قەمتەرێ
داخوا لەسەر چاوی جوانت
جا چ پەندێکم بە سەرێ
غەمگین و پەرێشامن ئارامم نییە ساتێ
سەفەرێکم کەوتە بەر رێیە هات و نەهاتێ
مونتەزیرم لە رێیە با کاروان بێ و بمگاتێ
ئەی وەرە وەرە گەوهەرێ
سینگت حەوزی کەوسەرێ
لێم گەرێ وام بە سەرێ
ساز بە سوورە گوڵان دەچنین
لەبەر ماڵی قەمتەرێ
داخوا لەسەر چاوی جوانت
جا چ پەندێکم بە سەرێ
دایمە وەک تازیەداران چاو بە گریە و گرینم
کوانێک لە جەرگم هاتووە خوێن دەچۆرێ لە برینم
کیژۆڵەی ناسک و نەرم زۆر پەشێوت دەبینم
ئەی وەرە وەرە گەوهەرێ
سینگت حەوزی کەوسەرێ
لێم گەرێ وام بە سەرێ
ساز بە سوورە گوڵان دەچنین
لەبەر ماڵی قەمتەرێ
داخوا لەسەر چاوی جوانت
جا چ پەندێکم بە سەرێ

**ئەی وەرە وەرە گەوهەرێ**

شەدەی بەستوە بێریانی، دەسرۆکەی تۆزێک تیلە

www.mamle.net

Mamle Art Center



قامکت شووش و باریکە، گیانە تێیدایە ئەنگوستیلە
ئاخ لەسەر چیم لێ زیزی، گیانە، زیز بوونت بێ‌دەلیلە
ئەی وەرە وەرە گەوهەرێ، سینگت حەوزی کەوسەرێ
لێم گەڕێ وام بە سەرێ
ساز بە سوورەگولان دەچنین، لەبەر مالی قەمتەرێ
داخوا لەسەر چاوی جوانت، جا چ پەندیکم بە سەرێ
بۆ خۆم دوورم نایگەمێ، کەس نییە وەلامی دەمێ
سەبر و هۆشی لێ بڕیوم، گیانە کەوتوومە بەحری خەمێ
دوو برۆی رەشی هیلالی، گیانە کەوتنە ژێر پەرچەمێ
ئەی وەرە وەرە گەوهەرێ، سینگت حەوزی کەوسەرێ
لێم گەڕێ وام بە سەرێ
ساز بە سوورەگولان دەچنین، لەبەر مالی قەمتەرێ
داخوا لەسەر چاوی جوانت، جا چ پەندیکم بە سەرێ
لەسەر بالای لەیلایە، بووم بە پەندی دنیایە
لەبەر گریان و زاری، گیانە شەو و رۆژم خەو نایە
زولفت رەشە ریحانە، گیانە سینگت کارگی کەمایە
ئەی وەرە وەرە گەوهەرێ، سینگت حەوزی کەوسەرێ
لێم گەڕێ وام بە سەرێ
ساز بە سوورەگولان دەچنین، لەبەر مالی قەمتەرێ
داخوا لەسەر چاوی جوانت، جا چ پەندیکم بە سەرێ
ئەی داد و بێداد کالێ، جا وەنەوشەی دەشتەتالێ (٢)
تۆ برۆ بابت رازی کە، گیانە دایکت بۆ من هیچ نالێ
ئەی وەرە وەرە گەوهەرێ، سینگت حەوزی کەوسەرێ
لێم گەڕێ وام بە سەرێ
ساز بە سوورەگولان دەچنین، لەبەر مالی قەمتەرێ
داخوا لەسەر چاوی جوانت، جا چ پەندیکم بە سەرێ

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



## ئەی یاران یاران یاران

هێندە تیر مەدە عەزیزم لەو دڵە تەنگە (٢)
ئەو گۆشتە قوربان، عەزیزم نەک پۆلا و سەنگە (٢)
ئەی یاران یاران یاران، دوور بووم لە یاران (٢)
ئەو گوڵەی هەڵدەگرم یاران، دەچمەوە تاران، وەک جاری جاران
هێستاکە لانە و گیانە خانووی بەردینە (٢)
بە غەمی تۆوە گیانە، دڵم غەمگینە (٢)
ئەی یاران یاران یاران، دوور بووم لە یاران (٢)
ئەو گوڵەی هەڵدەگرم یاران، دەچمەوە تاران، وەک جاری جاران
تۆی بێوەفایی گیانە زۆر بێئەندازە (٢)
هەر رۆژێک دەگە گیانە، یارێکی تازە (٢)
ئەی یاران یاران یاران، دوور بووم لە یاران (٢)
ئەو گوڵەی هەڵدەگرم یاران، دەچمەوە تاران، وەک جاری جاران

## ئەی یارم وەی وەی یارم

لەنگۆ یار پەیدا نابێ، پەیدا بێ وەفای نابێ
سەت ساڵ خونچە بپشکوێ، بێبولبول بەهار نابێ
چ بکەم دل گرتوویەتی بە کەس تەوەڵلا نابێ
ئەی یارم وەی وەی یارم، دڵبەری کیژۆڵەی وەفادارم (٢)
بەو سوێندەی بۆ منت خوارد لەسەر قەولی پێرارم
خودا داکەی بارانێک، شەو کزەی شەماڵ بێ بە شەو (٢)
بیدا لە خاڵی لەیلام بەلکوو راپەڕێ لە خەو
ئەی یارم وەی وەی یارم، دڵبەری کیژۆڵەی وەفادارم (٢)
بەو سوێندەی بۆ منت خوارد لەسەر قەولی پێرارم
هەرچەندی دەکەم خەیاڵان قەت ئەو دڵەی من ناسرەوێ
گڕووی گرتوە وەک منداڵ، هەر دەڵێ یارم دەوێ
رۆژێ سەت جارم لێدەن، لە کوێ بی من دێمە ئەوێ (٢)

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



ئەی یارم وەی وەی یارم، دڵبەری کیژۆڵەی وەفادارم (٢)
بەو سوێندەی بۆ منت خوارد لەسەر قەولی پێرارم

## با بچینە مێرگوڵان

دەبا بچینە مێرگوڵان (وەی‌وەی) مێرگینان، کیژگەل دەچنن هەڵاڵان
عارەقی بەر هەنیانت، وەی وەی، دێنە خوار، تەڕ دەکەن وردە خاڵان
کابان بێنە راتمووسم، وەی وەی بتمژم وەباڵ بەستۆی دەلالان
یارەکەی بە نەرم و هێدی، وەرە وەرە پاڵم وێدە
هیچی من و هیچی تۆ، دەستم لە بەرۆکێ بەردە
دەبا بچینە مێرگۆڵان وەی وەی، مێرگینان، کیژگەل دەچنن وەنەوشان
عارەقی بەر هەنیانت، وەی وەی، دێنە خوار، تەڕ دەکەن پانیەی کەوشان
کابان بێنە راتمووسم، وەی وەی، بتمژم، خەتام نەگری لەپاشان
یارەکەی بە نەرم و هێدی، وەرە وەرە پاڵم وێدە
هیچی من و هیچی تۆ، دەستم لە بەرۆکێ بەردە
دەبا بچینە مێرگۆڵان، وەی وەی مێرگینان، کیژگەل دەچنن بیزایە
عارەقی بەر هەنیانت وەی وەی، دێنە خوار، تەڕ دەکەن بازنە و سایە
کابان بێنە راتمووسم، ئەی ئەی بتمژم، خەتام نەگری لە دوایە
یارەکەی بە نەرم و هێدی، وەرە وەرە پاڵم وێدە
هیچی من و هیچی تۆ، دەستم لە بەرۆکێ بەردە

## با بچینە مێرگۆڵان

دەبا بچینە مێرگۆڵان، وەی وەی مێرگینان، کیژگەل دەچنن هەلاڵان
ئارەقی بەر هەنیانت، وەی وەی دێنە خوار، تەڕ دەکەن وردە خاڵان
کابان بێنە راتمووسم، وەی وەی بتمژم، وەباڵ بەستۆی دەلالان
چاوی خومار و نێرگز، یۆختی بولار ئێچیندا
یارەکەی بە نەرم و هێدی، وەرە وەرە پاڵم وێدە
هیچی من و هیچی تۆ، دەستم لە بەرۆکێ بەردە

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



**قەتار**

ئەیچی درەنگە تۆش مەمکە درەنگ
فیدای پەنجەت بام نەی بێنە وە دەنگ
هیچ کەس وەک من شەو دەروێش نەبێ
تەوەللای وەتەن، قەوم و خوێش نەبێ
باربەستەی سەفەر ڕێگام زۆر دوورەن
مەنزڵ بێ‌پایان تۆشە زەروورەن
تاوسی چەترباز تاوسە شینەکەم
ڕەوشەنی حەیات دنیا و دینەکەم
پایەت بلیند بێ سایەت فراوان
ئەوە تۆ دەڕۆی پات وەبان چاوان
وەرە هاوارم لەیلا گشت کەسم
مەیەڵە بەربێ دەستت لە دەسم
ئەوشۆکە دیسان دەروون پڕ غەمەن
کاروانی غەمان لە لامان جەمەن
لەتاو دووری تۆ دڵ بێ‌قەرارەن
بینایی دیدەم لە خەفەت تارەن

**با وا بێ با وا بێ**

با لێنێن پێش‌باران خێڵ دێن لە زینوێ شێخێ
کیژ گەڕاوە دوای باران بەرمووران وەخۆی دێخێ
تەڵەبێ دەکەم لە خودای لە کن چادری مەی بێخی (٢)
بۆ دەگری بۆ دەگری، یارم گڕووم لێ دەگری (٢)
کراسی marووم بۆ کڕیوە، گرووی گرتووە بۆ هەوری (٢)
با لێنێن پێش‌باران هەواری مە لە کۆیە
کیژ گەڕاوە دوای باران، بەسواری ماینی شێیە
دەڵێ ماچت نادەمێ دایک و باب چاویان لێیە (٢)

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

www.mamle.net

Mamle Art Center



با وا بێ با وابێ، بۆ دەبێ تەوەللا بێ (۲)
زەردەخەندیکت بێتێ خۆ دنیا خراب نابێ (۲)
لە یاری خۆم دڵمەندم خەڵکی پێی وایە گێژم
سەودایەک لەسەری دام وەک بولبولان دەبێژم
لەبەر فکر و ئەندێشان وەبەر ناکەوێ نوێژم (۲)
با وا بێ با وابێ، بۆ دەبێ تەوەللا بێ (۲)
زەردەخەندیکت بێتێ خۆ دنیا خراب نابێ (۲)

**قەتار**

وێڵ و ئاوارەم لە بێستوون یار و هەمدەم تیشەمە
یاری من چوو ژێر نیقابێ دینی وی ئەندێشەمە
بەختی بەد ڕێگای ئومێدی بەستووە لە من و لە یار
بۆیە ڕۆژ و شەو لە دووری شین و گریان پیشەمە
جۆگەلەی خوێنێک دیارە وا بە سەفحەی ڕوومەتم
خوێن بە خوڕ بایێ، بەلام من تەنیا ئەو خواهیشەمە
بەسە با چیدی لە باغی وەسڵی تۆ بێبەش نەبم
مەشکێنە چی دیکە توخودا ئەو دڵەی وەک شووشەمە
بۆ دەگری بۆ دەگری، یارم گرووم لێ دەگری (۲)
کراسی مارووم بۆ کڕیوە، گرووی گرتووە بۆ هەوری (۲)
چەرخی زەمانە ئەمنی تەوەللا کرد لە یارم (۲)
عیشقت بۆ من شەو و ڕۆژ لێم بووە بە کار و بارم
بۆ دووری وی ڕەشپۆشم ساتێک نییە قەرارم (۲)
با وا بێ با وابێ، بۆ دەبێ تەوەللا بێ (۲)
زەردەخەندیکت بێتێ خۆ دنیا خراب نابێ (۲)

**باران بارانە**

جوانێ بۆ داتخست لە سەر من درگایە (۲)
خۆ ڕووی نەداوە لە بەندە خەتا لە بەندە خەتا

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

www.mamle.net

Mamle Art Center



باران بارانە، سەحرای کرد رەنگین
یار خوداحافیز بە دڵێکی غەمگین، وەرگەڕام لە دین
تۆ لە عیشقی من زۆر بێ نیازی (۲)
خەریکی فێڵی نەک عیشقبازی، نەک عیشقبازی
بارانە بارانە دەبارێ باران (۲)
لەچی دەگەڕای لە گوڵی بەهاران هەموو ئێواران
جێی نابێتەوە دوو یار لە یەک دڵ (۲)
قەت دوو دڵ نابێ ئینسانی عاقڵ، ئینسانی عاقڵ
بارانە بارانە دەبارێ باران (۲)
لەچی دەگەڕای لە گوڵی بەهاران هەموو ئێواران
گوناهی خۆمە کەوا کەساسم (۲)
ئەو بێقەدرییەی لە خۆم دەناسم، لە خۆم دەناسم
بارانە بارانە دەبارێ باران (۲)
لەچی دەگەڕای لە گوڵی بەهاران هەموو ئێواران
پێم گوت ئەی سەنەم من عوزرخواهم
ببەخشە بە من جورم و گوناهم، جورم و گوناهم
بارانە بارانە دەبارێ باران (۲)
لەچی دەگەڕای لە گوڵی بەهاران هەموو ئێواران
لە کردەوەی خۆم زۆر پەشیمانم (۲)
سەرم شێواوە و چاو بە گریانم، چاو بە گریانم
بارانە بارانە دەبارێ باران (۲)
لەچی دەگەڕای لە گوڵی بەهاران هەموو ئێواران
تا ئەوڕۆ ناوم بە چاک براوە (۲)
ئێستاکە بە دەست ئێوە گیر ماوە، ئێوە گیر ماوە
بارانە بارانە دەبارێ باران (۲)
لەچی دەگەڕای لە گوڵی بەهاران هەموو ئێواران

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



## باران بارانە

تف لە شەرتەکەی نیوە تەمامت
خۆ من ئەسیرم قەسەم بە نامت
باران بارانە سەحرای کرد رەنگین
یار خوداحافیز بە دڵێکی غەمگین
وەرگەڕام لە دین
قەسر و خانەقین سەرحەدی ئێران
هەمووی بە قوربان چاوەکەی جەیران
باران بارانە هەور و هەڵایە
لێم گەڕێن بمرم یار بە تەنیایە، یار بە تەنیایە
خۆ تۆ سوێندت خوارد کە من کەم شەرت نیم
کەم شەرتێکەی تۆ بە چاوی خۆم دیم
باران بارانە دەبارێ باران
لە چی دەگەڕای لە گوڵی بەهاران
هەموو ئێواران
هەر خۆم چاکم کرد دڵەکەم بەستەوە
نەمدا بە دەستی هەموو کەسەوە
باران بارانە هەور و بارانە
یار خوداحافیز دەست لێک بەردانە
ئاوری تێبەردام بە مەحرەمانە
بمدەرێ ماچێک ماڵ بێ کابانە
هەر تۆبەی دەیکەم تۆبەی من فێڵە
کراسێکی بدروو ڕیی دەستم بێڵە
داخوا چارەنووس بە دوای کێ وێڵە
باران بارانە سەحرای کرد رەنگین
یار خوداحافیز بە دڵێکی غەمگین وەرگەڕام لە دین
بە جواب دانەکەت هەر منەتبارم

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



گشت عالەم زانی بۆت برینداریم
باران بارانە هەور و هەڵایە
لێم گەڕێن بمرم یار بە تەنیایە، یار بە تەنیایە
قەڵای مەریوان پاڵم دا پێوە
قەڵاکەم رووخا پاڵ دەم بە کوێوە
باران بارانە دەبارێ باران
لە چی دەگەڕای لە گوڵی بەهاران
هەموو ئێواران

**باران بارانە ڕێزە بە ڕێزە**

کراسێکی بدروو بە مۆدی تازە (۲)
لەسەر چی زیزی بڵێ ئەو رازە
بڵێ ئەو رازە، یار یار یار
باران بارانە ریزە بە ریزە
دایمە چاوێکم لە ریی کاریزە
لە ریی کەریزە یار یار یار
وەکوو دیوانان شێت و هار مەکە (۲)
چاوت گۆناگۆن لێم بە خومار مەکە
لێم بە خومار مەکە یار یار یار
باران بارانە دەبارێ باران
لە چی دەگەڕیی؟ لە گوڵی بەهاران
هەموو ئێواران یار یاریار
هەی داد هەی بێداد لەو دڵەی ناشادم (۲)
بیری یاری کۆن، کەوتۆتە یادم
کەوتۆتە یادم یار یار یار
باران بارانە ریزە بە ریزە
دایمە چاوێکم لە ریی تەوریزە

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



لە ڕێی تەوریزە یار یار یار
ئەی دڵە زەلیل بی بۆ شەیدات کردم (٢)
موحتاجی دۆستی بێوەفات کردم
بێوەفات کردم یار یار یار
باران بارانە ڕێزە بە ڕێزە
دایمە چاوێکم لە ڕێی تەوریزە
لە ڕێی تەوریزە یار یار یار

**باران بارانە (یار یار یار)**

کفنەکەم ببڕن بە مەودای مەقەست
شەرت بێ مەیلەکەت بەر نادەم لە دەست (٢) یار یار یار
باران بارانە دەبارێ باران
لە چی دەگەڕێی؟ لە گوڵی بەهاران
هەموو ئێواران یار یاریار
هەتا جوان بووم، فرە پیر نەبووم (٢)
عاشق بە باز و سۆنەگیر نەبووم (٢) یار یار یار
باران بارانە سەحرای کرد ڕەنگین (٢)
یار خوداحافیز بە دڵێکی غەمگین
بە دڵێکی غەمگین، یار یار یار
ڕەنگم زەرد نەبوو تۆ کردت بە بەی
لە خودام تەڵبە بە مەقسوود نەگەی (٢) یار یار یار
باران بارانە دەبارێ باران
لە چی دەگەڕێی؟ لە گوڵی بەهاران
هەموو ئێواران یار یاریار

**بارانە و بارانە**

خودا داکەی بارانێ شەو کزەی شەماڵ بێ بە شەو

www.mamle.net

Mamle Art Center



بیدا لە خاڵی لەیلام بەڵکوو راپەڕێ لە خەو
ئەی بارانە و بارانە، ئەی هەوای چۆمی مەجیدخان
لەسەر باڵاکەی بەرزت، ئەی با بمکەن تیرەباران
گیانە باران دەبارێ ئەی هاوار فەسڵی ئێوارێ
گیانە زۆر پیس قەوماوە، ئەی هاوار لە من و لە یارێ
ئەی بارانە و بارانە ئەی هەوای بارانەی تازە
لەبەرت زەحمەت نەبێ، ئەی تەشریف بێنە دەروازە
گیانە باران دەبارێ، ئەی هاوار دە نیوەشەودا
گیانە دەیدا لە یارێ، ئەی هاوار دەو خرپەی خەودا
ئەی بارانە و بارانە، ئەی هەوای چۆمی مەجیدخان
لەسەر باڵاکەی بەرزت، ئەی با بمکەن تیرەباران
ئەی دەستی منت بێ بە دامان
گیانە باران دەبارێ ئەی هاوار بەری بەیانە
گیانە کەزیەی دە یارێ ئەی هاوار پەخش و پەریشانە
ئەی بارانە و بارانە، ئەی هەوای بارانەی تازە
لەبەرت زەحمەت نەبێ، ئەی تەشریف بێنە دەروازە

## بازی بێریان

بازی بێریان دوورە دەستە (ئەمان ئەمان) (٢)
بێری دێن (٢) دەستە بە دەستە
هەرچی دێ رادەبرێ چاومەستە (ئەمان ئەمان) (٢)
رادەبرن، کون دەکەن جەرگ و هەناوان
بازی بێریان دوورە دێیە (ئەمان ئەمان) (٢)
بێری دێن (٢) شیرمەشکیان پێیە
خۆم راوەستاوم لە سەر رێیە
یارکۆڵێی خۆم چاوی لێیە (ئەمان ئەمان) (٢)
رادەبرن دڵ دەبەن، بە غەمزەی چاوان

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



بە برژانگ کون دەکەن، جەرگ و هەناوان
بازی بێریان چڕ و کێوە (ئەمان ئەمان) (٢)
بێری دێن، (٢) گوارەیان زیوە
ئەشی دەڕێسن بەڕێوە (ئەمان ئەمان) (٢)
رادەبرن، دڵ دەبەن، بە غەمزەی چاوان
بە برژانگ کون دەکەن جەرگ و هەناوان

**بازی بێریان**

بازی بێریان لە دەواران (ئەمان ئەمان) (٢)
لە نێو گیا (٢) بەند و گیاخاوان
قیبلەی ئاواتە بۆ لاوان (ئەمان ئەمان) (٢)
رادەبرن دڵ دەبەن بە غەمزەی چاوان
بە برژانگ کون دەکەن جەرگ و هەناوان

**باغەوان**

ئەی باغەوان باغەکەت پڕ لە گوڵە و لە ریحانە
(گیان گیان پڕ لە گوڵە و لە ریحانە)
باغەوان ئەی باغەوان رێگای باغت بە کوێدا
(گیان گیان رێگای باغت بە کوێدا)
ئای بڕۆ بڕۆ، بڕۆ، نا دەی وەرە وەرە وەرە
چاک بوو زووم زانی کە ناتگەمێ
تۆ بۆ وەی نابی دڵت دەمێ
باغەوان دڵم مەشکێنە غونچان هەڵناپسێنم
(گیان گیان غونچان هەڵناپسێنم)
باغەوان ئەی باغەوان رێگای باغت بە کوێدا
(گیان گیان رێگای باغت بە کوێدا)
ئای بڕۆ بڕۆ، بڕۆ، نا دەی وەرە وەرە وەرە

www.mamle.net

Mamle Art Center



چاک بوو زووم زانی کە ناتگەمێ
تۆ بۆ وەی نابی دڵت دەمێ
ئەی باغەوان کەپریکم بۆبکە لە سەر داری چنار
(ئای) با لێی دانیشین دەگەڵ یار
ئەی باغەوان ئاشنای تۆم ریگای باغت بە کوێدا
باغەوان ئەی باغەوان ریگای باغت بە کوێدا
(گیان گیان ریگای باغت بە کوێدا)
ئای برۆ برۆ، برۆ، نا دەی وەرە وەرە وەرە
چاک بوو زووم زانی کە ناتگەمێ
تۆ بۆ وەی نابی دڵت دەمێ

**بە شل و مل بی**

کەس نازانێ ئەی بۆ بێوازم
گیرۆدەی دەستی سەربازم
بە دیتنت ئاواتەخوازم (٢)
بە شل و مل بی (وەی) بە شلومل بی (٢)
دەستی منت (ئەی) لەسەر مل بی
جوانێ بابانت کاول بی
لە پلیکانان وەسەر کەوت
ریشۆی شەدەی وەبەر کەوت
لە عەیبەتان نێوکم کەوت (٢)
بە شل و مل بی (وەی) بە شلومل بی (٢)
دەستی منت (ئەی) لەسەر مل بی
جوانێ بابانت کاول بی
قەسەم بەوەی قەت نامرێ
سەت کەس جانانەی لێ دەمرێ
گڵ بێعارە و مەیلان دەبرێ (٢)

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



بە شل و مل بی (وەی) بە شل‌ومل بی (٢)
دەستی منت (ئەی) لەسەر مل بی
جوانێ بابانت کاول بی
سوێندم خواردووە بۆ عازیزێ
بێتو بگەمە پایزێ
هەڵیدەگرم گوێ بەرزیزێ (٢)
بە شل و مل بی (وەی) بە شل‌ومل بی (٢)
دەستی منت (ئەی) لەسەر مل بی
جوانێ بابانت کاول بی

**بە شل‌ومل بی**

قوربانت بم (ئەی) چاکی پیرێ
گەڕەکی مە (ئەی) بەقوڕێ گیرێ
شەیتان زۆرە و دۆست ناگیرێ
بە شل و مل بی (وەی) بە شل‌ومل بی (٢)
دەستی منت (ئەی) لەسەر مل بی
جوانێ بابانت کاول بی
نە مەجنوون و نە فەرهادم
زەحمەتکێش و رەنج بەبادم
رەبی حاسڵ بێ مرادم
بە شل و مل بی (وەی) بە شل‌ومل بی (٢)
دەستی منت (ئەی) لەسەر مل بی
جوانێ بابانت کاول بی
دوێنێ رۆیی بانگی هێشتم
پێم گوت بۆ ماچێک، نەیهێشتم
شەڕابی مەرگی پێ چێشتم
بە شل و مل بی (وەی) بە شل‌ومل بی (٢)

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



دەستی منت (ئەی) لەسەر مل بی
جوانێ بابانت کاول بی
ئەوساڵ پاییزیک لە من هات
غەم لە جەرگم بوو بە قەڵات
ڕەببی خێر بێ لەیلام نەهات
بە شل و مل بی (وەی) بە شل‌ومل بی (٢)
دەستی منت (ئەی) لەسەر مل بی
جوانێ بابانت کاول بی

**بە شنەشنەی شەماڵ**

چاوی وەک پیالە ئەبرۆی پەیوەستە
زولفی ئاڵۆزە و شانەی بە دەستە
بۆ جوان کردنی خۆی چەندە تەڕدەستە (٢)
بە شنەشنەی شەماڵ زولفی ڕادەژێ (٢)
بە گۆشەی چاوان ئەمن دەکوژێ
لە تۆ شیرین‌تر جوانێک نییە لە دێ
تۆ خوداکەی شەماڵ لەسەرخۆ وەرە
رازی دڵەکەی من بۆ یارێ بەرە
لە دەردی دڵەکەم یار بێ‌خەبەرە (٢)
ـ شەماڵ دە وەرە بێنە خەبەرێ
کەنگێ لەیلام دەچتە سەفەرێ
وا بکە دڵەکەی من دەگەڵ خۆی بەرێ (٢)
بە شنەشنەی شەماڵ زولفی ڕادەژێ (٢)
بە گۆشەی چاوان ئەمن دەکوژێ
لە تۆ شیرین‌تر جوانێک نییە لە دێ

**بە عینوانی**

ئەوساڵ پاییزیک لە من هات (گیانە)
غەم لە دڵەکەم (گیانە) بوو بە قەڵات

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



یارەبی خێر بێ (گیانە) لەیلام نەهات
بە عینوانی چاو جوان چەندە جوانی
پێشکەشت بێ حەوسەت باغی خانی
ئەوشۆ نەبوو (گیانە) شەوێ دینێ
بە خەیاڵ چوومە مەدینێ
خزمەت پەریزادەی چینێ
بە عینوانی چاو جوان چەندە جوانی
پێشکەشت بێ حەوسەت باغی خانی
شەماڵ وەرە (گیانە) کزەی جەرگم
خواردنم خوێناوە (گیانە) پەلاس بەرگم
پاشی بالآت (گیانە) جوانەمەرگم
بە عینوانی چاو جوان چەندە جوانی
پێشکەشت بێ حەوسەت باغی خانی
لە سابلاغێ (گیانە) وەدەرکەوتم
لە گوڵەزەردان (گیانە) وەسەرکەوتم
وەدوای کۆچی (چاوجوان) یارێ کەوتم
بە عینوانی چاو جوان چەندە جوانی
پێشکەشت بێ حەوسەت باغی خانی

**بە هەرمێ بە هەرمێ**

سەرێکە مەستی نازت دڵێکە بۆت نەماوە
نەعلەت لە یاری درۆزن، وەفای بۆ کەس نەماوە
بە هەرمێ بە هەرمێ، جا دەچم هەرمێت بۆ دێنم
لە تاران و لە تەورێز، کراسی کرێمت بۆ دێنم
بە خواهیش یان بە زۆری، دێم لە بابت دەستێنم
دایمە وەک تازیەداران، چاو بە گریە و گرینم
کوانێک لە جەرگم هاتووە خوێن دەچۆڕێ لە برینم

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



کیژۆڵەی نەرم و ناسک زۆر پەشێوت دەبینم
بە هەرمێ بە هەرمێ، جا دەچم هەرمێت بۆ دێنم
لە تاران و لە تەورێز، کراسی کرێمت بۆ دێنم
بە خواهیش یان بە زۆری، دێم لە بابت دەستێنم

**قەتار**

وەرن مەشکێنن شووشەی مەینەتم
هەم دنیاشم چوو هەم قیامەتم
تاوسی چەترباز تاوسە شینەکەم
ڕەوشەنی حەیات دنیا و دینەکەم
نەخۆش و پەرێشانم ئارامم نییە ساتێ
سەفەریکم کەوتە بەر رێیە هات و نەهاتێ
چاوەڕێمە لە ریگا با کاروان بێ و بمگاتێ
بە هەرمێ بە هەرمێ، جا دەچم هەرمێت بۆ دێنم
لە تاران و لە تەورێز، کراسی کرێمت بۆ دێنم
بە خواهیش یان بە زۆری، دێم لە بابت دەستێنم

**بەرزینێ گیان بەرزینێ**

دەگەڵ یارێ ساز دەبم، دەچمە سێزدەبەدەرێ
ڕەشبەڵەکێک گیراوە، کیژ و کوڕ هەڵدەپەڕێ
بە ئیشارە بانگم کرد لە دەستمدا هەڵپەڕێ
یا خودا لەسەر بالاکەت پەندی چۆنم بە سەرێ
ئەرێ بەرزینێ گیان بەرزینێ، چاو ئەستێرەی شیرینێ
ساز بە بڕۆین بۆ دینێ، با جوانیت کەس نەبینێ
بەهار فەسڵێکی خۆشە با بچینە کێلەشینێ
لە تاو دووریەکەی تویە وەختە گیان و دڵ دەرێ
بوت دەفرۆشم سەر و ماڵ، خۆ من ناکەم زەرەرێ
باراشی بردە ئاشی ئاو نیە ئاش ناگەڕێ

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



فرمێسکی چاوم هەبێ بەبێ ئاویش دەگەڕێ
یا خودا لەسەر بالاکەت پەندی چۆنم بە سەرێ
ئەرێ بەرزینێ گیان بەرزینێ، چاو ئەستێرەی شیرینێ
ساز بە بڕۆین بۆ دینێ، با جوانیت کەس نەیبینێ
بەهار فەسلێکی خۆشە با بچینە کێلەشینێ
بای وەعدەی نەورۆزی هات، گرێی زولفت کراوە
بەفر و سەرما و پەژارە، بە دوای یەکدا دەتواوە
کیژ و کوڕ دەستیان دەگرت لە نێو ئەم ناوە ناوە
مۆرەی بەختی من نایە، شەشدەرم لێ گیراوە
یا خودا لەسەر بالاکەت پەندی چۆنم بە سەرێ
ئەرێ بەرزینێ گیان بەرزینێ، چاو ئەستێرەی شیرینێ
ساز بە بڕۆین بۆ دینێ، با جوانیت کەس نەیبینێ
بەهار فەسلێکی خۆشە با بچینە کێلەشینێ
وەکی لە من قەوماوە یاڕەب لە کەس نەقەومێ
لە ولاتی موکریانی، کەس نیە هاواری بەرمێ
دایک و بابی لێوئالێ تووڕەن نامدەنێ نەرمێ
یا خودا لەسەر بالاکەت پەندی چۆنم بە سەرێ
ئەرێ بەرزینێ گیان بەرزینێ، چاو ئەستێرەی شیرینێ
ساز بە بڕۆین بۆ دینێ، با جوانیت کەس نەیبینێ
بەهار فەسلێکی خۆشە با بچینە کێلەشینێ

**بەرهەڵبێنە ١**

دەڵێ لێوئاڵ لێم زیزە بە کەس ئاشت نابێتەوە
کەژاڵ چۆتە سەفەرێ دوعام بۆ بکەن بێتەوە
لەخودای دەکەم تەڵەبێ دەگەڵم ئاشت بێتەوە
دەنا لێی دە بەرهەڵبێنە
بەرهەڵبێنەکەی خام هەراوە، هەر دەڕۆیی و دەکراوە (٢)

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

www.mamle.net

Mamle Art Center



گەلێکیش مەمنوونم بوو، بە دوو ماچ بۆم گریَ داوە
ئەریَ لێی دە بەرهەڵبێنە
دەچمە سەری سوڵتانیَ شەمۆیە و نایەمەوە
دەست لە کێلان وەردێنم چڵدانەی دەگرمەوە
بەختی خۆم و لێوئاڵیَ بەتاقی دەکەمەوە
دەنا لێی دە بەرهەڵبێنە
بەرهەڵبێنەکەی خام هەراوە، هەر دەڕۆیی و دەکراوە (٢)
گەلێکیش مەمنوونم بوو، بە دوو ماچ بۆم گریَ داوە
ئەریَ لێی دە بەرهەڵبێنە
تۆخودا دڵم مەشکێنە تاویک وەرە باوەشم
بەژنیَ باریک لێم زیزە دەتکیَ فرمێسکی گەشم
لە دونیا خۆشیم نەدی بەدبەخت و چارەڕەشم
دەنا لێی دە بەرهەڵبێنە
بەرهەڵبێنەکەی خام هەراوە، هەر دەڕۆیی و دەکراوە (٢)
گەلێکیش مەمنوونم بوو، بە دوو ماچ بۆم گریَ داوە
ئەریَ لێی دە بەرهەڵبێنە
کەوتوومە بەحری غەمیَ، ریَیە هات و نەهاتیَ
رۆژی پازدەی شەعبانیَ شەوی جێژنی بەراتیَ
ماچێک بۆ رۆژی جێژن، بە جێژنانە دەمداتیَ
دەنا لێی دە بەرهەڵبێنە
بەرهەڵبێنەکەی خام هەراوە، هەر دەڕۆیی و دەکراوە (٢)
گەلێکیش مەمنوونم بوو، بە دوو ماچ بۆم گریَ داوە
ئەریَ لێی دە بەرهەڵبێنە

## بەرهەڵبێنە ٢

دەنا لێی دە بەرهەڵبێنە
بەرهەڵبێنەکەی خام هەراوە، هەر دەڕۆیی و دەکراوە (٢)

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



گەلێکیش مەمنوونم بوو، بە دوو ماچ بۆم گرێ داوە
ئەرێ لێی دە بەرهەڵبێنە
شەدەی بەستوە بێریانی، دەسرۆکەی تۆزێک تیلە
بەرۆکت بۆ دەرزیلە قامکت بۆ ئەنگوستیلە
لەسەر چیم لێ تۆراوی زیز بوونت بێ دەلیلە
دەنا لێی دە بەرهەڵبێنە
بەرهەڵبێنەکەی خام هەراوە، هەر دەڕۆیی و دەکراوە (٢)
گەلێکیش مەمنوونم بوو، بە دوو ماچ بۆم گرێ داوە
ئەرێ لێی دە بەرهەڵبێنە
قەت جارێکی پێت نەکوت با بیکەین را و تەگبیر
سەد لەعنەت لەو کەسەی بێ دەست لە بالات دەکا گیر
جا چ بوو ماڵەبابم ئەتۆ جحێڵ و ئەمن پیر
دەنا لێی دە بەرهەڵبێنە
بەرهەڵبێنەکەی خام هەراوە، هەر دەڕۆیی و دەکراوە (٢)
گەلێکیش مەمنوونم بوو، بە دوو ماچ بۆم گرێ داوە
ئەرێ لێی دە بەرهەڵبێنە

**بەرهەڵبێنە ٢**

دەچمە سەری سوڵتانێ، شەمۆیە و نایەمەوە
دەست لە کێلان وەردێنم چڵدانەی دەگرمەوە
بەختی خۆم و لێوئاڵێ بە تاقی دەکەمەوە
دەنا لێی دە بەرهەڵبێنە
چارم ناکا ئیفلاتوون، دڵ کەوتوە و بێقەرارە
بەو سەیدەی سەفاخانە، هاوار یا شێخی بیارە
غەم لەشکری کێشاوە بۆ سەر ئەمنی بێچارە
دەنا لێی دە بەرهەڵبێنە
بەرهەڵبێنە و بەرهەڵبێنە، بەرهەڵبێنەکەی توندە

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



سەبارەت بە چاوجوانیّ ئاوەدان بیّ ئەو گوندە
دەنا لێی دە بەرهەڵبێنە
کەژاڵیّ ناڵچەی زێڕی لە کەوشیّ
هەروەک مانگی دە چاردە، لەسەر پانیی دەدرەوشیّ
پشتێندەکەی شل بۆوە، لۆیەکی لە دووی دەخشیّ
دەنا لێی دە بەرهەڵبێنە
بەرهەڵبێنەکەی خام هەراوە، هەر دەڕۆیی و دەکراوە (٢)
گەلێکیش مەمنوونم بوو، بە دوو ماچ بۆم گریّ داوە
ئەریّ لێی دە بەرهەڵبێنە

### بەزمی فاتمە سوڵتانیّ

خودا داکەی بارانێک، بارانێک
شەو کزەی شەماڵ بیّ بە شەو
بیدا لە خاڵی لەیلیّ، ئەی لەیلیّ
بەڵکوو راپەڕیّ لە خەو (٢)
دڵم دەکا جۆلانیّ، جۆلانیّ
بۆ بەزمی فاتمە سوڵتانیّ
مەمکت سێوی سەرلکە، سەرلکە
داینێم لە سەر دووکانیّ
هەڵیدەگرم و دەڕۆم، ئەی دەڕۆم
ئەگەر دونیا پیّ بزانیّ، ئەگەر عالەم پیّ بزانیّ
ئەریّ هەی داد هەی بێداد، هەی بێداد
هاوار هەی جورمی سەختم، گیانە هەی جورمی سەختم
ئەریّ خەتای کەس مەگرن، ئەی مەگرن
گیانە هەر خوم بەدبەختم، کالیّ هەر خۆم بەدبەختم
*دڵم دەکا....*

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



## بەسێ

هەم نارنجە و هەم سێوە هاوار یا شێخی کرێوە
جا غەم و مەراقی یارێ ئیشکی کردووم بە پێوە
یارەبی نەبارێ باران، تاقە گوڵەکەم بەرێوە
*ئەی بەسێ عەمرم بەسێ، دوت کوشتوە مەیکە بە سێ*
*جا بەسێ لەبەر بێرییە، جوانە و تەشی دەڕیسێ*
چارەم ناکا ئیفلاتوون، دڵ کەوتوە بێقەرارە
بەو سەیدی سەفاخانەی هاوار یا شێخی بیارە
غەم لەشکری کێشاوە بۆ سەر ئەمنی بێچارە (٢)
*ئەی بەسێ عەمرم بەسێ، دوت کوشتوە مەیکە بە سێ*
*جا بەسێ لەبەر بێرییە، جوانە و تەشی دەڕیسێ*
دڵم بە تۆوە شادە، دەم دێنم زولفت لادە
هەرکەس وەک من نەسووتێ، تا ملانی بە قوڕێدا بە
کە کوتیان نەخۆشە لەیلا گیانە، وەکوو شێت بە سەرمدا
جا سەری خۆم هەڵگرت گیانە بە کێو و بە سەحرادا
*ئەی بەسێ عەمرم بەسێ، دوت کوشتوە مەیکە بە سێ*
*جا بەسێ لەبەر بێرییە، جوانە و تەشی دەڕیسێ*
یا گوڵی لاچاوانت بام، یان کەزیەی لە ملانت بام
جا گلەییم کرد لە یارێ، نێوچاوانی لێ تێک نام
بەو پەنجەی ناسک و جوانی، زللێکی خۆشی لێدام
هەڕەشەی کرد دەبڕۆ، بڕۆ نەیەوە بۆ لام
*ئەی بەسێ عەمرم بەسێ، دوت کوشتوە مەیکە بە سێ*
*جا بەسێ لەبەر بێرییە، جوانە و تەشی دەڕیسێ*
بۆ من حەزرەتی خدرم، عومرێکی توولانیم بێ
لێقەوماو و فەقیرم، هیچ کەس بە دەستەم نەبێ
هات رابرد گەردن بەخاڵ یارەبی بە چاوە نەبێ
شەش دانگی مولکی موکریان، قوربانی چاوێکی بێ

www.mamle.net

Mamle Art Center



*ئەی بەسێ عەمرم بەسێ، دوت کوشتوە مەیکە بە سێ*
*جا بەسێ لەبەر بێرییە، جوانە و تەشی دەڕیسێ*

**بە من چی؟**

کە مردم شین و گریانت بە من چی؟
لەسەرمەیتم لە خۆ دانت بە من چی؟
کە نەتهێشت بێم لە باغی سینە بڕ کەم
ڕنینی رووومەتی جوانت بە من چی؟
کە ڕێبوارت نەگرتە سێبەری خۆت
سەفاری بەردەرک و هەیوانت بە من چی؟
لە شانم دە، لە شانم گەر نەدەی شان
لە دوایە تەرمی سەر شانت بە من چی؟
کە کێلی گەردنت نەتهێشت ببینم
لە دوایە سەر لە کێل دانت بە من چی؟
بەرۆکت دامەخە هێستا، ئەگینا
بەرۆک دادڕانی قەبرانت بە من چی؟
ئەمیش دەمرم، رەقیبم دێتە مەیدان
ئەتۆی و مەردی مەیدانت، بە من چی؟
(شیعری: مەلاکەریم هونەرمەند «فیدایی»)

**بەهارهاتەوە**

دوور کەوتنی یارێ (گیانە) دەردی گرانە (٢)
لوتفت بە روحم (گیانە) بۆ من هەرزانە (٢)
*بەهار هاتەوە (گیانە) بەهار هاتەوە (٢)*
*دۆست و دەزگیران (وەی‌وەی) ئاشت دەکاتەوە (٢)*
خۆشی سالانم گیانە ئەوساڵ نەماوە (٢)

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



جەرگم پۆلا بوو گیانە لە تاو تۆ تواوە (٢)
*بەهار هاتەوە (گیانە) بەهار هاتەوە (٢)*
*دۆست و دەزگیران (وەی‌وەی) ئاشت دەکاتەوە (٢)*
گەر مەیلت هەبێ گیانە نیزیک دەبێوە (٢)
بو عاشق هیچ نیە گیانە ئەو دەشت و کێوە (٢)
*بەهار هاتەوە (گیانە) بەهار هاتەوە (٢)*
*دۆست و دەزگیران (وەی‌وەی) ئاشت دەکاتەوە (٢)*
کەوتە سەر پیلان گیانە دەسماڵی سەری (٢)
خۆ من کوشتەی تۆم گیانە لێم بێ‌خەبەری (٢)
*بەهار هاتەوە (گیانە) بەهار هاتەوە (٢)*
*دۆست و دەزگیران (وەی‌وەی) ئاشت دەکاتەوە (٢)*

**بۆ ئەمنت ناوێ؟**

ئەو ماڵەی هەمە گەنجی بە کۆ بێ (٢)
گەدایی دەکەم چاوم لە تۆ بێ (٢)
*بۆچی منت ناوێ (٢)*
*خۆ من بەبێ تۆ (ئەی‌هاوار) هەڵناکەم تاوێ*
*خۆ من بەبێ تۆ (جوانێ گیان) ئەو دڵەم ناسرەوێ*
جا وەرن بنووسن سەنگی مەزارم (٢)
شەهیدی عیشقم (ئەی هاوار) مەدەن ئازارم (٢)
*بۆچی منت ناوێ (٢)*
*خۆ من بەبێ تۆ (ئەی‌هاوار) هەڵناکەم تاوێ*
*خۆ من بەبێ تۆ (جوانێ گیان) ئەو دڵەم ناسرەوێ*
سەرم سەودایی عیشقی دڵدارە (٢)
سا من بە سەودای چینم چ کارە؟ (٢)
ماڵێک باری کرد نەگەیمە کۆچی (٢)
حەزم لێ ناکەی مۆرە مانای چی؟ (٢)

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



دەشتی پشت قەڵا رازاوە بە گوڵ (٢)
عارەق دەڕێژم زەنگوڵ بە زەنگوڵ
ئەتۆم خۆش دەوێ بە گیان و بە دڵ

### بۆت نووسیوم

**قەتار**

لەباری، نازەنینی، نەرمونۆڵی، دڵتەڕی، شادی
لە چاوی پیس بەدوور بی، ئەی کچی جوانی مەهابادی
لە جوانیدا، لە پاکیدا، نیە هاوتات و نازانم
فریشتەی ئاسمانی یانە پەروەردەی پەریزادی
لە کوێ وەک من دەزانێ چەندە شیرین و رەزاسووکی
کەسێکی تۆ نەبینێ وا لە ژێر چارشێوی رەشا بی
ـ بۆت نوسیوم بۆت بنووسم ئەمن چیم؟ (٢)
دوندی قەندیل، گۆڕەپانی هەڵگورد نیم (٢)
بەرەو بەرزی دەچم ئەگەرچی وردم (٢)
خاکی بەر پێی تێکۆشەرێکی کوردم (٢)

### بۆچ منت ناوێ

ـ چاوم پڕ خوێنە دەکوڵێ هەناوم
چەندە بێڕوحمی من بۆت نەماوم
*بۆ ئەمنت ناوێ، بۆچی منت ناوێ*
*خۆ من بەبێ تۆ هەڵناکەم تاوێ*
دەنگم نایگاتێ دیوارمان بەینە
کەسمان تێناگا لەو کەینە و بەینە
*بۆ ئەمنت ناوێ، بۆچی منت ناوێ*
*خۆ من بەبێ تۆ هەڵناکەم تاوێ*

www.mamle.net

Mamle Art Center



## بۆچ نیه قەدری میوان لە لاتان

تاکەی وەک مەجنوون (٢) ویڵی هەردان بم (٢)
تا کەی غەمزەدەی (٢) باری هیجران بم (٢)
*بۆچ نییە قەدری میوان لە لاتان (٢)*
*میوانم ئیتر ئێوە و خوداتان (٢)*
تاکەی غەریبی (٢) کووچەی شاران بم (٢)
تا کەی هەڵوەدای (٢) دیدەی یاران بم (٢)
*بۆچ نییە قەدری میوان لە لاتان (٢)*
*میوانم ئیتر ئێوە و خوداتان (٢)*
تاکەی دەمکوژی (٢) سەیادی قاتڵ (٢)
با ساتێک دەرکەم (٢) دەرد و غەم لە دڵ (٢)
*بۆچ نییە قەدری میوان لە لاتان (٢)*
*میوانم ئیتر ئێوە و خوداتان (٢)*
ئەوشۆکە بەفر و (٢) باران دەبارێ (٢)
گرمەگرمی دێ (٢) هەوری بەهارێ (٢)
*بۆچ نییە قەدری میوان لە لاتان (٢)*
*میوانم ئیتر ئێوە و خوداتان (٢)*
شەو هەتاکوو ڕۆژ (٢) ناڵە ناڵمە (٢)
ئەو دەردەی داتمێ (٢) هەر لە بیرمە (٢)
*بۆچ نییە قەدری میوان لە لاتان (٢)*
*میوانم ئیتر ئێوە و خوداتان (٢)*

## بۆنی هەلالان دێ

ـ ئەرێ هەی داد هەی بێداد گیانە لەو گەورە شارە
ئەرێ نە دەنگی یار دێ گیانە نە بۆخۆی دیارە
*بۆنی هەلالان دێ، سەدای چاوکالان دێ*
*لە گەورە مالان دێ، وەی وەی وەی وەی با بێ*

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



*بە کراسی کەتان بێ*
ـ ئەرێ بۆچی منت ناوە گیانە بە لای خوداوە
ئەرێ دەرگای ڕەحمەتت، جوانێ، لە من داخراوە
ئەرێ لە ناو کیژاندا، جوانێ، بێمەیلی باوە
گیانە بێمەیلی باوە
*بۆنی هەلالان دێ، سەدای چاوکالان دێ*
*لە گەورە مالان دێ، وەی وەی وەی وەی با بێ*
*بە کراسی کەتان بێ*
ـ ئەرێ بە شانم دا هات، گیانە بەلای ناگەهان (٢)
ئەرێ چی دیکەت دەوێ، جوانێ، لە منی بەستەزمان
گیانە لە منی بەستەزمان
*بۆنی هەلالان دێ، سەدای چاوکالان دێ*
*لە گەورە مالان دێ، وەی وەی وەی وەی با بێ*
*بە کراسی کەتان بێ*
ـ ئەرێ ناب عاقل بی، گیانە، هەی مردووت مرێ
کوا باغ بە زستان، جوانێ بەرێ دەگرێ
گیانە بەرێ دەگرێ
*بۆنی هەلالان دێ، سەدای چاوکالان دێ*
*لە گەورە مالان دێ، وەی وەی وەی وەی با بێ*
*بە کراسی کەتان بێ*

**بۆنی هەلالان دێ (هەرمێ بێ، هەنار بێ)**

مالیان لە پردی سوورە
گەردنی وێنەی بلوورە
بۆ ماچێکم ناداتێ
کافرەو لە خودا بەدوورە (٢)
*هەرمێ بێ هەنار بێ، با لە دەروازەی دیار بێ*

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



*تاوێک شەدەی لار بێ*
*ها بەو خەنجەرەی بمکوژە (با گیانم رزگار بێ) (٢)*
سەریکە مەستی نازی، دڵێکە بۆی نەماوە
دڵم حەقی بە دەستە (فتوای سەری دراوە) (٢)
*هەرمێ بێ هەنار بێ، با لە دەروازەی دیار بێ*
*تاوێک شەدەی لار بێ*
*ها بەو خەنجەرەی بمکوژە (با گیانم رزگار بێ) (٢)*

### بێ بە تاوێ چارۆکێ

هەوران تێکیان دەخوڕی، دەبا بێ بە تاوێ چارۆکێ
مەمکان کراسیان دەدڕی، ئەوە هات بە تاوێ چارۆکێ
کوشتمی دایکی کوڕی، *دەبا بێ بە تاوێ چارۆکێ*
*دەبا بێ دەبا بێ دەبا بێ، ئەوە هات بە تاوێ دەسروکێ*
سبحەی نیوەڕۆیە ساز بە بچینە مەندۆکێ
هەوران کۆ بە کۆیە دەبا بێ بە تاوێ دەسرۆکێ
دەخوێنن هەڵۆیە ئەوە هات بە تاوێ دەسرۆکێ
یارم چاو هەڵۆیە دەبا بێ بە تاوێ دەسرۆکێ
شلکە و تەنکە و گریی دە، *دەنا بێ بە تاوێ دەسرۆکێ*
*سبحەی نیوەڕۆیە ساز بە بچینە مەندۆکێ*
لەسەر مەحموودکانی، دەبا بێ بە تاوێ چارۆکێ
خەنجەرم دەڕژانی ئەوە هات بە تاوێ دەسرۆکێ
شلکە و تەنکە و گریی دە دەنا بەینی چارۆکێ
*سبحەی نیوەڕۆیە ساز بە بچینە مەندۆکێ*
هەوری ڕەشی دینێ، دەبا بێ بە تاوێ چاروکێ
بارانەی دەڕژێنێ ئەوە هات بە تاوێ دەسرۆکێ
شلکە و تەنکە و گریی دە دەنا بەینی چارۆکێ
*سبحەی نیوەڕۆیە ساز بە بچینە مەندۆکێ*

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



**بێنەسیبم**

خوداوەندا لە غەریبی
دڵی شەیدای ئەمن چی دی
دڵم بیمارە بۆ تۆ، چەند غەمینە
دەوای دەردی غەریبان پێکەنینە
*بێنەسیبم (عەزیزم) بێ‌تۆ غەریبم (عەزیزم)*
*بەبەرچاومیدا دەبەن یار بۆ رەقیبم (عەزیزم)*
*دڵ‌شکاوم نێوی دڵم پێت نیّ لە چاوم (عەزیزم)*
وەرە وەرە نازەنینم
ئومێدی قەلبی غەمگینم
تاوێک دانیشە لەکنم بە تەنیایی
بەلکوو سارێژ بێ ئەو زامی برینم
- خوایە ئاگات لە لەیلا بێ
رەببی ئەسپاردەی ئەللا بێ
لە کۆچی نامرادی غەمە بەشی مە
غەمێ مەخۆ عەزیزم خودا کەریمە
- هەرچەند دەکەم و دەکرێنم
چگەرسۆزێک نیە بیدوێنم
تا دەرمان کا ناسۆری دڵی زارم
بینێمەوە سەر حاڵی جاران یارم
- یاری دڵ‌ناسک تۆراوە
مەیلی جارانی نەماوە
خوایە دڵی نەرم کەی کە بمدوێنێ
چی دیکە شووشەی دڵی من نەشکێنێ

**پاییزە لە من درەنگە**

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



زولفی وەک رەش‌مار هاتوونە خوارێ (٢)
لە دەم و لێوی شەکەر دەبارێ (٢)
*پایزە لە من، درەنگە لە تۆ (٢)*
*سوور دەبوون خەزەڵ، زەرد دەبوون لیمۆ (٢)*
گەردن بڵیند و بەرز و زۆر جوانە (٢)
ئەبرۆی وەک هیلال مژۆی پەیکانە (٢)
*پایزە لە من، درەنگە لە تۆ (٢)*
*سوور دەبوون خەزەڵ، زەرد دەبوون لیمۆ (٢)*
گەر چاوی رەشی بەناز هەڵدێنێ (٢)
لە پیر و لە جوان دڵ دەرفێنێ (٢)
*پایزە لە من، درەنگە لە تۆ (٢)*
*سوور دەبوون خەزەڵ، زەرد دەبوون لیمۆ (٢)*

**پەیامی دڵ**

وەرە پەیامی دڵم بەرە بیدە بە گوڵم
لە هیجری خاڵی روخی، سووتاندی بەندی دڵم
*مەدە عەزابم، بنێرە جوابم*
*لە باغی تازە بەرم، غەریب و دەربەدەرم*
*ئەسیری داوم، بە دڵ سووتاوم*
*لە یاری لالەروخم، دەمێکە بێ‌خەبەر ماوم*
قەسەم بە حوسنی جەماڵ،
قەسەم بە رازی ویسال
*نەماوە رەنگم، سووتاوە جەرگم*
*لە سۆزی نالەیی دڵ، لە رازی بولبول و گوڵ*
*کە بێ‌مرادم، کز و کەسادم*
*لە بێ‌وەفایی بەهار، لە هیجری چاوی خومار*
کزەی هەناسەی رەشم،

www.mamle.net

Mamle Art Center



سریشکی سوور و گەشم
لە بێوەفایی فەلەک، ئەوانە بوونە بەشم
عەزیزی مالم، شەهیدی خالم
قەسەم بە خەندەیی رووت، دلم غەمگینە لە دووت
فیغانی عیشقم، خەو و خەیالم،
قەسەم بە جەور و جەفات، قەسەم بە عیشق و وەفات
کەسێک هەیە لە جیهان، لە عیشق و رازی نیهان
بزانێ حالی دلم، لە شین و داد و فوغان
ئەسیری داوم، بە دل سووتاوم
فوغان و شینە بەشم، ببینە بەختی رەشم
چییە گوناهم کە بێپەناهم، فەلەک کز و بەتەمە،
لە ئێشی جەرگی رەشم

### پێم بلێ مەزەدار

چ خودا بەرداره غەرقم کەی لە غەم
روحمی خێرت بێ یان زۆر و یان کەم
پێم بلێ مەزەدار، تۆ بۆچی دەگری
ئەو جووتە سێوەت بۆ کێ هەلدەگری؟
مالێک باری کرد کەس نەیگێڕاوە
بۆخۆم دانیشتم، دلخۆشیم داوە
پێم بلێ مەزەدار، تۆ بۆچی دەگری
ئەو جووتە سێوەت بۆ کێ هەلدەگری؟
یا جوابێک بە خێر یا دلنیام کە
بەس لەوەی زیاتر شێت و شەیدام کە
بەس موحتاجی شێخ و مەلام کە
پێم بلێ مەزەدار، تۆ بۆچی دەگری
ئەو جووتە سێوەت بۆ کێ هەلدەگری؟

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



لە وڵاتی خۆمان کێویک دیارە
بە قەد ئەو کێوە غەم لە دڵم بارە
*پێم بڵێ مەزەدار، تۆ بۆچی دەگری*
*ئەو جووتە سێوەت بۆ کێ هەڵدەگری؟*
ماڵ لە مەریوان دڵ لە دەرویشان
مردن خۆشترە لە ئاخ هەڵکێشان
*پێم بڵێ مەزەدار، تۆ بۆچی دەگری*
*ئەو جووتە سێوەت بۆ کێ هەڵدەگری؟*
بڵێ بە دایکی چاوانی کوێر بێ
بۆ ماڵی دنیا گوڵ نەفەوتێنێ
*پێم بڵێ مەزەدار، تۆ بۆچی دەگری*
*ئەو جووتە سێوەت بۆ کێ هەڵدەگری؟*

## پێی بڵێ بە زارا

چ خودا بەرداره غەرقم کەی لە غەم (٢)
روحمی خێرت بێ یان زۆر و یان کەم (٢)
*پێی بڵێ بە زارا، تۆ بۆچی دەگری (٢)*
*ئەو جووتە سێوە بۆ کێ هەڵدەگری (٢)*
رەنگم زەعفەران، بەختم قەترانە (٢)
سەلامی ناردبووت، جێژنی قوربانە (٢)
*پێی بڵێ بە زارا، تۆ بۆچی دەگری (٢)*
*ئەو جووتە سێوە بۆ کێ هەڵدەگری (٢)*
ماڵێک باری کرد، کەس نەیگێڕاوە (٢)
جا بۆ خۆم دانیشتم دڵخۆشیم داوە (٢)
*پێی بڵێ بە زارا، تۆ بۆچی دەگری (٢)*
*ئەو جووتە سێوە بۆ کێ هەڵدەگری (٢)*
یا جوابێک بە خێر یان دڵنیام کە (٢)

www.mamle.net

Mamle Art Center



بەس لەوەی زیاتر شێت و شەیدام کە (٢)
*پێی بڵێ بە زارا، تۆ بۆچی دەگری (٢)*
*ئەو جووتە سێوە بۆ کێ هەڵدەگری (٢)*
لە وڵاتی خۆمان کێویک دیارە (٢)
بەقەد ئەو کێوە غەم لە دڵم بارە (٢)
جا خودا دەیزانێ دڵ دەردەدارە (٢)
*پێی بڵێ بە زارا، تۆ بۆچی دەگری (٢)*
*ئەو جووتە سێوە بۆ کێ هەڵدەگری (٢)*
ماڵ لە مەریوان، دڵ لە دەرویشان
مردن خۆشترە، لە ئاخ هەڵکێشان
*پێی بڵێ بە زارا، تۆ بۆچی دەگری (٢)*
*ئەو جووتە سێوە بۆ کێ هەڵدەگری (٢)*
جا بڵێ بە دایکی سەری دە قور نێ (٢)
بۆ ماڵی دنیا گوڵ دەفەوتێنێ (٢)
*پێی بڵێ بە زارا، تۆ بۆچی دەگری (٢)*
*ئەو جووتە سێوە بۆ کێ هەڵدەگری (٢)*

## تا بەکەی؟

تا بەکەی دوور لە چاوی لەیلا بم
دوور لە ئاوایی شێت و شەیدا بم (٢)
مەست و ریسوا لە کێو و سەحرا
دوور لە یاران دە بەحری غەمدا بم (٢)
روحەکەم دوور لە یارانم
دوور لە گۆوەندی چاوخومارانم (٢)
بولبوم جێ‌هەواری من باغە
دەچمەوە جێ هەواری جارانم
روحەکەم نەونەمامی گوڵزارم،

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



بۆ ویسالت بە دڵ فیداکارم (٢)
ڕۆژ و شەو شین و زارییە کارم
بۆ فەلەک ڕۆیی دەنگی هاوارم (٢)
هات بەهاری، بەهاری ڕەنگینم،
پەرچەمت لادە گیانە بتبینم (٢)
بەسیە تا کەی جەفا گوڵی سوورم
زۆر پەشۆکاوە قەلبی غەمگینم (٢)

## تاکەی چاوەڕێی یاران بم

**قەتار**

تاکەی وەک مەجنوون وێڵی هەردان بم
تا کەی غەمزەدەی باری هیجران بم
باقەی دەستەگوڵ زاری و دڵگیریم
پەی پەی زیاد کرد پەژارەی پیریم
کوورەی دەروونم بەتاو جۆشی گرت
فرمێسکی چاوم زوو خامۆشی کرد
سەیرم مەحاڵەن سەفام بەتاڵەن
بۆ دووری یارێ ئەسرینم ئاڵەن
من لە خێڵخانەی میحنەت پاماڵم
دەخیل بۆ دۆستێ پرسێ ئەحواڵم
تاکەی چاوەڕێی یاران بم، غەریبم لە شارانم (٢)
تاکەی غەم هەڵکێشی وان بم، چاو بە گریە و گریانم (٢)
گەر نەمدیتیوە عازیزم برۆ بۆخۆت سلامەت (٢)
دەیدنی یاران عازیزە گیانە کەوتە قیامەت (٢)
دڵ زەلیل بی بۆ لە کوڵی وەرە بگرە سامانێ (٢)
زووخاوم لە دڵی هەڵقوڵی گرووی گرتوە بۆ جوانێ (٢)
وێڵم بە دوای دەردی دڵم، غەریبم لە شارانم (٢)

www.mamle.net

Mamle Art Center



دەس بە سینە لارەملم، چاو بەگریە و گریانم (٢)
دلم دەریای بێپایان بێ، هەر ئاخ هەلکێشی تۆمە (٢)
جێگای خواز و کانەبیان بێ یەکجار پەژارەی تۆمە (٢)

### تەحا لەو ریزە خالانە

گوڵ پەیدا بوون لە موکریان،
خونچە پشکووت بە بای زریان
بەعزیک عاش بۆی دەگریان
*بۆ من چاکە ئەو چاوانە*
*تەحا لەو ریزە خالانە*
زولفت بەریز بەردانەوە
بە بای عیشوە دەخولانەوە
کۆنە برینم دەکولانەوە
*بۆ من چاکە ئەو چاوانە*
*تەحا لەو ریزە خالانە*
سوێندم خواردووە بە پەرچەمی
تا دەم نەنێمە ناو دەمی
نەبم بە شەریکی غەمی
*بۆ من چاکە ئەو چاوانە*
*تەحا لەو ریزە خالانە*
گوڵ وریحانەم دەسک دەکرد
لە کن کولمی یارێم راگرت
هاواریان کرد ئابرووی مەت برد
*بۆ من چاکە ئەو چاوانە*
*تەحا لەو ریزە خالانە*
وەک بولبولان فەسلی بەهار
شەو و رۆژ و لەیل و نەهار

www.mamle.net

Mamle Art Center



دەناڵێنم بۆ وەسلی یار
*بۆ من چاکە ئەو چاوانە*
*تەحا لەو ریزە خاڵانە*

**تەنکە**

کفنەکەم ببڕن بە مەودای مقەست
شەرت بێ مەیلەکەت (گیانە) بەرنەدەم لە دەست (٢)
*من وای تەنکە وای تەنکە شیرازی*
*سەرپەنجەی سوور کرد گیانە) بۆ پەنجەبازی*
*بە ماڵی دنیا (گیانە) بۆم نابێ رازی*
ـ چاوم پڕخوێنە دەکوڵێ هەناوم
چەندە بێڕوحمی (گیانە) من بۆت نەماوم
چەندە بێڕوحمی (گیانە) من بۆت سووتاوم
*من وای تەنکە وای تەنکەی ماڵویران*
*یا بە دۆستم بە (گیانە) یا بە دەزگیران*

**قەتار**

قەت لە دنیادا نەبوو بێجگە لە ناخۆشی بەشم
مات و داماو و پەشێو و بێکەس و چارەڕەشم
سەردەمێک ئاوارە بووم و موددەتێکیش دەربەدەر
ئەمدی رووی ئاسوودەیی هەر تووشی گێرە و قەرقەشم «هێمن»
بیکە بە خاتری حەزرەتی داود
خۆ من شێتی تۆم (گیانە) سووتام لە تاوت
خۆ من گاور نیم (گیانە) کەوتوومە داوت
*من وای تەنکە وای تەنکەی ماڵویران*
*یا بە دۆستم بە (گیانە) یا بە دەزگیران*
ـ وەبیرت نایە شەوانی شادی

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



لە ڕێگای تۆدا (تەنکە) چەندم جەفا دی (٢)
*من وای تەنکە وای تەنکەی ماڵویران*
*یا بە دۆستم بە (گیانە) یا بە دەزگیران*

## تۆبە تۆبە

قوربانت بم چاکی پیرێ
جا گەڕەکی مە بە قوڕێ گیرێ
شەیتان زۆرە دۆست ناگیرێ
*تۆبە تۆبە، تۆبە تۆبە، تۆبەی مەرگمە*
*یاری من زۆر جوانە، کزەی جەرگمە (٢)*
نە مەجنوون و نە فەرهادم
زەحمەتکێش و رەنجبەبادم
رەبی حاسڵ بێ مرادم
*تۆبە تۆبە، تۆبە تۆبە، تۆبەی مەرگمە*
*یاری من زۆر جوانە، کزەی جەرگمە (٢)*
گوڵ پەیدا بوون لە موکریان
خونچە پشکووت بە بای زریان
هێندیک عاشق بۆی دەگریان
*تۆبە تۆبە، تۆبە تۆبە، تۆبەی مەرگمە*
*یاری من زۆر جوانە، کزەی جەرگمە (٢)*
لە سابلاغێ وەدەر کەوتم
لە گوڵەزەردان وەسەر کەوتم
وەدوای کۆچی لەیلام کەوتم
*تۆبە تۆبە، تۆبە تۆبە، تۆبەی مەرگمە*
*یاری من زۆر جوانە، کزەی جەرگمە (٢)*
چاوم بە چاوە بازەکەت
لێوم بە لێوە ئاڵەکەت

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



ماچ کەم ژێرتۆی دەسماڵەکەت
*تۆبە تۆبە، تۆبە تۆبە، تۆبەی مەرگمە*
*یاری من زۆر جوانە، کزەی جەرگمە (٢)*
لە مزگەوتێ نوێژم دەکرد
یەکێک لە ناکاو بانگی کرد
خانەخەراپ لەیلایان برد
*تۆبە تۆبە، تۆبە تۆبە، تۆبەی مەرگمە*
*یاری من زۆر جوانە، کزەی جەرگمە (٢)*
ریحان قەزات لە پردیکم
هەر ساتەی تووشی دەردیکم
موبتەلای دەسماڵ زەردیکم
*تۆبە تۆبە، تۆبە تۆبە، تۆبەی مەرگمە*
*یاری من زۆر جوانە، کزەی جەرگمە*
*ئەرێ یاری من لێم زیزە، کزەی جەرگمە*
چاوم لێ مەکە کوێر دەبی
هەرزەکاری بێ خێر دەبی
ماچت نادەمێ فێر دەبی
*تۆبە تۆبە، تۆبە تۆبە، تۆبەی مەرگمە*
*یاری من زۆر جوانە، کزەی جەرگمە*
*ئەرێ یاری من لێم زیزە، کزەی جەرگمە*
سی و مراوی دەپۆڕن
بەسەر بەحراندا دەنۆڕن
کیژی ئەم ئەسرەی کەمشەرتن
*تۆبە تۆبە، تۆبە تۆبە، تۆبەی مەرگمە*
*یاری من زۆر جوانە، کزەی جەرگمە*
*ئەرێ یاری من لێم زیزە، کزەی جەرگمە*
کەسری نەیەتە سەر شانم

www.mamle.net

Mamle Art Center



لێم نەتۆرێ پەری خانم
نازی وی ئەمن دەیتوانم
*تۆبە تۆبە، تۆبە تۆبە، تۆبەی مەرگمە*
*یاری من زۆر جوانە، کزەی جەرگمە*
*ئەرێ یاری من لێم زیزە، کزەی جەرگمە*
چاو دەگێرِم دیار نیە لەیلم
هەڵبەت کۆنی کردوە مەیلم
عاشقی ئەستێرەی سیوەیلم
*تۆبە تۆبە، تۆبە تۆبە، تۆبەی مەرگمە*
*یاری من زۆر جوانە، کزەی جەرگمە*
*ئەرێ یاری من لێم زیزە، کزەی جەرگمە*
کەس نازانێ بە کێ دەلێم
ئاشقی شەمامەی باغەلێم
سوێندیان داوم راستی نالێم
*تۆبە تۆبە، تۆبە تۆبە، تۆبەی مەرگمە*
*یاری من زۆر جوانە، کزەی جەرگمە*
*ئەرێ یاری من لێم زیزە، کزەی جەرگمە*
قەت سارێژ نابێ برینم
دەرژێ فرمێسکی خوێنینم
تۆ رەبی مەرگت نەبینم
*تۆبە تۆبە، تۆبە تۆبە، تۆبەی مەرگمە*
*یاری من زۆر جوانە، کزەی جەرگمە (٢)*
شەماڵ وەرە کزەی جەرگم
خواردنم خوێناو پەلاس بەرگم
لە دوای بالات جوانەمەرگم
*تۆبە تۆبە، تۆبە تۆبە، تۆبەی مەرگمە*
*یاری من زۆر جوانە، کزەی جەرگمە (٢)*

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



خۆزگەم بە دوێنێ پارشێوێ
ویکڕا نوستبووین بە چارشێوێ
لێکیان کردین ماڵیان شێوێ
*تۆبە تۆبە، تۆبە تۆبە، تۆبەی مەرگمە*
*یاری من زۆر جوانە، کزەی جەرگمە (٢)*

**بەملار و لاری**

ئەگەر حەز دەکەی قیامەتت بێ
دڵەکەی من لەکنت (جوان گیان) ئامانەتت بێ (٢)
بەملار و لای، بەم لار و لەنجە
خۆ من چم نەگوت (جوانێ گیان) بۆ دڵەکەت ڕەنجا (٢)
دەشتی پشت قەڵا ڕازاوە بە گوڵ
عارەق دەڕێژم (عەزیزەکەم) زەنگوڵ بە زەنگوڵ
هەر تۆم خۆش دەوێ (جوانێ گیان) بە گیان و بە دڵ
بەملار و لای، بەم لار و لەنجە
خۆ من چم نەگوت (جوانێ گیان) بۆ دڵەکەت ڕەنجا (٢)
ئەوشۆ لە بەختم مانگەشەو تارە
هەر جێیەک دەچم (جوانێ گیان) سایەم دیارە
کفنەکەم ببڕن (جوانێ گیان) لە کراسی زارا
بەملار و لای، بەم لار و لەنجە
خۆ من چم نەگوت (جوانێ گیان) بۆ دڵەکەت ڕەنجا (٢)

**تۆبە تۆبە**

قوربانت بم ئەی حەبیبم
تۆ برینداری من تەبیبم
خودا بتکا بە نەسیبم
*تۆبە تۆبە، تۆبە تۆبە، تۆبەی مەرگمە*

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center

**٢٥٦/ یادی بەخێر**

*یاری من زۆر جوانە، کزەی جەرگمە (٢)*
مارانگاز بووم ترسام لە حەی
لەناکاو دەستم برد بۆ بەی
باغەوان گازی کرد نەیکەی
*تۆبە تۆبە، تۆبە تۆبە، تۆبەی مەرگمە*
*یاری من زۆر جوانە، کزەی جەرگمە (٢)*
قەسەم بە سوورەتی عەممە
دایمە دڵەکەم پڕ لە غەمە
نایەڵێ ماچ کەم ئەو دەمە
*تۆبە تۆبە، تۆبە تۆبە، تۆبەی مەرگمە*
*یاری من زۆر جوانە، کزەی جەرگمە (٢)*
ماڵی ویران کردم چاوی
دیوانەم بۆ زولفی خاوی
ئەمنی مەجنوون کەوتمە داوی
*تۆبە تۆبە، تۆبە تۆبە، تۆبەی مەرگمە*
*یاری من زۆر جوانە، کزەی جەرگمە (٢)*
وەفاداران بە رەحمەت بن
بێوەفایان بە لەعنەت بن
هەتا سەر یاری کەس نابن
*تۆبە تۆبە، تۆبە تۆبە، تۆبەی مەرگمە*
*یاری من زۆر جوانە، کزەی جەرگمە (٢)*

**تۆز دەکا**

تۆز دەکا تۆز دەکا، تۆزی نەرمە تۆز دەکا (٢)
ئەگەر دەچێ بۆ ڕێی کانی، ڕێگام لێ ئاڵۆز دەکا (٢)
ئەرێ لۆکە و کێش و مارو لە بەژنی باریک جوانە
ئیشارەی کرد بە چاوان بە داوی عاشقانە

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



ئەو دولبەرە بۆ من نیێ، بەشم بەخۆدا دانە
تەماشای کاری خودای سەنعەتەکەی چەند جوانە
تۆز دەکا تۆز دەکا، تۆزی نەرمە تۆز دەکا (٢)
ئەگەر دەچێ بۆ ڕێی کانی، ڕێگام لێ ئاڵۆز دەکا (٢)
لە گۆشەی چوارچرایە بمکوژن هەی بە تیران
بە خەنجەر لەت لەتم کەن بەوی ناو و بە شیران
هەڵیدەگرم و دەڕۆم ئیعدامم کەن وەزیران
تۆز دەکا تۆز دەکا، تۆزی نەرمە تۆز دەکا (٢)
ئەگەر دەچێ بۆ ڕێی کانی، ڕێگام لێ ئاڵۆز دەکا (٢)
وەرە وەرە ئایشێ گوڵ، بۆ تۆ نەمام سوورەگوڵ
هەرکەس جارێک بتبینێ مرادی دەبێ حاسڵ
دەترسم لێرە بمرم.. ئاو گڵ

## جار جارە دیدەم زارا

گریان لە هەور فێر بوو، پێکەنین لە وەنەوشە
تێکچوونی دەگەڵ یارێ، ئاشت بوونەوەی زۆر خوشە
جار جارە دیدەم زارا بەم ئێوارە شەدەی لارە
گرووی لێ گرتووم زارا
دەڵێ دەگەڵت نایەم. بۆم نەکڕی گوڵ و گوارە
لەسەر باڵای لەیلایە، بووم بە پەندی دنیایە
لەبەر گریان و زاری شەو و ڕۆژم خەو نایە
زولفت رەشە ریحانە سنگت کارگی کەمایە
خۆمنیش وەکوو مەجنوونی نەماوم بۆ لەیلایە
جار جارە دیدەم زارا بەم ئێوارە شەدەی لارە
گرووی لێ گرتووم زارا
دەڵێ دەگەڵت نایەم. بۆم نەکڕی گوڵ و گوارە
خزمینە لۆمەم مەکەن تازەم گرتووە ئەو یارە (٢)

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



لە بەژنێ باریک جوانە (وەی) گوڵ و گوارە و قەتارە
غەمی دنیایە لە من و لەو دڵەی هەژارم بارە
جار جارە دیدەم زارا بەم ئێوارە شەدەی لارە
گرووی لێ گرتووم زارا
دەڵێ دەگەڵت نایەم. بۆم نەکڕی گوڵ و گوارە
فەسڵێکی زۆر دڵگیرە نێوان مانگی بەهاران
کوێستان دەڕازێنەوە خێڵ هەڵدەکشێن بۆ بناران
دوو شت یەکجار زۆر خۆشە بۆ سێبووری دڵداران
گەڕەلاوژەی شەوانە، هەڵپەڕینی ئێواران
جار جارە دیدەم زارا بەم ئێوارە شەدەی لارە
گرووی لێ گرتووم زارا
دەڵێ دەگەڵت نایەم. بۆم نەکڕی گوڵ و گوارە
نێوان مانگی بەهاران وەختی خێڵ بەرەوژووران
لە هاڕەی ئاوهەڵدێران کوێستانی سەر سنووران
ورشەی بازنە و پاوانە خرمەی گوارە و بەرمووران
قاقای کیژە ئێلاتیان لە نێو گوڵاڵە سووران
جار جارە دیدەم زارا بەم ئێوارە شەدەی لارە
گرووی لێ گرتووم زارا
دەڵێ دەگەڵت نایەم. بۆم نەکڕی گوڵ و گوارە
عەمر و چاوەکەم یارە زێڕی هەژدە عەیارە
گەلی دۆست و برادەران تەگبیر بکەن لەو کارە
بابی زیندانی کردوە دەورەی سیمی خاردارە
ناوێرێ بێتە ژوانێ پۆست و قەراوڵ دیارە
جار جارە دیدەم زارا بەم ئێوارە شەدەی لارە
گرووی لێ گرتووم زارا
دەڵێ دەگەڵت نایەم. بۆم نەکڕی گوڵ و گوارە

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



### جەلسە

لەنگۆ یار پەیدا نابێ. پەیدا بێ وەفای نابێ
سەد ساڵ غونچە پشکوێ بێ بولبول بەهار نابێ
چ بکەم دڵ گرتوویەتی بە کەس تەوەڵلا نابێ
ئاخ جەلسە، جەلسەی کاری سەقزی، دێمە ژوانێ بە دزی
مێردەکەی نابەدڵ کرد، بەو مەلعوونەی راپزی
ئاخ ماڵی بابم حەلیمێ، ناسکۆلەی نازەنینێ
دەردێکی وای داومەتێ کافر حاڵم نەبینێ
وەختە سەرپەنجەم شین کەم، هەڵێم بۆ فەلەستینێ
داخ جەلسە، جەلسەی کاری تارانێ، تەڕ نابێ بە بارانێ
هەڵیدا نەشمیلانێ،
چوون لەسەرم واجب بوو، وەک رۆژووی رەمەزانێ
توخودا دڵم مەشکێنە تاوێک وەرە باوەشم
بەژنێ باریک لێم زیزە، دەتکێ فرمێسکی گەشم
لە دنیا خۆشیم نەدی، بەدبەخت و چارەڕەشم
لەقیامەتێ نازانم لەو دنیایەی بێبەشم
ئاخ جەلسە، جەلسەی کاری میاندواوێ
خۆ تەڕ نابێ بە ئاوێ
سێبەر لە من حەرام بێ با بسووتێم لەبەر تاوێ
شەدەی بەستوە بێریانی. دەسرۆکەی کرد خێلەکی
ناوێرم ناوی بێنم لەبەر زوبانی خەلکی
سابلاخم با دەمفرۆشت بۆ گوڵ و گوارە و کرمەکی
ساز بە بۆ باب‌هەیدەری گەییە زینوێ شەبەکی
ئاخ جەلسە، جەلسەی کاری تارانێ، تەڕ نابێ بە بارانێ
هەڵیدا نەشمیلانێ
چون لەسەرم واجب بوو، وەک رۆژووی رەمەزانێ
چاوی ئەستێرەی رۆژێ لەگەڵ مانگی دەگەڕێ

www.mamle.net

Mamle Art Center



بریننانم دەرمان کە بە دەستی نیلووفەڕێ
داوای ماچێکم لێ کرد هات دەگەڵم بە شەڕێ
روحم تەیریکی زیزە رەبی دەسەرت گەڕێ
ئاخ جەلسە، جەلسەی کاری سەقزی، دیمە ژوانێ بە دزی
مێردەکەی نابەدڵ کرد، بەو مەلعوونەی راپزی

**جوابێکم دەوە بە بوون و نەبوون**

ئەوشۆکە دیسان (گیانە) دەروون پڕ خەمەن (٢)
کاروانی خەمان (گیانە) لە لامان جەمەن (٢)
جوابێکم دەوە گیانە بە بوون و نەبوون
بێچارەی کردووم گیانە گوزەشتەی گەردوون
بێچارەی کردووم گیانە رابردووی گەردوون
لەتاو دووری تۆ (گیانە) دڵ بێقەرارن (٢)
بینایی دیدەم (گیانە) لە خەفەت تارەن (٢)

**قەتار**

باربەستەی سەفەر رێگام زۆر دوورەن
مەنزڵ بێپایان تۆشە زەروورەن
پایەت بڵیند بێ سایەت فراوان
ئەوە تۆ دەڕۆی پات وەبان چاوان
وەرە هاوارم لەیلا گشت کەسم
مەیەڵە بەربێ دەستت لە دەسم
چەند وەختە دڵم (گیانە) غەمگینی لەیلەن (٢)
وا دیارە لەیلام (گیانە) بێڕوحم و مەیلەن (٢)
جوابێکم دەوە گیانە بە بوون و نەبوون
بێچارەی کردووم گیانە گوزەشتەی گەردوون

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



## چ بکەم نیمە چارە

(ئەرێ) خۆ من نازداری (گیانە) خاقانی چینم (٢)
(ئەرێ) ئیستا ئەسیری (گیانە) سەرڕووی زەمینم (٢)
ئاخ چیبکەم نیمە چارە، دڵ ئاشقە و بێقەرارە
یاری خۆمە و لێم بێزارە
ئەرێ لە تۆ مەعلووم بێ (گیانە) روحی رەوانم (٢)
ئەرێ من شەرمەزاری گیانە ئاخر زەمانم (٢)
ئاخ چیبکەم نیمە چارە، دڵ ئاشقە و بێقەرارە
یاری خۆمە و لێم بێزارە
ئەرێ گەورەییت کردوە جوانێ لەگەڵم گیانە (٢)
ئەرێ دەیدەی لە جەرگم گیانە سەت تیر و تانە (٢)
ئاخ چیبکەم نیمە چارە، دڵ ئاشقە و بێقەرارە
یاری خۆمە و لێم بێزارە
ئەرێ نازانم بۆچی گیانە قین و قارتە (٢)
ئەرێ یان دڵ رەنجاندن گیانە شێوەی کارتە (٢)
ئاخ چیبکەم نیمە چارە، دڵ ئاشقە و بێقەرارە
یاری خۆمە و لێم بێزارە
ئەرێ یا تۆ عادەتتە گیانە بۆ جەفا کردن (٢)
ئەرێ عاشقان دەخەیە گیانە ئاکامی مردن (٢)
ئاخ چیبکەم نیمە چارە، دڵ ئاشقە و بێقەرارە
یاری خۆمە و لێم بێزارە

## چ بلێم و چ بکەم

نە خودا دەمداتێ (عەزیزەکەم) مەرگێ بە هاسان (٢)
نە دڵ لە لای تۆ (عەزیزەکەم) دەبێ هەراسان (٢)
چ بلێم و چ بکەم، بۆچی فوغان بۆچی هەرا کەم (٢)
چی دی هەیە دنیا، تەمەننا لە خودا کەم (٢)

www.mamle.net

Mamle Art Center



مەیلی تۆ قەت قەت (عەزیزەکەم) دەرناکەم لە دڵ (٢)
مەگەر ئەو ڕۆژەی (عەزیزەکەم) بمخەنە ناو گڵ (٢)
چ بڵێم و چ بکەم، بۆچی فوغان بۆچی هەرا کەم (٢)
چی دی هەیە دنیا، تەمەننا لە خودا کەم (٢)
وەختێ بێیار بووی (عەزیزەکەم) هەر منت یار بووم (٢)
هەر من دڵسۆز و (عەزیزەکەم) وا غەمخوارت بووم (٢)
چ بڵێم و چ بکەم، بۆچی فوغان بۆچی هەرا کەم (٢)
چی دی هەیە دنیا، تەمەننا لە خودا کەم (٢)

**چ بڵێم و چ بکەم**

خۆمن پاشی تۆ (عەزیزەکەم) غەریب و هەژار (٢)
لە سوێی باڵاکەت (عەزیزەکەم) بوومە دەردەدار (٢)
چ بڵێم و چ بکەم، بۆچی فوغان بۆچی هەرا کەم (٢)
چی دی هەیە دنیا، تەمەننا لە خودا کەم (٢)

**قەتار**

مەمکە بە خاڵۆی خاون خاڵان
دڵم زیڕێکە نایدەم بە تاڵان
نەمداوە بە کەس هێشتا ساوایە
تازە خاڵێکی ئی تۆی تێدایە
پێم ئەڵەی خاڵۆ گۆیا من پیرم
ژاراوی نەشتەر ئەدەی لە بیرم
من نە خاڵۆم و نە خاڵۆ منم
دیوانەی خاڵی گۆنا و گەردنم
وەختێ بێیار بووی (عەزیزەکەم) هەر منت یار بووم (٢)
هەر من دڵسۆز و (عەزیزەکەم) وا غمخوارت بووم (٢)
چ بڵێم و چ بکەم، بۆچی فوغان بۆچی هەرا کەم (٢)

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

چی دی هەیە دنیا، تەمەننا لە خودا کەم (۲)

## چاوئەستێرە

چاو ئەستێرەی نیوەشەوێ
دڵ موبتەلایە تۆی دەوێ (ئاخ سوورە گوڵ وای)
بە ئارەزووی تۆوە دەژیم
خەو لە چاوانم ناکەوێ (ئاخ سوورەگوڵ وای)
لە دنیایە تا بمێنم، زنجیری کۆیلەت ناپسێنم
سوورەگوڵم بە تەنیایە (۲)
چاوئەستێرەی بەیانی
بمکوژە تاکوو دەتوانی (ئاخ سوورە گوڵ وای)
دەبڕۆ تازە یارت نابم
چونکە دڵداری نازانی (ئاخ سوورە گوڵ وای)
لە دنیایە تا بمێنم، زنجیری کۆیلەت ناپسێنم
سوورەگوڵم بە تەنیایە (۲)
چاو ئەستێرەی بەیانە
رێگام هەوراز و تەلانە (ئاخ سوورە گوڵ وای)
دووربوونت لە منی ماڵوێران
سەرباری هەموو دەردانە (ئاخ سوورە گوڵ وای)
لە دنیایە تا بمێنم، زنجیری کۆیلەت ناپسێنم
سوورەگوڵم بە تەنیایە (۲)
چاو ئەستێرەی بەربلاوم
لەسوێت نەماوە هەناوم (ئاخ سوورە گوڵ وای)
بێت و رۆژێکی نەتبینم
وا بزانە من لێقەوماوم (ئاخ سوورە گوڵ وای)
لە دنیایە تا بمێنم، زنجیری کۆیلەت ناپسێنم
سوورەگوڵم بە تەنیایە (۲)

www.mamle.net

Mamle Art Center



**چاو جوانێ خۆم رێم نییە برۆم**

حەسارەکەی دارەسێو تێدا (٢)
گەرنی چاوجوانێم قەتارەی تێدا
چاوجوانێ خۆم، رێم نییە برۆم (٢)
ئەوە کە دەڕۆی خۆت و دەڵەکەت (٢)
ئامانەتت بێ تاقەگوڵەکەت
چاوجوانێ خۆم، رێم نییە برۆم (٢)
هەناسەی ساردم دە ماڵێو گەڕێ (٢)
ئەو شادیەی کردت لێت وەشین گەڕێ
چاوجوانێ خۆم، رێم نییە برۆم (٢)
هەتا مەیلت بوو بە مەیلت ژیام (٢)
هێستا کەم مەیلی خۆ منیش دڵنیام
چاوجوانێ خۆم، رێم نییە برۆم (٢)

**چاوەڕش**

وەرە مەشکێنە دڵ،چاو ڕەش بۆت دەناڵم
شێت و شەیدای چاو کاڵم
سەرمەستم من گیانە، شووشەی دڵەکەم شکاوە
بێ تۆ بیمار و بێ حاڵم ئەوشۆ،
بێ تۆ بیمار و عەوداڵم ئەوشۆ
غەمزەی چاوی بازت کوشتوومی ئەوشۆ
لارەی مەمکۆڵانت کوشتوومی ئەوشۆ
سەرمەستم من گیانە شووشەی دڵەکەم شکاوە
بێ تۆ بیمار و بێ حاڵم ئەوشۆ،
بێ تۆ بیمار و عەوداڵم ئەوشۆ
ساقی بۆم تێکە شەڕابی حەوت ساڵە

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



بیخۆم بە سلامەتی ئەو چاو کەژاڵە
لە دڵی شکاوی من، دەنگی سێ تاری من
خرمەی بازنەی یارم دێ
سەرمەستم من گیانە شووشەی دڵەکەم شکاوە
بێ‌تۆ بیمار و بێ‌حاڵم ئەوشۆ،
بێ‌تۆ بیمار و عەودالم ئەوشۆ

## چاورەشەی کارمامزم

ئەرێ لە خودام تەڵەبە بە گوڵی ژاڵە بی (٢)
ئەرێ دایمە لە سونعی چاردە ساڵە بی
چاورەشەی کارمامزم، من لە عیشقی تۆ کزم، دولبەرەی چاومەست
بێنە کوڵمت هەڵمژم، من لە دووری تۆ دژم، دولبەرەی چاومەست
گیانە دوو چاوی بازت زۆر زۆر جەلابن (٢)
تۆخودا پێیان بفەرموو نەدەن عەزابم
چاورەشەی کارمامزم، من لە عیشقی تۆ کزم، دولبەرەی چاومەست
بێنە کوڵمت هەڵمژم، من لە دووری تۆ دژم، دولبەرەی چاومەست
گیانە تاکوو مەیلت بوو، بە مەیلت ژیام (٢)
ئەرێ هێستا کەم‌مەیلی خۆ منیش دڵنیام
چاورەشەی کارمامزم، من لە عیشقی تۆ کزم، دولبەرەی چاومەست
بێنە کوڵمت هەڵمژم، من لە دووری تۆ دژم، دولبەرەی چاومەست
گیانە تاکوو مەیلت بوو بە مەیلم کردی (٢)
دەبڕۆ ئێستا بێ‌مەیلی وەمزانی مردی
چاورەشەی کارمامزم، من لە عیشقی تۆ کزم، دولبەرەی چاومەست
بێنە کوڵمت هەڵمژم، من لە دووری تۆ دژم، دولبەرەی چاومەست
ئەرێ ئەو ئێوارەکەی مانگای دەدۆشی (٢)
ئەرێ پێم گوت بۆ ماچێک رووی خۆی داپۆشی
چاورەشەی کارمامزم، من لە عیشقی تۆ کزم، دولبەرەی چاومەست

www.mamle.net

Mamle Art Center



بێنە کوڵمت هەڵمژم، من لە دووری تۆ دژم، دولبەرەی چاومەست
ئەریَ قورعانێک بێنە دەستی پێدادەم (٢)
گیانە تاکوو رووی مردن دڵ بە کەس نادەم
چاوڕەشەی کارمامزم، من لە عیشقی تۆ کزم، دولبەرەی چاومەست
بێنە کوڵمت هەڵمژم، من لە دووری تۆ دژم، دولبەرەی چاومەست
ئەریَ ئەو ئێوارەکەی مانگای دەلاوان (٢)
گیانە پێم گوت بۆ ماچێک فەرمووی بە چاوان
چاوڕەشەی کارمامزم، من لە عیشقی تۆ کزم، دولبەرەی چاومەست
بێنە کوڵمت هەڵمژم، من لە دووری تۆ دژم، دولبەرەی چاومەست

## چاومەستی ئەریَ چاومەستی

چاومەستی ئەریَ چاومەستی لە شەوڕاویَ تەڕدەستی (٢)
قۆڵی نا ژێر سەرینم، لێی دەشکا بازنەی دەستی
دەردی گرانم دولبەرە، حوکمی سەختم لە سەرە
دوێنیَ قەبزێکی ناردبوو، فەرمووی قەرزت لەسەرە
ماڵە بابم بیَڕوحمی، سەودامان سەربەسەرە
چ دە خۆمدا شک نابەم فەرموو ئیمانم بەرە
چاومەستی ئەریَ چاومەستی لە شەوڕاویَ تەڕدەستی (٢)
قۆڵی نا ژێر سەرینم، لێی دەشکا بازنەی دەستی
ئەریَ راوەستا لە سەر بیریَ لەبەر دەسماڵ حەریریَ (٢)
چەندم خۆ مەجبوور دەکرد، دەستم بۆ هەڵناگیریَ
چاومەستی ئەریَ چاومەستی لە شەوڕاویَ تەڕدەستی (٢)
قۆڵی نا ژێر سەرینم، لێی دەشکا بازنەی دەستی
سەریکە مەستی نازت، دڵێکە بۆت نەماوە
دڵم حەقی بە دەستە فتوای سەری دراوە
حەوت ساڵان یاری خۆم بووی بۆچی نەتکرد ماڵئاوا
چاومەستی ئەریَ چاومەستی لە شەوڕاویَ تەڕدەستی (٢)

www.mamle.net

Mamle Art Center



قۆڵی نا ژێر سەرینم، لێی دەشکا بازنەی دەستی

### چاوەکەم وەی عەمرەکەم

ئەرێ بەسم بکوژە جوانێ گیان، بە تیری غەمزە
ئەرێ غەمزەکەت ئەندامی (جوانێ گیان) هێناومە لەرزە
چاوەکەم عەمرەکەم مەسلەحەتێکە و پێت دەکەم
ئەگەر بێتو رازی بی، لەو بەندەت رزگار دەکەم
ئەرێ بە قسەت نەکردم، (ئەی هاوار) خێرێ نەبینی
(ئەرێ) رەببی نەکەوی (جوانێ گیان) سەر خوانی زینی
چاوەکەم عەمرەکەم مەسلەحەتێکە و پێت دەکەم
ئەگەر بێتو رازی بی، لەو بەندەت رزگار دەکەم
ئەرێ هێشووی مرواری گەردنی بەرزی
(ئەرێ) بە بای غرووری (جوانێ گیان) شۆخێ دەلەرزی
چاوەکەم عەمرەکەم مەسلەحەتێکە و پێت دەکەم
ئەگەر بێتو رازی بی، لەو بەندەت رزگار دەکەم
ئەرێ خودایە هەلکەی (ئەی هاوار) کزەی شەماڵی
(ئەرێ) هەوای ژەنگی غەم (ئەی هاوار) لە دڵ بماڵی
چاوەکەم عەمرەکەم مەسلەحەتێکە و پێت دەکەم
ئەگەر بێتو رازی بی، لەو بەندەت رزگار دەکەم
(ئەرێ) برژانگەکانم (ئەی هاوار) ببێ بە پەرژین
ڕێی گوزەر نادا (ئەی هاوار) بە دیدەی بەدبین
چاوەکەم عەمرەکەم مەسلەحەتێکە و پێت دەکەم
ئەگەر بێتو رازی بی، لەو بەندەت رزگار دەکەم

### چەند رۆژە نەمدیوە

گوڵێکی بۆ جەفا خولق کراوی
بە ئاوی دڵرفێنی ئاو دراوی

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center

**٢٦٨/ يادي بەخێر**

بە عەتری بێوەفایی خۆش کراوی
ئاخ چەند رۆژە نەمدیوە دنیا زیندانە
بۆ لێم زیزی لەسەرچی نامدوێنی
بۆچی بژیم بە بێ گوڵم نامەوێ ئەو ژیانە (٢)
دەڵێی جەفا بە بەژنی من براوە
لە بێوەفایی گوڵ دڵم شکاوە
دڵم بە خوێنە تاقەتم نەماوە
ئاخ چەند رۆژە نەمدیوە دنیا زیندانە
بۆ لێم زیزی لەسەرچی نامدوێنی
بۆچی بژیم بە بێ گوڵم نامەوێ ئەو ژیانە (٢)
حەلالە گەردنم بە بێقسووری
دەبێ ئەتۆ نەزانی دەردی دووری
رەوا نییە لە جورمی من نەبووری
ئاخ چەند رۆژە نەمدیوە دنیا زیندانە
بۆ لێم زیزی لەسەرچی نامدوێنی
بۆچی بژیم بە بێ گوڵم نامەوێ ئەو ژیانە (٢)
لە لوتفی تۆ دەمێکە بێمرادم
بە لوتفی تۆوە سەربڵیند و شادم
لە هیجری خاڵەکەت کز و کەسادم
ئاخ چەند رۆژە نەمدیوە دنیا زیندانە
بۆ لێم زیزی لەسەرچی نامدوێنی
بۆچی بژیم بە بێ گوڵم نامەوێ ئەو ژیانە (٢)

**چەندە بەعەیشی**

ئەوشۆکە دیسان (ئەمان یارێ) دەروون پڕخەمەن (٢)
کاروانی خەمان (ئەرێ یارێ) لە لامان جەمەن
چەند بەعەیشی (ئەمان یارێ) چەندە بە نۆشی

www.mamle.net

Mamle Art Center



تازەم زانیوە (شل‌ومل گیان) دوور بێ نەخۆشی
لەتاو دوور تۆ (ئەمان یارێ) دڵ بێقەرارەن (٢)
بینایی دیدەم (شل‌ومل گیان) لە خەفەت تارەن
چەند بەعەیشی (ئەمان یارێ) چەندە بە نۆشی
تازەم زانیوە (شل‌ومل گیان) دوور بێ نەخۆشی
شەوان خەڵوەتن (ئەمان یارێ) ماڵ بێ‌ئەغیارن (٢)
گشت عالەم خەوتوون (شل‌ومل گیان) یار خەبەردان
چەند بەعەیشی (ئەمان یارێ) چەندە بە نۆشی
تازەم زانیوە (شل‌ومل گیان) دوور بێ نەخۆشی
گەر نەدیتیوە (ئەمان یارێ) ئەتۆ سلامەت (٢)
دیدەنی دیدار (شل و مل گیان) کەوتە قیامەت
چەند بەعەیشی (ئەمان یارێ) چەندە بە نۆشی
تازەم زانیوە (شل‌ومل گیان) دوور بێ نەخۆشی

**قەتار**

چەند شاران گەڕام چەند خاکەساری
بووم بە شوانەکەی حەق نادیاری
ئەوشۆ هەر غەمن وا لە کەمیندا
بەرەوڕووی خستووم بە سەرزەمیندا
بۆ گولالەی دڵ دلبەر عەزیزن
مەزەی تاڵی خەم، یاران لەزیزن
گەرد و غوبار (ئەمان یارێ) مەحمەڵ دیارەن (٢)
ئەی دڵە بێ لەیلا (شل و مل گیان) چۆنت قەرارەن
چەند بەعەیشی (ئەمان یارێ) چەندە بە نۆشی
تازەم زانیوە (شل‌ومل گیان) دوور بێ نەخۆشی

## چەندی پێ پاڕامەوە

دەردت لە ماڵم نەسرین

www.mamle.net

Mamle Art Center


دانیشە تێر تێر بگرین
ماڵ کاول کوڕیان بمرێ
بێهوودە لێکیان کردین جا ئەتۆ سەرمەست و کەیفی
ئەمنیش غەمبار وغەمگین
چەندی لێ پاڕامەوە
ئاوڕی وێ نەدامەوە (٢)
لە نەخۆشخانەی مەمکی
بێ دوکتور دەتلامەوە
زۆر نەخۆش بووم کەژاڵێ
نەکرا بێ بە لامەوە؟

**قەتار**

قەت لە دنیادا نەبوو بێجگە لە ناخۆشی بەشم
مات و داماو و پەشێو و بێکەس و چارەڕەشم
سەردەمێک ئاوارە بووم و موددەتێکیش دەربەدەر
ئەمدی رووی ئاسوودەیی هەر تووشی گێرە و قەرقەشم
کوشتوومی و شەش‌خانی ئومێدی لە من گرتوە حەریف
مۆرە هەڵداوێم و بێهوودە بە هیوای جووت شەشم
تیغی بێ‌مەیلی و جەفای ئەو نازەنینە دڵ ڕەقە
جەرگی لەت‌لەت کردووم بە جارێک، ئەنجنیوە سینەشم
خۆشەویستی خۆشەویستانم هەر ئەژنۆکەمە
بۆیە رۆژ و شەو وەها گرتوومەتە نێو باوەشم
نابینی زەردە لەسەر لێوی کەسێ لەو شارەدا
تا غەم و دەردی دڵی خۆمیان بە سەردا دابەشم «هێمن»
زۆر عەیبە و زۆر ئیرادە
دینت بردووم بە بادا
گوڵەکەم فەرمووی دەبڕۆ تۆ
دڵم هێشا لێم لادە

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center


خۆ من بۆخۆم رازیمە
بابم من بە تۆ نادا
تاکوو لە دنیا ماوی
جا بڕۆ شێت و شەیدا بە
ـ دایمە وەک تازیەداران، چاو بە گریە و گرینم
کوانێک لە جەرگم هاتوە خوێن دەچۆڕێ لە برینم
کیژۆڵەی ناسک و نەرم زۆر پەشێوت دەبینم
چەندی لێ پاڕامەوە
ئاوڕی وێ نەدامەوە (٢)
لە نەخۆشخانەی مەمکی
بێ دوکتور دەتلامەوە
زۆر نەخۆش بووم کەژاڵێ
نەکرا بێ بە لامەوە؟
دیسان دەردان سەر لێدام غەم بە سەرمدا باری
هەڵناکەی لە دیهاتی دەڕۆم تەبەم بۆ شاری
نازانم کێ بنێرم (ئەی) بڕێکت بکا دڵداری
چەندی لێ پاڕامەوە
ئاوڕی وێ نەدامەوە (٢)
لە نەخۆشخانەی مەمکی
بێ دوکتور دەتلامەوە
زۆر نەخۆش بووم کەژاڵێ
نەکرا بێ بە لامەوە؟
نەخۆش و دەردەدارم، ئازار نیە دەردی تۆیە
چارەم ناکەن، حەکیمان، شیفام بە دەستی تۆیە
روو لە هەر جێیەک دەکەم تاریفی جوانی تۆیە
چەندی لێ پاڕامەوە
ئاوڕی وێ نەدامەوە (٢)

www.mamle.net

Mamle Art Center



لە نەخۆشخانەی مەمکی
بێ دوکتور دەتلامەوە
زۆر نەخۆش بووم کەژاڵێ
نەکرا بێ بە لامەوە؟

### چوون لە سەفەر بووی

چنار و لاولاو، سەریان بووە بە گیر
من بۆچی دەگریم (جوانێ گیان) بە چیم دەکەن ژێر (٢)
ـ لە کوێوە هاتووی، خەڵکی کام شاری
هەتا من بۆت بکەم (جوانێ گیان) کەمێک خەمخواری (٢)
ـ گەردن بەندەکەی مەتای گرانبار
شۆڕابەی سینگی (جوانێ گیان) لە عالەم دیار (٢)
ـ هەتا بمێنم، بۆ تۆ دەمێنم
زەکاتی ماچان (جوانێ گیان) لە تۆی دەستێنم (٢)
ـ هیچ خەفەت مەخۆ، شای شیرین ئەندام
بە مەقسوودی خۆت (جوانێ گیان) دەگەی بە مەرام

### چوون لە سەفەر بووی

ـ چوون لە سەفەر بووی، لە من بیووی قات
ئەوە هاتەوە (جوانێ گیان) یاری دوور وڵات (٢)
ـ خاڵی دەمەکەت، وردەڕێز مەکە
خۆ من کوشتەی تۆم (جوانێ گیان) لێم پارێز مەکە (٢)
ـ سەودای عاشقی زۆر لە قەدیمە
نە جێی عەیب و عار (جوانێ گیان) نە ترس و بیمە (٢)
ـ چاو جوان دەمێکە ئەویندارى تۆم
زامم گەڵێکە (جوانێ گیان) بریندارى تۆم (٢)

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەرییماملێ

Mamle Art Center



## چوون لە سەفەر بووی

ئەوشۆكە دیسان دەروون پڕ خەمن
كاروانی خەمان (جوانێ گیان) لە لامان جەمن (٢)
ـ لە تاو دووری تۆ دڵ بێقەرارەن
بینایی دیدەم (جوانێ گیان) لە خەفەت تارەن (٢)
ـ چەندە وەختە دڵم غەمگینی لەیلن
وادیارە لەیلام (جوانێ گیان) بێڕوحم و مەیلن (٢)

**فەتار**

شەقە و شریقەی برووسكەی دەروون
شەتاوی ساز كرد لە ناوی دەروون
تاكەی وەك مەجنوون، وێڵی هەردان بم
تا كەی غەمزەدەی باری هیجران بم
كوورەی دەروونم بە تاو جۆشی گرت
فرمێسكی چاوم زوو خامۆشی گرت
ـ سەیرم مەحاڵەن سەفام بەتاڵەن
بۆ دووری یارێ (جوانێ گیان) ئەسرینم ئاڵەن
ـ تۆ هەر سات شادیت بێئەندازە بوون
من لە هەر لاوە (جوانێ گیان) غەمم تازە بوون (٢)

## چوون لە سەفەر بووی (جوانێ گیان)

ـ سەرت لە عیشقی جوانی مەغرووره
نازانی غروور (جوانێ گیان) لە عیشقێ دووره (٢)
ـ گشت كاتێك من بوو بە یار دەزانم
بە دۆستی وەفا (جوانێ گیان) كردە دەزانم (٢)
ـ من عیشقم بۆ لای غەیری تۆ نەكرد
غەیری تۆ مەیلی (جوانێ گیان) هیچ كەسم نەكرد

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



خوم دەپارێزم من لە غەیری تۆ
حەز دەکەی بێسە (جوانێ گیان) حەز دەکەی برۆ (٢)
- من نارەزاییم زیندەگانییە
تۆ نارەزاییت (جوانێ گیان) نەوجەوانییە (٢)

## چوون لە سەفەر بووی

- لە کوێوە هاتووی خەڵکی کام شاری
هەتا من بۆ تۆ (جوانێ گیان) بکەم خەمخواری (٢)
- شیرین دەیفەرموو ئەر بەرگوزیدە
پێی غەریبی تۆ (جوانێ گیان) وەبانی دیدە (٢)
- فەرهاد زۆر گریا، دەڵێ نازەنین
منم شازادەی (ئەی هاوار) مەملەکەتی چین (٢)
- هیچ خەفەت مەخۆ، شای شیرین ئەندام
بە مەقسوودی خۆت (جوانێ گیان) دەگەی بە مەرام (٢)
- فەرهاد هەڵیگرت، شیرینی نازدار
چوونە ناو خەیمەی (ئەی هاوار) خاسی زەرنیگار (٢)
- سەودای عاشقی، زۆر لە قەدیمە
نەجێی عەیب و عار، (جوانێ گیان) نە ترس و بیمە (٢)

## چین‌چینە زولف و پرچی

- سینگی بەفری قەندیلێ، بە شنەی شەماڵ دەتواوە
یارم دەگەڵ کاروانێ، لە رێیە بە جێ ماوە
بە غەم و دەردی یارم، شەوێ سەرم دەناوە
چاوی رەشی زۆر جوانە، پیاوی دەکا دێوانە
دیتنی چاوی جوانی تۆ ئاواتی دڵمە گیانە
چین‌چینە زولف و پرچی هێلانەی عاشقانە

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



ـ سەرقافلەچی کاروانێ، سوێند دەدەم بەو خودایە
نە باب و دایک و برا هیچیان دەگەڵی نایە
کە چوویە بۆ هەواری ئاگات لێ بێ لە لەیلایە
چاوی رەشی زۆر جوانە، پیاوی دەکا دێوانە
دیتنی چاوی جوانی تۆ ئاواتی دڵمە گیانە
چینچینە زولف و پرچی هێلانەی عاشقانە
ـ قافلە گەییە سەرمێرگان، چادر و چیغ هەڵدراوە
بەڵام حەیفێک و سەت حەیف، یاری من بە جێ ماوە
بە ئارەزووی لەیلا بووم، شەو بە خەمم سەر ناوە
چاوی رەشی زۆر جوانە، پیاوی دەکا دێوانە
دیتنی چاوی جوانی تۆ ئاواتی دڵمە گیانە
چینچینە زولف و پرچی هێلانەی عاشقانە
ـ دەستەوئەژنۆ دانیشتووم، لەسەر رێیە کاروانی
یارم دەگەڵ سەرقافلان، خستبوویان لەسەر کانی
چاوی رەشی زۆر جوانە، پیاوی دەکا دێوانە
دیتنی چاوی جوانی تۆ ئاواتی دڵمە گیانە
چینچینە زولف و پرچی هێلانەی عاشقانە

**حەریرە حەریرە**

لە کێ تۆریاوی (عەزیزەکەم) بیکێشم نازت
بە ماشێنی جیب (ئەی هاوار) دێمە پێشوازت
ئاخ حەریر حەریرە، حەریرە، گیان حەریرە هیراتی
دەمکوڵ و پەرچمی (عەزیزەکەم) بان چاوم هاتی
ئەوە کە دەڕۆی (عەزیزەکەم) خۆت و دڵەکەت
ئامانەتت بێ (ئەی هاوار) تاقە گوڵەکەت
ئاخ حەریر حەریرە، حەریرە، گیان ئاخ حەریر هەر یەسە
دەم کوڵ و پەرچەمی (عەزیزەکەم) کچە مەدرەسە

www.mamle.net

Mamle Art Center



### قەتار

تاقی ئەبرۆت دەرخە شادم کا هەتا قوربانی بم
عیدی قوربان چونکی شەرتی ڕوئیەتی ماهی نەوە
داخۆ چبکا پاش خەت و خالان، سەفی موژگان بەناز؟
لەشکری تورکان ئەوا هات و فەرەنگی پێشرەوە
- ئەوە کە دەڕۆی خۆت و دڵەکەت
ئامانەتت بێ، تاقە گوڵەکەت
ئاخ حەریر حەریرە، حەریرە، گیان ئاخ حەریر هەر یەسە
دەم کوڵ و پەرچەمی (عەزیزەکەم) کچە مەدرەسە

### حەریرە

ئاخ چرا خامۆش بێ، عەزیزەکەم، دڵ خامۆش نابێ
عیشقی لەیلایە، ئەی هاوار، فەرامۆش نابێ
ئاخ حەریر حەریرە، حەریرە، گیان ئاخ حەریر هەر یەسە
دەم کوڵ و پەرچەمی (عەزیزەکەم) کچە مەدرەسە
- ئای نە شەرتت شەرتە نە نامەت نامە
یەک پارچە کاغەز دوعا و سەلامە

### حەریر حەریرە

- ئای نە چاو تێر دەبێ، ئەی هاوار، نە دڵ دەبێزێ
خۆم لێرە ماوم، ئەی هاوار، یار لە تەورێزێ
ئاخ هەریر، هەریرە، هەریرە، گیان هەریرەو هیراتی
دەمکوڵ و پەرچەمی، عەزیزەکەم، بان چاوم هاتی
- ئای بۆ لە جوملەی عەزیزەکەم، عەبدی خودا نیم
سەعاتێک لە دەس، عەزیزەکەم، غەمێک ڕەها نیم
ئاخ حەریر حەریرە، حەریرە، گیان ئاخ حەریر هەر یەسە
جا بە شۆخی دەڕوا (عەزیزەکەم) لە ڕێی مەدرەسە

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



ـ ئای هەر لە ئێوارێ، عەزیزەکەم، هەتا نیوەشەو
من لە فکری تۆ، ئەی هاوار، تۆ لە فکری خەو
ئاخ حەریر حەریرە، حەریرە، گیان ئاخ حەریر هەر یەسە
جا بە شۆخی دەڕوا (عەزیزەکەم) لە ڕێی مەدرەسە
ـ ئای نە شەرتت شەرتە، عەزیزەکەم، نە نامەت نامە
یەک پارچە کاغەز، عەزیزەکەم، دوعا و سەلامە
ئاخ حەریر حەریرە، حەریرە، گیان ئاخ حەریر هەر یەسە
جا بە شۆخی دەڕوا (عەزیزەکەم) لە ڕێی مەدرەسە
ـ ئای دەترسم بمرم، عەزیزەکەم، نەتبینمەوە
بە جوانەمەرگی، عەزیزەکەم، سەر بنێمەوە
ئاخ حەریر حەریرە، حەریرە، گیان ئاخ حەریر هەر یەسە
جا بە شۆخی دەڕوا (عەزیزەکەم) لە ڕێی مەدرەسە

### حەریرە و ئاگربارانە

ئای دیسان شەو هات وە با بکەم نالە
ئای لە سوێی تۆ حالم بێ حالە
جا لە تۆجوانە وەی بەژن و بالا
ئەرێ وەی حەریرە و ئاگربارانە
جا مبارەکت بێ، لار و لەرزانە
ـ ئەی چاوم بە چاوە بازەکەت
جا لێوم بە لێوە ئالەکەت
ئەی ماچ کەم ژێرتۆی دەسماڵەکەت
ئەرێ وەی حەریرە و ئاگربارانە
جا مبارەکت بێ، لار و لەرزانە
ـ (ئەرێ وەی) فەسلی دەمبەن (وەی) بۆ سەر قەبری
ئەی ساتێکم لێ بگرن سەبری
جا هەتا لەیلا دێ بۆم دەگری

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



ئەرێ وەی حەریرە و ئاگربارانە
جا مبارەکت بێ، لار و لەرزانە

## حەیران

وەرە لە گولە، سێوە، رەشە ریحانەی دە ڕەشم دەچەقاند
سوورە گولی دە سوور لە من ویشک دەبوونەوە بە برێوە
پار ئەوان مەجالان نازداری مالان گراوی من بووی
ئەوسال کە دەستی شل دەبوونەوە بەرەوارەی لانکێوە
وەرە زێ بادینان بێ تۆ سبەینان لە من لێلە
ئێواران لە من غەریبە مالی ئەی سواری نادا
پار ئەوان مەجالان نازداری مالان گراوی من بووی
ئەوسالەکە لە من رەبەنە، مالی هەر بە مارە و تەلاقە
وەرە نادری بە من نادری، چ برادەری بە بەقا و جگەرسۆزم نینە
دەگەلیان بچمەوە سەر مەرقەدەکەی شێخ عەبدولقادری
پار ئەوان مەجالان نازداری مالان گراوی من بووی
ئەوسالەکە لە من رەبەنە، مالی چ کەلکی ناگری
وەرە بستو لە من بەتاقە خۆ من کوێستانانم شین دەبۆوە
سوێسن و هەلالە و بەیبوونە، ناوەللا گولە میلاقە
هەر کەسانێکی ناسکۆلێ من ناز نەکا، شل و ملە کێل گەردنە
ناوەللا لە ناو کیژاندا تاقە
وەرە دانیشین چەند خۆشە بەرامبەر بە چادری شیرین لەیلایە
ئەمن دەست دەدەمەوە تفەنگەکەی خۆم
دەگەل عەشیرەتەکەی مالە بابی حەیران، بە تەنێ دەکەمەوە دەعوایە

## خالەی رێبوار

ـ خۆم بە خۆمم کرد بەردبارانم کەن
وێل و ئاوارەی نێو خالانم کەن

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



هۆی خاڵەی ڕێبوار، دەی دەی، ڕێم لەبەر ناچێ
بۆ جوابت کردم، دەی دەی، بۆ تەنیا ماچێ
تۆ چرای نەوتی، دەی دەی، من ئاگر بەدەست
تا ئاورم داوە، گیانە، گڕ بڵێسەی بەست
هۆی خاڵەی ڕێبوار، دەی دەی، ڕێم لەبەر ناچێ
بۆ جوابت کردم، دەی دەی، بۆ تەنیا ماچێ
ـ شەرت بێ تا دەمرم بە دڵ بۆت بگریم
تا ناڵەم دەڕوا بۆ عەرشی عەزیم
هۆی خاڵەی ڕێبوار، دەی دەی، ڕێم لەبەر ناچێ
بۆ جوابت کردم، دەی دەی، بۆ تەنیا ماچێ

**خاڵەی ڕێبوار**

نە خوا دەمداتێ، دەی دەی، مەرگێک بە ئاسان
نە دڵ لە لای تۆ، دەی دەی ، دەبێ هەراسان
هۆ خاڵەی ڕێبوار، دەی دەی، ڕێم بەرامبەرە
دوعام لێ مەکە، گیانە مانگی سەفەرە
خۆم بە خۆمم کرد، دەی دەی، سەنگ بارانم کەن
وێڵ و ئاوارەی، دەی دەی، نێو خاڵانم کەن
هۆی خاڵەی ڕێبوار، دەی دەی، ڕێم لەبەر ناچێ
بۆ جوابت کردم، دەی دەی، بۆ تەنیا ماچێ
هەر لە هەورامان دەی دەی، تا قەڵای قازی
شەقەی ماچ و مووچ، دەی دەی، خرینگەی دەسبازی
هۆی خاڵەی ڕێبوار، دەی دەی، ڕێم لەبەر ناچێ
بۆ جوابت کردم، دەی دەی، بۆ تەنیا ماچێ

**خانم خانمۆڵێ**

کراسی زەردی دەبەردایە (٢)

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



جیرانی میرزا بابایە
لێمان ناکا مەرحەبایە (٢)
ئەی خانم خانم خانمۆڵێ،
لە خڕیت ماچ یان لە دۆڵێ
خەجاڵەت بی دەگەڵ وەفات (٢)
چەندم کێشا جەور و جەفات
تێرم نەکرد سەیر و سەفات (٢)
ئەی خانم خانم خانمۆڵێ،
لە خڕیت ماچ یان لە دۆڵێ
لە مزگەوتێ نوێژم دەکرد (٢)
یەکێک لە ناکاو بانگی کرد
خانەخەراپ لەیلاتیان برد (٢)
ئەی خانم خانم خانمۆڵێ،
لە خڕیت ماچ یان لە دۆڵێ
چاوت ئەستێرەی سوبحیدەم (٢)
مەشهوورە لە کورد و عەجەم
تۆ خاتووزین و من کاکەمەم (٢)
ئەی خانم خانم خانمۆڵێ،
لە خڕیت ماچ یان لە دۆڵێ

**خانم گیان خانمی**

ئەرێ هەناسەی ساردم گیانە، دەماڵێو گەڕێ
ئەرێ ئەو شادیەت بێ من ، گیانە لێت وەشین گەڕێ
ئەرێ لێت وەشین گەڕێ
خانم گیان خانمی، خانمی خانمانمی
ئەو دەردەی گرانەی داتمێ، هەر تۆ دەرمانمی
ئارامی دلانمی

www.mamle.net

Mamle Art Center



ئەرێ شەوان گەر دەڕۆی، گیانە دڵەكەی ناشادم
ئەرێ كۆچی كۆنەیار، گیانە، كەوتۆتە یادم
گیانە كەوتۆتە یادم
خانم گیان خانمی، خانمی خانمانمی
ئەو دەردەی گرانەی داتمێ، هەر تۆ دەرمانمی
ئارامی دڵانمی
ئەرێ ئەوە كە دەڕۆی، جوانێ خۆت و دڵەكەت
ئەرێ ئەمانەتت بێ، گیانە تاقە گوڵەكەت
جوانێ تاقە گوڵەكەت
خانم گیان خانمی، خانمی خانمانمی
ئەو دەردەی گرانەی داتمێ، هەر تۆ دەرمانمی
ئارامی دڵانمی
ئەرێ ئەوماڵەی هەمە، جوانێ، نەزری ئەڵلا بێ
ئەرێ بەڵكوو كۆچەكەت، گیانە، بەرەو دوا بێ
جوانێ بەرەو دوا بێ
خانم گیان خانمی، خانمی خانمانمی
ئەو دەردەی گرانەی داتمێ، هەر تۆ دەرمانمی
ئارامی دڵانمی

**خانمیلێ خانمی خانمان**

چاو دەگێڕم دیار نییە لەیلم
هەڵبەت كۆنی كردوە مەیلم
عاشقی ئەستێرەی سیوەیلم
خانمیلێ خانمی خانمانی
باریكێی لەبەر دڵانی (خوشكی سوڵتانی)
خانمەكە بۆچ وا بێمەیلی

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



قەدری غەریبان نازانی
بۆ بەجێ دێڵی میوانی
قوربانت بم خواجەی عەتتار
ڕێم پێ مەگرە بە منی هەژار
عەترم پێیە بۆ زولفی یار
خانمیلێ خانمی خانمانی
باریکێی لەبەر دلانی (خوشکی سولتانی)
خانمەکە بۆچ وا بێمەیلی
قەدری غەریبان نازانی
بۆ بەجێ دێڵی میوانی
دیسان شەو هات بۆ حالی من
لەو دڵەی پڕ خەیالی من
گەڕەک نانوێ لە نالەی من
خانمیلێ خانمی خانمانی
باریکێی لەبەر دلانی (خوشکی سولتانی)
خانمەکە بۆچ وا بێمەیلی
قەدری غەریبان نازانی
بۆ بەجێ دێڵی میوانی

**خانمیلێ خانمی خانمان**

ئەوساڵ پاییزێک لە من هات
غەم لە دڵەکەم بوو بە قەلات
یاخودا خێر بێ لەیلێم نەهات
خانمیلێ خانمی خانمانی
باریکێی لەبەر دلانی
خانمەکە بۆچ وا بێمەیلی
قەدری غەریبان نازانی

www.mamle.net

Mamle Art Center



بۆ بەجێ دێڵی میوانی
دوێنێ ڕۆیی بانگی هێشتم
پێم گوت بۆ ماچێک نەیهێشتم
خانمیلێ خانمی خانمانی
باریکێی لەبەر دلانی
خانمەکە بۆچ وا بێ‌مەیلی
قەدری غەریبان نازانی
بۆ بەجێ دێڵی میوانی
مارانگاز بووم ترسام لە حەی
لەناکاو دەستم برد بۆ بەی
باغەوان گازی کرد نەیکەی
خانمیلێ خانمی خانمانی
باریکێی لەبەر دلانی
خانمەکە بۆچ وا بێ‌مەیلی
قەدری غەریبان نازانی
بۆ بەجێ دێڵی میوانی

**خانمیلێ خانمی خانمانی**

ئەبرۆت هیلالی یەکشەوە
مژۆت تیری کەیخوسرەوە
سەریان پەیوەستە و پێکەوە
خانمیلێ خانمی خانمانی
باریکێی لەبەر دلانی
خانمەکە بۆچ وا بێ‌مەیلی
قەدری غەریبان نازانی
بۆ بەجێ دێڵی میوانی
خۆزگەم بە دوێنێ پارشێوێ
وێکڕا نوستبووین بە چارشێوێ

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



لێکیان کردین ماڵیان شێوێ
خانمیلێ خانمی خانمانی
باریکێی لەبەر دلانی
خانمەکە بۆچ وا بێمەیلی
قەدری غەریبان نازانی
بۆ بەجێ دیلی میوانی
بالاخانەی بەرەو چۆمی
کەوتوومە بن بەندی رۆمی
بە دینی عاشقان ئی خۆمی
خانمیلێ خانمی خانمانی
باریکێی لەبەر دلانی
خانمەکە بۆچ وا بێمەیلی
قەدری غەریبان نازانی
بۆ بەجێ دیلی میوانی
خزم و ئەقوامم بۆ بانگ کەن
تەماشای خالی لەیلام کەن
کوشتوومی خوێنم ون مەکەن
خانمیلێ خانمی خانمانی
باریکێی لەبەر دلانی
خانمەکە بۆچ وا بێمەیلی
قەدری غەریبان نازانی
بۆ بەجێ دیلی میوانی

**خرینگە خرینگە**

عەمر و چاوەکەم یارە، زێڕی هەژدە عەیارە
گەلی دۆست و برادەران تەگبیر بکەن لەو کارە
بابی زیندانی کردوە، دەورەی سیمی خاردارە

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



ئۆ خرینگە خرینگە خرینگە، خرینگەی بازنەکانی
دەڵێم بمدەیە ماچێک، پڕ بە دڵی من جوانی
دەتفەرموو بۆ تۆ نابم، چۆنی دەڵێی با وابم
کەوتبوومە بەندیخانێ، بە یادی تۆوە مابم
رەببی کۆستی دڵ کەوێ، گەرساتێ لێت جودا بم
ئۆ خرینگە خرینگە خرینگە، خرینگەی بازنەکانی
دەڵێم بمدەیە ماچێک، پڕ بە دڵی من جوانی
شەدەی بەستوە بێریانی، دەسرۆکەی تۆزێ تیلە
بەرۆکت بۆ دەرزیلە قامکت بۆ ئەنگوستیلە
لەسەر چیم لێ زیزی، زیز بوونت بێ دەلیلە
ئۆ خرینگە خرینگە خرینگە، خرینگەی بازنەکانی
دەڵێم بمدەیە ماچێک، پڕ بە دڵی من جوانی
بە رۆژ لەبەر خەیاڵان، بە شەو بۆت شێت و شەیدام
دەڵێن نەخۆشە لەیلام، دەردت لەماڵی دنیام (٢)
ئۆ خرینگە خرینگە خرینگە، خرینگەی بازنەکانی
دەڵێم بمدەیە ماچێک، پڕ بە دڵی من جوانی
چاوت ئەستێرەی رۆژێ دەگەڵ مانگی دەگەڕێ
برینانم دەرمان کە بە دەستی نیلوفەڕێ
ناوێرم کولمەی ماچ کەم، لێم وەعەیب دەگەڕێ
ئۆ خرینگە خرینگە خرینگە، خرینگەی بازنەکانی
دەڵێم بمدەیە ماچێک، پڕ بە دڵی من جوانی

## خەجێ خەزێنە

ئەرێ هەی داد هەی بێداد، گیانە لەو گەورە شارە
هەی خرێ لەو گەورە شارە
ئەرێ نە دەنگی یار دێ، گیانە نە بۆخۆی دیارە
ئەی خرێ نە بۆ خۆی دیارە

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



ئەرێ خەجێ خەزێنە، پێ بنێ لە سەر گلێنە
زەردەلیمۆت وا بێنە، غەریبم دڵم مەشکێنە
هەستە بەیانە، خرمەی فینجانە
ئەگریجە و لاولاو، تاوتاو شەڕیانە
ئەرێ خەجێ خەزێنە، پێ بنێ لە سەر گلێنە
زەردەلیمۆت وا بێنە، غەریبم دڵم مەشکێنە
زۆر لەمێژە لێی دوورم، ئەو دڵەم کەوتە وەسوەسە
ڕۆژێ جارێک ببینم بۆ منی بێچارە بەسە
ئەرێ خەجێ خەزێنە، پێ بنێ لە سەر گلێنە
زەردەلیمۆت وا بێنە، غەریبم دڵم مەشکێنە
لەسەر ئەو چاوە جوانە پێنج فەرزەی نوێژم چووە
بەژنت وەکوو چناری، لە دراوان هەڵچووە
ئەرێ خەجێ خەزێنە، پێ بنێ لە سەر گلێنە
زەردەلیمۆت وا بێنە، غەریبم دڵم مەشکێنە
نە خودا دەمداتێ، مەرگێک بە هاسان
وەی خڕێ مەرگێک بە هاسان
ئەرێ نە دڵ لە لای تۆ، جوانێ گیان، دەبێ هەراسان
وەی خڕێ، دەبێ هەراسان
ئەرێ خەجێ خەزێنە، پێ بنێ لە سەر گلێنە
زەردەلیمۆت وا بێنە، غەریبم دڵم مەشکێنە

## خەجیلە و خانم

ئەوشۆ لە بەختم (جوانێ گیان) مانگە شەو تارە
هەر جێیەک دەچم جوانێ، سایەم دیارە
کفنەکەم ببڕن، جوانێ لە کراسی زارا
ئەی خەجیلە و خانم، دوست مەنیجە گیانم
ئەوشو بە دزی دایکەکەت، خۆت بکە وە میوانم

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



ئەو رەنگەت بۆ وا زەردە، ئەی مالی ویرانم
هەناسەی سەردم، جوانێ گیان، کێو لە بن دێنێ
داخوا خوداکەی من ، جوانێ گیان، جت بەسەر بێنێ
ئەی خەجیلە و خانم، دوست مەنیجە گیانم
ئەوشو بە دزی دایکەکەت، خۆت بکە وە میوانم
ئەو رەنگەت بۆ وا زەردە، ئەی مالی ویرانم
بۆخۆم بە خۆم کرد، جوانێ گیان، سەنگ بارانم کەن
ویل و ئاوارەی ، جوانێ گیان، نێو خالانم کەن
ئەی خەجیلە و خانم، دوست مەنیجە گیانم
ئەوشو بە دزی دایکەکەت، خۆت بکە وە میوانم
ئەو رەنگەت بۆ وا زەردە، ئەی مالی ویرانم
دەردیکی دامێ، جوانێ گیان، دەرمانی نەکرد
شەمال بە بەفری، جوانێ گیان، کویستانی نەکرد
ئەی خەجیلە و خانم، دوست مەنیجە گیانم
ئەوشو بە دزی دایکەکەت، خۆت بکە وە میوانم
ئەو رەنگەت بۆ وا زەردە، ئەی مالی ویرانم
گەڕەکی خواریێ، جوانێ گیان، خۆت و خوداتان
ئەو گولە غەریبە، جوانێ گیان، کەوتۆتە لاتان
قەدری واجبە، جوانێ گیان، لەسەر هەمووتان
ئەی خەجیلە و خانم، دوست مەنیجە گیانم
ئەوشو بە دزی دایکەکەت، خۆت بکە وە میوانم
ئەو رەنگەت بۆ وا زەردە، ئەی مالی ویرانم

**خەنەبەندان**

ئەرێ چاوت ئەستێرەی سوبحییە، خەنەبەندانیەتی
جا برۆت جوانە هیلالییە، خەنەبەندانیەتی
ماچت نەکەم کەیفی نییە، شەدە لە ملانیەتی

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



ئەی های خەنەبەندان، خەنەبەندان، خەنەبەندانیەتی
لیمۆ هەرزان، لیمۆ هەرزان، خەنە پەخشانیەتی
ڕۆژی جومعان پاش سەلایە، خەنەبەندانیەتی
دوو شت خۆشە لە دنیایە، خەنەبەندانیەتی
ئیمان و چاوی لەیلایە، شەدە لە ملانیەتی
ئەی های خەنەبەندان، خەنەبەندان، خەنەبەندانیەتی
لیمۆ هەرزان، لیمۆ هەرزان، خەنە پەخشانیەتی
قوربانت بم ئەی بای وادە، خەنەبەندانیەتی
چادرێ لەسەر یارم لادە، خەنەبەندانیەتی
ئەی های خەنەبەندان، خەنەبەندان، خەنەبەندانیەتی
لیمۆ هەرزان، لیمۆ هەرزان، خەنە پەخشانیەتی
دوێنێ ڕۆیی بانگی هێشتم، خەنەبەندانیەتی
پێم گوت بۆ ماچێ نەیهێشتم، خەنەبەندانیەتی
شەڕابی مەرگی پێ چێشتم، شەدە لە ملانیەتی
ئەی های خەنەبەندان، خەنەبەندان، خەنەبەندانیەتی
لیمۆ هەرزان، لیمۆ هەرزان، خەنە پەخشانیەتی

**خو من پیر نەبووم**

بیکە بۆ خاتری (عەزیزەکەم) عیشقی لە دەست چوو
عیشقی لە دەست چوو
سەرت هەڵێنە، عەزیزەکەم، ئاورم تێ بەر بوو
ئاورم تێبەر بوو
بۆ من لە جوملەی عەبدی خودا نیم،
سەعاتێک لە دەس غەمێک ڕەها نیم،

**قەتار**

تاقی ئەبرۆت دەرخە شادم کا هەتا قوربانی بم
عیدی قوربان چونکی شەرتی ڕوئیەتی ماهی نەوە

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



ئاه و ناڵەی بێقەرارت عالەمی خستۆتە جۆش
گوڵ بەناز پەروەردەیە ئەی دڵ دەمێکی بسرەوە
داخۆ چبکا پاش خەت و خاڵان، سەفی موژگان بەناز؟
لەشکری تورکان ئەوا هات و فەرەنگی پێشرەوە
هەی داد هەی بێداد، کەس دیار نیە
کەس لە دەردی کەس، خەبەردار نییە
- بریا شەماڵ بام، لەو باسکە و باسکان
کەویک دەخوێنێ، لە کن دوو ئاسکان
- چاوم پڕ خوێنە، دەکوڵێ هەناوم
چەندە بێڕوحمی من بۆت نەماوم

## خۆ من کوردم

گەر نەمدیتیوە ئەی هاوار ئەتۆ سلامەت
دیدەنی یاران، جوانێ گیان، کەوتە قیامەت
خۆ من کوردم، وەی بۆ تۆ مردم (٢)
بۆچ روحمێک ناکەی، عەزیزم، بەو رەنگی زەردم
هاتوومە ماڵتان، جوانێ گیان، خوڵقت نەکردم
- سەرمایەی تاقەت، جوانێ گیان، لە دەستم دەرچوو
عومری جوانیم جوانێ گیان، بۆ تۆ هەدەر چوو
خۆ من کوردم، وەی بۆ تۆ مردم (٢)
بۆچ روحمێک ناکەی، عەزیزم، بەو رەنگی زەردم
- چەند وەختە دڵم، جوانێ گیان، غەمگینی لەیلی
وا دیارە لەیلام، جوانێ گیان، بێڕوحم و مەیلی
دە واز بێنە، ئای مەماندوێنە
خۆ من غەریبم، ئای دڵەکەم مەشکێنە
بۆ تەنیا ماچێک، جوانێ گیان، مەمانڕەنجێنە

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

www.mamle.net

Mamle Art Center



### خۆم قاسیدی زێڕنۆکێ

خۆم قاسیدی زێڕنۆکێ
سبەی دەڕۆم سەحەرێ (سبەی دەڕۆم بەیانی)
کالۆشی خۆم لەپێ دەکەم
لە خۆم شەدە کودەری (بە تۆفیقی سوبحانی)
دەچمە کن بابی زێڕنێ (دەڵێم بمدەیە ماچێک)
حەوت ساڵان بە نۆکەری (ئای زێڕنۆکێ بازرگانی)
لەبەرخاتری زێڕنۆکێ
بەڵکوو روحمم پێ بەرێ
ئای زێڕنوک و مریەمۆکێ
ئای بە جووت دەچنە خرِنۆکێ
حەوت قەتاری وشتران
ئای ساز بوون دەچنە کەرکووکێ
ئای لە بۆ جلکی دە بووکێ

### داینێ تۆ داینێ

بۆچی وەکوو مەڕ دەمخەیە سەرخام (٢)
لێم گەڕێ کەوتووم، زەلیل و غەمناک (٢)
داینێ تۆ داینێ، بە تەنیا جوانی، گۆزەکەی هەڵگرت رۆیی بۆ کانی
خوزگەم بە گۆزەی، دەیبا بۆ کانی جەرەی بۆ دەکرم. گۆزەی ناتوانی
وەک گوڵ لە عیشقا پەردەم دڕیوە (٢)
رۆژێکی خۆشی دنیام نەدیوە (٢)
داینێ تۆ داینێ، بە تەنیا جوانی، گۆزەکەی هەڵگرت رۆیی بۆ کانی
خوزگەم بە گۆزەی، دەیبا بۆ کانی، جەرەی بۆ دەکرم. گۆزەی ناتوانی
هیچ خوشیم نەدی لە رووی زەمانە (٢)
بووم بە نیشانە بۆ تیر و تانە (٢)
داینێ تۆ داینێ، بە تەنیا جوانی، گۆزەکەی هەڵگرت رۆیی بۆ کانی

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



خوزگەم بە گۆزەی، دەیبا بۆ کانی، جەرەی بۆ دەکرم. گۆزەی ناتوانی
گەر دەستم کەوێ هەتا دوو سێ دەم (٢)
ئەو پادشا بێ ئەمنیش بۆی بەندەم (٢)
داینێ تۆ داینێ، بە تەنیا جوانی، گۆزەکەی هەلگرت رۆیی بۆ کانی
خوزگەم بە گۆزەی، دەیبا بۆ کانی، جەرەی بۆ دەکرم. گۆزەی ناتوانی
ئاه و نزوولەی منە کردیگار (٢)
تۆ بێخەبەر بووی لە رازی بەدکار (٢)
داینێ تۆ داینێ، بە تەنیا جوانی، گۆزەکەی هەلگرت رۆیی بۆ کانی
خوزگەم بە گۆزەی، دەیبا بۆ کانی، جەرەی بۆ دەکرم. گۆزەی ناتوانی
چی لە من دیوە جا چ قەوماوە (٢)
وا دیارە لە من دلی ئیشاوە (٢)
داینێ تۆ داینێ، بە تەنیا جوانی، گۆزەکەی هەلگرت رۆیی بۆ کانی
خوزگەم بە گۆزەی، دەیبا بۆ کانی، جەرەی بۆ دەکرم. گۆزەی ناتوانی

## دەبنوە بنوە بنوە

سەرلانکەکەی خارایە، رایژێنە رابیعایە
دەبنوە بنوە بنوە، کۆرپەلەم خەوی نایە
دەنا من چ بکەم خەوی نایە
ریحانەی دەم ئاشییە. جێژنەیە چەند خۆشییە
یارەبی بەخێر بێتەوە، مەنیج ئیندرقاشییە
ـ لە پردی سوور بەولاوە. پاو پووزی هەلداوە
پاوپووز دەلێی زێرە. پاوانەی تێ کراوە
ئەرێ زەنگیانەی تێ کراوە
ـ مالیان لە پردی سوورە
گەردنی دەلێ بلوورە
یارەبی بە خێر بێتەوە
مامزەی چەکمە سوورە، مامزەی چەکمە سوورە

www.mamle.net

Mamle Art Center



ـ ریحانەی دەم ئاشیە. جێژنەیە چەند خۆشیە
یارەبی بەخێر بێتەوە، مەنیج ئیندرقاشیە
ـ سوڵتان سەید وەقاس هاوار دەڕوانێتە بورهانێ
سەیزادە باری کردوە نامەوە لە دەرمانێ

## دەبارێ، کرێوە دەکا

ـ نێوان مانگی بەهاران، وەختی خێڵ بەرەوژووران
لە هاڕەی ئاوهەڵدێران، کوێستانی سەر سنووران
وشەی بازنە و پاوانە، خرمەی گوارە و بەرمووران
قاقای کیژە ئێلاتیان، لەنێو گوڵاڵە سووران
دەبارێ هەی دەبارێ، دەبارێ کرێوەی دەکا
لەسەر سینگی چاوجوانێ، هەر خاڵ بانگی خاڵ دەکا
ـ گیانە کاغەزێک بێنە، دەی دەی وەسیەت بنووسم
جوانێ دەردم زۆر سەختە، دیدەم لە ژیان مایووسم
تاکوو نەمردووم بێنە جوانێ کوڵمەت رامووسم
دەبارێ هەی دەبارێ دەبارێ بەفر و باران
تاو لە کوڵمانی نادا، لەبەر سێبەری گواران
ـ عەمرو چاوەکەم یارە، زێڕی هەژدە عەیارە
گەلی دۆست و برادەران، تەگبیر بکەن لەو کارە
بابی زیندانی کردوە دەورەی سیمی خاردارە
دەبارێ هەی دەبارێ، دەبارێ کرێوەی دەکا
لەسەر سینگی چاوجوانێ، هەر خاڵ بانگی خاڵ دەکا

## دەبرۆ تۆ دەبرۆ

یاران گوڵەکەم، گیانە دڵم دەشکێنێ (٢)
بۆ وا مەغروورێ گیانە، جوانەکەی دوێنێ
جوانی هەتا سەر، گیانە بە تۆش نامێنێ

مەڵبەندی هونەرییماملێ

Mamle Art Center



دەبڕۆ تۆ دەبڕۆ نابم بە یارت
ئەی بە درۆ دەرچوو، قەول و قەرارت
ئەی بە درۆ دەرچوو، قەولی پێرارت
منیش وەکوو تۆ سەرمەست و مەغروور (٢)
هێستا لە یارێ، گیانە کەوتوومەوە دوور
بۆچی تێکت‌نا، بارگەی کۆچی سوور
دەبڕۆ تۆ دەبڕۆ نابم بە یارت
ئەی بە درۆ دەرچوو، قەول و قەرارت
ئەی بە درۆ دەرچوو، قەولی پێرارت
ـ قەرارمان وا بوو گیانە کاری من و تۆ (٢)
کە تۆ دڵشاد بی، گیانە، لە من بێ بوسۆ
تەقسیری من نیە، گیانە خەتایە لە تۆ
دەبڕۆ تۆ دەبڕۆ نابم بە یارت
ئەی بە درۆ دەرچوو، قەول و قەرارت
ئەی بە درۆ دەرچوو، قەولی پێرارت
ـ چەرخی زەمانە رەنجەڕۆی کردم (٢)
تۆ خۆت دەیزانی، تۆی دەوای دەردم
بە بێ سووچ و بێ‌تاوان، بۆ جوابت کردم
دەبڕۆ تۆ دەبڕۆ نابم بە یارت
ئەی بە درۆ دەرچوو، قەول و قەرارت
ئەی بە درۆ دەرچوو، قەولی پێرارت
ـ بیرم برد بۆ لای جوانێ گیان، یارەکەی شادم (٢)
کۆچی بارگەی سوور، گیانە کەوتۆتە یادم
رەنجی چەند ساڵەی جوانێ داوە بەر بادم
دەبڕۆ تۆ دەبڕۆ نابم بە یارت
ئەی بە درۆ دەرچوو، قەول و قەرارت
ئەی بە درۆ دەرچوو، قەولی پێرارت

www.mamle.net

Mamle Art Center



### دەبێنن بێنن

جا چۆن شێت نەبم، هەی، نەدەم بە خۆمدا
چۆن خاکی عالەم، هەی، نەکەم بە سەردا
حەیفە بۆ من و تۆ، گیانە، دەستمان لێک بەردا
ئەریٚ دەبێنن بێنن، چەپکیٚ گوڵ بێنن
بیدەن بە یاریٚ، دڵەکەی مەشکێنن (لێم مەڕەنجێنن)
ئەوە مانگ هەڵات، داویە لە کێوی
حەولت بۆ دەدەم، وەچنگم کەوی
ئەریٚ دەبێنن بێنن، چەپکیٚ گوڵ بێنن
بیدەن بە یاریٚ، دڵەکەی مەشکێنن (لێم مەڕەنجێنن)
پشتێند شل و مل هەستە بەیانە
تاکوو پێک دەگەین زۆری نێوانە
ئەریٚ دەبێنن بێنن، چەپکیٚ گوڵ بێنن
بیدەن بە یاریٚ، دڵەکەی مەشکێنن (لێم مەڕەنجێنن)

### دەچمە سەر ناڵەشکێنیٚ

دەچمە سەر ناڵەشکێنیٚ، چاوجوانیٚ بەرامبەر بە خانالی،
هەنیەت مانگی لە چاردەی، چاوجوانیٚ، هەڵدیٚ لە نێو سامالی
سەت بریا بۆخۆم بایەی، لێوئالیٚ سیٚ شەوان بە حەلالی
ـ دەچمە سەر ناڵەشکێنیٚ چاوجوانیٚ بەرامبەر بە بۆکانیٚ
یاری من هات راوەستا، چاوجوانیٚ هاتۆتە بەر هەیوانیٚ

### دەدێدا (لە پێشدا)

بارانێکی زۆر باری (گیانە) کۆلکەزێڕینە هەڵات
هەوری رەشم لاداون (گیانە) تاو لێیدام و خۆر هەڵات
لەت‌لەت کرێم و بمکوژن (گیانە) دەس هەڵگیر نیم لە بالات

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



دە دێدا و دە دێدا و دە دێدا (گیانە) بازە و زەنگوڵە لە پێدا
یار دەڵێ بۆ دوایە نابم گیانە کۆترم باشوو لێم دەدا
کوڵمی زۆر گەش و جوانن، گیانە سوورن وەک گوڵی شلێر
باریان کرد بۆ هەواری، گیانە، هەڵیانداوە لە بێ خێر
خودایە بیپارێزی گیانە بۆخۆت بیکەی چاوەدێر
دە دێدا و دە دێدا و دە دێدا (گیانە) بازە و زەنگوڵە لە پێدا
یار دەڵێ بۆ دوایە نابم گیانە کۆترم باشوو لێم دەدا
نەخۆش و دەردەدارم، گیانە شەو نۆبەتێم دەهاتێ
سەفەرێکم کەوتە بەر، گیانە رێیە هات و نەهاتێ
منتەزیرم لە رێیە، گیانە کاروان بێت و بمگاتێ
دە دێدا و دە دێدا و دە دێدا (گیانە) بازە و زەنگوڵە لە پێدا
یار دەڵێ بۆ دوایە نابم گیانە کۆترم باشوو لێم دەدا
لەنگۆ یار پەیدا نابێ، پەیدا بێ وەفای نابێ
سەت ساڵ غونچە بپشکوێ بێ بولبول بەهار نابێ
چ بکەم دڵ گرتوویەتی، بە کەس تەوەللا نابێ
دە دێدا و دە دێدا و دە دێدا (گیانە) بازە و زەنگوڵە لە پێدا
یار دەڵێ بۆ دوایە نابم گیانە کۆترم باشوو لێم دەدا

**دەردێکی دامێ**

رێگاکەم دوورە، دوور کەوتۆتەوە (۲)
مەیلی جارانت، گیانە، کەم کردۆتەوە
ـ تا لە قەفەسدام، ماومە نەفەسێ (۲)
بولبول بۆ گوڵێ (گیانە) ئەمن بۆ کەسێ
ـ شێتی تۆم شێت (ئەی) ئەی دەلو و دێوانە (۲)
شێتی تۆی کردووم، چەرخی زەمانە
بۆ کەسێ باشە، هەوای سەیر و باخ
بۆ وەسڵی یارێ، نەبێ دەرد و داخ

www.mamle.net

Mamle Art Center



### قەتار

سەعادەت بۆ هونەرمەندان مەحاڵە
ئەوەی خاوەن هونەر بێ ژینی تاڵە
داخی لە دڵمە لەیل سیاپۆشە
شایی و زەماوەند بێ‌وی ناخۆشە
تا کەی دانیشم، وەک حەبسی دۆستباغ (٢)
یەکجار خەرمان، جەرگی کردووم داغ
ـ دەردێکی دامێ دەرمانی نەکرد
شەماڵ بە بەفری کوێستانی نەکرد
ـ دڵی من لە لات دایمە ئەسیرە
وەک تاوانکاران، کۆت و زنجیرە
ـ کوورەی دەروونم، بە تاو جۆشی گرت
فرمێسکی چاوم، زوو خامۆشی کرد
ـ ئامان سەت ئامان ئەی بەرگوزیدە
پەنجەی غەریبیت وەبانی دیدە
ـ تاکەی غەریبی کووچەی شاران بم
تاکەی هەڵوەدای دەیدەی یاران بم

### دەڕوا بە جێم دێڵێ

بە تای ئارەقچین (ئەی هاوار نامهێڵێ)
سەر و پەرچەمی (ڕۆیی بە جێم دێڵێ)
دەڵەی شازادەی (ئەی هاوار نەیهێشتم)
ڕۆم و عەجەمی (ڕۆیی بە جێی هێشتم)
هەی داد هەی بێداد (ئەی هاوار نامهێڵێ)
لەو گەورە شارە (ڕۆیی بەجێم دێڵێ)
نە دەنگی یار دێ (ئەی هاوار نامهێڵێ)
نە بۆخۆی دیارە (ڕۆیی بەجێم دێڵێ)

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



ماڵێک باری کرد (ئەی هاوار نەیهێشتم)
کەس نەیگێڕاوە (ڕۆیی بە جێی هێشتم)
بۆخۆم دانیشتم (ئەی هاوار نامهێڵێ)
دڵخۆشیم داوە (ڕۆیی بەجێیم دیڵێ)
تۆ توولە نەمام، (ئەی هاوار نامهێڵێ)
عەسای دەستمی (ڕۆیی بەجێیم دیڵێ)
من کەس نییە (ئەی هاوار نەیهێشتم)
تۆ گشت کەسمی (ڕۆیی بەجێی هێشتم)
ج خودا بەردارە (ئەی هاوار نامهێڵێ)
غەرقم کەی لە خەم (ڕۆیی بە جێیم دیڵێ)
روحمی خێرت بێ (ئەی هاوار نەیهێشتم)
یان زۆر و یان کەم (ڕۆیی بەجێی هێشتم)
ـ ئەگەر بە بێ تۆ (ئەی هاوار نامهێڵێ)
شادیم لە دڵ بێ (ڕۆیی بەجێیم دیڵێ)
شادیکی و خۆشیم (ئەی هاوار نەیهێشتم)
ئاویزەی گڵ بێ (ڕۆیی بەجێی هێشتم)

**دەسماڵێ**

ـ دەسماڵێ و دەسماڵێ لێ لێ دەسماڵێ
بۆ دەسرەبادانێ، دەچتەوە ماڵێ
دە ئامێزیی دەگرم، بۆ من هیچ ناڵێ
ـ هەوری دێنێ و دێنێ، لێ لێ دەسماڵێ
بارانەی دەڕژێنێ لێ لێ دەسماڵێ
ـ دەسماڵێ و دەسماڵێ لێ لێ دەسماڵێ
بۆ دەسرەبادانێ، دەچتەوە ماڵێ
دە ئامێزیی دەگرم، بۆ من هیچ ناڵێ
ـ ئەوشۆ شەوی بەدرە، لێ لێ دەسماڵێ

www.mamle.net

Mamle Art Center



لە خۆم گرتوە نەزرە، لێ لێ دەسمالێ
هەڵدێ شەوی قەدرە، لێ لێ دەسمالێ
ـ دەسمالێ و دەسمالێ لێ لێ دەسمالێ
بۆ دەسرەبادانێ، دەچتەوە مالێ
دە ئامێزیی دەگرم، بۆ من هیچ نالێ
ـ رەشماڵەی مەنگوڕان، لێ لێ دەسمالێ
لە دۆڵ و لە خڕان، لێ لێ دەسمالێ
قاتلن بۆ کوڕان، لێ لێ دەسمالێ
ـ ئەوشۆ شەو زستانە، لێ لێ دەسمالێ
بەفران گرت کۆلانە،لێ لێ دەسمالێ
بەتاڵ بوو جێژوانە، لێ لێ دەسمالێ
ـ دەسمالێ و دەسمالێ لێ لێ دەسمالێ
بۆ دەسرەبادانێ، دەچتەوە مالێ
دە ئامێزیی دەگرم، بۆ من هیچ نالێ
ـ مالی دە مەڕ داران لێ لێ دەسمالێ
دەچن بۆ هەواران، لێ لێ دەسمالێ
لێمان دەبڕن یاران، لێ لێ دەسمالێ
ـ دەسمالێ و دەسمالێ لێ لێ دەسمالێ
بۆ دەسرەبادانێ، دەچتەوە مالێ
دە ئامێزیی دەگرم، بۆ من هیچ نالێ

## دەنگ دێ لە شیلانەکەی

(ئەرێ) کز و کەلەلام (گیانە) گردەنشینم
(ئەرێ) چۆن رۆژی جارێک (گیانە) باڵات ببینم
ئەرێ دەنگ دێ لە شیلانەکەی، بەو شەوی بارانەکەی
دێ خرینگەی لەرزانەکەی
ڕەوڕەوەی بۆ دروست دەکەم، بۆ کوڕە بەرمەمکانەکەی

www.mamle.net

Mamle Art Center



ـ ئەرێ، دوو قۆلی گۆشتن (گیانە) دوو بازنەی تێدا
(ئەرێ) مانگای دەدۆشی، گیانە، شیر دەرژێ پێدا
ئەرێ دەنگ دێ لە شیلانەکەی، بەو شەوی بارانەکەی
دێ خرینگەی لەرزانەکەی
ڕەوڕەوەی بۆ دروست دەکەم، بۆ کوڕە بەرمەمکانەکەی
ـ ئەرێ، بیکە بۆ خاتری (گیانە) حەزرەتی داود
(ئەرێ) خۆ من شێتی تۆم (گیانە) سووتام لە تاوت
ئەرێ دەنگ دێ لە شیلانەکەی، بەو شەوی بارانەکەی
دێ خرینگەی لەرزانەکەی
ڕەوڕەوەی بۆ دروست دەکەم، بۆ کوڕە بەرمەمکانەکەی
ـ (ئەرێ) هەناسەی سەردم (گیانە) دەماڵێو گەرێ
(ئەرێ) ئەو شادیەت بێ من (گیانە) لێت وەشین گەرێ
ئەرێ دەنگ دێ لە شیلانەکەی، بەو شەوی بارانەکەی
دێ خرینگەی لەرزانەکەی
ڕەوڕەوەی بۆ دروست دەکەم، بۆ کوڕە بەرمەمکانەکەی
ـ (ئەرێ) بەیان و بەیان (گیانە) بەیانەی سەختە
(ئەرێ) لە میر و تاجر (گیانە) وەرگەڕا تەختە
ئەرێ دەنگ دێ لە شیلانەکەی، بەو شەوی بارانەکەی
دێ خرینگەی لەرزانەکەی
ڕەوڕەوەی بۆ دروست دەکەم، بۆ کوڕە بەرمەمکانەکەی
(ئەرێ) ئەوشۆ چەند شەوە (گیانە) دوور لە یارانم
(ئەرێ) وەک باغچەی بێئاو (گیانە) دوور لە بارانم
ئەرێ دەنگ دێ لە شیلانەکەی، بەو شەوی بارانەکەی
دێ خرینگەی لەرزانەکەی
ڕەوڕەوەی بۆ دروست دەکەم، بۆ کوڕە بەرمەمکانەکەی

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



### دەنگی قورینگان دێ

ـ عیشقت بێچارەی کردووم بۆنت مایەی ئومێدە
تایەک لەو زولفە جوانەت بەندی دڵمی گرێدا
دەنگی بولبول و قومری دێ دە نیوەشەوێدا
دڵ بە لێوئاڵێ بەندە بۆیە شێت بووە دەوێدا
کاغەز دەنووسم بۆ لەیلا بە دڵێکی پڕ بە خوێنەوە
دەنگی قورینگان دێ لە هەوای دەڵێی کوێستانچین دێنەوە
شەو داوەتیان تێکرا دەکرد لالەبەدەستان
چەند جوان و پاک و شیرینە کیژی کوردستان

**قەتار**

رەنگ زەردی خەزان خەتای پاییزەن
رەنگ زەردییەکەی من دووری ئازیزەن
دەبا بسازیین غەم بۆچی زیز بووی
بە بێ تەخسیری دامەن گیرم بووی
هەرکە نەکەرۆی روحمێ بە حاڵم
بە مەیلت قەسەم، وێرانە ماڵم
ـ هەتا نەمردووم ماوم وەرە هێزی هەناوم
لە نەخۆشخانە کەوتووم، چاو بە مۆلەق وێستاوم
بۆم بانگی دوکتوری کەن دەمرم بە ئاستەم ماوم
خودا بۆخۆی دەزانێ ئەتۆی بینایی چاوم
کاغەز دەنووسم بۆ لەیلا بە دڵێکی پڕ بە خوێنەوە
دەنگی قورینگان دێ لە هەوای دەڵێی کوێستانچین دێنەوە
شەو داوەتیان تێکرا دەکرد لالەبەدەستان
چەند جوان و پاک و شیرینە کیژی کوردستان

### دەنگی قورینگان دێ

عیشقت بێچارەی کردووم دڵ سووتاوە دەوێدا

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



زولفت با دەیژاکێنێ بە کویستان و بەویدا
دەنگی بولبول و قومری دێ دە نیوەی شەویدا
دڵ بە لێوئاڵێ بەندە بۆیە شێت بوە دەویدا
کاغەز دەنووسم بۆ لەیلا بە دڵێکی پڕ بە خوێنەوە
دەنگی قورینگان دێ لە هەوای دەڵێی کوێستانچین دێنەوە
شەو داوەتیان تێکڕا دەکرد لالەبەدەستان
چەند جوان و پاک و شیرینە کیژی کوردستان
ـ هەتا نەمردووم ماوم وەرە هێزی هەناوم
لە نەخۆشخانە کەوتووم چاو بەمۆلەق وەستاوم
بۆم بانگی دوکتوری کەن دەمرم بە ئاستەم ماوم
خودا بۆ خۆی دەیزانێ ئەتۆ بینایی چاوم
کاغەز دەنووسم بۆ لەیلا بە دڵێکی پڕ بە خوێنەوە
دەنگی قورینگان دێ لە هەوای دەڵێی کوێستانچین دێنەوە
شەو داوەتیان تێکڕا دەکرد لالەبەدەستان
چەند جوان و پاک و شیرینە کیژی کوردستان

**قەتار**

ڕەنگ زەردی خەزان خەتای پاییزەن
ڕەنگ زەردییەکەی من دووری ئازیزەن
دەبا بسازێین غەم بۆچی زیز بووی
بە بێ تەخسیری دامەن گیرم بووی
ئاشقان بە مەقسوود گەیین ئەدی یاری من کوانێ؟
شەرت بێ قەت مەیلی نانێم تاخودا دەکا دیوانێ
هەڵوەدای چاوی ڕەشم تا جزیر و بۆتانێ
غەمی دایک و بابم نیێ، لێم بەجێ ماوە جوانێ
کاغەز دەنووسم بۆ لەیلا بە دڵێکی پڕ بە خوێنەوە
دەنگی قورینگان دێ لە هەوای دەڵێی کوێستانچین دێنەوە
شەو داوەتیان تێکڕا دەکرد لالەبەدەستان

www.mamle.net

Mamle Art Center



چەند جوان و پاک و شیرینە کیژی کوردستان

### دەنگی یار نایە

چاوان مەرێژە هێشتا منداڵی
سێوی نەگەیوی، هەڵووژەی کاڵی
دەنگی یار دەنگی یار، دەنگی یار نایە
ناسکۆڵێ ناسکۆڵێ خڕکۆڵەی دایە
ـ ئەو سەرزەمینەی بۆی تۆی لێ نایە
ئاوری تێبەر بێ هەر شەو لە لایە
دەنگی یار دەنگی یار، دەنگی یار نایە
ناسکۆڵێ ناسکۆڵێ خڕکۆڵەی دایە
ـ بیکە بە خاتری عیشقی لە دەست چوو
سەرت هەڵێنە ئاورم تێبەر بوو
دەنگی یار دەنگی یار، دەنگی یار نایە
ناسکۆڵێ ناسکۆڵێ خڕکۆڵەی دایە
ـ هەرچەند نوێژ دەکەم نوێژم بەتاڵە
تەحیات دەخوێنم تۆم لە خەیاڵە
دەنگی یار دەنگی یار، دەنگی یار نایە
ناسکۆڵێ ناسکۆڵێ خڕکۆڵەی دایە
ـ چاوێکم دیشێ چا نابێتەوە
ئەو گوڵەم لێ زیزە ئاشت نابێتەوە
دەنگی یار دەنگی یار، دەنگی یار نایە
ناسکۆڵێ ناسکۆڵێ خڕکۆڵەی دایە

### دەنوێ دەنوێ، دەنوێ خەوی نایە

وێڵی مەکانی پەریانم
خەڵکی جزیر و بۆتانم

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

www.mamle.net

Mamle Art Center



عاشقی کچی شای پەریانم
ئای دەنوێ و دەنوێ، ئای دەنوێ و خەوی نایە
شەو بە ئینتیزاری یارم، خەو بە چاومدا نایە
(ئای دەنوێ و خەوی سووکە
ئەو کیژەم تازە بووکە
وەک سێوی سەر چڵووکە)
ـ خزم و کەسەکانم گەنێ
دەچمە باغی شای ئیرەمێ
بەڵکوو پەری خانمم دەنێ
ئای دەنوێ و دەنوێ، ئای دەنوێ و خەوی نایە
شەو بە ئینتیزاری یارم، خەو بە چاومدا نایە
ـ کەسری نەیەتە سەر شانم
لێم نەتۆرێ پەری خانم
نازی وی ئەمن دەیتوانم
ئای دەنوێ و دەنوێ، ئای دەنوێ و خەوی نایە
شەو بە ئینتیزاری یارم، خەو بە چاومدا نایە
ـ من ئادەمیزاد تۆ پەری
پەری جوانن بۆ دولبەری
خوم لێ کردووە بە مشتەری
ئای دەنوێ و دەنوێ، ئای دەنوێ و خەوی نایە
شەو بە ئینتیزاری یارم، خەو بە چاومدا نایە
ـ لە نێو رووناکی و تاریکی
عاشقم بە کەمەرباریکی
بریا دۆستم با جاریکی
ئای دەنوێ و دەنوێ، ئای دەنوێ و خەوی نایە
شەو بە ئینتیزاری یارم، خەو بە چاومدا نایە
ـ کیژ دێنە خوار دەستە دەستە

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



یەکێک لە ناویان چاومەستە
ئەو ئارەزووم و مەبەستە
ئای دەنوێ و دەنوێ و دەنوێ، ئای دەنوێ و خەوی نایە
شەو بە ئینتیزاری یارم، خەو بە چاومدا نایە

## دەی دەی دەی بارانە

سوێندم خواردووە هەتا مابم، دەی دەی دەی بارانە
بە دڵ یاری هیچ کەس نابم، دەی دەی دەی بارانە (٢)
ـ هەرچەند فکرانی لێ دەکەم، دەی دەی دەی بارانە
ئەوساڵ سەرم خەلاس ناکەم، دەی دەی دەی بارانە
دەڵێن لێم زیز بوە لەیلاکەم، دەی دەی دەی بارانە
وەی وەی وەی بارانە، دەی دەی دەی بارانە
ئەی پایزە و گەڵاڕێزانە، جێ راوگەی یارانە
ئەی پایزە و گەڵاڕێزانە، دەبارێ بارانە
ـ ناکێشم نازی تۆ چیدی، دەی دەی دەی بارانە
هات رابرد بە توند و تیژی، دەی دەی دەی بارانە
کەنگێ خراپەت لە من دی، دەی دەی دەی بارانە
ـ سەد لەعنەت لە خۆم و لە خووم، دەی دەی دەی بارانە
حەیفە بۆ عومری رابردووم ، دەی دەی دەی بارانە
موحتاجی دۆستی وای کردووم، دەی دەی دەی بارانە
وەی وەی وەی بارانە، دەی دەی دەی بارانە
ئەی پایزە و گەڵاڕێزانە، جێ راوگەی یارانە
ئەی پایزە و گەڵاڕێزانە، دەبارێ بارانە
ـ عیشقت بۆتە مایەی ژینم، دەی دەی دەی بارانە
سارێژی دەکا برینم، دەی دەی دەی بارانە
دەشێوم رۆژێک نەتبینم، دەی دەی دەی بارانە
وەی وەی وەی بارانە، دەی دەی دەی بارانە

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



ئەی پایزە و گەڵاڕێزانە، جێ راوگەی یارانە
ئەی پایزە و گەڵاڕێزانە، دەبارێ بارانە
ـ ویلی مەکانی پەریانم، دەی دەی دەی بارانە
خەلکی جزیر و بۆتانم دەی دەی دەی بارانە
عاشقی کیژی شای پەریانم دەی دەی دەی بارانە
وەی وەی وەی بارانە، دەی دەی دەی بارانە
ئەی پایزە و گەڵاڕێزانە، جێ راوگەی یارانە
ئەی پایزە و گەڵاڕێزانە، دەبارێ بارانە

## دێم دێم، بۆت دێمە ژوانێ

خودا داکەی بارانێک، بارانێک، شەو کزەی شەماڵ بێ بەشەو
بیدا لە خاڵی ئەی لەیلا، بەلکوو راپەڕێ لە خەو،
دێم، بێم، وەڵلا بۆت دێمە ژوانێ، ئەگەر عالەم بزانێ،
ئەگەر عالەم پێ بزانێ
ـ ئەرێ مێژوو داینا‌وە، داینا‌وە، گیانە جێژنە بۆ شادی
(ئەرێ) من کزم، داماوم، داماوم، (جوانێ) بە بێ مرادی
دێم، بێم، وەڵلا بۆت دێمە ژوانێ، ئەگەر عالەم بزانێ،
ئەگەر سابلاغ پێ بزانێ
ـ (ئەرێ) نابێ عاقڵ بی، عاقڵ بی، (گیانە) هەی مردووت نەمرێ
(ئەرێ) کوا باغ بە زستان، بە زستان (گیانە) بەرێ دەگرێ
دێم، بێم، وەڵلا بۆت دێمە ژوانێ، ئەگەر عالەم بزانێ،
ئەگەر عالەم پێ بزانێ
ـ (ئەرێ) نەزرێکی دەکەم، (ئەی) دەکەم، رەببی وەخێر گەڕێ
(ئەرێ) مانگم دە تەمدا، دە تەمدا، رەببی بۆم بێتە دەرێ
دێم، بێم، وەڵلا بۆت دێمە ژوانێ، ئەگەر عالەم بزانێ،
ئەگەر عالەم پێ بزانێ
ـ (ئەرێ) بە شانمدا هات (ئەی) داهات، گیانە بەلای ناگەهان

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



(ئەرێ) چی دیکەت دەوێ (ئەی) دەوێ، (گیانە) لە منی بەستەزمان
دێم، بێم، وەڵڵا بۆت دێمە ژوانێ، ئەگەر عالەم بزانێ،
ئەگەر عالەم پێ بزانێ

### دینێ وەرە دینێ

بەو قورعانەی لە سەر دەستم، دینێ وەرە دینێ
لەت لەت کرێم لەسەر پۆستم، دینێ وەرە دینێ
نانێم مەیلی کۆنە دۆستم، خاڵەکەی نەخشینێ
ـ چی دیم لێ مەگرە بەهانێ، دینێ وەرە دینێ
چاوەڕێم وەرە بۆ جێژوانێ، دینێ وەرە دینێ
نامەی بۆ نەناردم جوانێ، خاڵەکەی نەخشینێ
ـ چاوم لێ مەکە کوێر دەبی، دینێ وەرە دینێ
هەرزەکانی بێ خێر دەبی، دینێ وەرە دینێ
ماچت نادەمێ فێر دەبی، خاڵەکەی ئامینێ
ـ لە مزگەوتێ نوێژم دەکرد، دینێ وەرە دینێ
یەکێک لەناکاو بانگی کرد، دینێ وەرە دینێ
خانەخەراپ لەیلایان برد، خاڵەکەی نەخشینێ
ـ ریحان قەزات لە پردیکم، دینێ وەرە دینێ
هەر ساتەی تووشی دەردیکم، دینێ وەرە دینێ
موبتەلای دەسماڵ زەردیکم، خاڵەکەی ئامینێ
ـ دڵ زەلیل بی بۆ لە کوڵی، دینێ وەرە دینێ
زووخاوم لە دڵی هەڵقوڵی، دینێ وەرە دینێ
دەردی وی دەبمە بن گڵی، خاڵەکەی نەخشینێ
ـ قەسەم بە رەحمان و رەحیم، دینێ وەرە دینێ
تاکوو لە دنیایە دەژیم، دینێ وەرە دینێ
مەیلت نانێم، یاری قەدیم، خاڵەکەی نەخشینێ
ـ دیسان شەو هات بۆ حاڵی من، دینێ وەرە دینێ

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



لەو دڵەی پڕ خەیاڵی من، دینێ وەرە دینێ
گەرەک نانوێ لە ناڵەی من،خاڵەکەی نەخشینێ

## رازی شەو

خۆزگەم بە دوێنێ پارشێوێ
وێکڕا نوستبووین بە چارشێوێ، (٢)
لێکیان کردین ماڵیان شێوێ،
دەمرم لەبەر رازی شەوێ،
یار زیزە و لەرزانەی دەوێ
- جوابێک بەرن بۆ خزمانم
ئاورێک بەربۆتە خەرمانم (٢)
لێم زیزە گەوهەری جوانم
دەمرم لەبەر رازی شەوێ،
یار زیزە و لەرزانەی دەوێ
- چاوت ئەستێرەی سوبحی دەم
مەنشوورە لە کورد و عەجەم (٢)
رازیم بە لوتفی زۆر و کەم
دەمرم لەبەر رازی شەوێ،
یار زیزە و لەرزانەی دەوێ
- قوربانت بم ئەی مەستەچاو
سەری کوڵمت دەگرم بەدەم
رازیم بە لوتفی زۆر و کەم
تۆ خاتووزین، من کاکەمەم
دەمرم لەبەر رازی شەوێ،
یار زیزە و لەرزانەی دەوێ

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



## راستی راستی

ـ (ئەرێ) کەس نییە بپرسێ (جوانێ گیان) تۆ دەردت چییە
(ئەی هاوار) تۆ دەردت چییە
(ئەرێ) نازانن مەجنوون (جوانێ گیان) شێتی لەیلییە
(ئەی هاوار) شێتی لەیلییە
ئەی راستی راستی راستی (گیانە) هەنارە لە سەر دەستی
(ئاخ) هەنارە لەسەر دەستی
بەوەی دەزانم یار دێ، خرینگەی بازنەی دەستی
جوانێ بە ناز رامەبرە ناکرێ تاوێک راوەستی؟
ـ (ئەرێ) شێتی تۆم شێت ئەی (جوانێ گیان) دەلو و دێوانە
ئەی هاوار دەلو و دێوانە
(ئەرێ) شێتی تۆی کردووم (نازەنین) چەرخی زەمانە
ئەی هاوار چەرخی زەمانە
ئەی راستی راستی راستی (گیانە) هەنارە لە سەر دەستی
(ئاخ) هەنارە لەسەر دەستی
بەوەی دەزانم یار دێ، خرینگەی بازنەی دەستی
جوانێ بە ناز رامەبرە ناکرێ تاوێک راوەستی؟

**قەتار**

وەرن مەشکێنن شووشەی مەینەتم
هەم دنیاشم چوو هەم قیامەتم
شەرتە پۆستی دڵ وەبان کاڵەکەم
شەو هەتاکوو رۆژ ئاە و ناڵەکەم
شێتان شێت دەبوون دەچنە کەسنەزان
خۆ من شێتی تۆم، بەسیە پێنەزان
ـ (ئەرێ) زەلیل و غەریب (جوانێ گیان) کەوتووم لە شاران
نازەنین، کەوتووم لە شاران
(ئەرێ) غەم بۆم دەبارێ (نازەنین) وەک تاوی باران

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



ئەی هاوار وەک تاوی باران
وەرن مەشکێنن شووشەی مەینەتم
هەم دنیاشم چوو هەم قیامەتم
شەرتە پۆستی دڵ وەبان کاڵەکەم
شەو هەتاکوو رۆژ ئاه و ناڵەکەم
ـ (ئەرێ) هەناسەی سەردم (جوانێ گیان) کێو لە بن دێنێ
نازەنین کێو لە بن دێنێ
(ئەرێ) خودا خودای من (جوانێ گیان) چت بە سەر بێنێ
نازەنین چت بە سەر بێنێ
وەرن مەشکێنن شووشەی مەینەتم
هەم دنیاشم چوو هەم قیامەتم
شەرتە پۆستی دڵ وەبان کاڵەکەم
شەو هەتاکوو رۆژ ئاه و ناڵەکەم

**راوکەری بەدخوو**

ـ راوکەری بەدخوو (عەزیزەکەم) خوێنرێژ و خوێنخۆر (٢)
بۆ رەزای خودای (عەزیزەکەم) بەسیە زوڵم و زۆر (٢)
ـ هەر سەیزادیکی (عەزیزەکەم) شاڵ کرمانی بێ (٢)
نەمبیستوە لە کەس (عەزیزەکەم) جوانی وای دیبێ (٢)
ـ ئەی دڵە ناشاد بی (عەزیزەکەم) ناشادت کردم (٢)
موحتاج بە دۆستی (هەردوو دیدەکەم) بێوەفات کردم (٢)
ـ بە جوانیت قەسەم (عەزیزەکەم) تۆش دەشەمزێنێ
ئەو جوانیەی هەتە (عەزیزەکەم) بە تۆش نامێنێ
ـ هەر سەیزادیکی (عەزیزەکەم) شاڵ کرمانی بێ (٢)
دەڵێن لێم زیزە (عەزیزەکەم) یاخودا وا نەبێ (٢)
ـ غەریب لە شاران (عەزیزەکەم) غەریب دیارەن (٢)
جێگای غەریبان (عەزیزەکەم) گۆشە و کەنارەن (٢)

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



ـ لە وڵاتی خۆمان (عەزیزەکەم) کێویک دیارە (٢)
بە قەد ئەو کێوە (عەزیزەکەم) غەم لە دڵم بارە (٢)
ـ سەرم سەودایی (عەزیزەکەم) عیشقی دڵدارە (٢)
سا من بە سەودای (عەزیزەکەم) چینم چ کارە (٢)
ـ خۆ من پیر نەبووم (عەزیزەکەم) تۆپیرت کردم (٢)
پیری موحتاجی (هەر دوو دیدەکەم) بێوەفای کردم (٢)
ـ کەسێک کە پیر بێ (عەزیزەکەم) دڵ بە کیژ نادا (٢)
حەیفە بۆو عومرەی (عەزیزەکەم) بۆ تۆم بە با دا (٢)
ـ حەکیمێک بێنن (عەزیزەکەم) دەست دە دڵم نێ (٢)
یان چاکم بکا (عەزیزەکەم) یان دەگڵێم نێ (٢)

**قەتار**

شەوان تا بە رۆژ گریان مەیلمن
یەکجار پەژارەی دووری لەیلمن
یارەب تۆو حەجە و کەلامولڵا کەی
ئەو غەمەی لە دڵم تەرت و توونا کەی
خالەق من تۆم هەس، بێکەس تۆ کێت هەس
تا فریاد ئەکەم وە فریادم رەس
ـ راوکەری بەدخوو (عەزیزەکەم) خوێنڕێژ و خوێنخۆر (٢)
بۆ رەزای خودای (هەردوو دیدەکەم) بەسیە زوڵم و زۆر (٢)

**رەزیە**

(ئای) شەرت بێ گوڵی کەس (گیانە) ناکەم بە بۆوە
(گیانە) ناکەم بە بۆوە
(ئای) تا گوڵم بۆ دێ (گیانە) لە خزمەت تۆوە
(ئای) لە خزمەت تووە
(ئەرێ) رەزیە وەرەماڵەکەم رەزیە، هەر تۆ خانمی
(ئای) سوێندت بۆ دەخۆم، رەزیە روح و گیانمی

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



ـ (ئەرێ) بیکە بە خاتری (گیانە) حەزرەتی داود
(ئای) حەزرەتی داود
(ئەرێ) خۆ من شێتی تۆم (دیدەکەم) سووتام لە تاوت
(دیدەکەم) سووتام لە تاوت
(ئەرێ) رەزیە وەرە مالەکەم رەزیە، هەر تۆ خانمی
(ئای) سوێندت بۆ دەخۆم، رەزیە روح و گیانمی
ـ (ئەرێ) ئەو مالەی هەمە (گیانە) نەزری ئەللا بێ
دیدەکەم نەزری ئەللا بێ
(ئەرێ) بەلکوو کۆچەکەت (گیانە) بەرەو دوا بێ
دیدەکەم بەرەو دوا بێ
(ئەرێ) رەزیە وەرە مالەکەم رەزیە، هەر تۆ خانمی
(ئای) سوێندت بۆ دەخۆم، رەزیە روح و گیانمی
ـ ئەرێ دەگەل کەم شەرتان (گیانە) پای خوم خستە چال
دیدەکەم پای خۆم خستە چال
(ئەرێ) نەجاتیم نایە (گیانە) تاکوو هەزار سال
دیدەکەم تا کوو هەزار سال
(ئەرێ) رەزیە وەرە مالەکەم رەزیە، هەر تۆ خانمی
(ئای) سوێندت بۆ دەخۆم، رەزیە روح و گیانمی

**رەزیە روح و گیانمی**

**قەتار**

بەسم بکوژە بە تیری غەمزە
غەمزەت ئەندامی هێناومە لەرزە
چ بکەم دلەی شێت تووشی تۆی کردم
بە سەودای بێ‌سوود لە ناوی بردم
برژانگەکان بێ بە پەرژین
رێی گوزەر نەدا بە دیدەی بەدبین

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



(ئەرێ) نابێ عاقڵ بی (گیانە) ئەی مردووت مرێ
(ئەرێ) کوا باغ بە زستان (گیانە) بەرێ دەگرێ
(ئەرێ) ڕەزیە وەرە ماڵەکەم ڕەزیە، هەر تۆ خانمی
(ئای) سوێندت بۆ دەخۆم، ڕەزیە روح و گیانمی
ـ (ئەرێ) با کەس نەبێ (گیانە) نەدامەتی تۆ
(ئەرێ) کەنگێ وای لێهات (گیانە) بەینی من و تۆ
(ئەرێ) ڕەزیە وەرە ماڵەکەم ڕەزیە، هەر تۆ خانمی
(ئای) سوێندت بۆ دەخۆم، ڕەزیە روح و گیانمی
ـ (ئەرێ) هەر لە هەورامان (گیانە) تا قەڵای قازی
(ئەرێ) شەقەی ماچ و مووچ (گیانە) خرینگەی دەسبازی
(ئەرێ) ڕەزیە وەرە ماڵەکەم ڕەزیە، هەر تۆ خانمی
(ئای) سوێندت بۆ دەخۆم، ڕەزیە روح و گیانمی
ـ (ئەرێ) جێی نابێتەوە (گیانە) دوو یار لە یەک دڵ
(ئەرێ) قەت دوو دڵ نابێ (گیانە) ئینسانی عاقڵ
(ئەرێ) ڕەزیە وەرە ماڵەکەم ڕەزیە، هەر تۆ خانمی
(ئای) سوێندت بۆ دەخۆم، ڕەزیە روح و گیانمی

**ڕەعنا**

**فەتار**

چەندە بگریم، لەتلەتی جەرگیم لە چاوی بێتە خوار
خۆ ئەمن گەوهەر فرۆش نیم چاوی من دەریا نییە
وسیەت بێ کە من مردم تەخت و تابووتم لە عەرعەر کەن
هەتا عالەم بزانێ من شەهیدی قامەتی یارم
خەناوی کەوتە پەنجەی لە خوێناوی دڵی زارم
ئەمە بەرگی شەهادەت بێ کە کوشتەی دەستی دڵدار
وەفایی دوور لە تۆ پەیوەستە کاری شین و گریانە
لەبەر چاوم بە سەت جێ وەک نیشانە دڵ بریندارم

www.mamle.net

Mamle Art Center



ـ لەنجەو لارت هەروەکوو کۆترە باریکە (رەعنا)
شێت و شەیدای تۆم وەرە ناز مەکە (رەعنا)
بە غەمزە و نازی، بە خۆت دەنازی،
چاوی کەژاڵ و لێوی بەخاڵت لە دینی کردم
هەی بۆ تۆ مردم
ـ گۆزێکی سووری پێیە دەچێ بۆ کانی (رەعنا)
شێت و شەیدای تۆم وەرە نازانی (رەعنا)
بە غەمزە و نازی، بە خۆت دەنازی،
چاوی کەژاڵ و لێوی بەخاڵت لە دینی کردم
هەی بۆ تۆ مردم
ـ سەرمەستی ماچی دەم و لێوی ئاڵی تۆم (رەعنا)
کوژراوی غەمزە و نازی چاوی بازی تۆم (رەعنا)
بە غەمزە و نازی، بە خۆت دەنازی،
چاوی کەژاڵ و لێوی بەخاڵت لە دینی کردم
هەی بۆ تۆ مردم

**ریحانەم دێراو دێراوە**

قەسەم بەوەی قەت نامرێ
سەت کەس جانانەی لێ دەمرێ
گڵ بێعارە و مەیلان دەبڕێ
ئای ریحانەم دێراودێراوە
جا شەتڵی دەستی شۆڕەلاوە
چەند شیرینە دەڵەی قەنداوە
ـ نە مەجنوونم نە فەرهادم
زەحمەت کێش و رەنج بەبادم
رەبی حاسڵ بێ مرادم
ئای ریحانەم دێراودێراوە

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



جا شەتلی دەستی شۆڕەلاوە
چەند شیرینە دەڵەی قەنداوە
ـ دیسان شەو هات بۆ حاڵی من
لەو دڵەی پڕ خەیاڵی من
گەڕەک نانوێ لە ناڵەی من
ئای ریحانەم دێراودێراوە
جا شەتلی دەستی شۆڕەلاوە
چەند شیرینە دەڵەی قەنداوە

## زارا

تۆم توولە نەمام عەسای دەستمی (ئەی وەی زارا گیان دیدەم زارا)
من کەسم نییە تۆ گشت کەسمی (ئەی وەی زارا گیان دیدەم زارا)
با نەڕوا یارم بەو لەنجە و لارە، فێنکی ئێوارە ئەو گوێ بە گوارە
شاهیدیم بۆ بدەن، دڵ بێقەرارە (ئەی وەی زارا گیان دیدەم زارا)
ئەو ریزە ماڵەی بە ماڵ ئەنگووە (ئەی وەی زارا گیان دیدەم زارا)
هەمووم خۆش دەوێ بە بۆنەی تۆوە (ئەی وەی زارا گیان دیدەم زارا)
با نەڕوا یارم بەو لەنجە و لارە، فێنکی ئێوارە ئەو گوێ بە گوارە
شاهیدیم بۆ بدەن، دڵ بێقەرارە (ئەی وەی زارا گیان دیدەم زارا)
نە خودا دەمکوژێ نە بۆخۆم دەمرم (ئەی وەی زارا گیان دیدەم زارا)
چونکێ غەریبم کەس ناگرێ قەدرم (ئەی وەی زارا گیان دیدەم زارا)
با نەڕوا یارم بەو لەنجە و لارە، فێنکی ئێوارە ئەو گوێ بە گوارە
شاهیدیم بۆ بدەن، دڵ بێقەرارە (ئەی وەی زارا گیان دیدەم زارا)
باڵا بەو بەرزی، قەد بەو باریکی (ئەی وەی زارا گیان دیدەم زارا)
ئەستێرەی سیوەیل کەوتە تاریکی (ئەی وەی زارا گیان دیدەم زارا)
با نەڕوا یارم بەو لەنجە و لارە، فێنکی ئێوارە ئەو گوێ بە گوارە
شاهیدیم بۆ بدەن، دڵ بێقەرارە (ئەی وەی زارا گیان دیدەم زارا)
باری کەس نەبێ نەدامەتی تۆ (ئەی وەی زارا گیان دیدەم زارا)

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



کەنگێ وای لێهات بەینی من و تۆ (ئەی وەی زارا گیان دیدەم زارا)
با نەڕوا یارم بەو لەنجە و لارە، فێنکی ئێوارە ئەو گوێ بە گوارە
شاهیدیم بۆ بدەن، دڵ بێقەرارە (ئەی وەی زارا گیان دیدەم زارا)
هەتا بمێنم منەتباری تۆم (ئەی وەی زارا گیان دیدەم زارا)
بۆخۆت دەیزانی قەرزداری تۆم (ئەی وەی زارا گیان دیدەم زارا)
با نەڕوا یارم بەو لەنجە و لارە، فێنکی ئێوارە ئەو گوێ بە گوارە
شاهیدیم بۆ بدەن، دڵ بێقەرارە (ئەی وەی زارا گیان دیدەم زارا)
نە چاو تیر دەبێ نە دڵ دەبێزێ (ئەی وەی زارا گیان دیدەم زارا)
من لێرە ماوم یار لە تەورێزێ (ئەی وەی زارا گیان دیدەم زارا)
با نەڕوا یارم بەو لەنجە و لارە، فێنکی ئێوارە ئەو گوێ بە گوارە
شاهیدیم بۆ بدەن، دڵ بێقەرارە (ئەی وەی زارا گیان دیدەم زارا)

## زارا

هەر لە هەورامان تا قەڵای قازی (ئەی وەی زارا گیان دیدەم زارا)
شەقەی ماچوموچ خرینگەی دەسبازی (ئەی وەی زارا گیان دیدەم زارا)
با نەڕوا یارم بەو لەنجە و لارە، فێنکی ئێوارە ئەو گوێ بە گوارە
شاهیدیم بۆ بدەن، دڵ بێقەرارە (ئەی وەی زارا گیان دیدەم زارا)
هەتا جوان بووم، فرە پیر نەبووم (ئەی وەی زارا گیان دیدەم زارا)
عاشق بە باز و سۆنەگیر نەبووم (ئەی وەی زارا گیان دیدەم زارا)
با نەڕوا یارم بەو لەنجە و لارە، فێنکی ئێوارە ئەو گوێ بە گوارە
شاهیدیم بۆ بدەن، دڵ بێقەرارە (ئەی وەی زارا گیان دیدەم زارا)

**قەتار**

مەگەر ناڵینی من هاتۆتە گۆشی
کەوا کردوویە تەرکی سوورپۆشی
فەلەک تۆش عاشقی وەک من کە ئەمشەو
خەریکی ناڵە و گریە و خرۆشی؟
مەدە وەعزم لە تۆبەی عەشقی زاهیر

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



ئەگەر ساحەب کەماڵ و عەقڵ و هۆشی
لە من بەدتر دەبی بیللا ئەگەر تۆش
شەڕابی دەستی ئەو یارە بنۆشی
لە بەدبەختی خۆم، وا رادەبینم، (ئەی وەی زارا گیان دیدەم زارا)
بچمە سەر سیروان هیچ ئاو نابینم (ئەی وەی زارا گیان دیدەم زارا)
با نەڕوا یارم بەو لەنجە و لارە، فێنکی ئێوارە ئەو گوێ بە گوارە
شاهیدیم بۆ بدەن، دڵ بێقەرارە (ئەی وەی زارا گیان دیدەم زارا)
خودا هەڵکەنێ ئەو کێوە لە بن (ئەی وەی زارا گیان دیدەم زارا)
بەڵکوو پەیدا بێ عەمرو دیدەی من (ئەی وەی زارا گیان دیدەم زارا)
با نەڕوا یارم بەو لەنجە و لارە، فێنکی ئێوارە ئەو گوێ بە گوارە
شاهیدیم بۆ بدەن، دڵ بێقەرارە (ئەی وەی زارا گیان دیدەم زارا)

### زاوا لە بووکێ مەدە

(ئەرێ) عەمرو چاوەکەم یارە، زێڕی هەژدە عەیارە
(جا) گەلی دۆست و برادەران، تەگبیر بکەن لەو کارە
بابی زیندانی کردوە، دەورەی سیمی خاردارە
ناوێرم بچمە ژوانێ (ئای) پۆست و قەراوڵ دیارە
زاوا لە بووکێ مەدە، بۆ لێی دەدەی لە بووکێ
دە ماڵە خوت بەردەدەی گریان و نووکەنووکێ
بابی لێت عاجز دەبێ، دایکی لێت دەکا تووکێ
دەبڵە بێنن پێش باران، ماڵ گەیشتە بازینی
بوکێ پێی دە رکێفی نا. کەوتە سەر خوانی زینی
لە خودای دەکەم تەڵەبە، خێر و خۆشی نەبینی
زاوا لە بووکێ مەدە، بۆ لێی دەدەی لە بووکێ
دە ماڵە خوت بەردەدەی گریان و نووکەنووکێ
بابی لێت عاجز دەبێ، دایکی لێت دەکا تووکێ

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



## زمزیران

بەهاران خۆشە زمزیران
لە شیو و دۆڵ دەستدەگیران
تێکەڵ بوون دۆست و دەزگیران
ئەی یار ئەی یار دوورە یارم
بێوی تاریکە رۆژگارم
ئەی یار....
هاوین خەرمان لەبەر بایە
شەماڵ کەوتووە زریان نایە
هەڵیان‌بڕیم لە لەیلایە
ئەی یار ئەی یار دوورە یارم
بێوی تاریکە رۆژگارم
ئەی یار....
ـ پایز کاتی زەماوەندە
لە دێهات شایی و گۆوەندە
بۆ منی بەدبەخت کۆت و بەندە
ئەی یار ئەی یار دوورە یارم
بێوی تاریکە رۆژگارم
ئەی یار....

## قەتار

بیکە بە خاتری عومری لە دەست‌چوو
سەرت هەڵێنە ئاورم تێبەربوو
ساڵەهای ساڵە من رەنجەڕۆی تۆم
بە نان و ئاو و جل‌وبەرگی خۆم
بێژن وەگولالە سوورەکان سەر دەرنەهێنن لە خاک
چونکو دڵەکەی من نیشتووە غەمناک
باقەی دەستەگوڵ زاری و دڵگیریم

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



پەیپەی زیاد کرد پەژارەی پیریم
خۆ من پیر نەبووم پیرەکەی تۆمە
عاشقی ئەگریجە و زولفەکەی تۆمە
بیکە بۆ خاتری عومری لە دەستچوو
سەرت هەڵێنە ئاورم تێبەر بوو
زستان مانگی ڕێبەندانێ
لێم گیرا ڕێگەی لاجانێ
دە کۆتیدام لە زیندانێ
هەڵیان بڕیوم لە جوانێ
ئەی یار ئەی یار دووره یارم
بێ‌وی تاریکە ڕۆژگارم
ئەی یار....

**زەمانە**

هۆنراوەی دوکتور شیرازی

زەمانە گوڵێکی دامێ لێی ستاندم
بۆنم پێوە نەکرد لێی هەڵپساندم
ڕیشەی جەرگ و دڵم بوو ئەو گوڵەی من
فەلەک زۆر بێ‌وەفا بوو لێی ستاندم
ئای گوڵەکەم وای گوڵەکەم بۆن خۆشەکەم
پاشی بالآی تۆ من دڵ بە کێ خۆش کەم
ـ شایی و شینم تێکەڵ بوو ئەی گوڵی من
بەهارە پەڕپەڕە ژاکا گوڵی من
سەبەب‌کارت زەلیل و قوڕبەسەر بێ
شەو و ڕۆژ خواردنی خوێناوی جگەربێ
ئای غەریبم، وای غەریبم، ئای غەریبم
سووتا جەرگم، لە دەستم چوو حەبیبم
ـ غەریب ماوم لە تارانێ بۆ وات کرد

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



ئەسیر مابووم لە زیندانێ بۆ وات کرد
لەبەر خاتری خۆشەویستیت بۆ وات کرد
لەبەر تاقە براکەی خۆت بۆ وات کرد
ئای بۆ وات کرد وەی بۆ وات کرد، ئاخ بۆ وات کرد
بە دەستی خۆت ماڵە من و خۆت خرا کرد
دریغا حسرتا از زندگانی
نچیدم گل ز گلزار جوانی
بە صد حسرت بە زیر خاک رفتی
ندیدی تخت و بخت کامرانی

**زەمانە**

هۆنراوە: دوکتور شیرازی

زەمانە گوڵێکی دامێ لێی ستاندم
بۆنم پێوە نەکرد لێی هەڵپساندم
ریشەی جەرگ و دڵم بوو ئەو گوڵەی من
فەلەک زۆر بێ‌وەفا بوو لێی ستاندم
ئای گوڵەکەم وای گوڵەکەم بۆن‌خۆشەکەم
پاشی بالای تۆ دڵ بە کێ خۆش کەم
غەریب ماوم لە تارانێ بۆ وات کرد
ئەسیر مابووم لە زیندانێ بۆ وات کرد
لەبەر خاتری خۆشەویستیت بۆ وات کرد
لەبەر تاقە براکەی خۆت بۆ وات کرد
ئای بۆ وات کرد، وای بۆ وات کرد، ئاخ بۆ وات کرد
بە دەستی خۆت ماڵە من و خۆت خرا کرد

**قەتار**

ئەوشۆکە دیسان دەروون پڕ خەمەن
کاروانی خەمان لە لامان جەمەن

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



ساقی سا دەخیل وە فریادم ڕەس
وە رووی نازەوە جام بگرە وەدەس
بۆ گولاڵەی دڵ دلبەر عەزیزن
مەزەی تاڵی خەم، یاران لەزیزن
چەند وەختە دڵم غەمگینی لەیلن
وا دیارە لەیلا بێڕوحم و مەیلن
مەکەن مەنعی دوو چاوی پڕ لە ئاوم
بە دەستی قەوم و خوێش من دڵشکاوم
لە دنیادا بە مەرگت تاکوو ماوم
کزەی دێ لە دڵ و جەرگ و هەناوم
ئای غەریبم وای غەریبم گیان غەریبم
سووتا جەرگم لە دەستم چوو حەبیبم
شایی و شینم تێکەڵ بوو ئەی گوڵی من
بەهارە پەڕپەڕە ژاکا گوڵی من
سەبەبکارت زەلیل و قوڕبەسەر بێ
شەو و ڕۆژ خواردنی خوێنی جگەر بێ
ئای غەریبم وای غەریبم گیان غەریبم
سووتا جەرگم لە دەستم چوو حەبیبم

**زێڕنۆکێ**

خۆم قاسیدی زێڕنۆکێ سبەی دەڕۆم بەیانی
کالۆشێ خۆم دە پێ دەکەم، بە تۆفیقی سوبحانی
دەڵێم بمدەیە ماچێک زێڕنوکێ بازرگانی
خۆم قاسیدی زێڕنۆکێ، دەڕۆم دەچمە خۆشناوان
دەچمە کن زێڕینگەری دەسک دەکەم دراوان
وەبەر زێڕنۆکێ دەخەم بەلکوو هەڵبێنێ چاوان
خۆم قاسیدی زێڕنۆکێ دەڕۆم دەچمە زریبارێ

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



دەچمە کن وەستاکاران، بوی دروست بکەن گواریٚ
با زێرنۆک لە گوێی بکا بێتە دەرکی حەساریٚ
خۆم قاسیدی زێرنۆکیٚ سبەی دەرۆم سەحەری
کاڵۆشیٚ خۆم دە پێ دەکەم، لە خۆم شەدە کودەری
دەچمە کن بابی زێرنیٚ، حەوت ساڵان بە نۆکەری
لەبەر خاتری زێرنۆکیٚ بەڵکوو روحمم پێ بەری
خۆم قاسیدی زێرنۆکیٚ دەرۆم دەچمە بێتواتیٚ
سەفەریکم کەوتە بەر رێیە هات و نەهاتیٚ
دەچمە کن بابی زێرنیٚ بەڵکوو زێرنۆکیم داتیٚ
زێرنۆک و مریەمۆکیٚ بە جووت دەچنە خرنۆکیٚ

**زێرینیٚ**

(وەرە وەرە گەوهەریٚ)

نەخۆش و پەریشانم ئازار نییە دەردی تۆیە
روو لە هەرجێیەک دەکەم (گیانە) تاریفی جوانی تۆیە
یارم وەک مانگی چاردە (گیانە) هات گەییە سەر ئاسۆیە
ئای زێرینیٚ، زێرینیٚ (٢) کۆیە خۆشە با بچینیٚ

**قەتار**

خوداوەندا چ دەردیکە دوچارم
وەک زولفت پەریشانە رۆژگارم
ئەمن چ بکەم لەگەڵ تفلی وەکوو دڵ
گرووی دەگریٚ دەڵیٚ کوا رووبەخاڵم
هەتا دوێنیٚ عەزیزی من ئەتۆ بووی
لەوەی دوا رۆژ بەرۆژ کەم گفتوگۆ بووی
کە من باغی مرادم بیٚ سەمەر بیٚ
بە من چی باغی عالەم جوملە بەر بیٚ
شەدەی بەستوە بێریانی، دەسرۆکەی تۆزیک تیلە

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



قامکت شووش و باریکە، تێیدایە ئەنگوستیلە
لەسەر چیم لێ زیزی (گیانە) زیز بوونت بێ دەلیلە
وەرە وەرە گەوهەرێ، سینگت حەوزی کەوسەرێ
لێم گەڕێ وام بە سەرێ
ساز بە سوورە گوڵان بچنین، جا لەبەر ماڵی قەمتەرێ
داخوا لەسەر باڵای تۆ (گیانە) جا چ پەندیکم بەسەرێ

## زێنەبێ

دیسان دەردان سەر لێدام غەم بە سەرمدا باری
هەڵناکەی لە دێهاتی دەڕۆم دەتبەم بۆ شاری
نازانم کێ بنێرم، جا بریک بکا دڵداری
رازی نەبووم بەو کارەی لێیان کردمە ئیجباری
زێنەبێ، هەی زێنەبێ، جا لە زێنەبەی زواری
جا دەری بابانت شێوێ، غەم بووی لە دڵی من باری (٢)
ـ سینگت بەفری قەندیلی بە شنەی شەماڵ دەتواوە
هیچ دەخۆمدا شک نابەم، لەسەرچی دڵت هێشاوە
دوێنێکە خونچەگوڵ بوو ئەوڕۆکانە ژاکاوە
بووک بووی بە سووری رۆیی، رەنگت زەرد هەڵگەڕاوە
زێنەبێ وەی زێنەبێ، زێنەبێ دوو ددانی زێڕە
ئۆممەتی محەممەدیم لە دینم وەرمەگێڕە
ـ نەخۆش و دەردەدارم ئازار نییە دەردی تۆیە
شیفام ناکەن حەکیمان چارەم بە دەستی تۆیە
روو لە هەر لایەک دەکەم، تاریفی جوانی تۆیە
یارم وەک مانگی چاردە هات گەییە سەر ئاسۆیە
زێنەبێ وەی زێنەبێ، زێنەبێ دوو ددانی زێڕە
ئۆممەتی محەممەدیم لە دینم وەرمەگێڕە
ـ چاوت لە خۆڕا جوانن یا هەروا پڕ لە نازن

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



ناکرێ رەجایە بکەم دوگمە بەروێ بترازن
زۆر دەترسم نەتگەمێ هەتا من بێم بتخوازن
زێنەبێ وەی زێنەبێ، زێنەبێ دوو ددانی زێڕە
ئۆممەتی محەممەدیم لە دینم وەرمەگێڕە

## زێنەبێ

چەند سالان شێتی وی بووم بۆ وی عومرم بە بادا
عاشقی یەکێکی جوانم ئەسمەرە و رەنگی سادە
لە من وەک رۆژ عەیانە جا بەڵێنی بە کەس نادا (٢)
زێنەبێ وەی زێنەبێ، زێنەبێ دوو ددانی زێڕە
ئۆممەتی محەممەدیم لە دینم وەرمەگێڕە

## ژوانی تازە

یار هاتە خوارێ بە شۆخی تووشی بووم لەو رێبازە
قەولی ژوانی دەگەڵ گرتم لێم تەلەب کرد ئیجازە
فەرمووی کاتی نیوەشەوێ وەرە جێژوانی تازە
بۆچ نەهاتی بابان شێواو، هەتا کەنگێ ئەو نازە
گەر ژوانەکەت سەری نەگرت هەر دوور بەدوور لە دەرکێ
زەردیکت بێتە سەر لێوان با کولی دڵم دامرکێ (٢)
ـ عەقڵی بردووم شێتی کردووم شێواندوومی ئەو یارە
قەولی ژوانی دەگەڵ گرتم گاڵتەی پێ کردم دیارە
چاوم خێل بوو لاقم شل بوو سیس بووم لەم بن دیوارە
بەختت سووتێ بابان شێواو ئەوەش قەول و قەرارە؟
گەر ژوانەکەت سەری نەگرت هەر دوور بەدوور لە دەرکێ
زەردیکت بێتە سەر لێوان با کولی دڵم دامرکێ (٢)
عەقڵم رۆیی عومرم فەوتا ئەی داد لە دەست لەیلایە
رۆژێ قەولانم دەداتێ شەوێ لە ژوانێم نایە

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



قەولی درۆ وەعدەی خیلاف هەمووی تەفرە و ئەدایە
بەختت سووتێ بابان شێواو ئەوەش شەرت و وەفایە؟
گەر ژوانەکەت سەری نەگرت هەر دوور بەدوور لە دەرکێ
زەردێکت بێتە سەر لێوان با کوڵی دڵم دامرکێ (٢)
عەقڵی بردووم شێتی کردووم، شێواندوومی ئەو جوانە
قەولی دامێ بێتە ژوانێ، بەزیاد نەبێ ئەو ژوانە
چاوم خێل بوو، لاقم شل بوو، شەو بەسەر چوو بەیانە
بەختت سووتێ بابان شێواو کوا ئەوە عەهد و پەیمانە
گەر ژوانەکەت سەری نەگرت هەر دوور بەدوور لە دەرکێ
زەردێکت بێتە سەر لێوان با کوڵی دڵم دامرکێ (٢)

**ساقی**

زۆرم پێ خۆشە جیرانم بی ئەوشۆ
زۆرم پێ خۆشە میوانم بی ئەوشۆ
وەرە مەشکێنە دڵ نازدار،
ئەی ئازیزم، بە خودای من لە تۆ زیزم
وەرە ئاشتم کەوە، شووشەی دڵەکەم مەشکێنە
بێ تۆ بیمار و بێحاڵم ئەوشۆ
بەهـ بەهـ لەبەر ناز و عیشوەی تۆ ئەوشۆ
لەرەی مەمکەکانت کوشتوومی ئەوشۆ
غەمزەی چاوەکانت کوشتوومی ئەوشۆ
لە دڵی شکاوی من، دەنگی سێ تارم دێ
خرینگەی بازنەی یارم دێ
مەستی لار و لەنجەی دڵدارم ئەوشۆ
رازی زۆر بە بەختی بێدارم ئەوشۆ
لە دڵی بێقەرارم،ناڵەی هاوارێک دێ
دەنگی قاقای یارم دێ

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



سەرمەست و خوشخاڵم یارم ئەوشۆ میوانە
بەهـ بەهـ لەبەر لەنجە و لاری تۆ ئەوشۆ (٢)

**سەبری**

سەبری هەستە بەیانە (٢)
درەنگە بۆ خەستەخانە
خەستە حاڵیان پەرێشانە
دەرمانیان کە بەو پەنجانە
ئەمان لێ‌لێ وەی سەبری (٢)
چاوڕەشەی چلکازییە
ئاگات لە حاڵی من نییە
رۆژی حەشرێ جوابت چییە
ئەمان لێ‌لێ وەی سەبری (٢)
خۆزگەم بە دوێنێ نیوەڕۆ (٢)
سەبرییان برد بۆ تانجەڕۆ
جلیان بۆ کرد لە گوڵە هێرۆ
ئەمان ئەمان وەی زەمزەمە
ئەمان ئەمان وەی زەمزەمە
هەرچەند ماچی دەکەی کەمە
ناوی دڵم پڕ لە غەمە
بەهەشت بێ‌تۆ جەهەندەمە
خۆزگەم بە دوێنێ پارشێوێ
ویکڕا نوستبووین بە چارشێوێ
لێکیان کردین ماڵیان شێوێ
ئەمان ئەمان ئەی سەبرییە
ئەمان ئەمان ئەی سەبرییە (٢)
چاوڕەشەی چلکازییە

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



ئاگات لە حاڵی من نییە،
رۆژێ حەشرێ جوابت چییە
باڵاخانەی بەرەو شەتی (٢)
بڕوانە چاو و روومەتی
وەختە شێت بم لە حەسرەتی
ئەمان ئەمان ئەی زەمزەمە
ئەمان ئەمان ئەی زەمزەمە (٢)
هەرچەند ماچی بکەی کەمە،
ناوی دڵم پڕ لە غەمە
بەهەشت بێ تۆ جەهەننەمە
سی و مراوی دەپۆڕن (٢)
بە سەر بەحراندا دەنۆڕن
کیژی ئەو عەسرە کەم شەرتن
یەکجار زۆر قەولان دەگۆڕن
ئەمان ئەمان ئەی سەبرییە (٢)
ئەمان ئەمان ئەی سەبرییە (٢)
چاوڕەشەی چلکازییە
ئاگات لە حاڵی من نییە،
رۆژێ حەشرێ جوابت چییە

**سەبری**

سەبری گیان هەستە بەیانە (٢)
درەنگە بۆ خەستەخانە
خەستە حاڵیان پەریشانە
دەرمانیان کە بەو پەنجانە
ئەمان لێ لێ وەی سەبرییە (٢)
چاوڕەشەی چلکازییە

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



ئاگات لە حالی من نییە،
ڕۆژێ حەشرێ جوابت چییە
سەبری دەڵێ من شوو ناکەم (٢)
جلی کوردی لەبەر ناکەم
دلی عاشقان لە خۆم ناکەم
ئەمان ئەمان ئەی سەبرییە (٢)
خۆزگەم بە دوێنێ نیوەڕۆ (٢)
سەبریان برد بۆ تانجەڕۆ
جلیان بۆ کرد لە گوڵە هێرۆ
ئەمان ئەمان ئەی زەمزەمە (٢)
هەرچەند ماچی بکەی کەمە،
ناوی دڵم پڕ لە غەمە
بەهەشت بێ تۆ جەهەننەمە

**سەت بریا یار لێرە بایە**

دیسان شەو هات بۆ حالی من
لەو دڵەی پڕ خەیالی من
گەڕەک نانوێ لە نالەی من
سەد بریا لێرە بایە
سەت جار فاتم کچی شا بێ
جوقەی شاهی لە سەردا بێ
بە قامکێکی لەیلام نابێ
سەد بریا لێرە بایە
نازانم قوربانی کوێت بم
قوربانی خرخالی پێت بم
وەختە لە سوێیانت شێت بم
سەد بریا لێرە بایە

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



لە سابلاغێ وەدەرکەوتم
لە گولەزەردان وەسەر کەوتم
وەدوای کۆچی لەیلا کەوتم
سەد بریا لێرە بایە
ئەوساڵ پایزێک لە من هات
غەم لە دڵەکەم بوو بە قەڵات
یاخودا خێر بێ لەیلام نەهات
سەد بریا لێرە بایە

## سەد بریا یار لێرە بایە

بۆ بێکەسی خۆم دەناڵم
سەت جار کافر بێ بە حاڵم
بە جێ ما یاری چاو کاڵم
سەد بریا لێرە بایە
ویڵی مەکانی بێستوونم
عاشقی گەنجی فەرەیدوونم
لە نێو عاشقاندا مەجنوونم
سەد بریا لێرە بایە
کەس نازانێ بە کێ دەڵێم
عاشقی شەمامەی باغەڵێم
سوێندیان داوم بە کەس نەڵێم
سەد بریا لێرە بایە
کەس نازانێ بۆ بێوازم
گیرۆدەی دەستی سەربازم
بە دیتنت ئاوات خوازم
سەد بریا لێرە بایە
دوێنێ رۆیی بانگی هێشتم

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



پێم گوت بۆ ماچێ نەیهێشتم
شەڕابی مەرگی پێ چێشتم
سەد بریا لێرە بایە
عیشقت بۆتە مایەی ژینم
سارێژی دەکا برینم
دەشێوم رۆژێک نەتبینم
سەد بریا لێرە بایە

**سەد بریا یار لێرە بایە**

دەرویش و خۆشخوان و ئاغایە
قوتابی و میرزا و مەلایە
تێکڕام ناردوونە تکایە
بەو شەرتەی بێیە رەدایە
سەد بریا لێرە بایە
ئەو دڵەی دادم بێغەم نابێ (٢)
ئەسیرم کەنگێ شەماڵ دێ
کوا جێژنە مەبارەک نەبێ
سەد بریا لێرە بایە
دڵە زەلیل بی بۆ لە کوڵی (٢)
زوخاوم لە دڵی هەڵقوڵی
دەردی وی دەبمە بن گڵی
سەد بریا لێرە بایە
ئەوشۆ نەبوو شەوێ دینێ
بە خەیاڵ چوومە مەدینێ
خزمەت پەریزادی چینێ
سەد بریا لێرە بایە
بەو قورئانەی لێی دەخوێنم (٢)

www.mamle.net

Mamle Art Center



لیموت لە باغەڵ دەردێنم
نەمرم بە زۆریت دەستێنم
سەد بریا لێرە بایە
هەڵم گرن بە چوار دەستان
بمبەن بۆ کووچەی چاومەستان
شینم بۆ بکەن هەزاردەستان
سەد بریا لێرە بایە

**سەر لەسەر رانی**

زۆرم حەول لە دوا دا
سەر لەسەر رانی تاکوو بەیانی
بوومە میوانی نازەنینێ
بێوەفا بووی نەمزانی
سەر لەسەر رانی تاکوو بەیانی
بوومە میوانی نازەنینێ
شەو و شەوگارم شەق کرد
سەر لەسەر رانی تاکوو بەیانی
بوومە میوانی نازەنینێ
لە ناو سینگ و مەمکانی
سەر لەسەر رانی تاکوو بەیانی
بوومە میوانی نازەنینێ
کەڵەگەتێ نابینم
سەر لەسەر رانی تاکوو بەیانی
بوومە میوانی نازەنینێ
هەناوم بۆی نەماوە
سەر لەسەر رانی تاکوو بەیانی
بوومە میوانی نازەنینێ

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



دەڵێن شووی کردوە بە رەقیب
سەر لەسەر رانی تاکوو بەیانی
بوومە میوانی نازەنینێ
دیارە وەفای نەماوە
عاشق و ماڵ وێران بووم
سەر لەسەر رانی تاکوو بەیانی
بوومە میوانی نازەنینێ
بە دەردی خۆم نەزانی
سەر لەسەر رانی تاکوو بەیانی
بوومە میوانی نازەنینێ
با بڕوا بە لەعنەت بێ
سەر لەسەر رانی تاکوو بەیانی
بوومە میوانی نازەنینێ
دۆستی نامیهرەبانی
سەر لەسەر رانی تاکوو بەیانی
بوومە میوانی نازەنینێ
یار بۆ من بێوەفا بووی
سەر لەسەر رانی تاکوو بەیانی
بوومە میوانی نازەنینێ
تازە ناکەم دڵداری
سەر لەسەر رانی تاکوو بەیانی
بوومە میوانی نازەنینێ
شەرتە دەچمە بیابانی
نامنێمەوە لە شاری
سەر لەسەر رانی تاکوو بەیانی
بوومە میوانی نازەنینێ

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



## سەراسەر جەرگم

ماڵویران زەلیلی تۆمە
خەتا لە تۆ نیە لە خۆمە
لەبەر درگات هاتوچۆمە
ئاخ سەراسەر جەرگم پەیکانە پەیکانە پەیکانە
بوچ نەما ئەو عەهد و پەیمانە پەیمانە پەیمانە
دڵ زەلیل بی بۆ لە کولی
زووخاوم لە دلی هەڵقولی
دەردی وی دەبمە بن گلی
ئاخ سەراسەر جەرگم پەیکانە پەیکانە پەیکانە
بوچ نەما ئەو عەهد و پەیمانە پەیمانە پەیمانە
دیسان شەو هات با بکەم نالە
لە سویی تۆ حالم بێ‌حالە
لە تۆ جوانە بەژن و بالا
ئاخ سەراسەر جەرگم پەیکانە پەیکانە پەیکانە
بوچ نەما ئەو عەهد و پەیمانە پەیمانە پەیمانە
چاوی رەشت فیتنەگێڕە
بە کل و کلدانی فێرە
بێ ئینساف دلت مەگۆڕە
ئاخ سەراسەر جەرگم پەیکانە پەیکانە پەیکانە
بوچ نەما ئەو عەهد و پەیمانە پەیمانە پەیمانە
سووتانی دڵ بە چاوی تۆ
کوشتوومی دوو هیلالی تۆ
شتێی تۆی کردووم ناوی تۆ
ئاخ سەراسەر جەرگم پەیکانە پەیکانە پەیکانە
بوچ نەما ئەو عەهد و پەیمانە پەیمانە پەیمانە
ویلی مەکانی بێستوونم

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەرییماملێ

Mamle Art Center



عاشقی گەنجی فەرەیدوونم
لە نێو عاشقاندا مەجنوونم
ئاخ سەراسەر جەرگم پەیکانە پەیکانە پەیکانە
بۆچ نەما ئەو عەهد و پەیمانە پەیمانە پەیمانە
تازە گولێکی پەیدا دەکەم
بە قەنداویی گەورە دەکەم
خۆمی پێ موبتەلا دەکەم
ئاخ سەراسەر جەرگم پەیکانە پەیکانە پەیکانە
بۆچ نەما ئەو عەهد و پەیمانە پەیمانە پەیمانە
دیسان شەو هات بۆ حاڵی من
لەو دڵەی پڕ خەیاڵی من
گەڕەک نانوێ لە ناڵەی من
ئاخ سەراسەر جەرگم پەیکانە پەیکانە پەیکانە
بۆچ نەما ئەو عەهد و پەیمانە پەیمانە

**سەرتە هەڵێنە**

**قەتار**

ئارەزوو دەکەم رەببی لەیل بێ
هەر خەتای خۆمە ماڵم کاول بێ
مەڕوانە رەنگم، رەنگم هەرواسە
بڕوانە دڵم، دەڵێی پەلاسە
بەختێک لە ئەزەل سیاچارە بێ
دەستی لێ مەدەن با ئاوارە بێ
بە کۆسەی هەجیج بە شاخانەوە
داخت سەرباری گشت داخانەوە
جێی نابێتەوە دوو یار لە یەک دڵ

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



قەت دوودڵ نابێ (ئەی هاوار) ئینسانی عاقڵ (٢)
سەرت هەڵێنە روو لە گەردوون کە (٢)
تەماشای بڵێسەی (ئەی هاوار) پیرە دەروون کە (٢)
گوناهی خۆمە کەوا کەساسم
ئەم بێقەرارییە (ئەی هاوار) لە خۆم دەناسم (٢)
سەرت هەڵێنە روو لە گەردوون کە (٢)
تەماشای بڵێسەی (ئەی هاوار) پیرە دەروون کە (٢)
پێم گوت ئەی سەنەم، من عوزر خواهم
ببەخشە بە من (ئەی هاوار) جورم و گوناهم (٢)
سەرت هەڵێنە روو لە گەردوون کە (٢)
تەماشای بڵێسەی (ئەی هاوار) پیرە دەروون کە (٢)
لە کردەوەی خوم زۆر پەشیمانم
سەرم شێواوە (ئەی هاوار) چاو بە گریانم (٢)
سەرت هەڵێنە روو لە گەردوون کە (٢)
تەماشای بڵێسەی (ئەی هاوار) پیرە دەروون کە (٢)
دەڵێ من بۆیە شیرینە ناوم (٢)
بە گاڵتە زۆر کەس (ئەی هاوار) کەوتۆتە داوم (٢)
سەرت هەڵێنە روو لە گەردوون کە (٢)
تەماشای بڵێسەی (ئەی هاوار) پیرە دەروون کە (٢)
ئەسپەکەم زین کەن روو لە سەحراکەم
دەرمانی دەردم (ئەی هاوار) بەڵکوو پەیدا کەم (٢)

**سەرت هەڵێنە روو لە گەردوون کە**

نازانم بۆچی قین و قارتە (٢)
یان دڵ رەنجاندن شێوەی کارتە (٢)
سەرت هەڵێنە روو لە گەردوون کە (٢)
تەماشای بڵێسەی (ئەی هاوار) پیرە دەروون کە (٢)

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



یان تۆ عادەتتە بۆ جەفا کردن (٢)
عاشقان دەخەیە، (ئەی هاوار) ئاکامی مردن (٢)
سەرت هەڵێنە روو لە گەردوون کە (٢)
تەماشای بلێسەی (ئەی هاوار) پیرە دەروون کە (٢)
چەند وەختە دڵم، غەمگینی لەیلن (٢)
وا دیارە لەیلام (ئەی هاوار) بێ روحم و مەیلن (٢)
سەرت هەڵێنە روو لە گەردوون کە (٢)
تەماشای بلێسەی (ئەی هاوار) پیرە دەروون کە (٢)
بیکە بۆ خاتری باوە سەید شوکرە (٢)
بە ناز رامەبرە، (ئەی هاوار) ئیستێکی بگرە (٢)
سەرت هەڵێنە روو لە گەردوون کە (٢)
تەماشای بلێسەی (ئەی هاوار) پیرە دەروون کە (٢)
هەر لە ئێوارێ، تاکوو نیوەشەو (٢)
من لە فکری تۆ (ئەی هاوار) تۆ لە فکری خەو (٢)
سەرت هەڵێنە روو لە گەردوون کە (٢)
تەماشای بلێسەی (ئەی هاوار) پیرە دەروون کە (٢)

**قەتار**

خاڵان خەزیان کرد پیرۆزە ون بوون
گەوهەر لە شاران قیمەتیان کەم بوون
بە قورئان قەسەم بە مەستی چاوت (٢)
بە کۆسەی هەجیج (ئەی هاوار) نەمبردوە ناوت
خۆمن گاور نیم (ئەی هاوار) کەوتوومە داوت
سەرت هەڵێنە روو لە گەردوون کە (٢)
تەماشای بلێسەی (ئەی هاوار) پیرە دەروون کە (٢)

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

www.mamle.net

Mamle Art Center



## سەڵتەنە

### قەتار

بڵێن بەو بووکی تازەی یەکشەوەم گەر هاتە سەر نەعشم
نەڵێ خۆی بۆ وەتەن کوشتو لە ڕێی عەشقی منا نەژیا
وەزیفەم بوو لە ڕێی عەشقی وڵاتێکا سەرم بەخشم
کە تۆی بۆ من پەروەردە کرد لە داوێنی چیا و کەژیا
ئەگەر هاتو خوا بەخی پێت هەتیوێک پێی بڵێ ڕۆڵە
لە من فرمێسکی ویست باوکت، لە تۆش داوا دەکا تۆڵە (شیعری گۆران)
(ئەرێ) هەی داد هەی بێداد (وەی وەی) بێداد
(گیانە) هەی زوڵمی سەختم (دیدەکەم) هەی زوڵمی سەختم
(ئەرێ) خەتای کەس مەگرن (وەی) کەس مەگرن
(گیانە) من خۆم بەدبەختم (دیدەکەم) من خۆم بەدبەختم
عەمرەکەم وەی چاوەکەم، ئەی عەزیزەکەم
وەی عەزیزەکەم سەڵتەنە، های دیدەکەم سەڵتەنە
ڕەبی مبارەکت بێ، هەی مبارەک بێ
گوڵ و گوارە و ژێرچەنە، وەی گوڵ و گوارە و ژێرچەنە
(ئەرێ) قاتلی بەدخوو، وەی وەی بەدخوو
(گیانە) خوێنڕێژ و خوێنخۆر، دیدەکەم خوێنڕێژ و خوێنخۆر
(ئەرێ) بەسە تا کەنگێ، وەی تا کەنگێ
(گیانە) چی دی زوڵم و زۆر، دیدەکەم چی دی زوڵم و زۆر
(ئەرێ) تۆ دوور و من دوور، گیانە من دوور
(ئەرێ) هەردووکمان دوورین، دیدەکەم هەردووکمان دوورین
(ئەرێ) خودا دەیزانێ، وەی دەیزانێ
(گیانە) بۆ یەک مەجبوورین، دیدەکەم بۆ یەک مەجبوورین
عەمرەکەم وەی چاوەکەم، ئەی عەزیزەکەم
وەی عەزیزەکەم سەڵتەنە، های دیدەکەم سەڵتەنە
ڕەبی مبارەکت بێ، هەی مبارەک بێ

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



گوڵ و گوارە و ژێرچەنە، وەی گوڵ و گوارە و ژێرچەنە

**سەڵتەنە**

(ئەرێ) نە نوشتووی مەلا، وەی وەی مەلا
(گیانە) نە شالی سەیی، (دیدەکەم) نە شالی سەیی
(ئەرێ) هیچی دە رازی وەیوەی رازی (گیانە) دلەکەم نەیەیی
دیدەکەم دلەکەم نەگەیی
عەمرەکەم وەی چاوەکەم، ئەی عەزیزەکەم
وەی عەزیزەکەم سەڵتەنە، های دیدەکەم سەڵتەنە
رەبی مبارەکت بێ، هەی مبارەک بێ
گوڵ و گوارە و ژێرچەنە، وەی گوڵ و گوارە و ژێرچەنە
کەوتە سەر پیلان، چارۆکەی نوێژێ
کە شەو هەوری گرت لە دەورەی رۆژێ
عەمرەکەم وەی چاوەکەم، ئەی عەزیزەکەم
وەی عەزیزەکەم سەڵتەنە، های دیدەکەم سەڵتەنە
رەبی مبارەکت بێ، هەی مبارەک بێ
گوڵ و گوارە و ژێرچەنە، وەی گوڵ و گوارە و ژێرچەنە
هەر لە ئێوارە هەتا نیوەشەو
من لە فکری تۆ، تۆ لە فکری خەو
عەمرەکەم وەی چاوەکەم، یار عەزیزەکەم فەلەکناز
یار عەزیزەکەم فەلەکناز
تا ممکین دەبێ هەی هەی دەبێ، ئەرێ هەر بە عیشوە و ناز
دیدەکەم هەر بە عیشوە و ناز

**سەڵتەنە**

(ئەرێ) چ بکەم دلەی شێت (دیدەکەم) تووشی تۆی کردم (٢)
(ئەرێ) بە سەودای بێسوود (جوانێ گیان) لە ناوی بردم

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



دیدەکەم لە ناوی بردم
عەمرەکەم وەی چاوەکەم، ئەی عەزیزەکەم
وەی عەزیزەکەم سەڵتەنە، های دیدەکەم سەڵتەنە
ڕەبی مبارەکت بێ، هەی مبارەک بێ
گوڵ و گوارە و ژێرچەنە، وەی گوڵ و گوارە و ژێرچەنە
هێستا یادتەن سزای خەتابت (٢)
سەد غەمزەی تێدا ناز و عیتابت
ـ مەودای زستانی غەمان بەتاڵن (٢)
هەوای بەهاری لە سەری زاڵن
ـ نە ئەو بەهاری دڵداریم هەیە
نە هاوزوبانێ دڵداریم هەیە
نە هاوقەتاری دەسبازیم هەیە
گاه مەشغوولی زام گا خەریکی دەرد
گاه ڕەفیقی غەم، گا هەناسەی سەرد

**سەوزە مەڕۆ سەوزە گیان**

خەتای من نییە سەوزە گیان تۆ چاوت دێشێ
دایکی خۆت نییە، سەوزە گیان نازت بکێشێ
سەوزە مەڕۆ سەوزە گیان سەوزەڵەی ماڵم
نەخۆش نەکەوی سەوزە گیان نەشکێنی باڵم
ڕەبی کافر بە حاڵم

**قەتار**

تا لە من ئەو شۆخە ڕێی بۆسە و کەناری گرتووە
ناودەمم بێشەبهە تامی زەهری ماری گرتووە
خۆش لەسەر سینەی سەری هەڵداوە دوو گۆی سەر بە مۆر
مات و حەیرانم کە عەرعەر چۆن هەناری گرتووە
موددەعی زەجرم دەکات و پێم دەڵێ سەبرت بێ

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



هەی بە لەعنەت بی کە عاشق کەی قەراری گرتووە؟ (شیعری: نالی)
چاوت ئەستێرە سەوزە گیان روو لە کۆ دەکا
ئەو دڵەم وەسوەسەی سەوزە گیان باڵای تۆ دەکا
سەوزە مەڕۆ سەوزە گیان سەوزەڵەی بابی
خۆ من زوو زانیم سەوزە گیان تۆ بۆ من نابی
ئاخر ئای بێبەڵا بی
ـ خودا دەیزانێ سەوزە گیان بۆ تۆ نەخۆشم
خەڵک بێغەمە سەوزە گیان من غەم دەفرۆشم
سەوزە مەڕۆ سەوزە گیان سەوزەڵەی منداڵ
لێوپەڕی کاغەز سەوزە گیان تازەت رشتوە خاڵ
ئاخر زو بێرەوە ماڵ

**سەوزە مەڕۆ سەوزەڵە**

نە خودا دەمداتێ (گیانە) مەرگێک بە هاسان
نە دڵ لە لای تۆ (گیانە) دەبێ هەراسان
سەوزە مەڕۆ سەوزەڵە باریکێ تۆ دەوێ
میوانی رۆژێم جوانێ مەمخەرە شەوێ
ـ کۆرپەی دڵەکەم (گیانە) گریە و زار دەکا
تۆ خۆت دەیزانی (گیانە) بۆ هاوار دەکا
سەوزە مەڕۆ سەوزەڵە باریکێ تۆ دەوێ
میوانی رۆژێم جوانێ مەمخەرە شەوێ
ـ چاوم پڕخوێنە (گیانە) دەکولێ هەناوم
چەندە بێڕوحمی (گیانە) من بۆت نەماوم
سەوزە مەڕۆ سەوزەڵە باریکێ تۆ دەوێ
میوانی رۆژێم جوانێ مەمخەرە شەوێ
ـ چاوم پڕ خوێنە (گیانە) پڕ لە گریانە
لە هەر چوار دەورم (گیانە) ئاگربارانە

www.mamle.net

Mamle Art Center



سەوزە مەرۆ سەوزەڵە باریکێ تۆ دەوێ
میوانی رۆژێم جوانێ مەمخەرە شەوێ
ـ ئەگەر زانیبات (گیانە) چەندە جوانی
چەندە مەحبووبی (گیانە) چەند لەبەر دلانی
عالەمت شێت کرد (گیانە) بۆ پێ نازانی
سەوزە مەرۆ سەوزەڵە باریکێ تۆ دەوێ
میوانی رۆژێم جوانێ مەمخەرە شەوێ
ـ بریا شەماڵ بام (گیانە) لەو باسکەو باسکان
کەویک دەخوێنێ (گیانە) لە کن دوو ئاسکان
زۆر پیس پێوە بووم (گیانە) دەگەڵ دڵناسکان
سەوزە مەرۆ سەوزەڵە باریکێ تۆ دەوێ
میوانی رۆژێم جوانێ مەمخەرە شەوێ

### سەوزە هەی لیمۆ

ـ سەرەرێ دەگرم (عەزیز گیان) ئەحواڵ دەپرسم
ئەیرۆ ئەحواڵ دەپرسم
لە کەم مەیلێکەت (عەزیز گیان) کەمێک دەترسم
ئەیرۆ کەمێک دەترسم
سەوزە هەی لیمۆ، چاوجوان مەرگی تۆ
من کەمشەرتم یان ئەتۆ، ئەز دەبم بە حەیرانی تۆ
ـ داری تاقەدار (عەزیز گیان) قەت بە دار نابێ
ئەیرۆ قەت بە دار نابێ
یاری دوور وڵات (عەزیز گیان) قەت بە یار نابێ
ئەیرۆ قەت بە یار نابێ
سەوزە هەی لیمۆ، چاوجوان مەرگی تۆ
من کەمشەرتم یان ئەتۆ، ئەز دەبم بە حەیرانی تۆ
ـ چاوم پڕ خوێنە (عەزیز گیان) پڕ لە گریانە

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



ئەی‌ڕۆ پڕ لە گریانە
لە هەر چوار دەورم (عەزیز گیان) ئاگربارانە
ئەی‌ڕۆ ئاگربارانە
سەوزە هەی لیمۆ، چاوجوان مەرگی تۆ
من کەم‌شەرتم یان ئەتۆ، ئەز دەبم بە حەیرانی تۆ

### سەوزە هەی لیمۆ

نە شەرتت شەرتە (عازیز گیان) ئەی نە نامەت نامە
ئای وەرە، نە نامەت نامە
یەک پارچە کاغەز (عەزیز گیان) دوعا و سەلامە
(ئای وەرە) دوعا و سەلامە
سەوزە هەی لیمۆ، چاوجوان مەرگی تۆ
من کەم‌شەرتم یان ئەتۆ، من دەبم بە قوربانی تۆ
ـ وەبیرت نایە (عازیز گیان) ئەی شەوانی شادی
(ئای وەرە گیان) شەوانی شادی
دە ڕێگای تۆدا (عازیز گیان) چەندم جەفا دی
(ئای وەرە) چەندم جەفا دی
سەوزە هەی لیمۆ، چاوجوان مەرگی تۆ
من کەم‌شەرتم یان ئەتۆ، من دەبم بە قوربانی تۆ
ـ ڕەبی جەغەتوو (عەزیز گیان) بدەی بوارێ
(ئای وەرە هەی) بدەی بوارێ
دەچمەوە سابلاغ (عازیز گیان) بۆ خدمەت یارێ
(ئای وەرە) بۆ خدمەت یارێ
سەوزە هەی لیمۆ، چاوجوان مەرگی تۆ
من کەم‌شەرتم یان ئەتۆ، من دەبم بە قوربانی تۆ

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



## سوێند خواردووە خودایە

نەخۆش وپەریشانم، ئارامم نییە ساتێ
سەفەریکم کەوتە بەر، رێیە هات و نەهاتێ
چاوەڕێمە لە ریگا (گیانە) با کاروان بێ و بمگاتێ
یارم دەگەڵ کاروانێ (هەی) قەولە دوو ماچم داتێ
سوێندم خواردوە خودایە چیدی دڵداری ناکەم (٢)
دڵ و دین بۆی هەمووی چوو (گیانە) لەسەر تاقە گوڵەکەم
لەسەر هیچ و خۆڕای بۆ وەلای نام گوڵەکەم
- گەشی گوڵ نیشانەیە لە وەفای باغەوانی (٢)
حەیفە وەکوو باغەوان (گیانە) کە قەدری گوڵ نەزانی (٢)
سوێندم خواردوە خودایە چیدی دڵداری ناکەم (٢)
دڵ و دین بۆی هەمووی چوو (گیانە) لەسەر تاقە گوڵەکەم
لەسەر هیچ و خۆڕای بۆ وەلای نام گوڵەکەم
- یا دەوام کە بۆت مردم لە دین و دنیات کردم (٢)
ئەی ساحەبی لانەی دڵ (گیانە) بێخانە و لانت کردم
بە بێ سووچ و بێتاوان (گیانە) ئەوگوڵە لە خشتەی بردم
سوێندم خواردوە خودایە چیدی دڵداری ناکەم (٢)
دڵ و دین بۆی هەمووی چوو (گیانە) لەسەر تاقە گوڵەکەم
لەسەر هیچ و خۆڕای بۆ وەلای نام گوڵەکەم

**قەتار**

مەمکوژە تۆ گەردەنی خۆت ڕوو لە زولفان دەرخەوە
ئەی ستارەی سوبحدەم ئەمشۆ کە زووتر دەرکەوە
تاقەتم چوو ئارەقی گەردنت بە زولفان ون مەکە
ئەی سەبای سالحان ئەتۆ بلێی ئەم شەوە ڕۆژ بێتەوە
با بە هەویای پایبۆست عومری من کۆتا نەبێ
مەیخە پشت گوێ، مەرگی من، بێ زولفەکانت بەردەوە

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



## سوورە گوڵم غەمڵیوە

چاو ئەستێرەی سوورە گوڵەکەم
بە خوای شێواوە دڵەکەم (ئاخ سوورە گوڵ وای)
بە مەرگی تاقە براکەم
قەت قەت فەرامۆشت ناکەم (ئاخ سوورە گوڵ وای)
لە دنیایە تاکوو ماوم
ئەتۆی بە خودا بینایی چاوم
ئاخ سوورە گوڵم غەمڵیوە (٢)
پێم خۆشە میوانی من بی
هەمیشە جیرانی من بی (ئاخ سوورە گوڵ وای)
پێم خۆشە میوانی تۆ بم
هەمیشە جیرانی تۆ بم (ئاخ سوورە گوڵ وای)
لە دنیایە تاکوو ماوم
ئەتۆی بە خودا بینایی چاوم
ئاخ سوورە گوڵم غەمڵیوە (٢)
ـ ماڵتان بەرەو رۆژهەڵاتە
روحم کێشکچی باڵاتە (ئاخ سوورە گوڵ وای)
هەموو شەوێ نیوەشەوێ
بە دایمە روحم لە لاتە (ئاخ سوورە گوڵ وای)
لە دنیایە تاکوو ماوم
ئەتۆی بە خودا بینایی چاوم
ئاخ سوورە گوڵم غەمڵیوە (٢)

## سی و مراوی دە پۆڕن

سی و مراوی دەپۆڕن
بە سەر بەحراندا دەنۆڕن
کیژی ئەو عەهدەی کەمشەرتن (ئەمان ئەمان)

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



(ئەی) زۆر زوو قەوان دەگۆڕن
ـ کەس نازانێ بە کێ دەڵێم
عەشقی شەمامەی باغەڵێم
سوێندیان دام (جوانێ گیان) راستی نەڵێم (ئەمان ئەمان)
ـ لە سیلەی قەبران هاوارە
حاکم بمدا لە سێدارە
دەس هەڵناگرم (ئەی هاوار) لەو نازدارە (ئەمان ئەمان)
ـ دەگەڵ تۆمە چاوئەستێرە
خزمەتێکمان پێ بسپێرە
هەر ئەوشۆمان (ئەی هاوار) ماوە لێرە (ئەمان ئەمان)
ـ قوربانت بم ئەی بای شەوێ
خەو بێ وەچاوم ناکەوێ
دڵ مەجنوونە (ئەی هاوار) لەیلای دەوێ (ئەمان ئەمان)

شلێرە

**قەتار**

وەرن مەشکێنن شووشەی مەینەتم
هەم دنیاشم چوو هەم قیامەتم
چەندم ئاخ هەڵکێشا ئاخی نیهانی
دڵ دە دەروونندا بوو بە بریانی
یارەب تۆ ئەو حەجە و کەلامولڵاکەی
ئەو غەمەی لە دڵم تەرت و توونا کەی
هەورەکەی رەحمەت وا بە حەواوە
منیش هاتمەوە بە رووی سیاوە
شلێرە گیان شلێرە (٢) بۆنی دێ وەک کەنێرە (٢)
لە سەت کەسم زانیوە (٢) شلێر خەڵکی هەولێرە
لە بەگزادەی هەولێرە

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



ـ شلێرە چاوی کاڵە (٢) زۆر جوان و منداڵکارە (٢)
شلێرە چاوی جوانە (٢) عالەم بۆی دەردەدارە (٢)
ئەی هەی داد هەی بێداد گیانە گیرم خوارد لێرە (٢)
ئەرێ لە مەعبەینی (٢) هاوار مانگ و ئەستێرە (٢)
ـ (ئەرێ) یانا بمکوژە (٢) (جوانێ) یان دڵنیام کە (٢)
(ئەرێ) بەس لەوەی زیاتر (٢) (جوانێ) شێت و شەیدام کە (٢)
شلێرە گیان شلێرە (٢) بۆنی دێ وەک کەنێرە (٢)
لە سەت کەسم زانیوە (٢) شلێر خەڵکی هەولێرە
لە بەگزادەی هەولێرە
ـ (ئەرێ) بۆخوم بە خۆم کرد (٢) (جوانێ) سەنگ بارانم کەن (٢)
(ئەرێ) وێڵ و ئاوارەی (٢) (جوانێ) نێوخاڵانم کەن (٢)
گەزیزە گیان گەزیزە (٢) ئەسمەر جوانێم لێ زیزە (٢)
ئەگەر بێتو لێم زیز بێ (٢)
بەهارم لێ پاییزە (٢)

## شەدەلار

بریا داری بی بام
لە کەلی بەسری بام
بەرامبەر شاری بام
شەدەلار بۆچ وات کرد
بووکی پار بۆچ وات کرد
ئەمنت کوشتوە بە ناز
گیانە ئەمنت دەردەدار کرد
ئەمنت رەنج بەخەسار کرد
(ئەرێ) دەترسم بمرم (گیانە) بیابان بێ جێم
(ئەرێ) بێتە سەر قەبرم (گیانە) نەزانێ من کێم
بۆنی هەلالان دێ، لە گەورە مالان دێ

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



بە تەنیا ماچێ (گیانە) دنیا خەراب نابێ
بە تەنیا ماچێک (گیانە) مابەت لێ کەج نابێ
بریا داری بی بام
لە کەلی بەسری بام
بەرامبەر شاری بام
یان لەبەر دەرکی بام
شەدەلار بۆچ وات کرد
کێت گرتوە بە یار عەزیزم
خۆت لەوێ خەسار کرد
ـ بریا داری هەرمێ بام
لە شاری ورمێ بام
بەرامبەر نەرمێ بام
وەی وەی وەی وەی وا بێ
بە کراسی گوڵ دار بێ
ـ بریا دار هەنارم بام
لە کلکەی بازاڕ بام
شێتی شەدەلار بام
وەی وەی وەی وەی وا بێ
بە کراسی کەتان بێ
بۆنی هەلالان دێ، لە گەورە مالان دێ
بە تەنیا ماچێک (گیانە) دنیا خەراب نابێ

مەقام
شێتان شێت دەبون دەچنە هەورامان
خۆ من شێتی تۆم، ئەرێ دەستی من دامان
سالەهای سالە من رەنجبەری تۆم
بە نان و ئاو و جل‌وبەرگی خۆم

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



شەوان خەڵوەتن ماڵ بێ ئەغیارەن
گشت عالەم خەوتوون یار خەبەردارەن

**شەرتی حەوت ساڵە**

گوڵ عومری هەفتەیەکە
دەورانی سەردەمێکە
ساقی بە دەستی رەنگین
لەو جامی بادە تێکە
تەنیا من دەگریم (ئەی هاوار) یار بێخەیاڵە (٢)
شەرتم بردە سەر (جوانێ گیان) شەرتی حەوت ساڵە (٢)
جەور و غەمی زەمانە
لێم دیارە بۆ نیشانە
ساقی خوماری بادەم
هەستە بەری بەیانە
تەنیا من دەگریم (ئەی هاوار) یار بێخەیاڵە (٢)
شەرتم بردە سەر (جوانێ گیان) شەرتی حەوت ساڵە (٢)
چاو مەستی دەم بە خەندە
سەر کولمەی عەینی قەندە
دنیا بە بێ جەماڵت
زیندانە و کۆت و بەندە
تەنیا من دەگریم (ئەی هاوار) یار بێخەیاڵە (٢)
شەرتم بردە سەر (جوانێ گیان) شەرتی حەوت ساڵە (٢)
گوڵ دێنە دەر بەهاران
سێپەڕ لە دەم رووباران
کەو قولەسەف دەبەستن
بە ئیتنیزاری یاران
تەنیا من دەگریم (ئەی هاوار) یار بێخەیاڵە (٢)

www.mamle.net

Mamle Art Center



شەرتم بردە سەر (جوانێ گیان) شەرتی حەوت ساڵە (٢)

## شەمامە و شلێرە

شەمامە و شلێرە، شلێرە، شەمام تەنکی
ناردم بێتە ئێرە، دەنا ئێرە، ناسک و تەنکی
ماچ کردنی خێرە، دەنا خێرە، شەمام تەنکی
شەمام لەبەر نانی، لەبەر نانی، شەمام تەنکی
پێم نا لە کلدانی، کلدانی، ناسک و تەنکی
عەوام بووم نەمزانی، نەمزانی، شەمام تەنکی
- شەمام لە بێستانی بێستانی، شەمام تەنکی
مەستە چاوی جوانی، چاوی جوانی، ناسک و تەنکی
پەخشە کەزیەکانی، کەزیەکانی، شەمام تەنکی
- شەمام دڵی ئێشا، دڵی ئێشا، شەمام تەنکی
کلی لە چاو کێشا، لە چاو کێشا، ناسک و تەنکی
کلدانی لە پێشە، لە پێشە، شەمام تەنکی
با بێتە هەیوانی، هەیوانێ، ناسک و تەنکی
بە ناز چاو دەڕوانێ، دەڕوانێ، شەمام تەنکی
- شەمامەی خەت خەتە، خەت خەتە، شەمام تەنکی
گوڵی بە قیمەتە، بە قیمەتە، ناسک و تەنکی
ماچ کردنی حەسرەتە، حەسرەتە، شەمام تەنکی
شەمامە و شلێرە، شلێرە، شەمام تەنکی
ناردم بێتە ئێرە، دەنا ئێرە، ناسک و تەنکی
ماچ کردنی خێرە، دەنا خێرە، شەمام تەنکی

## شەمێ

داوەتێک دەگەڕێ (ئەرێ باوکەکەم) (ئای) لە دانگەی ماڵان
خوم شەمێ هەڵدەگرم (چرای لە دڵەکەم) دەچمەوە نێو خاڵان

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



ـ خۆم بە سەرگەردی (ئەرێ باوکەکەم) (ئەرێ) شەو لە بەر بێرێ
خۆم شەمێ هەڵدەگرم (بە کۆیلەت بم) دەچمەوە هەولێرێ
ـ داوەتێک دەگەڕێ (ئەرێ باوکەکەم) (ئەرێ) وەرە بیبینە
دوو کەسی تێدا (چرای لە دڵەکەم) دڵیان غەمگینە
(ئەرێ) یەکیان شۆرە شەم (بە کۆیلەت بم) (ئەی) یەکیان شەمزینە
(ئەرێ) داوەتێک دەگەڕێ (بە کۆیلەت بم) (ئەی) لە دانگەی دە ماڵان
خۆم شەمێ‌هەڵدەگرم (چرای لە دڵەکەم) دەچمەوە نێو خاڵان

## شیرەکەم لێ دەڕژێ

قوربانت بم شنەبای شەوێ
خەو بێ لە چاوم ناکەوێ
دڵ مەجنوونە لەیلای دەوێ
ئارامی گیانم کوڕە مەکە، شیرەکەم لێ دەڕژێ، هەتیو مەکە
ئای پەنا دیوارە، کوڕە مەکە، دایکم دیارە، هەتیو مەکە
ـ لە مزگەوتێ نوێژم دەکرد
یەکێک لە ناکاو بانگی کرد
خانەخەراب لەیلایان برد
ئارامی گیانم کوڕە مەکە، شیرەکەم لێ دەڕژێ، هەتیو مەکە
ئای پەنا دیوارە، کوڕە مەکە، دایکم دیارە، هەتیو مەکە
ـ لە نێوانی هەولێرو کۆ
سەعات لێی دا لە هەشت و نۆ
بەندەی خودام یەخسیری تۆ
ئارامی گیانم کوڕە مەکە، شیرەکەم لێ دەڕژێ، هەتیو مەکە
ئای پەنا دیوارە، کوڕە مەکە، دایکم دیارە، هەتیو مەکە
ـ قوربانت بم کاکی عەتتار
ڕێم پێ مەگرە بە منی هەژار
عەترم پێیە بۆ زولفی یار

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



ئارامی گیانم کوڕە مەکە، شیرەکەم لێ دەڕژێ، هەتیو مەکە
ئای پەنا دیوارە، کوڕە مەکە، دایکم دیارە، هەتیو مەکە
ـ شەو گەیشتە حاڵی جاران
بۆم بڵێ بە شای وەفاداران
زوو بێتە سەر دەردەداران
ئارامی گیانم کوڕە مەکە، شیرەکەم لێ دەڕژێ، هەتیو مەکە
ئای پەنا دیوارە، کوڕە مەکە، دایکم دیارە، هەتیو مەکە

**شیرین هەلامە**

(ئەرێ) ئەگەر حەز دەکەی (دەی دەی گیان) ٣
قیامەتت بێ، قیامەتت بێ
(ئەرێ) دڵەکەی منت لە کنە (دەی دەی گیان) ٣
ئامانەتت بێ، ئامانەتت بێ
ئەی وەی هەلامە (دەی دەی گیان) ٣
شیرین هەلامە، شیرین هەلامە
ـ (ئەرێ) هەی داد هەی بێداد (دەی دەی گیان) ٣
ئەی زوڵمی سەختم، ئەی زوڵمی سەختم
(ئەرێ) خەتای کەس مەگرن، (دەی دەی گیان) ٣
من خۆم بەدبەختم، من خۆم بەدبەختم

**قەتار**

ساڵەهای ساڵە غەمم رەفیقە
شادی بێمەیلە بێ بە دەقیقە
بۆچی بێمەیلیت کردۆتە پیشە
جاریکیش بۆ من ئاخێک هەڵکێشە
(ئەرێ) ئەی وەی هەرامە (دەی دەی گیان) ٣
شیرین هەرامە، شیرین هەرامە
(ئەرێ) بەو دەسرەی دەستی (دەی دەی گیان) ٣

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



کفنم تەمامە، کفنم تەمامە

### عەزیز گیانەکەم

وەرن بنووسن (گیانە) سەنگی مەزارم
وەردار بنویسە (گیانە) سەنگی مەزارم
شەهیدی عیشقم (گیانە) مەدەن ئازارم
(دەی دەی) مەدەن ئازارم
گیان گیان و گیان گیان و عەزیز گیانەکەم
سەت گیانی شیرین وەی وەی بە قوربانت کەم
دەی دەی بە قوربانت کەم
هەر کۆچ کۆچت بوو (عەزیز) کۆچت کرد بە ڕاست (٢)
کەم هیمەتیت کرد (گیانە) مالاوات نەخواست
دەی دەی مالاوات نەخواست
گیان گیان و گیان گیان و عەزیز گیانەکەم
سەت گیانی شیرین وەی وەی بە قوربانت کەم
دەی دەی بە قوربانت کەم
ـ هەی داد هەی بێداد (گیانە) لەو گەورە شارە (٢)
نە دەنگی یار دێ (وەی وەی) نە بۆ خۆی دیارە
(دەی دەی) نە بۆ خۆی دیارە
گیان گیان و گیان گیان و عەزیز گیانەکەم
سەت گیانی شیرین وەی وەی بە قوربانت کەم
دەی دەی بە قوربانت کەم
ـ ئەگەر گیان کێشان (گیانە) وەک دووری تۆ بێ (٢)
ڕەبی بە نەسیب (دەی دەی) گاوری سەر کۆ بێ
گیانە گاوری سەر کۆ بێ
گیان گیان و گیان گیان و عەزیز گیانەکەم
سەت گیانی شیرین وەی وەی بە قوربانت کەم

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



دەی دەی بە قوربانت کەم
ـ گەر مەیلت نەبێ (گیانە) نیزیک دەبێوە (٢)
بۆ عاشق هیچ نیە (دەی دەی) ئەو دەشت و کێوە
(گیانە) ئەو دەشت و کێوە
گیان گیان و گیان گیان و عەزیز گیانەکەم
سەت گیانی شیرین وەی وەی بە قوربانت کەم
دەی دەی بە قوربانت کەم
ـ ساڵەهای ساڵە (گیانە) غەمم رەفیقە (٢)
شادی بێمەیلە (گیانە) بێ بە دەقیقە
(دەی دەی) بێ بە دەقیقە
گیان گیان و گیان گیان و عەزیز گیانەکەم
سەت گیانی شیرین وەی وەی بە قوربانت کەم
دەی دەی بە قوربانت کەم
ـ بۆچی بێمەیلیت (گیانە) کردۆتە پیشە (٢)
جارێکیش بۆ من (دەی دەی) ئاخێک هەڵکێشە
(گیانە) ئاخێک هەڵکێشە
گیان گیان و گیان گیان و عەزیز گیانەکەم
سەت گیانی شیرین وەی وەی بە قوربانت کەم
دەی دەی بە قوربانت کەم

**عەزیزەکەم**

ـ لە شوعلەی رووی تۆ (عەزیزەکەم) دنیا پڕ نوور بێ، دنیا پڕ نوور بێ
لە چاوی بەدکار، عەزیزەکەم جەماڵت دوور بێ، جەماڵت دوور بێ
سەرم سوڕ ماوە، عەزیزەکەم، چەند دوورە رەنگی، چەند دوورە رەنگی
گاه مایل بە سوڵح عەزیزەکەم، گاهێ بە جەنگی، گاهێ بە جەنگی
ـ ئەوشۆکە بەفر و عەزیزەکەم، باران دەبارێ، باران دەبارێ
گرمەگرمی دێ عەزیزەکەم، هەوری بەهارێ، هەوری بەهارێ

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

www.mamle.net

Mamle Art Center



ئەسپەکەم زین کەن ، روو دە سەحرا کەم، روو دە سەحرا کەم
دەرمانی دەردم عەزیزەکەم، بەڵکوو پەیدا کەم

**قەتار**

یەکێک لە دۆستان بە زامی نۆوە
سەری ناوە خاک ئاسانەی تۆوە
میهمانی غەریب کاروانسەرای تۆن
موحتاجی ریز و سفرەی رەزای تۆن
دریغی مەکە ئامان سەد ئامان
مەفەرموو میوان بێ تۆشە ئامان
یا خەلیل دەخیل کەی عادەت کەردەن
تۆشە وەدرگای کەریمان بەردەن
رەعیەتی باشم خاسەن سەرکارم
بێ وەعدە زوڵمە بدەی ئازارم
دڵ وەک شەماڵی قەدیمی یاران
هەر گرمەگرمە وەک خرمەی باران
بۆچی تا ئێستا لێت مەعلووم نییە؟
سەییادی قاتڵ دریغی نییە
ـ وەکوو دیوانان عەزیزەکەم، شێت و هار مەکە، شێت و هار مەکە
چاوت گۆناگۆن عەزیزەکەم، لێم بە خومار مەکە، لێم بە خومار مەکە
ـ چنار و لاولاو عەزیزەکەم، سەریان بوو بە گیر، سەریان بوو بە گیر
من بۆچی دەگریم، عەزیزەکەم، بە چیم دەکەن ژیر، بە چیم دەکەن ژیر

**عەزیزەکەم**

ماڵ لە مەریوان، عەزیزەکەم، دڵ لە دەرویشان (٢)
مردن خۆشترە، عەزیزەکەم، لە ئاخ هەڵکێشان (٢)
ـ هەر دێت و دەڕوا عەزیزەکەم، مۆڕەم لێ دەکا (٢)
یاری چەند ساڵە عەزیزەکەم، حاشام لێ دەکا (٢)

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



ـ خودا دەیزانێ عەزیزەکەم، من بۆ تۆ چۆنم (٢)
بۆکزەی کەباب عەزیزەکەم، دێ لە دەروونم (٢)
ـ بالا بەرزەکەی عەزیزەکەم، ون بووی لە چاوان (٢)
گەرمایی دڵم عەزیزەکەم، بەردەی دەتاوان (٢)
ـ ئەگەر بە بێ تۆ عەزیزەکەم، شادیم لە دڵ بێ (٢)
شادیکە و خۆشیم عەزیزەکەم، بۆ بن گڵ بێ (٢)

**عەزیزەکەم (تۆ پیرت کردم)**

زەمانە بۆچی (عەزیزەکەم)، (تۆ پیرت کردم) (٢)
ئەسیری عیشقی (عەزیزەکەم)، (بێوەفات کردم) (٢)
ـ من پیر مەناسە (عەزیزەکەم)، (تۆ پیرت کردم) (٢)
شێتی کەس نەبووم (عەزیزەکەم)، (تۆ شێتت کردم) (٢)
ـ من بۆ پیر نابم (عەزیزەکەم) پیرەکەی تۆمە (٢)
پیری بێمەیلی و (عەزیزەکەم) بێوەفایی تۆمە (٢)

**قەتار**

دولبەرا لەو جێژنی قوربان من سەرم قوربانتە
جێژنی قوربان چونکە شەرتی دیتنی مانگی نەوە
ئاه و نالەی بێقەراریم عالەمی خستۆتە جۆش
گوڵ بەناز پەروەردە بوو ئەی دڵ دەمێکی بسرەوە
داخوا چ بکەن پاش خەت و خالان سەفی موژگان بەناز
لەشکری موژگان ئەوە هات و فەرەنگی پێشرەوە
ـ کەسێ کە پیر بێ (عەزیزەکەم) بە کیژ دڵ نادا (٢)
حەیفە بۆو عومرەی (عەزیزەکەم) بۆ تۆم بە با دا (٢)
ئەگەر بە بێ تۆ (عەزیزەکەم) شادیم وە دڵ بێ (٢)
شادیەکە و خۆشیم (هەر دوو دیدەم) بۆ بن گڵ بێ (٢)
ـ خودا دەیزانێ (عەزیزەکەم) من بۆ تۆ چۆنم (٢)
بۆ کزەی کەباب (عەزیزەکەم) دێ لە دەروونم (٢)

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



ـ دەسکێک گوڵ بچنن (عەزیزەکەم) بینێرنە کاشی (٢)
ئەویش بۆ خورشید (عەزیزەکەم) سەرقافڵەباشی (٢)
هەتا بمێنم (عەزیزەکەم) منەتباری تۆم (٢)
تۆ خۆت دەیزانی (عەزیزەکەم) قەرزداری تۆم (٢)

## عەزیزم بەیانی

عەزیزم بەیانی کە گوڵ عەترێ دەڕێژێ
کە بولبول دەناڵێ، کە سۆفی دەچتە نوێژێ
لە کونجی قەفەسدا بە سەد نالە دەخوێنم
هەناوم نەماوە لەبەرچی نایە شوێنم
لە هیجرانی ویساڵت، لە دەوری خەت و خاڵت
هەتا هەم دەخوێنم دەناڵێنم
هەتا نەوگوڵی خۆم وەدەست دێنم
خەزێمێ خەزێمێ گیان لەبەر چی نایە شوێنم
لەبەر چاوی جوانت لەبەر جەرگی بەخوێنم
گوڵ و لالە پشکووت دەور دەوری گوڵانە
گوڵی من دەپشکوێ بەهاری دوو دڵانە
کە بولبول دەناڵێ دەڵێ کوا گوڵی سوورم
هەناوم نەماوە دەمێکە لە تۆ دوورم
دەڵێن ئەوڕۆ بەهارە، بەهاری دوو دڵانە
کە بولبول دەکا رازی دڵداری
دەگەڵ کۆنە یای جەفاکاری
بەهارە عەزیزم، بەهاری دوو دڵانە
کە بولبول دەخوێنێ لەسەر پەلکی گوڵانە
لە باغی گوڵاندا ئەتۆ تاقە گوڵی من
ئەتۆی نووری چاوم، ئەتوی جەرگ و هەناوم
لە باغی ویساڵت دەبێ غونچە بچنم

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



لە هیجری ویسالت بە سەد نالە دەخوێنم
لە هیجری تۆ دەناڵم، خەزاڵی روو بە خاڵم
دەکێشم بە دڵ رازی دڵداری
دەپێوم جیهانی جەفاکاری
هەتاکەی بڕێژم لەسەر تۆ خوێنی سوورم
برینم بە ئێشە دەمێکە لە تۆ دوورم
هەتاکەی بڕێژم سروشکی سوور و ئاڵم
کەژاڵی عەزیزم لە هیجری تۆ دەناڵم
ئومێدم نەماوە مەگەر لوتفی ئیلاهی
کە خوێنم دەڕێژن بە جورمی بێ گوناهی
وەرە روحی رەوانم، گوڵی بۆن خۆش و جوانم
بە بێ تۆ ژیانم نەبێ چاکە
ئومێدم بە دەرگاهی بێباکە
لەسەر تۆ دەڕێژم سروشکی سوور و ئاڵم
لە هیجری ویسالت شەو و رۆژێ دەناڵم

### عەمرەکەم خەجێ

ـ تاێیک لە زولفت (عەزیزەکەم) بێ بە دەستەمەوە (٢)
بەندی دڵ دەپسێ (ئەی هاوار) پێی دەبەستمەوە (٢)
عەمرەکەم خەجێ، ماڵ لە میرەدێ، قەولت دا بە کێ، بۆ تۆ نەماوم
ئاخ لە دووری باڵات (ئەی هاوار) رەش بووە هەناوم
ئاخ لە دووری باڵات (ئەی هاوار) خوێن دێ لە چاوم
ـ ماڵێک باری کرد (عەزیزەکەم) کەس نەیگێڕاوە (٢)
بۆ خۆم دانیشتم (ئەی هاوار) دڵخۆشیم داوە (٢)
عەمرەکەم خەجێ، ماڵ لە میرەدێ، قەولت دا بە کێ، بۆ تۆ نەماوم
ئاخ لە دووری باڵات (ئەی هاوار) رەش بووە هەناوم
ـ ئەوە کە دەڕۆی (عەزیزەکەم) بە ناڕەزای دڵ (٢)

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



دڵمت دەگەڵە (ئەی هاوار) مەنزڵ بە مەنزڵ (٢)
عەمرەکەم خەجێ، ماڵ لە میرەدێ، قەولت دا بە کێ، بۆ تۆ نەماوم
ئاخ لە دووری باڵات (ئەی هاوار) ڕەش بووە هەناوم
- چاوێکم دیشێ (عەزیزەکەم) چا نابێتەوە (٢)
ئەو گوڵەم لێ زیزە (ئەی هاوار) ئاشت نابێتەوە
عەمرەکەم خەجێ، ماڵ لە میرەدێ، قەولت دا بە کێ، بۆ تۆ نەماوم
ئاخ لە دووری باڵات (ئەی هاوار) ڕەش بووە هەناوم

## غەمی خۆم نییە

غەمی خۆم نییە غەمی تۆمە (٢)
غەمبار بی من ڕەنجەڕۆمە
بە دڵ عاشق (عەزیزم) بە خاڵت بووم (دیدەکەم) (٢)
مەڵێ شێتە شێتی تۆمە (٢)
- بە برۆ فەرمووت بڕۆ بۆیە (٢)
ئێستا گریان و ڕۆڕۆمە
دەست هەڵناگرم (عەزیزم) لە باڵاکەت (دیدەکەم) (٢)
هەموو عالەم بمکا لۆمە (٢)
- چ خوێنڕێژە تیغی ئەبرۆت (٢)
من شەهیدی تیغی برۆمە
دیل و شەیدای (عەزیزم) قامەتی تۆم (دیدەکەم) (٢)
قامەتی من بۆیە کۆمە (٢)
- مەیلت نانێم تاکوو دەمرم (٢)
خۆزگە بمرم گەر بە درۆمە
دەنگت خۆشە (عەزیزم) بۆیە ئەمنیش (دیدەکەم) (٢)
عاشقی حەیران و لۆلۆمە
- بە برژانگت قەسەم تا هەم (٢)
گرفتاری داوی تۆمە

www.mamle.net

Mamle Art Center



ناکەم مەنعی (عەزیزم) تۆ چون جوانی (دیدەکەم)
مەنعی هاری دڵی خۆمە (۲)
- غەرقی چۆمی عیشقی تۆ بووم (۲)
تۆ نەجاتم دە لەو گۆمە
لێم مەپرسە (عەزیزم) بۆچی دەگریم (دیدەکەم)
کێشەم دەگەڵ بەختی خۆمە
دەسا روحمێک (عەزیزم) بە حالم کە (دیدەکەم)
بۆ تۆ دایمە رەنجەڕۆمە

### غەمیلێ عیشوەی عیشوەی

- چاوت ئەستێرەی رۆژێ (۲)
دەگەڵ مانگێ دەگەڕێ
برینانم دەرمان کەن (گیانە)
جا بە دەستی نیلوفەڕێ (۲)
غەمیلێ عیشوەی عیشوەی، غەمیلێ خودامە نەی (۲)
- ئەو هاتە سەرینم (۲)
چاوی کەت بە لەرزینم (گیانە)
بەخەت لادە بتبینم
نازدارەی نازەنینم (۲)
جا بە دەستی نیلوفەڕێ (۲)
غەمیلێ عیشوەی عیشوەی، غەمیلێ خودامە نەی (۲)
- دانیشتبووم لەگەڵ یار (۲)
ئەو سەرخۆش، ئەمن وشیار
دڵی بردووم بە یەکجار (۲)
جا بە دەستی نیلوفەڕێ (۲)
غەمیلێ عیشوەی عیشوەی، غەمیلێ خودامە نەی (۲)
- ماڵی دنیام بۆچییە (۲)

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



هەر سەراسەر کۆچییە
ئەگەر ماچمان نادەیەی
جا جنێو دانت لە چییە (٢)
بۆم بڵێ نەختە نەختە، بەندی دڵەکەم چەند سەختە
بەشی عاشق گریانە، بۆیە وێڵ و بەدبەختە

## فاتمۆکێ

فاتمۆکێ کوێستا چەند خۆش کوێستان
کێل گەردنی سینگی تۆم باغ و بێستان
ـ فاتمۆکێ پاش تۆ ناگرم هیچ دۆستان
کێل گەردنێ ماچێکم بۆ خۆم هەستان
فاتمۆکێ چەند بە چۆماندا هاتم
کێل گەردنێ شەختەی پایزی ئەنگاوتم
ـ فاتمۆکێ دوگمەی بەریم کراوە
کێل گەردنێ زیز بووم ئاشتم کەرەوە
ـ فاتمۆکێ کوێستانمان کێلەشینە
کێل گەردنێ کوێستانمان رۆح و دینە
ـ فاتمۆکێ کوێستانمان لە پاراستان
کێل گەردنێ پاش تۆ ناگرم هیچ دۆستان
فاتمۆکێ کوێستانمان لە تەمیدا
کێل گەردنێ سووتاوم ئاورێکم وێدە
ـ فاتمۆکێ دە نێو بەحراندا دوری
کێل گەردنێ جەرگی عالەمت بری
فاتمۆکێ رەببی بابت زەرەر کا
کێل گەردنێ لە جەلەبی کاوری

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



## کاروانە

ـ پەشێو و دڵشکاوم، وێڵی شاخ و کێوانم
دەستەوئەژنۆ دانیشتووم، منتەزیری کاروانم
ئارمی لێ هەڵگرتووم، دەڕوا ئارامی گیانم
بەڵکو بکا روحمێک بە من، ئەورۆ بێ بە میوانم
کاروانە هەی کاروانە، کاروان بۆ وا بێ باکی
چەند خۆشە دەگەڵ یارێ چوارشەمۆ دەچمە چاکی
دۆست گرتن بویە خۆشە بۆ غەریب و غەمناکی
کاروان خۆ تۆ غەمت نیە، بویە هێندە بێباکی
ـ غەمگین و پەرێشانم، ئارامم نییە ساتێ
سەفەرێکم کەوتە بەر رێیە هات و نەهاتێ
چاوەڕێمە لە رێگا با کاروان بێ و بمگاتێ
یارم دەگەڵ کاروانێ، قەولە دوو ماچم داتێ
کاروانە هەی کاروانە، کاروان بۆ وا بێ هەستی
بەشقی خودای قافڵەباشی ناکرێ تاوێک راوەستی
یاری من دەگەڵ تۆیە، دەست دەنێمە ناو دەستی
زۆر دەترسم نەیبینم ماچ کەم دوو چاوی مەستی
ـ کار و پیشەم بوە بەوە. لەسەر رێیە رامێنم
دەوروبەری کاروانێ، بە گوڵەباخ دەنەخشێنم
هەر بەڵکوو ببینمەوە یارەکەی غەمڕەوێنم
بە غەریبی بیدوێنم دوو ماچی لێ بستێنم
کاروانە هەی کاروانە کاروان کەوتە بن داران
کیژ دەفرۆشن هەناران، دانەی بە سەت دیناران
بۆ جلکی نازەنینێ ساز دەبم دەچمە تاران
ملوانێکی بۆ دێنم پەرەنگەی لە بازاران
لەوێشرا دەست نەکەوێ دەگەڕێم دەچمە شاران
ئاواتی نازەنینم لەبۆێ دێنم لە شاران

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



کاروانە هەی کاروانە، کاروان بۆ وا بێ هەستی
بەشقی خودای قافڵەباشی ناکرێ تاوێک راوەستی
یاری من دەگەڵ تۆیە، دەست دەنێمە ناو دەستی
زۆر دەترسم نەیبینم ماچ کەم دوو چاوی مەستی

### کاکە وا نابێ

جا چۆن شێت نەبم (هەی) نەدەم بە خۆمدا
چۆن خاکی عالەم (هەی) نەکەم بە سەردا
حەیفە بۆ من و تۆ (هەی) دەستمان لێک بەردا
کاکە بە قورعان بە خودای وا نابێ
سێو بە بێ‌مێخەک بۆ دیاری نابێ
بۆ ماچێک و دوان قیامەت رانابێ
ـ دینی لێ کردووم (ئەی) بە ئیمانەوە
رێم نیە هەڵیگرم (ئەی) بە جێ‌وبانەوە (٢)
کاکە بە قورعان بە خودای وا نابێ
سێو بە بێ‌مێخەک بۆ دیاری نابێ
بۆ ماچێک و دوان قیامەت رانابێ

### کانی مرادان

ـ (ئەرێ) دەچمە سەر کانی مرادان (دەی دەی)
ئەی شەرعی خۆم دەکەم (های) تەواوە
ئەوساڵ حەوت ساڵە بەندەم (دەی دەی)
هەی بۆ خونچە گوڵی دە ساوا
گەر خونچەگوڵم (های) نەدەنێ (دەی دەی)
ئاخ دەوڵەت زیاد و ماڵ‌ئاوا
ـ خۆشە لێنێن پێش باران دەی دەی
ئای هەوای کەند و لەندان

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



خێڵی زیوکە و ماشکانە دەی دەی
ئای هەڵیاندا لە سامرەندان
کابان بێنە و راتمووسم دەی دەی
ئای لە شایی و زەماوەندان

**کراس رەشێ**

خۆڵم وەسەر کەن بە نووکی بێڵێ
لە من مەعلووم بوە کەوتوویە فێڵێ
ئەرێ وەی کەوتوویە فێڵێ
ئەی وەی وەی کراس رەشێ، بە لەنجە مەڕۆ
دەیدا لە کوڵمەت گەرمای نیوەڕۆ
ئەرێ وەی تاوی نیوەڕۆ
ـ دەشتی پشت قەڵا گوڵ گرتوویەتی
دڵهەر یەکێکە و یار بردوویەتی
ئەرێ وەی یار بردوویەتی
ئەی وەی وەی کراس رەشێ، بە لەنجە مەڕۆ
دەیدا لە کوڵمەت گەرمای نیوەڕۆ
ئەرێ وەی تاوی نیوەڕۆ
ـ هەر دێت و دەڕوا مۆڕەم لێ دەکا
یاری چەند ساڵە حاشام لێدەکا
ئەرێ وەی حاشام لێ دەکا
ئەی وەی وەی کراس رەشێ، بە لەنجە مەڕۆ
دەیدا لە کوڵمەت گەرمای نیوەڕۆ
ئەرێ وەی تاوی نیوەڕۆ

**کراس زەردێ**

ـ عەقڵ و دین دەرچووە لە دەستم

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



موبتەلای دوو چاوی مەستم
تۆ بوتی من دەتپەرستم
كراس زەردێ و كراس زەردێ، كراس زەردێم لێ هاڵاوە
لێم هاڵاوە ئاڵ و ئابی، شەرمەندەی دەرگای خودابی
سەرهەڵێنە بێ بەلابی، جا دەڵێم بمدەیە ماچێك
بە ناز كوڵمەی دێنێ رابی
ـ سێ كەس ماچیان دەدا بە دڵ
فاتم و ئامین و ئایشەگوڵ
دەپسێنن ریشەی جەرگ و دڵ
كراس زەردێم لێ هاڵاوە
لێم هاڵاوە كەسك و شینە، كوشتوومی كافرەی بێ‌دینە
جا دەڵێم بمدەیە ماچێك، لێم بووە بە كۆلكەزێرینە
ـ دوێنێ فەسڵی بانگی شێوان
چاوم كەوتووە بە دوو سێوان
شێت و شەیدام كەوتمە كێوان
كراس زەردێم لێ هاڵاوە
لێم هاڵاوە كەسك و شینە، كوشتوومی كافرەی بێ‌دینە
جا دەڵێم بمدەیە ماچێك، لێم بووە بە كۆلكەزێرینە
ـ زولفت بە ریز بەردانەوە
بە بای عیشوە دەخولانە
كۆنە برینم دەكولانە
كراس زەردێم لێ هاڵاوە
لێم هاڵاوە كەسك و شینە، كوشتوومی كافرەی بێ‌دینە
جا دەڵێم بمدەیە ماچێك، لێم بووە بە كۆلكەزێرینە

## كراس زەردێ

ـ قەسەم بە سورەی وەلفەجری

www.mamle.net

Mamle Art Center



دایمە دڵەکەم بۆ تۆ دەگری
مەیلت نانێم تا رۆی قەبری، کراس زەردێم لێ هاڵاوە
کراس زەردێ و کراس زەردێ، جا کراس زەردێم لێ هاڵاوە
ـ بۆ بێ کەسی خوم دەناڵم
سەت جار کافر بێ بەحاڵم
بە جێ ما یاری چاوکاڵم، کراس زەردێم لێ هاڵاوە
کراس زەردێ ئاڵ و ئابی، شەرمەندەی دەرگای خودابی
سەرهەڵێنە بێ بەلابی، جا دەڵێم بمدەیە ماچێک
بە ناز کولمەی دینێ رابی
ـ قوربانت بم شنەبای شەوێ
خەو بێ لە چاوم ناکەوێ
دڵ مەجنوونە و لەیلای دەوێ، کراس زەردێم لێ هاڵاوە
کراس زەردێ کەسک و شینە، کوشتوومی کافرەی بێدینە
جا دەڵێم بمدەیە ماچێک، لێم بووە بە کۆلکەزێرینە
ـ لە سیلەی قەبران هاوارە
حاکم بمدا لە سێدارە
دەس هەڵناگرم لەو نازدارە کراس زەردێم لێ هاڵاوە
لێم هاڵاوە کەسک و شینە، کوشتوومی کافرەی بێدینە
جا دەڵێم بمدەیە ماچێک، لێم بووە بە کۆلکەزێرینە
ـ جەرگم لەتلەتی ساتۆرە
لێم دەن بە خەنجەر بە نۆرە
داواکاری لەیلام زۆرە، کراس زەردێملێ هاڵاوە
کراس زەردێ ئاڵ و ئابی، شەرمەندەی دەرگای خودابی
سەرهەڵێنە بێ بەلابی، جا دەڵێم بمدەیە ماچێک
بە ناز کولمەی دینێ رابی

www.mamle.net

Mamle Art Center



## کراس زەردێ

ویلی مەکانی پەریانم
خەلکی جزیر و بۆتانم
عاشقی کیژی شای پەریانم، کراس زەردێم لێ هالاوە
لێم هالاوە ئاڵ و ئابی، شەرمەندەی دەرگای خودا بی
سەرهەلێنە بێ بەلا بی
جا دەلێم بمدەیە ماچێ، بە ناز کولمەی دێنێ رابی
ـ بەو قورعانەی لەسەردەستم
لەت‌لەت کرێم لە سەر پۆستم
نانێم مەیلی کۆنە دۆستم، کراس زەردێم لێ هالاوە
لێ هالاوە لێ هالاوە، بەژنی تۆم دار و لاولاوە
کراس زەردێم بۆ بکەن بە بووک
دەیبەم بۆ باغی میراوا

## غەمخواری خوێن‌شیرینم

وەکی لە من قەوماوە یارەبی لەکەس نەقەومێ
لە ولاتی موکریان کەس نیە هاواری بەرمێ
باب و دایکی لێوئاڵێ تورەن نامدەنێ نەرمێ
لەسەر ئەو حاڵەش لە یاری زۆری لێ دەکەم شەرمێ
غەمخواری خوێن‌شیرینم خوێناو دێ لە برینم
یارەبی بەخێر بێتەوە یاری رەزا شیرینم
هێستا لەسەر لانکێیە مونتەزیرم بیبینم
ـ دەلێ ئەو لیمۆ تورتەم کەس دەستی لێ نەداوە
زۆر موشتەریان هاتە سەر قەولم بە کەس نەداوە
لە ژێر کراسی مەخفی لەبۆ تۆم حاشار داوە
وەرە بە ساحیبیان کە هەتا هەروەک خۆی ماوە
غەمخواری خوێن‌شیرینم خوێناو دێ لە برینم

www.mamle.net

Mamle Art Center



یاڕەبی بەخێر بێتەوە یاری ڕەزا شیرینم
هێستا لەسەر لانکێیە مونتەزیرم ببینم

## کەتانە

ـماڵی دە مەڕداران
ڕۆیین بۆ هەواران
لێمان دەبڕن یاران
لە جێ‌ڕاوگەی جاران،
خۆشەویستی ئەم شارە، عەمرم کەتانە
(ئەرێ) کەتانە و کەتانە، هاوار کەتانە
کەتانەم بۆ بانگ کەن، زۆر بە عینوانە
ـ ڕەشماڵەی مەنگوڕان
لە دۆڵ و لە خڕان
قاتڵن بۆ کوڕان
خۆشەویستی ئەم شارە، عەمرم کەتانە
(ئەرێ) کەتانە و کەتانە، هاوار کەتانە
کەتانەم بۆ بانگ کەن، زۆر بە عینوانە
ـ ئەوشۆ مانگەشەوە
کیژان بەستیان ڕەوە
بە لای ماڵی مەوە
خۆشەویستی ئەم شارە، عەمرم کەتانە
(ئەرێ) کەتانە و کەتانە، هاوار کەتانە
کەتانەم بۆ بانگ کەن، زۆر بە عینوانە
ـ ماڵی دەمەڕ دۆستان
ڕۆیین چوونە کوێستان
لێمان دەبڕن دۆستان
خۆشەویستی ئەم شارە، عەمرم کەتانە

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



(ئەرێ) کەتانە و کەتانە، هاوار کەتانە
کەتانەم بۆ بانگ کەن، زۆر بە عینوانە
- بە هەوران پاییزە،
دەخوێنن ئازیزە
یارکۆڵێم لێ زیزە
چەند جوان و تەمیزە
خۆشەویستی ئەم شارە، عەمرم کەتانە
(ئەرێ) کەتانە و کەتانە، هاوار کەتانە
کەتانەم بۆ بانگ کەن، زۆر بە عینوانە

**کەمەرەشل**

- ڕێگاکەم دوورە (کەمەرە شل) دوور کەوتۆتەوە
مەیلی جارانت (کەمەرە شل) کەم کردۆتەوە
کەمەرە شل کەمەرە شل، کەمبەرەی شاڵە
(ئەرێ) شلەکەی کەمەرەت (کەمەرە شل) خستیمە ئەو حاڵە
غەم ماتی کردووم (کەمەرە شل) زیندەگیم تاڵە
(ئەرێ) زیندەگیم تاڵە
- تا لە قەفەسدام (کەمەرە شل) ماومە نەفەسێ
بولبول بۆ گوڵی (کەمەرە شل) ئەمن بۆ کەسێ
کەمەرە شل، کەمەرە شل، کەمبەرەی زێوە
(ئەرێ) شلکەی کەمەرەکەت (کەمەرە شل) سەت نازی پێوە
حاڵم مەغشووشە (کەمەرە شل) دڵەکەم پەشێوە
(ئەرێ) دڵەکەم پەشێوە
- ڕەنگم زەرد نەبوو (کەمەرە شل) تۆ کردت بە بەی
لە خودام تەڵەبە (کەمەرە شل) بە مەقسوود نەگەی
کەمەرە شل کەمەرە شل، کەمبەرەکەی جوانە
کەمەرە بەستن (کەمەرە شل) ڕەسمی خۆمانە

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



(ئەرێ) هەر لە خۆت جوانە

## کەمەرە شل

(ئەرێ) باری کەس نەب (کەمەرە شل) نەدامەتی نۆ
(ئەرێ) کەنگێ وای لێ هات (کەمەرە شل) بەینی من و تۆ
کەمەرە شل، کەمەرە شل کەمبەرەکەی شاڵە
شلکەی کەمەرەکەت (کەمەرە شل) خستمیە ئەو حاڵە
غەم ماتی کردووم (کەمەرە شل) زیندەگیم تاڵە
(ئەرێ) زیندەگیم تاڵە
ـ (ئەرێ) رێگاکەم دوورە (کەمەرە شل) دوور کەوتۆتەوە
(ئەرێ) مەیلی جارانت (کەمەرە شل) کەم کردۆتەوە
کەمەرە شل کەمەرە شل، کەمبەرەکەی زێوە
(ئەرێ) شلکەی کەمەرەکەت (کەمەرە شل) سەت نازی پێوە
حاڵم مەغشووشە (کەمەرە شل) دڵەکەم پەشێوە
(ئەرێ) دڵەکەم پەشێوە

## کەویار

دینی لێ کردووم (ئای) بە ئیمانەوە
رێم نییە هەڵیگرم (کەژاڵێ) بە جێویانەوە (٢)
کەویارئەی کەویار، ئەردەڵانییە
مەمکۆڵەت هەنار کەژاڵێ، رێی دەستم نییە
قاسیدم ناردبوو بە ئایەت بۆ جوابم نییە
ـ بە کۆسەی هەجیج کەژاڵێ نەمبردوە ناوت
خۆ من گاور نیم (عەزیزم) کەوتوومە داوت
کەویار کەویار، چ کەویارێکی
رەنجم بۆ کێشای، کەژاڵێ ساڵێ وەختێکی
بەناز و نیمناز عەجەب یارێکی

www.mamle.net

Mamle Art Center



ـ هەتا مەیلت بووم بە مەیلت ژیام
هێستا کەم‌مەیلی (عەزیزم) خۆ منیش دڵنیام (٢)
کەویار کەویار، چ کەویارێکی
رەنجم بۆ کێشای، کەژاڵێ ساڵێ وەختێکی
بەناز و نیم‌ناز عەجەب یارێکی

**کەویار**

ـ ئەو ماڵەی هەمە نەزری ئەڵلا بێ
بەڵکوو کۆچەکەت بەرەو دوا بێ
ـ نە ماڵم دەوێ، نە گەنجی دونیا
باڵای تۆم دەوێ بە تاقی تەنیا
کەویار کەویار، چ کەویارێکی
رەنجم بۆ کێشای، کەژاڵێ ساڵێ وەختێکی
بەناز و نیم‌ناز عەجەب یارێکی
ـ گلەیی دەکەم (گیانە) بە لای خوداوە
دەروازەی مەینەت بۆ من کراوە
ـ یان جوابێک بە خێر یان دڵنیام کە
بەس لەوەی زیاتر شێت و شەیدام کە

**کەومل کەومل کەومل کە**

ـ خودا دەیزانێ (٢) من بۆ تۆ چۆنم (ئاخ جەیران چاوەکەم)
بۆ کزەی کەباب (٢) دێ لە دەروونم (ئاخ جەیران چاوەکەم)
کەومل کەومل کەوملکە، دەسرەی هەوری لە مل کە
من دەست دێنم خۆ شل کە، جەیران چاوەکەم (ئاخ جەیران چاوەکەم)
ـ ئەوشۆ لە بەختم (٢) مانگەشەو تارە (ئاخ جەیران چاوەکەم)
هەر جێیەک دەچم (٢) سایەم دیارە (ئاخ جەیران چاوەکەم)
(ئاخ جەیران چاوەکەم)

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



ـ باڵا بەو بەرزی، (٢) قەد بەو باریکی (ئاخ جەیران چاوەکەم)
ئەستێرەی سیوەیل (٢) کەوتە تاریکی (ئاخ جەیران چاوەکەم)
(ئاخ جەیران چاوەکەم)

## کەویار

ـ بۆ من لە جوملەی عەبدی خودا نیم؟
سەعاتێک لە دەس (عەزیزم) خەمێک رەها نیم (٢)
کەویار کەویار چ کەویارێکی
رەنجم بۆ کێشای ساڵێ وەختێکی
بە ناز و نیم ناز (عەزیزم) عەجەب یارێکی
ـ کۆرپەی دڵەکەم گریە و زار دەکا
تۆ خۆت دەیزانی، (عەزیزم) بۆچ هاوار دەکا (٢)
کەویار کەویار چ کەویارێکی
رەنجم بۆ کێشای ساڵێ وەختێکی
بە ناز و نیم ناز (عەزیزم) عەجەب یارێکی
ـ هەتا مەیلت بوو، بە مەیلت ژیام
هێستا کەم مەیلی، (عەزیزم) خۆ منیش دڵنیام (٢)
کەویار کەویار چ کەویارێکی
رەنجم بۆ کێشای ساڵێ وەختێکی
بە ناز و نیم ناز (عەزیزم) عەجەب یارێکی
**قەتار**
شێتان شێت دەبوون دەچنە هەورامان
خۆ من شێتی تۆم بەسیە پێنەزان

## کۆچی سوور

ـ ئاخ، من پەروانەم لە دوای خاڵت
سووتام بە عیشقی جەماڵت

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



ئەی بێوەفا تا کەی جەفا
بەیانە دانەی ئەسرینم
ئەڕژێ لە هیجری دوو پیالەی چاوی کاڵت
- (ئاخ) رەبی چاوجوان نەڕۆی لێرە
شێتی تۆم دنیا دەیزانێ
بە خودای گوڵم نێوی دڵم
کە مەجنوون وێڵی شاخانە
وەکوو من شێتی لەیلای نیە
گوڵە جوانێ،
- من عاشقم وێڵ و شەیدا
بۆ سوورە گوڵ لەو باغەیدا
ئەی سایە لار، ئەی گوێ بە گوار،
دەمرم لەبەر کۆچی دوورت
خوێنی منە کۆچی سوورت، کۆچی سوورت
کۆچی یارم، کۆچی سوورە،
بەهارە خێڵ بەرەو ژوورە
رەبی قاسید کورت بمرێ،
یاخودا ئەو کۆچە سەر نەگرێ
چونکە یارم لە من دوورە، لە من دوورە

## کورتێ هات رابرد

- بە بای هەناسەی (گیانە) ساردت دەسپێرم، ساردت دەسپێرم
ئاگری دڵمت (گیانە) لە دەور دەگێڕم، لە دەور دەگێڕم
کورتێ هات رابرد، کوێر بم نەمزانی
غەمی ئەویشم کەوتە سەر شانی (٢)
- تەپە و دووکەڵی (گیانە) هەناسەت بەرز بێ، هەناسەت بەرز بێ
ناڵەت وەک ناڵەم (گیانە) بە تاو و لەرز بێ، بە تاو و لەرز بێ

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



کورتێ هات رابرد، کوێر بم نەمزانی
غەمی ئەویشم کەوتە سەر شانی (٢)
- من سکەم بە ناو (گیانە) مەحبووبێ لێدا، مەحبووبێ لێدا
رەواجم پێدا (گیانە) بە شار و دێدا، بە شار و دێدا
کورتێ هات رابرد، کوێر بم نەمزانی
غەمی ئەویشم کەوتە سەر شانی (٢)
- گەر بیخەیە سەر (گیانە) ملی من خەنجەر، ملی من خەنجەر
لە ژێر خەنجەرت (گیانە) من لانابەم سەر، من لانابەم سەر
کورتێ هات رابرد، کوێر بم نەمزانی
غەمی ئەویشم کەوتە سەر شانی (٢)

## کورەکاروانی

- (ئەرێ) تۆ دوور و من دوور، یەک لە یەک دوورتر
غەمخوارت کێیە، لە من زیاتر (٢)
- جا چۆن شێت نەبم، نەدەم بە خۆمدا
چۆن خاکی عالەم نەکەم بە سەردا
حەیفە ئەمن و تۆ دەسمان لێک بەردا
- رەبی جەغەتوو بدەی بوارێ
دەچمەوە سابلاغ، بۆ خدمەت یارێ (٢)
خۆم کورە کاروانی، بەرەو یار دەچم
بۆ لای یارەکەی وەفادار دەچم
- هەر لە ئێوارێ هەتا نیوەشەو
من لە فکری تۆ، تۆ لە فکری خەو (٢)
- شەدیک دەرهاتووە لە بۆکان باوە
عەمر و عەزیزم لە سەری ناوە (٢)

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



## کۆڵان بە کۆڵان

ئەوشۆ لە بەختم، مانگەشەو تارە
هەر جێیەک دەچم، (جوانێ گیان) سایەم دیارە (٢)
کۆڵان بە کۆڵان، جادە بە جادە
شەرمی پێ ناوێ، (جوانێ گیان) چادرەکەت لادە
شەرمی پێ ناوێ (جوانێ گیان) چادرەکەت لادە
ـ هەناسەی ساردم، دە ماڵێو گەڕێ
ئەو شادیەی بێ من، کردت لێت وەشین گەڕێ
کۆڵان بە کۆڵان، جادە بە جادە
شەرمی پێ ناوێ، (جوانێ گیان) چادرەکەت لادە
ـ ئەو ماڵەی هەمە نەزری ئەڵلا بێ
بەلکوو کۆچەکەت (جوانێ گیان) بەرەو دوا بێ (٢)
کۆڵان بە کۆڵان، جادە بە جادە
شەرمی پێ ناوێ، (جوانێ گیان) چادرەکەت لادە

## کۆڵوانە

(ئەرێ) غەم و تالیم زۆر لەمێژن (کۆڵوانە کۆڵوانە، کۆڵوانەی لێ جوانە)
قەبرم بە گوڵاوێ داڕێژن (پاوانەی لێ جوانە)
(ئەرێ وەی) کۆڵوانە، کۆڵوانە، کۆڵوانە، کۆڵوانەی لێ جوانە
یارم ئەسلە سابلاغییە، گۆشەی چاوی جوانە (٢)
ـ (ئەرێ) دیسان شەو هات بۆ حاڵی من (گۆشەی چاوی جوانە)
لەو دڵەی پڕ خەیاڵی من (گۆشەی چاوی جوانە)
گەڕەک نانوێ لە ناڵەی من (گۆشەی چاوی جوانە)
ـ (ئەرێ) شەو گەیشتە حاڵی جاران (گۆشەی چاوی جوانە)
بۆ بڵێن بە شای وەفاداران (گۆشەی چاوی جوانە)
زوو بێتە سەر دەردەداران (گۆشەی چاوی جوانە)

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی mamلێ

Mamle Art Center



### کۆڵوانە سوور

ـ ئەی یار یاریَ یاریَ لە دەمی شەکر دەباریَ
بای شەماڵ بیکاتەوە گۆشەی دەرکی حەساریَ
چاوەڕوانم تاویکی با یارم بێتە خواریَ
بەلکوو کەمێک ببینم گۆشەیەکی چاوی یاریَ
کۆڵوانەسوور تۆبە بێ، چارۆکە سوور تۆبە بێ
لە سەر بالآی بەرزی تۆ، ئیعدامم بۆ سادر بێ
ـ چەند سالآن شێتی تۆ بووم بە بێ‌هەق و بێ‌کریَ
موددەتیَ لەوەی پێشتر پەیمانمان بەست لە دەریَ
نە عەهد و نە پەیمانت قەت‌قەت نابەیە سەریَ
سیلەی روحمت بۆم ببزویَ، با خودای من نەتگریَ
کۆڵوانەسوور تۆبە بێ، چارۆکە سوور تۆبە بێ
من ئەو یارەم خۆش دەویَ، فێری تاوڵە و هۆبە بێ
ـ زۆر کەس نەمامی چەقاند نەیخوارد لە داری بەریَ
خەلفی داری من شین بوو، هاتبوو بگاتە بەریَ
فەرمووت ئیستیکی بگرە شەرتی خۆم دەبەمە سەریێ
وەرە دەرکی دەروازەی بۆ دانیشتووی لە سەریَ
کۆڵوانەسوور تۆبە بێ، چارۆکە سوور تۆبە بێ
لە سەر بالآی بەرزی تۆ، ئیعدامم بۆ سادر بێ

### کۆڵوانەکەی گازرە

ـ ئەریَ کاکە مەمخەنە تاریکی
هۆ برا مەمخەنەتاریکی
لە مەکر و حیلان خەریکی
بۆ نالەی بە کوڕە باریکی
کۆڵوانە هەولێرییە، چارۆکە هەولێرییە
ئەو کچە قۆلی هەلمالیوە، یەقین شەنگەبێرییە

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



ـ کەس نازانی بە کێ دەڵێم
ئاشقی شەمامەی باغەڵێم
سوێندیان داوم بە کەس نەڵێم
کۆڵوانەکەی گازرە، چارۆکەکەی گازرە
ناوێرم دوو قسەی پێ بڵێم، دایکی لەوێ حازرە
ـ ئەێ ماڵی وێران کردووم چاوی
دێوانەم بۆ زولفی خاوی
بەو سەر و زولفی شێواوی
ئەمنی مەزلووم کەوتمە داوی
کۆڵوانە هەولێرییە، چارۆکە هەولێرییە
هەستە با بڕۆینە نێو مەڕی، ئەمان مەرزە بێرییە

**کۆڵوانەکەی گازرە**

ـ ئەرێ کەس نازانێ بۆ بێدەنگم
گیرۆدەی دەستی فەڕەنگم
بەجێ ماوە شۆخ و شەنگم
کۆڵوانەکەی گازرە، چارۆکەکەی گازرە
ناوێرم دوو قسەی پێ بڵێم، دایکی لەوێ حازرە

**کیژە کوردەکەی**

ـ کیژە کوردەکەی دەم بە پێکەنین (٢)
سەر گۆنەی ئاڵت وەک لالەی رەنگین (٢)
ـ هەڵوەدای تۆمە ئەو دڵەم ناسرەوێ (٢)
بە گیان و بە دڵ هەر تۆم خۆش دەوێ
ـ بەو چاوە جوانەت دێوانەت کردم (٢)
لە باوکم و دایکم بێگانەت کردم (٢)
**قەتار**

www.mamle.net

Mamle Art Center



جێی تابێتەوە دوو یار لە یەک دڵ
قەت دوودڵ نابێ ئینسانی عاقڵ
گوناهی خۆمە کەوا کەساسم
ئەو بێقەدرییە لە خۆم دەناسم
لە شوعلەی رووی تۆ دنیا پڕ نوور بێ
لە چاوی بەدکار جەماڵت دوور بێ
من لاوی کوردم مەیلت بەرنادەم (٢)
گەنجی باوەفا بێفێڵ و سادەم (٢)
- ئەتۆش وەفات بێ هەر دوو دڵدارین (٢)
بە عیشقی یەکتر وا گرفتارین (٢)
- شێتی تۆم شێت هەی دەلو و دێوانە (٢)
شێتی تۆی کردووم چەرخی زەمانە (٢)
- پەیمان دەبەستین هەروەک مەم و زین (٢)
عەهدی دڵداری بە مردن و ژین (٢)

## کیژی کوردی نازەنین

- لەسەر زێڕین کێوی، تەڕ بووم لەبەر بارانێ
بە غوڵامی ئەگریجەت بم، لە هەنیەت دەگرم سانێ
برینانم دەرمان کەن، بە دەستی نەشمیلانێ
ئای وەرە، گیان وەرە، کیژی کوردی نازەنین
من فەرهادم، تۆ شیرین
- لەسەر زێڕین کێوی، ڕۆژم لێ دەبوو ئاوا
هەنیەت مانگی دە چاردە، زولفت ئاوریشمی خاوە
لەسەر هیچ و خۆڕایی دووبارە یار تۆراوە
ئای وەرە، گیان وەرە، کیژی کوردی نازەنین
من فەرهادم، تۆ شیرین
- لەسەر زێڕین کێوی، لێی دام گزینگی تاوێ

مەڵبەندی هونەرییماملێ

Mamle Art Center



هەنیەت مانگی لە چاردەی، کولـمەت گولی گولاوێ
بەهەشتی باقیم دەنێ، حاشا بە بێ تۆم ناوێ
ئای وەرە، گیان وەرە، کیژی کوردی نازەنین
من فەرهادم، تۆ شیرین
ـ لەسەر زێڕین کێوی، ڕۆژم لێ دەبوو ئاوا
هەنیەت مانگی لە چاردەی، تازەی سەر دەرهێناوە
لە سەر هیچ و خۆڕایی ، دووبارە یار تۆراوە
ئای وەرە، گیان وەرە، کیژی کوردی نازەنین
من فەرهادم، تۆ شیرین

**قەتار**

گادەر دێن بەهاران ڕێم نییە
ئای لەبەر گوێ‌بەگواران جێم نییە
گادەر دێن هاوینان ڕێم نییە
ئای لەبەر دەسماڵ شینان ڕێم نییە
گادەر دێن پایزان ڕێم نییە
ئای لەبەر گوێ‌بەزریزان جێم نییە

**قەتار**

تا کەی وەم مەجنوون وێڵی هەردان بم
تاکەی غەمزەدەی باری هیجران بم
کوورەی دەروونم بە تاو جۆشی گرت
فرمێسکی چاوم زوو خامۆشی گرت
ـ ئەرێ گادەر دێن زستانان ڕێم نییە
ئای لەبەر چاوجوانان جێم نییە
ـ (ئەرێ) گادەر دێن هەموو وەختان ڕێم نییە
دەبڕم کۆلکی درەختان جێم نییە

www.mamle.net

Mamle Art Center



### گرتمت بەستمت

سەبر و قەرارت بردم، کەم شەرتیت لەگەڵ کردم
ئیتر وازم لێ بێنە، جوانێ بەسیەتی مردم
گرتمت، بەستمت، کوشتمت، سووتاندمت
بە تیلەی چاوەکانت لە ژێر خاک چەقاندمت
- هەم نارنجە و هەم سێوە، هاوار یا شێخی کرێوە
غەم و مەراقی یارێ، ئیشکی کردووم بە پێوە
یارەبی نەبارێ باران، تاقە گوڵەکەم بەرێوە
گرتمت، بەستمت، کوشتمت، سووتاندمت
بە تیلەی چاوەکانت لە ژێر خاک چەقاندمت
- لەنگۆ یار پەیدا نابێ، پەیدا بێ وەفای نابێ
سەد ساڵ غونچە بپشکوێ، بێبولبول بەهار نابێ
چبکەم دڵ گرتوویەتی بە کەس تەوەللا نابێ
گرتمت، بەستمت، کوشتمت، سووتاندمت
بە تیلەی چاوەکانت لە ژێر خاک چەقاندمت

### گریان گریان

- ئەوشۆ نەبوو شەوێ دینێ
چوومە خزمەت پەریزادەی چینێ
دەستم کرد بە گوڵچنینێ (٢)
گریان گریان، گریانم دێ (٢)
بەو چاوانە گریانم دێ
یارم تۆریا گریانم دێ
- رەبی قازی ماڵت ئاوا
ئیبنو حەجەرت داناوە
فتوای ماچی لەیلات داوە (٢)
گریان گریان، گریانم دێ (٢) ....

www.mamle.net

Mamle Art Center



ـ غەمی خوم نیە غەمی تۆمە
غەمبار بی رەنجەڕۆمە
دەڵێ کوڕە غەمێ مەخۆ
بمرم ئی گل، بژیم ئی تۆمە
گریان گریان، گریانم دێ (٢) ....
ـ دیسان شەو هات بۆ حاڵی من
لەو دڵەی پڕ خەیاڵی من
گەڕەک نانوێ لە ناڵەی من (٢)
گریان گریان، گریانم دێ (٢) ....
ـ هەرچەند فکرانی لێ دەکەم
ئەوساڵ سەرم خەڵاس ناکەم
دەڵێن لێم دوورە لەیلاکەم (٢)
گریان گریان، گریانم دێ (٢) ....

**گەردە**

ـ حەدە حەدی بەیانان دۆست و دوژمن زاهیر بوون
بە سۆزەی بای پاییزان مەمکۆڵەی کیژان خڕ بوون
هەموو عاشقان پێک شاد بوون، بۆم لە مەڵبەندی نەبوون
جێی جێژوانێ و شەوڕاوێ لە منی ماڵوێران چۆڵ بوون
هەی گەردە و گیان و گەردە، گەردن هەلالەی زەردە
دەوەرە مەرد و مەردانە، دەست لەو بەدکارەی بەردە
ـ سەریکە مەستی نازت، دڵێکە بۆت نەماوە
دڵم حەقی بە دەستە، فتوای سەری دراوە
حەوت ساڵان یاری من بووی، بۆچی نەتکرد ماڵاوا
هەی گەردە و گیان و گەردە، گەردن هەلالەی زەردە
دەوەرە مەرد و مەردانە، دەست لەو بەدکارەی بەردە
ـ غەمگین و پەریشانم کۆسپی گەورەم لە پێشە

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



غەم دەورەیان لێ داوم زامی دڵم بە ئێشە
کاری من و لێوئاڵێ سەر بگرێ بە بێ کێشە
جا خودا روحمێکم پێ بکا بابی بلێ پێشکێشە
هەی گەردە و گیان و گەردە، گەردن هەلالەی زەردە
دەوەرە مەرد و مەردانە، دەست لەو بەدکارەی بەردە
ـ وەکی لە من قەوماوە یارەبی لە کەس نەقەومێ
لە ولاتی موکریانێ کەس نێ هاواری بەرمێ
باب و دایکی لێوئاڵێ توورەن نامدەنێ نەرمێ
لەسەر ئەو حالەش لە یار زۆری لێ دەکەم شەرمێ
هەی گەردە و گیان و گەردە، گەردن هەلالەی زەردە
دەوەرە مەرد و مەردانە، دەست لەو بەدکارەی بەردە
ـ دەڵێن لێوئاڵ لێم زیزە بە کەس ئاشت نابێتەوە
کەژاڵ چۆتە سەفەرێ دوعام بۆ بکەن بێتەوە
لە خودای دەکەم تەلەبێ، دەگەڵم ئاشت بێتەوە
هەی گەردە و گیان و گەردە، گەردن هەلالەی زەردە
دەوەرە مەرد و مەردانە، دەست لەو بەدکارەی بەردە
ـ دەتفەرموو بۆ تۆ نابم، چونی دەڵێی تا وا بم
کەوتبوومە بەندیخانێ، بە یادی تۆوە مابم
رەبی کۆستی دڵ کەوێ گەر ساتێ لێت جودا بم
هەی گەردە و گیان و گەردە، گەردن هەلالەی زەردە
دەوەرە مەرد و مەردانە، دەست لەو بەدکارەی بەردە
ـ خزم و قەومم بەجێ هێشت لە دەشتی شارویرانی
دەچنن سوێسن و هەلالان کیژۆلەی کوردستانی
مردن چاکترە لەو حالە نامهەوێ زیندەگانی
هەی گەردە و گیان و گەردە، گەردن هەلالەی زەردە
دەوەرە مەرد و مەردانە، دەست لەو بەدکارەی بەردە
ـ زۆر لەمێژە لێم ونە ئەو دڵەم کەوتە وەسوەسە

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەرییماملێ

Mamle Art Center



کەژاڵم زۆر نەخۆشە، کەوتووە و زۆر بێکەسە
رۆژێ جارێک ببینم، بۆ منی بێچارە بەسە
هەی گەردە و گیان و گەردە، گەردن هەلالەی زەردە
دەوەرە مەرد و مەردانە، دەست لەو بەدکارەی بەردە
ـ شێتی چاوی جوانی تۆم، خودا بۆخۆی دەیزانێ
خۆ من وەک کاکەمەمێ عاشقی زینی بۆتانێ
هەڵوەدای چاوی رەشم، لە گەرمێن و کوێستانێ
هەی گەردە و گیان و گەردە، گەردن هەلالەی زەردە
دەوەرە مەرد و مەردانە، دەست لەو بەدکارەی بەردە
ـ دایمە وەک تازیەداران، چاو بە گریە و گرینم
کوانێک لە جەرگم دەرهات خوێن دەچۆڕێ لە برینم
کیژۆڵەی ناسک و نەرم زۆر پەشێوت دەبینم
هەی گەردە و گیان و گەردە، گەردن هەلالەی زەردە
دەوەرە مەرد و مەردانە، دەست لەو بەدکارەی بەردە

### گەوهەرێ

ـ چەند سالان شێتی وی بووم بۆ وی عومرم بە بادا
عاشقی کیژێکی جوانم، ئەسمەر بێ و رەنگی سادە
لە من وەک رۆژ عەیانە (گیانە) بەڵێنی بە کەس نادا (٢)
گەوهەرێ (وەی ) گەوهەرێ پەروانەم لە دوای خێڵی
کەس نێ لە من بپرسێ، (گیانە) ئەی بڵێ (ماڵوێران) لە دوای چی وێڵی
ـ (ئەرێ) تاکەی وەک مەجنوون (گیانە) وێڵی هەردان بم (٢)
(ئەرێ) تاکەی غەمزەدەی (گیانە) باری هیجران بم (٢)
گەوهەرێ (وەی ) گەوهەرێ پەروانەم لە دوای خێڵی
کەس نێ لە من بپرسێ، (گیانە) ئەی بڵێ (ماڵوێران) لە دوای چی وێڵی
ـ (ئەرێ) دڵی من لە لات (گیانە) دایمە ئەسیرە (٢)
(ئەرێ) وەک تاوانکاران (گیانە) کۆت و زنجیرە (٢)

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



گەوهەرێ (وەی ) گەوهەرێ پەروانەم لە دوای خێڵی
کەس نێ لە من بپرسێ، (گیانە) ئەی بڵێ (ماڵوێران) لە دوای چی وێڵی
ـ جووتێک گوارەت بۆ دەکڕم لە عالەمدا مەنشوور بێ
کەڵەبابەی مروارید پەرەنگی زێڕی سوور بێ
جا با چاو جوان لە گوێی کا (گیانە) بەڵکوو دنیا خاپوور بێ (٢)
گەوهەرێ (وەی ) گەوهەرێ پەروانەم لە دوای خێڵی
کەس نێ لە من بپرسێ، (گیانە) ئەی بڵێ (ماڵوێران) لە دوای چی وێڵی
ـ خۆزگە لەو دنیایەیدا حاسڵ بایە مرادم
لە قیامەتێ ناترسێم لێم یەقینە ئازادم
چەندم رەنج دەگەڵ کێشا، (گیانە) وەک فەرهاد رەنج بەبادم
مەگەری یاری قەدیمی، (گیانە) ئەوجار بێ لە فەریادم
گەوهەرێ (وەی ) گەوهەرێ پەروانەم لە دوای خێڵی
کەس نێ لە من بپرسێ، (گیانە) ئەی بڵێ (ماڵوێران) لە دوای چی وێڵی

**قەتار**

چاوەکەم دیسان نیشانەی تیری موژگانم مەکە
حەیفە بێسووچ و گوناهم، تیرەبارانم مەکە
دەردی من دەردی گرانە ئەی تەبیبی میهرەبان
زەحمەتی ناحەق مەکێشە تازە دەرمانم مەکە
رەهزەنی زولفت بفەرموو لێم گەڕێ بێم و بڕۆم
بێنەوام و ئارەزووی ئازار و لێدانم مەکە
تاقەتی باری پەریشانی فیراقت موشکیلە
دور لە رووی تۆ هەر وە زولفت پەریشانم مەکە
ـ روو لە هەرلایەک دەکەم بەختم گرێ دراوە
زۆر کیژ زۆر مەرد و رەندن قەولیان وەک قەولی پیاوە
هێستاکە بەجێم دیلی (گیانە) پێڵاوت سەر ئەو چاوە
لەعنەت لەو دڵە حیزەی من (گیانە) بەو دڵەی تۆوە گیرساوە
گەوهەرێ (وەی ) گەوهەرێ پەروانەم لە دوای خێڵی

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



کەس نێ لە من بپرسێ، (گیانە) ئەی بلێ (ماڵویران) لە دوای چی ویڵی
ـ قەسری خەیاڵ ساز دەکەم خشتێک زێڕ خشتێک زیو بێ
ئەسپێک لە ئەسپی ڕەوەی بەرن بووک سواری وی بێ
ناردوومە جلکی بووکێ (گیانە) لە حەڵەب و شامێ بێ
هەڵپەڕکێی بۆ ساز دەکەم (گیانە) کەس خۆشیی وای نەدیبێ
گەوهەرێ (وەی ) گەوهەرێ پەروانەم لە دوای خێڵی
کەس نێ لە من بپرسێ، (گیانە) ئەی بلێ (ماڵویران) لە دوای چی ویڵی
ـ نایەتە خوار فرمێسکم مەجرای ئەشکم گیراوە
دەچم بۆ کن حەکیمی بەڵام کارم کراوە
لەبەر دووری و بێقەدری (گیانە) بۆ وی جەرگم سووتاوە
گەوهەرێ (وەی ) گەوهەرێ پەروانەم لە دوای خێڵی
کەس نێ لە من بپرسێ، (گیانە) ئەی بلێ (ماڵویران) لە دوای چی ویڵی
ـ پەڵە هەورێکی ڕەش هات یا باران یا تەرزەیە
لە ڕێی مەکتەب تووشی بووم دەڵێ دەرسم پرسەیە
فەرمووی ئەوڕۆکە برۆ (گیانە) سبەی ڕۆژی جومعەیە
وەرە جێژوانی قەدیم (گیانە) جیرانی ماڵی مەیە
گەوهەرێ (وەی ) گەوهەرێ پەروانەم لە دوای خێڵی
کەس نێ لە من بپرسێ، (گیانە) ئەی بلێ (ماڵویران) لە دوای چی ویڵی

## گوڵنیشان

**قەتار**

چەندم ئاخ هەڵکێشا ئاخی نیهانی
دڵ دە دەروونندا بوو بە بریانی
خودا بەردار نیە بۆ پێ نازانی
غەریب لە شاران غەریب دیارەن
جێگای غەریبان گۆشە و کەنارەن
گوڵنیشان، گوڵ نیشان، ئەسمەر حاڵم پەریشان (٢)

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



وەختێ بچینە غوربەتێ دەسماڵت بۆ من نیشان (٢)
ئەرێ ئەوە هەڵیاندا (گیانە) سێدارە بۆ من (٢)
ئەرێ یارم دەیفەرموو (دیدەم) بیبەخشن بە من (٢)
گوڵنیشان، گوڵ نیشان، ئەسمەر حاڵم پەریشان (٢)
وەختێ بچینە غوربەتێ دەسماڵت بۆ من نیشان (٢)

## گوڵاڵە سوورەی

ـ هەی داد هەی بێداد، لەو گەورە شارە (٢)
نە دەنگی یار دێ، نە بۆخۆی دیارە (٢)
گوڵاڵە سوورەی سەر کولمی یارم (٢)
وا گەشایەوە بۆ حاڵی زارم (٢)
ـ هەر کوڕێک نەیکا شەو گەڕماڵەوماڵ (٢)
عومری با بڕوا بە سۆزەی شەماڵ (٢)
گوڵاڵە سوورەی سەر کولمی یارم (٢)
وا گەشایەوە بۆ حاڵی زارم (٢)
ـ ئەوشۆ لە بەختم مانگەشەو تارە (٢)
هەرجێیەک دەچم سایەم دیارە
کفنەکەم ببڕن لە کراسی یارە
گوڵاڵە سوورەی سەر کولمی یارم (٢)
وا گەشایەوە بۆ حاڵی زارم (٢)

## گۆوەندە زەماوەندە

خزمینە غەمی ژینە، یار حەزینە، دڵ خەمینە، لێ لێ (٢)
یارم خوێنشیرینە، کۆتری خاڵ نەخشینە، گوڵی نێو پەرژینە
بێ تۆ حەیاتم بۆچیە، چ و ژیان و چ ژینە
ئەو خوێنەی من حەلاڵت بێ، شاهید بن خزمینە
گۆوەندە زەماوەندە. دڵم بەندە، بەو دەمقەندە، وای وای (٢)

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

www.mamle.net

Mamle Art Center



سەر و رۆح دانانە، جێ راوگەی بازانە، مەیدانی شێرانە
بۆ تیری بێئامانی تۆ، دڵ بۆتە نیشانە
جێبەندی داوی زولفی تۆ، دەردی بێدەرمانە
غەمبارم گرفتارم، بێقەرارم، بریندارم، وای وای (٢)
من بۆ تۆ غەمگینم، یاری خوێن شیرینم، هەر تۆی مایەی ژینم
هەرچی هەیە بۆت فیداکەم، سەرتا بە پای ژینم
تاکەی دەردی دڵ بکێشم، بڕێژم ئەسرینم
ـ داماوم پەشۆکاوم، دڵ بڕاوم، نووری چاوم، وای وای (٢)
بۆ یاری چاو جوانم، یەکجار پەرێشانم، خوێن دێ لە چاوانم
خودا بۆخۆی دەوای بکا دەردی بێدەرمانم
دەزانم بۆ کەژاڵم، رووبە خاڵم، ماە جەماڵم. وای وای (٢)
کەژاڵی چاوجوانم، بۆ تۆ پەرێشانم، فەوتا روح و گیانم
بە دەستی خۆت دەوای بکا دەردی بێدەرمانم
فیدا بوو لە رێی عیشقی تۆ هەم دین و ئیمانم

### گوڵفرۆش

ـ ئەی گوڵفرۆش تا کەی سەودایی تۆ بم (٢)
عەتری گوڵت بڕوا من رەنجەڕۆ بم (٢)
بێنە گوڵی سوورم تا عەتری ماوە (٢)
جەوری زەمانە بەسە جەرگم بڕاوە (٢)
جەرگم بڕاوە (٢)
ـ من بولبولی چەمەنم ئەوڕۆ بەهارە (٢)
جەور و جەفایە، بەشم دڵ بێقەرارە (٢)
تۆخودا وەرە گوڵەکەم تا کەی بناڵم (٢)
من دڵ پڕ غەم و شەیدایی خاڵم (٢)
شەیدایی خاڵم (٢)
ـ من عاشقی رووی تۆم دنیا دەزانێ (٢)

www.mamle.net

Mamle Art Center



بێهوودە سەرفی مەکە دەوری جوانیَ (۲)
نابێ بنازی گوڵم ئەوڕۆ کە جوانی (۲)
تەنیا گوڵی گوڵەکەم باغی گوڵانی (۲)
باغی گوڵانی (۲)
ـ جێی ناز و عیشوە نییە جوان و تەمیزی (۲)
ئەمری خودایە کە تۆ بۆ من عەزیزی (۲)
من عاشقی رووی تۆم کاری خودایە (۲)
ئەو نەقش و خاڵ و روخەت بۆ من جەفایە (۲)
بۆ من جەفایە (۲)
ـ مەسەلەی مەشهوورە نەقلی فەرهادی
لە ڕێگای شیریندا چەندم جەفا دی
شەهیدی ئەو رێیەی ویردی زوبانن
مردن بۆ عاشقی نیە هەر جاویدانن (۲)
هەر جاویدانن (۲)

**گیان و گیان و گیان**

ـ هەتا بمێنم منەتباری تۆم
تۆخۆت دەیزانی، گیان و گیان و گیان
وەی قەرزداری تۆم (۲)
ـ لە دەردی عیشق و لە تاوی دووری
هەرچەندی دەیکەم، گیان و گیان و گیان
وەی نابم سێبووری (۲)
ـ عازیز بیستوومە زۆر پەرێشانی
بە شەو و بە رۆژ گیان و گیان و گیان
وەی چاو بە گریانی (۲)

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەرییماملێ

Mamle Art Center



## لانکۆڵەکەی دارەسێوە

لانکۆڵەکەی دارەسێوە (وەرە وەرە لانکێ)
گۆشەگەری بە لانکێوە (وەرە وەرە لانکێ)
رۆڵە بۆ نانووی پارشێوە (وەرە وەرە لانکێ)
ئەرێ لانک دارە، مەزەدارە، شەدە لارە
گوێ بە گوارە، (وەرە وەرە لانکێ)
رایدەژێنێ بووکە زارا، کۆرپەلەی دایکێ
ـ لانکۆڵەکەی دارخورمایە (وەرە وەرە لانکێ)
سەرلانکەکەی لە کاموایە (وەرە وەرە لانکێ)
کۆرپەم بۆچی خەوت نایە (ساوانەی دایکێ)
ئەرێ لانک دارە، مەزەدارە، شەدە لارە
گوێ بە گوارە، (وەرە وەرە لانکێ)
رایدەژێنێ بووکە زارا، کۆرپەلەی دایکێ
ـ لانکۆڵەکەی دار شیلانە (وەرە وەرە لانکێ)
سەر لانکەکەی چەپی رەزانە (وەرە وەرە لانکێ)
کۆرپە بۆ نانووی بەیانە (ساوانەی دایکێ)
ئەرێ لانک دارە، مەزەدارە، شەدە لارە
گوێ بە گوارە، (وەرە وەرە لانکێ)
رایدەژێنێ بووکە زارا، کۆرپەلەی دایکێ
ـ لانکۆڵەکەی دارە بییە (وەرە وەرە لانکێ)
سەرلانکەکەی چیتی خمییە (وەرە وەرە لانکێ)
رایدەژێنێ بووک ئەستییە (ساوانەی دایکێ)
ئەرێ لانک دارە، مەزەدارە، شەدە لارە
گوێ بە گوارە، (وەرە وەرە لانکێ)
رایدەژێنێ بووکە زارا، کۆرپەلەی دایکێ

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



## لانەو لانم کە

ـ نە خودا دەمداتێ مەرگێک بە ئاسان
نە دڵ لە لای تۆ دەبێ هەراسان
وەرە وەرە لانم کە دەست لە ملانم کە
خو من شێت و شەیدای تۆم حەواڵەی لوقمانم کە
خۆ من شێت و شەیدای تۆم جارجار دەست لە ملانم کە
ـ گەڕەکی خوارێ خۆت و خوداتان
یارم غەریبە کەوتۆتە لاتان
قەدری واجبە لەسەر هەموانتان
وەرە وەرە لانم کە دەست لە ملانم کە
خو من شێت و شەیدای تۆم حەواڵەی لوقمانم کە
خۆ من شێت و شەیدای تۆم جارجار دەست لە ملانم کە
ـ دایکت خەجاڵەت، باوکت رووسیا
تۆیان لە من کرد بۆ ماڵی دنیا
وەرە وەرە لانم کە دەست لە ملانم کە
خو من شێت و شەیدای تۆم حەواڵەی لوقمانم کە
خۆ من شێت و شەیدای تۆم جارجار دەست لە ملانم کە

## لانە و هەی لانەت کەم

ـ دیسان شەو هات با بکەم ناڵە
لە سوێی تۆ حاڵم بێ حاڵە
لە تۆ جوانە بەژن و باڵا
لانە و هەی لانت کەم، شانە و شانت کەم
(پامووره) ئەی وەرە جوانی، ئەرێ خاڵ لە لێوانی
ـ بەو قورعانەی لەسەر دەستم
لەتلەت کرێم لە سەر پۆستم
نانێم مەیلی کۆنە دۆستم

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



### قەتار

لەو هاتنە بێهوودەیە بیرم شاشە
سەریاری غەمان بیر و غەمی ئەولاشە (خەیام بە کوردی/ هەژار)
لانە و هەی لانت کەم، شانە و شانت کەم
(پامەوورە) ئەی وەرە جوانی، ئەرێ خاڵ لە لێوانی
ـ قوربانت بم ئەی مەستەچاو
سەری کولمەت دەگرم بە دەم
تو خاتووزین من کاکە مەم
لانە و هەی لانت کەم، شانە و شانت کەم
(پامەوورە) ئەی وەرە جوانی، ئەرێ خاڵ لە لێوانی

### لای لای سوورە گوڵ

ـ رەبی جەغەتوو (گیانە) بدەی بوارێ
دەچمەوە سابلاغ بۆ خزمەت یارێ
لای لای سوورە گوڵ (جوانێ) هەستە بەیانە
هەتا پێک دەگەین، (جوانێ) زۆری نێوانە
ـ کراسێکی بدروو (گیانە) ریی دەستم بێلە
داخودا چارەنووس (گیانە) بە دوای کێ ویلە
لای لای سوورە گوڵ (جوانێ) هەستە بەیانە
هەتا پێک دەگەین، (جوانێ) زۆری نێوانە
ـ لای لای سوورە گوڵ چۆن دەبێ وا بێ
بەدکاری من و تۆ (جوانێ) ماڵیان خەرا بێ
لای لای سوورە گوڵ (جوانێ) هەستە بەیانە
هەتا پێک دەگەین، (جوانێ) زۆری نێوانە
ـ سەرەرێ دەگرم (گیانە) ئەحواڵ دەپرسم
لە کەمەیلیەکەت (گیانە) کەمێک دەترسم
لای لای سوورە گوڵ (جوانێ) هەستە بەیانە

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



هەتا پێک دەگەین، (جوانێ) زۆری نێوانە
ـ هەناسەی سەردم (گیانە) دەماڵو گەڕێ
ئەو شادیەت بێ من (یاخودا) لێت وەشین گەڕێ
ـ هەر لە قەلاتان (گیانە) تا بۆ گەرمەسی
هەمووی بە قوربان (گیانە) دوو چاوی مەستی
لای لای سوورە گوڵ (جوانێ) هەستە بەیانە
هەتا پێک دەگەین، (جوانێ) زۆری نێوانە
ـ پشتێند شل و مل (گیانە) هەستە بەیانە
هەتا پێک دەبڕین (گیانە) زۆری نێوانە
لای لای سوورە گوڵ (جوانێ) هەستە بەیانە
هەتا پێک دەگەین، (جوانێ) زۆری نێوانە
ـ دەردێ داومێ (گیانە) دەرمانی نەکرد
شەماڵ بە بەفری (گیانە) کوێستانی نەکرد
لای لای سوورە گوڵ (جوانێ) هەستە بەیانە
هەتا پێک دەگەین، (جوانێ) زۆری نێوانە

**لای لای سوورە گوڵ**

ـ (ئەرێ) سەرسەوز و بۆرچین نیشتوون لە ئاوێ
سەرسەوزم دەگرت (گیانە) بۆرچین بە داوێ
دۆست بە دڵی خۆت بێ (گیانە) دەلالی ناوێ
(ئەرێ) لای لای سوورە لای لای چۆنت راژێنم
لە خەوی شیرین (جوانێ) هەڵتناستێنم (راتناچڵەکێنم)
ـ سەرسەوز و بۆرچین نیشتوون لە چۆمان
یاریکم گرتوە (گیانە) جیرانی خۆمان
خاک بە سەرم بێ (گیانە) تۆراوە لێمان
(ئەرێ) لای لای سوورە لای لای چۆنت راژێنم
لە خەوی شیرین (جوانێ) هەڵتناستێنم (راتناچڵەکێنم)

www.mamle.net

Mamle Art Center



ـ دڵەکەی من چۆنە دڵەکەی تۆش وا بێ
با دایک و بابت هەر نارەزا بێ
کەی تاقەت ئەگرم بە مەیلی دووری
مەگەر خوداوەند بمدا سێبووری
(ئەرێ) لای لای سوورە لای لای چۆنت راژێنم
لە خەوی شیرین (جوانێ) هەڵت‌ناستێنم (رات‌ناچڵەکێنم)
ـ بالا بەو بەرزی ون بوو لە چاوان
گەرمایی دڵم بەردی دەتاوان
(ئەرێ) لای لای سوورە لای لای چۆنت راژێنم
لە خەوی شیرین (جوانێ) هەڵت‌ناستێنم (رات‌ناچڵەکێنم)

**لای لای لای لای**

ـ (ئەرێ) سەرم سەرگەردان (ئەی هاوار) پام دە کۆتێدا
(ئەرێ) هەر مانگیدا (عەزیزم) غەم زیاد دەکا
لای لای لای لای ئەی کەوێ گەردن بە خاڵی
وای وای وای وای کوشتمی باوەش و منداڵی
ئای نەمام بۆ چاولی کاڵی (لێوی ئاڵی)
ـ خودا خودامە مانگ ببێ ئاوا
دەستێک بگێرم دە باغی ساوا
لای لای لای لای ئەی کەوێ گەردن بە خاڵی
وای وای وای وای کوشتمی باوەش و منداڵی
ـ دەگەڵ کەم‌شەرتان پای خۆم خستە چاڵ
نەجاتیم نایە تاکوو هەزار ساڵ
لای لای لای لای ئەی کەوێ گەردن بە خاڵی
وای وای وای وای کوشتمی باوەش و منداڵی
ـ لە شنەی داری بی لە مەزەی قۆرە
خودا هەڵناگرێ ئەو زوڵمە زۆرە

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



لای لای لای لای ئەی کەوێ گەردن بە خاڵی
وای وای وای وای کوشتمی باوەش و منداڵی

### لایە لایە ت بۆ دە کە م

ـ هەر دۆستە دۆستە (گیانە) (دوستە وا دە کا ئەی هاوار) (٢)
دەی دەی دوست وا دە کا
ئەمن زەلیلی (گیانە) (بێوەفا دە کا) ئەی هاوار بێوەفا دە کا
لایەلایەت بۆ دە کەم، بەڵکوو خەو بتباتەوە
دەست بخەمە ناو مەمکۆڵانت شەو تا ڕۆژ من بەلاتەوە
یان خڕخاڵ بام شەو بە پاتەوە
ـ کە دۆستم نەبێ (گیانە) دوژمن ناتوانێ
من ئاخ هەڵکێش بم بۆ دووری جوانێ
لایەلایەت بۆ دە کەم، بەڵکوو خەو بتباتەوە
دەست بخەمە ناو مەمکۆڵانت شەو تا ڕۆژ من بەلاتەوە
ـ لە خڕێ وەنەوشان نەتفەرموو نی تۆم؟
بۆچی فەرمووتە چم کردووە لە خۆم؟
ـ بە شەرتی شەرتان هەتاکوو ماوم
سۆنەش ناخەمە بەر تیری داوم
ـ هێستاش ماڵئاوا لە لاتان دەڕۆم
با کەس نەزانێ بۆ تۆ ڕە نجەڕۆم

### لە پێشدا (لە دیدا)

ـ سلاو لە بەژنێ باریک (گیانە وەی) بینایی هەردوو چاوم
خۆ من بە دەستی یارێ (گیانە) دیل و ئەسیر کراوم
خودا بۆخۆی دەزانێ (گیانە) من دە عیشقتدا سووتاوم
ئا لە دیدا و لە دیدا، لە دیدا (گیانە) باز و زەنگوڵ دە پێدا
یار دەڵێ بۆ دوایە نابم (گیانە) کۆترم باشوو لێم دەدا

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



ـ خزم و قەومم بەجێ هێشت (گیانە) لە دەشتی شارویرانی
دەچنن سوسن و هەلالان (گیانە) کیژۆلەی کوردستانی
بەلام لەیلای عازیزم (گیانە) مەجنوون زەخمییە گیانی
مردن خۆشترە لەو حالە (گیانە) نابێتە زیندەگانی
لە پێشدا، لە پێشدا (گیانە) کیژ دەڕوانێ بۆ پێشێ
بەو پەنجانەت بمشێلە (گیانە) ئازای بەدەنم دێشێ
ـ چارەم ناکا ئیفلاتوون (گیانە) دڵ کەوتوە و بێقەرارە
بەو سەیدەی سەفاخانە (گیانە) هاوار یا شێخی بیارە
غەم لەشکری کێشاوە (گیانە) بۆ سەر ئەمنی بێچارە
ئا لە دیدا و لە دیدا، لە دیدا (گیانە) باز و زەنگوڵ دە پێدا
یار دەڵێ بۆ دوایە نابم (گیانە) کۆترم باشوو لێم دەدا
ـ هەم نارنجە و هەم سێوە (گیانە) هاوار یا شێخی کرێوە
جا غەم و مەراقی یارێ (گیانە) ئیشکی کردووم بە پێوە
یارەبی نەبارێ باران، (گیانە) تاقەگوڵەکەم بەڕێوە
ئا لە دیدا و لە دیدا، لە دیدا (گیانە) باز و زەنگوڵ دە پێدا
یار دەڵێ بۆ دوایە نابم (گیانە) کۆترم باشوو لێم دەدا

**لە خشەخشەی**

ـ دوێنێ رۆیی بانگی هێشتم
پێم گوت بۆ ماچێ نەیهێشتم
شەرابی مەرگی پێ چێشتم
لە خشەخشەی سایەی بورسایە
رابورد نەمزانی زارایە
ـ ئەبرۆت هیلالی یەکشەوە
مژۆت تیری کەیخوسرەوە
سەریان پەیوەستە پێکەوە
لە خشەخشەی سایەی بورسایە

www.mamle.net

Mamle Art Center



رابورد نەمزانی زارایە
ـ مانگ لە ئاسمانێ رادەماڵی
میوانم کەوتوومە ماڵی
ئی خۆم بایەی بە حەلاڵی
لە خشەخشەی سایەی پەشمینە
رابرد نەمزانی ئامینە
ـ چاو دەگێڕم دیار نێ لەیلم
هەڵبەت کۆنی کردوە مەیلم
عاشقی ئەستێرەی سیوەیلم
لە خشەخشەی سایەی بورسایە
رابورد نەمزانی زارایە
ـ نە مەجنوونم نە فەرهادم
زەحمەتکێش و رەنج بە بادم
یارەبی حاسڵ بێ مرادم
لە خشەخشەی سایەی بورسایە
رابورد نەمزانی زارایە
ـ لە سابلاغێ وەدەرکەوتم
لە گوڵەزەردان وەسەر کەوتم
وەدوای کۆچی لەیلا کەوتم
لە خشەخشەی سایەی بورسایە
رابورد نەمزانی زارایە

**لە شۆڕە مانی**

ـ ئەگەر بە بێ تۆ شادیم بە دڵ بێ
شادیەکەو خۆشیم (ئەی هاوار) بۆ بن گڵ بێ
ئەی لە شۆڕەمانێ تەسکێ بەر هەیوانێ
تاقانەکەی دایک و بابی بۆ لێم دەگرێ مانێ

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەرییماملێ

Mamle Art Center



ئەی لە شەدەی لاری، لە چاوی بە خوماری
لەسەر کولمانی نیشتوە تۆزی ڕێگای شاری
بیکە بۆ خاتر باوە سەی شوکرە
بە ناز رامەبرە (ئەی هاوار) ئیستێکی بگرە
ئەی لە شۆڕەمانێ تەسکێ بەر هەیوانێ
تاقانەکەی دایک و بابی بۆ لێم دەگرێ مانێ

## لە گولان و بە گولان

- سەرم سەودایی عیشقی دلدارە (٢)
سامن بە سەودای چینم چ کارە (٢)
بە گولان و بە گولان بە گولی کەنیرێ (٢)
ئەو گولەی هەلدەگرم دەچمە هەولیرێ (٢)
هەر تۆبەی دەیکەم تۆبەی من فیلە (٢)
کراسێکی بدروو رێی دەستم بیلە (٢)
داخوا چارەنووس بە دوای کێ ویلە (٢)
بە گولان و بە گولان بە گولی کەنیرێ (٢)
ئەو گولەی هەلدەگرم دەچمە هەولیرێ (٢)
- رازی نیم هیندە پشتیند شل بەستی (٢)
زەحمەتە بەر بێ دەستم لە دەستی (٢)
بە گولان و بە گولان بە گولی کەنیرێ (٢)
ئەو گولەی هەلدەگرم دەچمە هەولیرێ (٢)

## لە بەرکێ حەیات

- قوربانت بم چاکی پیرێ
گەڕەکی مە بە قوڕێ گیرێ
شەیتان زۆرە دۆست ناگیرێ
ئای لەبەر کێ حەیات، ئای لەبەر تۆ

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



ئای لەبەر عیشوە و نازی تۆ
ـ لەناکاو دەستم برد بۆ بەی
باغەوان گازی کرد نەیکەی
مارانگاز بووم ترسام لە حەی
ئای لەبەر کێ حەیات، ئای لەبەر تۆ
ئای لەبەر عیشوە و نازی تۆ
ـ غەمی خۆم نیە غەمی تۆمە
غەمبار بی من رەنجەڕۆمە
ماڵویرانی چاوی تۆمە
ئای لەبەر کێ حەیات، ئای لەبەر تۆ
ئای لەبەر عیشوە و نازی تۆ
ـ بۆ بێکەسی خۆم دەناڵم
کەس نیە بگری بە حاڵم
کوشتەی دوو چاوی کەژاڵم
ئای لەبەر کێ حەیات، ئای لەبەر تۆ
ئای لەبەر عیشوە و نازی تۆ

**لەرزانە**

(ئەرێ) چاویکم دیشێ چا نابێتەوە
ئەو گوڵەم لێ زیزە ئاشت نابێتەوە
ئەی وەی لەرزانە، دەی دەی لەرزانە
لەرزانەکانی لەرزم لێ دێنێ
قەستیە بە چاوان جەرگم دەربێنێ
ـ بۆ من لە جوملەی عەبدی خودا نیم (٢)
سەعاتێک لە دەست غەمێک رەها نیم
ئەی وەی لەرزانە، دەی دەی لەرزانە
لەرزانەکانی لەرزم لێ دێنێ
قەستیە بە چاوان جەرگم دەربێنێ

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



ـ ریبوار هەی ریبوار رێم بەرامبەرە (۲)
دوعام لێ مەکە مانگی سەفەرە
ئەی وەی لەرزانە، دەی دەی لەرزانە
لەرزانەکانی لەرزم لێ دێنێ
قەستیە بە چاوان جەرگم دەربێنێ
ـ تۆ تووڵە نەمام عەسای دەستمی
من کەسم نییە، تۆ گشت کەسمی
ئەی وەی لەرزانە، دەی دەی لەرزانە
لەرزانەکانی لەرزم لێ دێنێ
قەستیە بە چاوان جەرگم دەربێنێ
ـ بریا شەماڵ بام لەو باسکەو باسکان
کەویک دەخوێنێ لە کن دوو ئاسکان
ئەی وەی لەرزانە، دەی دەی لەرزانە
لەرزانەکانی لەرزم لێ دێنێ
قەستیە بە چاوان جەرگم دەربێنێ
ـ نە شەرتت شەرتە نە نامەت نامە (۲)
یەک پارچە کاغەز دوعا و سەلامە
ئەی وەی لەرزانە، دەی دەی لەرزانە
لەرزانەکانی لەرزم لێ دێنێ
قەستیە بە چاوان جەرگم دەربێنێ

**لە رزانە**

ـ دەسماڵی سەرت هەریری نەرمە (۲)
بە دڵم حەز لێ کرد بە زارم شەرمە
ئەی وەی لەرزانە، دیدەم لەرزانە
ئەو گوڵەی هەڵدەگرم دەچمەوە بانە
دوو قسەی پێ دەڵێم بە مەحرەمانە

www.mamle.net

Mamle Art Center



ـ ماڵمان ماڵێکە (وەی) دیوار جودایی (٢)
حەیفە بۆ بالات (وەی) کەوتە تەنیایی
ئەی وەی لەرزانە، دیدەم لەرزانە
ئەو گوڵەی هەڵدەگرم دەچمەوە بانە
دوو قسەی پێ دەڵێم لەو کەل خانە
ـ هەتا جوان بووم، فرە پیر نەبووم (٢)
عاشق بە باز و سۆنەگیر نەبووم
ئەی وەی لەرزانە، دیدەم لەرزانە
لەرزانەکانی لەرزم لێ دێنێ
قەستیە بە جارێ جەرگم دەربێنێ
ـ هەی داد هەی بێداد چم دەستەلاتە (٢)
روحم کێشکچی دەورەی بالاتە
ئەی وەی لەرزانە، دیدەم لەرزانە
ئەو گوڵەی هەڵدەگرم دەچمەوە بانە
دوو قسەی پێ دەڵێم بە مەحرەمانە
ـ چاوم پڕ خوێنە دەکوڵێ هەناوم (٢)
چەندە بێڕوحمی من بۆت نەماوم
ئەی وەی لەرزانە، دیدەم لەرزانە
ئەو گوڵەی هەڵدەگرم دەچمەوە بانە
دوو قسەی پێ دەڵێم بە مەحرەمانە

**لەم ئاگربارانە**

ویڵی مەکانی بێستوونم
عاشقی گەنجی فەرەیدوونم
دەنێو عاشقاندا مەجنوونم
ئەی خودا لەم ئاگربارانە و بارانە و بارانە
یار بە بێ تۆ ماڵم وێرانە، وێرانە، چاو جوانە

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



ـ کەس نازانێ بە کێ دەڵێم
عاشقی شەمامەی باغەڵێم
سوێندیان داوم راستیە نەڵێم
ئەی خودا ریگاکەم هەورازە هەورازە هەورازە
مبارەک ئەو مژدەی تازە، چەند جوانە چاو جوانێ
ـ مارانگاز بووم ترسام لە حەی
لەناکاو دەستم برد بۆ بەی
باغەوان گازی کرد نەیکەی
ئەی خودا لەم ئاگربارانە و بارانە و بارانە
یار بە بێ تۆ ماڵم ویرانە، ویرانە، چاو جوانە
ـ دیسان شەو هات بۆ حاڵی من
لەو دڵەی پڕ خەیاڵی من
گەرەک نانوێ لەناڵەی من
ئەی خودا لەم ئاگربارانە و بارانە و بارانە
یار بە بێ تۆ ماڵم ویرانە، ویرانە، چاو جوانە

**لەم ئاگر بارانە**

ـ بەو قورعانەی لەسەر دەستم
لەتلەت کرێم لە سەر پۆستم
نانێم مەیلی کۆنە دۆستم
ئەی خودا لەم ئاگربارانە و بارانە و بارانە
یار بە بێ تۆ ماڵم ویرانە، ویرانە، چاو جوانە
ـ باغی گولانم پێ بسپێرن
غونچە بە غونچە بیبژێرن
یەکیان کەم بوو پێم ببژێرن
ئەی خودا لەم ئاگربارانە و بارانە و بارانە
یار بە بێ تۆ ماڵم ویرانە، ویرانە، چاو جوانە

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center

**٤٠٠/ یادی بەخێر**

ـ لە سابلاغێ وەدەرکەوتم
لە گوڵەزەردان وەسەرکەوتم
وەدوای کۆچی لەیلا کەوتم
ئەی خودا لەم ئاگربارانە و بارانە و بارانە
یار بە بێ تۆ ماڵم ویرانە، ویرانە، چاو جوانە
ـ لە مزگەوتێ نوێژم دەکرد
یەکێک لەناکاو بانگی کرد
خانەخەراپ لەیلاتیان برد
ئەی خودا لەم ئاگربارانە و بارانە و بارانە
یار بە بێ تۆ ماڵم ویرانە، ویرانە، چاو جوانە
ـ ریحان قەزات لە پردیکم
هەر ساتەی تووشی دەردیکم
موبتەلای دەسماڵ زەردیکم
ئەی خودا لەم ئاگربارانە و بارانە و بارانە
یار بە بێ تۆ ماڵم ویرانە، ویرانە، چاو جوانە
ـ قوربانت بم ئەی بای وادە
چادرەی لەسەر یارم لادە
قەرەداغیە و حاجیزادە
ئەی خودا لەم ئاگربارانە و بارانە و بارانە
یار بە بێ تۆ ماڵم ویرانە، ویرانە، چاو جوانە

**لەو ئاگربارانە**

ئەبرۆت هیلالی یەکشەوە
مژۆت تیری کەیخوسرەوە
سەریان پەیوەستەو پێکەوە
ئەی خودا لەم ئاگربارانە و بارانە و بارانە
یار بە بێ تۆ ماڵم ویرانە، ویرانە، چاو جوانە

www.mamle.net

Mamle Art Center



ـ خزمم مەمکەن بە بێگانە
بۆ زولفت دێم دەبمە شانە
لە گەردنت جوانە زەنگیانە
ئەی خودا رێگاکەم هەورازە، هەورازە، هەورازە
مبارەک ئەو مۆدەی تازە، چەند جوانە لۆ کچ (گیان)
ـ خۆزگەم بە دوێنێ پارشێوێ
وێکڕا نوستبووین بە چارشێوێ
لێکیان کردینماڵیان شێوێ
ئەی خودا لەم ئاگربارانە و بارانە و بارانە
یار بە بێ تۆ ماڵم وێرانە، وێرانە، چاو جوانە
ـ غەمی خوم نیە غەمی تۆمە
غەمبار بی من رەنجەڕۆمە
ماڵوێرانی چاوی تومە
ئەی خودا لەم ئاگربارانە و بارانە و بارانە
یار بە بێ تۆ ماڵم وێرانە، وێرانە، چاو جوانە

## لەمێژە زۆر لەمێژە

ـ شەدەی بەستوە بێریانی دەسرۆکەی تۆزیک تیلە
بەرۆکت بۆ دەرزیلە قامکت بۆ ئەنگوستیلە
لەسەر چی لە من زیز بووی، زیز بوونت بێدەلیلە
لەمێژە، زۆر لەمێژە، جا ئەسیرت کردووم لێرە
زەکاتی چاوەکانت ئاوڕیکم وێدە خێرە
گەردنت هەلالەی زەردە بەژنت شەتلە شلێرە
سەبارەت بە چاوی جوانت با ئاوەدان بێ ئێرە
ـ (ئەرێ) خودا دەیزانێ (گیانە) من بۆ تۆ چۆنم (٢)
(گیانە) بۆ کزەی کەباب (دیدەم) دێ لە دەروونم (٢)
لەمێژە، زۆر لەمێژە، جا ئەسیرت کردووم لێرە

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



زەکاتی چاوەکانت ئاوڕێکم وێدە خێرە
گەردنت هەلالەی زەردە بەژنت شەتڵە شلێرە
سەبارەت بە چاوی جوانت با ئاوەدان بێ ئێرە
ـ سی شەوەی رەمەزانێ فەرزە لە سەر ئۆممەتێ (٢)
لە دنیایە بۆم نەبی چت لێ بکەم لە قیامەتێ (٢)
لەمێژە، زۆر لەمێژە، جا ئەسیرت کردووم لێرە
زەکاتی چاوەکانت ئاوڕێکم وێدە خێرە
گەردنت هەلالەی زەردە بەژنت شەتڵە شلێرە
سەبارەت بە چاوی جوانت با ئاوەدان بێ ئێرە

## لێم زیز بووە چاوکەژاڵێ

من لە سەر سوێیەبانی (٢) یارم لەبەر بێلایە
لە خودای دەپاڕێمەوە (دەنا) نەمخاتە تاریکایە (٢)
لێم زیز بووە چاو کەژاڵم (٢) زولف‌شۆڕ و گەردن بەخاڵم
(ئەی خودا بۆ خوی دەزانێ (دەنا) بۆ وی شێت و عەبداڵم (٢)
ـ لەبەر دەرگا راوەستا (٢) چەند جوان و چاوی مەستە
بۆ کوشتنی عاشقان چەند لەبار و تەڕدەستە (٢)
لێم زیز بووە چاو کەژاڵم (٢) زولف‌شۆڕ و گەردن بەخاڵم
(ئەی خودا بۆ خوی دەزانێ (دەنا) بۆ وی شێت و عەبداڵم (٢)
ـ مەستی کردوومە چاوی (٢) شەیدا بوومە لە تاوی
لە شەرم و لە حەیا خو ناوێرم بیلێم ناوی (٢)
لێم زیز بووە چاو کەژاڵم (٢) زولف‌شۆڕ و گەردن بەخاڵم
(ئەی خودا بۆ خوی دەزانێ (دەنا) بۆ وی شێت و عەبداڵم (٢)
ـ مەمکی وەک زەردە لیمۆ (٢) تازەی گوڵ کرد نۆڕەسە
رۆژێ جارێک ببینم بۆ منی بێچارە بەسە (٢)
لێم زیز بووە چاو کەژاڵم (٢) زولف‌شۆڕ و گەردن بەخاڵم
(ئەی خودا بۆ خوی دەزانێ (دەنا) بۆ وی شێت و عەبداڵم (٢)

www.mamle.net

Mamle Art Center



## لێم زیزە

ـ ماڵە بابم بێوەفا سەبرم نەما تاکەی جەفا
سینگی باغی باسەفا لێم زیزە لێم زیزە چاو جوانێ
گەوهەری یەک‌دانەیە دەم قەند و روو ماهی تابانێ
ـ دەردی عیشقم کارییە وا خوێن لە چاوم جارییە
من بەشم غەمبارییە لێم زیزە لێم زیزە چاو جوانێ...
دەم قەند و روو ماهی تابانێ ـ ئەی گوڵم ئەی لالەڕووم
ئەی بولبولی دیوانەخووم بێ سەبەب شەیدا نەبووم
لێم زیزە لێم زیزە چاو جوانێ ....
ـ ناڵەیی عیشقە بەشم من عاشقی چاوی رەشم
زیزە یاری مەهوەشم لێم زیزە لێم زیزە چاو جوانێ
ـ تاڵە بێ تۆ ژینی من توخودا وەرە سەر شینی من
مەڵحەمەکەی برینی من لێم زیزە لێم زیزە چاو جوانێ
ـ شێتی تەنیا خاڵەکەم خاپوورە بێ تۆ ماڵەکەم
دولبەری چاوکاڵەکەم لێم زیزە لێم زیزە چاو جوانێ
ـ مەیلی تۆ لوقمانمە ژینت هەناسەی گیانمە
غەمزەکەت دەرمانمە لێم زیزە لێم زیزە چاو جوانێ

## لێم گەڕێ

ـ لەسەر رێیە راماوم، هەر چاوەڕوانی تۆمە، هەر چاوەڕوانی تۆمە
بە دەستی دڵ ئەسیرم، لوتفێکت نیە بۆمە لوتفێکت نییە بۆ مە
بوومە مەشموولی برۆت، ئیجباری چاوی تۆمە، ئیجباری چاوی تۆمە
لادە رەقیب لە یارێ، لەمێژ ساڵە ئی خۆمە، لەمێژ ساڵە ئی خۆمە
لێم گەڕێ وای لێم گەڕێ، تەختی جوانیت وەرگەڕێ. ..
خۆ من دەست‌بەردارت نیم مەگەر شەرتم بپەڕێ ....
ـ دەچمە دیوی گەرمێنێ. باردەکەم لە کوێستانێ ....
قەسرێکی بۆ ساز دەکەم، لە شاری سولەیمانێ ...

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



دەچمە کن وەستاکاران، لە زێڕ و زیوی دانێ ....
لە نێو گوڵان ڕاوەستێ، تێر دەکەم سەیری جوانێ ....

**قەتار**

تاکەی غەریبی کووچەی شاران بم
تاکەی هەڵوەدای دیدەی یاران بم
سەیرم محاڵەن سەفام بەتاڵەن
بۆ دووری یارێ ئەسرینم ئاڵەن
یاڕەبی خوایە فریادڕەسم کەی
گەر کەس وا دەبێ تۆ بێکەسم کەی
ـ بریا پەرەنگی گوارەت پارتی ئیعدامی من با ....
حوکمی ئیعدام لە لای تۆ، بۆ من ئیجرا کرابا ...
بەڵام بەو شەرتەی ملم بە گوارەتدا کرابا ...
لە خوێناوکەی گەردنتدا جێگای قەبرم کرابا ...
لێم گەڕێ وای لێم گەڕێ، تەختی جوانیت وەرگەڕێ ..
خۆ من دەستبەردارت نیم مەگەر شەرتم بپەڕێ ....

**لیمۆ**

ـ هیچ کەس وەکوو من پڕ میحنەت نەبێ
ئەسیری دۆستی (لیمۆ گیان) بێوەفا نەبێ (٢)
لیمۆ هەی لیمۆ، لیمۆ عەممانی
رانەکەت بێنە (لیمۆ گیان) سەر بنێمە بانی
قەدری غەریبان (لیمۆ گیان) خۆ تۆ دەیزانی
ـ نەیچی درەنگە، تۆش مەکە درەنگ
فیدای پەنجەت بم (لیمۆ گیان) نەی بێنە وەدەنگ
هەرچی لێ دەدەی جگەر تاوان بێ
بە ناڵەی نەی تۆ (لیمۆ گیان) دڵەکەم خۆش بێ
لیمۆ هەی لیمۆ، لیمۆ عەممانی

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



رانەکەت بێنە (لیمۆ گیان) سەر بنێمە بانی
قەدری غەریبان (لیمۆ گیان) خۆ تۆ دەیزانی
ـ تۆ دلم شاد کە بە ئیلتیفاتێک
لە دوور ولامم (لیمۆ گیان) بنووسە ساتێک
لیمۆ هەی لیمۆ، لیمۆ عەممانی
رانەکەت بێنە (لیمۆ گیان) سەر بنێمە بانی
قەدری غەریبان (لیمۆ گیان) خۆ تۆ دەیزانی

## مالی دەمەرداران

ـ دوو مالن لە روخن
کیژیان جوان و شۆخن
مەمکیان سێو و خۆخن
وەی وەی لەبەر نازی تۆ
مەمکیان سێو و خۆخن
لەبەر چاوی جوانی تۆ
ـ دوو مالن بەرانبەرن
کیژیان رەش ئەسمەرن
زۆر جوان و دولبەرن
وەی وەی لەبەر نازی تۆ
زۆر جوان و دولبەرن
لەبەر چاوی جوانی تۆ
ـ دوو مالن جیرانن
کیژیان خان و مانن
ریگری جێ ژوانن
وەی وەی لەبەر نازی تۆ
ریگری جێ ژوانن
لەبەر چاوی جوانی تۆ
ـ مالی دەمەرداران
رۆیین بۆ هەواران
لێمان دەبرن یاران
وەی وەی لەبەر نازی تۆ
لێمان دەبرن یاران
لەبەر چاوی جوانی تۆ
ـ رەشمالەی مەنگوران
لە دۆل و لە خران
قاتلن بۆ کوران
وەی وەی لەبەر نازی تۆ
قاتلن بۆ کوران
لەبەر چاوی جوانی تۆ

## مریەم سابلاخێ

خۆزگەم بەو مەرەی مریەم چاو جوان مریەم ئامان مریەمێ سابلاخی

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



شیر دێ لە گوانی مریەم چاو جوان، مریەم ئامان سوورە گوڵەی نێو باخی
کابان دەیدۆشێ مریەم چاو جوان مریەم ئامان مریەمێ سابلاخی
بەو پەنجەی جوانی مریەم چاو جوان مریەم ئامان، سوورەگوڵەی نێوباخی
ـ رەبی جەغەتوو مریەم چاو جوان مریەم ئامان مریەمێ سابلاخی
بدەی بوارێ جوانی مریەم چاو جوان مریەم ئامان، سوورەگوڵەی نێوباخی
دەچمەوە سابلاغ مریەم چاو جوان مریەم ئامان مریەمێ سابلاخی
بۆ خزمەت یارێ مریەم چاو جوان مریەم ئامان، سوورەگوڵەی نێوباخی
جا چۆن شێت نەبم مریەم چاو جوان مریەم ئامان مریەمێ سابلاخی
نەدەم بە خۆمدا مریەم چاو جوان مریەم ئامان، سوورەگوڵەی نێوباخی
حەیفە بۆ من و تۆ مریەم چاو جوان مریەم ئامان مریەمێ سابلاخی
دەستمان لێک بەردا مریەم چاو جوان مریەم ئامان، سوورەگوڵەی نێوباخی
هەی داد هەی بێداد مریەم چاو جوان مریەم ئامان مریەمێ سابلاخی
کەس دیار نییە مریەم چاو جوان مریەم ئامان، سوورەگوڵەی نێوباخی
کەس لە دەردی کەس مریەم چاو جوان مریەم ئامان مریەمێ سابلاخی
خەبەردار نییە مریەم چاو جوان مریەم ئامان، سوورەگوڵەی نێوباخی
هەر کوڕێک نەیکا مریەم چاو جوان مریەم ئامان مریەمێ سابلاخی
شەوگەڕ ماڵەوماڵ مریەم چاو جوان مریەم ئامان، سوورەگوڵەی نێوباخی
عومری با بڕوا مریەم چاو جوان مریەم ئامان مریەمێ سابلاخی
بە سۆزەی شەماڵ مریەم چاو جوان مریەم ئامان، سوورەگوڵەی نێوباخی

## منیرە

نەخۆش و دەردەدارم ئازار نیە دەردی تۆیە (ماڵە بابم منیرە)
چارەم ناکەن دوکتوران شیفام بە دەستی تۆیە (ماڵە بابم منیرە)
روو لە هەر جێیەک دەکەم تاریفی جوانی تۆیە (ماڵە بابم منیرە)
منیرە تۆ یاری منی، منیرە دڵداری منی، جوانێ گیان بێداری منی
(ماڵە بابم منیرە، هەی ماڵە بابم منیرە)
ـ فیکرم زۆر پەریشانە، کۆسپی گەورەم لە پێشە (ماڵە بابم منیرە)

مەڵبەندی هونەرییماملێ

www.mamle.net

Mamle Art Center



غەم دەورەیان داوم، زامی دڵم بەئێشە (ماڵە بابم منیرە)
کاری من و لێوئاڵێ سەریگرێ بە بێ کێشە (ماڵە بابم منیرە)
منیرە تۆ یاری منی، منیرە دڵداری منی، جوانێ گیان بێداری منی
(ماڵە بابم منیرە، هەی ماڵە بابم منیرە)
دیسان دەردان سەر لێدام غەم بە سەرمدا باری (ماڵە بابم منیرە)
هەڵناکەی لە دیهاتی دەڕۆم دەتبەم بۆ شاری (ماڵە بابم منیرە)
نازانم کێ بنێرم بڕیکت بکا دڵداری (ماڵە بابم منیرە)
منیرە تۆ یاری منی، منیرە دڵداری منی، جوانێ گیان بێداری منی
(ماڵە بابم منیرە، هەی ماڵە بابم منیرە)
دایمە وەک تازیەداران چاو بە گریە و گرینم (ماڵە بابم منیرە)
کوانێک لە جەرگم هاتوە خوێن دەچوڕێ لە برینم (ماڵە بابم منیرە)
کیژۆڵەی ناسک و نەرم، زۆر پەشێوت دەبینم (ماڵە بابم منیرە)
منیرە تۆ یاری منی، منیرە دڵداری منی، جوانێ گیان بێداری منی
(ماڵە بابم منیرە، هەی ماڵە بابم منیرە)

## منیرە

ـ ئەسمەر بێ و سادەڕوو بێ ئەو جوانترە لەوی دی (ماڵە بابم منیرە)
دەک لە چاوان کۆرە بم جوانێ هات رابرد نەمدی (ماڵە بابم منیرە)
ماڵە بابم بێڕوحمی کوا خەراپەت لە من دی (ماڵە بابم منیرە)
نابەستم عەهد و پەیمان تازە دەگەڵ دۆستی کەسی دی (ماڵە بابم منیرە)
منیرە تۆ یاری منی، منیرە دڵداری منی، جوانێ گیان بێداری منی
(ماڵە بابم منیرە، هەی ماڵە بابم منیرە)
ـ باریکەی خاسەکەوێ دڵم بێ تۆ ناسرەوێ (ماڵە بابم منیرە)
زۆر لەمێژە بە تەمام جاریک بۆم هەڵناکەوێ (ماڵە بابم منیرە)
لە ریی کانی تووشی بووم پێم گوت بتبینم شەوێ (ماڵە بابم منیرە)
دەڵێ ریگایە بەردە چت لە گیانی من دەوێ (ماڵە بابم منیرە)
منیرە تۆ یاری منی، منیرە دڵداری منی، جوانێ گیان بێداری منی

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



(ماڵە بابم منیرە، هەی ماڵە بابم منیرە)
- دەردی گرانم دولبەرە حوکمی سەختم لەسەرە (ماڵە بابم منیرە)
دوێنێ قەبزێکی ناردوە فەرمووی قەرزت لەسەرە (ماڵە بابم منیرە)
ماڵە بابم بێڕوحمی سەودامان سەریەسەرە (ماڵە بابم منیرە)
هیچ دەخۆمدا شک نابەم فەرموو ئیمانم بەرە (ماڵە بابم منیرە)
منیرە تۆ یاری منی، منیرە دڵداری منی، جوانێ گیان بێداری منی
(ماڵە بابم منیرە، هەی ماڵە بابم منیرە)
- یارم بە دڵ خۆش دەویست قەولێکی دەگەڵ بەستم (ماڵە بابم منیرە)
بەدقەولی وای لێ کردم عەهد و پەیمان نەبەستم (ماڵە بابم منیرە)
تازە ئاوڕت وێ نادەم کە تەواو بێ بەرهەستم (ماڵە بابم منیرە)
منیرە تۆ یاری منی، منیرە دڵداری منی، جوانێ گیان بێداری منی
(ماڵە بابم منیرە، هەی ماڵە بابم منیرە)
- گوڵێکی بەهاری بووی بە فڕاندی لە دەستم (ماڵە بابم منیرە)
رۆژێ جارێک بتبینم دەست بنێە ناو دەستم (ماڵە بابم منیرە)
بەڵام بەهاری عومرم رۆیوە بەر بووە لە دەستم (ماڵە بابم منیرە)
دەک لە چاوان کۆرە بم دیار نیە کۆنە دۆستم (ماڵە بابم منیرە)
منیرە تۆ یاری منی، منیرە دڵداری منی، جوانێ گیان بێداری منی
(ماڵە بابم منیرە، هەی ماڵە بابم منیرە)

### مەجنوون

مەجنوون لەبەرچی وا دەکەی، مەقسوود و دەردی تۆ چییە
بۆ چوویە شاخ و کێو و کەژ، کارت هەمیشە زارییە
سەت کیژی جوانتر لێرە هەن گەر مەتڵەبی تۆ جوانییە
شەیدا مەبە زاری مەکە. دنیا سەراسەر فانییە
دەردی عیشق نازانی تۆ، دەردی عیشق گەورە و گرانە
مەیدانی عیشق و عاشقی، سووتان و گریان و فیغانە
مەجنوون لە لەیلا دوور کەوە، سەت کیژی شیرینتر هەیە

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



چاوباز و گەردن کێل و جوان، روح‌سووک و دلگرتر هەیە
بێهوودە خۆت ریسوا مەکە. مەقسوودی لەیلا تەفرەیە
جوانی نییە ئەی بێ‌خەبەر، تەگبیری تۆ بێ‌بەهرەیە
دێوانە نیم من عاشقم، ها بەو دڵەم لەیلا ببینە
دەرمانی دەردم چارە کەن، نێوی دڵم پاکی برینە
نووری عیشق نابیندرێ، هەروەک روحی پەروانەیە
هەرکەس کە ئەهلی دڵ نەبێ، مەجنوونی پێ دێوانەیە
ئاشق بە دڵ شەیدا نەبێ، سووتانی پێ ئەفسانەیە
مەردانی رێگای عاشقی سەر دادەنێن مەردانەیە
عاشق هەتا سەر دانەنێ، ئاگاتە رێی ئاوی حەیاتێ
مەردی دەوێ سەر دابنێ مەستانە بۆ رێگای نەهاتێ

**مەستوورە**

مەنزڵگەی دیدەم (٢) ئاوپاشیان کەردەن، مەستوورە ئامان مەستوورە گیان
چەشم‌ئەندازی بەرز بێ تۆز و گەردەن، مەستوورە ئامان مەستوورە گیان (٢)
مەستوورەی مەستان (٢) سێوی سەردەستان، مەستوورە ئامان مەستوورە گیان
پاشی بالای تۆ ناگرم هیچ دۆستان، مەستوورە ئامان مەستوورە گیان (٢)
ـ سەرخێڵ عەرزم هەس (٢) دە بگەڕێوە مەستوورە ئامان مەستوورە گیان
خێڵخانەی دلان ها لەو بەرێوە مەستوورە ئامان مەستوورە گیان (٢)
مەستوورەی مەستان (٢) سێوی سەردەستان، مەستوورە ئامان مەستوورە گیان
پاشی بالای تۆ ناگرم هیچ دۆستان، مەستوورە ئامان مەستوورە گیان (٢)
بەختم توغیان کرد (٢) وێرانماڵیشم مەستوورە ئامان مەستوورە گیان
بارانیش نەبێ سیاساڵیشم مەستوورە ئامان مەستوورە گیان
مەستوورەی مەستان (٢) سێوی سەردەستان، مەستوورە ئامان مەستوورە گیان
پاشی بالای تۆ ناگرم هیچ دۆستان، مەستوورە ئامان مەستوورە گیان (٢)
وشیار بە میوەی (٢) مەستی غەفڵەتن مەستوورە ئامان مەستوورە گیان
غەفڵەت سەرمایەی هەزار خەجڵەتن مەستوورە ئامان مەستوورە گیان
مەستوورەی مەستان (٢) سێوی سەردەستان، مەستوورە ئامان مەستوورە گیان

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



پاشی بالای تۆ ناگرم هیچ دۆستان، مەستووره ئامان مەستووره گیان (٢)
وردم زەعیفن (٢) بێخورد و خابم مەستووره ئامان مەستووره گیان
سەرگەردانی لەیل، بێ سەبر و تابم مەستووره ئامان مەستووره گیان
مەستوورەی مەستان (٢) سێوی سەردەستان، مەستووره ئامان مەستووره گیان
پاشی بالای تۆ ناگرم هیچ دۆستان، مەستووره ئامان مەستووره گیان (٢)

**قەتار**

تا لە قەفەسدا مانمان نەفەسێ
بولبول پەی گولان ئێمە پەی کەسێ
سەرم نا سەر خاک گلکۆی تازەوە
بە حەسرەتێکی بێ ئەندازەوە
بۆچی بێ مەیلیت کردۆتە پیشە
جارێک تۆش بۆ من ئاخێک هەلکێشە

**مەستووره**

ئەوە تۆ دەرۆی (٢) بە نارەزای دڵ مەستووره ئامان مەستووره گیان
خودات دەگە بێ مەنزڵ بە مەنزڵ مەستووره ئامان مەستووره گیان
مەستوورەی مەستان (٢) سێوی سەردەستان، مەستووره ئامان مەستووره گیان
پاشی بالای تۆ ناگرم هیچ دۆستان، مەستووره ئامان مەستووره گیان (٢)
خەتای من نییە (٢) تۆ چاوت دیشێ مەستووره ئامان مەستووره گیان
دایکی خۆت نییە نازت بکێشێ مەستووره ئامان مەستووره گیان
قەت کەست نەبوو نازت بکێشێ مەستووره ئامان مەستووره گیان
مەستوورەی مەستان (٢) سێوی سەردەستان، مەستووره ئامان مەستووره گیان
پاشی بالای تۆ ناگرم هیچ دۆستان، مەستووره ئامان مەستووره گیان (٢)
شەو خەوالوو بوو ماچێکم هەستان، مەستووره ئامان مەستووره گیان

**قەتار**

نووری روخسارت وەدەرخە دەردی بێدەرمانە شەو
زولمەتی زولفت لەسەر رووتە لە رۆژ میوانە شەو
عاشق و مەعشووق لە رۆژدا خۆ دەپارێزن لە خەلک

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



گەر پەنای چاکت دەوێ بۆ ئەو دووە بڕوانە شەو (هۆنراوەی: ئاوات)
وازم لێ بێنە من دەرکراوم مەستوورە ئامان مەستوورە گیان
وا لە داخی دڵ مات و داماوم مەستوورە ئامان مەستوورە گیان (٢)
مەستوورەی مەستان(٢) سێوی سەردەستان، مەستوورە ئامان مەستوورە گیان
پاشی بالای تۆ ناگرم هیچ دۆستان، مەستوورە ئامان مەستوورە گیان (٢)
شەو خەوالوو بوو ماچێکم هەستان، مەستوورە ئامان مەستوورە گیان

## مەستوورە

بە غەم دەگوزەرێ (٢) وەخت و بێوەختم مەستوورە ئامان مەستوورە گیان
دەرمانی نەکرد، ئەو زامی سەختم، مەستوورە ئامان مەستوورە گیان
تا کەنگێ کز بێ ئەستێرەی بەختم مەستوورە ئامان مەستوورە گیان
مەستوورەی مەستان (٢) سێوی سەردەستان، مەستوورە ئامان مەستوورە گیان
پاشی بالای تۆ ناگرم هیچ دۆستان، مەستوورە ئامان مەستوورە گیان (٢)
بەسم بکوژە (٢) بە تیری غەمزە، مەستوورە ئامان مەستوورە گیان
غەمزەت ئەندامی هێناوەمە لەرزە مەستوورە ئامان مەستوورە گیان (٢)
مەستوورەی مەستان (٢) سێوی سەردەستان، مەستوورە ئامان مەستوورە گیان
پاشی بالای تۆ ناگرم هیچ دۆستان، مەستوورە ئامان مەستوورە گیان (٢)
ئەی بۆ دڵخوێنێک (٢) کەس یاری نەبێ مەستوورە ئامان مەستوورە گیان
غەمی بێمەیلی دلداری نەبێ مەستوورە ئامان مەستوورە گیان (٢)
مەستوورەی مەستان (٢) سێوی سەردەستان، مەستوورە ئامان مەستوورە گیان
پاشی بالای تۆ ناگرم هیچ دۆستان، مەستوورە ئامان مەستوورە گیان (٢)

## مەستوورە

ئەی داد هەی بێداد لەو گەورە شارە
نە دەنگی یار دێ نە بۆ خۆی دیارە
مەستوورەی مەستان (٢)
سێوی سەردەستان، مەستوورە ئامان مەستوورە گیان
پاشی بالای تۆ ناگرم هیچ دۆستان، مەستوورە ئامان مەستوورە گیان (٢)

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



ـ تۆ دوور و من دوور هەردووکمان دوورین
خودا دەیزانێ بۆ یەک مەجبوورین
ـ چنار و لاولاو سەریان بوو بە گیر
من بۆچی دەگریم بە چیم دەکەن ژیر

### مەستوورەی مەستان

ـ خۆشییە سالانم (٢) ئەوسال نەماوە مەستوورە ئامان مەستوورە گیان
جەرگم پۆلا بوو لە سوێی تۆ تواوە مەستوورە ئامان مەستوورە گیان
مەستوورەی مەستان (٢) سێوی سەردەستان، مەستوورە ئامان مەستوورە گیان
پاشی بالای تۆ ناگرم هیچ دۆستان، مەستوورە ئامان مەستوورە گیان (٢)
هەتا بمێنم (٢) منەتباری تۆم مەستوورە ئامان مەستوورە گیان
تۆ خۆت دەیزانی قەرزداری تۆم مەستوورە ئامان مەستوورە گیان
مەستوورەی مەستان (٢) سێوی سەردەستان، مەستوورە ئامان مەستوورە گیان
پاشی بالای تۆ ناگرم هیچ دۆستان، مەستوورە ئامان مەستوورە گیان (٢)

**فەتار**

وێڵ و ئاوارەم لە بێستوون یار و هەمدەم تیشەمە
یاری من چوو ژێر نیقابێ دینی وی ئەندێشەمە
بەختی بەد ڕێگای ئومێدی بەستووە لە من و لە یار
بۆیە ڕۆژ و شەو لە دووری شین و گریان پیشەمە
جۆگەلەی خوێنێک دیارە وا بە سەفحەی ڕوومەتم
خوێن بە خوڕ بایێ، بەلام من تەنیا ئەو خواهیشەمە
بەسە با چیدی لە باغی وەسلی تۆ بێبەش نەبم
مەشکێنە چی دیکە توخودا ئەو دڵەی وەک شووشەمە

### مەشکێ

مێرێ مەشکێ دەژێنێ
لێم کەوتۆتە کولێنێ

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



کوا ئەستێ ئاوێ بێنێ
مەشکێم زۆری دەربێنێ
ئەی مەشکێ مەشکێ مەشکێ
هەی ماڵە بابم مەشکێ
هەتیوە دەست مەبزێوە
بازنەی لە دەستم دەشکێ
مەشکێم لە دار هەنارە
مێرێ دەسرۆکەی لارە
دایدا رێژنەی بارانێ
هەوەڵ مانگی بەهارە
ئەی مەشکێ مەشکێ مەشکێ
هەی ماڵە بابم مەشکێ
هەتیوە دەست مەبزێوە
بازنەی لە دەستم دەشکێ
ـ مەشکێم زێڕی ناودارە
هەڵم‌ئاوەسی خوارە
شۆڕەسوارێم لێ دیار بێ
رۆنی مەشکێم بە بارە
ئەی مەشکێ مەشکێ مەشکێ
هەی ماڵە بابم مەشکێ
هەتیوە دەست مەبزێوە
بازنەی لە دەستم دەشکێ
ـ مەشکێم گەلێک نێودارە
زاوەکەمم لێ دیارە
بەیانە کەمێک تارە
بویە ئەسکوێ ملی سوارە
ئەی مەشکێ مەشکێ مەشکێ

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



هەی ماڵە بابم مەشکێ
هەتیوە دەست مەبزێوە
بازنەی لە دەستم دەشکێ
ـ مەشکەم مەشکەی مانگایە
مەشکێ زۆری تێدایە
مێر قوچاغەی دە قۆڵ کرد
دەیژێنێ لە بێلایە
ئەی مەشکێ مەشکێ مەشکێ
هەی ماڵە بابم مەشکێ
هەتیوە دەست مەبزێوە
بازنەی لە دەستم دەشکێ
ـ وا کەوتوومە بەیانی
مەشکەم نایەتە ژانی
دەرکەن مەڕ و بەرانی
شل بووە زارەوانی
ئەی مەشکێ مەشکێ مەشکێ
هەی ماڵە بابم مەشکێ
هەتیوە دەست مەبزێوە
بازنەی لە دەستم دەشکێ
ـ مەشکێم نێوداری گوێزە
ئەو گەنجە زۆر بزۆزە
بە جوانی خۆت سوێند دەدەم
مەشکێم بۆ بلێ بە سۆزە
ئەی مەشکێ مەشکێ مەشکێ
هەی ماڵە بابم مەشکێ
هەتیوە دەست مەبزێوە
بازنەی لە دەستم دەشکێ

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



ـ مەشکێم مەشکەی مەڕانە
مەبەستی من بزانە
ئەی هەتیوەی زۆرزانە
دەبڕۆوە وا بەیانە
ئەی مەشکێ مەشکێ مەشکێ
هەی ماڵە بابم مەشکێ
هەتیوە دەست مەبزێوە
بازنەی لە دەستم دەشکێ

**مەلەنگێنە**

(ئەی) وەک بولبولان فەسلی بەهار
(ئەی) شەو و رۆژ و لەیل و نەهار
(ئەی) دەناڵێنم بۆ وەسڵی یار
(ئەی) مەلەنگێن، مەلەنگێن، مەلەنگێنە
سووک بڕۆ گوارەکانت مەلەنگێنە
(ئەی) مەر جا تەرزەن
(ئەی) دەستی دەشوت بەر بوون بازن
(ئەی) کیژ دەگریان کوڕ نامخوازن
(ئەی) مەلەنگێن، مەلەنگێن، مەلەنگێنە
سووک بڕۆ گوارەکانت مەلەنگێنە
(ئەی) جەرگم لەت‌لەت کەن. بە شیران
(ئەی) قۆلبەستم کەن وەی بە زنجیران
(ئەی) دەچمە دیدەنی دەزگیران
(ئەی) مەلەنگێن، مەلەنگێن، مەلەنگێنە
سووک بڕۆ گوارەکانت مەلەنگێنە

**قەتار**

تا کەی وەم مەجنوون وێڵی هەردان بم

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



تاکەی غەمزەدەی باری هیجران بم
کوورەی دەروونم بە تاو جۆشی گرت
فرمێسکی چاوم زوو خامۆشی گرت
باقەی دەستە گوڵ زاری و دڵگیریم
پەیپەی زیاد کرد پەژارەی پیریم
تاکەی غەریبی کووچەی شاران بم
تاکەی هەڵوەدای دیدەی یاران بم
(وەی) جەرگم لەتلەتی بالاتە
(ئەی) خالێک وا لەسەر کوڵمەتە
(ئەی) عالەمی خودای بەحەسرەتە
(ئەی) مەلەنگێن، مەلەنگێن، مەلەنگێنە
سووک برۆ گوارەکانت مەلەنگێنە

**مەڵێن دڵ**

مەڵێن دڵ پارچە گۆشتێکی بە خوێنە
پەنای گرتووە لە بن دیواری سینە
مژۆڵی تیری تیژی نازەنینە
بە دڵ دێتێ لە سەد جێگا برینە
بە نۆشداروو عیلاجی ئەو برینە
لە کوێ سارێژ دەبێ یا دەکرێ پینە
برینی جەرگی من زامی ئەوینە
ئەگەر ئەستێ گەیشتە تاجێدینێ
مەمیش کوژرا بە تیری تیژی زینێ
ـ ئەگەر خوسرەو لە باوەش دەگرێ شیرین
بە نۆشداروو عیلاجی ئەو برینە
لە کوێ سارێژ دەبێ یا دەکرێ پینە

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



برینی جەرگی من زامی ئەوینە
لەبەرچی بوومە پیری شێخی سەنعان
لەبۆ چاوکاڵی چوومە بەر بەرازان
ئەدی مەجنوون لەبەر چی کەوتە کێوان
فیدای لەیلێ بوو خزم و خێڵ و خێوی

### مینا

(ئای) بەشلێوە و باران (گیانە) مەمنێژن یارن (مینا) (٢)
دێتە سەر قەبرم (جوانێ) غەریبی شاران (مینا)
مینا ناز ناز نازدارە مینا
گۆنای خاڵ خاڵ خاڵدارە مینا
شەدەی لار لار لار لارە مینا
ـ هەی ناکەم ناکەم (گیانە) باسی وی ناکەم (مینا) (٢)
لەگەڵ بێوەفا (گیانە) دڵداری ناکەم (مینا)
مینا ناز ناز نازدارە مینا
گۆنای خاڵ خاڵ خاڵدارە مینا
شەدەی لار لار لار لارە مینا
ـ هەر لارە مل بم، بۆی وا ناکەم (٢)
بەڵکوو یەکی دی بۆ خۆم پەیدا کەم
هەی ناکەم ناکەم (گیانە) باسی وی ناکەم (مینا) (٢)
لەگەڵ بێوەفا (گیانە) دڵداری ناکەم (مینا)
مینا ناز ناز نازدارە مینا
گۆنای خاڵ خاڵ خاڵدارە مینا
شەدەی لار لار لار لارە مینا
ـ هەی داد هەی بێداد (گیانە) نەماوە تاوم (٢)
سوێنە دەخوێنێ لە دەورەی داوم
هەی ناکەم ناکەم (گیانە) باسی وی ناکەم (مینا) (٢)

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



لەگەڵ بێوەفا (گیانە) دڵداری ناکەم (مینا)
مینا ناز ناز نازدارە مینا
گۆنای خاڵ خاڵ خاڵدارە مینا
شەدەی لار لار لار لارە مینا
ـ مێژوو دایناوە بەهار بۆ شادی
یەکتر ماچ کردن گەردن ئازادی
من کز داماوم بە بێ مرادی
هەی ناکەم ناکەم (گیانە) باسی وی ناکەم (مینا) (٢)
لەگەڵ بێوەفا (گیانە) دڵداری ناکەم (مینا)
مینا ناز ناز نازدارە مینا
گۆنای خاڵ خاڵ خاڵدارە مینا
شەدەی لار لار لار لارە مینا

## مینا

ـ (ئای) لە دەردی عیشق (جوانێ) لە تاوی دووری (مینا) (٢)
هەرچەندی دەیکەم (جوانێ) نابم سێبووری، مینا
مینا ناز ناز نازدارە مینا
گۆنای خاڵ خاڵ خاڵدارە مینا
شەدەی لار لار لار لارە مینا
ـ عازیز بیستوومە (گیانە) زۆر پەرێشانی (مینا) (٢)
بە شەو و بە رۆژ، (جوانێ) چاو بە گریانی، مینا
مینا ناز ناز نازدارە مینا
گۆنای خاڵ خاڵ خاڵدارە مینا
شەدەی لار لار لار لارە مینا
ـ کە من وا دەڵێم (جوانێ) خەجاڵەتبارم، مینا (٢)
لە حوزووری تۆ (جوانێ) وا شەرمەزارم، مینا

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



مینا ناز ناز نازداره مینا
گۆنای خاڵ خاڵ خاڵداره مینا
شەدەی لار لار لار لاره مینا

**مینا**

ـ چەن خۆشه خرمەی (گیانه) بازوو بەندەکەت، مینا
بێنه بیمژم (گیانه) لێوه قەندەکەت، مینا
شێتی تۆی کردم، (جوانێ) زەردە خەندەکەت، مینا
مینا ناز ناز نازداره مینا
گۆنای خاڵ خاڵ خاڵداره مینا
شەدەی لار لار لار لاره مینا
ـ نەختێکی لادە تۆی پەشمینەکەت
بڕوانمه خاڵی سەر جەبینەکەت
شتێی تۆ کردم زەردە خەندەکەت
ـ بەر قەڵا مەڕۆ پشت قەڵا ڕێته
من غەمی تۆمه تۆ غەمی کێته
خەتای خۆم نییه دڵ ئیشتیای لێته
ـ به غەم دەگوزەرێ وەخت و بێوەختم
دەرمانت نەکرد ئەو زامی سەختم
تا کەنگێ کز بێ ئەستێرەی بەختم
ـ ئەوه مانگ هەڵات داویه له نێو دێ
خرمەی بەرموور و بازووبەندی دێ
یا خودا بۆخۆی بێ قاسیدی نەبێ

**مینا ناز**

ـ هەوەڵی کارێ (گیانه) نەبیای به یارم، مینا (٢)
بووی به باعیسی (گیانه) ئەو دڵەی هەژارم، مینا

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



مینا ناز، ناز نازدارە مینا
ـ بۆچی منت ناوە (گیانە) بە لای خوداوە، مینا
مەینەتی دونیا (گیانە) بۆم بەجێ ماوە، مینا
بۆ تۆ من خۆمم (گیانە) کردە ئاوارە، مینا
لە موڵک و وەتەن (گیانە) بووم بە ئاوارە، مینا
بە شڵێوە و باران، (گیانە) مەمنێژن یاران، مینا
دێنە سەر قەبرم (گیانە) غەریبی شاران، مینا

**مینالێ**

زانیوتە میوە (مینا گیان) بۆچی شیرینە
شەکەر لێو نوستوون (مینا گیان) لەو ژێرزەمینە
ئای لە مینا لێ، مینا گیان بە چاو شەڕ دەکا
داوای شەش دانگی مینا گیان، ئیمانم دەکا
ـ هەوایەکی خۆش (مینا گیان) مەڵبەندی نەبوون
هەموو کەس بە تای (مینا گیان) کراسێ نوستوون
ئای لە مینا لێ، مینا گیان بە چاو شەڕ دەکا
داوای شەش دانگی مینا گیان، ئیمانم دەکا
ـ ئەو سەرچاوانەی (مینا گیان) لە سەر هەردانن
فرمێسکی چاوی (مینا گیان) جوانەمەرگانن
ئای لە مینا لێ، مینا گیان بە چاو شەڕ دەکا
داوای شەش دانگی مینا گیان، ئیمانم دەکا
ـ نەرگیسی چاوکاڵ (میناگیان) دەمەو بەهارە
تاوێکی لادە (مینا گیان) دەشت و کۆسارە
ئای لە مینا لێ، مینا گیان بە چاو شەڕ دەکا
داوای شەش دانگی مینا گیان، ئیمانم دەکا
ـ چاوی جوانانت (مینا گیان) کەوتوونە بن گڵ
نیشانم دەدا (مینا گیان) گەردوون بە سەرچڵ

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



## نازانم چۆنی بکەم چارە

ـ پەریشانم من دەناڵێنم فرمێسکی چاوان دەبارێنم
هەموو عومری خۆم لەسەر دانا لە تاوانت بوومە دێوانە
نازانم چۆنی بکەم چارە، دەرمانی ئەو دڵە بیمارە
بە بێهوودە شێت و هەژارم، بە دەردی دڵ من گرفتارم (٢)
ـ دەڵێن مەجنوون جەوری کێشاوە، لە دوای لەیلا روحی داناوە
گوڵم چت کرد، چۆن دەبێ وا بێ، دڵی مەجنوون شێتی لەیلا بێ
نازانم چۆنی بکەم چارە، دەرمانی ئەو دڵە بیمارە
بە بێهوودە شێت و هەژارم، بە دەردی دڵ من گرفتارم (٢)
ـ دڵم شێوا کێ بوو شێواندی، گوڵم شەمزا کێ بوو شەمزاندی
ئەوە لەیلا کۆچ دەکا لێرە، ئەما گوڵشەن خێڵ بەرەوژوورە
نازانم چۆنی بکەم چارە، دەرمانی ئەو دڵە بیمارە
بە بێهوودە شێت و هەژارم، بە دەردی دڵ من گرفتارم (٢)
ـ فەلەک توخودا چەرخی دەورانت
شەو و رۆژ و کاری میزانت
ئەگەر جارێک لەو هەموو جارە
بە مەیلی من خۆت بدەی ئارا
دەرووخێ ئەو عالەم و عەرزە
یان دەشێوێ لێت ئەو چیا بەرزە
نازانم چۆنی بکەم چارە، دەرمانی ئەو دڵە بیمارە
بە بێهوودە شێت و هەژارم، بە دەردی دڵ من گرفتارم (٢)

## نازدار نازدار

نە خودا دەمداتێ (گیانە) مەرگێک بە هاسان
نە دڵ لە لای تۆ (گیانە) دەبێ هەراسان
نازدار نازدار و نازدارەی باوکی

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



خۆ من دەزانم نازدار تۆ بۆ من چاکی
ـ دەشتی پشت قەڵا (گیانە) رازاوە بە گوڵ
عارەق دەرێژم (دیدەم) زەنگوڵ بە زەنگوڵ
نازدار و نازدار و نازدارەی شووشە
هەستە با برۆین (جوانێ) دڵەکەم مەغشووشە
ـ هەوەڵی کارێ (گیانە) هەر خەتای تۆ بوو
کێ بە زۆری دای، (گیانە) کێ بەردارت بوو
نازدار و نازدار و نازدارت کردم
بێ سووچ و بێ تاوان بێمرادت کردم
ـ کەوتە سەر پیلان، (جوانێ) چارۆکەی نوێژێ
کەشە هەوری گرت (جوانێ) لە دەوری رۆژێ
نازدار و نازدار و نازدارەی خومی
غونچەی نێو باغان (دیدەم) نەمامی خۆمی
ـ هەر کۆچ کۆچت بوو، کۆچت کرد بە راست
کەم هیممەتیت کرد، ماڵاوات نەخواست
نازدار و نازدار و نازدارەی شووشە
هەستە با برۆین (جوانێ) دڵەکەم مەغشووشە
ـ کەوتە مابەینمان حەوت کێو و حەوت کۆ
مەگەر بای رەحمەت، من بێنێ بۆ تۆ
نازدار و نازدار و نازدارەی بابی
خو من زووم زانیوە تۆ بۆ من نابی
ـ دایکت خەجاڵەت، بابت رووسیا
ئەتۆی لە من کرد، بۆ ماڵی دنیا
نازدار و نازدار و نازدارەی خومی
دەرتدێنمەوە لەو بەندی رۆمی
ـ خودا دەیزانێ من بۆ تۆ چۆنم
بۆ کزەی کەباب دێ لە دەروونم

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



نازدار و نازدار و نازدارت کردم
مندالی دوێنێم تۆ پیرت کردم
بێسووچ و بێتاوان بێ مرادت کردم
ـ خودا دەیزانێ بۆ تۆ چلۆنم
وەک کۆتەی قەساب تازە برینم
ـ دینی لێ کردووم بە ئیمانەوە
رێم نییە هەلیگرم بە جێوبانەوە
نازدار و نازدار و نازدارەی بابی
خۆ من زووم زانیوە تۆ بۆ من نابی
ـ تایەک لە زولفت بێ بە دەستمەوە
بەندی دل دەپسێ پێی دەبەستمەوە

**قەتار**

سەران چوون هەوری، پاوان چوون پاوە
خۆ تۆ بەهەشت نی، بە رووی دنیاوە
شەرتە تا دەمرم بە دل بۆت بگریم
تا نالەم دەڕوا بۆ عەرشی عەزیم
تا بەکەی وەک نەی بنالم یارەکەی بێمروەتم
تۆ خەریکی عەیش و نۆش و من دوچاری زیللەتم

**نازەنین نازەنینم بۆچی گۆڕاوی**

ـ خزم و قەومم بەجێ هێشت لە دەشتی شارویرانی
وەدوای یارێ دەکەوم ناکێشم پەشیمانی
مردن چاکترە لەو حالە نابێتە زیندەگانی
نازەنین نازەنینم بۆچی گۆڕاوی گیان و روحی شیرینم
ـ بەو سوێندە و بەو ئایەتە، جوانە ئەو خاڵ و خەتە
مولکی سابلاغی پێ بدەی هێستا نیوەقیمەتە
خودا بۆخۆی دەزانێ بۆ ویم جەرگ لەتلەتە

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



نازەنین نازەنینم بۆچی گۆڕاوی گیان و روحی شیرینم
ـ وەک مەجنوون کەوتمە کێوان، بریا یارم دەگەڵ با
ئەو ئاورەی دەمن بەربووە، بەڵکوو دەویش بەربوویا
چاوی راستەم لەیلایە. روحی شیرنم ئینتیها
نازەنین نازەنینم بۆچی گۆڕاوی گیان و روحی شیرینم

**قەتار**

جێی نابێتەوە دوو یار لە یەک دڵ
قەت دوو دڵ نابێ ئینسانی عاقڵ،
گوناهی خۆمە کەوا کەساسم
ئەو بێقەدرییەی لە خۆم دەناسم

**ناسکەژن**

ـ دوو مەمکت لێ خڕ کردم، هەر بە وێنەی فینجانێ
لە شنۆیەم وەدەر دەخەن دەڕۆم دەچمە لاجانێ
پاشی من بە قوڕ گیرێ جێی شەوراو و جێژوانێ
منیش سەری خۆم هەڵگرت، دەڕۆم دەچمە خمخانێ
ئۆخەی ئۆخەی ناسکەژن، با لە سەر تۆ بمکوژن
دەست لە بالات هەڵناگرم، نۆ منداڵ مەمکت بمژن
وەک کاڵەکی گوڵپەرچن، کووزت کەن بتدەن بە من
ـ نێوانی سینگ و مەمکانم دوڕ و لەعل و گەوهەرە
لەبۆ تۆم راگرتووە هەتیوە قوڕ بەسەرە
هەموو سێ شەمۆ و جومعانە دێمە جێژوانێ وەرە
ئۆخەی ئۆخەی ناسکەژن، با لە سەر تۆ بمکوژن
دەست لە بالات هەڵناگرم، نۆ منداڵ مەمکت بمژن
وەک کاڵەکی گوڵپەرچن، کووزت کەن بتدەن بە من
ـ دوێنێ دیم لە رێی کانی، دەستم برد بۆ مەمکانی
پێم گوت عاشقی بالای تۆم، بۆ بە دەردم نازانی

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



فەرمووی ئەمنیش بە دڵی تۆم، چون عاشق و ماڵوێرانی
ئۆخەی ئۆخەی ناسکەژن، با لە سەر تۆ بمکوژن
دەست لە بالات هەڵناگرم، تۆ منداڵ مەمکت بمژن
وەک کالەکی گوڵپەرچن، کووزت کەن بتدەن بە من

### ناسکۆڵێ گیان مەگری

دینی لێ کردووم بە ئیمانەوە (٢)
ڕێم نییە هەڵیگرم بە جێوبانەوە (٢)
ناسکۆڵێ گیان مەگری، خڕکۆڵێ گیان مەگری
جا وەرە سەر قەبرم بە دڵ و بە گیان بگری
خودا خودامە مانگ ببێ ئاوا (٢)
دەستێک بگێڕم لە باغی ساوا (٢)

### ناسکۆڵێ گیان مەگری

ـ دیسان باری غەم نیشتوە لە لێوم
بەزییەکت بێ بەو دڵەی پەشێوم
ناسکۆڵێ گیان مەگری، خڕکۆڵێ گیان مەگری
جا وەرە سەر قەبرم بە دڵ و بە گیان بگری
ـ ڕێگاکەم دوورە دوور کەوتۆتەوە
مەیلی جارانت کەم کردۆتەوە
ناسکۆڵێ گیان مەگری، خڕکۆڵێ گیان مەگری
جا وەرە سەر قەبرم بە دڵ و بە گیان بگری
ـ ڕێگاکەم دوورە مەنزڵم کوێستانە
شەو بەسەردا دێ خەم لێم میوانە
ناسکۆڵێ گیان مەگری، خڕکۆڵێ گیان مەگری
جا وەرە سەر قەبرم بە دڵ و بە گیان بگری

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



## نامدوێنی

ـ پەشێو و لەشبەبارم ئازار نییە دەردی تۆیە
قەت متمانەت پێ ناکەم، قەولی دەیدەی درۆیە
ئەسپی شین بورە زین کەن گەرچی کەمێک سەرەڕۆیە
دەڕۆم دەچمە پێشوازی، بە نوێژی نیوەڕۆیە
ئامان بە نوێژی نیوەڕۆیە
نامدوێنی بابم نامدوێنی، بۆ لێم زیزی نامدوێنی
ئەگەر بێتو بمدوێنی، (گیانە) سەر دەدەم لە مزگێنی
ئامان سەر دەدەم لە مزگێنی
ـ دیسان دڵم زۆر تەنگە رەبی وەخێر بگەڕێ
قەرارە ئەوساڵەکە بچمە هەواری سەرێ
گوڵ لە گوڵخانە جوانە (گیانە) لە زۆر جێ هەڵدەوەرێ
زولفت لادە مانگی نوێ (گیانە) لە تەمێ بێتە دەرێ
ئامان لە تەمێ بێتە دەرێ
نامدوێنی بابم نامدوێنی، بۆ لێم زیزی نامدوێنی
ئەگەر بێتو بمدوێنی، (گیانە) سەر دەدەم لە مزگێنی
ئامان سەر دەدەم لە مزگێنی
ـ ئەوساڵ حەوت ساڵی سەختە لەسەر تۆ راوەستاوم
بە مەکرۆیان فریم مەدە و مەڵێ بە چاوم
لەسەر هیچ و خۆڕایی (گیانە) بە خەراپەت برد ناوم
سلاویشم لێ کردی (جوانێ) مەستێنەوە سلاوم
ئامان مەستێنەوە سلاوم
نامدوێنی بابم نامدوێنی، بۆ لێم زیزی نامدوێنی
ئەگەر بێتو بمدوێنی، (گیانە) سەر دەدەم لە مزگێنی
ئامان سەر دەدەم لە مزگێنی

www.mamle.net

Mamle Art Center



## ناوێرم بیکوشم بیمژم

**قەتار**

دەڵێ من بۆیە دەی دەی شیرینە ناوم
بە گاڵتە زۆر کەس، گیانە کەوتۆتە داوم
ئەوشۆکە بەفر و باران دەبارێ
گرمەگرمی دێ هەوری بەهارێ
بیکە بۆ خاتر سەیید تەهای شەمزین
رەحمت بێ بە حاڵ ئەو دڵەی غەمگین
ـ ناوێرم بیمژم، بیکوشم، لیمۆکەی کاڵە، لیمۆکەی کاڵە
دەستیان لێ مەدەن (عازیز) شلکە و منداڵە، سەریان بە خاڵە
ـ خۆشی ساڵانم (گیانە) ئەوساڵ نەماوە، ئەوساڵ نەماوە
جەرگم پۆلا بوو (گیانە) لە سوێی تۆ تواوە، لە سوێی تۆ تواوە
ناوێرم بیمژم، بیکوشم، لیمۆکەی کاڵە، لیمۆکەی کاڵە
دەستیان لێ مەدەن (عازیز) شلکە و منداڵە، سەریان بە خاڵە
ـ دوور مەبە لەلام (عازیز) سەبرم بڕاوە، سەبرم بڕاوە
تاقەتم چوو هاوار، (عازیز) جەرگم سووتاوە، جەرگم سووتاوە
ناوێرم بیمژم، بیکوشم، لیمۆکەی کاڵە، لیمۆکەی کاڵە
دەستیان لێ مەدەن (عازیز) شلکە و منداڵە، سەریان بە خاڵە
ـ کراسێکی بدروو (عازیز) ڕێی دەستم بێڵە، ڕێی دەستم بێڵە
داخودا چارەنووس (عازیز) بە دوای کێ وێڵە
ناوێرم بیمژم، بیکوشم، لیمۆکەی کاڵە، لیمۆکەی کاڵە
دەستیان لێ مەدەن (عازیز) شلکە و منداڵە، سەریان بە خاڵە

**قەتار**

شەوان تا بە ڕۆژ گریان مەیلمن
یەکجار پەژارەی دووری لەیلمن
دارا و نەدارا گشت ماتی غەمن
داراش دەگریا بەشی من کەمن

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



شێتان شێت دەبوون دەچنە هەورامان
خۆ من شێتی تۆم، سپڵەی پێ نەزان
چاوان مەگێڕە بشناسە من کێم
خۆم کوڕەکەی دویکەم قەولت داوە پێم
ناوێرم بیمژم، بیکوشم، لیمۆکەی کاڵە، لیمۆکەی کاڵە
دەستیان لێ مەدەن (عازیز) شلکە و منداڵە، سەریان بە خاڵە
- جا چۆن شێت نەبم (نازدار) نەدەم بە خۆمدا (٢)
چۆن خاکی عالەم (جوانێ) نەکەم بە سەردا (٢)
ناوێرم بیمژم، بیکوشم، لیمۆکەی کاڵە، لیمۆکەی کاڵە
دەستیان لێ مەدەن (عازیز) شلکە و منداڵە، سەریان بە خاڵە
بریا شەماڵ بام (جوانێ) لەو باسکەو باسکان
کەوێک دەخوێنێ (جوانێ) لە کن دوو ئاسکان (٢)
ناوێرم بیمژم، بیکوشم، لیمۆکەی کاڵە، لیمۆکەی کاڵە
دەستیان لێ مەدەن (عازیز) شلکە و منداڵە، سەریان بە خاڵە

**ناوێرم بیلێم ناوەکەی**

- (ئەرێ) سەرت هەڵێنە (دەی دەی نازەنین) روو لە گەردوون کە
(ئەرێ) تەماشای (دەی دەی نازەنین) پیرە دەروون کە
ناوێرم بیلێم ناوەکەی، هەی هەی لە مەستی چاوەکەی
کیژە جوان ها لەو گەڕەکە، قەدباریک و چاوبەڵەکە
- (ئەرێ) دەترسم بمرم (دەی دەی نازەنین) بە جوانەمەرگی
(ئەرێ) بیبەمە بن خاک (دەی دەی نازەنین) ناڵەی دڵتەنگی
ناوێرم بیلێم ناوەکەی، هەی هەی لە مەستی چاوەکەی
کیژە جوان ها لەو گەڕەکە، قەدباریک و چاوبەڵەکە
- (ئەرێ) رەنگم زەعفەران (دەی دەی نازەنین) بەختم قەترانە
(ئەرێ) سلاوی ناردبووت (دەی دەی نازەنین) جێژنەی قوربانە
ناوێرم بیلێم ناوەکەی، هەی هەی لە مەستی چاوەکەی

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



کیژە جوان ها لەو گەڕەکە، قەدباریک و چاوبەڵەکە

**قەتار**

تا بەکەی وەک نەی بناڵم یارەکەی بێمروەتم
تۆ خەریکی عەیش و نۆش و من دوچاری زیللەتم
ناحەقیت کرد و شکاندت ئەو دڵەی کوژراوی خۆت
سەیلی موژگانت بە خوێنە خوێنی جەرگی لەتلەتم
گەر بە هیوای قەتلی من بی هانێ خەنجەر بمکوژە
خۆشترە مردن لە ژینی پڕ لە جەور و میحنەتم
ـ ناوێرم بیڵێم ناوەکەی، هەی هەی لە مەستی چاوەکەی
کیژە جوان ها لەو گەڕەکە، قەدباریک و چاوبەڵەکە
ـ (ئەرێ) تاکەی دانیشم (دەی دەی نازەنین) وەک حەبسی دۆستاغ
(ئەرێ) یەکجار خەرامان (دەی دەی نازەنین) جەرگی کردووم داغ
ناوێرم بیڵێم ناوەکەی، هەی هەی لە مەستی چاوەکەی
کیژە جوان ها لەو گەڕەکە، قەدباریک و چاوبەڵەکە
ـ (ئەرێ) بالابەرزەکەی (دەی دەی نازەنین) ون بووی لە چاوان
(ئەرێ) گەرمایی دڵم (دەی دەی نازەنین) بەردی دەتاوان
ناوێرم بیڵێم ناوەکەی، هەی هەی لە مەستی چاوەکەی
کیژە جوان ها لەو گەڕەکە، قەدباریک و چاوبەڵەکە
ـ(ئەرێ) ئەوەڵی کارێ (دەی دەی نازەنین) نەبوای بە یارم (٢)
(ئەرێ) بووی بە باعیسی (دەی دەی نازەنین) ئەو دڵەی غەمبارم
ناوێرم بیڵێم ناوەکەی، هەی هەی لە مەستی چاوەکەی
کیژە جوان ها لەو گەڕەکە، قەدباریک و چاوبەڵەکە
ـ (ئەرێ) ئەوشێ شەوێکە (دەی دەی نازەنین) شەوی دووانە (٢)
(ئەرێ) داخوا قیبلەی من (دەی دەی نازەنین) لە کوێ میوانە
ناوێرم بیڵێم زۆر جوانە، کوشتوومی ئەو چاو جوانە
دەردم دەردی بێدەرمانە، چارەم کە بە دوو ماچانە
چارەی من دوو ماچانە

www.mamle.net

Mamle Art Center



## نایلۆیە

ـ کە تۆ روحمت نەماوە، (گیانە) دڵ دەسووتێ وەک قاوە
مەست بووم هۆشم لێ نەبوو (گیانە) دەمم بۆ رووت هێناوە
کفریک لە من واقیع بوو (ئاخ) بۆچی روحمت نەماوە
دەی دەی نایلۆیە، هەی هەی نایلۆنە
نایلۆنە گیانە نایلۆنە (ئاخر) لەو نایلۆنی خەت‌خەتی
وەک بەختەکەی من رەشە (گیانە) خاڵەکەی سەر روومەتی
بە سابلاغێ پێک‌نایە (ئاخ) موکریانە قیمەتی
دەی دەی نایلۆیە
ـ پشتێندی دەسرەی هەوری (گیانە) جوانە رەخۆت دەکەوێ
چ بکەم بە خۆم بە خۆم ناوەستم (گیانە) کەژاڵم زۆر خۆش دەوێ
لە بەر بەدکار ناوێرم (گیانە) دەستەوملانی بم شەوێ
خۆ من کفرم نەکرد (ئەی) بەژنی باریکم دەوێ
دەی دەی نایلۆنە، نایلون نییە و مانتۆیە
خەڵک مەستی شەڕاب بێ (گیانە) ئەو دڵەی من مەستی تۆیە
بە پێشوازی باڵات دێ (ئەی) خەڵکی سابلاغ و کۆیە
ـ دەبەر ئەو سینگەت دەمرم (گیانە) دەڵەی مایني بەرەختە
زۆر لە جێ‌ژوانێ ماوم (گیانە) لێی داوم سەرما و شەختە
بۆم لە بەندەی دەرنایە (گیانە ئای) گەلێم جێگاکەی سەختە
دۆست بە ماڵی زۆر نییە (جا) بە ئیقباڵ و بە بەختە
دەی دەی نایلۆنە
ـ چ بکەم خووم پێ گرتووە (گیانە) عەقڵ و سەبرو هۆشم چوو
چەند حەول لە دوا دا (جوانێ) جاریکی بۆ من نەبوو
زۆر جەفا بۆ کێشا (گیانە) رۆیی لە دەستم دەرچوو
بەدبەختی دەستی تۆمە (دەی دەی) ئەو رۆیی ئەویشم چوو
دەی دەی نایلۆنە

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



نایلۆنە گیانە نایلۆنە، ئاخر نایلۆنەکەی زۆر جوانە
خەڵک شێتی یەکێکە، ئەو دڵەی من شێتی دوانە
سابلاغ و بانە هیچ نیێ (گیانە) بۆ قیمەتی ئەو دوانە

**نایلۆنە**

ـ هەرچەند دەکەم خەیاڵان (گیانە) قەت ئەو دڵەی من ناسرەوێ
گرووی گرتوە وەک منداڵ (گیانە) هەر دەڵێ یارم دەوێ
رۆژێ سەت جارم لێ دەن (ئاخ) لە کوێ بێ منیش دێمە وێ
دەی دەی نایلۆنە
نایلۆنە گیانە نایلۆنە، ئاخر نایلۆنەکەی زۆر جوانە
خەڵک شێتی یەکێکە، ئەو دڵەی من شێتی دوانە
سابلاغ و بانە هیچ نیێ (گیانە) بۆ قیمەتی ئەو دوانە
ـ رەشماڵ و چیغ و چادر (گیانە) هەڵیاندابوو لە بناری
سەریان لێ دەرهێنابوو (گیانە) دوو کیژی قەد زووراری
شەو و رۆژم خەو نایە (ئاخ) لەبەر گریان و زاری
دەی دەی نایلۆنە
نایلۆنە گیانە نایلۆنە، ئاخر نایلۆنەکەی زۆر جوانە
خەڵک شێتی یەکێکە، ئەو دڵەی من شێتی دوانە
سابلاغ و بانە هیچ نیێ (گیانە) بۆ قیمەتی ئەو دوانە

**قەتار**

شەرتم ئەو شەرتەن دەگەڵ تۆم کەردەن
خۆ من بازگەشت نیم هەتا رۆی مەردەن
وەرن مەشکێنن شووشەی مەینەتم
هەم دنیاشم چوو، هەم قیامەتم
ـ تۆخودا دڵم مەشکێنە، (گیانە) تاوێک وەرە ئامێزێ
دوو کیژی ناردووە ئوستانداری تەورێزێ
شەمام لە باییندەرێ (دەی دەی) خەجێ وا لە تەورێزێ

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

www.mamle.net

Mamle Art Center



دەی دەی نایلۆیە، هەی هەی نایلۆنە
نایلۆنە گیانە نایلۆنە (ئاخر) لەو نایلۆنی خەت‌خەتی
وەک بەختەکەی من رەشە (گیانە) خاڵەکەی سەر رووومەتی
بە سابلاغیێ پێک‌نایە (ئاخ) موکریانە قیمەتی
دەی دەی نایلۆیە

## نایلۆنە

ـ کە تۆ روحمت نەماوە، دڵ دەسووتیێ وەک قاوە
مەست بووم هۆشم لێ نەبوو، دەمم بۆ رووت هێناوە
کافرەی بێ‌دین و ئیمان، بۆ ئەمنت وەلاناوە
ـ سەریکە مەستی نازت، دڵێکە بۆت نەماوە
دڵم حەقی بە دەستە، فتوای سەری دراوە
حەوت ساڵان یاری من بووی، بۆچیت نەکرد ماڵاوا
دەی دەی نایلۆیە، هەی هەی نایلۆنە
نایلۆنە گیانە نایلۆنە (ئاخر) لەو نایلۆنی خەت‌خەتی
وەک بەختەکەی من رەشە (گیانە) خاڵەکەی سەر رووومەتی
بە سابلاغیێ پێک‌نایە (ئاخ) موکریانە قیمەتی
دەی دەی نایلۆیە

## نەجیبە

ـ (ئەریێ) شەرت بێ گوڵی کەس (گیانە) ناکەم بە بووە، ئامان نەجیبە
(ئەریێ) تا گوڵم بۆ دیێ (گیانە) لە خزمەت تۆوە، ئامان نەجیبە
نەجیبەم زۆر نەجیبی بۆ گشت دەردم تەبیبی، ئامان نەجیبە
نەجیب بێنە ماچت کەم، با نەمرم لە غەریبی ئامان نەجیبە
ـ (ئەریێ) سەرسەوز و بۆرچین (گیانە) نیشتوون لە ئاویێ ئامان نەجیبە
(ئەریێ) سەرسەوزم دەگرت (گیانە) بۆرچین بە داویێ ئامان نەجیبە
نەجیبەم زۆر نەجیبی بۆ گشت دەردم تەبیبی، ئامان نەجیبە

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



نەجیب بێنە ماچت کەم، با نەمرم لە غەریبی ئامان نەجیبە
ـ (ئەرێ) تۆ دوورو من دوور (گیانە) یەک لە یەک دووریـن، ئامان نەجیبە
(ئەرێ) غەمخوارت نیە (گیانە) لە من زیاتر ئامان نەجیبە
نەجیبەم زۆر نەجیبی بۆ گشت دەردم تەبیبی، ئامان نەجیبە
نەجیب بێنە ماچت کەم، با نەمرم لە غەریبی ئامان نەجیبە

## نەرمە نەرمە

ـ (ئەرێ) دەسماڵی سەرت هەریری نەرمە (٢)
بە دڵم حەز لێ کرد (ئەرێ) بە زارم شەرمە (٢)
(ئەرێ) ئای نەرمە نەرمە، گشت گیانت نەرمە
چادرەکەت لادە (ئەرێ) چ وەعدەی شەرمە
نە بەر منت رەحمی، نە ئەز خودات شەرمێ
ـ (ئەرێ) خودا هەڵکەنێ ئەو کێوە لە بن (٢)
بەڵکوو پەیدا بێ (ئەرێ) عەمر و دیدەی من (٢)
(ئەرێ) ئای نەرمە نەرمە، گشت گیانت نەرمە
چادرەکەت لادە (ئەرێ) چ وەعدەی شەرمە
نە بەر منت رەحمی، نە ئەز خودات شەرمێ
ـ (ئەرێ) دەشتی پشت قەڵا گوڵ گرتوویەتی (٢)
دڵ هەر یەکێکە (ئەرێ) یار بردوویەتی (٢)
(ئەرێ) ئای نەرمە نەرمە، گشت گیانت نەرمە
چادرەکەت لادە (ئەرێ) چ وەعدەی شەرمە
نە بەر منت رەحمی، نە ئەز خودات شەرمێ
ـ (ئەرێ) هەی داد هەی بێداد کەس بێدار نیە (٢)
کەس لە دەردی کەس (ئەرێ) خەبەردار نیە (٢)
(ئەرێ) ئای نەرمە نەرمە، گشت گیانت نەرمە
چادرەکەت لادە (ئەرێ) چ وەعدەی شەرمە

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



نە بەر منت رەحمی، نە ئەز خودات شەرمێ

## نەشمیل

ـ بۆخۆم بە خۆم کرد (نەشمیل گیان) سەنگ بارانم کەن
ویڵ و ئاوارەی (نەشمیل گیان) نێو خاڵانم کەن
ئەی لە دوور و گیان لە دوور و ئەرێ ئای لە دوور، لە دووری دێیە
مەمکێکت هەنار نەشمیل گیان، یەکێکت بێیە
ـ هەناسێک لە من (ئەی هاوار دیدەکەم) سۆزێک لە شەماڵ
سەبەب کاری من (نەشمیل گیان) بێ بە کۆی زووخاڵ
ئەی لە دوور و گیان لە دوور و ئەرێ ئای لە دوور، لە دووری دێیە
مەمکێکت هەنار نەشمیل گیان، یەکێکت بێیە
سابلاغ زور خۆشە نەشمیل گیان باڵای تۆی لێیە
ـ سەرم سەرگەردان (ئەی هاوار دیدەکەم) پام بە کۆتەوە
سەرپەنجەم ببڕن (نەشمیل گیان) بە لیمۆتەوە
ئەی لە دوور و گیان لە دوور و ئەرێ ئای لە دوور، لە دوور دەهاتی
لە قەند شیرینتر نەشمیل گیان دەڵێی نەباتی
قاسیدم ناردوە نەشمیل گیان بۆ درەنگ هاتی
ـ سەران چون هەوری نەشمیل گیان پاوان وە پاوە
خۆ تۆ بەهەشت نی، نەشمیل گیان بە رووی دنیاوە
ئەی لە دوور و گیان لە دوور و ئەرێ ئای لە دوور، لە دوور دەهاتی
لە قەند شیرینتر نەشمیل گیان دەڵێی نەباتی
قاسیدم ناردوە نەشمیل گیان بۆ درەنگ هاتی
ـ تۆم توولە نەمام نەشمیل گیان، عەسای دەستمی
من کەسم نییە نەشمیل گیان تۆ گشت کەسمی
ئەی لە دوور و گیان لە دوور و ئەرێ ئای لە دوور، لە دوور دەهاتی
لە قەند شیرینتر نەشمیل گیان دەڵێی نەباتی
قاسیدم ناردوە نەشمیل گیان بۆ درەنگ هاتی

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



**نه شمیل**

ـ دەستی من وەبان کەلامولللا بێ
لە تۆ شیرینتر مەگەر ئەللا بێ
ئەی لە دوور و گیان لە دوور و ئەرێ ئای لە دوور، لە دوور دەهاتی
لە قەند شیرینتر نەشمیل گیان دەڵێی نەباتی
ـ تف لە شەرتەکەی نیمە تەمامت
خۆ من ئەسیرم قەسەم بە نامت
ـ سابلاغ چەند خۆشە خاکی دلگیرە
ئەو کچە لەو ماڵە کۆت و زنجیرە
ـ بە قورعان قەسەم بە کەلامولللا
پێم خۆشە بمرم نەک بڕۆم لە لات
ـ بریا هەر شەو بێ لە ڕۆژ بێزارم
نەوەک بەدکاران شک بەرنە کارم

**نه شمیل ئه ی نه شمیل نه شمیلانی**

ـ چاو دەگێڕم (هەی) دیار نییە لەیلم
هەڵبەت کۆنی (هەی) کردووە مەیلم
عاشقی ئەستێرەی سیوەیلم
نەشمیل ئەی نەشمیل نەشمیلانێ
دەم چووکەڵەی (هەی) لێو قەیتانێ
چەند جوانە بابان وێرانێ
ـ چاوت ئەستێرەی سوبحییە
ئەبرۆت جوانە هیلالییە
بۆ دیتنت ئارامم نییە
نەشمیل ئەی نەشمیل نەشمیلانێ
دەم چووکەڵەی (هەی) لێو قەیتانێ

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



چەند جوانە بابان ویرانێ
ـ خۆزگەم بە دوێنێ پارشێوێ
ویکڕا نوستبووین بە چارشێوێ
لێکیان کردین مالیان شێوێ
نەشمیل ئەی نەشمیل نەشمیلانێ
دەم چووکەلەی (هەی) لێو قەیتانێ
چەند جوانە بابان ویرانێ
ـ دیسان شەو هات بۆ حالی من
لەو دلەی پڕ خەیالی من
گەڕەک نانوێ لە نالەی من
نەشمیل ئەی نەشمیل نەشمیلانێ
دەم چووکەلەی (هەی) لێو قەیتانێ
چەند جوانە بابان ویرانێ

**نەمزانی نەمزانی**

ـ با لێنێن پێش باران خێل دێن لە زینوێ شێخی
کیژ گەڕاوە دوای باران بەرمووران وەخۆی دێخی
تەلەبێ دەکەم لەخودا لە کن چادری مەی بێخی (٢)
نەمزانی نەمزانی بە برینی خۆم نەزانی (٢)
تازە چارەم ناکرێ بە ئەرەستوو و لوقمانی
چارەی دەردم ناکرێ بە ئەرەستوو و لوقمانی

**قەتار**

تاکەی غەریبی کووچەی شاران بم
تاکەی هەلوەدای دیدەی یاران بم
هەر ساتێک دووریت سەت سالن لە لام
گیرۆدەی دۆستی بێ نامە و وەلام
سەیرم محالەن سەفام بەتالەن

www.mamle.net

Mamle Art Center



بۆ دووری یارێ ئەسرینم ئاڵەن
تۆ هەر سات شادیت بێ‌ئەندازە بۆ
من لە هەر لاوە غەمم تازە بۆ
تا کەی دەمکوژی سەییادی قاتڵ
با ساتێک دەرکەم دەرد و غەم لە دڵ
من لە خێڵخانەی میحنەت پامالم
دەخیل بۆ دۆستێ پرسێ ئەحوالم
نۆ ساڵ و نۆ مانگ، نۆ هەفتە و نۆ شەو
نە ساتێک ئارام، نە دەقیقێک خەو
ئامان سەت ئامان ئەی بەرگوزیدە
پەنجەی غەرییبیت وەبانی دیدە
- با لێنین پێش باران هەواری مە لە کوێیە
کیژ گەڕاوە دوای باران بە سواری ماینێ شێیە
دەڵێ ماچت نادەمێ دایک و باب چاویان لێیە (٢)
نەمزانی نەمزانی بە برینی خۆم نەزانی (٢)
تازە چارەم ناکرێ بە ئەرەستوو و لوقمانی
چارەی دەردم ناکرێ بە ئەرەستوو و لوقمانی
- پەشێوی دەستی دۆستم دەردم کراوە کاری
قەت دەمێک ئاسوودە نیم لەبەر غەمی هەژاری
تانەی دۆستی قەدیمی لە جەرگم بووە کاری (٢)
نەمزانی نەمزانی بە برینی خۆم نەزانی (٢)
تازە چارەم ناکرێ بە ئەرەستوو و لوقمانی
چارەی دەردم ناکرێ بە ئەرەستوو و لوقمانی

**هاتبووم ببمە ئاواڵی (ئەی یاران یاران)**

- بەهار ڕۆیی گوڵ نەما
شادی بۆ بولبول نەما

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



بەرگ و نەوای دڵ نەما، هاتبووم ببمە ئاواڵی
بەجێی هێشتم نەمزنی، کەوتمە هەواری خاڵی
ـ ئەی دڵە رەنجەڕۆ بی
هەروەکوو رەنجەڕۆ بووی
من پێم وابوو باوەفای، هاتبووم ببمە ئاواڵی
بەجێی هێشتم نەمزنی، کەوتمە هەواری خاڵی
ـ جوانی باڵا و دەموچاو
بەهرەی تا سەر نیە بۆ پیاو
هەزار چاوجوان قەد باریک، هاتبووم ببمە ئاواڵی
بەجێی هێشتم نەمزنی، کەوتمە هەواری خاڵی

**قەتار**

تەنیا ماومەوە، نەخۆش و رەنجوور
لە دۆست و رەفیق کەوتوومەوە دوور
عازیز بیستووم زۆر پەریشانی
بە شەو و بە رۆژ چاو بە گریانی
سا بەس بۆ رەقیب شین و فەریاد کە
جارێکیش دۆستی قەدیمیت یاد کە
ـ هێندە تیر مەدە (عازیزم) لەو دڵە تەنگە (٢)
ئەو گۆشتە قوربان (عازیزم) نەک پەڵە سەنگە
ئەرێ ئەی یاران یاران دوور بووم لە یاران
ئەو گوڵە هەڵدەگرم (گیانە) وەک جاری جاران
ئەو گوڵە هەڵدەگرم (گیانە) دەچمەوە تاران
ـ لە کردەوەی خۆم (گیانە) زۆر پەشیمانم (٢)
سەرم شێواوە (گیانە) چاو بە گریانم
ئەرێ ئەی یاران یاران دوور بووم لە یاران
ئەو گوڵە هەڵدەگرم (گیانە) وەک جاری جاران
ئەو گوڵە هەڵدەگرم (گیانە) دەچمەوە تاران

www.mamle.net

Mamle Art Center



- ئێستاکە پیر بووم (گیانە) ڕاو دەکەم سۆنە (٢)
سۆنەش سڵ دەکا (گیانە) لە داوی کۆنە
ئەرێ ئەی یاران یاران دوور بووم لە یاران
ئەو گوڵە هەڵدەگرم (گیانە) وەک جاری جاران
ئەو گوڵە هەڵدەگرم (گیانە) دەچمەوە تاران
- بۆ تۆ من خۆمم (گیانە) کردە بێچارە
لە دۆست و ڕەفیق (گیانە) بوومە ئاوارە
ئەرێ ئەی یاران یاران دوور بووم لە یاران
ئەو گوڵە هەڵدەگرم (گیانە) وەک جاری جاران
ئەو گوڵە هەڵدەگرم (گیانە) دەچمەوە تاران

**هاتبووم ببمە ئاواڵی (هەواری خاڵی)**

- دوێنێ دیم لە ڕێی کانی
دەستم برد بۆ مەمکانی
پێم گوت عاشقی باڵای تۆم
هاتبووم ببمە ئاواڵی
بۆ بە دەردم نازانی
کەوتمە هەواری خاڵی
- بەو گوارەی بە گوێتەوە
وەختە سوێم بۆت بێتەوە
سنیگت بەفری قەندیلێ
هاتبووم ببمە ئاواڵی
بە شنێک با دەتوێتەوە
کەوتمە هەواری خاڵی
- ڕاوەستا لەسەر بیرێ
لەبەردەسماڵ هەریرێ
چەندی خۆم مەجبوور دەکرد

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



هاتبووم ببمە ئاوالی
دەستم بۆ هەڵنا گیرێ
کەوتمە هەواری خالی
ـ دەتفەرموو بۆ تۆ نابم
چۆنی دەڵێی تا وا بم
کەوتبوومە بەندیخانێ
هاتبووم ببمە ئاوالی
بە یادی تووە مابم
کەوتمە هەواری خالی

**قەتار**

دنیای فانی باش کاروانسەرا رەنگ
نیمێ وە دلشاد نیمێ وە دلتەنگ
قەبرم هەلکەنن بێحالم خەیلی
توند توند بمپێچن بە زولفی لەیلی
ئەوە من دەڕۆم خۆت و دلەکەت
ئامانەتت بێ تەنیا گولەکەت
ـ سەریکە مەستی نازت
دلێکە بۆت نەماوە
دلم حەقی بە دەستە
هاتبووم ببمە ئاوالی
فتوای سەری دراوە
کەوتمە هەواری خالی

**هاتبووم ببمە ئاوالی (هەواری خالی)**

ـ جوانی بالا و زولف و چاو
بەهرەی تا سەر نین بۆ پیاو
هەزار چاوجوان قەدباریک

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

هاتبووم ببمە ئاوالی
کەوتوونە چالی تاریک
کەوتمە هەواری خالی
- ئەی دڵە رەنجەڕۆ بی
هەروەکوو رەنجەڕۆ بووی
من پێم وا بوو تۆ دۆستی
هاتبووم ببمە ئاوالی
دۆستێکی سەربەخۆ بووی
کەوتمە هەواری خالی
- لێم مەپرسە لێم گەڕێ
بە دوای مندا مەگەڕێ
ئێمە چاومان لەوی بوو
هاتبووم ببمە ئاوالی
ئەو چاوی وا لە سەرێ
کەوتمە هەواری خالی
- بەهارڕۆیی گوڵ نەما
شادی بۆ بولبول نەما
بەرگ و نەوای گوڵ نەما
هاتبووم ببمە ئاوالی
بەجێی هێشتم نەمزانی
کەوتمە هەواری خالی
- بۆ دەتفەرموو بۆ تۆ نابم
چۆنی تۆ دەفەرمووی وا بم
کەوتبوومە بەندیخانە
هاتبووم ببمە ئاوالی
بە یادی تۆوە مابم
کەوتمە هەواری خالی

www.mamle.net

Mamle Art Center



### هاتە خوار با بێتە خوار

ـ (ئەرێ) عەمر و چاوەکەم یارە
زێڕی هەژدە عەیارە
جا لەسەر باڵای بەرزی تۆ
با بدرێم لە سێدارە
ئەرێ با بێتە خوار و بێتە خوار
هاتە خوارێ لە دارێ
باسکم وەبن سەری دە
ناسکۆڵە و مەزەرداری
ـ (ئەرێ) جا وەکی لە من قەوماوە
یاڕەبی لە کەس نەقەومێ
لە وڵاتی موکریانێ
کەس نیە هاواری بەرمێ
باب و دایکی لێوئاڵێ
تووڕەن نامدەنێ نەرمێ
جا لەسەر ئەو حاڵەش لە یار
زۆری لێ دەکەم شەرمێ
(ئەرێ) با بێتە خوارێ و بێتە خوار
هاتە خوارێ حەلیمێ
باسک وەبن سەری دە
بلێ ناسکۆڵە و نازەنینێ
ـ (ئەرێ) دەردێکی وای داومەتێ
کافر حالم نەبینێ
جا گەلی دۆست وبرادەران
بۆم بگێڕن گەرمەشینێ
ئەی دەڵێن لێرە نەماوە

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

چووە بۆ چین و ماچینێ
(ئەرێ) با بێتە خوارێ و بێتە خوار
هاتە خوارێ لە دارێ
دنیام لێ بووە بە زریبار
هەی لەبەر شەدەلارێ
- کەس نیە بینێرمە کن یار
بۆ باس و بۆ خەبەرێ
هەرکەس ئەتۆی لە من کرد
با وەک ئەمنی بەسەرێ
سەر و مالم دەفرۆشم
بۆ دوو ماچی دولبەرێ
(ئەرێ) با بێتە خوارێ و بێتە خوار
هاتە خوارێ لە دارێ
دنیام لێ بووە بە زریبار
هەی لەبەر شەدەلارێ
- (ئەرێ) فەسلێکی گەلێک خۆشە
نێوان مانگی بەهاران
کوێستان دەڕازێنەوە
خێل هەلدەکشێن بۆ بناران
دوو شت یەکجار زۆر خۆشن
بۆ سێبووری دلداران
جا گەڕەلاوژەی شەوانە
هەلپەڕینی ئێواران
ئەرێ با بێتە خوارێ و بێتە خوار
هاتە خوارێ حەلیمێ
باسکم وەبن سەری دە
ناسکۆلە و مەزەدارێ

www.mamle.net

Mamle Art Center



ناسکۆڵە و نازەنینێ

## هاتەوە با بێتەوە

ـ (ئەرێ) هەی داد هەی بێداد (گیانە) کەس بێدار نییە (٢)
(ئەرێ) کەس لە دەردی کەس (گیانە) خەبەردار نییە (٢)
هاتەوە با بێتەوە، تەسکێ لە حەمامەوە (٢)
دەم بە پێکەنین و باوەش بە منداڵەوە
دەم بە پێکەنین و دەس بە سەتڵ و جامەوە
ـ (ئەرێ) ئەوە کە دەڕۆی (گیانە) خۆت و دڵەکەت (٢)
(ئەرێ) ئامانەتت بێ (گیانە) تاقە گوڵەکەت (٢)
هاتەوە با بێتەوە، تەسکێ لە حەمامەوە (٢)
دەم بە پێکەنین و باوەش بە منداڵەوە
دەم بە پێکەنین و دەس بە سەتڵ و جامەوە
ـ (ئەرێ) هەستە بەیانە (گیانە) خرمەی فینجانە (٢)
(ئەرێ) ئەگریجە و لاولاو (گیانە) تاوتاو شەڕیانە (٢)
هاتەوە با بێتەوە، تەسکێ لە حەمامەوە (٢)
دەم بە پێکەنین و باوەش بە منداڵەوە
دەم بە پێکەنین و دەس بە سەتڵ و جامەوە

## هاوار چ بکەم چت لێ کردم

ـ کراس زەردی دەبەردایە (٢)
(دەنا) جیرانی میرزا بابایە
لێمان ناکا مەرحەبایە (٢)
هاوار چ بکەم، چت لێ کردم، وەختە لە سوێیانت شێت بم
ـ رووت رەش بێ دەگەڵ قەرارت (٢)
نەما شەرت و وەفای پارت
یاڕەبی کوێر بێ سەبەب کارت (٢)

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی mamlێ

Mamle Art Center



هاوار چ بکەم، چت لێ کردم، وەختە لە سوێیانت شێت بم
ـ شەماڵ وەرە کزەی جەرگم
(دەنا) خواردنم خوێناو، پەلاسم بەرگم
لە دوای باڵات جوانە مەرگم (٢)
هاوار چ بکەم، چت لێ کردم، وەختە لە سوێیانت شێت بم
ـ هەرچەند دەکەم و دەکرێنم (٢)
جەرگ‌سۆزێک نییە بیدوێنم
تێکەڵ دەبێ گۆشت و خوێنم (٢)
هاوار چ بکەم، چت لێ کردم، وەختە لە سوێیانت شێت بم
دەنا کورتێ چت لێ کردم

### هەتا زستانە غەمگینم

ـ هەتا زستانە غەمگینم
گوڵی سوورم کە نابینم، کە نابینم، کە نابینم
بە تەمای وەسلی دڵدارم، لە غەمت دڵ بریندارم (٢)
ـ دڵی من مات و غەمبارە
کە گوڵی من لە گوڵزارە، لە گوڵزارە، لە گوڵزارە
ئەوە فەسڵی گوڵە ئەی دڵ کە دەچی بۆ تەوافی گوڵ (٢)
ـ وەرە تەنیا گوڵی سوورم
کە دەمێکە لە تۆ دوورم، لە تۆ دوورم، لە تۆ دوورم
لە چەمەندا مەکە زاری، وەکوو من دڵ بریند‌اری (٢)
ـ شەو هەتا رۆژ نییە حاڵم
کە رمموودەی خەت و خاڵم، خەت و خاڵم، خەت و خاڵم
لە چەمەن ئینتیزاری تۆم، گوڵی سوورم وەرە ماڵم (٢)
وەرەی ئەی بولبولی شەیدا
لە غەمی گوڵ مەکە زاری، مەکە زاری، مەکە زاری
دەبێ عاشق لە تۆ فێر بن هەموو رەسمی وەفاداری (٢)

www.mamle.net

Mamle Art Center



## هەر تۆم دەوێ

کابانی ئەورۆ (گیانە) مەڕدۆشی جاران
دەسەر سەرت گەڕێ سەد یاری جاران
سەرتا بە پای زێڕ بێ
بێدەنگ و بێباس بێ
وەک مانگی چاردەی بێ
هەر تۆم دەوێ تۆ
- باوانە کەی باوم هێزی هەناوم
تاکوو ئەتۆ بی گیان بینایی چاوم
سەرتا بە پای زێڕ بێ
بێدەنگ و بێباس بێ
وەک مانگی چاردەی بێ
هەر تۆم دەوێ تۆ
- با بچینە سەیرانگا وەختی بەهارە
خونچە بوو بە گوڵ (گیان) بولبول خومارە
سەرتا بە پای زێڕ بێ
بێدەنگ و بێباس بێ
وەک مانگی چاردەی بێ
هەر تۆم دەوێ تۆ
- من شێت نەبووم (گیانە) تۆ شێتت کردم
بە نێو زیندووم، (گیانە) بە قالب مردووم
سەرتا بە پای زێڕ بێ
بێدەنگ و بێباس بێ
وەک مانگی چاردەی بێ
هەر تۆم دەوێ تۆ

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



### هەریەسە

ـ (ئەرێ) ساقی سا دەخیل (ئەی وەی) وەفریادم ڕەس
(ئەرێ) بە رووی نازەوە (دەی دەی) جام بگرە وەدەس
هەر یەسە هەر یەسە نازدارەکەی مەدرەسە
رۆژێ جاریک بتبینم، بۆ منی بێچارە بەسە
ـ (ئەرێ) کەنگێ دانیشین وەی وەی هەروەکوو جاران
(ئەرێ) بنۆشین جامێک وەی وەی بە یادی یاران
هەر یەسە هەر یەسە نازدارەکەی مەدرەسە
رۆژێ جاریک بتبینم، بۆ منی بێچارە بەسە
ـ (ئەرێ) تا یارم زانی وەی وەی ریشەی جەرگمە
(ئەرێ) بێکەس خوم بێکەس وەی وەی وا سەر مەرگمە
هەر یەسە هەر یەسە نازدارەکەی مەدرەسە
رۆژێ جاریک بتبینم، بۆ منی بێچارە بەسە
ـ (ئەرێ) ئازیز بە مەرگت وەی وەی دڵ خرۆشیمە
(ئەرێ) ئارەزووی خەدەنگ وەی وەی پەنجەی کوشیمە
ـ هەی یارێ هەی یارێ بەگزادەی کوردەواری
(ئەرێ) خودا دەیزانێ غەم بووی کە لە دڵی من باری
ـ (ئەرێ) تا لە قەفەسدام وەی وەی ماومە نەفەسێ
(ئەرێ) بولبول بۆ گوڵێ وەی وەی ئەمن بۆ کەسێ
هەر یەسە هەر یەسە نازدارەکەی مەدرەسە
رۆژێ جاریک بتبینم، بۆ منی بێچارە بەسە

### هەروایە

ـ هەروایە هەر وایە پەنجەرەی روو لە بایە
یارم دەچێ بۆ سەیران، ئاگات لێی بێ خودایە (٢)
ـ هەروایە هەر وایە پەنجەرەی روو لە بایە
یارم دەچێ بۆ سەیران، ئاگات لێی بێ خودایە (٢)

www.mamle.net

Mamle Art Center

**٤٤٨/ یادی بەخێر**

ـ سەت لەعنەت لە خوم و لە خۆم، حەیفە بۆ عومری رابردووم (٢)
موحتاج بە دۆستی تۆی کردووم، هەرچی بوو بۆ خۆم کردم (٢)
هەروایە هەر وایە پەنجەرەی روو لە بایە
یارم دەچێ بۆ سەیران، ئاگات لێی بێ خودایە (٢)
ـ (ئەرێ) لەبن هەر بەردێ (گیانە) هەر راگوزارێ (٢)
(ئەرێ) فرمێسکی دیدەم (گیانە) بە خوڕ دەبارێ (٢)
هەروایە هەر وایە پەنجەرەی روو لە بایە
یارم دەچێ بۆ سەیران، ئاگات لێی بێ خودایە (٢)
ـ (ئەرێ) گەر مەیلت هەبێ (گیانە) نیزیک دەبێوە (٢)
(ئەرێ) بۆ عاشق هیچ نییە (گیانە) ئەو دەشت و کێوە (٢)
هەروایە هەر وایە پەنجەرەی روو لە بایە
یارم دەچێ بۆ سەیران، ئاگات لێی بێ خودایە (٢)
ـ (ئەرێ) ئەسپەکەم زین کەن (گیانە) روو لە سەحرا کەم (٢)
(ئەرێ) دەرمانی دەردم (گیانە) بەڵکوو پەیدا کەم (٢)
هەروایە هەر وایە پەنجەرەی روو لە بایە
یارم دەچێ بۆ سەیران، ئاگات لێی بێ خودایە (٢)
ـ (ئەرێ) ئەوە تۆ دەڕۆی (گیانە) بە نارەزای دڵ (٢)
(ئەرێ) دڵم دەگەڵتە (گیانە) مەنزڵ بە مەنزڵ (٢)
هەروایە هەر وایە پەنجەرەی روو لە بایە
یارم دەچێ بۆ سەیران، ئاگات لێی بێ خودایە (٢)
هەروەها ئامۆزا بەو شیعرانەش گوتراوە
لە دەردی عیشق و لە تاوی دووری
هەرچەندی دەیکەم نابم سێبووری
تەنیا ماومەوە نەخۆش و رەنجوور
لە دۆست و رەفیق کەوتوومەوە دوور
ـ سا بەس بۆ رەقیب شین و فەریاد کە
جارێکیش دۆستی قەدیمیت یاد کە

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

www.mamle.net

Mamle Art Center



ـ کە من وا دەڵێم خەجاڵەتبارم
لە حزووری تۆ زۆر شەرمەزارم
ـ نە ماڵم دەوێ نە گەنجی دونیا
باڵای تۆم دەوێ بە تاقی تەنیا
ـ باڵا بەو بەرزی قەد بەو باریکی
ئەستێرەی سیوەیل کەوتە تاریکی
ـ لە دوورەوە دێی وەمزانی یاری
خۆڵم وەسەری خۆ تۆ ڕێبواری
ـ خەتای من نییە تۆ چاوت دێشێ
دایکی خۆت نەبوو نازت بکێشێ

**قەتار**

یاڕەب سەد شوکر چەند بلیند ئیقباڵم
چونکوو لەیلا بووە بە هاوسێی ماڵم
سەران چون هەوری، پاوان وە پاوە
خۆتۆ بەهەشت نی، بە ڕووی دنیاوە
یاڕەب غەریبان هیچ کوێیان نەهێشێ
چونکوو کەسیان نییە نازیان بکێشێ
سەد بە قورعان بە مەستی چاوت
بە کۆسەی هەجیج نەمبردوە ناوت

**هەستە با بڕۆینە داوەتێ**

هەستە با بڕۆینە داوەتێ داوەت گەرمە و خۆمانە
شایی و گۆوەندی وا خۆشە گەڕی لە سەر دڵانە
وا چاکە و وا سەڵاحە تاویک بێیە ئامێزێ
هاوار حەزرەتی غەوس ئەو گوڵەم بپارێزێ
قەولە دیاریم بۆ بێنێ، جا گوڵم وا لە تەورێزێ
هەستە با بڕۆینە داوەتێ ماندوو نەبی نەوەستی

www.mamle.net

Mamle Art Center



گوێ گرە خرینگە و هۆڕەی دێ کاروان دەڕوا بە مەستی
حالی بووی لە لەرزینم یەخەت لادە بتبینم
چم کردووە لێوئاڵێ دەکوڵێنیەوە برینم
خۆ من وەک کاکە مەمی عاشق بە خاتووزینم
هەستە با بڕۆینە داوەتێ داوەت گەرمە و خۆمانە
شایی و گۆوەندی وا خۆشە گەڕی لە سەر دلانە
روحی بردووم یەکجاری، چاو جوان تاقانەی شاری
دەمت خونچەی خەندانە تێیدا دوو ریز مرواری
چ خەتایەک رووی داوە بەینێکە لێم کەناری
هەستە با بڕۆینە داوەتێ داوەت گەرمە و خۆمانە
شایی و گۆوەندی وا خۆشە گەڕی لە سەر دلانە

## هەلالە و زەمزەمە

چەندم ئاخ کێشا (ئەی هاوار) ئاخی نیهانی
دڵ دە دەروونداا (نازەنین) بوو بە بریانی
خودا بەردار نیە (عازیزم) بۆ پێ نازانی
لەو کەلە دەنگی تار دێ، هەلالە و زەمزەمە
چریکەی خانم ناز دێ، ماچ کەم ئەو دەمە
چین لەسەر چینە، زولفی چین چینە لاڵ بم
ئاگرم کردەوە، یار بەرەوڕووی ماڵیان رۆ
دوگمەم کردەوە، (ئاخ) لەسەر سینگی جوانی رۆژم کردەوە
ـ سەرسەوز و بۆرچین (ئەی هاوار) نیشتوون لە دەریا
ئەو ماوە غەریب (نازەنین) من ماوم تەنیا
لەو کەلە دەنگی تار دێ، هەلالە و زەمزەمە
چریکەی خانم ناز دێ، ماچ کەم ئەو دەمە
چین لەسەر چینە، زولفی چین چینە لاڵ بم
ئاگرم کردەوە، یار بەرەوڕووی ماڵیان رۆ

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەرییماملێ

Mamle Art Center



دوگمەم کردەوە، (ئاخ) لەسەر سینگی جوانی رۆژم کردەوە
ـ هەر لە ئێوارێ (ئەی هاوار) هەتا نیوەشەو
من لە فکری تۆ (جوانێ گیان) تۆ لە فکری خەو
لەو کەلە دەنگی تار دێ، هەلالە و زەمزەمە
چریکەی خانم ناز دێ، ماچ کەم ئەو دەمە
چین لەسەر چینە، زولفی چین چینە لال بم
ئاگرم کردەوە، یار بەرەوڕووی ماڵیان رۆ
دوگمەم کردەوە، (ئاخ) لەسەر سینگی جوانی رۆژم کردەوە

## هەلالە و زەمزەمە

ـ باربەستەی سەفەر (ئەی هاوار) ریگام زۆر doورن
مەنزڵ بێپایان (نازەنین) تۆشە زەروورن
لەو کەلە دەنگی تار دێ، هەلالە و زەمزەمە
چریکەی خانم ناز دێ، ماچ کەم ئەو دەمە
چین لەسەر چینە، زولفی چین چینە لال بم
ئاگرم کردەوە، یار بەرەوڕووی ماڵیان رۆ
دوگمەم کردەوە، (ئاخ) لەسەر سینگی جوانی رۆژم کردەوە
ـ پایەت بلند بێ (ئەی هاوار) سایەت فراوان
ئەوە تۆ دەڕۆی (نازەنین) پات وەبان چاوان
لەو کەلە دەنگی تار دێ، هەلالە و زەمزەمە
چریکەی خانم ناز دێ، ماچ کەم ئەو دەمە
چین لەسەر چینە، زولفی چین چینە لال بم
ئاگرم کردەوە، یار بەرەوڕووی ماڵیان رۆ
دوگمەم کردەوە، (ئاخ) لەسەر سینگی جوانی رۆژم کردەوە
ـ وەرە هاوارم (ئەی هاوار) لەیلا گشت کەسم
مەهێلە بەر بێ (نازەنین) دەستت لە دەسم
لەو کەلە دەنگی تار دێ، هەلالە و زەمزەمە

www.mamle.net

Mamle Art Center



چریکەی خانم ناز دێ، ماچ کەم ئەو دەمە
چین لەسەر چینە، زولفی چین چینە لاڵ بم
ئاگرم کردەوە، یار بەرەوڕووی مالیان ڕۆ
دوگمەم کردەوە، (ئاخ) لەسەر سینگی جوانی ڕۆژم کردەوە

## هەڵدەگرم

ـ با لێنێن پێش باران خێڵ دێن لە زینوێ شێخی
کیژ گەڕاوە دوای باران، بەرمووران وەخۆی دێخی
تەڵەبێ دەکەم لە خودای لە کن چادری مەی بێخی (٢)
هەڵدەگرم هەڵدەگرم غەمی تۆ دە دڵم دەگرم (٢)
بەسم تانە لێ بدە کوا من بەری وەی دەگرم (٢)
ـ با لێنێن پێش باران هەواری مە لە کوێیە
کیژ گەڕاوە دوای باران بە سواری ماینی شێیە
دەڵێ مات نادەمێ دایک و با چاویان لێیە (٢)
هەڵدەگرم هەڵدەگرم غەمی تۆ دە دڵم دەگرم (٢)
بەسم تانە لێ بدە کوا من بەری وەی دەگرم (٢)
ـ پەشێوی دەستی دۆستم دەردم کراوە کاری
قەت دەمێک ئاسوودە نیم لەبەر غەمی هەژاری
تانەی دۆستی قەدیمی لە جەرگم بووە کاری (٢)
هەڵدەگرم هەڵدەگرم غەمی تۆ دە دڵم دەگرم (٢)
بەسم تانە لێ بدە کوا من بەری وەی دەگرم (٢)
ـ دەگەڵ غەم دەگوزەرێ (گیانە) وەخت و بێوەختم
(ئەرێ) دەرمانی نەکرد (گیانە) ئەو زامی سەختم
(ئەرێ) تا کەنگێ کز بێ (گیانە) ئەستێرەی بەختم
هەڵدەگرم هەڵدەگرم غەمی تۆ دە دڵم دەگرم (٢)
بەسم تانە لێ بدە کوا من بەری وەی دەگرم (٢)
ـ لە یاری خۆم دڵمەندم خەڵکی پێی وایە گێژم

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



سەودایەک لە سەری دام وەک بولبولان دەبێژم
لەبەر فیکر و ئەندێشان وەبەر ناکەوێ نوێژم (٢)
هەڵدەگرم هەڵدەگرم غەمی تۆ دە دڵم دەگرم (٢)
بەسم تانە لێ بدە کوا من بەری وەی دەگرم (٢)

### هەڵوەدای تۆم

ئاخ فەلەک بۆچی دوور لە لەیلا بم
شێت و شەیدا بم، یاران، لە سوێی یاری نازەنینم
یاری من دیار نییە، چۆتە سەفەرێ
بانگ کەنە شەماڵ بەرێ نامەی بێ کەسیم بۆ یارێ
هەڵوەدای دوو چاوی جوانی تۆم
دەربەدەر بە دوای وردە خاڵی تۆم
چارەیەک چ بکەم، ئەی عەزیزم، یاران
ـ من لە دووری تۆ حاڵم پەشێوە
کەوتووم دە جێوە (یاران) بێکەس و غەریب لە شاران
ئێشی زامی دڵ بێچارەی کردم
من لە سوێت مردووم (یاران) بێ تۆ ماومەوە لە دیاران
هەڵوەدای دوو چاوی جوانی تۆم
دەربەدەر بە دوای وردە خاڵی تۆم
چارەیەک چ بکەم، ئەی عەزیزم، یاران

**قەتار**

رەنگ زەردی خەزان خەتای پاییزەن
رەنگ زەردییەکەی من دووری ئازیزەن
غەریب لە شاران غەریب دیارەن
جێگای غەریبان گۆشە و کەنارەن
شەرتە پۆستی دڵ وەبان کاڵاکەم
شەو هەتا کوو رۆژ ئاە و ناڵەکەم

www.mamle.net

Mamle Art Center



ـ من لە دووری تۆ حاڵم پەشێوە
کەوتووم دەجێوە، یاران بێکەس و غەریب لە شاران
ئێشی زامی دڵ بێچارەی کردم
من لە سویت مردووم یاران، بێ تۆ ماومەوە لە دیاران
هەڵوەدای دوو چاوی جوانی تۆم
دەربەدەر بە دوای وردە خاڵی تۆم
چارەیەک چ بکەم، ئەی عەزیزم، یاران
ـ وەرەوە تۆ بە شەرتەکەی جاران
لێمدەن تەعنە یاران، بێکەس و غەریب لە دیاران
تاکوو کەی بۆ تۆ ئاخ هەڵکێشم
ئاخ لە بەر ئێشم، لە دەس چوو خۆشیەکەی جاران
هەڵوەدای دوو چاوی جوانی تۆم
دەربەدەر بە دوای وردە خاڵی تۆم
چارەیەک چ بکەم، ئەی عەزیزم، یاران

**هەمدەم و هەمیار**

ـ زولفی با دەیشەکێنێ (هەی) لە بن دیوار نوستووە
ئەی گەلی موسڵمانان (گیانە) چ خێری لە خودای بووە
ڕۆژێ جارێک دەسرۆکەی بە ئەسرینێ تەڕ کردووە
چاوی جوان و لێوی ئاڵت ئەمنی کوشتووە فاتمە
مایەی ژین و هەست و نیستم مەرهەمی ئاواتمە
هەمدەم و هەم یار و هەموەخت و سەعات و کاتمە
ـ تاریکایی شەوێ لادە لە گۆشەی چاوەکانت
تۆ عومری من بە با مەدە بە غەمزەی چاوەکانت
خودا بۆ خۆی دەزانێ (گیانە) نەماوم لە تاوانت
چاوی جوان و لێوی ئاڵت ئەمنی کوشتووە فاتمە
مایەی ژین و هەست و نیستم مەرهەمی ئاواتمە

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



هەمدەم و هەم یار و هەم‌وەخت و سەعات و کاتمە
ـ دەستێکم دە دەستی یاردا با جارچی جاڕدا لە شاردا
سبحەینێ سەر لە بەیانی یار گەشتێکی لە شاردا
لە من وەک رۆژ عەیانە (گیانە) بەڵێنی بە کەس نادا
چاوی جوان و لێوی ئاڵت ئەمنی کوشتووە فاتمە
مایەی ژین و هەست و نیستم مەرهەمی ئاواتمە
هەمدەم و هەم یار و هەم‌وەخت و سەعات و کاتمە

**هەم نارنجە و هەم بێیە**

ـ هەم تووڕەیە و هەم دەگری
بەهانانم لێ دەگری
چاوی رەش و خوماری
رێ بە منی بەدبەخت دەگری
رەببی بەدکاری من و تۆ
خۆشەویستی لێ بمری
هەم نارنجە و هەم بێیە
کەمەرە شلم لە کوێیە
کاری مەخسووسیم پێیە
ـ چاوی راستەم لەیلایە
روحی شیرنم خەجێیە
هەم نارنجە و هەم بێیە
کەمەرە شلم لە کوێیە
کاری مەخسووسیم پێیە
چاوی رەشم لەیلایە
روحی شیرنم خەجێیە
ـ یارم هاتە نێو خێڵی، لە هەواری قەندیلی
چارۆکەی پێدا داوە جوانە لە شان و پیلی

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center

٤٥٦/ یادی بەخێر

بە هەودایەک لە زولفی، بەستمێوە وەک دیلی
زۆر کەسی زەلیل کردوون، دانیشتوون بە زەلیلی
هەم نارنجە و هەم بێیە
کەمەرە شلم لە کوێیە
کاری مەخسووسیم پێیە
چاوی رەشم لەیلایە
روحی شیرنم خەجێیە
ـ نەخۆش و دەردەدارم شەو نۆبەتێم دەهاتێ
سەفەرێکم کەوتە بەر، دەڕۆم دەچمە هەراتێ
شەریک دەبم دە گەڵی، قەول و قەرارم داتێ
دەپێش کاروانێدایە، دوورە و دەنگم نایگاتێ
هەم نارنجە و هەم بێیە
کەمەرە شلم لە کوێیە
کاری مەخسووسیم پێیە
چاوی رەشم لەیلایە
روحی شیرنم خەجێیە
ـ یارم بە دڵ خۆش دەویست، قەولێکی دە گەڵ بەستم
بەدقەولی وای لێ کردم، عەهد و پەیمان نەبەستم
تازە ئاوڕت وێنادەم کە تەواو بێ بەرهەستم
گولێکی بەهاری بووی با فڕاندی لە دەستم
هەم نارنجە و هەم بێیە
کەمەرە شلم لە کوێیە
کاری مەخسووسیم پێیە
چاوی رەشم لەیلایە
روحی شیرنم خەجێیە
ـ جوانێکی دەپەرەستم چاوم پێی کەوێ مەستم
رۆژێ جارێ بیبینم دەست بنێتە ناو دەستم

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



بەڵام بەهاری عومرم رۆیوە بەربۆ لە دەستم
دەک لە چاوان کوڕە بم دیار نییە کۆنە دۆستم
هەم نارنجە و هەم بێیە
کەمەرە شلم لە کوێیە
کاری مەخسووسیم پێیە
چاوی رەشم لەیلایە
روحی شیرنم خەجێیە
ـ بەدبەختی خۆم لەولاوە دڵی ویشم شکاوە
تەڵەب دەکەم لە یارێ عومرێکی کەمم ماوە
کوا ئەوە شەرتی ئینسافە من لێرە تۆ لەو لاوە
نامەکەی پڕ لە عیشقت لە سەر چاوم داناوە
هەم نارنجە و هەم بێیە
کەمەرە شلم لە کوێیە
کاری مەخسووسیم پێیە
چاوی رەشم لەیلایە
روحی شیرنم خەجێیە

**هەوارە هەی هەوارە**

ـ من بێبەش و غەمبارم غەمێکی زۆر گرانە
رەبی بەدکار روسیا بێ بۆ خاتری ئەو قورئانە
سابلاغ و بانەم فرۆشت بۆ گوارەی ئەو چاو جوانە
جا با لێوئاڵ دە گوێی کا (جوانێ) راژێ وەکوو جۆلانە
هەوارەی ئەی هەوارە (گیانە) هەڵیاندا لە بێخێری
سەر دەکەمە سەر رانت (جوانێ) بمشێلە شەنگەبێری
ـ بەو گوارەی بە گوێتەوە، وەختە سوێم بۆت بێتەوە
سینگت بەفری قەندیلی بە شنێک با دەتوێتەوە
یارم چۆتە سەفەرێ، دوعام بۆ بکەن بێتەوە

www.mamle.net

Mamle Art Center



ئاورێک دە جەرگم بەربووە (گیانە) بە کەس ناکوژێتەوە
هەوارە ئەی هەوارە (گیانە) هاواری سەر و ماڵم
رەببی لە دۆستم دەرچی دەنا (گیانە) ببیە حەلاڵم
ـ بۆخۆم دوورم نایگەمێ کەس نییە وەلامی دەمێ
سەبر و هۆشی لێ بڕیوم، کەوتوومە بەحری غەمێ
دوو برۆی رەشی هیلالی، کەوتوونە ژێر پەرچەمێ
سووچی چادرەکەت لادە، (گیانە) مانگ بێتە دەر لە تەمێ
هەوارە هەی هەوارە (گیانە) ئەوساڵ دەچمە هەواری
سەفەرێکم کەوتە بەر، (گیانە) چت بۆ بێنم بە دیاری
ـ نە بێ هۆشم نە مەستم، موبتەلای چاوی مەستم
عاشقی باڵای لێوئاڵیم، شێت بووم بە خۆم ناوەستم
دوگمەی بەریم ترازاند، مەمکۆڵەی کەوتە دەستم
لێوی هێنا بیمژم، (گیانە) لەباتی مژتنێ گەستم
هەوارە هەی هەوارە (گیانە) ئەوساڵ دەچمە هەواری
سەفەرێکم کەوتە بەر، (گیانە) چت بۆ بێنم بە دیاری
ـ تۆخودا دلم مەشکێنە، تاوێک وەرە باوەشم
بەژنێ باریک لێم زیزە، دەتکێ فرمێسکی گەشم
لە دنیا خۆشیم نەدی (گیانە) بەدبەخت و چارەڕەشم
هەوارە هەی هەوارە (گیانە) ئەوساڵ دەچمە هەواری
سەفەرێکم کەوتە بەر، (گیانە) چت بۆ بێنم بە دیاری

**هەوای چۆمی مەجیدخان**

ئەی بارانە و بارانە، ئەی هەوای بارانەی تازە، ئەی هەوای بارانەی تازە
لەبەرت زەحمەت نەبێ، ئەی تەشریف بێنە دەروازە، جا تەشریف بێنە دەروازە
ئەگەر کابرا لێی پرسی، جا بڵێ برامە سەربازە، هەی بڵێ کاکمە و بێنازە

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەرییماملێ

Mamle Art Center



.گیانە چاوت ئەستێرە، ئەی هاوار روو لە کۆ دەکا، ئەی دیدەم روو لە کۆ دەکا
گیانە ئەودڵەم وەسوەسەی ئەی هاوار باڵای تۆ دەکا، ئەی دیدەم باڵای تۆ دەکا
ئەی بارانە و بارانە، ئەی هەوای بارانەی تازە، ئەی هەوای بارانەی تازە
لەبەرت زەحمەت نەبێ، ئەی تەشریف بێنە دەروازە، جا تەشریف بێنە دەروازە
ئەگەر کابرا لێی پرسی، جا بڵێ برامە سەربازە، هەی بڵێ کاکمە و بێنازە

## هەوری لار

هەورێکی هێنا (هەوری لار) بارنەی پێوە (گیانە) بارنەی پێوە
یاخودا نەبارێ (گیانە) یارم بەرێوە (گیانە) یارم بەرێوە
ئەی کولۆنجە رێ‌ڕێ (گیانە) دەسماڵ پەشمینە
خۆی لێ کردوومە (هەوری لار) کۆلکەزێرینە
چەند کافر و بێ‌دینە
ـ باران دەبارێ (هەوری لار) دە نیوەشەودا (گیانە) دە نیوەشەودا
دەیدا لە یارێ (گیانە) دە خورپەی خەودا (گیانە) دە خورپەی خەودا
ـ بیکە بۆ خاتری (هەوری لار) حەزرەتی داود (گیانە) حەزرەتی داود
خۆ من شێتی تۆم (گیانە) سووتام لە تاوت (گیانە) سووتام لە تاوت

## هەوری لە کۆڵ

ـ لە کوێ وا دەبێ (جوانێ گیان) شێوەی دڵداری
تۆلە عەیش و نۆش (جوانێ گیان) من لە غەمباری
هەوری لە کۆڵ بازنە لە قۆڵ، سینگ نەرم و نۆڵ
وەختە لە سوێت بمرم
ئاخ بەری بەیانان پێم خۆشە لە باوەشت بگرم
ئاخ بەری بەیانان پێم خۆشە لە ئامێزت بگرم

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



ـ تەیریک بووم بە سەر (جوانێ گیان) چڵی گوڵ فێر بووم
کوا فێری گەرمای (جوانێ گیان) ناو گەرمەسێر بووم
هەوری لە کۆڵ بازنە لە قۆڵ، سینگ نەرم و نۆڵ
وەختە لە سویت بمرم
ئاخ بەری بەیانان پێم خۆشە لە باوەشت بگرم
ئاخ بەری بەیانان پێم خۆشە لە ئامێزت بگرم
ـ هەی داد هەی بێداد، (جوانێ گیان) لەو دڵەی ناشادم
بیری کۆنە یار (جوانێ گیان) کەوتۆتە یادم
هەوری لە کۆڵ بازنە لە قۆڵ، سینگ نەرم و نۆڵ
وەختە لە سویت بمرم
ئاخ بەری بەیانان پێم خۆشە لە باوەشت بگرم
ئاخ بەری بەیانان پێم خۆشە لە ئامێزت بگرم
ـ خودایە هەڵکەی (ئەی هاوار) کزەی شەماڵی
هەوای ژەنگی غەم (جوانێ گیان) لە دڵ بماڵی
هەوری لە کۆڵ بازنە لە قۆڵ، سینگ نەرم و نۆڵ
وەختە لە سویت بمرم
ئاخ بەری بەیانان پێم خۆشە لە باوەشت بگرم
ئاخ بەری بەیانان پێم خۆشە لە ئامێزت بگرم
ـ گرمەی نالەی دڵ (جوانێ گیان) سەد هەزار تەرزەن
گڕەی بڵێسەی (نازەنین) لە عالەم بەرزەن
هەوری لە کۆڵ بازنە لە قۆڵ، سینگ نەرم و نۆڵ
وەختە لە سویت بمرم
ئاخ بەری بەیانان پێم خۆشە لە باوەشت بگرم
ئاخ بەری بەیانان پێم خۆشە لە ئامێزت بگرم

### هەوری لە کۆڵ

ـ دەشتی پشت قەڵا (ئەی هاوار) رازاوە بە گوڵ

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



ئارەق دەڕێژم (جوانێ گیان) زەنگوڵ بە زەنگوڵ
هەوری لە کۆڵ بازنە لە قۆڵ، سینگ نەرم و نۆڵ
وەختە لە سویت بمرم
ئاخ بەری بەیانان پێم خۆشە لە باوەشت بگرم
ئاخ بەری بەیانان پێم خۆشە لە ئامێزت بگرم
- سێ مانگەی زستان (ئەی هاوار) بریا شەو بایە
دەم لە ناو دەم و (نازەنین) چاو لە خەو بایە
هەوری لە کۆڵ بازنە لە قۆڵ، سینگ نەرم و نۆڵ
وەختە لە سویت بمرم
ئاخ بەری بەیانان پێم خۆشە لە باوەشت بگرم
ئاخ بەری بەیانان پێم خۆشە لە ئامێزت بگرم
- ئەگەر گیان کێشان (جوانێ گیان) وەک دووری تۆ بێ
یا خودا بە نسیب (ئەی هاوار) گاوری سەر کۆ بێ
هەوری لە کۆڵ بازنە لە قۆڵ، سینگ نەرم و نۆڵ
وەختە لە سویت بمرم
ئاخ بەری بەیانان پێم خۆشە لە باوەشت بگرم
ئاخ بەری بەیانان پێم خۆشە لە ئامێزت بگرم
- هەی داد هەی بێداد (ئەی هاوار) سیا چارە خۆم
بێ ساقی بێ مەی، (جوانێ گیان) بێ پیاڵە خۆم
هەوری لە کۆڵ بازنە لە قۆڵ، سینگ نەرم و نۆڵ
وەختە لە سویت بمرم
ئاخ بەری بەیانان پێم خۆشە لە باوەشت بگرم
ئاخ بەری بەیانان پێم خۆشە لە ئامێزت بگرم

## هەی زێڕینێ

- سەرێکە مەستی نازت، دڵێکە بۆت نەماوە
دڵم هەقی بە دەستە، فتوای سەری دراوە

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



چەند سالان یاری من بووی، بۆچیت نەکرد مالاوا
هەی زیڕینێ، زیڕینێ، کۆیە خۆشە با بچینێ
ـ لەنگۆ یار پەیدا نابێ، پەیدا بێ وەفای نابێ
سەت سالْ خونچە بپشکوێ بێ‌بولبول بەهار نابێ
چبکەم دلْ گرتوویەتی بە کەس تەوەلا نابێ
هەی زیڕینێ، زیڕینێ، کۆیە خۆشە با بچینێ
ـ دایمە وەک تازیەباران چاو بەگریە و گرینم
کوانێک لە جەرگم هاتوە، خوێن دەچۆڕێ لە برینم
کیژۆلەی ناسک و نەرم زۆرت پەشێو دەبینم
هەی زیڕینێ، زیڕینێ، کۆیە خۆشە با بچینێ

**هەی لە من و هەی لە کێ**

ـ راوەستا لە سەر بیرێ، لەبەر دەسمالْ حەریرێ (٢)
چەندی خۆم مەجبوور دەکرد (گیانە) دەستم بۆهەلْناگیرێ (٢)
ئای لە من و های لە کێ ئای لە لەنجەی مەلەکێ
مەلەک وەک مانگی چاردە (گیانە) کلی لە چاوان دەتکێ
شێت و شەیدای کردوومە (گیانە) راوەستا لەبەر دەرکێ

**فەتتار**

خاکی کووچەی یارەکەم ئەکسیری ساغی و ژینمە
جوانی روخسار و نیگاهی هێزی ئەژنۆ و تینمە
بۆچی بەم دەردەم ئەبەی خۆ خۆت ئەزانی حالْەکەم
بۆ قژی ژاکاو و لوولت دایمە هەر شینمە
هەروەکوو پووش و پەلاش کەوتووم لە کووچەی یاردا
گێژەلْووکەش نامفرێنێ چونکە کەعبەی دینمە
خەلْک ئەلْێن کفرە مەکە بەم تەرحە مەدی یاری خۆت
گوێگرانی خۆشەویست من یارەکەم ئایینمە
کەی خەیالْم بێتە دی یاران بلْێم ئۆخەی منم

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

www.mamle.net

Mamle Art Center



وا کە قۆڵی یاری خۆم ئیمشۆ لە ژێر باڵینمە
ـ لەسەر باڵای لەیلایە (گیانە) بووم بە پەندی دنیایە
لەبەر گریان و زاری (گیانە) شەو و ڕۆژم خەو نایە
زولفت ڕەشە ریحانە (گیانە) سینگت کارگی کەمایە
های لە من و های لە کێ (گیانە) ئای لە لەنجەی لەیلایە
کاری من و بەژنێ باریک (گیانە) وا زوو کۆتایی نایە
شەرت بێ قەت مەیلت نانێم تا دنیام بە دنیایە

**هەی لەیلێ**

ـ بە غەم لە من رادەبری (هەی لەیلی)
لەسەر چی لێم دلّمەندی (هەی لەیلی)
ئەی لەیلی لەیلی لەیلی ئەی لەیلی
چاو ئەستێرەی سوهەیلی ئەی لەیلی
ئەمن دەبم بە مەجنوون ئەی لەیلی
ئەتۆش ببە بە لەیلی ئەی لەیلی
ـ چەند جوان و دڵڕفێنی (هەی لەیلی)
پێم بڵە بۆچی نامدوێنی (هەی لەیلی)
سەر کولمەت یەکجار سوورن (هەی لەیلی)
شاری سابلاغێ دێنی (هەی لەیلی)
ئەی لەیلی لەیلی لەیلی ئەی لەیلی
چاو ئەستێرەی سوهەیلی ئەی لەیلی
ئەمن دەبم بە مەجنوون ئەی لەیلی
ئەتۆش ببە بە لەیلی ئەی لەیلی
ـ ڕێگام کەوتە بەر دەرکێ (هەی لەیلی)
پێم گوت بچینە مەندۆکێ (هەی لەیلی)
فەرمووی مایلم بۆ نایەم؟ (هەی لەیلی)
حازرم بۆ هەڵپەڕکێ (هەی لەیلی)

www.mamle.net

Mamle Art Center



ئەی لەیلی لەیلی لەیلی ئەی لەیلی
چاو ئەستێرەی سوهەیلی ئەی لەیلی
ئەمن دەبم بە مەجنوون ئەی لەیلی
ئەتۆش ببە بە لەیلی ئەی لەیلی
ـ دەستمان دە دەستی یەک کرد (هەی لەیلی)
وەدەرکەوتین لە دەرکێ (هەی لەیلی)
چی دی لەوەی خۆشترە (هەی لەیلی)
دەگەڵ یارێ هەڵپەڕکێ (هەی لەیلی)
ئەی لەیلی لەیلی لەیلی ئەی لەیلی
چاو ئەستێرەی سوهەیلی ئەی لەیلی
ئەمن دەبم بە مەجنوون ئەی لەیلی
ئەتۆش ببە بە لەیلی ئەی لەیلی

### هەی لێلێ

لە لای خەڵکی بەهارە، (هەی لێلێ هەی لێلێ هەی لێلێ لێلێ)
(گیان) بۆ من خەزەڵوەرێنە،
زولفی ڕژانە کولمەی، چەند جوان و دڵڕفێنە
ئەو دڵەم بە دایمە دەگری، فرمێسک هەڵوەرێنە (لێلێ جوان لێلێ)
لەبەر بیری بانەمەڕان (هەی لێلێ هەی لێلێ هەی لێلێ لێلێ)
شل شل دەڕوا بۆ لاپەڕان،
غەمی خۆم نییە غەمی تۆمە
غەمبار بی رەنجەڕۆمە،
جا دەڵێ کوڕە غەمێ مەخۆ
خەونم دیوە ئی تۆمە (سوورە جوانێ لێلێ)
سلاو لە بەژنی باریک (هەی لێلێ هەی لێلێ هەی لێلێ لێلێ)
بینایی هەردوو چاوم
خۆ من بە دەستی یارێ

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



دیل و ئەسیر کراوم، خودا بۆ خۆی دەزانێ
لە عیشقتدا سووتاوم (لێ‌لێ جوانێ لێ‌لێ)
حالی بووی لە لەرزینم (هەی لێ‌لێ هەی لێ‌لێ هەی لێ‌لێ لێ‌لێ)
گیان یەخەت لادە بتبینم،
چم کردووە لێوئالێ
دەکولێنیەوە برینم
خۆ من وەک کاکە مەمێ
عاشق بە خاتووزینم (لێ لێ جوانێ لێ‌لێ)
گەلی کیژۆلان ساز بوون (هەی لێ‌لێ هەی لێ‌لێ هەی لێ‌لێ لێ‌لێ)
دەڕۆن دەچنە مەندۆکێ
حەوت قەتاری وشتران
ناردوومەتە کەرکووکێ،
بارخانە و باری بارکەن
خالیس لە جلکی بووکێ (لێ لێ جوانێ لێ‌لێ)

**هەی مەگری مەگری**

- دایمە وەک تازیەداران (گیانە) چاو بەگریە و گرینم
کوانێک لە جەرگم هاتوە (جوانێ) خوێن دەچۆڕێ لە برینم
کیژۆلەی ناسک و نەرم (جوانێ) زۆر پەشێوت دەبینم
با بەدکار پێم خۆش نەبێ (جوانێ) بۆخۆت وەرە سەر شینم
هەی مەگری مەگری مەگری (گیانە) مەگری گیانی شیرینم
هەرچەند بە کزیت دەبینم (جوانێ) دەکولێنەوە برینم
(خۆ من وەک کاکەمەمی (گیانە) عاشق بە خاتووزینم)
خۆ من لەو دنیایەدا (جوانێ) هەر تۆی هومێدی ژینم
- دەڵێ ئەو لیمۆ تورتەم (گیانە) کەس دەستی لێ نەداوە
زۆر موشتەریان هاتنە سەر (جوانێ) قەولم بە کەس نەداوە
لە ژێر کراسێ مەخفی (گیانە) لەبۆ تۆم حەشار داوە

www.mamle.net

Mamle Art Center



وەرە بە ساحەبیان کە (گیانە) هەتا هەر وەک خۆی ماوە
هەی مەگری مەگری مەگری (گیانە) مەگری گیانی شیرینم
هەرچەند بە کزیت دەبینم (جوانێ) دەکولێنەوە برینم
(خۆ من وەک کاکەمەمی (گیانە) عاشق بە خاتووزینم)
خۆ من لەو دنیایەدا (جوانێ) هەر تۆی هومێدی ژینم
- چاوم کەوت بە یارێ (گیانە) لە راستەی مەلا جامی
نەموێرا بیدوێنم (جوانێ) نەبا بێتە بەدنامی
تیرێکی لە جەرگی دام (گیانە) وەکوو گوڕ و بارامی
نازانم چی بیستووە (گیانە) دەڵێ برۆ برامی
هەی مەگری مەگری مەگری (گیانە) مەگری گیانی شیرینم
هەرچەند بە کزیت دەبینم (جوانێ) دەکولێنەوە برینم
(خۆ من وەک کاکەمەمی (گیانە) عاشق بە خاتووزینم)
خۆ من لەو دنیایەدا (جوانێ) هەر تۆی هومێدی ژینم
- چی دەخۆمدا شک نابەک (گیانە) بۆچی دڵت شکاوە
روو لە هەر لایەک دەکەم (گیانە) بە شەرم و بە حەیاوە
قاسیدێکی وام نییە (جوانێ) بزانم چت لێ قەوماوە
دەرگا لە میوان داخەی (گیانە) نەمبیستووە و نەکراوە
هەی مەگری مەگری مەگری (گیانە) مەگری گیانی شیرینم
هەرچەند بە کزیت دەبینم (جوانێ) دەکولێنەوە برینم
(خۆ من وەک کاکەمەمی (گیانە) عاشق بە خاتووزینم)
خۆ من لەو دنیایەدا (جوانێ) هەر تۆی هومێدی ژینم
- دەچم بۆ لای حەکیمێ (گیانە) بەڵکوو دەردم چارە کەم
کیژێک لە من بۆ حەکیم بە وی دەردم چارە کەم
دیراوێکم شێو کردووە (جوانێ) ریحانەی پێ وەر دەکەم
دەسکێ گوڵ و ریحانان بە دیاری پێشکەش دەکەم
دەرۆم دەچمە جێژوانێ (گیانە) گۆنای سووری ماچ دەکەم
هەی مەگری مەگری مەگری (گیانە) مەگری گیانی شیرینم

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەرییماملێ

Mamle Art Center



هەرچەند بە کزیت دەبینم (جوانێ) دەکولێنەوە برینم
(خۆ من وەک کاکەمەمی (گیانە) عاشق بە خاتووزینم)
خۆ من لەو دنیایەدا (جوانێ) هەر تۆی هومێدی ژینم

**هەی نارێ نارێ نارێ**

(دەردت لە مالم یارێ)
ـ دایمە وەک تازیەداران چاو بەگریە و گرینم (٢)
کوانێک لە جەرگم هاتوە خوێن دەچۆڕێ لە برینم
هەی نارێ نارێ نارێ، قەزات لە گیانم یارێ
جا کێ عاجزی کردوە فرمێسکی دێنە خوارێ
ـ سەریکە مەستی نازت وەی دلێکە بۆت نەماوە
جا دلم حەقی بە دەستە فتوای سەری دراوە
حەوت سالان یاری خۆم بووی بۆچی نەتکرد مالاوا
هەی نارێ نارێ نارێ، قەزات لە گیانم یارێ
جا کێ عاجزی کردوە فرمێسکی دێنە خوارێ
ـ جا سلاو لە بەژنێ باریک بینایی هەردوو چاوم
خۆ من بە دەستی یارێ دیل و ئەسیر کراوم
خودا بۆ خۆی دەیزانێ دە عیشقتدا سووتاوم
هەی نارێ نارێ نارێ، قەزات لە گیانم یارێ
جا کێ عاجزی کردوە فرمێسکی دێنە خوارێ

**هەی ناکەم ناکەم**

ـ نەختێکی لادە تویی پەشیمنەکەت
بروانمە خالی سەر جەبینەکەت
شێتی تۆی کردووم پێکەنینەکەت
ئەی ناکەم ناکەم ئەو کارەی ناکەم
گەر بمکێشنە پای سێدارە ناکەم

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



بمکوژن تەرکی ئەو یارە ناکەم
ـ چەند خۆشە خرمەی بازووبەندەکەت
بێنە بیمژم لێوە قەندەکەت
شێتی تۆی کردووم زەردە خەندەکەت
ئەی ناکەم ناکەم ئەو کارەی ناکەم
گەر بمکێشنە پای سێدارە ناکەم
بمکوژن تەرکی ئەو یارە ناکەم
ـ دەگەڵ غەم گوزەرا وەخت و بێوەختم
دەرمانت نەکرد ئەو زامی سەختم
تا کەنگێ کز بێ ئەستێرەی بەختم
ئەی ناکەم ناکەم ئەو کارەی ناکەم
گەر بمکێشنە پای سێدارە ناکەم
بمکوژن تەرکی ئەو یارە ناکەم
ـ مێژوو دایمەزراند بەهار بۆ شادی
دەست و دم ماچ کردن گەردن ئازادی
من کز داماوم بە بێ مرادی
ئەی ناکەم ناکەم ئەو کارەی ناکەم
گەر بمکێشنە پای سێدارە ناکەم
بمکوژن تەرکی ئەو یارە ناکەم
ـ کاکە وا نابێ بە خودای وا نابێ
دەرمانی دەردم بۆ پەیدا نابێ
رەبی بەدکارم هەلاهەلا بێ
ئەی ناکەم ناکەم ئەو کارەی ناکەم
گەر بمکێشنە پای سێدارە ناکەم
بمکوژن تەرکی ئەو یارە ناکەم
ـ ئەوە مانگ هەڵات داویە لە نێو دێ
خرمەی بەرموور و بازووبەندی دێ

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



یاخودا بۆخۆی بێ کەسی دی نەبێ
ئەی ناکەم ناکەم ئەو کارەی ناکەم
گەر بمکێشنە پای سێدارە ناکەم
بمکوژن تەرکی ئەو یارە ناکەم

**هەی ناکەم ناکەم**

ـ سەرسەوز و بۆرچین نیشتوون لە دەریا
ئەو ماوە غەریب من ماوم تەنیا (٢)
ئەی ناکەم ناکەم ئەو کارەی ناکەم
گەر بمکێشنە پای سێدارە ناکەم
بمکوژن تەرکی ئەو یارە ناکەم
ـ ئەو دڵە بێعارەم قەت بێغەم نابێ
ئەسیر بم داخودا شەماڵ کەنگێ بێ
کوا جێژنە بۆ من مبارەک نەبێ
ئەی ناکەم ناکەم ئەو کارەی ناکەم
گەر بمکێشنە پای سێدارە ناکەم
بمکوژن تەرکی ئەو یارە ناکەم
ـ جارێک وەنەوشەی گوێی دەم شەتاوان (٢)
بە دیاری دەبەم بۆ دڵسووتاوان
ئەی ناکەم ناکەم ئەو کارەی ناکەم
گەر بمکێشنە پای سێدارە ناکەم
بمکوژن تەرکی ئەو یارە ناکەم

**هەی ناکەم ناکەم**

ـ (ئەرێ) نەختێکی لادە توێی پەشمینەکەت
دەرکەوێ خاڵی سەر جەبینەکەت
شێتی تۆی کردووم پێکەنینەکەت

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



ئەی ناکەم ناکەم ئەو کارەی ناکەم
گەر بمکێشنە پای سێدارە ناکەم
بمکوژن تەرکی ئەو یارە ناکەم
ـ چەند خۆشە خرمەی بازووبەندەکەت
بێنە بیمژم لێوە قەندەکەت
شێتی تۆی کردووم زەردەخەندەکەت
ئەی ناکەم ناکەم ئەو کارەی ناکەم
گەر بمکێشنە پای سێدارە ناکەم
بمکوژن تەرکی ئەو یارە ناکەم

**قەتار**

نووری روخسارت وەدەرخە دەردی بێدەرمانە شەو
زولـمەتی زولفت لەسەر رووتە لە رۆژ میوانە شەو
دوێ شوکر پیاوانە من ڕێم بردە ناو زولفی رەشت
تا بزانن ئەهلی مولکی دڵ قەڵای مێردانە شەو

مۆنراوەی ئاوات

**هەی نایە نایە**

ـ ئەرێ بیکە بۆ خاتری (گیانە) عیشقی لە دەست چوو
کاڵێ سەرت هەڵێنە جوانێ ئاورم تێبەربوو
(گیانە) نە من ژن دێنم کاڵێ نە تۆبکە شوو
هەی نایە نایە دەنگی گوارەی زێڕ نایە
خاڵەکەی سەر رووومەتی جوانە نەخشی خودایە
ـ (ئەرێ) نە چاو تێر دەبێ (گیانە) نە دڵ دەبێزێ
کاڵێ خۆم لێرە ماوم (گیانە) یار لە تەورێزێ
هەی نایە نایە دەنگی گوارەی زێڕ نایە
خاڵەکەی سەر رووومەتی جوانە نەخشی خودایە
ـ سەرێکە مەستی نازت، دڵێکە بۆت نەماوە

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



دڵم هەقی بە دەستە فتوای سەری دراوە
رۆژێ جارێکم بەسە بیبینم لە بێلایە
لەعنەت لە یاری درۆزن وەفای بۆ کەس نەماوە
حەوت سالان یاری خۆم بووی بۆچیت نەکرد ماڵئاوا
هەی نایە نایە نایە دەنگی گوارەی زێڕ نایە
خاڵەکەی سەر روومەتی جوانە نەخشی خودایە
ـ (ئەرێ) دەردێکی داومێ (گیانە) دەرمانی نەکرد
کاڵێ شەماڵ بە بەفری (گیانە) کوێستانی نەکرد
هەی نایە نایە نایە دەنگی گوارەی زێڕ نایە
خاڵەکەی سەر روومەتی جوانە نەخشی خودایە

### هەی نایە نایە

ـ بە رۆژ لەبەر خەیالان بە شەو بۆت شێت و شەیدام
دەڵێن نەخۆشە لێوئاڵ دەردت لە ماڵی دنیام (٢)
هەی نایە نایە نایە دەنگی گوارەی زێڕ نایە
رۆژێ جارێکم بەسە بیبینم لە بێلایە
خاڵەکەی سەر روومەتی جوانە نەخشی خودایە
ـ (ئەرێ) بیکە بۆخاتری (گیانە) عیشقی لە دەست چوو
(ئەرێ) سەرت هەڵێنە (گیانە) ئاورم تێبەربوو (٢)
هەی نایە نایە نایە دەنگی گوارەی زێڕ نایە
رۆژێ جارێکم بەسە بیبینم لە بێلایە
خاڵەکەی سەر روومەتی جوانە نەخشی خودایە
ـ (ئەرێ) ئەگەر گیان کێشان (گیانە) وەک دووری تۆ بێ
(ئەرێ) رەببی بە نسیب (گیانە) گاوری سەر کۆ بێ (٢)
هەی نایە نایە نایە دەنگی گوارەی زێڕ نایە
رۆژێ جارێکم بەسە بیبینم لە بێلایە

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



**هەی هەی هەی لەبەر نازی تۆ**

ـ رووت رەش بێ دەگەڵ قەرارت گوڵەکەم (٢)
چاوی رەش و دوو هەنارت (٢)
رەببی کوێر بێ سەبەب کارت گوڵەکەم (٢)
هەی هەی لەبەر نازی تۆ
هەی لەبەر چاوی جوانی تۆ
ـ دیسان شەو هات بۆ حالی من گوڵەکەم (٢)
لەو دڵەی پڕ خەیاڵی من (٢)
گەڕەک نانوێ لە ناڵەی من گوڵەکەم (٢)
هەی هەی لەبەر نازی تۆ
هەی لەبەر چاوی جوانی تۆ
ـ باغی گوڵانم پێ بسپێرە گوڵەکەم (٢)
غونچە بە غونچەی ببژێرە (٢)
یەکیان کەم بوو پێم بێژێرە گوڵەکەم (٢)
هەی هەی لەبەر نازی تۆ
هەی لەبەر چاوی جوانی تۆ
ـ سەت جار فاتم کچی شای بێ گوڵەکەم (٢)
جوققەی شاهی لە سەردا بێ (٢)
بە قامکێکی لەیلام نابێ گوڵەکەم (٢)
هەی هەی لەبەر نازی تۆ
هەی لەبەر چاوی جوانی تۆ
ـ دیسان عاشقان مەجلیسیان گرت گوڵەکەم (٢)
بە عام ناردیان ساقیان بانگ کرد (٢)
ساقی مەست بوو پیاڵەی هەڵگرت گوڵەکەم (٢)
هەی هەی لەبەر نازی تۆ
هەی لەبەر چاوی جوانی تۆ

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



## هۆ نازەنین نەشێوێ نازت

ـ نە چاو تێر دەبێ نە دڵ دەبێزێ
خۆم لێرە ماوم یار لە تەورێزێ
ئەرێ هۆ نازەنین نەشێوێ نازت
بە ماشێنی جیب دێمە پێشوازت
ـ رێبوار ئەی رێبوار رێم بەرامبەرە
دوعام لێ مەکە مانگی سەفەرە
ئەرێ هۆ نازەنین نەشێوێ نازت
بە ماشێنی جیب دێمە پێشوازت
ـ نە شنەی دارەبی، نە مەززەی قۆرە
خودا هەڵناگرێ ئەو زوڵمە زۆرە
ئەرێ هۆ نازەنین نەشێوێ نازت
بە ماشێنی جیب دێمە پێشوازت
ـ چەندم ئاخ کێشا ئاخی نیهانی
دڵ دە دەروونذا بوو بە بریانی
خودا هەڵناگرێ بۆ پێ نازانی
ئەرێ هۆ نازەنین نەشێوێ نازت
بە ماشێنی جیب دێمە پێشوازت
ـ جا چۆن شێت نەبم نەدەم بە خۆمدا
چۆن خاکی عالەم نەکەم بە سەردا
حەیفە بۆ من و تۆ دەسمان لێک بەردا
ئەرێ هۆ نازەنین نەشێوێ نازت
بە ماشێنی جیب دێمە پێشوازت

## وا مەکە وا مەکە وا مەکە

ـ نەخۆش و پەرێشانم ئارامم نییە ساتێ
سەفەرێکم کەوتە بەر رێیە هات و نەهاتێ

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



چاوەڕێمە لە ڕێگا با کاروان بێ و بمگاتێ
وا مەکە، وا مەکە، وا مەکە دایکم دیارە
با لە سەر بالای بەرزی تۆ با بدرێم لە سێدارە
ـ هەم نارنجە و هەم سێوە، هاوار یا شێخی کرێوە
غەم و مەراقی یارێ ئیشکی کردووم بە پێوە
یارەبی نەبارێ باران، تاقە گوڵەکەم بەڕێوە
وا مەکە، وا مەکە، وا مەکە، وا مەکە دایکم دیارە
با لە سەر بالای بەرزی تۆ با بدرێم لە سێدارە
ـ سەرێکە مەستی نازت دڵێکە بۆت نەماوە
دڵم حەقی بە دەستە، فتوای سەری دراوە
حەوت سالان یاری من بووی بۆچیت نەکرد مالاوا
وا مەکە، وا مەکە، وا مەکە، دایکم دیارە ئابڕووم چوو
با لەسەر بالای بەرزت، لێمدەن بە تفەنگی بڕنوو
ـ ڕاوەستا لە سەر بیرێ لەبەر دەسماڵ هەریرێ
چەندی خۆم مەجبوور دەکرد دەستم بۆ هەڵناگیرێ
ڕەبی بەدکاری من و تۆ (هەی) ماڵی بە قوڕێ گیرێ
وا مەکە، وا مەکە، وا مەکە، وا مەکە دایکم دیارە
با لە سەر بالای بەرزی تۆ با بدرێم لە سێدارە

### وەرەی ئەی باوانم

ـ ئەگەر دەمزانی (عازیزم) خۆشەویستی تۆ
ئاوا دەبێتە (نازەنین) ڕاز و تار و پۆ
وەرە ئەی باوانم، ئەی عەزیزی گیانم، ئامان تۆ دەوا و دەرمانم
خۆم نەدەخستە (نازەنین) داوی دڵداری
بە زەردەخەنەی (جوانێ گیان) سەر لێوی درۆ
وەرە ئەی باوانم، ئەی عەزیزی گیانم، ئامان تۆ دەوا و دەرمانم
ـ کە سووری دەست و (عازیزم) پەنجەتم بینی

مەڵبەندی هونەرییماملێ

Mamle Art Center



وەمزانی خەنە (جوانێ گیان) بەندان دەنوێنی
وەرە ئەی باوانم، ئەی عەزیزی گیانم، ئامان تۆ دەوا و دەرمانم
نەمزانی خوێنی (عازیزم) دڵی زامدارم
کە جوانی خۆتی (جوانێ گیان) پێ دەنەخشێنی
وەرە ئەی باوانم، ئەی عەزیزی گیانم، ئامان تۆ دەوا و دەرمانم
ـ ئێستاش ماڵئاوا (جوانێ گیان) بەجێم بهێڵە
پەردەی ناسکی (نازەنین) دڵم بکێڵە
وەرە ئەی باوانم، ئەی عەزیزی گیانم، ئامان تۆ دەوا و دەرمانم
ئێمە هاودەردی عیشقی یەکترین
منی کەسا و (جوانێ گیان) ئەو دڵە وێڵە
وەرە ئەی باوانم، ئەی عەزیزی گیانم، ئامان تۆ دەوا و دەرمانم

## وەرە با ئاشت بینەوە

هاوار هاوارێ یاران

ـ هاوار هاوار یاران بەرن هاوارم
دەستی شکاوم لە من تۆراوە یارم
ئەوساڵ بۆم نایە سەد جار خۆزگە بە پارم
(وەرە با ئاشت بینەوە کوڵی دڵەکەم
هەر تۆی گوڵەکەم، تۆی ئاواتەکەم) (٢)
ـ نە جێژنەم وەکوو (گیانە) جێژنەدارانە
نە دۆستم وەکوو (گیانە) دۆستی جارانە
من لێرە ماوم (هاوار) یار لە شارانە
(وەرە با ئاشت بینەوە کوڵی دڵەکەم
هەر تۆی گوڵەکەم، بێ تۆ هەڵناکەم) (٢)
ـ کە یار بێمەیلە من مەعلوومە حاڵم
لەوەم رەشتر نەدیوە رۆژی تاڵم
ساتێ ناسرەوێ بۆ یار ئەو دڵەی زاڵم

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

www.mamle.net

Mamle Art Center



(وەرە با ئاشت بینەوە کولی دلەکەم
هەر تۆی گولەکەم، بێ تۆ هەلناکەم) (٢)
- رەشە بەختم وێنەی خالی جوانان
لەسەر چی یاری من دەگرێ بەهانان
دلم و دینم لەسەر لێوئالێ دانان
(وەرە با ئاشت بینەوە کولی دلەکەم
هەر تۆی گولەکەم، بێ تۆ هەلناکەم) (٢)

## وەرە حەیران

- تا کەی دانیشم (وەرە حەیران) وەک حەبسی دۆستاغ (٢)
یەکجار خەرامان (وەرە حەیران) جەرگی کردووم داغ (٢)
- دە بلە ئەز بمرم (وەرە حەیران) بە وێ بەهارێ
قەبرم هەلکەنن (وەرە حەیران) لەوێ حەسارێ
کفنی من ببڕن (وەرە حەیران) بە دەستی یارێ (٢)
- دە بلە ئەز بمرم (وەرە حەیران) بەوێ هاوینێ
قەبرم هەلکۆلن (وەرە حەیران) لە شانشینێ
کفنی من ببڕن (وەرە حەیران) بە دەستی دینێ (٢)
- دە بلە ئەز بمرم (وەرە حەیران) بەوێ پاییزێ
قەبرم هەلکۆلن (وەرە حەیران) بن دارە گوێزێ
کفنی من ببڕن (وەرە حەیران) بە دەست عازیزێ
- دەبلە من بمرم (وەرە حەیران) بەوێ زستانێ
قەبرم هەلکۆلن (وەرە حەیران) لەوێ کۆلانێ
کفنەکەم ببڕن (وەرە حەیران) بە دەستی جوانێ

## وەرە روحی رەوانم

- سریشکی سوور و گەشم کانی مرادم
ئەتۆی وێنە و نیشانەی شین و دادم

مەڵبەندی هونەریی ماملێ
www.mamle.net

Mamle Art Center



کەسێ نییە غەیری تۆ سێبووری حاڵم
بە دایم دڵ پڕ و شەیدایی خاڵم
وەرە روحی رەوانم، گوڵی بۆن خۆش و جوانم
لە هیجری تۆ نەماوم، کزەی جەرک و هەناوم
ـ بە خاڵی گەردنی جەرگی بڕیوم
دەڵێی شەش‌دانگی ئیمانی کڕیوم
بە دانەی خاڵەکەی کەوتوومە داوی
کەوا بوومە ئەسیری زولفی خاوی
وەرە ئەی بولبولی من، کزەی جەرگ و دڵی من
لە هیجری خاڵی لێوت، شکا باڵ و پەڕی من
ـ لە هیجری ئەو گوڵەی دایم دەناڵم
بە بێ خاڵی روخت ویرانە ماڵم
کە تۆ قەدری بەهاری خۆت نەزانی
وەرە بۆنت بکەم تۆ بەشقی جوانی
کە ئەورۆ نەوبەهارە، شەبابی وەسلی یارە
ئەمن خوێن دێ لە چاوم، کە تیرت وا بە کارە

**وەرە روحی رەوانم**

ناسکۆڵێ گیان مەگری

ـ سریشکی سوور و گەشم کانی مرادم
ئەتۆی وێنە و نیشانەی شین و دادم
کەسێک نییە غەیری تۆ سێبووری حاڵم
بە دایم دڵ پڕ و شەیدایی خاڵم
وەرە روحی رەوانم، گوڵی بۆن خۆش و جوانم
لە هیجری تۆ نەماوم، کزەی جەرک و هەناوم
ـ بە خاڵی گەردنی جەرگی بڕیوم
دەڵێی شەش دانگی ئیمانی کڕیوم

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



بە دانەی خاڵەکەی کەوتوومە داوی
کەوا بوومە ئەسیری زولفی خاوی
کە ئەوڕۆ نەوبەهارە، شەبابی وەسڵی یارە
ئەمن خوێن دێ لە چاوم، کە تیرت وا بە کارە

**قەتار**

وەرن مەشکێنن شووشەی مەینەتم
هەم دنیاشم چوو هەم قیامەتم
تەنیا ماومەوە، نەخۆش و رەنجوور
لە دۆست و رەفیق کەوتوومەوە دوور
عازیز بیستووم زۆر پەریشانی
بە شەو و بە رۆژ چاو بە گریانی
سا بەس بۆ رەقیب شین و فەریاد کە
جارێکیش دۆستی قەدیمیت یاد کە
ـ خۆشی ساڵانم ئەوساڵ نەماوە (٢)
جەرگم پۆڵا بوو، لە سویی وی تواوە (٢)
ناسکۆڵێ گیان مەگری خڕخۆڵێ گیان مەگری (٢)
ئەی وەرە سەر قەبرم، بە دڵ و بە گیان بگری (٢)
ـ لە دەردی عیشق و لە تاوی دووری (٢)
هەرچەندی دەکەم نابم سێبووری (٢)
ناسکۆڵێ گیان مەگری خڕخۆڵێ گیان مەگری (٢)
ئەی وەرە سەر قەبرم، بە دڵ و بە گیان بگری (٢)
ـ گەر مەیلت هەبێ نیزیک دەبێوە (٢)
بۆ عاشق هیچ نێ ئەو دەشت و کێوە (٢)
ناسکۆڵێ گیان مەگری خڕخۆڵێ گیان مەگری (٢)
ئەی وەرە سەر قەبرم، بە دڵ و بە گیان بگری (٢)

www.mamle.net

Mamle Art Center



## وەرە روحی شیرینم

ـ بلێین بە یار بێتەوە، تێر دانیشین پێکەوە
جا دڵم وەکوو پەروانە (گیانە) لە دەوری دەخولێتەوە
لە دەوری دەخولێتەوە
وەرە روحی شیرینم، مایەی حەیات و ژینم
نیقاب لادە بتبینم، با سارێژ بێ برینم
ـ من بەهەشتم بۆچییە، حۆری وەک تۆی لێ نییە
عەرعەر و سەرو بالای (گیانە) تۆ لە جەننەتدا نییە
تۆ لە جەننەتدا نییە
وەرە روحی شیرینم، مایەی حەیات و ژینم
نیقاب لادە بتبینم، با سارێژ بێ برینم
ـ دینم و دنیام چووە لە دەست، لە عیشقی دوو چاوی مەست
وەک سەنعان لە کن عیسا (گیانە) تۆ دەمکەی بە بوتپەرەست
تۆ دەمکە بە بوتپەرەست
وەرە روحی شیرینم، مایەی حەیات و ژینم
نیقاب لادە بتبینم، با سارێژ بێ برینم
ـ لە خەندەی لێوی سەوزەم، پڕ لە شەڕابی غەمزەم
بۆ من ئاوی حەیاتە (گیانە) عارەقی خاڵ و پەرچەم
عارەقی خاڵ و پەرچەم
وەرە روحی شیرینم، مایەی حەیات و ژینم
نیقاب لادە بتبینم، با سارێژ بێ برینم

## وەرە سەر نەخۆشی دلان

ـ قەرار بوو دڵ بە کەس نەدەم (٢)
تازە دلداری قەت نەکەم،
یاد دەکەم یادی تۆ، یاری عەزیزم
وەرە سەر نەخۆشی دلان، بێنە دەسکێک غونچە گولان (٢)

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

**٤٨٠/ یادی بەخێر**

رازی سڕی دڵمت پێ دەڵێم
عاشقی غونچەگوڵم گوڵەکەم
یاری خۆم یاری خۆمی (٢)
بەڵام تیریکی وات لێدام (٢)
نەخۆشت خستووم لە جێدام
یاد دەکەم یاری تۆ یاری عەزیزم
**قەتار**
ژاراوی دووری ئازیز دەنۆشم
دەنگی ئازیزم نایە لە گۆشم
خۆراکم خەفەت ژینم میحنەتە
بێ تۆ حەیاتم لەلام زەحمەتە
سەرم نا لەسەر گڵکۆی تازەوە
بە حەسرەتێکی بێ ئەندازەوە
ـ جوابێک بەرن بۆ شای دڵان (٢)
با نەپسێنێ بەندی دڵان
یاد دەکەم یاری تۆ یاری عەزیزم
وەرە سەر نەخۆشی دڵان، بێنە دەسکێک غونچەگوڵان (٢)
رازی سڕی دڵمت پێ دەڵێم
عاشقی غونچەگوڵم گوڵەکەم
یاری خۆم یاری خۆمی (٢)
ـ فەرمووی عیشقت کەوتە دڵم (٢)
یان ئی تۆمە (گیان) یان ئی گڵم
یاد دەکەم یاری تۆ یاری عەزیزم
وەرە سەر نەخۆشی دڵان، بێنە دەسکێک غونچەگوڵان (٢)
رازی سڕی دڵمت پێ دەڵێم
عاشقی غونچەگوڵم گوڵەکەم
یاری خۆم یاری خۆمی (٢)

www.mamle.net

Mamle Art Center



## وەرە قوربان

ـ (ئەی) لەبەر گریان و زاری، خوێن لە چاوم دەباری (٢)
وەک بارانەی بەهاری (گیانە) بە شکڵی دەنکی ناری (٢)
وەرە قوربان، ئارامی دڵان
وەرە نازدار وەرە قوربان (٢)
عەقڵت بردم، شێتت کردم،
سووتام، سووتام وەرە قوربان
ـ هەرچەند دەکەم خەیاڵان قەت ئەو دڵەی من ناسرەوێ (٢)
گڕووی گرتوە وەک منداڵ، هەر دەڵێ یارم دەوێ
ڕۆژێ سەت جارم لێدەن لە کوێ بێ من دێمە وێ
وەرە قوربان، ئارامی دڵان
وەرە نازدار وەرە قوربان (٢)
عەقڵت بردم، شێتت کردم،
سووتام، سووتام وەرە قوربان
ـ خۆزگەم بەوەی لە دووی تۆ، هەر دەڕوانێتە رووی تۆ
مردم بە ئارەزووی تۆ، قوربانی ئاشنات بم (٢)
وەرە قوربان، ئارامی دڵان
وەرە نازدار وەرە قوربان (٢)
عەقڵت بردم، شێتت کردم،
سووتام، سووتام وەرە قوربان

## وەرە وەرە با بچینە نێو شلێران

ـ چەند ساڵە لەیلام (لێم نادیارن) (٢)
ئەو کائیناتە (گیانە) (بە دیدەم تارن) (٢)
وەرە وەرە با بچینە نێو شلێران
جارێک وەرە بۆ لای منی ماڵوێران

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center

**٤٨٢/ یادی بەخێر**

ـ ئەمن هەر لە زووە (گیانە) (بە مەیلت مەستم) (٢)
هەر گیان‌فیداکەی (گیانە) (گیان لەسەردەستم) (٢)
وەرە وەرە با بچینە نێو شلێران
جارێک وەرە بۆ لای منی ماڵ‌وێران
ـ نە شەو راحەتم (گیانە) (نە ڕۆژ دڵ‌شادم) (٢)
شەو زولف و رووی تۆ (گیانە) (دێنەوە یادم) (٢)
وەرە وەرە با بچینە نێو شلێران
جارێک وەرە بۆ لای منی ماڵ‌وێران
ـ سووتام لە حەسرەت (گیانە) (دەردی جودایی) (٢)
نەک وەک بلێسەی (گیانە) (گیانە) (یادی تەنهایی) (٢)
وەرە وەرە با بچینە نێو شلێران
جارێک وەرە بۆ لای منی ماڵ‌وێران
ـ بە مەرگت دایم (گیانە) (زامم هەر بەسۆن) (٢)
دەردی خۆم کەمن (گیانە) (ئەوجار نۆبەی تۆن) (٢)
وەرە وەرە با بچینە نێو شلێران
جارێک وەرە بۆ لای منی ماڵ‌وێران
ـ دڵ غەمی سوبحی (نەوبەهارانن) (٢)
وەختی ئاگاهی (دەردەدارانن) (٢)
وەرە وەرە با بچینە نێو شلێران
جارێک وەرە بۆ لای منی ماڵ‌وێران
ـ سۆزەی حەیاتم (رەستەی وەفاتم ) (٢)
گەر وەفات نەبێ (من بێ‌نیشاتم) (٢)
وەرە وەرە با بچینە نێو شلێران
جارێک وەرە بۆ لای منی ماڵ‌وێران
ـ هەی داد هەی بێداد (یار نەهاتووە) (٢)
خەستەی ڕێگای ویم (لە بیر باتەوە) (٢)
وەرە وەرە با بچینە نێو شلێران

www.mamle.net

Mamle Art Center



جاریک وەرە بۆ لای منیماڵویران

**قەتار**

دیارەن دیدەم هەم دەردی نۆمن
ئەمجاریش زنەو ئارەزووی تۆمن
ناکا مەیلەکەت گەڕابێتەوە
دیسان دەرد لەسەر دەردم بێتەوە
روانین لە رێی یار شەکەرباران
فەسلی سەیری سەید شکارچیانن
خولاسەی کەلام نوروی دیدەی دڵ
شیفای ئێش و نێش برین بێ حاسڵ
ـ شەقە و شریقەی (گیانە) برووسکەی دەروون، برووسکەی دەروون
شەتاوی ساز کرد (گیانە) لە ناوی دەروون، لە ناوی دەروون
وەرە وەرە با بچینە نێو شلێران
جاریک وەرە بۆ لای منی ماڵویران
ـ تاکەی وەک مەجنوون (گیانە) وێڵی هەردان بم، وێڵی هەردان بم
تاکەی غەمزدەی (گیانە) باری هیجران بم ، باری هیجران بم
وەرە وەرە با بچینە نێو شلێران
جاریک وەرە بۆ لای منی ماڵویران
ـ دڵی من لە لات (گیانە) دایمە ئەسیرە، دایمە ئەسیرە
وەک تاوانکاران (گیانە) کۆت و زنجیرە، کۆت و زنجیرە
وەرە وەرە با بچینە نێو شلێران
جاریک وەرە بۆ لای منی ماڵویران
ـ کوورەی دەروونم (گیانە) بەتاو جۆشی گرت، بەتاو جوشی گرت
فرمێسکی چاوم (گیانە) زوو خامۆشی کرد، زوو خامۆشی کرد
وەرە وەرە با بچینە نێو شلێران
جاریک وەرە بۆ لای منی ماڵویران
ـ وەکوو دێوانان (گیانە) شێت و هار مەکە، شێت و هار مەکە

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



چاوت گۆناگۆن، (گیانە) لێم بە خومار مەکە، لێم بە خومار مەکە
وەرە وەرە با بچینە نێو شلێران
جارێک وەرە بۆ لای منی ماڵوێران
ـ چنار و لاولاو (گیانە) سەریان بووە گیر، سەریان بووە گیر
من بۆچی دەگریم، (گیانە) بە چیم دەکەن ژیر، بە چیم دەکەن ژیر
وەرە وەرە با بچینە نێو شلێران
جارێک وەرە بۆ لای منی ماڵوێران
ـ لە بن هەر بەردێ (گیانە) هەر راهگوزارێ، هەر راهگوزارێ
فرمێسکی دیدەم (گیانە) بە خوڕ دەبارێ، بە خوڕ دەبارێ
وەرە وەرە با بچینە نێو شلێران
جارێک وەرە بۆ لای منی ماڵوێران
ـ ئەسپەکەم زین کەن (گیانە) روو دە سەحرا کەم، روو دە سەحرا کەم
دەرمانی دەردم (گیانە) بەڵکوو پەیدا کەم، بەڵکوو پەیدا کەم
وەرە وەرە با بچینە نێو شلێران
جارێک وەرە بۆ لای منی ماڵوێران
ـ گەردنبەندەکەی (گیانە) مەتای گرانبار، مەتای گرانبار
شۆڕابەی سینگی (گیانە) لە عالەم دیار، لە عالەم دیار
وەرە وەرە با بچینە نێو شلێران
جارێک وەرە بۆ لای منی ماڵوێران

## وەرە وەرە تۆ یارمی

ـ چاو دەگێڕم دیار نییە لەیلم
هەڵبەت کۆنی کردوە مەیلم
عاشقی ئەستێرەی سیوەیلم (٢)
وەرە وەرە تۆ یارمی دڵدارمی،
شادی دڵی غەمبارمی (٢)
ـ دیسان شەو هات بۆ حاڵی من (٢)

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center


لەو دلەی پڕ خەیالی من
گەڕەک نانوێ لە نالەی من
وەرە وەرە تۆ یارمی دلدارمی،
شادی دلی غەمبارمی (٢)
ـ رەببی قازی مالت ئاوا
ئبینوحەجەرت داناوە
فتوای خالی لەیلات داوە (٢)
وەرە وەرە تۆ یارمی دلدارمی،
شادی دلی غەمبارمی (٢)
ـ خۆزگەم بە دوێنێ پارشێوێ
ویکڕا نوستبووین بە چارشێوێ
لێکیان کردین مالیان شێوێ (٢)
وەرە وەرە تۆ یارمی دلدارمی،
شادی دلی غەمبارمی (٢)

**وەی وەی بارانە**

ـ وەک قومری سەر بالم شینە، وەی وەی وەی بارانە
کار وپیشەم هەر گرینە وەی وەی وەی بارانە
ئەسمەران خوێنیان شیرینە وەی وەی وەی بارانە
ئەی پایزە و گەلاڕێزانە، جێ راوگەی یارانە
ـ دیسان شەو هات بۆ حالی من وەی وەی وەی بارانە
لەو دلەی پڕ خەیالی من وەی وەی وەی بارانە
گەڕەک نانوێ لە نالەی من وەی وەی وەی بارانە
ئەی پایزە و گەلاڕێزانە، جێ راوگەی یارانە
ـ خودا کاران هەروا دەکا وەی وەی وەی بارانە
خونچەی لە خاک پەیدا دەکا وەی وەی وەی بارانە
ئەمنی پێ موبتەلا دەکا وەی وەی وەی بارانە

www.mamle.net
مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



ئەی پایزە و گەلاڕێزانە، جێ ڕاوگەی یارانە
ـ لە سابلاغێ وەدەرکەوتم وەی وەی وەی بارانە
لە گولەزەردان وەسەر کەوتم وەی وەی وەی بارانە
وەدوای کۆچی لەیلای کەوتم وەی وەی وەی بارانە
ئەی پایزە و گەلاڕێزانە، جێ ڕاوگەی یارانە
ـ بەو قورعانەی لەسەر دەستم وەی وەی وەی بارانە
لەت‌لەت کریم لەسەر پۆستم وەی وەی وەی بارانە
نانێم مەیلی کۆنە دۆستم وەی وەی وەی بارانە
ئەی پایزە و گەلاڕێزانە، جێ ڕاوگەی یارانە
ـ قەسەم بە ڕەحمان و ڕەحیم وەی وەی وەی بارانە
هەتا لە دنیایە دەژیم وەی وەی وەی بارانە
مەیلت نانێم یاری قەدیم وەی وەی وەی بارانە
ئەی پایزە و گەلاڕێزانە، جێ ڕاوگەی یارانە
ـ قەسەم بە سوورەتی عەممە وەی وەی وەی بارانە
دایمە دڵەکەم پڕ لە غەمە وەی وەی وەی بارانە
نایەڵێ ماچ کەم ئەو دەمە وەی وەی وەی بارانە
ئەی پایزە و گەلاڕێزانە، جێ ڕاوگەی یارانە

**وەی وەی چت لێ کردم**

ـ یارم چەکمە دە پێ دەکا،
لە بنەوە چاوم لێ دەکا
بە لەعنەت بێ درۆیە دەکا
هەی وەی وەی چت لێ کردم
جێژنە بوو خولقت نەکردم
وەی خەجاڵەت بی بی بە پردم
ـ قوربانت بم شنەباشی شەوێ
خەو بێ وەچاوم ناکەوێ

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



دڵ مەجنوونە و لەیلای دەوێ
هەی وەی وەی چت لێ کردم
جێژنە بوو خولقت نەکردم
وەی خەجاڵەت بی بی بە پردم
ـ دوێنێ فەسلی بانگی شێوان
چاوم کەوتوە بە دوو سێوان
شێت و شەیدام کەوتمە کێوان
هەی وەی وەی چت لێ کردم
جێژنە بوو خولقت نەکردم
وەی خەجاڵەت بی بی بە پردم
ـ ڕۆژی جومعان پاش سەڵایە
دوو شت خۆشن لە دنیایە
ئیمان و چاوی لەیلایە
هەی وەی وەی چت لێ کردم
جێژنە بوو خولقت نەکردم
وەی خەجاڵەت بی بی بە پردم
ـ لە سابلاغێ وەدەرکەوتم
لە گوڵەزەردان وەسەر کەوتم
وە دوای کۆچی لەیلا کەوتم
هەی وەی وەی چت لێ کردم
جێژنە بوو خولقت نەکردم
وەی خەجاڵەت بی بی بە پردم

**یادم کە**

ـ عارەقی دەستی ئەسمەر بێ
ژەهری ئەژدیهای حەوت سەر بێ
دەیخۆمەوە قەسدی سەر بێ

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center


لەسەر چی ئەو گوڵە تۆراوە (۲)
یاد کە هەی یادم کە
بە ماچێکی دڵشادم کە
هەرچەند جارێ تۆ بکەی یادم
بە یادی تۆوە دڵشادم (۲)
ـ ئارەقی دەستی ئەسمەرناو
ژەهری ئەژدیها بێ تەواو
دەیخۆمەوە هەروەک قەنداو
لەسەر چی ئەو گوڵە تۆراوە (۲)
یاد کە هەی یادم کە
بە ماچێکی دڵشادم کە
هەرچەند جارێ تۆ بکەی یادم
بە یادی تۆوە دڵشادم (۲)
ـ هەرچەند فکرانی لێ دەکەم
ئەوساڵ سەرم خەلاس ناکەم
دەڵێن لێم زیزە لەیلاکەم
لەسەر چی ئەو گوڵە رەنجاوە (۲)
یاد کە هەی یادم کە
بە ماچێکی دڵشادم کە
هەرچەند جارێ تۆ بکەی یادم
بە یادی تۆوە دڵشادم (۲)

**یادم کە**

ـ کوشتوومی ئاگای لێم نییە
زیز بوونی تۆ لەسەر چییە
خەتای تۆیە ئی من نییە
لەسەر چی ئەو گوڵە تۆراوە (۲)

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی mamlê

Mamle Art Center


یاد کە هەی یادم کە
بە ماچێکی دڵشادم کە
هەرچەند جارێ تۆ بکەی یادم
بە خەو دەتبینم دڵشادم (٢)
ـ بەسەر قەبرمدا هات شەماڵ
بۆنی بەهاری هێنا ناوماڵ
وەبیر کەوتنەوە وردە خاڵ
لەسەر چی ئەو گوڵە تۆراوە (٢)
یاد کە هەی یادم کە
بە ماچێکی دڵشادم کە
هەرچەند جارێ تۆ بکەی یادم
بە خەو دەتبینم دڵشادم (٢)
ـ وێڵی مەکانی بێستوونم
عاشقی گەنجی فەرەیدوونم
لە نێو عاشقاندا مەجنوونم
لەسەر چی ئەو گوڵە تۆراوە (٢)
یاد کە هەی یادم کە
بە ماچێکی دڵشادم کە
هەرچەند جارێ تۆ بکەی یادم
بە خەو دەتبینم دڵشادم (٢)

## یادی بەخێر

ئەو گوڵەی مەشهووری گشت عالەم بوو کوا یادی بەخێر
مەیلی وی دەرمانی دەردی من بوو کوا یادی بەخێر
چۆن دەبێ فیکرت نەبێ تیرت لە جەرگم کارییە
ئەو دەمەی بوومە نیشانەی تیری تۆ یادی بەخێر
بای شەماڵ بیدا بە دەست ئەو دولبەرە هاوارم

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



مەرحەمێکم بۆ بنێرێ بۆ دڵەکەی زامارم
من کەس سەیدی تیری سەییادم، نەما سەییادی من
ئەو دەمەی تیری لە جەرگی من دەدا یادی بەخێر
ئەو کە دەیفەرموو وەفادارم بە شەرتی عاشقی
چۆن لە یادم چێ کەلام و خەندەکەی یادی بەخێر
بای شەماڵ بیدا بە دەست ئەو دولبەرە هاوارم
مەرحەمێکم بۆ بنێرێ بۆ دڵەکەی زامارم
گەر بە غەمزەی چاوی مەستی وەک موهیب شیرین کەلام
مەرهەمی چەرگی برینداری دەکرد یادی بەخێر
چۆن بژیم بێ تۆ گوڵم، ئەورۆ لە گوڵزارا نەبی
گشت جیهان زیندانە بێ تۆ، غەمزەکەت یادی بەخێر
بای شەماڵ بیدا بە دەست ئەو دولبەرە هاوارم
مەرحەمێکم بۆ بنێرێ بۆ دڵەکەی زامارم
من دەناڵێنم کە بۆ لەیلا لە گوڵزارا نییە
چاوی مەست و خاڵی لێوی ئەو گوڵەم یادی بەخێر
چاوەکانم تاکەی وەکوو مەجنوونی شەیدا ناڵەکەم
هەر لە سەر شەرتی قەدیمم بێوەفا یادی بەخێر
بای شەماڵ بیدا بە دەست ئەو دولبەرە هاوارم
مەرحەمێکم بۆ بنێرێ بۆ دڵەکەی زامارم
دولبەری ماەپەیکەری نازداری من یادی بەخێر
پێی بڵێن با بێتەوە جانانی من یادی بەخێر
خۆش ئەدا شیرین لەقای چاومەستی شۆخ و شەنگەکەم
بێتەوە بێنێتەوە سامانی من یادی بەخێر
بای شەماڵ بیدا بە دەست ئەو دولبەرە هاوارم
مەرحەمێکم بۆ بنێرێ بۆ دڵەکەی زامارم

www.mamle.net

Mamle Art Center



## یار دەڕوا و بەجێم دێڵێ

وەک بولبولان فەسلی بەهار
شەو و رۆژ و لەیل و نەهار
دەناڵێنم بۆ وەسلی یار
هەر دەڕوا و بەجێم دێڵێ (٢)
دە بڵە دانێن ئیبنوحەجەر جوانێ موشتەری هاتە سەر
فتوا نادا لە من بەدەر، یار دەڕوا و بەجێم دێڵێ (٢)

## یار هەروا دەڕوا بە لار و لەنجە

ـ نە ماڵم دەوێ (گیانە) نە گەنجی دونیا
باڵای تۆم دەوێ (گیانە) بە تاقی تەنیا
یار هەروا دەڕوا (دەی دەی) بە لار و لەنجە
خۆ من چیم نەگوت (گیانە) تۆ دڵەکەت رەنجا
ـ ئەو کچە لەو ماڵە (گیانە) قەولی داوە پێم
دەرک و دەروازەی (هاوار) داخراوە لێم
یار هەروا دەڕوا (دەی دەی) بە لار و لەنجە
خۆ من چیم نەگوت (گیانە) تۆ دڵەکەت رەنجا
ـ ئەگەر دەمزانی (گیانە) لە کوێ دەنووستی
سینگەکەم دۆشەک (گیانە) بۆم رادەخستی
یار هەروا دەڕوا (دەی دەی) بە لار و لەنجە
خۆ من چیم نەگوت (گیانە) تۆ دڵەکەت رەنجا

## یار یار یار یار

ـ ئەی بولبولی دڵ غەمگین یار یار یار یار
وەرە تێر تێر با بگرین یار یار یار یار
یارم، یارم، یار یار یار
من بۆ دڵ و تۆ بۆ گوڵ بچریکێنین

www.mamle.net

Mamle Art Center



هەردووکمان شێتین دڵ بەخوێنین
ـ من بۆ دڵی سووتاوم یار یار یار یار
بۆ حاڵی لێ قەوماوم یار یار یار یار
یارم یارم یار یار یار
هەردوو تاسەی دڵدارین بێقەرارین
هەردوو مەست و دێوانە و ئەویندارین

**قەتار**

مەمکوژە تۆ گەردنی خۆت زوو لە زولفان دەرخەوە
ئەی ستارەی سوبحدەم ئەوشۆکە زووتر دەرکەوە
ـ تۆ بۆ گوڵی بۆنخۆشت یار یار یار یار
بۆ هەست و تین و جۆشت یار یار یار یار
یارم یارم یار یار یار
شەرتە دەرناکرێ لە دڵ مەیلی گوڵ
تاکوو هەردووکمان بچینە ناوی گڵ
ـ خۆزگە دەمی دڵداری یار یار یار یار
لە دڵی کەس نەبا کاری یار یار یار یار
یارم یارم یار یار یار
با بناڵێین وەکوو نەی تا ماوین
هەردوو شێت و بێقەرار و سووتاوین

**یاری جاران**

ـ بەتاڵ بوو جێژوان (گیانە) بەری بەیانە (٢)
پێم نییە بڕۆم (گیانە) یارەکەم جوانە
یاری جاران چ بکەم زۆر لە من دووری
مەگەر خوداوەند بمدا سێبووری
ـ ئاوری تێبەردام (گیانە) ئەو تاقە خاڵە (٢)
ساتێک نەتبینم (گیانە) ژینی من تاڵە

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



یاری جاران چ بکەم زۆر لە من دووری
مەگەر خوداوەند بمدا سێبووری
ـ یار بەڵێنی دا (گیانە) ئەمنیش وەکوو تۆم (٢)
ئەمنیش وەکوو تۆ (گیانە) شێت و شەیدای تۆم
یاری جاران چ بکەم زۆر لە من دووری
مەگەر خوداوەند بمدا سێبووری
ـ دەست لە دەستی یەک و دوور لە ئاوایی (٢)
زۆر زۆر ناخۆشە (گیانە) کاتی جودایی
یاری جاران چ بکەم زۆر لە من دووری
مەگەر خوداوەند بمدا سێبووری

### یاللا یاللا یا لەیلی

ـ یاریکم گرتوە (گیانە) زۆر بە نهێنی
هەر چاویکی ویم (گیانە) موکریان دێنی
پێ بزانێ بەدکار (گیانە) لێم دەشێوێنی (٢)
یاللا یاللا یاللا یاللا یا لەیلی (٢)
خۆ من چم نەگوت (گیانە) تۆ بۆ وا بێمەیلی (٢)
ـ نە رۆژم رۆژە (گیانە) نە شەوم شەوە (٢)
ئەی غەم ساتێکی (گیانە) لە دڵم دەرکەوە
خۆت و دڵەکەی خۆت (گیانە) فەرموو بیبەوە
یاللا یاللا یاللا یاللا یا لەیلی (٢)
خۆ من چم نەگوت (گیانە) تۆ بۆ وا بێمەیلی (٢)
ـ کە شەوم روون بێ (گیانە) رۆژم لێ روونە (٢)
لە کن یار نەبێ (گیانە) چ جێی دیم نینیە
بە تیرت دڵم (گیانە) بە خوێن رەنگینە
یاللا یاللا یاللا یاللا یا لەیلی (٢)
خۆ من چم نەگوت (گیانە) تۆ بۆ وا بێمەیلی (٢)

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center

**٤٩٤/ یادی بەخێر**

ـ کام وەسفت خەیاڵ (گیانە) کام شێوەت یاد کەم (٢)
بە چ خۆشییەک (گیانە) دڵی خۆم شاد کەم
یاڵڵا یاڵڵا یاڵڵا یا لەیلی (٢)
خۆ من چم نەگوت (گیانە) تۆ بۆ وا بێمەیلی (٢)

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center



## چەند خاڵێکی ورد

مام سەعیدی بابی مامڵێ، دوو ژنی هێناوە، حەبیبە و خەزاڵ؛ کە ئەوەی دووهەمی دایکی راستەقینەی مامڵێیە.
مام سەعید لە ساڵی ١٩٤٧ زایینی (١٣٢٦ هەتاوی) لە شار سابلاغ کۆچی دوایی کردووە.
میرزا حوسێن برای گەورەی کاک محەمەد و هاشم برا چکۆلەکەی، لە ساڵی ١٣٢٦ هەتاویدا بە ماوەیەکی کورت پاش مامسەعید کۆچی دواییان کردووە.
مامڵێ، چالاکی کوڕی بە هۆی خۆشەویستی مامۆستا رەفیق چالاکەوە ناو ناوە.
هەوەڵین گۆرانییەکی کە مامڵێ دەرگای هونەری پێ کردۆتەوە بە پێچەوانەی بیروڕایەکی کە لەو بارەوە هەیە ویدەچێ "لاوەهەی لاوە" بێ.
مامڵێ بە درێژایی کاری هونەری خۆی، دەگەڵ موسیقاژەنی جۆراوجۆر کاری کردووە، هێندێکیان کە دەتوانین بڵێین بەناوبانگرینیانن ئەوانەن: تیپی موسیقای رادیۆ کرماشان، مەمەد تارزەن (تورک بووە)، عەلی کەمانچەزەن (تورک بووە)، ئیسلام کەمانچەزەن (تورک بووە)، جەعفەر مینایی (مامۆستای ویۆلۆن)، محەمەدی دانیش (عوود)، محەمەدی ناهید (تار)، جەعفەر ئەمینی (دمبەگ)، عەلی جافری (سەنتوور)، رەشید فەیزی‌نژاد (ویۆلۆن)، و لەو دواییانەشدا تیپی موسیقای مەهاباد و...
لە فستیواڵە هونەریەکەی شیرازدا جگە لە مامڵێ، مامۆستا شارۆخ، مەلا حوسێن عەبدوڵلازادە و مەمەد تارزەن و عەلی کەمانچەزەن و خانباغی و قالەمەڕەش بەشدار بوون.
مامڵێ زۆری حەز لە دەنگی مامۆستایان عەلی مەردان، حەسەن جەزراوی و تاهیرتۆفیق کردووە.
مامڵێ شیعری مامۆستایان گۆران، وەفایی، هەژار، هێمن، پیرەمێرد و مەولەوی زۆر بە دڵ بووە.

www.mamle.net

**٤٩٦/ یادی بەخێر**

چەند ئاهەنگێک لەلایەن مامڵێوە بۆ بەسەرهاتگەلێکی تایبەتی کوتراون بۆ وێنە: زمزیران، کۆچی سوور، مینا، رەعنا، مریەم سابلاغی، زەمانە و... کە گێڕانەوەی ئەو بەسەرهاتانە بۆ خۆی پێویستی بە نووسینی کتێبێک هەیە.

مامڵێ لە ساڵی ۱۳٤۲ هەتاویدا لە سەرچناری سولەیمانی چەند گۆرانییەکی بەنرخی تۆمار کردووە. بۆ وێنە: ئایشیلێ، داینێ تۆ داینێ، شیرین تەشی دەڕیسێ، نازی شەوێ، تەحا لەو ریزەی خاڵانە و..

مەلا حوسێن ماوەی زیاتر لە ۳۰ ساڵ هاوڕێ و هاودەمی مامڵێ بوو و دەنگ و هونەرەکەی لە پێناو رازاندنەوەی بەزمی شایی و زەماوەندەکان لە ناوچەی موکریاندا دانا.

میرزا قاسمی بادامی، باپیرە گەورەی بنەماڵەی مەجیدی (کە بەشێکن لە بنەماڵەی قازی) یەکێک لە هونەرمەندان و ئوستادانی گەورەی موسیقا لە سەردەمی خۆیدا بووە کە وێدەچێ هاوچەرخی سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی بووبێ، و دەڵێن دەنگی سەیید چەندەی ناوبانگ هەبووە، تارژەنی میرزا قاسمیش ئەوەندە.

www.mamle.net

Mamle Art Center



## لە کۆتاییدا

شتێکی کە دە کۆتاییدا پێویستە ئیشارەی پێ بکرێ و یەکجار گرینگە، ئەو راستییەیە کە مامۆستا ماملێ بە هۆی تایبەتمەندییەکانییەوە بۆ ئەبەد لە ئاسمانی فەرهەنگ و هونەری کوردیدا دەدرەوشێتەوە و لە راستیدا ماملێ بووە بە ئەفسانەیەک لە دنیای هونەری کوردەواریدا. راستە دەڵێن و ئێمەش بڕوامان بەوە هەیە کە ماملێ تازە لە کۆمەڵگای کوردەواریدا نابێتەوە بەڵام لە لایەکی دیکەوە ماملێ بۆ هەمیشە هەر زیندووە و هەر لە ناو دڵی نەتەوەکەیدا دەژی. با بزانین ئەفسانە چییە تا ئەوکات بسەلمێنین کە مامۆستا ماملێ ئەفسانەیە و ئوستوورەیەکی هەمیشە زیندووە.

ئوستوورە شێوەیەکی تایبەتی لە دەربڕینی ژیانێکی نوێ و خوڵقێنەری ئینسانە بۆ لەبیربردنەوەی مێژوو. ئەو مێژوویەی کە ئاکامی تەواوی بەشەکانی دەگەڕێتەوە سەر مەرگ و نەمان. مەکان واتا جێگا لە ئوستوورەدا لەگەڵ مەکانی مێژوویی یەکتر ناگرنەوە. ئوستوورە دەخوڵقێنێ و درێژە بە ژیان دەدا و زەمان و مەکانیش دەگەی یەک تێکەڵ دەکا. هەر ئەوەشە ئێمە هەر کات و لە هەر جێگایەک گوێ بۆ گۆرانییەکانی کاک محەمەد هەڵدەخەینک هەر لەو کاتەدا و لەو جێگایەیدا کە دەیبیستین بۆ ئێمە تازەیە و مانای نوێی لێ بەدی دەکرێ و هەست بە وجوودی ماملێ لە پەنا خۆمان و هاوڕێ دەگەڵ ئەوکات و مەکانە دەکەین.

ئوستوورە سەرەڕای گۆڕینی مانای کلیشەیی زەمان و مەکان بە مانادان بە بێ پەیوەندیترین رووداوەکانی مێژوویی، مێژوو دەگەڵ میعیارە ماناییەکانی خۆی سازگار دەکا. هەر بەو هۆیەشەوە مرۆڤ لە ئاساییترین و سادەترین رووداوەکانی مێژوویی، سەحنەگەلێکی پڕمانا و بەنرخ و لەبیر نەچووە پێک دێنێ و هەر ئەو دەوڵەمەندییەی کە لە رەوایەتی ئوستوورەدا هەیە، رازی مانەوەی ئەوە.

مامۆستا ماملێ ئەو گرینگەش هەر بە هونەرەکەی خۆی بە رێکوپێکی بە ئەنجام دەگەیێنێ و هەروەکوو پێشتریش باسی کرا لە راستیدا گۆرانییەکی

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center



کاک محەممەد و قوتابخانەی موسیقای ئەو، سینەمایەکی تایبەتی و ئارشیوێکی بەنرخ و دەوڵەمەند و هەمیشە زیندووی سامانی نەتەوەییە.
با بۆ وێنە چاوێک بخشێنین بەسەر پرسیارێکی کە "ماسیمۆ د. ئاواک" لەسەر پەیوەندییەکانی سینەما و ئەدەبیاتدا لە نووسەری بەناوبانگی ئیتالیایی بە ناوی "موراویا" دەکا و موراویا لە بەشێک لە وڵامەکەی خۆیدا دەڵێ: «... لە سینەمادا هەمیشە هەموو شتێک هەر لە "هێستا"دا و لە زەمانی "حاڵ"دا روو دەدا و هیچ جۆرە گەڕانەوە و پەیوەندییەکی دەگەڵ زەمانی دیکە جگە لە زەمانی حاڵ و زەمانی هاوکاتی خۆی نییە، یانی تەنانەت کاتێک کە فیلمێک لە پەیوەندی دەگەڵ زەمان و یان سەدەکانی رابردووشدا بدوێ، ئێمە هەر لە ئێستادا و لە حاڵی رووداندا دەیبینین...»
جا ئەگەرکوو ئێمە سەرنج بدەینە گۆرانییەکانی مامڵێ و بۆمان دەرکەوت کە چەند بە جوانی و رێک‌وپێکی سەحنەگەلێکی تایبەتی و بێ‌وێنەمان لە ژیانی کوردەواری و فەرهەنگ و دابی کۆمەڵایەتی بە ساکاری دێننە بەرچاو، دەسەلمێنین کە قوتابخانەی موسیقای مامڵێ سینەمایەکی تایبەتییە و بۆ زیندوو بوونی سینەماش هەر ئەو وتارەی موراویا راستەوخۆترین و روونترین بەڵگەیە.
دە ئەگەر وایە شک لەوەدا نامێنێ کە مامڵێ هەمیشە هەر تێکەڵاو "هێستا" واتا "زەمانی حاڵ"ە و لام وایە هەر ئەوەندەش بەسە کە باوەڕ بە ئەفسانەیی بوونی مامڵێ بکەین....

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

Mamle Art Center

www.mamle.net

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

Mamle Art Center

تۆسترانێکی پیرۆزی بۆن و بەزامەی گوڵەوەنەوشەو
ڕیحانە لە دەنگتا ئەڕوێ، دەنگت یە کەم کانیاوە
کە لە ڕەخی عەشقەوە هەڵقوڵاوە، ئەلبۆمێکەتەژی
لە خۆشەویستی نیشتیمان، لێوڕێژە لە دیمەنی ڕازاوە
و جوان-
چریکەی دەنگت هەموو ڕووبارەکان دەهاژێنێ و سۆزی
ئاوازە ئاسمانییە کانت هەموو ئەستێرەکان دەستەمۆ دەکات
دەنگت هەڵم دەگرێ و دەمباتە باغە جوانەکانی موکریان
و خۆشەویستی و حەزوتاسەم نیشان ئەدا دەنگت بۆنێکی
گەڕۆکە هەموو پێدەشتەکان ئەکاو سەر لە هەموماڵێک
ئەدا- دەنگت بەفرە، بارانە، خۆرو حەزوتاسەیە-
دەنگت ئەوینێکی ڕاکردویە-
دەنگت خۆشەویستی یە-

میهرداد ڕامیدی نیا
گ.ئەسڵانی
٨٧/٤/٤

دەزگای چاپ و بڵاو کردنەوەی ڕەهرەو
مەهاباد، مەیدانی ئیستیقلال، تەنیشت مزگەوتی شاریکەندی

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

نرخ: ٦٠٠٠ تمەن

designer
Akam ramidiniya

www.mamle.net